رۆمان

# ڕێــگـا

**محەمەد مەولوود (مەم)**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
**ئاراس**

زنجیرەی رۆشنبیری

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

*

کتێب: رێگا (رۆمان)
دانانی: محەمەد مەولوود (مەم)
پیت لێدان: دلاوەر سادق
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٣
چاپی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
هەولێر– ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر
ژمارە (٢٨٢)ی ساڵی ٢٠٠٠ دراوەتێ

***

# پێشەکی

ماوەیێکی زۆر بوو لە سنوور دەژیام لەو سنوورەی کە نەخشەی جوگرافیایی وڵاتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا لێک جیادەکاتەوە، ناوچەی برادۆستی عێراق بە مەرگەوەڕو برادۆستی ئێران بە هەرێمی هەکاری و هەوشار و شەمزینان لە تورکیا دەبەستێتەوە.

ئەم سنوورانە بەتایبەتی بەرزاییەکانی «سەرکەم»و دەوروبەری کە بەسێ سنوور ناودەبرێن کوێستانی سازگارن و کۆچەرەکانی تیرەی «مەندان»ی خێڵی هەرکی و خێڵە کۆچەرەکانی ئەم دیو... و ئەو دیو... و ئەو دیو هاوینان ڕووی تێ دەکەن، مەڕوماڵاتیان لە لەوەڕگا چەورەکانیدا دەچەلێنن.

ڕووباری "هاجی بەگ" هێڵی ئەو سنوورە دوورو درێژە دەکێشێ و بەفراوی کوێستانەکانی سێ سنوورو چاوە ئاوەکانی لە زنجیرەی شاخە بڵندەکانی ئەو ناوە هەڵدەقوڵن... کۆ دەکاتەوەو لە گوندی «کەکلە»ش لەگەڵ ڕووباری «بەرازگر» کە ئەویش لە شاخەکانی «خواکورک» و «ئاودەل کێو» لەو دیوی ئێرانەوە دێ و دەرژێتە ناو دەشتە فراوانە پڕ پیتەکەی «بەرازگر»و یەکدی دەگرنەوە و تێکەڵ بە یەکتری دەبن.

زنجیرە شاخی ئارارات «گۆڤەند» وەک بازنە دەورەی ئەو دەشتە و ناوچەکەیان داوە.

خەڵکی ئەو ناوچانە لە سەر سێ دیو... هەموویان خزم و کەسی یەکن، زۆربەیان لەیەک خێڵ و بنەماڵەو فامیلە هاتوونەتە خوارو لەسەر یەک پنچ ڕواون و لەیەک باوان و بنەوانەوە سەریان هەڵداوە.

ئەم ناوچانە چۆن بەشاخی بەرز و دارستانی چڕو ڕووبار و کانیاوی زۆر... مێرگ و گوڵستانی ڕەنگین، هەوای سارد و سازگارو ڕێگاوبانی سەخت ناوبانگیان دەرکردووە هەروەها بەهەنگوین و میوەو دۆشاوی نایاب... گوێز و باوی و بەڕوو و مازوو و قەزوان... ڕۆن و پەنیرو ماست و کەشک... خوری و پیستە و مافووری دەستکرد... بەرهەمێکی گرانبەهایان پێک دێنێ.

لەوبەرو لەم بەری ڕووباری «هاجی بەگ» لە بنار چیا سەرکەشەکان... لە ڕۆخ مێرگەکان... گوندی خنجیلەی جوان ئەو ناوەیان کردۆتە بەهەشتێکی بچکۆلەی دلڕفێن، گوندی «دەریاسۆر»یش دەکەوێتە سەر ئەو ڕووبارەی کە ئەو خزم و کەسەی یەکتر لێکدی جودا دەکاتەوە، لەو گوندە ئاشێک هەبوو بە ئاوی ڕووبارەکە دەگەڕا، خەڵکی ئەم گوندە و ئاواییەکانی دەوروبەری بگرە خەڵکی گوندەکانی ئەو دیویش لەپەناوە دانەوێڵە و باراشەکانیان لەو ئاشەدا دەهاڕی.

ڕووباری «هاجی بەگ» ڕووبارێکی خورت و سەرکەشە، وەک بڵێ ی بەو دەورەی بۆی دانراوە ڕازی نەبێ... ئەوها دائیم وەک زستانی ئەو ناوە توندو تیژو تووڕەیە، هەرگیز بەهێمنی لە کەرخێک تێناپەڕێ، زۆر ساڵ وا دەبێ لەبەر زۆری بەفرو سەهۆڵ و باران... ئاوەکەی شێت دەبێ! جڵەو دەپسێنێ... لە کەرخی خۆی دەردەچێ و دەراو دەبەزێنی، لە ئەنجامی ئەو خورتی و سەرکەشی و کەرخ و دەراو بەزاندنەشەوە، ئاشەکەی گوندی «دەریاسۆر» لەم دیوی عێراقەوە بۆ دیوەکەی دی سنووری جوگرافیایی تورکیا دەگوازێتەوە، بەو هۆیەشەوە گێرمەو کێشە دەبێ، هەروەها ئاشەوان و خاوەن ئاش... خەڵکی ئاواییەکەی -دەریا سۆر-یش دەکەونە گیروگرفتێکی دژوارو ئاشەکەیان لە دەست دەچێ، ئەمە جگە لەوەی کە پەڕینەوەی ئاشەکە بۆ ئەوبەر... سنوور بەزاندنەو تاوانێک پێک دێنێ... یاساکان بەتووندی دژی دەوەستن و بەرپەرچی دەدەنەوە، سزاش بەسەر ئەوانە دابەش دەکەن کە لەو سنوور بەزاندنە دەستیان هەیە!!.

بەڵام ئایا کێ لە سنوور بەزاندنی ئاشەکە دەستی هەیە... کێ؟

وەکو دیارە خەڵکەکە بەو کارە سەرچاوەییێکی ڕزقیان لێ دەبەسترێ و حەزیش ناکەن کاری وەها دژ بەیاسا ڕووبدا، هەموو کەسیش ئەوە دەزانێ کە ڕووبارەکە کەرخی گۆڕیوە و دەراوی بەزاندوەو ئاشەکەی ڕفاندووە!!.

بەڵام ڕووبار چۆن سزا دەدرێ؟

کێ دەتوانێ پێش بە ئاوە ڕک و خورتەکەی بگرێ؟

کێ دەتوانێ ئاوەکەی چک بکا؟

کێ دەتوانێ بیخاتە کەرخێک... کەرخێکی بۆ دابنێ و لەو کەرخە کۆت و زنجیرو سندمی بکا...؟

لە ئەنجام و... هەر بۆ خاتری ئەوەی کاولە ئاشێک کێشە و سەرئێشە بۆ هەر دوولا دروست نەکا... ئەو ساڵانەی ئاشەکە لەم بەرەوە... لە جێگا سروشتییەکەی یەک ڕۆژ لەوە بەدوا نەدەکەوت کە ڕەسم و ئاشانەکەی تەواو بداتە کاربەدەستانی دەوڵەت.

هەموو بەهارێک سەری گوندەکەی «دەریاسۆر»م دەدا، ئاشناییم لە گەڵ «مام بریندار»ی خاوەن ئاش پەیدا کردبوو، هەروەها دۆستایەتی توندیشم لەگەڵ «کاک حەمەد»ی ئاشەوان بەستبوو.

کاک حەمەدی ئاشەوان... پیاوێکی خوێندەوار و هوشیار و ژیر بوو، دەیگوت:

– مشەختە و بە دەربەدەری کەوتۆتە ئەم ناوە... بە ئارەزووی خۆیشی لەگوندی «دەریاسۆر» نیشتەجێ بووە!

خەڵکی گوند زۆر ڕێزی ئەم ئاشەوانەیان دەگرت، ئەمیش کە ماوەی ببوایە بەتایبەتی لە ڕۆژانی هەینی منداڵەکانی گوندی فێرە ئەلف و بێ دەکرد، بەرێز یەک لە دوای یەک ڕای دەگرتن و دەیبردنە شاخەکەی پشت گوند و سەر ڕووبارەکە... مەشقی پێ دەکردن... بەدار و گوڵ و گیا و زیندەوەر و تەیر و توار دەیناساندن، هەقایەتی دونیا و باسی ئازایانی بۆ دەگێڕانەوە، هەروەها پێش نوێژی خەڵکەکەی دەکرد و لە پێویستیشدا... ئاش وەستا و دارتاش و سەرتاش و ئاسنگەر و بێستانەوان و بگرە پزیشکی گوندەکەش بوو، لە وەلسات و ئاژەڵ و بەرزە و... بەرزە و یەک سم و مریشک و قەلەموون و کۆترو کەویشی دەزانی، جۆتیاریی دەکردوو دار و گوڵیشی بۆ گوندەکە دەچاند.

مام برینداری خاوەن ئاش دەیگوت:

– زۆر ئاشەوانم گۆڕیون... کەسم لەم کاک حەمەدە خاوەن بڕوا و دەست و دەروون پاکتر نەدیوە.

خەڵکی گوندیش لەو ساڵانەی کە باسی کاک حەمەدیان دەکرد دەیانگوت:

– کە کۆمەڵە ڕوخێنرا... پێشەوا و هەڤاڵەکانی کوژران... وڵاتەکە وێران کرا... خەڵکەکە دەربەدەر بوو، ئەم ئاشەوانە لە گوندەکەی ئێمە پەیدا بوو... ئێمەش گرتمانەوە!.

مام زێندینیش دەیگوت:

– هەندی کردمان و کڕاندمان، نەمان توانی کاک حەمەد ئیقناع بکەین ژن بهێنێ، ڕازی نەبوو کچێکی گوندی لێ مارە بکەین و بیکەین بەماڵ!

هەروەها دەیگوت:

– ئەو... ئاشقی ئاش و ئاوی ڕووبارەکەی «هاجی بەگ»ە، حەز لەوە دەکا پتر لە ڕۆخ ئاوەکە دابنیشێ، سەیری لووتکە و شاخە بەرزەکانی گۆڤەند و ئاودەل کێو و... بکا، چاو و خەیاڵی لە دەشتەکەی بەرازگر و لەناو مێرگە سەوز و ڕەنگاوڕەنگەکانیدا بگەوزێنێ.

دوا ساڵم بوو لەو ناوچەی سنووره هێشتا فرمانی گوێزانەوەم نەهاتبوو، سەرێکی گوندی دەریاسۆرم دا، حەزم دەکرد کاک حەمەد ببینمەوە و داوای لێ بکەم ئەگەر ئەو جێگایەی بەجێ بهێڵێ و بەرەو گەرمیان... بۆ شارەکانی دابەزێ، هەروەها بۆ ئەوەش کە فەرمانەکەم جێ بەجێ بکەم... فەرمانی ئەستاندنی ڕەسم و ئاشانەکەی ئاشی گوند.

بەهارێکی درەنگ بوو، بەفرە ئەستوورەکەی سەر چیایە قووچەکانی سێ سنوور چۆرەچۆریان پێکەوتبوو و دەتوانەوە، سەرچاوە و کانیاوەکان تەقی بوون، ڕووبارەکان هار ببوون... بە تایبەتی ڕووبارەکەی هاجی بەگ... بەڵام بیرم لەوە نەدەکردەوە کە خورتی سەرکەشیەکەی گەیشتبێتە ئەو رادەیەی دیسان ئاشەکەی دەریاسۆر... لە خەڵکەکە برەوێ و بیگوازێتەوە ئەوبەر.

خەڵکەکە بە پیرمەوە دەهاتن، هەستم دەکرد کە بە گشتی مات و خەمگین بوون، مام بریندار و سۆفی زێندین بە کزی سەیری یێکتریان دەکرد و سەریان دادەنەواندەوە، لە بنەوە لەمن ڕادەمان و وەکو لەناو دڵی خۆیاندا پێم بڵێن:

– ئەفەندی یاخوا بەخێر بێی و سەرچاوان هاتی، بەڵام بەخوا ئەمساڵ لە ئاشانە و خەرج و باجی ئاشەکە... پوولێک ناخەیتە گیرفانی سوڵتان.

کە چۆنیەتی ئاشەکەم بۆ ڕوون بوەوە، خەمێکی قورس وەک کەرکەشاخێک ڕمایە سەر دڵم، لەخۆم دەپرسی:

– چۆن چاوم بە کاک حەمەد ناکەوێتەوە... چۆن؟

وە بەخۆم گوت:

– بۆچی هاتووم و ڕووبەڕووی چ بووم؟

ئاهێکی دوور و درێژم هەڵکێشا، پێم ناخۆش بوو خەڵکەکە وا بیربکەنەوە کە لەخەمی لە دەست چوونی پارەی ئاشانەکە... یان لە ترسی حکومەت ئەو ئاهەم خواردبێتەوە.

لەگەڵ مام بریندار چووینە سەر ڕووبارە خورت و شێتەکە، لەناو کۆمەڵە دار و پەردووەکە... ئاشەکە بەرگەی هێرشی ڕووبارە گەورەکەی گرتبوو، وەک کەرتکە شاخ لە جێگایەکەی خۆی چەقی بوو، بە هەموو هێزیەوە هاواری دەکرد و دەگەرا، تەنانەت دەنگی گرمە و هاڕەی بەرداشەکەی بەسەر دەنگی ڕووبار و چەقەنەی ئاش و هاواری شەپۆلەکاندا زاڵ بوو.

ڕوویێکم لە مام بریندار کرد، لە سەیرکردنەکەم ئەنگوستێکی بۆ ئەوبەر ڕایەڵ کردوو لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئا ئەوەتا... ئاشەکەی گوند!

پاش تۆزێک دامان بەسەر سوڕمانەوە گوتی:

– بەڵام چۆن ئەوها کاردەکا... چۆن لەو هەموو کێشەیەی سروشت... زەرەری نەهێناوە؟

منیش بەسەر سوڕییێکەوە سەیری مام بریندارم دەکرد کە دەیگوتەوە:

– بێ گومان یەکێ دەراوی بۆ ئاشەکە خۆش کردوە و نەیهێشتووە لەگەڕ بوەستێ.

سەرێکی بۆ لای من بەرزکردەوە و چاوی لە چاوەکانم چەقین و بزەیێکی گرت و ڕەنگی گەش بوەوە.

کە دەگەڕاینەوە گوند، لەبەر ڕێگاوە مام بریندار بە گوێیدا چرپاندم:

– بەرە بەیانییێکی زوو لە دەرگای کۆڵیتەکەم درا... کە دەرگام کردەوە... کاک حەمەدی ئاشەوان لە سیلەی دەرگا ڕاوەستابوو، چۆنیەتی ئاشەکەی تێگەیاندم بە پەلە پێ ی گوتم:

مام بریندار... من کارم لێرەدا تەواو... دەڕۆم... دەبێ بچمەوە.

بە واق وڕماوی سەیری جوڵانەوەی دەمم دەکرد... کە ئەو بە ڕوومدا بزەیێکی تەماوی کرد و گوتی:

خەم مەخۆ... دڵ لەدڵ مەدە... هەر دەبێ بگەینەوە یەکتر.

مام بریندار وەکو ژانێکی دژوار هەڵی گلۆفتبێ بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– کە ڕۆژیش هەڵهات... خەڵکی گوند بەچۆنیەتی ئاشەکە و کاک حەمەدی ئاشەوانیان زانی، منداڵ و هەرزەکار... هەموو ئەوانیش کە هێزێکیان لەبەردا مابوو... ڕێگای چیایەکەیان گرتەبەر و تا ئێستاش هەر بە دووی کاک حەمەدی ئاشەواندا دەگەڕێن.

کە گەڕاینەوە گوندیش... مام بریندار سندوقێکی تەنەکەی ڕەنگ کراوی لە بنەبانی ژوورەکەی دەرهێنا و پێ ی گوتم:

– ئەمەش ئەمانەتێکە... ئاشەوانەکە لەلای من بۆ تۆی داناوە.

لەگەڵ سەرسوڕییێکی تەواو سەری سندوقەکەم هەڵدایەوە، ئەم چەند لاپەڕە نووسراوانەی کە تێیدا بوون... ئەوەندی هەڵگێڕ و وەرگێڕم کردن... چ نیشانەییێک... یا ناوێکم نەدۆزیەوە کە ئەو کاک حەمەدی ئاشەوانەم پێ بناسێنێ.

چونکە ئەمانەت پیرۆزە... دەبێ مرۆ ڕێزی لێ بنێ، ئەوا لێرە بەدواوە... لاپەڕە نووسراوەکانی ئەو ئاشەوانە دەخەمە پێش چاوتان، وەکو بۆی دەچم دەبێ ئەو لاپەڕانە نوێشکی بیروباوەڕ و بەشێک لە ژیانی ئەو ئاشەوانە وێڵ و... بێ سەر و شوێنە بێ.

دەفەرموون بۆ خوێندنەوەی لاپەڕە نووسراوەکان.

# قۆناخی یەکەم

## کاروانی... گەنم

### 1

هەست بەشتێکی نوێ دەکەم، بە گۆڕانێک... خولیای جۆرە لێکدانەوەیێکی سەیر و تازە بوویم.

ئێوارە کە چاوم بەنەخشین کەوت، تەنیا ئیمڕۆ ئێوارە کە چاوم پێ ی کەوت، هەستێکی نوێم بەرامبەری بۆ پەیدا بوو! کەوتمە ناو چوار چێوەی بیرێکی تازە، ئارەزوێکی جەنجاڵی لە پێشوو جودا... ئارەزوێکی وەها کە هەتاکو ئێستا هەستم پێ ی نەکردووە، مگێزم لێ ی نەبووە، بیرم بۆی نەچووە!!! دڵم بۆی لێ ی نەداوە.

ئەم هێوارەیە کە ڕووبەڕووی نەخشین وەستام، لەبەر چاوم دا وەکوو ڕۆژانی رابووردو نەبوو! ئەویش گۆڕانێکی سەیری بەسەردا هاتبوو، چاو و ڕوومەتی بە جۆرێکی دیکە، بە وێنەیێکی دیکە، دەهاتنە بەرچاو، مەمکی هەر لە جێگاکەی خۆیان کراسە زوورەکەیان نەختێک هەڵدابوو... و نرخێکی تازەیان دابوو بەچیتە هەرزانەکەش، دەستەکانی هەمان گەرمی و نەرمیان تێدابوو، ئەم چۆنیەتیەی نەخشین خستمیە گێژەلووکەیێکی سەخت خستمیە گەڕی گۆمێکی قووڵ، دەی کێشام... لوولی دەدام... هەڵی دەلوشیم. کاتێ نەخشین بە شەرمی گوڵێکی تازە پشکوتوو چاوی لێ هەڵێنام، بە دەنگێکی ناسکی خەیالاوی تێکەڵ بە هەناسەیێکی کورت، لێ ی پرسیمەوە:

– شێرکۆ چەندت خۆش دەوێم؟

نەم توانی چۆن وەلامی بدەمەوە، ئەوەندە نەبێ کە هەر دوو دەستم لەسەر تەختەی سینگما کۆ بکەمەوە، بە دەنگێکی لەرزۆک و پچڕپچڕ بە دەنگێکی خەواڵوو... و پڕ لە پاڕانەوە پێ ی بڵێم:

زۆرم خۆش دەوێیت.

تا ماوەیێک بەم ڕەنگە دەست لەسەر سینگ وەکو سۆفییێک بەرامبەر بەژنی شلک و بەرزی وەستام... چاوم بڕینە ئاسۆی دوور، ئەو جێگایەی لەوێڕا ئەرز و ئاسمان بەیەک دەگەنەوە و تێکەڵ بە یەکتری دەبن، ماوەیێک لە ئاسۆ وورد بوومەوە لەگەڵ (خۆ)دا یەکترمان دەدواند:

– ئاسمان چەند قووڵە، چەند بەرینە، چەند فراوانە و بێ سنوورە... ئەستێرەکان چەند زۆرن، مرواری چەوی رووبارەکان کە ژمارەیان بێ دواییە و قەدەرە، بەقەد فراوانی ئاسمان، ئەوەندی هەموو ئەستێرەکان بە ژمارەی دانەی چەوی چەمەکان... تۆم خۆش دەوێ!! هەموو خەڵکی سەر ئەم رووی زەویە، چەند جار هەناسە دەخۆنەوە، چەند جار هەناسە دەدەن، چەند جار چاو هەڵدێنن... چەند جار چاو لێک دەنێن، ئەوەندە خۆشم دەوێ ی.

لەناو ئەم لێکدانەوەش، هەر خەواڵوانە... بەبێ بیرکردنەوە... بەبێ دەستی خۆم، هەردوو دەستەکانم لەسەر سینگمەوە بەرەو ژوور بەرزم کردنەوە، دەمهەویست بیانکەم بە کەوانەیێک... بیانکەم بە ئامێزێک و ئەو عالەمەی بخەمە ناو، ئەو عالەمەی ژمارەی بێ ژمارەی خۆشەویستی ئەویان دەخستمەوە هەست و گیان. کە چاوم تێکەڵ بە چاوە شەرمنەکانی بوون، فەرامۆشییێکم هاتەوە بەر، هەستم بە هێمنایێک کرد، هەناسەیێکی سازگار سیپەلکەکانی بووژاندمەوە، گەردێکی رووناکی تەنک لەسەر روویدا

نیشتبوو، ڕەنگی شەفەقی دووبارە دەکردەوە، کە مەگناتیسی دەستی... دەستەکانی منی بۆ لای خۆی ڕەکێش کردن، تەزوێک بە لەشم داهات، تەزوێک هەموو ئازار و ئاوات... هەموو ناسۆری و کامەرانی ژیانی تێدا دووبارە دەبووەوە.

لەدڵی خۆم لێکم دەدایەوە:

– ئیمڕۆکە بۆم ئاشکرا بووە... چ جۆرە ویستنێک، نەخشینم دەویست، بە چ ئارەزوێکی گەرمی ئاگرین، ئارەزووی دەکەم، حەزم دەکرد بە هەموو هێزمەوە بانگ بکەم... بانگێک شەو... و ڕۆژ... ئاڵۆز و تێکەڵ بکا... دونیا وە ئاگا بهێنێ و لە ناخی مێژوو دەنگ بداتەوە.

– دەمەوێ ئامێزت پێدا بکەم، دەمەوێ بتگرمە باوەش... بتگوشم، بتمژم... هەنگوینی ژیان لە گوڵی دەمت هەمت هەڵمژم.

– دەمەوێ بتگرمە خۆ، هەڵتگرم... لەسەر لووتکەییێکی زۆر بەرز، لەناو مێرگێکی ڕەنگین، لە گوێ ڕووبارێکی سارد و سازگار و ڕوون، لە جێگاییێک... جێگاییێکی بڵند، کە تاکو ئێستا کەس پێ ی نەگەیشتووە، تاکو ئێستا ناوی لێ نەنراوە و کەس نەیدیتووە، بە تەنیایی... کاتێک... کاتێکی بێ دواییت لەگەڵدا ڕابوێرم، ژیانێکی لەبن نەهاتووت لەتەکدا بەرمەسەر.

دەمەوێ دەروونت بکەمەوە، لەناوتدا نقووم ببم، ئارەزووی ئاگرینی داگیرساوی خۆمت پێ بکوژێنمەوە و سارد بکەمەوە، ئاگرێک لەناو دەمارەکانمدا گڕی ساندووە، بەخۆشەویستی تۆی بکوژێنمەوە. بەڵام نەدەشیا، ئەم هەموو شتانەی پێ بڵێم، ئەم هەموو شتانەی بێ پسانەوە و وڕێنەم بۆ دەکردن، لەمێشک و دەروونی خۆمدا لێکم دەدانەوە، ئارەزووم بۆیان دەچوو، ئاواتم بۆ دەخوازتن. نەخشین، وەکو ئەویش بە جۆرێک... بیرێک ئابڵووقەی دابێ، داماو لەبەرامبەرمدا، وەک شەنگەبیزا هەڵچوو بوو، جگە لە بەرزو نزم بوونەوەی سینگ و مەمکی، جوولەی لێوە نەدەهات، جارجار نەبێت کە پێڵووەکانی... شەو و ڕۆژی چاوەکانی دووبارە دەکردنەوە، ماوەییێک بەسەرچوو، نەمزانی چەند بوو، کاتێ ئاهێکی گەرمی هەڵکێشا، لەگەڵ ئاهەکەیدا، تەونی بیرم لێ ئاڵۆزکرا، زنجیرەی لێکدانەوەی پچڕاندم، وەک بڵێی بە وەڵامە کورتەکەی من تێر نەبووبێ، ئەویش بە کورتی گوتی:

– منیش تۆم... خۆش دەوێ.

چاوی برینە زەویەکەی بەرپێ ی، لەسەرەخۆ دەستەکانی لەناو دەستمدا کێشانەوە،... کوڵمەکانی لەبەر چاوی مندا پتر سوورایییان دەدایەوە، پتر بە ئاسمانی خەیاڵاوی خۆشەویستی... دەی فڕاندم، بێ ئەوەی ڕۆخێک بەدی بکەم، لەنگەری بۆ بهاوێژم... خۆمی پێ بگرمەوە، لەناو هۆش و بێ هۆشیدا... پرسیارێک وەکو برووسکە دەیدا بە مێشکما... لە چاوەکانم مەلەی دەکردەوە و پتر هۆشیاری پێ دەبەخشیم.

- ئایا ئەویش... نەخشین... چۆن هەست دەکا... چۆن لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەدوێ؟ دەبێ چۆنیەتی ئەویش... دەنگدانەوەییێکی هەڵپەو گڵپەی دەروون و تاسەی هەستی منیان پێوەبێ؟

کە لە دەرەوە دەنگی دایکی نەخشین هات، دای لە پەردەی گوێمان... زۆرتر هۆشمان هاتەوەبەر، هەستمان بە بوونی خۆمان کرد، چەند هەنگاوێک لەیێک جودا بوینەوە، دایکی هاتە ژوورەوە... چاوی بەمن کەوت، بەڕوێکی گەش بۆم گرژیەوە، چاوی لەمنەوە بۆ کچەکەی گوازتنەوە، وەکو هەستی بەچ گۆڕانێک، لەمن... لە کچەکەی... لە عالەم نەکردبێ، ڕووی دەمن کردەوە و پرسی:

– ها شێرکۆ گیان، ئەوە ئەتۆی؟

– کوڕەکەم کووی... کەنگی هاتی؟

– دایکت دایکی بەهەشتیت... چۆنە؟

بێ ئەوەی چاوەنواڕی وەڵامی من بکا، چاوقوچانێک وەستا... وەکو شتێکی وە بیر هاتبێتەوە... یان بیەوێ هەناسەیێک بخواتەوە، ئینجا پرسیەوە:

– دەبێ دایکی بەهەشتیت، خۆی بۆ کاروانەکە ڕێک خستبێ؟

کە چاوم لە ڕووی دایکی نەخشین... خشان، سوور هەڵگەڕام، شەرمێکی زۆر دایگرتم، وام بۆ دەهات کە ئەویش ئاگای لە چۆنیەتی من و کچەکەیەتی، هەست بە ووردو درشتی نێوانمان دەکا!! ئەویش هەست بەو هەموو خۆشەویستیەمان دەکا، بەپەلەتاوی رووم لە دەرگا کرد، کەلەشی خۆم هاویشتە دەرەوە، بە هەنگاوی نارێکی تێک ئالآو... بۆی دەرچووم، گەیشتبوومە ناو کەوانی دەرگاکە، بە زمانێکی ئالۆز بۆڵەیێکم کرد، وەڵامێکی دایکی نەخشینم دایەوە، هەنگاوم گورج و بەرینتر کردن، کە گەیشتمە گۆڕاییەکەی بەر ماڵانیش، خوزیێکم قووت دایەوە، ئاهێکی لەسەر خۆم هەڵکێشا، لەبەر ڕێگاوە لەخۆم پرسی:

– دەبێ دایکی نەخشین، لە کولانکەی سەربانەوە سەیری ئێمەی نەکردبێ... ئێمەی نەدیبێ؟

– دەبێ ئاگای لە چۆنیەتی من و نەخشینی کچی نەبێ؟

بەڵام زۆری پێ نەچوو، ئەم بیرکردنەوەیەم بڵاوەی تێ کەوت، خۆشەویستی نەخشین کێشامیەوە لای خۆی، کەوتمە گلەیی کردن لە خۆم... کە:

– بۆچ نەمتوانی بەراست و ڕەوانی هەستی خۆم بۆ ئەو خۆشەویستەم دەربڕم؟ بۆچ نەمتوانی... ئازایانە لە وەڵامی پرسیارەکەی پێ ی بڵێم:

– ویستنی ئیمڕۆی تۆم جۆرە ویستنێکی ترە، خۆشەویستی ئیمڕۆکەمان، ئەو خۆشەویستیە ئاساییە نییە، کە هەتا ئێستا وەکو کولێرەیێکی گەرم پێکەوە دەمانخوارد، ئەو نوقڵە شیرینە نییە کە پێکەوە دەمان مژت و لە زارماندا دەتوایەوە، ئەو چیرۆکە منداڵانە نییە کە پێکەوە کاوێژمان دەکردەوە.

لەگەڵ ئەم گلەییانەش سەیرم بەخۆم دەهاتەوە، کە چۆن تا ئێستا خۆم وون کردووە، تاکە خولیای خۆدۆزینەوە دەبم، کەنگی خۆم دەناسمەوە؟ کەینێ خۆم دەدۆزمەوە؟ تاکەی لەناو گێژەلووکەی ئەم ژیانە بەچاوبەستی پەل دەکوتم؟ وەکو بارگیری جەنجەڕ بە دەورەی ژیان دەسووڕێمەوە... گێژ دەخۆم... توانای ئەوەم نەبێ چاوم بەچاکی بکەمەوە... دەوروبەری خۆم سەح بکەم؟

– دەبێ هەتا ئێستا خۆم نەناسیبێ؟ یان وون بوێک بووبم و تازە خۆم دۆزیبێتەوە؟

سەیر... ئای سەیر، تاکو ئیمڕۆ دەستم بۆ چەناگەم، بۆ بەر لووتم نەبردبوو!! تازە هەست بەوە دەکەم چەناگەم زوور بوەو لێوی سەرەوەم گەنددەمووی وەک نەرمە گیاییێکی لێ رواوە، کە سەرە بەهار لەگەڵ نەورۆز... لە زەویەکان... نسارەکان... لەبنار شاخەکان... لەدەم جۆگەو کانیاوەکان... سەر هەڵدەدا.

تازە هەست بەوە دەکەم... لەشم گەرماییێکی تێ گەڕاوە، هەر لەو گەرمیە دەکات... سەرەبەهار بەدیاری بە دونیاکەی ئێمەی دەبەخشێ، هەست بە برسیەتییێک دەکەم نازانم بۆچ بەهەوای دەورەم تێر هەناسە نابم؟

لەدەریاییێکی بیرکردنەوە نقووم بووم، لەگەڵ خۆما دەدوامو لێکم دەدایەوە:

– ئەگەر بڵێم برسی لەشی نەخشینم لام وایە قسەیێکی خۆش و ڕێکم کردووە!!.

گەرمایی و تینێکی وەک ئاوریشم نەرم لەشی گرتمەوە، دەروونم دەکولا، هەناسەی گەرمترو بەگوڕتر دەکردم، ئەندامی لەشم خاو دەبوونەوە، هەستی ئەوەیان پێ دەدام، کە شانەکانی وەکو هەزاران شلّغە مێشەنگوین لە جموجۆڵ و ووژژە ناکەون، قەوارەی لەشم گەورەتر دەکەن، دەیخەنە بارێک، زۆر جیاواز لەباری پێشووم، هەستێکی نامۆییم پێ دەبەخشن، ئەوەم پێ دەسەلمێنن کە:

– ئارەزوو... و سۆزی پێشووم بەرامبەر نەخشین، ئارەزوێکی ساکاری سادەی فەریکی نەمەیبوی منداڵانە بوو، جاران حەزم دەکرد. گەمە دەگەڵ نەخشین بکەم... یاری منداڵانە، لە مێرگەکەی رۆخ ئاوایی راوی یەکترمان دەنا، گەوز گەوزانێمان دەکرد، کە زستانان لەناو بەفر خشخشۆکێمان لە بەرزاییەکەوە دەکرد، دەستی یەکتریان دەگرت،یان بەهاران لەناو مێرگەکان هەڵدەبەزین، لە دارگوێزە زەلامەکە جۆلانێمان هەڵدەبەست، دەستم دەگوشین، دەستی دەگوشیم... خۆمان بەیەکتری هەڵدەواسی، لەناو گەرمەی یاری و هەستی خۆشماندا، سەرو رووومەتی یەکدیمان دەخستە ناو لەپ، لەشمان لە لەشی یەکتری دەخشاند، سینگمان لە سینگی یەکدی جووت دەکردن، خۆمان لەیەکدی هەڵدەسووی، کەچی هەستم بە بەرزاییەکەی سینگی نەدەکرد، ئەو سەردەمە ئەگەر هەستیشم بەگەرمی هەناسەی... بەنەرم و نۆڵی لەشی و بەگەشی چاوی، بە لێوە تەڕو ئاودارەکانیشی بکردبا، ئەو هەست کردنەم، جیاواز بوو لەگەڵ هەستی ئیمرۆکەمدا، ئەو ساکە لە هاتنەوەی دایکی... لە سەیر کردنی دایک و باوکم... لە تێوەڕامانی خەڵکی ئاوایی نەدەترساین، چ هێزێک نەبوو لەدەست لەملانێمان بکاو سینگمان لەسەر سینگی یەکدی لابدا.

ئەو ساکە منداڵ بووین، نەفام بووین نەفام، بەڵێ... نەفام، کەسێک چاوەدێری نەدەکردین، کە لەناو مێرگەکە یەکتریان دەگەوزاند کەس بیری ئەوەی نەدەکردەوە کارێکی نارێکمان کردبێ، یان کردەوەیەکی نەشیاو، ئێمەش چ هەستێکی وەکو ئێستامان بۆ نەدەهات، هەرگیز وەکو ئیمڕۆ بیرمان نەکردۆتەوە، جاران کە زارۆک بووین... وا بووین، ئێستاش ئەئاوەهاین!! لە هاشەی با، لە جریوەی چۆلەکە، لە چرپەی زیندەوەرێک، لە خشپەی پێ یەک، تەنانەت لە ترپەی لێدانی دڵیشمان دەسڵەمێینەوەو ترس دامان دەپۆشێ، ئیمڕۆ ئەگەر کەسێک من و نەخشین بەتەنیا لەگەڵ یێک ببینی، نیشانەیێک دروست دەکا، نیشانەیێکی نەشیاو، ئاگرێک هەڵدەکا... لەو ئاگرە ترسناکترە کە دوو قوتبی کارەبا لێک دەخشێن و هەڵی دەگیرسێنن.

نازانم بۆچ ئیمڕۆکە بە وەستانمان بەرامبەر یێک، بەسەیر کردنی بەرزایی سینگی نەخشین، بەگرتنی بازوو و پەنجەو دەستە گەرم و نەرمەکەی، گەرمایی لەش و دەروونم هەڵدەستێ، تەوژمی خوێنم بەرز دەبێتەوە، بروسکەیێکی کت و پڕ کیانم دەهەژێنێ!

– ئەرێ ئەم دوو بارە، ئەرێ ئەم دوو چۆنیەتیە، کامیان ویست و خۆشەویستی راستەقینەن، دەوری بەرایی و دەوری منداڵی و... پەنجە تێکەڵکردنەکەی و خۆ تێکهەڵسوونەکەی ئەو سەردەمە، گەوز گەوزانێ ی ناو مێرگەکان، یان جۆش و جونبوشی دەروون و هەست و هۆشی ئیمڕۆکەمان.

سەرم سوڕماوە، بەدەست خۆم نی یە، خولیای لێکدانەوەیێکی سەخت بووم، هەقیشمە ئەگەر وەهام، چونکی سەردەمێکی زۆرە ئەم کچە دەناسم، کەچی هەتا ئیمڕۆکە بۆم ئاشکرا نەبو، چەند لێم نزیک بوەتەوە، چەند تێکەلاوی گیانم بووە، چ جۆرە ویستنێک ویستوومە، چ جۆرە ویستنێک دەمەوێت؟ چۆن یەکدی ناسینەکەمان چوەتە بارێکی تر، بەیەک گەیشتنمان تامێکی دیکەی پێوەیە، گۆڕان و جیاوازیێکە تامێکی تازەم پێ دەبەخشن، جیاوازیان وەکو تامی ئەو پەنجەیەیە کە ساواییک بە غەریزە دەیمژێ، لەگەڵ

تامی ئەو لێوەی من ئیمڕۆکە دەمەوێ بیمژم!! ئیدی بۆچ خۆم گێل بکەم؟ چۆن من و نەخشین خۆمان بەخەیاڵ ببەستینەوە، ئەم پەیوەندیەی ئێستامان، بەو ژیانە ساکارە سادەیەی رابووردوو ببەستینەوە، کە منداڵی بەیەکی بەستبووینەوە؟!

– بڵێم چی؟ رەنگە منیش بەهەڵەدا چووبم! رەنگە هەردووکیشمان خۆمان بە هەڵە ببەین!!

ئەوەی هەستی پێ دەکەم، نەخشین لەم رۆژانەی دواییدا، پتر سەیری رووم... دەمو لووتم دەکا، ووردتر تێم دەڕوانێ، کە رووبەڕووی یەکدی دەبین، چاوەکانی هەڵدەفڕنە ناو هێلانەی چاوم، چاومان لەناو بێرمی چاوی یەکتر مەلە دەکا، ئارەزوو... وەکو دوو کۆتری هەترەبوو، بۆ یەکتریان دەکێشێ، چۆن من بەئارەزوێکی توند سەیری سینگ و مەمکی ئەو دەکەم، ئەویش پڕ ئارەزووتر بەبێ وەستان، چاوی لەناو چاومدا دەگوازێتەوە سەر دەست و مەچەک و بازووم، لەسەر سینگ و تەختەی شانم هەڵدەنیشێ! ئاهی نەرم نەرم هەڵدەکێشێ... بە سامگرتوویی بەرامبەرم دەوەستێ.

رۆژێک دەمەویست وەک جاری جاران، وەک سەردەمی منداڵیمان، دەست بازی لەتەکدا بکەم، بەسلی و لەسەرخۆ... هەنگاوێک لێم کشایە دواوە، هەردوو دەستی بەسنگیەوە گرتن، بەلەپی هەردوو دەستەکانی بەرزاییەکەی سەر سینگی داپۆشین، سەری نەختێک دانەواند، وەکو بیەوێ بەشەرمەوە پێم بلێ:

– نانا ئەمە ناشێ، ئێمە دەوری منداڵیمان بەجێهێشتووە، ئەو دەورە بوو بە خەونێکی ئاوریشمین، تەنیا لە مێشکمان رەگ دەداتەوە.

– ئیمڕۆ لەبارێکی دیکەداین، ئیمڕۆ گەورە بووین گەورە... ئیمڕۆ عاقڵ بووین... سێبەرێکمان لەسەر ئەم زەویە بۆ پەیدا بووە.

– جاران دەست و پەنجەمان دەکردن بەیەک، سینگمان بە یەکتریەوە رادەمووسی و لەسەر کەویە بەفرەکان دەگەوزین، لە مێرگەکان لە یێک دەئالاین، لەشمان دەبووە یەک لەش، خەڵک لەیەکی جیاواز نەدەکردینەوە، بەلام ئیمڕۆ... رۆژان پارسەنگیان لەنگ بووە، بە جۆرێکی تر هەڵدێن و ئاوا دەبن، ئەو مێرگانەی ساواییمان لێ رایدەبووارد... بوونەتە دارستان و جەنگەڵ، پڕن لە دڕندە و مارو دووپشک... تارمایی و خێوی هەزاران دێوەزمەو جنۆکەی لەسەر هەڵنیشتوون، ئەو کەویە بەفرانەش تواونەوەو بوونەتە ڕەقان و ووشکەدار، رۆژگاریش چۆن ئەو دوو دەورەی لەیێک جودا کردوونەتەوە... ئێمەشی ئاوا لەیێک جودا کردووتەوە.

– نا نا نەکەی... نەکەی کوڕۆ نەکەی.

– خەڵک و عالەمێ... گوندێ مە... بێ رەحمن... بێ بەزەیین.

بۆچ بۆچ نەخشینی... نەخشینی خۆشەویستم... هۆ ڕەفیقی ژیانی کۆن و ئێستام، بۆ چ!!... بە گیانت قەستەم... من دڕندە نیم... نا دڕندە نیم، تا ئەو دوو گڵێنە چاوەی سەر سنگت ئازار بدەم... بۆ چ لێمیان دەشاریەوە؟ بۆ لەمنیان دەپارێزی؟

دەنگی دایکی نەخشین لەو بیرو خەیالانەی جودا کردمەوە، کە بە ئاوازێکی درێژ لێ ی دووبارە کردمەوە:

– هۆ... هۆ... کوڕم شێرکۆ... هۆ....

– بە دایکت بلێ ی... خۆی بۆ کاروانەکەی سبەینێ ئامادە بکا بۆ ئەو کاروانەی بەرەبەیان سەر

هەڵدەگرێ و بەرەو ژوور دەکەوێتە رێ.

وا دیار بوو پووری ی خۆشەویست لە وەڵامە کورت و ئاڵۆزەکەی من باش حاڵی نەبیو، منیش لەگەڵ بانگەکەی بە تەواوی هوشیـار بوومـەوە، بۆم سـاغ بووەوە کـە وەڵامـەکەم رەوان نەبوو... و ئەوەی وە بیـر هێنامەوە کە لەکاتی وەڵامدانەوەدا دەمم تێکدەئاڵا لەبەر جۆش و چستوچۆی دەروونم... قسەکانم پچڕپچڕ لەدەم دەرژان. لەدڵی خۆشمدا دەمگوت:

– بۆ چۆنیەتی حاڵ و حەواڵی دایکیشم... وەکو خۆی لە وەڵامی خەڵکی تر دەڵێ:

ئەلحەمدولیلا... شوکر باشم.

– شوکر بۆ خودا باش بوو.

خۆشی بۆ ئەوە رێک خستبوو... ئامادە ببوو کە لەگەڵ تاریک و روونی بەیان بگاتە کاروانچیەکانی دیکەی گوند... ئەمانەش کۆچ و کۆچباریان تێک نابوو... چاوەڕێی یەکەم تیشکی رووناکی رۆژی تازەیان دەکرد... هەتاکو رێچکە ببەستن و رێگا دوورەکەی سنوور بدەنە بەر.

منیش یەکێک بووم لە کەسانی ئەو کاروانە.

## 2

شەو لەسەربانەکە، نوێنمان لێ رایەخستبوون، لەسەر بانەکانی دەورەشمان... ماڵی مام رەسووڵ و پوور ئەستی، ماڵی پیر ئۆمەر و دراوسێیەکانی ترمان، خێزانەکانی گەڕەک، ئەوانیش وەکو ئێمە لەسەر جێگەکانیان لێ ی مۆڵ ببوون.

هەر لە رۆژئاواوە گڕەی لۆریەکان دەستی پێکردەوە.

عەمبارەکەی (مام حاجی) بەرامبەر ئەو بانانە بوو، کە ئێمەی لەسەر کەوتبوین دەنگە دەنگ و هەراو غەڵبە غەڵبی حەمباڵەکان، تا بەرەبەیان... نابڕایەوە، تامیان لەو هەستە خۆشە دەبڕی، کە هاششە ئاوریشمینەکەی لە چیا بەرزە سەرکەشەکە و لە باخچەکانی بەر گوند، لەگەڵ فێنکەبای ئەو شەوە دەیهێنا و تێکەڵ بە دەروونمان دەبوو.

لەمن بەولاوە، ئەوانی دیکە... دراوسێکانمان، هەموویان لەم دەنگ و هەرایە... راهاتبوون، گوێیان لەم سامفۆنیە ناشیزە پڕ ببو، ئەو شەوەش هەروەکو شەوەکانی رابوردوویان... بێ هەست و جووڵە لەسەر بانەکان لێ ی ڕاکشابوون، وەکو مردووبن... وا پوەندیان لەگەڵ دەور و بەریانەوە بڕابوو، تەنانەت ئاگایان لە گڕەی لۆریەکانیش نەبوو، کە لەبەر دەرگای عەمبارەکەی مام حاجی ڕیز ببوون، حەمباڵەکان باریان دەکردن... یان باریان دادەگرتن و پەردەی ئەو شەوە رەشە کشوماتەیان دەدڕی.

هەمـوو شـەوێک، چەند کـاروانی لۆریە گـەنم، لەم لای سنوورە و لەم لاو لەولای ناوچەکـەش... لە دەشتی هەریر... لە باتاس... لە دەشتە دیانان دەهاتن و گەنمیان بۆ عەمبارەکە دەگوازتەوە... یان گەنمیان بار دەکـرد و... بەرەو ژێر... بۆ کـەرکـوک و بەغـدا و خـوارەوەتر... بەڕێ دەکـران، ئەمـە جگە لە کـاروانی نەپچڕاوەی ئێسـتر و بارگـیر و گوێ درێژ... کە لە گـوندەکانی خـۆشناوەتی و ناوچەی بیـتوێن و ئاکۆ و بلباسـەتی دەهاتن و بارەکـانیـان لە عـەمـبـارەکـە قـایم دەکـران... کـە ڕۆژیش دەبوەوە، وەک دز و جەردە ئەمـانەش بزر دەبوون و خـۆیان لە ڕۆژ دەشـاردەوە، هەرگـیـز دیاری نەدەدا... کـە شـەو شـتـێک قـەومـابێ، دەنکێک گەنمیش لە گوندەکەمان بەدینارێک چەنگ نەدەکەوت.

– خوایە ئەم هەمـوو گەنمە، ئەو هەموو لۆری و قەتارە گەنمانە چی... قووتیان دەدا؟ چۆن مام حاجی لە عەمبارەکەی جێیان بۆ دەکاتەوە؟!

بێ پسانەوە لەگەڵ خۆما دەدوام و یەکو دووم دەکرد:

– ئەم هەمـوو گەنمە لە کوێ ساغ دەبێتەوە؟

– بۆ چ خەڵکی ڕەشـو ڕووتی گوندەکەم... هەرزن و بەڕووشـیـان چنگ ناکەوێ؟ دەنکی گـەنمیـان لێ بۆتە کلی چاوان؟

ڕۆژێک گـوێم لێبـوو... پیر ئۆمەر بۆ دایکمی دەگێڕایەوە، چۆن گەلێک لەبەر مام حاجی پاڕاوەتەوە... بۆ ڕبە گەنمێک. بە پارەش!!

پیر ئۆمەر... بە داخێکەوە... بە ڕوێکی تەڵخو گرژ دەیگوت:

– وەکو بەرامبەر خودا بوەستم... ئەوها لە خزمەت مام حاجی وەستا بووم، هەردوو دەستم لەبەر پان کردبوونەوە، دەستە پانکراوەکانم دوو دیناری چاوشینیان لەسەر هەڵنیشتبوون... مام حاجی لەلاوە... وەکو بە چاکی گوێی لە داواکەم گرتبێ، وەکو لە نزا و پاڕانەوەکەم بیر بکاتەوە... وا خۆی دەنواند و مۆن ببو، کـەچی ببـڕاو ببـڕ ڕووی تێ نەکـردم... تا مـاوەیەک وا... پاشـان هەر بە مـۆنی ڕووی وەرگـێـڕاو...

چاوقووچانێک لە دوو دینارەکە وورد بوەوە کە لەسەر دەستمەوە کرنۆشیان بۆ دەبرد... خەندەیێکی بایی بەسەر لێوە چورچ و کشتەکانیەوە مەیی و دەستی بە بۆڵەبۆڵێک کرد... تەڵاقی خوارد کە قەتعیەن... ڕبە گەنمێک... دەنکە گەنمێک... حەتتا لە ماڵەکەی خۆشی شک نابا!!!

کە گوێم لە قسەکەی پیر ئۆمەر بوو... چاوم بۆ رووی دایکم گوازتەوە، دایکم وەکو پەیکەرێکی مۆم... ڕەنگ و رووی زەرد و شین ببو، لەبەر چاوی مندا... تەنانەت چاوەکانیشی لەناو قاپێلکی پێڵوەکانیدا مەیی بوون.

کەوتمە گێژاوێکی هار، پرسیار و وەڵام وەک برێشکە لە مێشک و دەروونمدا هەڵدەقرچان.

– ربە گەنمێک... تەنیا یەک ربە گەنم، لە ماڵی مام حاجی نەبێ؟ توخودا ئەمە سەیر نییە؟

ئەی عالەمی خودا، ئەمە چۆن بڕوا دەکرێ؟

– بەڵام بۆچ سەیر بێ؟ بۆچ خەڵکی خودا بە مام حاجی بڕوا ناکەن؟ لەوانەیە قسەی مام حاجی تانەی لێ نەگیرێ و درۆی تێدانەبێ... ڕەنگە مام حاجی درۆ نەکا!... مام حاجی چۆن درۆ دەکا... ئەویش دەڵێ و دەڵێتەوە درۆزن دوژمنی خودایە، چۆن خۆی دەکا بە دوژمنی خودا؟ بێ شک دەنکێک گەنم نەک ڕبەیێک لە ماڵی ئەو نیە... ئەو کاری بە گەنم دا چییە؟ خۆ ئەو گا نییە و گەنم بکرۆژێ و لە دوایشدا پێی بفیرێنێ، گەنم بۆ لە ماڵی ئەوا هەبێ؟ هە... بەم پێیە مام حاجی دوور لە شوبهە و جێگای بڕواییە!!.

ئای پیر ئۆمەری بەدبەخت و کەم بین، مەگەر بیر لەوە بکەیەوە کە بە رێکەوت مێروولەیێک لەسەر تاق و دیوارەکانی ماڵی  مام حاجی ببینی... دەنکە گەنمێکی بە دەمەوەبێ و ڕەکێشی شارە مێروولەی بکا... و ئەمە بکەی بە بەڵگەی درۆی ئەم حاجیە خواپەرستە، دەنا خۆشت ئەوە دەزانی... ئەوەی لە ماڵی ئەم پیاوە ڕوو چورچ و لۆچاویە مۆنە پەیدا دەبێ... فەردە برنجە... گونیە ئاردە... ساوار و نیسک و نۆکە، کەشک و داندۆکە... نەک گەنم و یەک ربە گەنمیش.

حەزم دەکرد هەر بۆ گاڵتە لە پیرئۆمەر بپرسم:

– خاڵەگیان بۆ گومان لە وەڵامەکەی مام حاجی دەکەی؟ بۆ پێ ی بڕوا ناکەی؟

– ئەدی ئەتۆش یەکێک نەبووی لەوانەی... کاتێ مام حاجی لە ماڵی خوا گەڕایەوە... بە پیریەوە چووی؟ بەری دەستیت لێستەوە؟

حەزم دەکرد ئەو پرسیارانەی لێ بکەم، بەڵام ئەمەم بۆ نەدەکرا، چونکی ئەو لە من زۆر گەورەتر بوو، ڕێزگرتنی لە خۆ گەورەتر تێکەڵاوی شیرمان کرابوو، پەردەیێکی وای لە نێوانمان دروست کردبوو... هەڵگرتن و لادانی ئاسان نەبوو.

ڕاستە عەمبارەکەی ئەم پیاوی خوایە... بەسەدان عەڵبە گەنمی تێدایە، هەموو  شەوێکیش... چەند لۆری... چەند کاروان گەنمی دیکەی دێتە ناو... هەروەها ئەوەندە لۆریەشی لێ دەردەچێ!! بەڵام خۆ عەمبار عەمبارە و ماڵی مام حاجی شتێکی تر، ماڵە... ماڵ... عەمبار نییە، بەم ڕەنگە قسەکەی مام حاجی هەروا تەڵاقەکەشی پەڵەیان لەسەر نییە، بەهەموو مەزهەبێک تەڵاقەکەی نەلەقاوە  و تانەی لێ نادرێ، خۆ خوا نەخواستە ئەم پیاوە کاتێ ماڵی خوای زیارەت کردووە، حیسابی ئەوەشی کردووە کە تەڵاقەکانی لەسەر بناغەیێکی توندو قایم دابڕێژێ... کە بەهەموو هەوایەک نەلەقێن!... مام حاجی پیاوێکی بەدینە و هەر بۆ هیچە و بۆ خاتری  چاوی زەقی پیرئۆمەر... تۆ بڵێ... بابی پیرئۆمەریش لە شەریعەت لانادا.

له ئەنجامیشدا لەگەڵ خۆم لێکم دەدایەوە... کە:

– نەخێر، نابێ مام حاجی ئەوەندە موسڵمانیەتی تەنک بێ، هەر بە هەواوە تەڵاق بهاوێژێ... کابرا هەر نەبێ کۆنە فەقێ بووە و، ئەگەر بەخۆشی لە مەسەلەی تەڵاق و ئەم شتانە شارەزاییەکی تەواوی نەبێ... بێگومان بۆ ئەمجۆرە ڕێکەوت و هەڵوێستانەی بە ناچاری تووشی تەڵاق خواردنی دەکەن، دەبێ هەر پرسێکی بە مامۆستا شێخ مەلا زین الدین کردبێ... کە ڕێ نماو پیری خۆیەتی!... ئەگینا کابرا بەبێ پرسی مامۆستاکەی، چۆن خۆی شەرمەزاری خودا و پێغەمبەر و ژنەکەی دەکا؟

بەڵام کێ حەقی ئەوەی هەیە ئەمجۆرە حیسابانە لەگەڵ مام حاجی بکا؟... کەس، بێ شک کەس حەقی ئەوەی نییە لێی بپرسێ:

– ئەدی ئەم هەموو لۆریە... ئەم هەموو قەتارە گەنمەی بەشەو دێن و دەڕژێنە ناو عەمبارەکەی... یان لە عەمبارەکەی دەردەچن... لە کوێ دێن و بۆ کوێ دەچن؟

چونکی ئەم مەسەلە تایبەت بەخۆی بوون، ڕەش و ڕووتی وەکو پیرئۆمەر و ئەوانی دی، بۆیان نەهاتبوو لێی بکۆڵنەوە... و دەمی لێوە بدەن!!... خۆ ئەگەر مام حاجی پیاوێکی سەلامەت و خواپەرست و بێ زەرەر نەبوایە، بۆی هەبوو ئەوانەی ئەم حیساب و کیتابەی لەگەڵ دەکەن، لێیان بکا بە هەرا... بگرە ناموسیشیان ببا، بۆشی دەکرا ئاگاداری حکومەت و قۆمیسێری دۆستی بکا، تا لە بەندیخانە قایمیان بکا!!... زۆر چاک ئەمەشی لا ڕوون بوو و دەیزانی کە دەست تێ وەردان لە کاری خەڵکی نەشیاوە، دەم و زمان لەم ترخێنەیە... تاوانە، قانوون قبوڵی ناکا...

زمانیش دەسووتێنێ.

– ئەمە دەست درێژی کردنە، بۆ سەر ئازادی خەڵکی دیکە، بۆ سەر دەسەڵاتی خولاو ئەو ماف و حقوقەی ئەو داویە بە کەسانی وەک مام حاجی... دەرگای ئەم دونیا بەرینەشی بۆ ڕەش و ڕووتی وەکو ئێمە خستۆتە سەرپشت، کەس ڕێی لێ نەگرتووین، بە ئارەزووی خۆمان... هەتا ورگمان دەئاوسێ لەو هەوا پاکەی هەڵمژین!!

– کەس حەقی نییە پێش بە کەسابەتی مام حاجی بگرێ، کەسابەت حەڵاڵەو مام حاجی دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی...ماڵی خۆی بە خەرج بدا و سەرافەتی بکا...

ئەدی ئەم هەموو شەرع و عورف و قانوونانە بۆچی دانراون؟

– ئەها...ها...ها... بەخوا دونیاییێکی سەیرە!!

جارجارە تووڕە دەبووم، پتر بۆم ڕوون دەبوەوە کە ئەم چۆنیەتیە نارێکە، ئەم بارە کەچ و ناهەقە، ئەم کردەوە گێرو ناڕەوایە... دەبێ نەمێنێ... دەبێ بگۆڕێن... بەڵام چۆن دەگۆڕێن؟ یان لەناو دەچن؟ ئەم چۆنیەتیە... ئەم بارە وا بە ئاسانی دروست نەبوون، بە فشە نەهاتوونەتە کایەوە!! ئەمانە بە ئاگرو ئاسن... بە قەمچی... بەهێز... بە خوێن مژین... بەفرمێسک... بە لوولەی تفەنگ و نووکی ڕم و خەنجەر...دروست بوون... چەسپاون... بە زۆری زۆردار بەسەر ڕەش و ڕووتەکان سەپێنراون، ئیتر چۆن بەخەیاڵ دەگۆڕێن... چۆن لەناو دەچن؟ دەبێ پتر بیری لێ بکرێتەوە و حیسابی بۆ بکرێ!! هەر چەندە پیر ئۆمەر و... عەلە ئێختەو... دایکیشم بۆ قووت دانی ژانەکانیان دەیانگوت:

– هەر تیغە... تیغ دەبڕێ!

وام بۆ دەهات، ئەمەیان وەکو تووتی هەر دووبارەکردنەوە بوو.. بە مەبەستی دامرکاندنەوەی ئاگرەکەی

له دەروونیان گڕی دەگرت... و ئیتر بە وەڕسی قەرەقۆپیان لێ دەکرد.!!

بەدەستی خۆم نەبوو... کە لەناو گەڕی ئەم جۆرە بیرکردنەوە و... لێکدانەوە و هەڵکردنەوەو... بادانەوەیەمدا... بیرێکی ڕەشم بۆ دەهات:

– وەڵڵاهی وا چاکە ئیمشەو بچم،، بەدزی ئاگر بەردەمە عەمبارەکە، ئاگرێک بنێم بە عەمبارەکە و... ئینجا چی دەبێ بابێ!! ماوەییێکی زۆر سەخت و ناخۆش، لەناو نوێنەکەم... لەگەڵ ئەم بیرە ڕەشەم، گەوزم دەدا، وەکو لەناو پێخەفێکی دڕک و زی... و ئەستری نووستبم، ئەوها ئەو بیرانە بە لەشمدا دەچەقین ئازاری لەشیان دەدام، تاکو لە دواییدا لەگەڵ خۆمدا، پێم لەوەنا کە:

– ئەم کارە بەمن ناکرێ، ئەم نەوعە ئیشانە ئیشی من نین، مرۆ دەبێ هەندێک ئازابێ و... بەجەرگ... لەخوا نەترس... تاکو بتوانێ ئەمجۆرە کردەوانە بکا.

– نازانم... ئەگەر دراوسێ نیوە مردووەکانیشم، ئەوانەی لەسەر بانەکان وەکو ئاژەڵ لێی مۆڵ بوون... ئەوانیش بیری وایان بۆ هاتبێ؟... ئەمجۆرە بیرو کردەوە... بێ سەرو پایانە... یان... نا؟

– ڕەنگە هەر من مەسەلەکە ئەوها لێک بدەمەوە، یان خۆم بەمە ڕازی کردبێ کە دراوسێکانم نیوە مردوون و وەکو من بیر ناکەنەوە!! ئەمەش پێ دەچێ گومانی لێ بکرێ؛ دەنا دروستکردن و سەلماندن و سەپاندنی ئەم تۆمەتە بەڵگەی گەرەکە.

– بە ڕۆژ... بە درێژایی ڕۆژان کە ئەمانە دەبینم... وەکو کۆمەڵێک دەلوو... بە کووچە و کۆڵانەکانی گوند بڵاودەبنەوە... بە بەر کۆشکە دوو نهۆمەکەی...میر...بە پێش قۆمیسێرخانە و سەرای میریدا... تێدەپەڕن... دێن و دەچن... دەخولێنەوە، وەکو دایکم بێ ئامانج و... بێ سەر پەل دەکوتن... ئەمسەر و ئەمسەری گوند دەپێون دەجوولێنەوە، خیسەی سینگیان لەگەڵ هەناسە... تێکەڵ بە ژیانی دەروبەریان دەکەن، کۆمەڵێک تووڕەیی و وەڕسی و هەناسە ساردی لە دەم و چاویاندا دەخوێنمەوە، کۆمەڵێک ماندوویی و شەکەتی و... بێ ئۆقرەیی لە لاشەو لە ڕوویاندا دووبارە دەبنەوە، بەچی بزانم داخوا لە دەروونی هەر یەکێکیاندا، ڕک... کینە... تووڕەیی... وەکو مەنجەڵێکی شیر... ناکوڵێ؟ وەکو مەنجەڵێکی شیر، ئەگەر پتر گەرمایی هەڵستێ... هەڵدەچێ و سنووری مەنجەڵەکەی دەبەزێنێ و دەستوو پەلی کابانیش دەسووتێنێ، بەچی بزانم ئەمە وانییە... خۆ من توانای ئەوەم نییە دەروون و ناوەوەی خەڵکی بخوێنمەوە.

– دەشێ... هەموو شتێک دەشێ... تەنیا ئەوەی من ئاگاداری تەواوم لێی هەیە، ئەوەی تاکو ناخەوە بە دەروون و ناوەوەی نقووم بویم، تا سنوورێکی بێ سنوور دەیناسم و تێی دەگەم... ئەوە هەر خۆمم خۆم! ئەوەی بەرامبەر بەخۆشمەوە لام ڕوون و دیارە... ئەوەیە کەمن وەکو ڕۆژانی پێشووترم هەڵس و کەوت ناکەم، گۆڕانێکی زۆرم بەسەردا هاتووە... گۆڕاوم، وەکو ڕابووردوو بە عەقڵی منداڵێک بیر ناکەمەوە، وەکو پێشان سادە لێکنادەمەوە، بە دڵێکی ساواو پێنەگەیشتوو... ئاوات ناخوازم، بەو دڵە فەریکەشەوە بەو عەقڵە نەمەییوەش ڕێڕەوی ژیانی داهاتوو... و دوا ڕۆژم... نانەخشێنم، ئیمڕۆ یەکێکی ترم، لەبارێکی دیکە هەناسە دەخۆمەوە، بەجۆرێکی جیاواز مامڵەت لەگەڵ ژیان دەکەم، لە ڕۆژانی بەریم پتر بیردەکەمەوە ،وام بۆ دێ... کە لە لایەنی بڕواییشەوە... شتی تازەم بۆ بەدی دەکرێ، گەلێک دیاردەش، کە هەتا ئیمڕۆکە بەسەریان تێپەڕیووم... بەلایاندا ڕابووردوم و سەرنجیان ڕانەکێشاوم، گەلێک لەو دیاردانەشم لێ بوونەتە ویستگەو ناتوانم بێ ئاوڕدانەوە لێیان ڕابوورم.

– دەشێ باری ئێستام هەرچی و هەر چۆنێک بێ، بەڵام دەمەوێ ئەمە... ئەم ڕاستیە بچەسپێنم کە

منیش شتێکم بە پشتی ئەم زەوییەوە، جێگاییێکم لەم گێتییە جەنجاڵ و فراوانە گرتۆتەوە، کەلێنێکم لەم ژیانەدا پڕکردۆتەوە، بۆ فرمانێک هاتوومەتە ئەم دونیایە... بۆ فرمانێک، نەک بە ڕێکەوت... بڕوایشم بەوە پتر قایم بووە کە ئەم ژیانە... ئەم بوونە... بێ هۆ نەبووە و بێ ئامانج بەسەر ناچێ، بەڵام... ئەهـ...

– دەبێ هێزێک هەبێ، ئەم کەونە... کۆنە بەڕێوە ببا ؟... ئەم کەونەی من بەشێکی ئەوم، هەتا هەناسە دەخۆمەوە و دەیدەم، ئەو... بەبێی من تەواو نابێ!.

– کەواتە... ئایا ئەگەر ئەو هێزە هەبێ... یان نەبێ، هەر وەکو یەک نییە ؟

– خودا، دەپەرستم... بڕوا بکەن، خوداییێک دەیناسم، هەروەکو چۆن هەموو ئەو خەڵکە... خودا دەپەرستن و دەیناسن، لەوەی گوتیشم گومانم نییە، وەلێ ئەوەی وەکو ئەم هەموو خەڵکە دەیناسم و دەیپەرستم... دەبێ چی بێ؟ چۆن بێ؟ دەبێ هەر ئەوەبێ کە ئەو هەموو گیان لەبەرە قسەکەرانە... هەموویان... چاک و خراپ... دەوڵەمەند و هەژار... دەست ئەستوورو دەست باریک، زۆردار و زۆرلێکراو... دەیناسن و دەیپەرستن؟ بە راستی ئەمە مەسەلەیەکە... مەسەلەیەکە سەیر و سرنج راکێشەر.

– هەتا دەچمە قووڵایی بوون... هەتا پتر بەناخی ژیاندا دەچمەخوار، دەکەومە ژێر پاڵەپەستۆی بیرکردنەوە، چاکتر بۆم ڕوون دەبێتەوە... کە... من... من وەکو بەشێک لەم کەونە، وەکو شانەیەک قەبارەی ئەم ژیانە پڕ جموجۆڵ و گۆڕانە تەواو دەکا، من توانای شتی سەیرم هەیە، تەوانام هەیە کە شتێک دەکەم، شتێ بە پێچەوانەی ئەو شتەش بکەم!! دەتوانم دزی بکەم... هەڵخەڵەتێنم، ئینسان و حەیوان بکوژم، دەتوانم ... ببڕم... بسووتێنم... گۆشت بخۆم... جا چ گۆشتی گا... و چ گۆشتی برا، دەتوانم لاییێکی ژیان بڕوخێنم، بە مەرجی ئەوەی خۆم بۆ ئەو کردەوانە پەروەردە کردبێ، یان پەروەردە بکەم!... یان کۆمەڵ بۆ ئەمجۆرە شتانە پەروەردەی کردبم... یان پەروەردەم بکا.

هەروا دەشتوانم، ئەوەی باشە... کۆمەڵ بەچاکی دەزانێ و سوودی ئادەمیزادی هەیە... ئەوەش بکەم... دەتوانم خێر بکەم... لاییێک ئاوەدان بکەمەوە، ژیان بەزەوی ببەخشم، دەتوانم ببمە هۆی گەشە کردنی ئەم دونیایە، بەڵێ... چۆن دەتوانم شەڕو خراپە بنێمەوە دەتوانم تۆوی خێر و بێر بچێنم، بەم ڕەنگە خێرو شەڕ، چاکە و بەدکاری لەمن کۆبوونەتەوە، مەسەلەی ئازایی و خوا ترسانیش... جۆرە ڕاهاتنێکە، رستەیەکە چیرۆکی ژیانی پێ تەواو دەکرێ... یان بۆشاییەکانی پێ پڕدەکرێتەوە، خوییێکە... ڕەوشتێکە خۆمان دامان ڕژتوە و سنوورمان بۆ کێشاوە، دەستکردێکە... خۆمان بە دەستێکی لەرزۆک بۆتەمان بۆ داناوە، دەستکردێکی خۆمانە... تۆییێکە خۆمان دۆزیومانەتەوە و هەر لەگەڵ شیر لەناو خوێن و دەمار و... شانەکانی لەشمانەوە دەچێندرێن!! گیانمان پێ تۆ دەدرێ تێکەڵاوی بوونمان دەبێ... تا دەبنە بەشێک لەو بوونەمان.

کەواتە... دەبێ من ئەو هێزە نەبم، کە ئەم کەونە... ئەم عالەمە ئەم گێتیە هەڵدەسووڕێنێ و... بەڕێوەی دەبا!!

– دەبێ لەو هێزەی من بەولاوە، هێزێکی دیکە هەبێ؟

– من ئیسنانم، ئینسان... ئەم کەونە، ئەم وجودە، بەبێ من هیچ ناگەیەنێ، تامێکی نابێ... مەعنایێک نابەخشێ، من ئینسانم ئینسانیش لاییێکی زبرە و زەبر... لاییێکیشی میهرەبانی و نەرمی، لاییێکی وەک شەو تاریکە، لاییێکیشی رووناکی دەداتەوە، لاییێکی خودایە و لاییێکی شەیتان!!! هەر وام زانیوە... هەروەها زانراوە... هەروا دانراوە... دەبێ هەر وەهاش بێ دەنا چیرۆکە کە تەواو نابێ.

– دوێنێ ئێوارە دایکم، دوێنێ ئێوارە، ئەو چەند ووشکە سەمونەی لە ماڵەکەماندا هەبوون... کردنی

به دوو بەشەوە، بەشێکی گل دایەوە، ئەمە بۆ خۆمان، بۆ ئێمەی منداڵەکانی... بەشەکەی تریشی بەسەر ماڵی مام رەسوول و... پوورئەستی... و عەلەئێختە و مام هەیدەردا، دابەش کردن، لە بەشەکەی خۆشمان، چەند ووشکە سەمونێکی بۆ ماڵی پیرئۆمەر ناردن.

دایکم زۆر بەوە دڵتەنگ ببو، کە پیرئۆمەر خۆی هاویشتە کن مام حاجی بۆ ربە گەنمێک، خۆی دەخالەتی مام حاجی کردووە... کەچی ئەم بە پارەش پێی نەفرۆشتووە!!

دایکم لەبەر خۆیەوە هەر بۆڵەی لێوە دەهات:

– خودایە... رەحم و بەزەیی... هەڵگیراوە؟

– هەی هاوار... خۆ کافرستانی نییە!

– پەککو... ئەدی کوا عیسانەتی... کوا ئیسلامەتی، ئەدی خودا و پێغەمبەر... چیان لێ هات؟

کە ئەم چۆنیەتیەی دایکم دەدیت و لەگەڵ ئەو چۆنیەتیەی مام حاجی بەراوردم دەکردن، خۆم بەخۆم دەگوت... لەناو مێشکما لێکم دەدایەوە:

– دەسا چۆن دایکم هێزەکەی چاکە و رۆناکی نییە و... چۆن مام حاجیش نیشانەو دیاردەی... هێزی رەش و تاریکی؟ لە دواییشدا لە خۆم دەپرسیەوە:

– دەبێ دایکم لایەکەی خودایی نەنوێنێ؟... و دەبێ مام حاجیش لایەکی شەیتان دووبارە نەکاتەوە؟

من بڕواییم بە خودا هەیە، بەڵام خوایەکەی من... ئەو خوایە نییە کە مام حاجی و شێخ مەلازێندین دەیپەرستن و دەڵێن بڕواییان پێی هەیە، نا... نا هەرگیز نابێ خوایەکەی من ئەو خوایە بێ کە ئەوان دەیپەرستن، ئەو خوایەی... ئەوان بە کەشیدە و مێزەر و مەندیل و پشتێندەکەیان هەڵواسیوە، هەرگیز لەو بەرگەی لەشی خۆیانی پێ دادەپۆشن... ئاودیوی ناو لەش و گیان و دەروونیان نەبووە.

– ئای... سەیرە... ئەوەندەی لەم ژیانە، لەم دونیایە، لەم وجودە بیردەکەمەوە، هەتا پتر لێی دەچمە ناوەوە، تەماوی تر و قووڵتر و لێڵ و شێلوتر دەبێ!... بەم تەم و قووڵایی و لێڵاییەش هەر پەل دەکوتم و هەر پەل دەکوتم کە وەڕسیش دەبم، ناتوانم سەرەداوێکی لێ بگرم، ناچار سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکەمەوە، ئەویش بێ داوییتر و بێ بن، نادیار دێنە بەرچاوم...! لە کەونێکی فراوانی بەرین، لە دەریایەکی بێ دوایی بەولاوە... شتێک بەدی ناکەم! دەبێ ئاسمانیش وێنە عەکسی یان دووبارە کردنەوەی دونیاکەمان... ژیانەکەمان نەبێ؟

هەندێک جار کە خۆم دەهاوێژمە ناخی ئەو کەونە بێ ئاسۆیە، ئەو ئاسمانە بێ دواییە... خۆشیەک دەچێتە دڵمەوە، هەست بەهەسانەوەیەک دەکەم، کە لە ژیانی دژواری پڕ مەینەتم هەستم پێی نەکردووە، زۆر جار ئاسمان خۆشیێک دەدا بە دڵم، کە ووردتر چاوی تێ دەبڕم... لەو تاریکاییەی ژیانی داپۆشیوە، رووناکیەک بە دەروونم دەبەخشێ!! لە وەڕسی دوورم دەخاتەوە.

– ئای دایە گیان، دایە... ئای لەو دڵە ساف و بێگەردەت، کە لە ناو بێرکمی سینگت، وەک چۆلەکەیەکی سەربڕاو پەلەقاژێ دەکا.

– ئای لەو ساویلکەییەت کە وای لێ کردووی بەبێ مەرج، بەبێ بارمتە... بەبێ یەک و دوو، بەبێ هیچ نەوعە چەکێک خۆت بە دەریای ئەم دونیایە دابدەی... و ... بکەویە ناو جەنگڵی ئەو عالەمە پڕ دڕندە و دڕک و زێ و پڕ مەترسی یە!!

– ئای... کورە، خۆ گرەی کاروانی لۆری و زرینگو هۆڕی زەنگوڵەی پێشەنگی قەتاری کاروانە

گەنمەکەی مام حاجی، ماوەم نادەن ساتێک بحەسێمەوە، چەند دانێک چاو لێک نێم سەرم لەوە سوڕماوە چۆن دراوسێکانم، لەسەر بانەکانی ئەم لاو ئەولا، وەکو ئاژەڵ لەسەر گازی پشت لێی مۆڵ بوون!! چۆن هەست بەم هەموو گڕەو... قیرە، هەراو هۆریای ڕۆژی حەشرە ناکەن؟

– دەسا با هانا بەرمە بەر ئاسمانی بەرین، خۆم بهاوێژمە ناو مێرگە نێرگسەکان... لەناو ئەستێرەکان نقووم ببم بەشکەم ساتێک خۆم لەبیر دەبەنەوە، لەناو ئەو مێرگانە دەهەسێمەوە، خەو باڵی نەرمی دەنێتە سەر چاوە ماندوو... و حەپەساوەکانم!... گلێنەی چاوەکانم لە زۆران بازی و گەوزدان... لەناو پێڵوە پڕ دەرزی و دڕک و داڵەکانم ڕزگاریان دەبێ.

– پێش چەند شەوێک لە هەولێردا... لەسەر بانی ژوورەکەمان لەسەر قەڵاتە کۆنەکەدا، وەکو ئێستای ئیمشەوم لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشابووم، لە قووڵایی ئاسمانی شین... ئاسمانی تەلیسماوی پڕ نهێنی... وورد دەبوومەوە، هەوڵم دەدا ئەو حەزەم بهێنمە دی، حەزی ئەوەی خۆم لە چۆنیەتی نالەباری قوتابخانە و قوتابیەتی... و تاڵی ژیانی ئەو شارە کزە... خەمبارە... بشارمەوە، خۆم دەهاوێژتە ئەو دەریا بێ دواییە، ئەستێرەکان لە ژمارەی ئادەمیزادی شارەکە... زۆرتر دەهاتنە بەرچاوم!... چاوی ئەمانیش وەکو چاوی خەڵکی شارەکە کز و بێ تین و پووت بوون، ئاسمانی ئەو شەوەی سەربانی خانەکەی ناو جەرگەی قەڵاتە پیرەکە و ... ئەم شەو... و سەربانەش هەستێکی وەکو یەکیان پێ دەگەیاندم.

ئەو ئەستێرانەی ئەو شەوە لە هەولێر دیار و دەست نیشانم کردبوون، هۆگریان ببوم، هانام دەبردنە بەر، لە گەڵیان دەدوام فەرامۆشیم پێ دەهاتن، لێرەش دەیان ناسمەوە، دڵم پێیانەوە بەندە، هێمنیێک دەدەنە لەش و گیانم.

ئا... ئەوانە (حەوت برالە)ن ... شەشیان لە دوو تەرمی برای حەوتەمیان وەستاون... ئەو برا حەوتەمەیان، کە لە فرمانێکی چاکە و... لە ڕێگایەکی پیرۆزدا شەهید کراوە، ئەوانەش ڕێچکە ئەستێرە سپیەکانی (کاکێشەن)، ئەو ڕێگا سپیبە دوور و درێژەی... وەکو ڕەوە کۆترێکی سپیی، لەناو قووڵایی ئاسمان خەتیان کێشاوە... دەڵێن پێغەمبەرەکان بە هۆی ئەم ڕێگایەوە گەیشتوونەتە خودا!... ئا ئەوەشیان گەلاوێژە و پەیامی پایزی پێیە و دەیدا بە زەویەکەی ئێمە، ئەوەی تریشیان کە وەکو ڕۆژێکی بچکۆلانە، لەبەک دەدا و شەوق بلاو دەکاتەوە... ئەوەیان ئەستێرەی (بەیان)ە... پێشەنگی کاروانی ڕۆژێکی تازەیە، ئەوەندە بە شەوقە دەڵێی ڕێگا بۆ ڕۆژێکی نوێ دیار و رووناک دەکاتەوە.

سەیر... سەیر، ئەستێرەکانی دیکە چۆن خۆیان دەنوێنن، هەندێکیان جریوەیان لێوەدێ و دەدرەوشێنەوە... هەندێکشیان بەڕیز وەستاون... وەکو چاوەنواڕی دەرکەوتنی کەژاوەی لەیل و مەجرووم بن، یان خۆیان بۆ زەماوەندی ئەم دوو دڵدارە پاکە لە ئاسماندا ئامادە بکەن.

ئەوەشیان (پێروە)... ئەویتریان (تەرازوو)... هەتا لە تەرازوویان داناوە، بەڵام کێ دایناوە؟... ئێمە؟

– دەبێ ئەم کەونەش تەرازوێکی هەبێ؟... یان بەبێ تەرازوو لە ڕێسمە بچێ و شیرازەی هەڵوەشێتەوە و لەنگەر نەگرێ؟

– ئایا... ئەم هەموو عالەمە نادیار و تەلیسماوی و شاراوەیە چیە و چ دەگەیەنن؟

هەندێک جار، کاتێ لەناو ئەستێرە بێ ژمارە و بێ دواییەکانی ئاسماندا بێ سەرو شوێن و وون دەبم، لەگەڵ خۆمدا دەڵێم:

– ئەگەر ئەم هەموو... دەریا بێ دواییەی ئەستێرە... ئەگەر ئەم هەموو ژمارە بێ ژمارانەی ئەستێرە... ئەگەر دەنکە گەنم، یان دەنکە گەنمی زەرد و زێڕین، بەسەر زەویەکەی ئێمەدا... بەسەر خەڵکی

گوندەکەمدا... بباریبانایە، باشتر نەبوو؟

– گەنم بباریّ؟...ئاهـ... چاوەنواڕی گەنم بارین بکەین!!

– کەنگی لەو خەیاڵ و... وڕێنانە دەکەوم؟ کەی دێمە سەر تاتەبەردی راستەقینەی ژیان... کەینێ مل بە ڕێگای سەخت و پڕ کۆسپ و هەڵدێرەکەی بوون دەنێم و لەم هەڵوەسەیە رزگار دەبم؟

– وڕێنە دەکەم، ئەها... ها... بەراستی وڕێنە دەکەم!! لەبەر خۆمەوە بێ هۆشانە... دەڵێم و... دەڵێم، قسە دەکەم.

– کاکە ئەم بیرە نارێک و پەرت و بڵاوانە چین، کە سەریان کردۆتە سەرم، مێشکیان لەقاندووم، گریان بەرداوەتە دەروونم، هەموو دەمارێکی لەشیان هێناوەمەتە... ئازار... هەژانەوە... ژان.

– ئەو شەوە لە هەولێر... دراوسێ هەژارەکەمان، لە جادە بەرینەکەی شار...لاشەی شەکەتی خۆی، بەرەو قەڵا رەکێش دەکرد کە گەیشتە پێش دەرگەی سەرا و کۆشکی میری، مامە پیرە لە برسانا بەلادا هات... دڵی خێوراوە... هۆقەهۆقێکی کرد، لە دواییدا کەوتە سەر جادەکە!! ئۆتۆمۆبیلێکی خەستەخانە هات... رفاندی... خەڵکەکە وایان دەژمارد... کە تازە کەوتە دەستێکی میهرەبان و ئیتر دەیبەن بۆ نەخۆشخانەی شار و چارەیێکی دەکەن!.

کەچی... بەیانی زوو... پێش ئەوەی چۆلەکەکان... لە کونە دیوارە رزیوەکانی قەڵات سەر دەربێنن و مشووری پەیداکردنی دانەوێلەیێک بۆ بێچوەکانیان بکەن... ئا... بەو بەیانیە زووە... هێنایانەوە، هەر لە دەمی کۆڵانە تەسکەکە لە ئۆتۆمۆبیلەکە فڕێیان دایە خوارێ، ئەمیش بە کووڕی سەرێکی دانەواند و بە لەنگە لەنگ... هەنگاوی گرانی دەنان، تا گەیشتە بەر دەرگای کونجەکەی سەری بەرز نەکردەوە. دراوسێکەمان زۆر شەکەت و شلۆق ببو، وەڕەسی و دڵتەنگی لە رەنگ و رووی دووبارە دەبوەوە، زۆر لەوە زوێر بوو کە لە نەخۆشخانە بەو رەنگە لە گەلی جووڵابوونەوە، بەو برسیەتی و پیری و بێ هێزیەی، لەو تاقە شەوە پتر... ئاوڕیان لێ نەدابوەوە... بەو رەنگەش لەگەڵ شەبەق بەرەنگاری مردنیان کردەوە.

– گوتیان نەخۆش نیم، دکتۆرەکە وای گوت! نەخۆش نی، ئەوەی نەخۆشیش نەبێت... ئەوا لە نەخۆشخانە جێی نابێتەوە!! دکتۆرەکە خۆی وای فەرموو... هەر ئەویش لەشتی وا دەزانی! مامەپیرە نەخۆشەکە بە دەنگێکی خیس و هەناسە بڕکێ، وای لەگەڵ خۆ دەگوت... ئینجا چاوێکی بوونی تێکشکاوی لە ئێمە بڵند کرد و هەر لەبەر خۆیەوە نووزەی کرد:

– نەخۆش... نیمە... نەخۆش... نیمە... نیی.

بەڵام لە چاوەکانی... هانا دەڕژا... هانای بێ دەنگ، خەڵکەکەی بانگ دەکرد و دەپاڕایەوە:

– ئێوە و خودا... لەم هەورازە سەختە... بە سەرم خەن! رووی گرژ و لێوە ووشکەکانی، دڵساردی و بێ دەسەڵاتیان دەگەیاند، هەروا نیشانەی ئەوەیان پێوەبوو، کە چەند لەوە نارازی بوو بەو چەشنە لە نەخۆشخانە دەریان کرد!! بەڵام دەسەڵات چییە!! ئەو ناهەقی نەبوو ئەگەر حەز بکا... لە خەستەخانەکەدا بمێنێتەوە! هەر بۆ ئەوەی تێر بخوا... تا گورد و تاقەتێکی بێتەوە بەر، بەڵام ئەوا بۆی رێک نەکەوت مرۆ لە ژیانیا چەند ئاواتی دێتە دی؟ مرۆ ئەگەر دەسەڵاتی هەبوایە دەیزانی چی دەکرد!... بەڵام......

بەو چۆنیەتیەی مام پیرە، خەم و دڵتەنگی منیشی گرتەوە، زۆر پێم بێ مەعنا بووکە ئەوها... نا ئینسانانە دەریان کرد، بەرەڵای کۆڵانیان کردەوە، بۆ ئەوەی شەوێکی تر... دیسان لە برسانا و لەبەر بێ هێزی بەلادا بێتەوە، ئەو کاتەش جارێکی دیکە... ئەگەر ئۆتۆمۆبیلەکەی نەخۆشخانەش بە تەنیشتیدا...

رابووریَ، ئاورِی لیَ ناداتەوە، چونکی دەیانزانی ئەم پیرە گیاندارە کێیە و دەیان ناسیەوە... کە شەوێک... شەوێکی رابووردوو... لە لایان میوان بووە... میوانێکی کتوپڕ کە بە هەڵە... سەری بەو جێگایەوە ببوو، ئەوە بوو... دکتۆریش زوو ساغی کردەوە... کە حەقی ئەوەی نییە و زوو بڕیاریدا:

– نەخۆش... نیە!

دکتۆر وای فەرموو!

– نەخۆشخانە بۆ نەخۆشە... تەنها بۆ نەخۆش، هەرگیز بۆ برسیەکان دروست نەکراوە! نەخۆشیش کەسێکە و... برسیش کەسێکی تر.

ئەگەر ئەو شەوەش دەیانزانی نەخۆش نیە ولە برسانا کەوتووە، ئەوا لێی تێدەپەڕین... هەر ئەو شەوەش حیسابی لەگەڵ دونیایەکەی ئێمە تەواو دەبوو... دەبڕایەوە! بەڵام هەڵەیەک بوو لە شۆفێری ئۆتۆمۆبیلەکەی نەخۆشخانە روویدا... هەڵەیەک بوو... بوە هۆی ئەوەی تەمەنی کابرای پیرەی برسی رۆژێک درێژ بکاتەوە، رۆژێک پتر بهاوێژێتە سەر تاریخی ئەو ئینسانە... و مێژووی شارەکەش، ئەمە هەمووی هەڵەیەکی بێ غەرەزی کابرای شۆفێر بوو،... گومانم هەیە، ئەگەر شۆفێرەکە... تا ئیمڕۆش ئەوەی دەرک کردبێ... یان؛ تەنانەت بە خەیاڵیشی داهاتبێ کە... چ جۆرە رۆژێکی خستۆتە سەر رۆژانی ئەم شارە کۆنە... پیرەی،هەزاران... هەزاران... شەو و رۆژی سەخت ترو نالەبارتری... لەناو کوورەی مێژووی ئەم دونیایەی ئێمە تی کردوونەتەوە و تواندوویەتیەوە، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی هەڵەیەکی بچووک بوو، هەڵەیەکی بچووک.

بۆ بەیانیش... واتا پاش رۆژێکی تەواو... بیست و پێنج سەعات هەڵەکە ڕاست کرایەوە، کابرای پیرە لە ژوورە تەنگ و تاریکەکەی رزگار بوو، گیانی بە ئێمە و... ئێوە و... دکتۆرەکەش بەخشی و تۆماری ژیان و مێژووی کۆتایی هات و... لوول درایەوە، وەکو خشتێک... کۆنە خشتێک لە پانۆرامای دیواری شارەکە هەڵقەنا، بێ ئەوەی جێ شوێنێک بەجێ بهێڵێ!!... تەنانەت کەسێک حیسابی بۆ ئەو رۆژەش نەکرد، کە هەڵە سپیەکەی شۆفێرەکە، وەکو رۆژێکی رەش، هاویشتبوویە سەر رێچکەی ئەو ژیان و ئەو مێژووە. باش بوو... حکوومەت، وەکو سیسارک بۆنی لاشەی مامە پیرەی کرد... بە گورجی لێی نیشت و ژێرخاکی کرد، لەبەر چاو بزری کرد، وەکو بەم کردەوەیەی ویستبی دیاردەیەکی نالەباری خەڵکی شارەکە... هەروا تاوانێکیش بن گۆم بکا.

خودا خێری جوامێر ئاغای سەرۆکی شارەوانی بنووسێ، دەیانگوت مرۆیەکی زۆر باشە، بۆ مردوو شاردنەوە... بە تایبەتی مردووی خێزانە هەژار و بێ کەسەکان، زۆر گورج و دەست سووکە... تەنانەت دەستەیەک زەلامی پاچ و قازمە بەدەستی بۆ ئەم کارە خێرە راگرتبوون، خوا خێری بنووسێ... ئەم پیاوە چاکە هەرگیز بەوە رازی نەبوو... پیاوی برسی و هەژار لەسەر زەوی شارەکە بمێنن و وەکو مێش رووی شارەکە بشێوێنن زووبەزوو فرمانی دەدا و بن گۆڕیان دەکردن، لەبەر چاوی خەڵکەکەی دیکە بۆ یەکجاری وونی دەکردن.

ئە ئاوا دیمەنی کابرای پیرەی برسی، لەبەر چاوی منیش وون بوو، بەڵام تا ماوم... تا فامم هەیە، تا وەکو ئینسانێک دەژیم و بە پشتی ئەم زەویەوە دەجووڵێمەوە ئەو دیمەنە وون نەبووە و وون نابێ... لەبەر چاومدا، لەناو مێشکمدا... لە دوڕ ویژدانمدا برینێکی کردۆتەوە... کە بە ئاسانی سارێژ نەبێ، برینێکی دژوار کە خوین و خیزاوکی تا... ئەو رۆژە چک نەبێ، ئەو ڕۆژەی موعادەلەی ژیانی ئیمڕۆمان دەگۆڕێ... و تەرازووی ئەو زەویەمان ئەوها لەنگ و کەچ نامێنێ، وە هەر کاتێک لەهەر کۆڵانێک، لەهەر گوند و

شارێک، برسیەک دەبینم پیرو پەک کەوتەییێک... نەخۆشێک دێتە بەرچاوم... ستەم لێکراوێک ڕووبەڕووم دەبێ!! مامە پیرەی خوالێخۆشبوو یەکسەر لەناو مێشکما قیت دەبێتەوە، ئەنگوستێکی درێژ... زۆر درێژ و ئەفسانەیی بۆ سینگم ڕایەل دەکا، ژان دەخاتە دڵ و گیانم، برینەکەم لێ دەهێنێتەوە سوتو سوێ، تا ماوەییێکی زۆر کاسم دەکا، تەبیاتم دەشێوێنێ... پێی نارەحەت دەبم.

– ئەمانە هەمووی ڕوودا‌ون... لەسەر زەویەکەی ئێمە دەقەومێن، بەڵام، بۆچ دەقەومێن، چۆن دەقەومێن، کێ هۆی قەومانیانن؟ ئایا ئەمانە ڕووداوی سروشتین... یان لای کەچ و هێڵە لەنگەکانی ژیان دەگەیەنن؟ خراپەن؟ چاکەن؟ کام لایان خراپەیەو کام لا چاکە؟ دەی وەڵام، بەڵام وەڵام چۆن وەردەگیرێ... و کێ وەڵام دەداتەوە؟

– من بیری سەیر سەیر دەکەمەوە، یان خەیاڵی سەر سوڕ هێنەر، نازانم چۆن هەندێک جار، گومان لە وجودو بوونی خۆشم پەیدا دەکەم، گومان لەوەی کە خاوەن بیرو باوەڕێکم!! گومان... لەو بڕواییەی کە هەرگیز خودا هەیە و نامرێ؟

شەیتانیش هەتا دونیا مابێ هەر دەمێنێ؟ هەر ماوە هەتاکو پاش هەموو گیانلەبەرێک... ئینجا ئەویش لەناو دەچێ، تا تروسکەییێک ژیان مابێ... ئەویش ماوە... تا ئینسانێک لەم کەونە هەناسە بخواتەوە... و هەناسە بداو تەپەی دڵی بێ ئەویش ماوە!! لە ئەنجامیشدا هەردووکیان، لە یەک کات و لەحزە پێکەوە لەناو دەچن، وەکو هەر یەکەیان بەشی... ئەویتریان بێ و یەکتری تەواو بکەن.

– بەڕاستی گۆڕاوم، هەست بە چۆنیەتییێکی تایبەت و سەیر دەکەم... هەست بە هەڵتەکانێک دەکەم... لە گیان و مێشک و دەروونمدا!! لەوەتی لە دەوری منداڵی دەرچووم، لەوەتی وەکو ئینسانێک فام دەکەم، لە بارێکەوە چوومەتە بارێک... یەکجار جیاوازی لەگەڵ باری پێشوومی پێوە دیارە!! گەلێک پەیوەندیەکانی بوون... ریسی ژیانم... لێکترازاون و... هەڵوەشاونەتەوە، ماوەییێکی درێژ و فراوان، چۆنیەتی ئێستا و ڕۆژە ڕابووردوەکانم لە یەکتری لادەدەن، تەنانەت تەلە داوە دەزوێکی باریکیش بەدی ناکەم، ئەو ڕۆژە رابوردوانەم بەم ڕۆژانەی ئیمڕۆم ببەستێتەوە، ڕەنگە ئێوە ئەمەتان لا سەیر بێ و گومانی لێ بکەن کە راست بێ، بەڵام ئەوەی من هەستی پێ دەکەم... ئەوەیە کە ئاواتەکانم بە گشتی گۆڕانێکی گەورەیان بەسەردا هاتووە!... لە رابوردوا ئاواتەکانم ساوایانە... سادە و ساویلکە و نەرمو نۆڵ بوون، ئاواتم کۆشی گەرمی دایکێک بوو، بزەییێکی دڵخۆشکەر بوو، لە دەمی کەسانی دەروبەرم بپشکوێ و دووبارەی دەمی من ببێتەوە، دەستی دڵسۆزی باوکێک بوو بەسەرم دابێت و قژی سەرم لوول بدا، پەنجەکانی لە ناودا بگەوزێنێ، ئارەزووم یاری و هەڵبەز هەڵبەز بوو لەگەڵ منداڵەکانی گەڕەک... لەگەڵ نەخشین... لەگەڵ عەولاو ئایشە گوڵ، لە گەڵ عەزۆ... و... بچووکەکانی دی گەڕەک... خۆ گەوزاندن بوو لە ناو مێرگێکی کەسک، لەسەر شەختە و بەفر... لەناو ڕەزەکان، لە پاڵ گردەکانی بنار شاخە ڕەنگینەکە،... گرمتە شەکرێک... نوقڵێک بوو... بیمژم... پانایی زمانم شیرن بکا، کەچی ئێستا ئارەزووەکانم وەها گۆڕاون و سەر بەرەژێر بوون... کە نەیان ناسمەوە!! نەرمو نۆڵیم لێ بوون بە توندی و تووڕەیی، دڵسۆزیم لێ دەبێ بە قین و ڕک، کلۆ شەکرەکان تاڵ لەناو زارم دا دەتوێنەوە!! ئەم دونیا بەرینەم لێ وەییێک هاتوە و بچکۆڵە بۆتەوە، ئارەزوو دەکەم ئەم دونیا فڕنە گولەیە بخەمە ناو لەپم... وەکو هێلکەییێکی بۆگەن دوور تێی هەڵدەم، بەڵام بۆ کوێ؟ گەلێک جار خۆزیا دەخوازم ئەم گەردوونە گۆسکەییێکی... قوڕ... بەللور... بوایە... هەتا دەگەڵ یەک سەرە سمک... وردوو خاشم بکردبا. کوڕینە وا تێ نەگەن من مرۆییێکی ڕەشبین و شەڕخوازم، یان خۆپەرست، نا... نا... بڕوا بکەن وەها نیم... هەموو ئارەزووەکانیشم هەر ئەمانە نین،

ئارەزووم زۆرن ئەگەرچی ئارەزووی جودا جودا و ئاڵۆزیش بن!... کە ئارەزووی ڕووخان دەکەم، هەر بۆ ڕوخاندن نییە، کە ئارەزووی تێکدان دەکەم... تێکدان مرازو ئامانج نییە، ئارەزووی جوانیشم هەن ئارەزووی ئافرەت دەکەم، ئاواتی ئافرەتم بەگوڕ و جۆشترە!! هەست بە بۆشاییێک دەکەم کە کردەوەییێکی بۆهیمیانەی کێوی پڕی دەکاتەوە! چۆن... ئارەزوو دەکەم بڕووخێنم و تێکبدەم، ئەم دونیا چڵکنە بگرم و وەکو ئەسپێ بیخەمە ناوێن نینۆکەکانم و پانی بکەمەوە... بی تەقێنم، هەروا ئارەزووی لەشی ئافرەتیش دەکەم،... ئافرەتێک... ژن... ژنێکی... ژن، بێ ڕتووش... بێ پەردە و پۆشاکی دەستکرد، ژنێک خۆمی لە نێودا بتوێنمەوە... یان ئەو لەناو خۆمدا بتوێنمەوە، ژنێک خۆمی لە نێودا بنێژم، یان ئەو لەناو خۆمدا بنێژم، وە لە ئەنجامی ئەو توانەوە و نێژتنە شتێکی تازە و نوێی لێ پەیدا بێ، شتێکی نوێی لێ دابڕێژم، شتێک کە جیاوازی لەگەڵ بوون و چۆنیەتی ئێستادا هەبێ و بەو تواندنەوە و ناشتن و داڕشتنە، دونیاکەم بخەمە بارێکی دیکە... قاڵبێکی تازە، لەم قاڵبەی ئێستای ڕزگار بکەم، ئەم قاڵبەی مرۆ بێزی لێ دەبێتەوە و ئەمەندە کۆن و ڕزیوە... پێویستی بە گۆڕانە، بە گۆڕانێک کە ئەو تواندنەوە و قاڵ کردن و جۆشدان و داڕشتنە دەی هێننە دی.

– هەر بە هۆی ئەو بیرکردنەوەیە و خەیاڵ و لێکدانەوەیەشم، ئارەزوو دەکەم عەمبارەکەی... عەمبارە گەنمەکەی مام حاجی بسووتێنم، بەڵام ئەم کارەیان ئازایی گەرەکە، جەرگی دەوێ، جەرگێکی پان، جگە لە ئازایی و بە جەرگیش، دەبێ مرۆ کاتێ ئەو چەشنە بیرانە سواری دەبن و دەیەوێ کارێکی وا بکا، دەبێ ترسی خودا...ش وەلابدا.

– بەڵام ترسی خودا و ئەمجۆرە بیرکردنەوە و ئارەزووانە لە کوێ یەکتری دەگرنەوە؟ دەچنە کام بۆتە و لە چ قاڵبێکدا دەژین؟

– کۆمەڵ کە لە پەرێزی مرۆڤایەتی تۆیێکی چاند... تۆیێکی ڕژاند، ئەو تۆیە تۆی چ بێ... بەریشی هەر ئەوە دەبێ.

– بەڵام کۆمەڵ کێیە؟ کۆمەڵ لە بناغەدا هەر لەوانە پێک دێ کە تۆیەکە بەناو خۆیاندا بڵاو دەکەنەوە.

کەواتە مرۆ، وەکو دروستکەرێکی عالەمەکەی خۆی سەبارەت بەوە نەریت و یاسا دادەمەزرێنێ کە عالەمەکەی بخاتە ئەو قاڵبەی ئەو دەیەوێ، ئەو تۆیەی دەشیچێنێ دەبێ ئەو بەرەی بۆ بهێنێتە بەرهەم کە خۆی ویستوویەتی، ئەنجامیش هەر ئەوە دەبێ کە خۆی دەیەوێ ببێ.

– بەم پێیە مەسەلەی سووتاندنی عەمبارەکەش، دەبێ نە لە خودا ترسان بێ و... نە... ئازاییش بەلای منەوە، مەسەلەیەکە مەسەلەییێکی ترە و بە هەڵویست دەگۆڕێ، هەڵوێستیش بەشێکن لەو نەریت و یاسایانەی خۆمان سنووری بۆ دەکێشین و دایان دەمەزرێنین.

– وەکو بیر دەکەمەوە، ڕووداوەکانی ئەم ژیانە هەڵ دەکەمەوە و... خاویان دەکەمەوە، ئەمەم بۆ ڕوونتر دەبێتەوە کە هەموو ئەو چۆنیەتیە عادەتن... نەریتن، هەتا خوا ناسینەکەش لەم سنوورە دەرناچێ،... تا دەبن بە چاولێکەریەکی سادەی شاش... یان ترسێکی خۆڕسک... یان خۆنیشاندانێک... زۆر کەمو کەچیمان دەشارێتەوە.

– پێ لەوە دەنێم، منیش وەکو ئەم خەڵکەی دەوروبەرم، خودا دەپەرستم، وەکو... ئەوان خودا دەناسم و لێی دەترسم!! لێی دەترسم و دەیپەرستم!! مرۆ دوو شت دەپەرستێ... دوو شت... یەکێکیان ئەوەیە خۆشی بوێ... ئەویتریش ئەوەیە لێی بترسێ! ترس... ترسی ڕووت و دوور لە ووردەکاری، لە ناوێن ترس

و خۆشەویستـیش، هەر وەکـو چۆن لە ناوێـن، ئازایی و ترسنۆکی... تەنیـا مـوێـک هەیە تاقـە موێکی ئەوەندە باریک و شـەفـاف... کـە بە چاو بەدی ناکـرێ هەر کـە ئەو مـوەش ترازا، ئەوا ئازایی دەبێ بە ترسنۆکی، ترس و خۆشەویستی تێکەڵاو دەبن، دڵسۆزی و میـهرەبانی لە رق و رەقی جودا ناکرێتەوە، ئازاریش وەکو بەشێک لە ژیان تامێکی پێویستی دەبێ!!

– عـالەمەکەی دەورەشم، ئەوانیش وەکو من، چاویان لەوانەی پێش خۆیان کردوە، بەمیرات لەوانەیە بۆیان مـاوەتەوە، ئیـتـر وا بە زنجیرە بۆمان هاتۆتە خوار... ئاڵقەی لە ئاڵقـە دەبەسـتراوە... ئێـمـەشی وا بەستۆتەوە کە بە ئاسانی رزگار بوونمان نەبێ... بگرە فێریش بووین و لێی ڕاهاتووین... بە جۆرێک لێی ڕاهاتووین کە... هەست بەو زنجیرە نەکەین لە تەوقی سەرەوە تا... پا... وەک مـار تێـمـان ئاڵاوە... کەسی واش هەیە... بەشکەم زۆربەی ئەو خەڵـقـەش ناتوانێ بێ ئەو کۆتە بژی، تەنانەت هی وا هەیە... هەر لە زنجیرەکە... دوورکەوێتەوە و لە ئاڵقەکانی ئازاد بێ... یەکسەر ژیان بەجێ دێڵێ و دەمرێ.

– دەنا ئەگەر وەها نەبێ، لەخوا ترسان و بیر لە سووتاندنی عەمبارەکەی مام حاجی... خودا پەرستن و بیـری توانەوە و... تێ نقـووم بوون لە لەشی ئافـرەتی بەندەی خـودا، ئارەزووی نەخـشێن... ئەو جـۆرە ئارەزووەش، کەنگی لەگەڵ یەکتری دەلوێن؟... کـەنگی لواون؟ ئەمـانە وەکو سـامفۆنیـەیێکی ناشـیـز و... ئاوازی نەگونجاو... نارێکن.

– باب و باپیـرەکانیـشـمان خـودایان دەپەرست، سەریشـیـان بۆ بەندەکانی خودا، ئەوانەی ببوون بە بت... سەریشیان بۆ ئەمانە دەچەماندەوە... سەریان هێندە دەچەماندەوە... تا زمـانیان دەگەیشتە خاک و لە پێـڵاوی بتەکـان دەخـشا، ئەم بتانەش کـە خەڵـک بە زۆردار ناویان دەبەن... ئەمـانەش خـودا دەپەرستن و خـەڵکی خـودا سـەر دەبڕن!! بە ناوی خـودا... هەڵدەلووشن... کـوڕی خـودا لـە خـاچ دەدەن!! شـتـەکـە وا ڕاهاتووە... بووەتە میراتێک... میراتێکی ئەزەلیی مەیبوو، پشت بۆ پشت بەجێی دەهێڵێ.

– کە منداڵ بووم... دایکم دەیگوت:

– هەمـوو مـیـراتەکەی بـاوکم، ئەوەی لە پاش مردنی بۆ ئێـمەی بەجێ هێشـتبـوو... تەنیا حەڤدە دینار بوو! پاش مردنی لە لۆچێکی جزدانە چەرمەکەی بەند کرابوون، یان وەکو دەڵێن بۆ رۆژێکی ڕەش وە پاشی دابوون، پاش ئەوەی پەیوەندیەکانی... لەگەڵ هەمـوو رۆژە ڕەش و سپیـەکان... بۆ یەکجاری پچڕان، لۆچی جزدان کـرانەوە و ئەمـانەش... بە دەرکـەوتن... رۆژیـان پێکەوت و ئازاد بـوون!! هەر تەنیـا هەڤـدە دینار... ئێمـەش... من و خوشکە بچکۆڵەکەم، ئەو میـراتەمـان... بە شتێکی گرانبەها دەژمـارد، بەڵام وا دیار بوو دایکم وەکو ئێمە لێکی نەدەدایەوە... بە جۆرێکی تر بە جۆرێک زۆر زۆر جیاواز لە بیرکردنەوەکەی ئێمە... بیـری لەو مـیـراتە دەکـردەوە... چونکی هەر جارەی کـە باسی باوکم دەکـرا... یان باوکم دەهاتەوە خـەیاڵی ئەو... ڕووی لـە ئێـمـە دەکـرد، بەتەوس و ئازارێکی دژوار... کــە لە دەم و چاویدا... دووبـارە دەبووەوە... دەیگوت:

– هەموو میراتەکەی باوکتان... هەموو ڕەنجی ژیان تاڵەکەی، کە بۆ ئێوەی بەجێهێشت... هەڤدە دینار بوو... هـ... نازانم چۆن کـاتێ ئەمـەی بەچاودا دەدایەوە... چۆن ئەوەم بۆ نەدەهات کە حـیـسـابەکـەی ڕاست بکەمەوە و بخەمەوە یادی و پێی بڵێم:

– نا... دایە گیـان... نا، تۆ بە هەڵە چووی، هەموو میراتەکەی باوکم، ئەوەی بۆ ئێمەی بە جێهێشت، هەر تەنیـا ئەو چەند پارچە قـاقـەزە دەق گرتوانە نەبوون کە لەناو لۆچی جزدانە چەرمـەکەی نووستـبوون، مـیـراتەکـەی باوکم شـتـی تریش بوو، شـتـێکی زۆر گـەورە و گـرنگ و بەسـام و خۆشـەویسـتـیش بوو، کـە

ئەویش لە باوک و باپیرانیەوە... بۆی بەجێ مابووەوە و... ئەوەتا... پاش کۆچی یەکجاری بە ئێمەی گەیاندووە!

وەپێی بڵێمەوە:

– دایە گیان، دەزانی ئەو میراتە گەورە و گرینگ و بەسام و خۆشەویستەش چییە؟

– دایە... گیان... ئەو میراتە، خوایە... خوا!!

بەڵام ئەو سەردەمە منداڵ بووم وەکو ئیمڕۆ نە گۆڕابووم و وەکو ئێستا بیرم نەدەکردەوە، عەقڵی ئەو جۆرە لێکدانەوەیەم نەبوو... لەم حیسابانە ڕانەهاتبووم، لەمەش گرنگتر ئەوە بوو کە ئەو کات پتر هۆشم بە ژانەزگەوە بەسترابوەوە... لە زگم بەولاوە لە منداڵەکانی گەڕەگ، لە نەخشین و ئایشەگوڵ بەولاوە ئاگام لە دونیاکەی دەروبەرم نەبوو، هەتاکو ئاگام لە مردنی باوکیشم نەبوو... بە بەڵگەی ئەوەی مردنەکەی کارێکی وەهای نەکردە سەرم کە تەنانەت هەست بە گۆڕانێکی دیار بکەم لەدەورو بەرم... یان بەو بۆشاییە و بەو کەلێنە فراوانەی مردنی ئەو خستیە دیواری ژیانم!!

ئێستاش کە ئەو دەورەی منداڵیە تێپەڕی و سەرم وە بەردە رەقی ژیان کەوت... دایکە پیرەشم لەو دەورو ژیانەو لەسەر هەموو ئەم زەویەی ئێمە رەش بۆوە... چوەتە ئەو ڕێگایەی باوکم دەمێکە گرتویەتیە بەر، ئەویش لەژێر گڵە و ئاگای لە چۆنیەتی من نەماوە، ئیتر... بیر لێ کردنەوەو بەسەر چوونەوەی ئەم شتانە کەڵکێک ناگێڕن، ڕاستە حەزم دەکرد ئیمڕۆکە بەرامبەرم بوایەو تا ئەو ڕۆژەی بخەمە یاد و ئەم شتانەی پێ بڵێم و بەهەموو میراتەکەی باوکمی بناسێنم .. بەڵام چار چی یە!!

خۆ ئەگەر هەزار بڵندگۆ بخەمە کار.. بە دەهۆڵ کوتان و زوڕنا ژەنین.. گۆڕەکەی بلەرزێنم و... هەڵتەکێنم، ئەگەر بە بانگ و هاوارو چریکە.. گوێ ی عالەم کەڕ بکەم.. هەمووی بێ سوودە.. تەنانەت تاقە وشەیێک.. لەم قسانەم جێگای خۆی پێ ناگیرێ... وەکو چۆن مادە لە عەدەمدا.. جێ ی خۆی پێ ناگیرێ.

* * *

# 3

کە باوکم مرد من منداڵ بووم، ئەم جۆرە بیرانەم بەخەیاڵدا نەدەهاتنەوە، کە ئێستاکە دەوریان داوم... و خولیایان بووم، ئەو کاتە وەکو پشیلەییێکی فێرکراو، بەدەنگی باوکم... بە بانگی دایکم دەجوولامەوە، بێ ئەوەی بزانم بۆچ دەجوولێمەوە و بۆ کوێ.!... بێ لێکدانەوە هەوڵم دەدا، پێ لەشوێن پێی ئەوان... هەنگاو جێ شوێن هەنگاوی ئەوان دا بنێم، لە زۆر ڕەوشت و کردەوەکانم لاسایی ئەوانم دەکردەوە، منداڵەکانی گەڕەکیش، ئەوانەی هاوتەمەنی من بوون، ئەوانیش هەروا بوون، ئێمەش لەناو خۆمان لاسایی یەکتریمان دەکردەوە بێ ئەوەی ئەمە دەرک بکەین کە لاسایی ئەوانی دیکە... ئەوانەی گەورەن دەکەینەوە... لە باس و خواسی خودا و هاتوچۆی مزگەوت، یان باسی میرات و مردن و ئەو شتە زلانەی خەڵکی گوند خۆیان پێوە مەشغوول کردبوو، ڕۆژ و شەوەکانیان بە هۆیانەوە قووت دەدان... لەوانە شتێکمان نەدەزانی، ئەو سەردەمە منداڵ بووین، هێشتا بۆنی شیری خاومان لەزاریەوە دەهات!!

ئەم شتە زلە عەجایبانەمان لا مەبەس نەبوون، بیرمان لێ نەدەکردنەوە، هەتا زەبرو زەنگی ئەو ڕۆژە ڕەشانە و ژان و ئازاری گرانی و قاتی و برسیەتیەکەش... هەستیان نەدەجولاندین و گوێیان نەدەلەقاندین!! کە پاروومان لەدەستی دایکمان دەڕفاندوو ئاوقای گەرووی خۆمان دەکرد، شتەکەمان لا ئاسایی بوو، کە دایکیشمان بە تاڵی... بە ڕوومان‌دا دەگرژییەوە... پتر دڵمان هەڵدەپەڕی و پتر هەوەسمان هەڵدەستاو هەستمان بەخۆشی دەکرد.

بەڵام ئێستا، پاش ئەم هەموو ساڵانە، ئەو ساڵە تاڵ و تفتانەی یەک لە دوای یەک... وەک دوژمن هاتن و تێپەڕین و هەر ساڵەیان ئازارو ژانی سەدەیەکیان... دایە گیانی خەڵکەکە، پاش ئەم هەموو ساڵە پڕ کوێرەوەریانە، بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر باسی ئەو میراتەی باوکم بۆ ئێمەی بەجێ هێشتبوو... ئەو باسەم بۆ دایکم بکردبا، تەئسیرێکی وای نەدەبەخشی کە دایکم لەسەر بیروباوەڕەکانی بلەقێنێ، چونکی سەرەڕای ئەوەی باوکم... وەکو تروسکەییێکی سیس لە تاریکایی هەڵبوو... زوو کوژایەوە... وا لەبیر چوەوە وەکو هەر نەبووبێت... ئەوها لەیاد چوەوە، دایکیشم ڕۆژانی تەمەنی وەک ڕۆژانی زستان کورت بوون، ئەویش بە پەلە پیر بوو... و لە ژێر باری ئەو ساڵە ئەستوورو گرانانە چەمایەوە... و لووتی لە زەوی خشابوو، یەقینم وایە ئەویش لە دوا ڕۆژەکانیدا، چاوی بە هەڵوێستەکانی رابوردویدا... گێڕابوونەوە، بەرامبەر ئەو بیر و باوەڕانەش کە سەردەمی خۆی باوەڕی پێ هێنابوون و ڕێگای بەکەس نەدەدا... دەمەتەقێ و کێشەی لەسەر بکەن و وەکو وشکە سۆفییێک لوولیان دابوو... ئەو باوەڕیانەشی تەنگ ببوون، جگە لەمەش پەیوەندیشی لەگەڵ رابوردوی خۆی و باوکم... ئەوها پسابوو، کە تەنانەت ئەگەر ساڵێ جارێک ئەو مێردەی کە تەمەنێکی زۆری لەتەکدا هەڵقرچاندبوو... کۆمەڵێک منداڵی ساوایان پێکەوە خستبووە ژێر گڵ، تاڵی و سوێری ئەم ژیانەیان پێکەوە چێشتبوو، بگرە مەگەر ساڵێ جارێک ئەم یادگارانەی بەسەر بکردبانەوە... و ئەو پیاوەی بەخەیاڵدا هاتبایەوە کە دەریایەک فرمێسکیان تێکەڵاو بە یەکتری کردبوو!! ئەویش ئەوە بوو... ئەوەڵ جار هەینی و هەینی، لەپاشان ڕۆژانی شەوبەرات و ڕەمەزان و شەشەران و مەولوود... لە دواییشدا... مەگەر جەژنە و جەژنە... چووبایە سەر گۆڕەکەی، دەستێکی تێدا دەگێڕا، کۆی دەکردەوە... هەڵی دەنایەوە... دەیکوتایەوە، کون و کەلێنەکانی پنج دەکردن، کێلەکانی قیت دەکردنەوە، فاتیحەکەشی بەرەو ئاسمان بۆ دەهاویشت!

– حەمد و... سەنا، هەر بۆ خودا دەبێ.

کەچی وەکو هەستم پێی دەکرد، لەم دواییەدا... ئەگەر هەر تەنها ناوی باوکمی بەسەر زاردا هاتبا،

ئەو کاتە بوو کە دەکەوتە تەنگانە و گیروگرفتێک، خەم و پەژارەییێکی تازە وەک دڕندە دەوریان دەدا، کـۆسپ و چەلەمـەی ژیان هەناسـەیان پێ تەنگ دەکـرد و وەڕەسی گـیـان و دەروونی دەهەژاند و هەڵدەتەکاند!! ئەو یادکردنەوە و ناو هێنانەشی هەر بۆ ئەوە بوو... کە تاوانی ئەو عـالەمەی بخاتە سەر شان... هەموو کەم و کورییێکی ژیانی بداتە پاڵ ئەو، ئەمجا گلەیی لە ڕۆژگار بکا کە ببوە هۆی تێکەڵاو بوونی لەگەڵ ئەو پیـاوە!! تاکو بە تووڕەیی و ڕوێکی ترش و هەڵبزڕکـاو... بەسەر و پۆتەڵاکی خۆیەوە دەهات و دەی گوت:

– هەر ئەو... (واتە باوکی خوا لێخۆشبووم)... هۆی ئەم ژیانە تاڵەی خۆی و بێچووەکانیەتی!!

ئا... بەم ڕەنگە، دایکم جار جـارە یادی ئەو باوکـە لەیاد چوەمی دەکـردەوە!! ئە ئاواش پاداشی ئەو ژیانە دوور و درێژە پڕ ئازارەی پێکەوە دروستیان کردبوو... دەدایەوە.

خەڵکی گوند... دەیگوت:

– تەنیـا لە سـووچی ئەم پیـاوە... تەنیـا لە پەنای سـۆفی نەورۆزەوە... تین و ڕووناکی ژیان دەڕژێتـە گیان و دەروونم!

– لە ڕێگای ئەم پیاوە ژیان تامێک دەدا.

توخوا ئەو گۆڕانە بەلای ئێوەش... سەیرو سەر سوڕهێنەر و جێگای لێ وورد بوونەوە نییە؟

جگە لە دایکیشم، ئەگەر یەکێک لە گوند، لە خەڵکی گوند... ناوی باوکمی بەسەر زار داهاتبا، یان وەکو دەڵێن، یادێکی بکردبایەوەو تارمایی کەلەشی سۆفی نەورۆزی هاوڕێی بە مێشکدا تێبپەڕیبایە، یان بە ڕێکەوت ئارەزووی بکردبا، بێگانەیەک، یان کاتێ بەهۆی پشووی قوتابخانە... لەشار دەگەڕامەوە گوند، بەناو کۆڵانەکان... یا بەبەردەمی خەڵکەکە ڕادەبووردم،... ئارەزووی بکردبا بمناسێتەوە، یان هێشتا نەیان ناسـیـبـووم... یان لەبەر ئەو گـۆڕانەی بەهۆی ژیان و قـوتابخـانە...بەسـەرم داهاتبـوو، نەیان دەناسیـمەوە، هەر ئەوە بوو کـە لەبەر چاو ڕادەبووردم... ئەنگوستێکی بۆ درێژ دەکردم، لەگەڵ بزەیێک و سەر هەژاندنێک دەیگوت:

– ئەمە کوڕی سۆفی نەورۆزە!!

ئا بەم چەشنە یادی باوکی دەکردمـەوەو بەم ڕەنگە کوڕی ڕەفیـقی هاوڕێ دونیـاو قیـامـەتی دەست نیشان دەکرد:

– ئەمە کوڕی سۆفی نەورۆزە!!

منیش هەندێکم لەو یەکـانە دەناسیـنەوە، ئەوانەی لە کـۆنەوە دۆسـتی بـاوکم بوون، ئەوانە بە کـوڕی خـۆیان دەژمـاردم، کـە گـچکە بووم... زۆر لـە کـۆشی خـۆیان گـەوزاندبوومـیـان... زۆر تاڵە مـووی ڕیشی هەموویانم بـە دەستـە بچکۆلەکـانم... هەڵکێشـابو... پەنجە ساواکانم ئاوقـای کونە لووتیـان کردبوو!! ئەم هاوڕێیـانەی باوکم کـە لە ئاڵقـەی زیکر، لە ریزەکـانی نوێژی جـەمـاعـەت، شـان بەشـانی یەکـتـری دەوەستان... دیوارێکی پتەویان دروست دەکرد، ڕۆژانی هەینیش لەسەر تاتە بەردەکانی مزگەوت... لە ژێر چنارە پیـرەکـەدا... لە ڕۆخ یەکدی پاڵیـان دەدایەوە، کـاوێژی ئەو شـتـانەیان دەکـردەوە... کـە خـەڵکەکـە کـاوێژیان دەکردەوە... کە بانگی جەماعـەتیش دەدرا، پێکەوە قامـەتیان دەکرد... پێکەوە کڕنۆشیـان بۆ خـودای گـەورە دەبرد، پاش نوێژی جـومـعـەش... هەر لـەسـەر تاتە بەردەکـان... باڵیـان لە باڵی یەکـتـری دەئاڵاند... سـەریـان دەهەژاندەوە و دەچوونەوە عـالەمی سۆفـیـەتی... دەنگی زیکریان لە ئەشکەوتەکانی

چیایەکە دووبارە دەبووەوە:

– ئەڵڵا... حەی، ئەڵڵا حەی.

بەشی زۆری خەڵکی دەیانگوت:

– ئەم هاوڕێیانە چۆن لەژیاندا هاوڕێ و دەستە بەری یەکترین و بەرامبەر یەکدی خاوەن ماڵ و منداڵیش نین و هەموو دونیا داریان تێکەڵاو کردووە، هەروەها لە قیامەتیش دەبنە هاوڕێ، هەندێکیشیان وا بیریان دەکردەوە کە ئەم سۆفیانە قەبالەی مردنیشیان بۆ یەکتری مۆر کردووە، پەیمانیان وایە کە چۆن پێکەوە دەژین... پێکەوەش بمرن و لەبەر دەستی باری تەعالا یەکتری بەرنەدەن، ڕۆژی حەشریش پێکەوە بن و کیتاب و حیسابیان هەر لە دەفتەرێک بێ و هەرگیز لێکی جیا نەکەنەوە... لە دواییشدا... پێکەوەش... بچنە... بچنە... بچنە... بەهەشت.

ئە... ئەوها خەڵکی ئاوایی، ئەم هاوڕێیانەیان ناسیبوون، یان ئەمانە خۆیان... وایان بردبووە بیری خەڵکەکەوە، کە لە هەموو کارو کەسابەتێکی پاش مردنیش شەریک و... برابەش بن، بگرە هەندێک پرو پیرەژن لەسەر ئەوە سوور بوون... کە ئەم هاوڕێ دڵسۆزانەی دونیا و قیامەتیش تەڵاقیان بۆ یەکتری خواردووە کە هەرگیز یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر نەچنە بەهەشتیش!! وە بڕیاریان داوە ئەگەر پێکەوە هەموویان... بەیەکەوە... لە دەرگا گەورەکە نەبردە ژوورەوە... ئەوا هەموویان بە یەکجار مان دەگرن و ناچنە ژوورەوە و جەنە دەگرن... پاژنە لە زەویەکەی بەرپێ وەردەژەنن... هەتا دڵی خوای گەورە نەرم دەکەن... و هەموویان بەیەکەوە دەباتە بەهەشتەکەی!!

ئەمە وەکو خەڵکەکە دەیان گوت و بیریان لێ دەکردەوە... ئەمە بەڵێن و پەیمانیان بوو.

– کەچی ئیمڕۆش، ئەویان... باوکم... ئەوە چوو... چوە ڕێگای حەق... ڕێگای کوژانەوە، ئەو ڕێگایە کەس لێی نەگەڕاوەتەوە.

ئەمانەش... کە هێشتا ماون، خوا هەڵناگرێ، کاتێک کە من بەبەر چاویان ڕادەبوورم، ئەنگوستم بۆ ڕایەڵ دەکەن، هەندێکیشیان بزەییێکی خەمناکیشیان لەسەر زار دەکێشرێ و سەرێکیش دەهەژێنن و دەڵێن:

– ئەمە کوڕی سۆفی نەورۆزی بەهەشتیە، ڕەبی خوا لێی خۆش بێ! ئەلحەق ئەمەیان هەر گوتوە و هەر دەشیڵێن، بڕواییشم هەتا ئەوان ماون... هەتا منیش دەمێنم، هەر کاتێک بەبەر دەمیاندا ڕادەبورم... من دەبینن هەر دەیڵێنەوە، دەیڵێنەوە چونکە شتەکە لەلای ئەوان وەفاداری و یادکردنەوەی ڕەفیقێکی دونیا و قیامەتیانە!! لە حەقیقەتیش هەر قسەیە... تەنیا قسەیێکە، چەند وشەییێکە، هەواییێکە لە وورگەوە... دێتە بۆڕی گەروو... لە دڵیشەوە بەبێ چەند و چۆنی بەڕەڵڵا دەکرێ!! ئیتر پیاوی گێلیش ئەوە دەزانێ کە:

– قسە... پارە و پوولێکی تێ ناچێ!

لەو دۆستە هاوپەیمان و گیانی بە گیانیانەی باوکم، دەروێش قادر و خەلیفە سەرسۆر بوون، ئەوانەی دیکەش کە ناوەکانیان نازانم... ئێستا بە چاکی نایان ناسمەوە... چونکی ئەو سەردەمەی باوکم مابوو... من منداڵ بووم، منداڵیش هەر چەندە بیری تیژبێ، تاڵی و سوێری ژیان، زگ ئێشە، نەخۆشی... برسیەتی، وەکو ئینسانێک... بە جۆرێک هەر کاری تێ دەکات، لەوانەشە... تا ڕادەییێک و بگرە لە زۆر حالاتیش تووشی گێلی بکاو شتی لەیاد بسڕێتەوە!! تۆ بڵێ... یان ئەگەر بپرسی و بڵێی:

– ئەدی چۆن خەلیفە سەرسۆرو... دەروێش قادرت دەناسینەوە.

– چۆن نە ناوەکانیان... نە دیمەنەکانیانت لەبیر نەچونەتەوە؟

– چۆن ئەم دوانەت دەناسینەوە و زگ ئێشەو کۆسپ وقۆرتی ژیان لە چاڵی مێشکتدا نەیناشتوون و ڕەشی نەکردونەتەوە؟

ئەگەر ئەم پرسیارانە بکەی... جێی خۆیەتی و شتەکە ماقوول و ڕێکە، با پێت بڵێم چۆن ئەم دوو هاوڕێیەی باوکم...

دەناسینەوە و چۆن لەبیرم نەچوونەتەوە!!

پرچی خەلیفە سەرسۆر ئەوەندە پرش و بڵاوبوو، کەزیەکانی هێندە سەیرو درێژ بوون لە هی (حەیشەخان)ێ دەچوون، (حەیشەخان)ی ئاغاژن، کە لە هەموو هەرێمەکەی ئێمە کەزی وەکو هی ئەم... بەسەری چ ژنێکەوە نەبوون و بە (حەیشەخانی کەزی چل گەز) ناوی دەرکردبوو.

– کە منداڵ بووم دایکم باسی فڕنە گولەی بۆ دەکردم... فڕنەگولەی بەژن بستێک و ڕدێن چل گەز.

من هەر چەندە گــچکەش بووم، بڕوام نەدەکــرد هی وا هەبێ ڕیشی لە بەژنی درێژتر بێ! بەڵام حەیشەخان... وا بوو، هەموو خەڵکی گوند، هەموو منداڵەکانی گەڕەک... دەیان گوت، کەزیەکانی حەیشەخان لەبەژنی درێژتر بوون.

کەزیەکانی خەلیفە سەرسۆریش وەکو هی ئەو ئاغا ژنە درێژ بوون! بگرە خەلیفە خۆی... یان خەلیفە ژن... هەفتەی شەوێک لە خەنەی دەگرتن و دەی نواندنەوە... تا وەکو دوو سوورە ئەژدیهای زەلام لەناو پرچە فش و بڵاوەکەی بۆ بناگوێی و تەختەی شان و سینگ و تا سەر نێکی خەلیفە دەخزین و شۆڕ دەبوونەوە، کە خەلیفەش دادەنیشت... ئەو کەزیانەی لە تەنیشتیەوە... لەسەر زەویەکە وەکو مار پەپکەیان دەکرد.

لەناو کۆمەڵی پیاوان، تا ئیمڕۆش زۆر خەلیفە و دەروێشم دیون و دەیانبینم، بەڵام پرچ و پەرچەم و کەزی وەکو خەلیفە سەر سۆرم بە چ یەکێکیانەوە نەدیوە، جگە لە پرچ و کەزیەکەشی، ئەم خەلیفەیە سامێکی قورسی لەسەر ئێمەی منداڵەکانی گەڕەک... هەتا لەسەر خەڵکی گوندو هەرێمەکە هەمووی هەبوو... خەڵکەکە دەیانگوت:

– خەلیفە سەرسۆر... دەچێتە ناو ئاگرو ناسووتێ، نەک هەر ناسووتێ... تەنانەت بەهەموو ئاگری دونیا تاقە موویێکی گەرم دانایێت.

هەروا دەیانگوت:

– خەلیفە سیفاتی حەزرەتی ئیبراهیمی هەنە، ساردی و گەرمی کاری تێ ناکەن، بەفرو سەهۆڵ و سایەقەی زستان لەشی نالەرزێن و ددانی نا تەقێنن!! چەوەندەری کولاو... و چێشتی گەرمیش دەم و پدووی ناپیشێنن و زگی ناسووتێنن!!

– کە منداڵ بووم، سەگەکەی ماڵی حەمە شوان... ڕێی بە ڕێبواری کۆڵانەکە دەگرت، بە تایبەت پاش نوێژی شێوان، کە دەهات دونیا تاریک بێ ڕێگای نەدەدا کەس بە کۆڵانەکەدا ڕەت بێ، ئەوەندە دڕ بوو کە بەردێکیان تێ دەگرت... ئەم بەدوو بەردەکە دەکەوت و تا بەدەم... دەیقۆزتەوە و لەناو دەم و ددانی وەردەدا، ئینجا بۆ بەردهاوێژ دەگەڕایەوە و وەک پڵینگ هاواری بۆ دەبرد!!.

دەیانگوت:

– ئەسپ سوار دادەبەزێنێ.

ڕۆژێک لەپڕ سەگەکە دەنگی بڕا... و بۆ یەکجاری لە کۆڵانەکە بزر بوو، حەمەشوان بەردی هەڵداویشت، سەری خۆی وەبەر دەدا، لەناو مۆنجی تووڕەیی دەینەڕاند:

– ئەوە چ سەگبابێکە ئەم بێ ویژدانیەی کردوە؟ چ خوانەناسێکە ئەم ستەمەی لەو بەستەزمانە کردووە؟

دەیانگوت:

– ڕێبوارێک سەلکە چەوەندەرێکی لەناو ژیلەمۆ پیشاندووە و هەر بەو گەرمیەوە... لە جیاتی خڕکە بەردێک بۆی هاویشتبوو، سەگە دڕە بەدبەختەکەش بەدەم قۆزتبویەوە و... بەو هۆیەوە هەموو دەم و ددانی هەڵوەراون.

– لەم دونیا سەیرەی ئێمە هی وا هەن، بە چەوەندەری پیشاویش دەم و ددانیان هەڵناوەرێ!!

دەروێش قادر، جار لەدوای جار بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە کە خەلیفە سەرسۆر نواندوون و... دەیگوت:

– ڕۆژێک لە ڕۆژان خەلیفە... لەگەڵ شەماشە سوولاقە کە یەکێک لە دیانەکانی خەڵکی گوند بوو، لێیان دەبێتە موجادەلە و دەمەقاڵی، هەر یەکەیان بە دینی خۆی هەڵدەگوت، هەر یەکەیان ئاینی خۆی پەسند دەکرد و دەیگوت و... دەیگوتەوە:

– دینی من... حەق و ڕەوایە!!

هەر چەندە شەماشە زاتی نە دەکرد... حەددی نەبوو، ڕووبەڕووی خەلیفە لێوی بجوولێنێ و یان بڵێ:

– وەرە سەر ڕێگای حەق... ئاینی عیسا قەبوول بکە؟

بەڵام خەلیفە... بەبێ پەروا و... بە ئاسایی داوای لە شەماشە کرد و پێی گوت:

– کافر وەرە سەر دینی من، وەرە سەر دینی ئیسلام، کە تاکە دینێکی حەقە... و باقیە و دینەکانی دیکە هەمووی بۆش و بەتاڵن!!...

بەبێ ئەوەی خۆی تێک بدا، یان زوێرییێک لە داواکەی خەلیفە نیشان بدا... یان هەر نەبێ وەکو ئەم بە توندی وەڵام بداتەوە و کێشەکە گەرم بکاو و داوای موعجیزە لەم خەلیفەیە بکا... شەماشە ددانی گڕ دەکردنەوە و سەرێکی لە خەلیفە هەڵدەبڕی و خەندەیێکی بایی بۆ دەهاویشت و لە دواییشدا خۆی کڕ دەکرد و چاوی لەزەویەکەی بەر پێی دەبڕین!!.

دەروێش قادر دەیگوت:

– خەلیفە پتر لە کڕی و ساردیەکەی شەماشە پەست بوو، بەسەر شەماشەدا نەڕاندی و بانگی کرد:

– بێ دین... هەر ئێستا نیشانت دەدەم کە دینی موحەمەد چیە و چەند حەق و بێ هاوتایە!!.

دەروێش دەیگوت:

– بە ڕێکەوت دەمەقاڵێیەکە، لەبەردەم خەڵکێکی زۆر و لە پێش دوکانی وەستا حەمەد عەلی ئاسنگەر دەبێ، خەلیفە بەدوو چاوی وەک پشکۆی گەش، چاوی لە کوورەی وەستا حەمەد عەلی زەق کردنەوە، کووره وەک ئەشکەوتی جەهەننەم دەمی لێک هەڵپچڕی بوو!! یەک... دووجار مەدەدی خواست... بانگی کرد:

– یا... ئەڵڵاهوو... یا محەممەد... یا غەوسی گەیلانی!! دەروێش قادر وای دەگێڕایەوە:

– پاش... فریاد و مەدەد خواستن، حەزرەتی خەلیفە... یەک... دووجار وەکو کەڵەبابی چختی، بە دەوری خۆیدا... وەرچەرخا... چەند جارێک پاشەڵی بە ئەرزەکەدا کێشا، لە پاشدان... جۆتکەیێکی بەهێزی لە ئەرز کوتا و بەگوڕ خۆی هاویشتە ناو زارکی کوورە!! لەناو ئەشکەوتەکە وون بوو! دەنگە نێرەکەی لەناو کوورە دەهاتە دەرەوە... کە هاواری دەکرد:

– وەستا بیدەفە... دەبی بەجۆش بیدەفە... هەی سەگباب!! وەستا کوورەکەی... دەفی... دەفی... دەفیی... هەتا بۆن زورک بۆن سۆ... دووکەڵ و بۆن چرووک ئەو ناوەی پڕ کرد و خەلیفە لەناو ئەم تەم توومانە... وون بوو... و ... توایەوە!!.

ئەو خەڵکە ئیسلامەی لەبەر دەرگای دوکانەکەی وەستا حەمەد عەلی ئاسنگەر... کەڵەکەیان کردبوو، کە بۆن زورکی فەرەنجیەکەی خەلیفەیان گەیشتە کوونە لووت... بڵاوەیان تێ کەوت، هەریەکە دەیەویست پێش ئەوی دیکە خۆی رزگار بکاو... رایان کرد، ئەمانە نەیان وێرا چاوەنۆڕی ئەنجامی توانەوە و دووبارە دارشتنەوەکەی حەزرەتی خەلیفە... بکەن.

دەروێش قادر داخ لە دڵانە دەیگووت:

–ئەوانە بەقسەی خۆیان ئیسلامیش بوون، دوو دڵیان لە موعجیزەکە پەیدا کرد.

وە بەتەوسەوە توانجی لەو خەڵکە دەگرت:

– ئەمانە ئیمانیان وەک پەڕی مێشە، لایەنی دینیان لاوازە!! شەماشەی کافریش... لەترسانا تۆقی بوو، هەر دوو لەپی دەستی بەسەری خۆیدا دەکێشا... بە دەنگێکی لە رزۆک... گەرووی پڕ ببو و لە گریان... هاواری دەکرد:

– هەی هاوار... لەڕێی خودا... خۆ من نەمگوت... وا بکە!! لە پاشدان ڕووی لە خەڵکەکە دەکرد، شێتانە دەیزریکاند:

– ئەی عالەم... من حەقم بەسەردا نییە، من هۆی ئەوە نیم!! ئیتر بە پەلە تێی تەقاند... و بەڕاکردن... بەگردی دێرە هەڵگەڕا، تا ئێستاکەش کەس سۆراخی نازانێ!! کەسێک لە خەڵکی ئاوایی چاوی پێی نەکەوتەوە، هەندێک دەڵێن بەرەنگاری سەفین بووە، هەندێک دەڵێن شێت بوو... کەوتە دەشت و دەر، هەندێکیش دەڵێن کە شەماشە... ئەو موعجیزەیەی دیت... هاتە سەر ڕێگای هیدایەت و ئێستاکە ئەولیایە... کەس بە جێگای نازانێ!! چونکی ئەولیای خودا غەیبن، لەبەر چاو ئێمەمانان بزرن... کەس نایان بینێ!...

دەروێش قادر تەڵاقی لەسەر ئەوە دەخوارد کە شەماشە بووەتە وەلی، دەی فەرموو:

– تەنیا من لەوێ مامەوە... لەبەر دەمی کوورەکە وەستام، دڵم جووڵەی نەکرد!!... دەمزانی خەلیفە ئاگرەکەی لێ دەبێتە شانەشین، هەر کە خەلیفەش... سەری لە ئەشکەوتە ئاگرینەکە دەرهێنا، وەکو پەلیک خۆی هەڵدایە ئەو مەیدانە... ڕاست بووەوە، دەستێکی وەسەر و شانی موبارەکیدا هێنا... خۆی داوەشاند... ئاورێکم دایەوە... شەماشە غەیب ببوو!!!

– مەدەد... یا غەوسی گەیلانی!!

خەلیفە... مەدەدێکی دیکەی خواست، لە مەیدانەکە چوە دەر. وەستا حەمەد عەلی ئاسنگەریش، کە ئەویش لەتەک دەروێش قادردا شاهیدی ئەو موعجیزەیە بوو، ئێستاش تەڵاق دەخوا کە:

– تەنانەت تۆزیش لە کەلەکی پاکی خەلیفە نەنیشتبوو!!! منداڵ بووم، کە ئەو ڕووداوەیان بۆ

دەگێڕامەوە، بەو هۆیەوە... تەنانەت خەلیفە سەرسۆڕیشم... لە خەونیش لەبیر نەدەکرد، هەرگیز دیمەنە عـاجبـاتیـەکـەی لەبەر چاوم وون نەدەبوو، کـاتێ لە دوورەوە دەردەکـەوت... مـوچڕکم بەلەش دادەهات... لەترسانا ڕام دەکرد، خۆم لە سووچی خانوێک... لەپەنا دارێک دەشاردەوە، لە حەشارگاکەم بە چاوەدزێ تێی ڕادەمـام، وە ئەو مـوعـجـیـزەیە وای لێکردم هەتا دونیـا مـاوە... لە هەر کـوێ بیـبـیـنم، یەکـسـەر بیناسمەوە... وێنەکەی... وێنەی سەرو سەکوتی، کەلەش و فەرەنجیە کولکنەکەی لەناو گلێنەی چاوم... لەناو مێشکمدا چاپ بێ، چاپێکی وا کە زەبروزەنگی زەمان توانای ڕەشکردنەوەیانی نەبێت.

دەروێش قادریش... شیربازێک بوو، لەهەموو ناوچەکەمان باو بوو، کە ئەم دەروێشە قادرییەو ئاگر وەکو ئاروو دەخوا!! ورگی خۆی دەدڕێ و ئەگەر ڕیخۆڵەکانی لێک ئالاًبن... ئەوا دەریان دێنێ... لێکیان دەکـاتەوە... بەبێ دەرزی و داو... و دورمـانیش وورگی دەدوریتـەوە، لەمـەش پتـر... سـەری منداڵی بچـووکـیش دەبڕی!!... سەریان لە لاشەیان جـودا دەکـاتەوە... لە دواییـشـدا... سەرو لاشەکـان بەیەکەوە دەنووسێنیتەوە... منداڵە سەربڕاوەکانیش... بێ ئەوەی هەست بە شتێک... ئازارێک بکەن، هەڵدەستنەوە و ڕادەکـەنەوە گـۆڕەپانەکـەی گـوند... دەچوونەوە کـۆڕی گـەمـەو یاریکردن، وەکـو هەرگـیـز شـیـرو چەقـۆیان نەدیبێ!...

دەروێش قادر بەخۆی دەیگوت:

– تەنانەت... جێ شوێن تیغیش... لەسەر گەردن و ملی ئەم منداڵە سەربڕاوانە نامێنێ!!

کە ئەو قسـانەشی دەکردن، لمووزی بۆ ئاسـمان بەرز دەکردەوە و لەناو خەڵکەکە دەهات و دەچوو... و بانگی دەکرد:

– ئەمە هەمووی هیممەتی شێخەو قودرەتی غەوسی گەیلانی ڕوحم بە فیدایان بێ.

کە خەڵکەکە ئەمەیان دەگێڕایەوە... منداڵەکانی گوند... هەموو... منیش لەگەڵ بیستنی ناوی دەروێش قادر... دەست و پەلمان دەلەرزین، ترس وەک ئاگر بەردەبووە گیانمان... ترسی ئەوەی نەوەکا سەری ئێمەش ببڕێ!!.

من هەر ترسی ئەوەم بوو کە:

– نەوەکا سەرم ببڕێ... و ئیتر جارێکی تر سەرم جێگای خۆی نەگرێتەوە!!.

جار جارەش خەیاڵم دەکردەوە و... بەخۆم دەگوت:

– سەرم... دائیما وەکو زەنگێکی زلی لەناودا بهەژێتەوە، دائیما زرینگەی لێوە دێ، کاس و بەژانە، زگم وەکو چەنگاڵێکی ماسی گری لە جەرگو هەناو گیر بووبێ... ژان دەکاو پێچ دەخواتەوە، لەشم ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز دەبێ... وەکو هەمبانەییکی کۆن... سیس و چورچ... پووچ دەبێتەوە، خۆم لەخۆم بێزارم.

وە بەخۆم دەگوت:

– لەوانەیە ئەگەر سەرم لەو لەشەم جودا بکرێتەوە، ئەو سەرە بەدبەختە ڕازی نەبێ جارێکی تر بەو لەشە... لەڕە... برسیە... نەخۆشە... لەرزۆکە بنووسێتەوە!!!.

سـەیرە... سەیرە... ئەمە خـەیاڵی مـنداڵیم بوون!!... زۆر جـاری وا دەبوو... بەجـۆرە هوشـیـاریێکەوە... یەکو دووم لەگەڵ خۆمدا دەکرد:

– من... خـۆم تامـێکم لەم ژیانەم نـەچێشـتـووە... بەیانیـان کە لەخەو ڕادەبم... گـەرووم تاڵە... یەکـەم خـوزی قـووت دەدەمـەوە دەڵێی ژەهراوە بـە گـەرووم داکـراوە، دڵم لە گـەڵیـدا دەخـێـورێتـەوە بەدرێژایی ڕۆژ

تالاو دەرپژێتە ناو زارم، بە گشتی لەم کەلەشەم بێزارم... کەواتە... چۆن سەرم... ئەو سەرەی دەڵێن خانەی عەقڵ و ژیرییە... ئەم سەرەم ئەگەر دەرفەتی بۆ هەڵکەوێ لەو قەفەزی ئازارە ڕزگاری ببێ، چۆن جارێکی تر بەو کەلەشە بێ کەڵکە... بەو شانەی زەردەواڵەیە ڕازی دەبێ؟.

– لەوانە بوو وەیان من وام لێکدەدایەوە... ئەگەر سەرم لەدەست دۆزەخی لەشم ڕزگاری ببێ، جارێکی تر جێگای خۆی ناگرێتەوە، چونکی زۆر پێم ناماقووڵ بوو... کە ئەم هەموو ئازاری گیانەم هەڵگرێ، یان ئەگەر بۆی ڕێک بکەوێ بهەسێتەوە، یەکو دووی لێ بکا.

جگە لەم هۆیانە، هۆی تریش هەبوون... کە وایان لێ کردبووم خەلیفە سەرسۆرو دەروێش قادرم لەیاد نەچنەوە، هەندێک یادگاری وام بۆ مابوونەوە، کە هەر کاتێک ئەو دوانەم دەهاتنەوە پێش چاو... ئەو یادگارانەم لێ زیندوو دەبوونەوە و وەکو مۆمیا خوێن و گۆشتیان دەگرتەوە و... گیانیان دەهاتەوە بەر، لەپێش چاومدا قیت دەبوونەوە.

* * *

# 4

ئەو رۆژەی تەرمی باوکم... بە کزی و بێ دەنگ و بێ هەرا، بەرەو گۆڕ وەڕێ دەکرا، خەلیفە سەرسۆر لەسەر چەقی جادەکەی پێش دەرکی سەرا، لەگەڵ دەروێش قادر و دەروێش و مریدە قژدارەکانی دیکە... ئاڵقەیان بەستبوو!! ئالاّیێکی سەوز... بەدەست مریدێکی دەمڕووتی درێژی ڕەقی باریکەوە بوو، بەرەو ژوور هەڵی کردبوو... دەروێش و موریدەکان... لە دەوری یەکدی دەسووڕانەوە... شێخ قطبالدین لەناو ئاڵقەکە بوو، ئەویش بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و دەنگێکی زەلامی لێ هەڵدەستا.

– هاوینان لەگەڵ منداڵەکان دەچوومە گردی حەسەن بەگی... دەچووینە سەر جۆخینەکەی ماڵی مام بایز... سەیری جەنجەڕمان دەکرد... جەنجەڕەکە لە دوو جۆتە ئێسترێک قایم کرابوو، جەنجەڕەکە لە ناوەندی خەرمانە گەنمەکە چەقی بوو... کە ئێسترەکان لە دەورەی خەرمانەکە راوەستابوون، هەردوو چاویان... بە پەڕۆییێک بەسترابوونەوە، کە ئێسترەکان بە دەورەی خەرمانەکە دەسووڕانەوە... جەنجەڕەکەش لەناو جۆخینەکە... بە دەورەی خۆیدا دەسووڕایەوە، دەیانگوت گەنم بەم ڕەنگە پەیدا دەبێ... مام بایز بەم ڕەنگە گەنم پەیدا دەکا... لەژێر پەڕەی جەنجەڕەکە... کۆمەڵێک گەنمی زەردم دەدیت... ڕۆژێک مام بایز لەگەڵ کوڕە بچکۆڵەکەی خۆی منیشی سواری جەنجەڕەکەی کرد.

لەپاشان... ئاڵقەکە لەدەورەی جەنابی شێخ هەڵوەشایەوە، دەروێشەکان... شیرو خەنجەریان لە کالان دەرکێشا، موریدە دەم ڕووتە درێژەکانیش... زەرگیان لە گوپی خۆ ئاودیو دەکردن... ڕژانە جادەکە... لەم سەری جادەکە بۆ ئەو سەری دەستیان بەسەماو سێ جڕتەکی کرد، لەناو قەدیان بەرەو ژوور بەلای چەپ و لای ڕاست دەهەژانەوە لمووزیان بۆ لای ئاسمان هەڵدەبڕی، لەپڕ بە پانایی جادەکە بڵاوەیان لێ دەکرد، لە دواییشدا خۆیان لەیێک دەدایەوە، وەک شانەمێش یەکتریان دەگرتەوە و لە دەورەی شێخەکەیان شلغەیان دەبەستەوە!!.

ئەو نەڕە فیلانە بەهای و هووی... بە تەقڵەبازی و بەناوی زیکری خودا ئەو ناوەیان خرۆشاندبوو، لەگەڵ گرم و هۆڕی تەپڵ و دەف و زەرگە بازی و شیرو تیخ وەشاندن و مڕەمڕ هەموو گوندیان دەلەرزاندەوە!!

– ئەڵڵا هەی... ئەڵڵا هەی...

– مەدەد... یا شێخی سەنعانی...

ڕۆژێک بوو... لە ڕۆژانی سەرەتای بەهار، چیای سۆرک بەفری بەسەرەوە نەمابوو، دار چنارە زلە پیرەکانی حەوشە فراوانەکەی مزگەوت، وەک دەستێکی زەلامی ئەفسووناوی پەنجەیان لەناو جەرگەی ئاسمان گیر کردبوو، سەفینی رەنگین... پەڵە پەڵە رەشایی مێزەرە سپییەکەیان بەڵەک کردبوو، دەنگی هاششەی دۆڵەکانی سوڕەحمان و... حەسار... دەنگارە، حیکایەتی دێوەکانی... دێوی ڕەش، دێوی سپی... زەردایی دێر... مەرجانی جادوویان... دەهێنانەوە یاد، لە پێش چاوی من... ئەشکەوتی سوڕەحمان... دۆڵە قووڵەکانی قەد سەفین... هەر وەزاری ئەو دێوانە دەچوون... ترسێکیان دەخستنە گیانم، سامگرتوویان دەکردم، وا بەخەیاڵم دادەهات کە زارکیان بۆ ئێمە بەش کردۆتەوە، دەترسام گوندەکەم هەڵ بلووشن... لەناو گوندیش... تەرمی باوکمیان بەکزی... بێ دەنگ و هەرا... بەرەو گردی زەیتوون بەرەو ئارامگای یەکجاری دەبرد، بەر دەرکی سەراش ببوە مەیدانی سێرک و خەلیفە سەرسۆرو دەروێش قادر و هاوڕێیەکانی دیکەی باوکم... ئەوانیش لەو سێرکەدا کەوتبوونە تەقڵەبازی و وەک تەرزە لەسەر چەقی جادەکە هەڵدەقۆزینەوە، بانگیان لە دیوارەکانی سەرا بەردەکە دەگەڕایەوە، بانگیان بۆ تەمەن درێژی

خاوەن شکۆ ڕادەهێشت، ئەو ڕۆژە ڕۆژی لە دایکبوونی خاوەن شکۆ بوو... بە زەحمەتێکی زۆرو مل ملانێ ڕێگای تەرم هەڵگرەکان درا... بەرەو گۆڕستانەکەی زەیتوون ڕابوورن!! ئەمانە زۆر خەریک بوون... عارەقەیان ڕشت هەتا توانیان کەلێنێک بۆ تێپەڕاندنی تەرمەکە لە دیوارە هەژاوەکەی دەروێشە خواپەرستەکان بکەنەوە.

ئەگەر یەکێکی ناشارەزا... یان بێگانەیێک لەو کاتەدا بەوێدا تێپەڕیبا، هەر وای بۆ دەهات کە زیکری ئەو خواو تیرو شیربازیە، ئەو های هوەی خەلیفەو دەروێشەکان بۆ ڕیزگرتنی مردووەکە بێ؟ وە هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە خوالێخۆشبوو... چ ڕەش و ڕووتێکە، نەتوجارو خاوەن پارە و پوولە... مەولوودی بۆ بخوێنرێتەوە و نە میرو زەبر بەدەستە... کەژاوەی بۆ هەڵبەسترێ... نە ئەفەندی و پیاوی حکومەتیشە کۆڕی بۆ بگیرێ!... ماوەیێک بە سەرسوڕمایی دەمایەوە... تا بزانێ زەماوەندەکە بۆ خاوەن شکۆیە... بۆ خاوەن شکۆی مەلیکی وڵاتە... بۆ سەرکەوتنی خاوەن شکۆیە، چونکی ئەو ڕۆژەی باوکی ڕەحمەتیم ئەم دونیایەی بەجێ هێشت و تۆماری ژیانی پڕ ناسۆری تێدا پێچایەوە... ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی... ڕۆژی پیرۆزی لە دایکبوونی خاوەن شکۆ بوو... لە ئەو ڕۆژەدا مەلیک لە دایکی کەوتبوەوە و پێی نابووە ئەم دونیایەمان.

مودیر بەگ، قۆمیسێری پۆلیس، بەگزادەکان، ئەفەندیەکان مەلاو فەقێیەکان، توجارو کوێخا و خوبزەکان، بەشێکی زۆری خەڵکی ئاواییش... منداڵەکانی قوتابخانە بچکۆڵەکە، جلکیان گۆڕیبوو، کچ و ژنەکانی بەگزادە و پیاوەکانی حکومەت خۆیان ڕازاندبوەوە و... ئەمانەش... پیاوەکان... لەسەر سەکۆیەکەی بەردەرکی سەرا و زۆربەیان لە گۆڕەپانەکە حەڵقەیان بەستبوو، شایێکی گەرمیان ساز دابوو، ژن و منداڵەکانیش لەسەر گوێ سواندەکانی ئەمبەرو ئەوبەری جادەکە کۆببونەوە... سەیری زەماوەندەکەو بەزمی دەروێش و سێرکەکەیان دەکرد و کلی لی...یان لێ دەدا.

کوێخا تەها سەرچۆپی شاییەکەی گرتبوو... تەپەی پێی تێکەڵ بە گرمەی دەهۆڵەکە دەبوو، زوڕناش لەگەڵ هەڵهەلەو قیژەی سەر گوێ سواندەکان... مرۆی لە جێگاکەی خۆی دەهێنایە لەرزین!!.

میر... لە گەرمەی شاییەکەدا... حیماسەتی هەڵستا... خۆی پێ نەگیرا، لەسەر کورسیەکەی تەنیشت مودیر بەگ...لەسەر سەکۆیەکە خۆی پێ نەگیرا، قیت بۆوە... بە چۆپی و لەیزین... بۆ لای هەڵپەڕکێیەکە خشی... پەلاماری کوێخا تەهای دا، پەلی گرت و لەشاییەکەی کردەوە، ئینجا بەجۆش ڕای کردەوە لای مودیر بەگ... پەلی کێشا... تا لە جێگاکەی کوێخا سەرچۆپی شاییەکەیان گرتە دەست، ئەوەڵ جار... بەهۆی تێکەڵ بوونی مودیر بەگ بە شاییەوە خەریک... ڕیزەکانی شلۆق دەبوون و هەڵدەوەشانەوە، بەگ خەڵکی ناوچە نەبوو... بەڵام خەڵکەکە ناچار بوون... بەپێی ئەو بکوتن، میریش لەنگەری شاییەکەی ڕاگرتبوو... هەر چەندە سەرو شەدەشی هەڵوەشانەوە و پشتبێندی شل ببوەوە و بە دەستێکی خەریکی سەرو ناوقەدی بوو، بەڵام بە دەستەکەی تر هەرگیز جڵەوی شاییەکەی بەرنەدەدا.

لەبەر بەگزادە و کوڕە ئاغاکان ماوەی ئەوە نەبوو کوڕە کرمانجەکان بە ئارەزووی خۆیان هەڵپەڕن و بە ئازادی بجوولێنەوە... یان سەرچۆپی شاییەکە بکەوێتە دەست ئەمانەوە، لەبەر ئەوە چۆپییەکە تا دەهات پتر شلۆق دەبوو... ڕیزەکانی کەلێنیان تێ دەکەوت... خوار و خێچ دەبوون و ڕادەقەنان!! بەڵام هەراو هوریای دەروێشەکانی سەر جادە، چەپڵە ڕێزانەی دەروبەری شاییەکە، هەڵهەلەو زاق و زیقی گوێ سواندەکان، دەهۆڵ و زوڕناو تێک قژقژانی مناڵ و تاڵ، خەڵکی لەو چۆنیەتیەی زەماوەند... بەسەر دەبرد، ئاگای لە ڕاستی و خواری ڕیزەکانی بڕیبوون!! وا دیاربوو عالەمەکە لە پۆپکەی کەیف و خۆشی دابوون،

مەستی ئەو بۆنە پیرۆزە ببون.

ئەگەر واش بووبێ... خەڵکەکە ناحەقی نەبوو، مەگەر بە موناسەبەتێکی ئەوها... دەنا کەنگێ ڕۆژێکی ئەوتۆ لە گوندەکەمان هەڵدەهات... کەئەمانە بتوانن بە ئارەزووی خۆیان... تا دەیانهەوێ و تا پێیان دەکرێ پێبکەنن، جگە لەمەش ئەوە جارێک بوو میرو مودیر بەگ و قۆمیسێری پۆلیس و باشچاوەش... هەتا مەلای گەورەش... حاجی شێخ مەلا ڕەسول... ئەمانە بەو هەموو گەورەیی خۆیانەوە... بەم ڕەنگە بێنە ناو ڕەشو ڕووتەکە، تێکەڵاویان بن، لەیەک سەف شان بەشانیان بوەستن، لەمەش پتر سەرچۆپیش بگرنە دەست.

گوشادی بەرواڵەت خەڵکەکەی گرتبووەوە، ئەوەی لەو ڕۆژە ڕەشانەدا لە گریان بەولاوە... تامێکی نەکردبوو، ئەو ڕۆژە پێ دەکەنی...یان دەبوایە پێ بکەنیبایە، بەلای کەمی... دەبوایە دەمی ئەوەندە لەیێک کردبایەوە... کە ددانەکانی دەرکەون... یان ئەشکەوتی زاری ئاوەڵابێ... تا بڵێن ئا ئەوە ئەویش پێ دەکەنێ!!!. ڕۆژێکی پیرۆز بوو... دەبێ کێ هەبێ لەم ڕۆژەدا پێ نەکەنێ؟ لە چەژنی لە دایکبوونی خاوەن شکۆی تاقانە و نەوەی پێغەمبەری مەزن... ڕابەری ئیسلام.

– تەرمەکەی باوکم، بەکزی... بەبێ دەنگ و هەرا کشایە ناو گۆڕ، بەبێ زیکر و سەلەوات، بەبێ دەف و عەلەم، بەبێ شین و شەپۆر و ئەفسووس، تەنانەت مەلاسەعیدی شێخ زادەش، مەلا سەعیدی دۆست و حەکیمی باوکم... هەتا ئەویش ئەو ڕۆژە خۆی لە مردنی دۆستەکەی شاردبوەوە!! خۆ دۆست و هەڤاڵانی دیکەی ئەوانەی قەبالەی ژیان و مردن و بەهەشتیان لەگەڵدا مۆر کردبوو، ئەوانیش لە دوای تەرمەکەی نەبوون!! لەناو ئەو چەند ڕەشو ڕووتە ناهاتنە بەرچاو... کە خوالێخۆشبوویان بۆ یەکجاری بەرێ دەکرد... ئەوانە بە زۆری لەسەر جادەکەی بەردەرکی سەرا و لە گۆڕەپانەکە... لەناو شایی و زەماوەندەکە... لە دەوروبەری سەکۆیەکەی میر و مودیر و قۆمیسێر دەدۆزرانەوە و بەو بۆنە پیرۆزە هاوبەشی خۆشی ئەوانی دیکەیان دەکرد، هەتا مەلا شێخزادەی پیرۆزیش.

– مەلا سەعیدی شێخزادە... بە عەقیدەی دایکم، هەروا بەبڕوایی گەلێک لە خەڵکی ئاوایی... پیاوێکی پیرۆز بوو وا باو بوو کە ئەم مەلا پیرۆزە... خاوەندی خێڵێکی جنۆکەیە و ئەم ئەجندانە لەژێر فەرمانی ئەون و بەسەرهەژاندن و بەئەنگوست جوڵاندنەوەی ئەو دەجووڵێنەوە.

دەیانگوت:

– هەموو شتێکی لەم دونیایەماندا دەقەومێ... هەموو کامەرانی و ناگزوری ژیان... هەموو نەخۆشی و خۆشی تێری و برسیەتی... داری و نەبوونی... ئاغایەتی و خولامی ژێر دەستی... بگرە زوڵم و ناهەقیش... هەموو بە هۆی ئەم ئەجندانەوەیە... سەبارەت بەو ئەجندانە و لە ڕێگای ئەوانەوە ڕوودەدەن.

– کە باوکم نەخۆش کەوت، نەخۆشخانە... دکتۆر نەبوو... تا چارەی بکەن، وەکو جنۆکە... لەپڕ مەلا سەعید... لە ژوور سەری پەیدا بوو، دۆستی دێرینی باوکم بوو، دایکم دەیزانی جنۆکەی لە ژێر فەرماندا... لە ژێر دەستدا هەن، مەلای هێنا باوکی نەخۆشم چاک بکاتەوە، لە ئازارو و مردن ڕزگاری بکا!!.

– دایکم... دوو ساڵ بوو بانگی خوای دەکرد، نەخۆشیەکەی باوکم دەفع بکا... دووچاری هەتیوداری نەکا... بەڵام کە دەنگدانەوەییێک نەبوو... هاواری بردە بەر شێخزادە... مەلا سەعید!.

– مەلا سەعید کە نان و چایەی بەیانیانی نۆش دەکرد لە دەرەوە... لە پەنا دیواری کۆلێتەکەمان، لە ژێر سێبەری دیوارەکە... بەرماڵێکی وەکو چەتر هەڵدەدا، دەچووە ژێری... هەتا لە مزگەوتەوە بانگی نیوەڕۆی لە گوێ نەچەقیبا... نەدەجوڵایەوە، ئەو کاتە لاسکێکی چەترەکەی هەڵدەدایەوە، کە لە ڕێگا

دەرۆیی... عەباکەی ئەوها بەسەر خۆی دادەدا... کە تەنها ئەو تیلمە ڕێگایەی بۆ ڕۆیشتن گەرەکیەتی... ئەوەندە ببینێ، پاش نوێژ کردنیش، چۆن چووبو... وا دەگەڕایەوە، پەنا دیوارەکە... چاوەڕێی دەکرد... نان و ئاوێکی بۆ دەچوو، هەتا زگی هەڵی دەگـرت... دەیخـوارد، دەچووەوە ژێر چەترەکـە، لچکەکـەی دادەدایەوە...ئیتر تاکو ڕۆژئاوا لەو خەڵوەتخانەیە خۆی مات دەکرد و نەدەجولایەوە، بگرە نیوەڕۆیان... کاتێ ڕۆژ دەچووە ناوەندی ئاسمان... ئەو کاتە تیشکی ڕۆژیشی پێ بگەیشتبان... دیسان جوولەی نەدەکردەوە! ژێر چەترەکەی بەر نەدەدا... تا وای لێهات... نان... ئاو مێوژ و گوێز... بڕێشکەی نۆک... شەکری نەبات و هەر خواردەمەنییەکی دیکەی لەماڵدا هەبوایە و خوا بە نەسیبی بکردبا... لەژێر چەترەکەی دەست دەکەوت،فەرمانیش وابوو چ ڕوح لە بەرێک بەشەریک نزیکی خەڵوەتخانەکەی نەکەون، نەوەکو خوانە نەخواستە... خەڵوەتەکەی لێ بشلەقێ، بەو هۆبەشەوە ... باوکی نەخۆشم زەرەرداربێ... یان نەخۆشیەکەی گرانتر بێ.

ڕۆژ تا ئێوارە... من و خوشکە بچکۆلەکەم... لەسەر بانەکە دوور لە خەڵوەتخانەکە وەستابووین، یەکی چیلکەیەکمان، بەدەستەوە بوو، دایکم پێی گوتبووین:

– ئەگەر پشیلە، مریشک، کەڵەباب، مشک... بۆ لای جەنابی مامۆستا چوون... ئێوەی گورج ڕێگایان پێ بگرن و ڕاویان بنێن، نزیکی خەڵوەتخانەکە نەبن.

دایکم بە دەنگێکی لاواز و نووساو دەیگوت:

– مامۆستا شێخزادە... چوەتە خەڵوەت... جغزی گرتووتەوە و... جغز، کلاوی باوکم... هەروا هەندێ جلوبەرگ و کەلوپەلی تری لە ژێر چەترەکە دانابوو!.

منداڵەکانی گەڕەک... ئەوانەی هاوڕێم بوون... بە پشتە پشتەوە... بە بناگوێی یەکتریان دەچرپاند:

– بابی شێرکۆ ئەجندە لێی داوە!!

دایکیشم بە غەمباریەوە دەیگوت:

– بەهۆی ئەو کلاوە... بەهۆی ئەو جل و بەرگە... جندۆکەکان دەگەڕێن هەتا هۆی نەخۆشیەکە دەدۆزنەوە... هەموو دونیا دەپشکنن هەتا وەو ئەجندەیە دەکەون کە بوەتە هۆی نەخۆشیەکەی!!.

خەڵکەکە دەیانگوت:

– نەخۆشەکە ئەجندەی ڕەش لێی داوە!! ئەجندە سپیەکان بەهۆی کلاو... و کەلوپەلی نەخۆش، لەناو پێچ و پەنا قلف و گرێی، لەناو ڕایەلی ڕانک و چۆخەلەکەی... ئەو ئەجندە ڕەشانە دەدۆزنەوە، ئەوانەی خۆیان لەم جێگایانە شاردووتەوەو دەستیان لە باوکم وەشاندووە.

– دایکم زۆر بڕوایی بە مەلا سەعید و هەروا بەو قسانەی خەڵکی ئاوایی هەبوو، لام وابوو ئەو کاتەی پروپیریژنی کۆلان لێی کۆدەبوونەوە و باسی ئەجندەی ڕەش و جنۆکەی سپیان بۆ دەکرد... لە دڵدا هەستی بەجۆرە خۆشیەک دەکرد وام بۆ دەهات کە بە هەموو دڵیەوە... لە ناوەوە حەزی دەکرد... دەپاڕایەوە... مەسەلەکە وابێ... وابێ کە بەهۆی مامۆستا مەلا سەعید، ئەجندە ڕەشەکان... ئەوانەی بوونەتە مێردەزمە و دەستیان لە باوکم وەشاندووە... نەخۆشیان کردووە، ئەم جنۆکە ڕەشانە بدۆزرێنەوە، هەتا باوکیشم لە نەخۆشیەکەی ڕزگاری ببێ، چاک ببێتەوە، هەڵستێتەوە، وەکو جاری جاران... بۆ گوزەرانی ئێمە بکەوێتەوە جموجۆڵ و ئەرکی سەرشانی ئەو سووک ببێ، خوشکە بچکۆلەکەشم... ئەویش حەزی دەکرد باوکم چاک ببێتەوە، وەکو جاری جاران... دەستمان وەسەردا بینی... بە ڕووماندا

بگەشێتەوە، هەر چەند ئەو لەمن بچکۆڵەتر بوو... بەڵام ئەو زۆر متووی باوکم ببوو، باوکیشم ئەوی زۆر خۆشدەویست.

باوکم... ئەوەل جار... زۆر بڕوایی بە مەلا سەعیدی شێخزادە هەبوو، لای وابوو خودا دوعاو نزای ئەم پیاو چاکە... ڕەت ناکاتەوە، لەسەر دەستی ئەو شیفای بۆ دەنێرێ، بەڵام چەند ڕۆژێکی پێ نەچوو دەهات وورده وورده بڕواییەکەی لەق دەبوو!... تا لەدواییدا وای لێ هات... مەسەلەکەی هەموو بە با دەژماردو بەقسەی پڕووپووچ، بەڵام هەر لەبەر خاتری ئێمەو دڵی دایکم... دەستی بەڕووی مەلا سەعیدەوە نەدەنا، پێی ناخۆش بوو خەڵکەکە بەدرۆ بخاتەوە، لەبەر ئەوە بە نارەحەتی و بێچارانە، بە ساردییێکەوە... تانی لەخۆی دەدا... زۆری لە خۆی دەکرد... کە مەلا سەعید دەهاتە لای، بە تایبەتی پاش نوێژی شێوان... دوای ئەوەی لە خەڵوەتخانەی دەردەهات، زۆری لە خۆی دەکرد بەڕوویدا بگەشێتەوە، لە ڕۆژان باشترە و بێ دەسەڵاتانە... سوپاسی بکا!!

–قوربان... جەنابی مامۆستا، ئیمڕۆ باوکی شێرکۆ زۆر بێ حاڵە!!.

ڕۆژێک دایکم... لە دوا ڕۆژەکانی باوکم، ئەمەی بۆ مامۆستا ئاشکرا کرد!!

دایکم چاوی پڕببون لە گریان، کۆمەڵێک پاڕانەوەو بێ دەسەڵاتی لەگەڵ ئەو قسانەی دەبارین...، ئەو ڕۆژە جومعە بوو، جەنابی مەلا سەعیدی شێخزادە نەچوبوە خەڵوەتگاکەی... چونکی وەکو دەیفەرموو:

– ڕۆژانی هەینی، فریشتەو ئەجندەکان ئازاد دەکرێن ئیجازەو پشووی حەسانەوەیان پێ دەبەخشرێ!!

ڕۆژی شەموو دیسان دایکم چۆنیەتیەکەی باوکمی بە جەنابی مەلا سەعید گەیاندەوە:

– باوکی شێرکۆ... زۆر بێ حاڵە... قوربان.

ڕۆژێکی گەرمی سەرەتای بەهار بوو، مەلا سەعید لەبەر گەرمایی ڕۆژ... لەژێر چەترەکەی... ڕای کردبووە ژێر سێبەری دیوارەکەی لای دەرگای ماڵەکەمان، ماوەیەکی زۆر بوو باران نەدەباری، خەڵکە سەری لەوە سوڕمابوو... کەچۆن لەم وەرزی باران و بەهارەدا دونیا وا وشک و گەرم دەبێ، هەندێک دەیانگوت:

– غەزەبی خوایە!!

بەڵام جەنابی مەلا سەعید دەیگوت:

– نا... ئینشائەڵڵا غەزەب نییە، پێش سی ساڵ... وەرزێکی وا وشک و گەرم... لەم ناوچەیەدا تێپەڕیوە، ئینشائەڵڵا بە ڕەحمەت و بەرەکەت وەردەگەڕێ.

مەلا سەعید دەیەویست بەم قسانەی... دایکی کڵۆڵم لە مەسەلەی نەخۆشیەکەی باوکم، شڕی باوکم ببوێرێ!!

–غەزەبی خوداش، دەبێ هەر بە ڕەحمەت بزانین... خوشکێ!! مەلا سەعید دۆش دامابوو، هەموو لەشی بەسەر ئارەقەدا گەڕابوو، دایکم وەکو ئاگا و هۆشی لەو هەموو بەیت و باڵۆرەی غەزەب و رەحمەتی خودایە هەبووبێ کە مەلا دەیفەرموو، بۆیێ بەڕووی مەلای دادایەوە:

– باوکی شیرکۆ... زۆر بێ حاڵە قوربان!!

– خوشکی بەهەشتی... دایکی شێرکۆ گیان، خودا پێ ئاگادارە... چەند ڕۆژە لەگەڵ جنۆکە و خێوەکان... ململانێ و زۆرانبازێمە، هەر وەختە چاوم دەرپەڕن... هێزو هەناسەم لێ ببڕێ، بەڵام چیبکەم... ئەو کافرانە ئەوەندە پشت ئەستوورن، هەتا ئێستا زەفەرم پێ نەبردوون.

مـەلا سـەعـیـدی شـێـخـزادە، سـەری دانەواندبوو... چاوی لەمن بریبـوون، ئەمن لەبن دیوارەکـە هەڵتروشکابووم... باڵم وەسووچێکی دەرگاکە دابوو...

– چاوەکـانی وەک چاوی پشـیلەکە... کـەسک و بریقـەیان دەدا!! بە زەلیلی و بە دەنگێکی کـڕ و لەرزۆک... بە هەناسەبڕکێ... بەم ڕەنگە وەڵامی دایکی دامەوە.

لەپاشدان مامۆستا داوای تەشتێک ئاوی کرد!! دایکم ئاوەکەی بۆ هێنا، لەپشت سەری نەخۆشەکە داینا، مـامۆسـتـا سەلەواتێکی هەڵدا... لێـوی دەجولاندنەوە چاوی کوسک دەکران، وە چاوی پشـیلەکـە دەچوو... لێوی دەجولاندنەوە... تەنیا دەنگی لرپە لرپی لێوەکانی دەهات، وام بۆ دەهات دانذۆکی گەرمی فڕ کردووە، منیش کە دانذۆک یا ماشی گەرمم فڕ کردبا... وەکو مامۆستام دەکرد.

مامۆستا فوێکی لە ئاوەکە کرد، چارۆگەیێکی سپی بەسەر تەشتە ئاوەکە دادا.

دایکم دەیگوت:

– ئەوە لێی دەفریسمی... ئەجندەکان بانگ دەکا...!! هیچ ئەجندە لەناو تەشتەکە ڕاست نەبوونەوە... نەهاتنە دەرێ!!

جێگاکەم گوازتبووەوە، لە تەنیشت تەشتەکە... لەسەر چیچکان خۆم بە لاچکی کراسەکەی دایکمەوە گرتبوو، لەگەڵ دەنگ و غلّبە غلّبی مامۆستا مەلا سەعید... پتر دەچوومە پێش... قەسدم دەکرد بچمە ناو تەشتەکە، تا جنۆکە و فریشتە ببینم.

– بل... بل... غل... بلغ... بلغ... لغ... لغ... مامۆستا وای دەکرد... زۆر ئارەزووم بوو جنۆکە و فریشتە ببینم، بەڵام چ شتێکم... چ کەسێکم بەرچاو نەکەوت، خۆم پێ نەگیرا... بەگەرمی لە دایکم پرسی:

– دایە، کوان لەمەچێتر... کوان فریشتە؟ دایکم وەڵامی نەدامەوە، مەلا سەعید لە بنەوە چاوی دەمن برین، لە پاشدان ئاوڕێکی لە باوکی نەخۆشم دایەوە.

باوکم لەناو نوێنەکـەی... لەسـەر پشت لێی کـەوتبـوو، ئاگـای لەو کـەین و بەینەی دایکم و مـەلا سەعیدی شێخزادە نەبوو، ئاگای لەمنیش نەبوو... چاوی قوچاندبوون، ڕەنگی هەڵبزڕکابوو... لێوی سپی و وشک ببـون، دەمی بەش کـردبوەوە، بە تـوندی هەناسـەی دەخـواردەوە خـرینگەی لە سنگیـەوە دەهات... کەوتبووە خەوێکی قووڵ... قووڵ، نە سەیری منی دەکرد و نە وەکو ڕۆژانی دیکە بە ڕووی مەلا سەعیدی هاوڕێی دەگـرژیەوە. دایکم وەک بنە بەڕوێکی وشک بوو... لە جێگاکـەی چەقی بوو، بە واق وڕمـاوی و گێلانە چاوی لە تەشتەکە... بۆ ڕووی باوکم دەگوازتنەوە، لە دواییشدا سەری لە مەلا سەعیدی شێخزادە هەڵدەبڕی و بەپاڕانەوە و دەنگێکی نووسا و دەیگوت:

– قوربان... باوکی شێرکۆ... زۆر بێ حاڵە:

مـەلا سـەعـیـد چاوی پڕبوون لە گـریان، ئەویش ڕەنگی هەڵـبـزڕکـا، بەوەڕسی سـەرێکی هەژاند... لەپاشان سەری هەڵبڕی... دوور بەرەو سەفێن ڕوانی، ئاهێکی توندی هەڵکێشا، وەک گلەیی لە یەکێکی نادیار بکا و پێی بڵێ:

– بۆ چ... وا... بۆچ؟

سـەری دانـەواندەوە و ڕووی لە باوکی نەخـۆشم کـرد، تـەنیـا خـرینگەی سـینگی دەهات، پەرۆشی لە ڕووی دوبارە دەبوەوە دەسـتـێکی وەسـەری من داهێنا، ڕووی بۆ لای دایکم وەرگـێـڕا، لە دڵدا پێی ڕابگەیەنێ:

– هەموو ئەوەی بۆ رزگارکردنی دۆستەکەی کردی بە فیرۆ چوو، تازەش چارە نەما!!

بۆ لای دایکم سوورایەوە، بە دەنگێکی کزی پچڕپچڕ گوتی:

– خوشکێ... هۆ خوشکی خۆم، دەبێ هەر شوکری خودا بکەین، ئەمە کاری خوایە، ئەوەی ئەو بیکا چاکە، ئەوەی ئەو بیبا ناگەرێتەوە. لەپاشدان، هەر بۆ ئەوەی دڵی دایکم بداتەوە و... وای لێ بکا کۆستەکە... بە ئاسانی... و ئاسایی وەرگرێ، هەوڵی دەدا ئیقناعی بکا... کە ئەو بۆ رزگار کردنی باوکم درێغی نەکردووە، فەرمووی:

– ئەو جنۆکانە، ئەوانەی بوونەتە هۆی نەخۆشی سۆفی نەورۆزی هاورێی عەزیزم... هاورێی دونیا و قیامەتم، ئەوانە تاقمی شەیتانن!! دەزانن سۆفی پیاوی خودایە و دژ بەوانە و هەرگیز تەسلیمی شەیتان نابێ، ئیدی لێی قبوڵ ناکەن و ئەوەی خراپەیە لەگەڵی دەکەن.

وە بەدەنگ بانگی کرد:

– لەعنەتی خودا لە شەیتانی بەدفەڕ و... ئەوەی لەگەڵ شەیتانە مەلا سەعیدی شێخزادە، کە دۆستێکی پاک و گیانی بە گیانی باوکم بوو، پاش ئەم چەند قسانەی بەدایکمی گوت... فنکە فنکێکی لێوەهات... وەکو بپاڕێتەوە... وا لەبەر خۆیەوە گوتی:

– هەندە هەوڵم دا، بانگی خودام کرد... دەخیلی بووم، بانگی پێغەمبەر و ئەولیایەکانم کرد، بیسمیلا و... ئەعوزوبیللام کرد... ئەو جنۆکە رەشە شەیتانانەم بۆ نەهاتنە رایێ، ئەوانە دەستەی خراپەکاری و شەیتانن، دەستەی کوفرن چۆن لە دوو بانگی چاکەی رەحمانەوە دێن؟ جەماعەتی شەیتانن جڵەویان نادەنە دەست موسڵمانان.

پەنجەی دەستێکی لەناو ردێنە سپییەکەی گێڕان و... لەسەرخۆ... گوتی:

– ئەلحەمدولیللاهـ... وەلشوکر... کاری خودایە... خودایە... دایە.

دایکم بە جۆرێک شێوابوو... عەجایب، چاوی بە قەدەر بن تەبەقێک لێک کردبوونەوە، بێ ئەوەی تەنیا دڵۆپە فرمێسکێکیان پێوەبێ، لێوەکانی سورایەتیان پێوە نەمابوو، چاوی بەهەموو لایێکی خۆیدا دەگێڕان، وەکو لە عالەمێکی تردا بێت... وەکو لە شتێکی نادیار بنۆڕێت دیمەنەکەی بێ باکانە دەهاتە بەرچاوم، وورده وورده لێوەکانی لێک جودا دەکردنەوە و دوو ریزە ددانە سپییە ووردەکانی بەدەر دەکەوتن، تا لەپڕ سەری بەرزکردەوە، لەکاریتە دووکەڵ گرتووەکانی بانی ژوورەکەوە راما... بە پێکەنینێکی شێتانە، بە دەنگێکی تیژو بەرز بانگی کرد:

– شەیتانی کۆرە!! شەیتانی لەعین!

– شەیتانی کۆرە... هەی مەلعوون!

کە لەو چۆنیەتیەی دایکم و مەلا سەعیدی شێخزادە... وورد دەبوومەوە، شتێکی سەیرم وەبیر دەهاتەوە:

– رۆژێک لە رۆژان، دایکم لەناو کۆمەڵێکی ژنانی گەڕەک دانیشتبوو، منیش وەک پشیلە چوبومە کۆشیەوە، سینگ و باخەڵیم بۆن دەکرد، دایکم باسی شەیتانی دەکرد و دەیگوت:

– شەیتانی... کۆرەی... لەعینی... قۆچ شکاو!!

ئەو سەردەمە، هێشتا فێری قوتابخانە نەببوم، هێشتا هەر کۆشی دایکم قوتابخانەم بوو، ئەو قسانەی دایکم شکلێکی سەیری شەیتانی لە مێشکمدا دروست دەکرد، چاوێکی زەق و چاوێکی پووچ،

سەرێکی درێژ... یەک قۆچ و... نیوە قۆچێکی شکاو!!

خۆم لە کۆشیەوە هەڵدایە دەرەوە و لەتەنیشتەوە خۆم تێ هەڵدەسوت، لێم پرسی:

– دایە... شەیتان کۆرەیە؟ چۆن کۆرە بووە!! کێ قۆچی شکاندووە؟

دایکم ئاورێکی دڵسۆزانەی لێدامەوە و پەنجەی دەستی لەناو قژی سەرمدا... وون کرد، تا کۆمەڵەکەش گوێیان لێ بێ... بە دەنگ وەڵامی دامەوە:

– کورم... ئیمامی عەلی، خوا لێی رازی بێ... زۆر لەشەیتان و خراپەکاری شەیتان پەست و دڵگیر بیو، لە ئەرز و لە ئاسمان دەگەڕا... تا بیگرێ و تەنبێی بکاو سزای بدا، هەتا رۆژێک... لەناو چیکڵدانی مریشکێک دۆزیەوە، لەعینەی خۆی لەوێ شاردبوەوە، حەزرەت روحم بەفیدای بێ... زوو ناسیەوە و تێی راخوڕی:

– کافر وەرە دەرێ!!

شەیتانی بەدفەڕ... ناچار خۆی لەشێری خوا ئاشکرا کرد و پەلاماری دا تا ئەزیەتی بدا، لێیان بووە ململانێ... ئەو لەعینە داینابوو پشتی ئیمام لە ئەرز بدا، بەڵام حەول و قوەتی خودا... ئیمام شەیتانی بلند کرد و وەک شوتی لە گۆڕەکە دای بەزەویدا، سواری سینگی بوو... شەیتان زۆر لە ئیمام پاڕایەوە کە ئازادی بکا و ئیتر تۆبە دەکا و دەست لە خراپە هەڵدەگرێ، بەڵام شێری خودا دەیزانی ئەم کافرە درۆ دەکا... چونکی هەرگیز ئەوە روونادا کە شەیتان ڕاست بڵێ، لەبەر ئەوە هێنای لەبەر دەرگای ماڵی خۆی لەسەر پشت ڕای کشاند و ڕێسمەی دەرگاکەی لەسەر چاوی چەپی داکوتا!! لەژێر گرانایی ڕێسمەکە... ئەو چاوی دەرپەڕی و کۆرە بوو!! دایکم بەم ڕەنگە مەسەلەکەی بۆ روون کردمەوە!! مەلا سەعیدی شێخزادە، بە دڵشکاوییەکی سەخت، سەری لە دایکم بەرزکردەوە، لە پاشدان سەری دانەواندەوە... وەکو بڵێی قسەییەکی پێ بێ... بەڵام ڕێگای لێ گیرابێ فرمێسکێکی گەورەی روون رژایە سەر گۆنا زەرد و چورچەکەی، بەسەر روومەتیدا خزی... هەتا لەناو مووە سپیەکانی ردێنە درێژەکەی... توایەوە، چاوم لەو فرمێسکە دوور نەدەکەوتنەوە!! لە دواییدا ئاهێکی توندی هەڵکێشا... هەر لەبەر خۆیەوە گوتی:

– کردەوەی شەیتانی لەعینیش، کردەوە و خراپەی جنۆکەکانی ئەو کافرەش هەمووی، هەر بەفەرمانی خودای گەورەیە، ئەوەی لەو دونیایە دەقەومێ هەمووی هەر بە ئەمری ئەوە. فەرمان و ئیرادەی خوداش دەبێ جێ بەجێ بکرێ، فەرمانی باری تەعالا ڕەددی بۆ نییە.

وا دیاری دەدا دایکم لەو مەسەلەیە نەدەگەیشت... یان شتەکە نەچووە عەقڵی... لێی تێکەڵاو... و ئاڵۆز بوو، بەدو دڵییێکەوە لە مەلای بەڕێزی پرسی:

– قوربان... چۆن کردەوەی شەیتان و تاقمە بەدکارەکەی بە فەرمانی خودای گەورەی دەبێ؟

بە ڕوێکی گرژتر، بە دەنگێکی لەرزۆک، سەری لەئەرزەکەی بەرپێی بلند کردەوە و بەتوندی گوتی:

– دایکە... وایە... وا، هەروەکو گوتم... ئەمە کاری خودایە و ویستی رەببول عالەمینە، تۆ تێی ناگەی، سەرت لێی دەرناچی، ئەنگۆی ئافرەت... نەفامن... کەم عەقڵن، لەم مەسەلانە ناگەن، سەر لەم مەسەلانەی ئیلاهی دەرناکەن... دایکی خۆم... خوشکی خۆم.

مەلا سەعید... چاوقوچانێک... وەکو کاس بووبێ... وا کڕو بێ دەنگ... وەستا، دەستی بۆ باخەڵی برد، دەسرۆکێکی لێ دەرهێنا... دەم و چاو... و ریش و گەردەن و هەردوو لاجانگی لە ئارەقە و فرمێسک سترینەوە، لەپاشدان جووڵایەوە... چووە لای باوکی نەخۆشم، ماوەییێک لەلای سەریەوە وەستا... بە

قوولی تێی وەڕاما، نەختێک بۆی چەماوە... پتر لەڕووی باوکم ووردبوەوە... دەستێکی درێژ کرد... وەڕووی باوکمی داهێنا، راست بوەوە، چاوی گوازتنەوە لای من... لای دایکم... کە لە تەنیشت باوکم لەسەر چۆکان خۆی راگرتبوو، بە ئاستەم بە ئەم لاو ئەولای خۆیدا دەهەژایەوە، مەلا دەیویست شتێک بلێ... مرتەییێکی لێوەهات... من تێ نەگەیشتم چی دەکوت... دایکیشم بەو مرتەیە گۆڕانێکی بەسەر دانەهات... هەر دەنووزایەوە و دەهەژایەوە و فرمێسکی دەڕژاندن.

مەلا سەعید دەستێکی بۆ ڕدێنە درێژەکەی بلند کرد دەستەکەی وەڕدێنی داهێنا و بە دەنگێکی بلند... ئاوازێکی درێژ... بانگی کرد:

– ئەل... حەمدو... لیلاه... خودایە... ئەلحەمدولیلا!! ئەمەی گوت و بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە، لەپڕ بەگورجی لە ژوورەکە دەرپەڕیە دەرەوە، ئیتر هەر ئەو چوونە دەرەوەی بوو، جارێکی دیکە چاوم بەو مەلا سەعیدە شێخزادەیە نەکەوتەوە، تەنانەت ئەو رۆژەی... تەرمەکەی باوکیشم... بەکزی... بەهێمنی و بێ دەنگ و هەرا دەکێشرایە سەر گۆڕستانەکەی «زەیتوون»... ئەو ڕۆژەش... مامۆستا مەلا سەعیدم لە دوو تەرمەکەش بەرچاو نەکەوت.

* * *

## 5

باوکم لە ژیانیدا پیاوێکی ژیر و وریا بووە، لە گوند وەهایان دەگێڕایەوە، خەڵکەکەش بە پیاوێکی چاک دەیان ناسی... زۆربەیان خۆشیان دەویست... ڕێزیان لێ دەنا، بەڵام مردنی بەم ڕەنگە و تێپەڕینی، وون بوونی بەو هەموو بێ دەنگیە، بەو هەموو سادەیی و کەمتەرخەمیە، مایەی سەرسوڕمانی من بوو، ئەوەی پتر جێگای سەرسوڕیم بوو... سەرنجی رادەکێشام... ئەوەبوو کە تەرمەکەی لەناو کۆڕی زیکر و لەو مەیدانی هەڵبەزینەی خەلیفە سەرسۆر و دەروێش قادری هاوڕێیانی دونیا و قیامەتی... بە پێش جەماعەتی مزگەوت... بە بەردەم مەلای گوند... تێپەڕ دەکرا، خەلیفە و دەروێشەکان ئەوەندە مەجزوب و مەست و مەشغوڵ بوون... ئەوەندە بە هەوەس... بەکەیف... بە گوڕ خۆیان لە جادەکە دەکوتا و وەکو برێشکە هەڵدەقۆزینەوە، هەر وەکو هەستیشیان بە تێپەڕبوونی جەنازەکە نەکردبێ... وەها دەهاتنە بەرچاوم!! تەنیا کە هەستم پێی دەکرد ئەوەبوو... کە لە کاتی تێپەڕاندنی تەرمەکە، خەلیفە سەرسۆر... سەر و گوێی بە تووندی لەقاندن... لووتی لە ئاسمان هەڵبڕی، بێ ئەوەی ئاوڕ لە تەرمەکە و... وەڕێ کەرانی بداتەوە... لورینێکی سەیر لووراندی... هەتا لە پاشدان خۆی هەڵهاویت... دوو ڕم لە زەوی بەرزبووەوە، لە هەواوە هەڵی کردە سەڵەوات لێدان:

– سەڵەوات بۆ دیداری پێغەمبەر.

دەروێش قادر و دەروێشەکانی دیکەش... پتر جۆشیان دەگرت... گەرمتر دەبوون... دەنگی دەفەکانیان توندتر دەیدا لە پەردەی گوێم، تێکەڵاوی هایوهوی شیربازەکان دەبوو... خەڵکەکەیان دەهێنایە ترس و لەرزین... وام بۆ دەهات بە تێپەڕ بوونی تەرمەکە هەموویان سام گرتوو دەبوون... دەتاسان... دەهاتنەوە عالەمی گوند و چۆنیەتی ئەو سەردەمەیان، بەلاچاو لەتەرمەکە و بە واق وڕماوی لە یەکتریەوە ڕادەمان... جا نازانم ئەگەر ئەو چۆنیەتەیان بۆ ریزگرتنی تەرمی دۆستەکەیان بووبێ یان لە ترسی ئەو ڕۆژەی... ترسی ئەو ڕۆژەیان لێ نیشتبێ... کە ئەوانیش لەو ڕۆژەدا... بەهەمان ڕێگای باوکم تێدەپەڕن و ڕادەبوورن.

ئیمرۆ کە ئەم هەموو ڕووداوە ڕابووردوە وەبێک نەچوانەم دێنەوە یاد، پرسیارێکی زل و سەیر دەست لە بەرۆکم گیردەکا... تەوژم بۆ مێشکم دەهێنێ، وام لێ دەکا لەبەر خۆمەوە وڕێنە بکەم و بەخۆم بڵێمەوە:

– ئایا... ئەگەر لەم ڕۆژانەدا باوکم زیندوو بوایە... ئایا چۆن بیری دەکردەوە؟

هەر وا بیر لە ڕۆژی لە دایکبوونی باوکم دەکەمەوە، بێگومان ڕۆژی لە دایکبوونی وەک ڕۆژی مردنی و وەک ئیمڕۆش نەبووە، چونکی ژیان ژیانە و... ڕەنگی هەیەو... دەنگیش بەڵام مردن، خۆی نەبوونە، نەبوونیش... واتا... نەبوون واتا چش... دواییێکی بێ کۆتایی!!

– دەڵێن... ئینسان لە ڕۆژی لە دایکبوونی تەنیا خۆی دەگریێ ڕەنگە کەسێک نەزانی بۆچی دەگریێ!! بەڵام ڕۆژی مردنی تەنها خۆی ناگریێ... زۆر کەسی دیکە بۆی دەگریێن... ئەمانە دەشزانن بۆچ دەگرییێن، کەچی ڕۆژی مردنی سۆفی نەورۆزی باوکم وانەبوو، ئەو ڕۆژە لەم بنگەو قاعیدەیە دەرچوو بوو، لەناو مێشکی خۆمدا دەڵێم:

– دەبێ ڕۆژی لە دایکبوونیشی... وەک هی هەموو ئەم خەڵکی خوایە بووبێ؟

– ڕەنگ... نیە، یان نابێ... هی وا هەبێ، ڕۆژی لەدایکبوونیشی خەڵکی وای لەدەورە هەبێ... بۆی بگریێ؟

ئەگەر چی لە ڕۆژی هاتنە دونیای باوکم... ئاگاداریم نییە... بەڵام ڕۆژی مردنی... ئای کە ڕۆژێکی سەیر بوو!! ئەو ڕۆژە سەیرە، بەبێ دەستی خۆم ئەوەندەی کردم و کراندم نەمتوانی خۆم لەدو تەرمە کزە هێمنەکەی نەکەمەوە، ئەو ڕۆژە سەیرە بەبێ توانا، ئارەزووم بەناچاری لەتەرمەکەی دووری خستمەوە و بەرەو زەماوەندەکەی بەردەرکی سەرا ڕایکێشام، ئارەزووی منداڵانەم... وەکو زلکە ئاسنێک... هەراو هوریا و دەف و زەرگ وەشاندن و شیربازیەکەی سەر شەقامەکە، وەک مەقناتیس بەرەو ئەو سێرکەی بەردەرکی سەرا رایکێشام لە دو تەرمی باوکم وون بووم... بۆ ئەوەی لەناو خەڵکە چڕەکە... وون ببمەوە.

– هەرچەندە شەرمە مرۆ پێ لەو نەوعە ڕاستیانە بنێ، نهێنی وەها بدرکێنێ، قسەی وا... ڕووداوی وا... حەتتا ئەگەر ڕاست بێ و درۆش بێ... کە ئاشکرای دەکەی حەیای مرۆی پێدەچێ، پێ لێ نانیان کردەوەییکە دژی ڕەوشتی کۆمەڵەکەمان... دژی نەریت و راهاتی ژیانمان، بەڵام ئەو سەردەمە من منداڵ بووم، نەفام بووم!!... ڕەنگە ڕووداوی ئەوهاش لەگەڵ خوو و ڕەوشتی منداڵدا ڕێک بکەوێ... دژایەتیەکی لەگەڵ سروشتی منداڵ نەبێ، منداڵ چ ئیشی بە کۆمەڵە؟ مەگەر کۆمەڵانی وەکو کۆمەڵی ئێمە... دەنا کەس حیسابی ئەوە لەگەڵ منداڵ ناکاو ئەم کردەوەیەی بەشتێکی نەشیاو... بەکارێکی نەشیاو لەقەڵەم نادا.

– تا ئێستاش... بیر لەو چۆنیەتیە دەکەمەوە، ئیمرۆکە هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕەنگ بێ ئەو کردەوەیەی من، ئەو هەڵوێستەم... کشانەوەم لە دوو تەرمەکەی باوکم... ڕاکردنم بۆ ناو کۆڕی خەلیفە و دەروێشەکان، بۆ ناو زەماوەندو هەرای دەهۆڵ و زوڕنایەکەی سەر شەقامەکەی بەر دەرکی سەرا... هەر تەنیا سەبارەت بەوە نەبووبێ کە منداڵ و نەفام بووم، چونکی ئیمرۆکە بە چاکی بۆم ڕوون بوویەتەوە، کە من ئەو سەردەمە لەگەڵ باوکم دۆست نەبووم، نەک هەر ئەمەندە و تۆ بڵێی دۆستی نەبووم... نا بەشکو لە دڵدا ڕکیشم لێی دەبوەوە!!.

ئەو منی زۆر خۆش دەویست، گومانم لەوەدا نەبوو کە بە هەموو موڵک وماڵی دونیا نەی دەگۆڕیمەوە، هەر کاتێک دەستم بۆ گیرفانم درێژ دەکرد... نوقڵ و نەبات و مێوژی دەست بژێرو کاکڵە گوێزم دەهاتنە چنگ، ئەوەی ئەو وایدەزانی... حەزی لێدەکەم... دڵم دەیەوێ، بەپێی توانا بۆی ئامادە دەکردم ئەو شتانەی بەلای ئەوەوە خۆی، من حەزم لێ دەکردن... مگێزم لێیانە!. کەچی سەرەڕای ئەو خۆشەویستی و میهرەبانیەی بەرامبەر بەمن... دیسان ڕکم لێی دەبوەوە، هەندێک جار لە دڵی خۆم حەزم دەکرد کە زوو بمرێ... لە کۆڵم ببێتەوە، وەکو ئەوەی بە کۆڵی منەوە بێ!... ئەمەش لە کاتێکدا، کە ئەو لە هەموو ژیانیدا... هەرگیز تەنیا جارێکیش... تەنیا یەک جار دەستی لێ نەوەشاندبووم، تەنیا جارێک قسەیێکی ڕەقی پێ نەگوتبووم... دڵی نەیەشاندبووم، لێم تووڕە نەببوو!! تەنیا شتێک کە ئەو لەگەڵ من دەیکرد، ئەوە بوو کەرێی نەدەدام لەگەڵ منداڵانی گەڕەگ... منداڵە هاوتەمەنەکانی کۆڵان تێکەڵاو ببم، ڕێگای ئەوەی لێ دەگرتم بەهاران دەگەڵ ئەوان بچمە ناو ڕەزان، بەسەر گردی باویان هەڵگەڕێم، لە بنار چیای سەفین... لە دۆڵە ڕەنگینەکانی لەگەڵ ئەوان بچمە گەشت و سەیران!! یاریان لەگەڵا بکەم... یاری چاوشیلکانێ... جخزی یەک بازو سێ بازو... هەر کاتێک لەگەڵ منداڵانی گەڕەک چاوی پێ دەکەوتم... یان لە کۆڵانەییێک دەی دیتم... بە نەرمی بانگی دەکردم... بەرەو ماڵێ وەپێش خۆی دەدامەوە، کە دەگەیشتینە ماڵەوەش... دڵسۆزانە دەستی وەسەردا دەهێنام، بە ڕوێکی گەش... بە میهرەبانی پێی دەگوتم:

– ڕۆڵە گیان لە کۆڵان بەرەڵڵا مەبە و ... مەگەڕێ...

– لەگەڵ منداڵان بەسەر گردەکان هەڵمەگەڕێ... مەچووە نێو دۆڵ و سەر کەپکە  شاخەکان... مەچووە ناو رەز و چەم و دەست بۆ کونە سمۆرە و... هێلانەی تەیر و توار درێژ مەکە، نەوەکو خوانەخواستە لە کۆسپێک هەڵبنگوێی... لە کەپکێک هەڵبدێرێی... یان مار و زیندەوار ئازارت بدەن.

لە پاشدان ئاهێکی لەسەر خۆی هەڵدەکێشا و... لەبەر خۆیەوە بۆڵەی دەهات و دەیگووت:

– کوڕم دەگەڵ ئەوانە مەگەڕێ، فێری خووی خراپت دەکەن... رەوشتت تێک دەدەن، کوڕی خۆم ئەتوو پیاوی... لە ریزی ئەمانە نی.

نازانم باوکم بۆچ، بیری خراپی لەو منداڵانەی گەڕەک وەرگرتبوو؟!... بڕوایی پێ نەدەهاتن... و چۆن منی لە ریزی ئەوان نەدەژمارد!. لە وەختێکی کە زۆربەی منداڵەکانی گەڕەک... ئەوانەی جارجارە کە باوکم لە ماڵێ نەدەبوو... دەچوومە ناویانەوە... و یاریم لەگەڵ دەکردن... زۆربەی ئەوانە رۆڵەی هاوڕێ و برادەرەکانی  خۆی بوون، زۆر لە شەوانی زستانیش لەگەڵ ئەوەدا بەسەردان دەچووینە ماڵیان،  لەگەڵ ئەو منداڵانە... گوێمان لە قسە و پەندەکانی  باوکەکانمان دەگرت... کە ناوەرۆکیان یا باسی خودا و خواپەرستی بوو... یان باسی میرو!!... میری، جارجارەش خۆمان لە کاوێژەکەی ئەوان گێل دەکرد... و دەکشاینەوە قورتەیێکی  ژوورەکە... بەقسە و جووڵە و گاڵتەی منداڵانەی خۆمان... شەوەکەمان دەبردە سەر.

کە چوومە قوتابخانەکەی گوندیش، کاتی بەهاران کە لەگەڵ قوتابیان دەچووینە  سەیران، یان لە گۆڕەپانەکەی «دارەندوو» رۆژمان دەبردەسەر، رێگای دەدام لە ژێر چاوەدێری خۆی، بەپێی ئارەزووم تێکەڵ بە قوتابیە هاوڕێیەکانم ببم، لەگەڵیان بجووڵێمەوە گەمە و هەڵپەڕ و هەڵبەزێن بکەم.

هەر ئەمە و دەنا قەت توندییێکی بەرامبەر بەمنی تاقانەی نەنواندبوو، بە پێچەوانەوە... ئەوەندە منی خۆشدەویست بە رادەیێک چاوەدێری دەکردم و دەیپاراستم... کە هەستی باوکو رۆڵایەتیم... خۆشەویستیم بۆ ئەو... لێ ببو بە  جۆرە ترسێک... ترسێک کە هەرگیز توندییێکی لەگەڵدا نەبوو... ترسێکی نەرم و  پڕ لە دڵسۆزی... هەر وا ببوو بە ڕک... ڕکێکی کڕ، لەو باوکەی لای هەموو کەس... لای دایکیشم دەیپەرستم، لەلای ئەو ببووم بە خواییێکی بچکۆلە... هەر لەبەر ئەوەش دڵی بە خۆی و بە دونیاکەی خۆش بوو، نرخێکی دەدا بەژیان چونکی منی هەبوو... کوڕی هەبوو... کوڕ.

ئێستا کە بیردەکەمەوە، ئەوەم پتر لە لا راست و روون دەبێ کە:

– پیاو وجودی خۆی... بوونی خۆی... کوڕەکەی... لە نەوە و نەتەوەکەیدا دەدۆزێتەوە... پیاو خۆی لە کوڕەکەیدا دەبینی.

ئەم مەسەلەیەش، ئەگەر لەو هەموو گێتیە... پان و بەرینە... شل و پەیتی تێدا هەبێ، لە گوندەکەی ئێمەدا، لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا... بێ کەم و کورتی شل و پەیتییە... یەکو دوو قبوڵ ناکا، لە گوندەکەی ئێمە ئەگەر پیاو کوڕی دەبو... ئەوجا خۆی بە پیاو... و بە باوک دەژمارد!. خۆی بە مێرد حیساب دەکرد!! دەنا بیست کچی هەبوایە... ئەوجا پتر قینی لە خۆی... لە ژنەکەی خۆی ... لە خێزان و کۆمەڵەکەی خۆی،  بگرە لە دونیاکەی خۆی... لە پیاوەتی خۆی دەبوەوە!!...

باوکیشم لەسەر هەمان، نەریت و رەوشت، کە شانازی بە خۆی دەکرد... کە  تامێکی لە ژیانە سەختە پڕ ئازارەکەی دەچێشت، کەیفی بە دونیایەکەی ساز بوو، سەبارەت بەوە بوو کە کوڕی هەیە کە منی هەم... من... من...ی هەم... کوڕی هەیە!... کوڕی هەیە تا لە  دوا رۆژدا ناوی بپارێزێ... جێگای بگرێتەوە... پاش مردنیشی خێر و بێری هەر نەبڕێتەوە!.

دایکم دەیگوت:

– ئەوەی حەفت کوڕی هەبن، ڕۆژی قیامەت... هەر حەوت دەرگای بەهەشتی بۆ دەخرێتە سەر گازی پشت... هەر کوڕەیان... دەست لەسەر سینگ لە چاوەنواڕی... باوک و دایکیدا دەوەستێ!!.

هەروا... لەزاری مەلا سەعیدی شێخزادەوە دەیگوت:

– ئەوەی کـوڕێکی بە منداڵی مـردبێ... یان بەلاوی جوانەمـەرگ بووبێ، ڕۆژی قـیـامـەت... جـوانە ئەسپێکی بۆ ئامادە دەکرێ، بە ئاسانی لەپردی «سیرات» دەیپەڕێنتەوە و دەیگەیێنتە بەهەشت، وەلای خودا لە ڕێزی ئەوانە دەژمێردرێ... کە ئەولادێکیان. لە ڕێگای ئەوەوە شەهید کرابێ!!

دەسا باوکێکی خواپەرستی... سۆفی... وەکو باوکی من، چۆن ڕوحی لەسەر سەری من نابێ؟... منی کـوڕ، دەگـەڵ هەل و مـەرجی ئەوەی کـە تەنانی بـوونی کـوڕێک... کـوڕ، ئەو هەمـوو قـازانج و مـاوەی پێ دەبەخشێ؟!. دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە... پردی سیراتی بۆ کورت و ئاسان دەکات... دەیگەیەنێتە نزیک پەرستاری!!

ئەو وابوو... وەهاش بیری دەکردەوە... کەچی منیش... لەدڵدا بەقەدەر خۆشەویستیەکەی ئەو بۆمن... ڕکم لێی دەبوەوە!!؟. ئەو چەند خـۆی لەناو مندا دەدۆزیەوە... مـن ئەوەندە و پـتـریـش خـۆم لـەو بە دوور... بێگانە و غـەریب دەزانی!!... هەر سـەبارەت بەم چۆنیـەتیـەش بوو، لەو کـاتەی ئەو مـرد... من وەهام... لێکدەدایەوە... کە هەموو ئەو کەسانەی... ئەو شتانەی... هەموو ئەو هۆیانەی بەرگەی گەمە، یاری و چونە ناوبچوکان و هەوالانی گەڕەکیـان لێ گرتبووم، مردن!... هەمو ئەو شتانە، هەمو ئەو کەسانە، هەمو ئەو هۆیانە... کە لە ئازادیان کەم دەکردمەوە... بەزۆری نوێژیان پێ دەکردم... ناچاری ڕۆژوو گرتنیان دەکردم... لە ڕەمەزانان برسیـان دەکردم، بەزۆری خودایان پێ ناساندبووم، لە دونیای منداڵیـدا هەڵیـان دەکێشـام، ئەمانە هەموویان مردن!! تەنانەت بیری ئەوەم بۆ دەهات کە بەو مردنەی باوکم هەر بە جارێک ئازادبووم!.

پاش مـردنی باوکم... تا مـاوەیێکی زۆر... هەتا ئەو ڕۆژانەی بە چاکی لەگـەڵ کـۆمـەڵ لێک خـشـام، تێکەڵ بەژیان... ژیانی ڕاستەقینەی زەق بووم، تا دەمـار و هێسک و مێشکم هەستیـان بە زەبر و زەنگی ئەو ژیانە کـرد، لەگـەڵ ئازار ئاشنـاییـان پەیداکـرد، هەتا ئەو ڕۆژانە هەسـتم بە چ بۆشـاییێک لە ژیانمدا نەدەکـرد، هەسـتم بە کـەمـوکـوڕی و ناتەواوی دەوروبەرم... بە دژوارییێک نەدەکـرد لە دەروون و لە مـێشکمـدا، تەنانەت زگ ئێشـەکەشم، کە تێکەڵاوی ئەو دڵسـاردیە گەورەیە دەبوو، ئەو دڵسـاردیەی هەڵسوکەوتی باوکم لەگەڵ مندا پەیدای دەکرد و... وەک دڕک لە گیانی چەقاندبووم، ژانی ئەو دڵساردیەم پێ لە ژانی زگ ئێشـەکـە... دژوارتر بوو، تاقـە شـتێـک کە پێی قـەڵس دەبووم... ناوەوەی دەیەشـاندم... نووزە نووزی دایکم بوو، هەنسـک و فـرمـێسـک و لووره لووری ئەو بوو... لەڕۆژی مـردنی بـاوکـمـەوە تا مـاوەییێکی زۆر نەبڕایەوە... ئۆقـرەی لێ هەڵگرتبـووم... هێـمنی لێ شڵـەقـاندبووم، تاڵاییـێکی ژەهراوی خستبووە گەرووم... و کەزیلەکانی لەشم دا بڵاو دەبوەوە!. هەر ئەمە... دەنا، لە ڕۆژی مردنی باکمەوە... لە نوێژ و جەماعەت... گێلیم دەکرد، جاران دەبوایە پێنج فەرزە نوێژ لە مزگەوتی گەورە بە جەماعەت بکەم، هەموو ڕۆژێک... بەیانی... نیوەڕۆ... ئێوارە؛ شێوان... خەوتنان، دەبوایە بگەمە جەماعەت، جا ئەگەر بەفر دەبوو یان باران... تەزرە دەباری یان بەرد... یان ئاگر، تۆفـانیش، سـاغ دەبووم یان ناسـاغ، بۆم کـرابوو بە عـادەت... نوێژی جـەمـاعـەتم نابا بچـواندبا، دەنا تووشی نەفـرەتی خـودا دەبووم، کـافـر دەبـووم، باوکی دڵساف و خواپەرستم، شەرمەزاری ڕۆژی قیامەت دەکرد و ڕووبەڕووی غەزەبی خودای مەزن!!.

– بەیانیـەکە... باوکم لەگەڵ تاریک و ڕوون، لە جەمـاعـەتی یەکـەمی نوێژی بەیانیـان... لەمزگەوت

گەڕایەوە، بەیانییێکی ساردی زستان بوو، بەفر گرد و بەرزاییەکانی دەورەی گوندیان داپۆشیبوو، لەناو گوندی سەرما و سڕی پل و پەنجەو گوێچکە و لووتی مرۆی دەپەڕاند، سایەقە... پێڵو... و چاوی مرۆی هەڵدەزووراند و ئاوی لە چاودا دەزاند، گوند کش و مات بوو، جگە لە دەنگدانەوەی بێ دەنگی شەختە و بەستەڵەک، هیچی تر نەدەبیسترا، دایکم لەخەو هەڵستابوو، ئاگردانەکەی ساز دەکرد، خەریکی ئاگر کردنەوە بوو، هەتاکو سووی ساردیەکەی ژوورەکە بشکێنێ، نان و چای بەیانی بۆ خێزان ئامادە بکات.

باوکم لەسەرمانا رووی گرژ ببوو، خۆی لە کۆنە پاڵتۆکەی کۆکردبوەوە، هەر پێی نایە ژوورەکە،پەلاماریدا... لێفە شڕەکەی لەسەر لادام، لەناو نوێن قیتی کردمەوە، زۆر زۆر سەرمام بوو، هەموو لەشم دەلەرزین، ئەوەندە خەریک بووم... کۆشام... هەوڵمدا خۆم لەناو لێفەکە گرمۆڵە بکەم، لێفەکە لە خۆم لوول بدەمەوە... دادی نەدا، چیم بۆ نەکرا، لێفەکەی لێ کردمەوە، بەنەرمی بانگی کردم:

هەستە... هەڕوە نوێژ، تا جەماعەتی دووەم تەواو نەبووە، خۆت بگەیەنە مزگەوت... نوێژەکەت بکە، فەرزەکە بەجێ بگەینە کوڕەکەم... دەی چاوەکەم.

ئەو سەردەمە تەمەنم لە هەشت ساڵی تێپەڕی نەکردبوو، ساڵی دووەم دەچوومە قوتابخانەی گوند...

پار... ساڵی رابووردوو تەمەنم حەوت ساڵان بوو... باوکم بۆ جەماعەتی سێیەم بە ئاگای دەهێنام! بەڵام ئێستا تەمەنم هەشت ساڵە، گەورە بووم!... بەلای باوکمەوە بووم بە پیاو!! پیاویش نابێ قەرزی کەس لەسەر خۆی بهێڵێ، نەخوازەڵا قەرزی خوای گەورە، لەو تەمەنەدا... دەبێ بە جەماعەتی دووەم... هەر نەبێ بە جەماعەتی دووەم رابگەم!!.

– منداڵ کە شەش ساڵی تەواو کرد، پێویستە نوێژ و تاعەت بکا. باوکم... وای دەفەرموو!

هەموو خەڵکی گوندیش... لەگەڵ باوکم وایان دەفەرموو!! ئەمە فەرمانی خودا و... فەتوای جەنابی شێخ مەلا قطب الدينی ئیمامی مزگەوت بوو.

– بەناچاری هەڵسامە سەر پێ، بە چاکی خۆم پێ رانەگیرا، یەک دوو جار بەلادا هاتم، باوکم باڵی دەگرتم و کێلی دەکردمەوە، چاوەکانم وەک لەبێک دورا بن... بۆم نەدەکرانەوە، پێڵوەکانی لە ئاسن دروست کرابن... ئەمەندە گران ببوون... نەمدەتوانی لەسەریان لابدەم!!.

ئای سەیر... ئەمە بۆ وام بەسەر هات... ئەمن پێش ماوەیێکی کەم، لەژێر لێفەکەوە لە دایکمەوە رادەمام، ئاگردانەکەی ساز دەدا!!... بۆ... هەر کە لەژێر لێفەکەوە دەرکەوتم وام بەسەر هات؟

چاوەکانم هەڵپشاوتن... گێژانە ئاوڕێکی لەم لاو ئەم لام لە ژوورەکە دایەوە، تارمایی دایکم هاتەوە بەرچاو، لە ڕۆخ ئاگردانەکە کۆببوەوە، هەندێک خۆم لێک کێشایەوە، تەزووی سارد وەک وورده دەرزی بەلەشمدا دەهاتن، پێستی لەشم کشت دەبوو، چەند هەنگاوێکی ئاڵۆزم هاوێشتن، گەیشتمە بەر دەرگاکە، پێڵاوەکانم بەسەر پێمەوە کردن، دەرگاکەم کردەوە، لەدەرەوە سەرما هاڵاوی بۆ هێنام، بە توندی دەرگاکەم داخستەوە، ئاوڕێکی لای ئاگردانەکەم دایەوە، باوکم ئامێزی لە ئاگردانەکە وەرهێنابوو!!... کە گڕێکی سووری بێ دووکەڵی لێ بەرز دەبوەوە، گڕی ئاگرە سوورەکەم وەکو هوشیە گێلاسی سوور دەهاتنە بەرچاو، خوزیێکم قوت دایەوە، لەگەڵ خۆما... گوتم:

ئەگەر ئەم وشیە گێلاسە سوورە قوت بدەم... چەند خۆشە... گەرم دەبمەوە، گوڕم دێتەوە بەر!.

باوکم ئاوڕێکی لێ دامەوە، هیچ قسەیێکی نەکرد، بەڵام دەمزانی لەناو دڵیدا بانگم دەکا:

– دەی کوڕەکەم... دەی چاوەکەم!...

ئەمجارەش دەرگایەکەم کردەوە، نەکشامە دواوە... خۆم لە هالآوە... ساردەکە... دا، چوومە دەرەوە... زوو کۆڵان... و لەوێوە بەرەو مزگەوت... خشیم.

پەلەم دەکرد، زوو رزگاریم بێ، پەلەم دەکرد، نەک وە جەماعەتی دووەم رانەگەم... دڵی باوکم لێ زوێر بێ!!

دونیای گوندەکە هەمو بەستبووی، بەزۆری هەناسەم دەخواردەوە، لام وابوو هەوایەکەش هەر بەستبووی، لەگەڵ هەناسە خواردنەوە گەرووم وەبێک دەهاتەوە و دەزوورایەوە، جۆگەلەکەی رۆخ رێگا، بە پارچە شووشەیێکی درێژی بێ دوایی داپۆشرابوو، جێ قۆرتی پێی ئەو ولاخانەی بە رێگاکەدا تێپەڕیبوون... شوێنی سمەکانیان وەکو مۆری خڕی پان رێگاکەیان نەخشاندبوو... بە چاویلکەی، مەلا قطب الدینم دەشوبهاندن!! بە دەیان چاویلکەی وا لە رێگاکەوە هەڵکەندرابوون، چلوورەی گوێ سواندەکان وەکو ریزی دار شاتانی سەرەوژێر چاندرابن، ئەم بەر و ئەوبەری کۆڵانە تەسکەکەیان تەنی بوو، وەکو دوو ریزە ددانی درێژی خەیاڵی دێوە ئەفسانەییەکان دەهاتنە بەرچاوم، کاتێک گەیشتمە ژێر دالآنەکەی ماڵی (حەمەد بەگ)!...

کچە کارەکەرەکە، قاپ و قاچاغ و ئامانەکانی ماڵە گەورەکەی شووشتبوون، چڵکاوەکەی لەناو تەشتە گەورەکە کۆکردبوەوە، چاوم لێبوو هاتە سەر رۆخی پێش بانەکە، ئەولاو ئەولای رێگایەکەی سەح کرد، وەک بروسکە کشایە ناوەوە، وا دیاربوو لەبەر پەلەیی خۆی... چاوی بەمن نەکەوتبوو من کە بەرەو مزگەوت لینگم رادەکێشان... خەریک بووم لەژێر دالآنەکە دەرچم... کە لەپڕ سولاوکی چڵکاو بەسەرو گوێلاکمدا رژا، کیژە کارەکەرەکە... لەگەڵ شوڕەی چڵکاو رژاندن... سەرێکی تری بۆ کۆڵان خوار کردەوە، تەنیا، ئەو کاتە منی بەرچاو کەوت، کە چۆنیەتیەکەی منی دیت، وەکو ژان گرتوو هاواری کرد:

– هەی چاوم کوێرەبێ!

– هەی... دەستم شکێ... هەناوم دارزێ!

چلکاو لێزمەی بۆ ناو ئەسکورد و پشتم رێچکەی بەست... گەیشتە کلێژەم، وەکو مریشکێکی ئاوەڕووت کراو، هەموو لەشم تەڕوو چەورو چڵکن بوو، لەتاو کتووپڕی رووداو... ئاگام لە سەرما برا، رووم وەرگێڕایەوە... بە ڕاکردن... نیو گرینۆک... گەڕامەوە ماڵێ، بە هەموو هێزم پاڵێکم بە دەرگاکەوە نا، پەلاماری رۆخ ئاگردانەکەم دا.

باوکم سەرێکی لێ بەرزکردمەوە، چۆنیەکەی منی دیت، دایکم پەلاماری دام جلەکانم دابکەنێ... راستی کردمەوە، دەستی بۆ کورتەکە لۆکە ئەستوورەکەم برد، باوکم پرسی:

–ئەوە... کێ وای لێکردی... شێرکۆ؟ ئەوە بۆ... وات لێهات؟

کاتێ رووداوەکەم بەراست و رەوانی، چۆن رووی دابوو... وا... بۆم گێرایەوە، بزەیێک گرتی... دەستێکی لەدایکم بەرز کردەوە... کە بوەستێ و ئینجا لە سەرخۆ گوتی:

– کوڕم قەیدی ناکا، قەیدی ناکا، لەشت پیس نابێ، لەشت بێ نوێژ نابێ، مادام بەنیەتی نوێژ و... بۆ مزگەوت دەچووی... لەشت پیس و بێ نوێژ نەبووە.

وەکو رووداوەکە چ کارێکی تێ نەکردبێ، روێکی لە دایکم کرد و لەپاشان بەساردییێکەوە... لەسەرخۆ گوتی:

– برۆ جارێ نوێژەکەت بکە... بگەڕێوە... ئەوجا جلکت بگۆڕە برۆ باوکم... بەو حاڵەش نوێژت

قبووڵە، قبووڵە، خودا دووقات پاداشت دەداتەوە!.

دایکم لێی تەقیەوە... بە تووڕەیی پێی گوت:

– کوڕە... ماڵ وێران، منداڵەکە لە سەرمان دەقەسری... کوڕەکە سەرما و سایەقە دەیبا، لێی گەڕێ با جلکی بگۆڕم وشکی بکەمەوە، بەم زستان و شەختەیە... چۆن بەلەشی تەڕ بچیتەوە دەرێ!!

دایکم پێشـەکی، ئەوەی دەزانی کـە هەرچی بکا، جێگایێک ناگرێ، هەمـوو قـسـە و هاواری لای باوکم... پوولێک... پوولێکی سووتاو ناکەن، لەبەر ئەوە... بە وەڕەسی... بەسەر خۆیدا نەڕاندی:

– هەی هاوار... بەماڵم... کوڕەکەم سەرمابردی دەبێ.

باوکم، وەکو هەر گوێشی لە هەراو نووزانەوەی دایکم نەبووبێ. لەسەرخۆ دووبارەی کردەوە کە نوێژم قبوڵە، بەم چۆنیەشەوە لەشم بێ نوێژ نابێ، وە ئامـۆژگاری کردم کە دەبێ پێشـەکی بەبێ وەسـتان بچم نوێژەکەم بکەم... جەماعەت نەدۆڕێنم، ئەمە باشترە و لای خودا خێری پترە!! کە هەستی کرد... زۆرتر لە ئاگرەکـە دەچمە پێش و خـۆم لە قسـەکـانی گـێل کـردوە، بەئەسـپـایی بۆ لای من هات، دەسـتـێکی لە پشـتـمدا... دڵسۆزانە پەلی گرتم... لای ئاگردانەکە دووری خسـتـمەوە، تا بەر دەرگا وەپێش خۆی دام... دەرگاکەی لێ کردمەوە، هالاوی سەرما دیسان هوروژمی بۆ ژوورەکە هێنا... لەرزی خستە گیانمەوە، باوکم وەکو هەستی بەو هێرشی سەرمایە نەکردبێ... کە وەکو زمانی حەزباییێکی هەژدە سەر تەوژمی دەبرد، منی لە دەمی دەرگـاکـەوە هاویشـتـە کـۆڵان، لەبەر دەرگـا وەسـتـا هەتا لە کـۆڵانەکـە بەرەو ڕێگای مـزگـەوت سـووڕامەوە... سـەیری ڕەوتی دەکـردم، بەبێ دەنگی و بێ بەرهەڵسـتی ملم بەرەو مـزگـەوت شـۆڕ کـردەوە، ئیدی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ... ئەم نوێژ و جەماعەتەم بۆ بوو بەنەریتێک...، نەریتێک کە باوکم بۆی داڕشتبووم، ئەو وا لێکی دەدایەوە کـە مـرۆ تەنهـا بەنوێژ و تاعـەت بەڵگەی خـواپەرسـتی دەنوێنێ، هەر لەم ڕێگایەشەوە لە خالیق نزیک دەبێتەوە... لە عەزابی دۆزەخ ڕزگاری دەبێ، ئەوها بیری دەکردەوە کە:

– بەتاعـەت و زەحـمـەت کـێشـان... بە نەوس ئازاردان... لە خـوا نزیک دەبینەوە! دەبینە ئینسـان... دەبینە پیـاو، دەنا لایەنەکانی دیکەی ژیان... هەمووی خۆنیشـانـدان و ڕواڵەتە... پووچەڵە... بۆش و بێ سوودە، مرۆ دەخاتە گێژەلووکەیێکی بێ سەرەتاو بێ دوایی، لە تاریکاییێکی بێ بن نقوومی دەکا. وە دەیفەرموو:

– ژیـان... ئەگـەر بـۆ لە خـوا نزیک بـوون نەبێ، نرخی ئەوەی نـابێ مـرۆ بـۆی بـچـەوسـێـتـەوە... بجووڵێتەوە... ئەوەندەش ناهێنێ کە پێی دەدەین.

باوکم... ئەئاوها بیری دەکردەوە... هەر ئەوهاش بۆ منی دەڕست، بەم ڕەنگەش خودای پێ ناساندبووم، منیش هەتا ئەو مابوو... بەهێزی بیری ئەو دەسووڕام... لەناو بازنەی بیری ئەو دەرنەدەچووم، کە گەورەش بووم... ئەوەم پتـر لا ڕون بوەوە کـە ئەو سـەردەمـە باوک و خـودام لا بـبـوون بە یەکـێـک، خـودام بەئەو دەناسی... ئەویشم بەخودا!!!... هەردووکیانم لە یێک جودا نەدەکردنەوە.

زۆر جار لەناو نوێژدا، لەریزی نوێژکەران، بەتایبەتی وەرزی زسـتـان... سەرەتای بەهارو... دوا ڕۆژی پایز... کە دونیا سارد دەبوو، لە ریزی نـوێژ... لە سەرمانا موسڵدانم دەئاوسا... سڕ دەبوو... ماسوولکەکانی شل دەبوون... بەبێ دەست و هەسـتی خـۆم... مـیـز بە لاق و لەتەرمـدا دەڕژا و مـافـوورەکـەی مـزگـەوتی دەڕشاند!... لام وابوو کە ئەم بەخۆدا میزتنەش بۆ من... بۆ دینی من زیانێکی نییە و نوێژەکەم قبوڵە، زۆر جاریش زگم ژانی دەگرت... بای دەکرد... دەپەما... لەناو نوێژدا بام لێ بەردەبوو، هەرگیـز مـەترسی ئەوەشم نەدەکـرد کە دەسنوێژم شکابێ... یان نوێژەکـەم نوقسـانییێکی هێنابێ، بەپێچـەوانە... لەناو دڵی خـۆم پێم

وابوو نوێژەکەم توند و پتەوترە و خواش خێری زۆرترم بۆ دەنووسێ... پتر لێم رازی دەبێ. مادام باوکم پێ رازیە... ئیتر بۆچ و چۆن خودا پێی رازی نابێ؟ رەمەزان... رۆژووگرتن فەرزە، ئیدی ئەمە بەس بوو... ئەمە چ پەیوەندیەکی بەوەوە نەبوو کە من هێشتا بچووک بووم، تەمەنم لە هەشت ساڵی تێپەڕی نەکردبوو، زگ هێشە... هێز و توانای لەبەر بڕیبووم، خۆم لەبەر برسیەتی رۆژوو نەدەگرت، دەبوایە خودا و باوکم رازی بکەم، لەفەرمانیان دەرنەچم، بەڕۆژی ببم!! ئە ئاوا... بە رۆژوو دەبووم، بەڵام چۆن بەڕۆژوو بوونێک؟... ناچاری و... بە رواڵەت... لەبەر چاوی ئەوان... لەبەرچاوی باوکم، دەنا هەرگیز درێغیم لەوە نەدەکرد... لەوە نەدەپەنگامەوە ئەوەی وەبەردەستم کەوتبا و بۆ خواردن بشیابا، پاش ملە... بە دزی، دوور لە چاوی باوکم... لوولم دەدا... قوتم دەدا... هەڵم دەلووشی!! ئێوارانیش واتا بانگی شێوان... یان پارشێوان... ئەوا وەکو هەموو ئیسلامەکانی خودا پەرست... وەکو بە رۆژووەکان... ئەوان چیان دەکرد... منیش وا!!.

– هەموو بەیانییەکی رۆژانی رەمەزان... لەبەر ژانەزگ، لەخەو رادەچڵەکیم، زۆربەی رۆژەکانی دیکەش زگم هەر دەیەشا، ئەستوور دەبوو... بای دەکرد... پێچی دەخواردەوە، دەمگوت ریخۆڵەکانم دەتەقن، هەناسەم تەنگ دەبوو، هەستم بە ئازارێکی یەکجار دژوار دەکرد، دایکم بەو ئازار و ژانانەم تەنگاو دەبوو، ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرا کاتێ ژانەکان گەمارۆیان دەدام... لەسەر گازی پشت رای دەکشاندم، زگ و پشتی رووت دەکردمەوە، بە پەنجەکانی دەستی چەوری دەکردم، پارچە پەڕۆکێکی چەند جار قەد دەکرد... تا وەک بالیفێکی لێ دەکرد، بالیفەکەی دەدایە ئاگر تاکو سوور دەبووەوە گەرمی دەکرد، ئەنجا زگ و پشتی پێ دەشێلام، کە پەڕۆکەکە سارد دەبووەوە، بە سێ پەنجەی دەستی دەماری ناوکی دەگرتم، دەیگوشین... دەیگوشین هەتا نەرمی دەکردن، ئەمجا بۆ سەر زگ وەری دەگێرام، قۆلنجی دەگرتم، ماسولکەکانی پشتی شل دەکردمەوە،... بە درێژایی ئەو عەمەلیاتەش لێوی دەجولاندنەوە، فاتیحە و قوڵ وەڵڵای دەخوێند... نزای دەکرد:

– ئەی خودای گەورە، کوڕەکەم لە ئێش و ئازار رزگار بکەی. وە لەبەر خۆیەوە بە منی دەگوت:

– مەلا دەیفەرموو... زگ و پشت شێلان، فاتیحە خوێندن... دەرمانی نەخۆشین، خوا دەردو بەڵات لەسەر دەفع دەکا... ئینشائەڵڵا.

رۆژێکیان لە حەژمەت ژانەزگ جینگڵم دەدا، لەسەر سەر دەسووڕام... هێزم لەبەر بڕابوو، دایکم بە چاوێکی پڕ گلەییەوە رووی لە باوکم کردو پێی گوت:

کوڕە ماڵ وێران... کوڕەکە دەمری... بۆچ چارەیێکی ناکەی بۆچ؟ جارێک نایبەیە لای حاجی سادیقی حەکیم؟ یان بۆچ بە دختۆری خەستەخانە نیشانی نادەی؟

باوکم کە تەنیا هەر بڕوایی بە خودا هەبوو، خودای بە حەکیمی هەموو حەکیمان دادەنا، ئەوەڵ جار بە هێمنی گوێی بۆ قسەکانی دایکم شل کرد، لەسەرخۆ پێی گوت:

– حورمێ هەر خودایە... دوختۆر و حەکیم.

دایکیشم بێ دەسەڵاتانە... وەڵامی دایەوە و پێی گوت:

– سەددەق هەر خودا حەکیم و دوختۆرە، بەڵام هەر ئەویش دەردی داناون... دەرمانی داناون.

زۆری لە باوکم دەکرد، لێی دەپاڕایەوە کە بە دختۆرێک... حەکیمێک نیشانم بدا، ئیدی یەک لەو و... یەک لەم... لێک هەڵزۆقینەوە، لێیان بوو بە دەمەقاڵێ، ئەو بە دایکمی دەگوت:

– بڕواییت بە قودرەت و توانای خودا نییە!

ئەویش پێی دەگوتەوە:

– کوڕەکە دەکوژی... هەی بێ ڕوحم، چۆن دەبیە سەبەبی... ئەم هەموو ژان و ئازارەی تاقانەکەمان.

وە بە توورەییەوە بانگی دەکرد:

– ئەها... ئەگەر نەبوویە قاتیل!... دەبیە قاتیلی کوڕەکەت و هەرگیز خودا لێت خۆش نابێ.

لە ئەنجام باوکم زۆر توورە دەبوو، دەستی بە جنێو دان دەکرد لە دایکم.

– لە گۆڕی بابی سمایل حاجیت بەم!.

وە بەبێ دەست وەشاندن... هەڵدەستا و دەردەپەڕیە دەرەوە. دایکیشم لەبەرخۆیەوە، دەستی بەگریان دەکرد، شیوەنێکی کپی دەنایەوە، دەهاتە لای من، لەسەر پشت درێژی دەکردمەوە، دەستی بە عەمەلیاتەکەی دەکردەوە.

جارێک لە ژێر عەمەلیاتەکەوە لێم پرسی:

– دایە حاجی سمایل کێیە؟ بۆ بابە ڕکی لێ دەبیتەوە؟ بۆچ جنێوی پێ دەدا؟

وام بۆ دەهات کە ئەو کەسە... دوژمنێکی باوکمە!!.

دایکیشم لەناو فرمێسکدا... بزەییێکی گرت، دەستێکی وەڕوودا هێنام و گوتی:

– ڕۆڵە سمایل حاجی... سمایل حاجی... ئەوە باپیرەم بوو... کوڕم... باپیرم.

جاری وا دەبوو، بەرەبەیان پێش ڕۆژهەلات... دەبوایە لەگەڵ یەکەم کۆخەی مەلای مزگەوت، ڕێگا بەرەو مزگەوت بدەمە بەر، ئەو جارانە... ئەگەر باوکم وە پێش خۆی نەدابام و وەکو ئاژەڵ بەرەو مزگەوتەکە لێی نەخوڕیبام...، ئەوا بە دزی... بۆ چەند دانێک ئازادی خۆم دەدۆزیەوە، هەر لە کۆڵانە تەسکەکەوە... لام لێ دەکرد بام دەدایەوە لای گۆڕەپانە بچکۆڵەکە... بۆ ناو منداڵانی گەڕەک، لەگەڵ ئایشەگوڵی کۆنە دراوسێمان... لەگەڵ منداڵانی دیکەی گوند بە گەمە کردن و هەڵبەزین... لە دونیای منداڵیدا نقووم دەبووین مزگەوت و نوێژ و جەماعەتم لەناو ئەواندا وون دەکرد... فەرامۆش هەروەها باوکیشم!!.

ئا بەم چەشنە باوکم خودای پێ ناساندبووم، تا وام لێهات سەرەدەریم لە مەسەلەکە بۆ دیار نەدەکرا!... هەردوویان هەر خاوەن فەرمان بوون... شتیان لێ دەویستم... هەردووکیان هەر ئەوەندەیان لێ دەویستم و بۆ دەویستم... لە فەرمانیان دەرنەچم... ڕازیان بکەم و زویریان نەکەم.

بەراستیش ئەگەر هەموو ڕۆژێکی خودا... جار لە دوای جار ... گوێم لەدایک و باوکی ئایشەگوڵ... ئایشەگوڵی هاوڕێم، کە بانگی خوایان دەکرد و لەبەری دەپاڕانەوە... تا لە هەژاری ڕزگاریان بکا، بەڵام کاتێ ئەو هەموو نووزکە و پاڕانەوەیەم لەداک و باوکی ئایشەگوڵی کچە بچکۆلانە هاوڕێکەم دەبیست دەکەوتمە گومان!... شکم لێ پەیدا دەبوو، چونکی لێم روون بوو کە ئەوانە بانگی باوکم ناکەن... بانگی یەکێکی دی دەکەن، هەر جارەی ئەوان بە وەڕەسی و پاڕانەوە بانگی خودایان دەکرد... من لە دڵی خۆم لەخۆم دەپرسیەوە:

باوکم لە کوێ دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەوان لە هەژاری ڕزگار بکا!. جگە لەدایک و باوکی ئایشەگوڵی هاوڕێم، دایکیشم پاش نوێژکردن... ئەویش لە دوای هەموو نوێژێک، کڕنۆشێکی درێژی دەبرد و خۆی بە بەرماڵەکەی چڕ دەکردەوە، تا ماوەیێکی درێژ... کە سەری بەرز دەکردەوە... دەستی بەرەو ژوور بلند و پان دەکردنەوە، بانگی دەکرد! ئەو بۆخۆمان بانگی دەکرد... داوای رەحم و یارمەتی لێ دەکرد، تا لە هەژاری و نالەباری ڕزگارمان بکا!... تا منی کوڕە تاقانەکەشی لە نەخۆشی و ئازاری زگ ئێشە چاک

بکاتەوە، هەروەها دەروێش قادر و خەلیفە سەرسۆریش، ئەمانیش لەسەر تاتە بەردەکانی مزگەوت... لەژێر دار چنارە پیرەکە، لەکاتی زیکر کردن... لەگەڵ خەڵکەکەی تری دەورەشیان... ئەوانیش دیسان بانگیان دەکرد... لێی دەپاڕانەوە... بە پاڵپشت و داڵدەدەری خۆیان دەیان ژمارد!. و لە تەک ناوی شێخ قطب الدین... ناوی ئەویشان دەهێنا!. بەم رەنگە تا دەهات سەرم لێ دەشێوا، هەر کەناوی ئەو دەهات ئەم هەموو شتانەم بە تێکەڵاوی دەهاتنەوە بەرچاو، بیرم لێ ئاڵۆز دەبوو... ناچار سەرم دەلەقاند، گێلانە دەمم لێی بەش دەکردەوە، خۆم لە شتەکە هەمووی دەبوارد... وەکو ئەو مەسەلەیە لەمن جودابێ... پەیوەندییێکی بەمنەوە نەبێ... وا!! تاقە شتێک کە لە مێشکمدا... لە دەروونمدا جێگیر بوو... تەنیا شتێک کە لە ئەنجامی ئەو هەموو رووداوانە و موعانات و... لە مێشک و دەروونم... لەدڵ و ویژدانم نیشت ڕک بوو ڕکێکی گەورە بوو لە... باوکم، ئەو ڕکە هەتا دەهات لەناو دڵمدا... دەچەقی... ڕەگی دادەکوتا... هەر چەندە دەمکرد بۆم نەدەکرا... بیلەقێنم... هەڵی قەنم... دەری بێنم... لەخۆم دووری بخەمەوە، ئەمە و... ئەمەش کە دەبوایە منیش وەکو ئەوان... وەکو ئەو هەموو خەڵکی ئاواییە... بیپەرستم... نوێژی بۆ بکەم، ڕۆژووی بۆ لەییێک گرێ بدەم... لێی بپاڕێمەوە... بانگی بکەم، هانای بۆ بەرم، لە تەنگانەدا هانای بۆ ببەم... لێی بترسم وەک شتێکی ترسناک لێی بترسم، خۆم لەوە بپارێزم زوێر نەبێ... توورە نەبێ... نەوەکا وەبەر غەزەبی بکەوم!! لەگەڵ ئەم هەموو شتانە... لەسەرووی ئەم هەموو شتانەش... دەبێ خۆشم بوێ، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە... کە تەنیا هۆییێک بۆ ئەم تێکەڵاوی و ئاڵۆزی و سەر لێشێوانە بدۆزمەوە، یان لەو ڕکە گەورەیەی بۆ باوکم لەناو دڵمدا ڕوا بوو، بەشێک لەو ڕکەش بدەم بەو!! ئەگەر چی لە سەرەتادا بۆم ڕوون نەببوەوە بۆ چ پێویستە بیپەرستم، بۆچ دەبێ خۆشم بوێ، بۆ لێی بترسم؟ بەڵام لەناو دڵمەوە... بەراستی رکم لێی نەدەبوەوە... نازانم... بۆچ ئەوەم... ئەوەم بۆ نەدەهات... یان دڵم ڕێی نەدەدا... رکم لێی ببێتەوە؟ رەنگە هەر لەبەر ئەوە بووبێ، کە وەکو باوکم رووبەڕووی نەببووم... وەکو ئەو مامڵەتم لەگەڵدا نەکردبوو، هۆیەکی یەکسەری وام بۆ نەگونجابوو... کە گەرای ڕکم لە دەرووندا بۆ ئەو دابنێ، هەتا ئەو ڕۆژەی ئایشەگوڵی هاوڕێمیان سواری ئۆتۆمۆبیلەکە کرد... بردیانە شار... و لەبەر چاوما... وونیان کرد!! ئایشەگوڵی کچە هاوتەمەنەکەم، کە تەنها دڵم بۆ ئەو دەکرایەوە، لە گۆڕەپانەکەی گوند، لەو هەلانەی خۆم... لە نوێژ و... لە باوکم و... لە خوا... دەدزیەوە، لە گۆڕەپانەکە... لەکۆڵان... لەتەک ئەودا یاریم دەکرد... متووی ببووم، ئەویش متووی من ببوو... هەردووکمان هۆگری یەکتری ببوین، دڵە ساواکانمان بۆ یەکتری لێی دەدا، ئەو رۆژەی سواری ئۆتۆمۆبیلەکەیان کرد و... بردیانە شار، ئەو رۆژە بۆشاییێکی زۆر گەورە و فراوان... دڵساردییێکی تاڵ... کەلێنێکی پڕ ئازار... کەوتە ژیانم... بە وون بوونی لەبەر چاوم، بەڕەش بوونەوەی لەژیانم، لە ژیانی ئەو ساتەمدا، ئۆقرەم لێ هەڵگیرا ئارامم نەما، پتر لە ژووره قوڕێنیەکەی خۆمان و کەمتر لە کۆڵان خۆم دەدۆزیەوە!! کاتێ باوکیشم لە ماڵەوە دەردەچوو... یان وەرس دەبووم... و هەلم چنگ دەکەوت، دەچوومە پێش بانەکەی خانووەکەمان، کە دڵنیاش دەبووم... باوکم زوو ناگەڕێتەوە، ڕام دەکردە سەربان و بەرامبەر گۆڕەپانە بچکۆڵەکەی... هەموو رۆژێک لەگەڵ ئایشەگوڵ گەمەمان لێ دەکرد... رادەوەستام... تێر لە گۆڕەپانەکە... کۆڵانە تەسکەکەوە رادەمام، دەمدیت منداڵەکان... وەکو هەموو رۆژێکی رابوردوو... لە هەڵبەزین و رمبازی و گەرمەی یاری دابوون... چاوم دەگێڕان... کە ئایشەگوڵم نەدەهاتە بەرچاو، لەسەر چیچکان هەڵدەترووشکام... ئاهم هەڵدەکێشان، ئاهم بۆ رەفیقە وون بووەکەم هەڵدەکێشان، بیرم دەکردەوە... لەخۆم دەپرسی:

– چۆن لەبیرم دەچێتەوە؟ ئەو کەلێنەی ئەو لە دەروونیدا پەیدا کردم، چۆن و چی پڕی دەکاتەوە؟ تازە

دەتوانم هۆگری کێ بم، کەنگی رەفیقێکی وەکو ئەو دەدۆزمەوە؟ هەر دەنووزامەوە... دەنووزامەوە... دەتوامەوە خەمم دەخوارد، ئێستاش کە تۆلازێک... هەرزەکار، تەمەنم شازدە ساڵە و هۆگری نەخشین بوویم، دڵم بەو بەندە، ژیانم بەهۆی ئەوەوە تامێک دەدا، خودا... خودایە بیپارێزی، ئەو کچە خۆشەویستەم لێ نەکەیتەوە، لێم نەدۆڕێنی، ژیانم لێ تاڵ نەکەی، لام وایە ئەگەر نەخشین وون بکەم... ئیدی هەوای گوندەکەم... هەموو هەوای عالەم... سیپەلکەکانم تێر ناکەن، هەرگیز لە ژیاندا تامێک ناچێژم، کەلێنێک... نەک تەنها لە ژیانما... بەشکەم دەرزێکی فراوان لەناخی دەروونما... لە دڵمدا... لە جەرگمدا دەکرێتەوە... کە هەتا ماوم... خوین و خیزا و بدەلێنێ، تووشی کۆستێک دەبم کە هەرگیزاو هەرگیز بەرگەی نەگرم.

***

# 6

ئەو ڕۆژەش ڕۆژێکی خۆش بوو، تازە لەبەهار دەردەچووین و پێمان دەنایە هاوینەوە، ئاسمانی ساف... ڕۆژی وەک تۆپێکی گەورەی زێڕین گرتبووە باوەش، باخچەکانی گوند وەک دەریاییێکی سەوز، لەگەڵ شنەبا، مونجی دەدا، مێرگوڵە... بنار چیای سۆرکیان ڕەنگینتر دەکرد، بەبۆنەی هاوینەوە خەڵکی گوند... تاک و تووک ماڵەکانیان دەگوازتنەوە ناو باخچەکان، ئەو بارانە زۆرەی لە بەهاردا باری بوو، شەقام و کۆلانەکانی گوندی شووشتبونەوە، تۆپکەی سەفین بەفری پێوە مابوو... لەبەر چاومدا هەر بەسەری مامۆستا مەلا سەعیدی شێخزادە... دەچوو... ئەو ڕۆژە... خەڵکی زۆر ڕژابوونە سەر تاکە شەقامەکەی گوندی شەق دەکرد، بەبەر دەرکی سەرادا تێدەپەڕی، لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورەوە تا دار نومرە... گوندەکەمانی بەشار دەبەستەوە، تەنیا ئۆتۆمۆبیلی میر و جار جارەش ئۆتۆمۆبیلی عەسکەر بەو شەقامەدا تێدەپەڕین.

خەلیفە سەرسۆر... لەپێش مزگەوت... لەسەر چەقی جادەکە وەستابوو، شیرێکی رووتی بەدەستەوە بوو، نووکی شیرەکە... لەبەر تیشکی ڕۆژ... جار جارە بروسکەی دەدا، کەزیە سوورە درێژەکانی بەسەر شان و تا چۆکی هاتبوونە خوار، پرچە تێکەڵ و گچلاوەکەشی بەسەر نێوچەوان و ناو پشتیدا... پرش و فش و بڵاوببوەوە، دەم نادەم وەک نێرە عەلەشیش، بەلەنگە لەنگ لەسەر جادەکە دەهات و دەچوو، لەپێش کۆمەڵی دەروێشەکان نومایشی دەکرد، دەروێش قادریش دوو زەرگەی لەم گوپ و لەو گووپی روومەتی گیر کردبوون، دوو زەرگەی سەر خڕی پلپلەدار... نووکی زەرگەکان لەبن هەردوو بناگوێی دەرپەڕیبوون، پلپلەی زەرگەکانیش... بەسەر کاژێر و روومەتەکانی دەلەرانەوە.دەروێش جامیش لەناو قەدیەوە خۆی بەسەر پانایی دەمی شیرێک داهێنابوو، ئەمسەر و ئەوسەری شیرەکە... لەدەست دوو دەروێشی سەرخڕی قژداری جحێڵی نوستبوون، وەکو چۆن پەڕۆی شووراو بەسەر رستەیێک هەڵدەواسی، دەروێش جامی... ئەئاوا بەسەر شیرەکەدا هەڵواسرابوو، کۆمەڵێک دەروێشی دیکەش لەسەر شەقامەکە زیکریان دەکرد، سەر و ملیان بەولاو بەولاوی خۆیاندا کەچ دەکردەوە، لەسەر یەک پێ حەنزەلیان دەکرد و هەڵدەقۆزینەوە، لەپاشان دەکەوتنە سەما کردن، دەستەیەکیش دەفیان لێ دەدا، شیرو تیر و زەرگیان دەوەشاند... لێک نزیک دەبوونەوە... هەتا لە دەورەی شێخەکەیان... شێخ قطب الدین... بازنەیان دەکرد. یەکێک لەو دەروێشانە... لە پڕ بۆ لای دەورێش جامی بەزی، بە نەڕەنەڕ... لە دوورایی دوو ڕم خۆی تێ هەڵدا، سواری پشتی دەروێش جامی بوو، لە پاشان بۆی هەڵستایەوە لەسەر پشتیەوە راوەستا، دەستی بە هەڵپەڕین و سێ جرتەکی لێدان کرد، دەروێشێکی تریش بەسەر نووکی شیرەکەی کووڕ ببوەوە، نووکی شیرەکە لە کاریتەی پشتی ڕووتی ئاودیو ببوو، وەک چووزەرە ڕێواس سەری هەڵدابوو.

لەسەرسواندەی خانووەکانی هەردوو لای شەقامەکە، ژن و پیرێژن و کچ و منداڵانی ئاوایی... وەکو پۆلە مەلێکی ڕەنگاوڕەگ... لێی هەڵنیشتبوون، سەیری ئەو بەزم و هەرایەیان دەکرد... هەندێکیان سەڵەواتیان لێ دەدا... ناوی خودایان دەبرد:

– ئەڵڵا... ئەڵڵا... هەی ئەڵڵا.!!.

قەمەرە تەنتەکەی شێخ قطب الدین... شێخی گەورە، لەگەڵ لۆرییێکی شلۆق و شەت و خوار... لە نزیک دەرگای مزگەوت... لە ڕۆخ شەقامەکە وەستابوون، نازانم بۆچ لۆریەکەم هەر بە پیرە بارگیرەکەی ماڵی هەیدەری دەشوبهاند،نەڕوهۆڕی دەروێشەکان... بانگە بانگ و غڵبەی ڕۆخ و سەرشەقام و گوێ سواندەکان... هێمنی گوندەکەیان دەشڵەقاند، زەماوەندەکەی ڕۆژی بەزاوابوونی کوڕی میریان دەهێنامەوە

بەرچاو. سۆفی وسووی... باوکی ئایشەگوڵی... کچە ڕەفیقە خۆشەیستەکەم لەگەڵ پوور ڕابیی دایکی ئایشەگوڵ... لە تەنیشت یەک بە جودا... دوور لە کۆڕی هەرایەکە... لەزارکی ئەوکۆلانە تەنگەبەرەی... دەگەیشتە زنجەکەیان... لێی وەستابوون، کچە بچکۆلەکەیان خستبووە ناوێن خۆیانەوە، هەر یەکەیان باڵێکی لێ ئالاندبوو!... بە سەرسامی و پەشێوی سەیری کچەکە... هەرایەکەی سەر شەقامیان دەکرد!!... هەردووکیان حەپەسا بوون، هەر کە چاوم بە ئایشەگوڵ کەوت... فەرامۆشییێک دایپۆشیم، خۆشییێک پەڕیە دڵمەوە، بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێ بکەمەوە، وەکو ڕۆژان بە ڕاکردن بە گوڕ ڕام کردە لای... حەزم دەکرد دەستە خوشکەکەم بدوێنم... چاوەنواڕ بووم، ئەویش کە چاوی بەمن کەوت وەکو ڕۆژان بە ڕاکردن بە پیرمەوە بێ، بەلام کچۆلە خۆشەویستەکەم لە جێگاکەی نەجوولا، چوومە نزیکیەوە... چاوم تێی نز کردنەوە، ئایشەگوڵ بە دەستێکی لیچکی کورتەکەکەی باوکی و بە دەستەکەی تریشی لاچکی چارۆگەکەی دایکی گرتبوو... پاش کەمێک... سەری هەڵبڕی... چاوی لەچاوی من ئالاندن... هەندێک جولایەوە... دەیهەویست ڕووی خۆی بە چارۆگەکەی دایکی... داپۆشێ... پتر خۆی بە دایک و باوکیەوە جیر کردەوە، وەکو ترسی ئەوەی لێ نیشتبێ... یەکێک بیفڕێنێ و لەناو ئامێز و بن باڵی دایک و باوکی دووری بخاتەوە.

پتر لێی چوومە پێش... دەمەویست خۆی تێ هەڵسووم ... وەکو جاری جاران... خۆی تێ هەڵسووم... دەستە بچکۆلەکەی بگرم... بۆ ناو ڕەزان ڕای فڕێنم، ئایشەگوڵ... تاسا بوو... لێو و لەشی دەلەرزین... بەسامگرتوویی گلێنەی چاوەکانی زوو زوو گەوزیان دەدا، سەیرێکی دیمەنەکەی سەر شەقامی کرد، چاوی بۆ لای من گوازتنەوە، سوورایێک پەڕیە ڕوومەتەکانی و بە ئاستەم بۆم گرژیەوە، بە چاو بانگم کرد... لەپڕ... و بەبێ دەستی خۆی؛ بەتوندی جولایەوە... خۆی هەڵتەکاند، هەوڵی دا لەژێر باڵی دایکو باوکی... دەرپەڕێ!! ویستی ڕابکاتە لام، کە دایک و باوکی بەمە حەسیان ، بێ ئەوەی لە جێگاکانیان بجووڵێنەوە، وەیا سەیرێکی کچەکەیان بکەن، یان تەنانەت بیدوێن، بە گورجی ئالقەی دەستەکانی سەر شانی کچەکەیان وەییێک هێنایەوە... و توندیان کرد... بۆ ئەوەی ڕێگای نەدەن لە ناوێنیان دەرچێ و بێتە لای من، دەمەویست خۆی تێ هەڵسووم، پتر لێی نزیک ببمەوە، دایک و باوکی خۆیان لە چۆنیەتی من بوارد چاوم لەچاوی ئایشەگوڵ خشاندنەوە، بەچاو بانگم کردەوە:

– وەرە... ئایشەگوڵ... وەرە بچینە گەمان.

– دەی... وەرە ئایشۆک... وەرە بچینە ناو ئەم زەماوەندی سەر شەقامەکە، دەی... ئایشۆک... دەی.

– ئاە... دەی دیارە ئایشۆک لێم تۆراوە... لێم زویر بووە، نایەوێ وەکو جاران دوو بەدوو گەمان بکەین... وەکو جاران لە مێرگەکە یەکدی بگەوزێنین... وەکو جاران...

بەیانیەکە، خەبەرێک لە گوند بلاوبووە، خەڵک لە کۆلانەکان باسیان دەکرد، منداڵەکانی گەڕەک... لە گۆڕەپانەکە بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە، منداڵەکان لە دایک و باوکی خۆیان بیستبوویان، دەیانگوت:

– دایکی جەمال... هاتۆتە گوندەکەمان!

ئێمە منالەکان لە یەکتریمان دەپرسی:

– دایکی جەماڵ چییە؟

– دایکی جەماڵ... دایکی جەمال، چۆنە؟

بەسەر سوڕییێکەوە... ئەم پرسیارانەمان بە یەکدی دەگوتنەوە!!... و دووبارەمان دەکردنەوە، تا لە دواییشدا کە وەلامێکمان وە چەنگ نەدەکەوت، بە ڕووی یەکتری دەتریقاینەوە، خەبەرەکەمان لەناو

گەرمەی یاری دەتوایەوە و... لەبیر دەچوو.

رۆژێک قادرۆکی رەفیقم... سەری هێنایە بن گوێم و لەسەرخۆ بە گوێما چرپاندی:

– بابم دەیگوت... دایکی جەمال میوانی مودیر بەگە، میوانی «ئەحمەد شەشخان»ە!!

هەموو منداڵەکانی گەڕەک... لە دەورەی قادرۆکی رەفیقمان... کۆبووینەوە، کە ئەو گوتی شەشخان. هەموومان بە دەنگ... بەدەنگێکی بەرز دامانە پێکەنین و تریقاینەوە، و بەیەکجار بانگمان دەکرد:

شەشخان... شەشخان... ئەحمەد شەشخان!!

ئایشەگوڵ لەرۆخی گۆڕەپانەکە، دوور لەئێمە... بەتەنیا وەستابوو، گوێی لە مرقە مرقی ئێمە راگرتبوو، پێکەنین کشایە ناومان، کە گەیشتە دەورەی قادرۆک...دەستێکی هەڵبڕی و بانگی کرد:

–چۆن هەتا ئێستا نازانن دایکی جەمال... کێیە؟

– راوەستن... پێتان بڵێم ... دایکی جەمال کێیە؟!...

وە بەبێ ئەوەی چاوەنواڕی رای ئێمە بکات، یەک دو جار لە گۆڕەپانەکە... لەیزی و هەڵبەزی، بە لەیزینەوە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد:

هەی ئاغەو... ئاغەو ئاغە

بۆم تێکە جەرگم داغە

چاوت پیاڵەی قۆنیاغە

ئەو بەیانیە، ئایشەگوڵ... بەدەنگە منداڵە نووساوەکەی، بە دەنگە ناسکەکەی، گۆرانیەکەی دایکی جەمالی گوتەوە:

هەی ئاغەو... ئاغەو ئاغە

چاوت پیاڵەی قۆنیاغە

مانگ لە ئاسمان راوەستاوە

ئەستێران دەوریان لێداوە

یاری خۆمە ولێم تۆراوە

بۆم تێکە و جەرگم داغە

پەلاماری دەستی یەکتریان دا بە راکردن... بە هەڵبەز هەڵبەز... لە کۆڵانەکەی بەردەرکی سەرا... سوورڕاینەوە... بامان دایەوە لای قوتابخانەکە، لەوێشەوە... سەرکەوتین تاکو تەختاییەکەی پێش ماڵی مودیر بەگ،... نەوەستاین، منداڵەکانی دیکەش بە دوومانەوە... دەبەزین، لەبەر بەزینەوە... گۆرانییان دەگێڕایەوە:

بۆم تێکە جەرگم داغە...... هەی ئاغەو... ئاغەو ئاغە

لە قوڕنەیێک... خۆمان دایە پاڵ دیواری ماڵێک... روومان لە دەرگای ماڵی مودیر بەگ کرد.

ئەو رۆژە هەینی بوو... قوتابخانە نەبوو، کۆمەڵە منداڵێکی گوندی لەسەرە کۆڵانەکان... هەندێکیشیان لە گۆڕەپانە بچکۆڵەکەی پێش ماڵی مودیر بەگ لێ وەستابوون، ئەوانیش چاویان بڕیبووە دەرگای ماڵە گەورەکە! هەمووومان چاوەنواڕی دیتنی دایکی جەمال بووین، دەم نادەمیش چاومان دەگوازتەوە لای ئەو دوو زەلامەکەی کە لەبەر دەرگایەکە وەستابوون، جڵەوی دوو ئەسپیان بەدەستەوە

بوو، ئەسـپـەکـان هەر یەکـەیان کـۆچکەییـّکی بە گـولینکی لەسـەر بوو!! گـولینگە رەنگاوڕەنگەکـان... بە دەورەی سەر و دەم وچاویان... بڵاوببـوونەوە، زینی سەر پشـتیـان بریقـەیان دەدا، بەبێ وەسـتـان کلکیـان ڕادەوەشاند و دەیاندا لە لاتەرۆک و لە لاڕانیـان، لە پڕ سمیـان لە ئەرزەکەی بەرپێیـان دەکوتا، سەریان دەلەقـاند... فـرمـەیان لێـوە دەهات، دوو زەلامـەکـانیش پـتـر جڵـەویان توند دەکـردن، هەوڵیـان دەدا بیـان وەستێنن.

زۆری پێ نەچوو دەرگـای مـاڵی مـودیربەگ کـرایەوە، ژنێکی کـەڵەگـەتی پڕی سـوورو سـپـی لێ بەدەرکـەوت، جلکی ئەلمۆدەی، لەبەردابوو، منداڵەکـان... بەسـەرسـوڕمـاوی... هەمـوو بەیەکـەوە بانگیـان دەکرد:

– ئەوەیە... دایکی جەمال... ئەوەتە... دایکی جەمال.

قادرۆکی هاوڕێشم گوتی:

– ئەرێ وەڵڵا... باوکم دەیگوت دایکی جەمال ژنێکی جوان و دەنگ خۆشە!!.

دوو زەلامە مەیتەرەکان... بەتوندی لە ئێمەیان وەڕاخوڕی، منداڵەکان... بە ترسەوە کشانەوە دواوە، هەندێکیان هەڵاتن و خۆیان شاردەوە، لەبەر هەڵاتنەوە بانگیان دەکرد:

– کوڕە... ڕاکەن... جاندار حەپسمان دەکەن.

من و ئایشـەگـوڵ خۆمـان لەپەنای سیلەی خانوەکـەی (مـام بەکـری تریان کـەر) مـات دابوو... ڕامـان نەکـرد... ئارەزوومـان بوو دیمەنەکـە ببـینین. ترس لەمنیش نیـشـتـبـوو، سـەرم بردە بناگـوێی... ئایشـەگـوڵ، بەدەنگێکی لەرزۆک لێم پرسی:

– ئایشۆک... ئێمەش نەڕۆین؟

ئایشـۆک... چاو... و هەمـوو بیـری بە دیمەنەکـەی دایکی جـەمـال و مـەیتـەرەکـانەوە بەند ببـوو،، گـوێی لەپرسیـارەکەم نەبوو... وەڵامی نەدامەوە.

مودیربەگ... لەدوای دایکی جەمال بەدەرکەوت، کە گەیشتە بەردەرگا دەستی  دایکی جەمـالی گرت، بۆ لای ئەسپەکان چوونە پێش. ئەحمەد شەشخانی... مودیربەگ... قـامچیەکی ریشاوی درێژی بە دەستەوە بوو... تا گەیشتە لای ئەسپەکان... قەمچیەکەی لە پانتۆڵەکەی دەدا، وەکو بیەوێ تۆزی لێ دابوەشێنی. ئەو منداڵانەی لەو نـاوە مـابوون... کـاتێ چاویان بە مـودیربەگ و بەقـەمـچـیـەکـەی کـەوت... ڕاپەڕین... بڵاوەیان لێ کرد، لەترسانا... لە سووچی کۆڵانە تەسکەکەوە... هەندێکیان بۆ ناو گوند و هەندێکیشیـان بۆ لای دێرە... تێیـان تەقاند!!... من و  ئایشـەگوڵیش... لە پەنا سیلەکەوە خۆمـان مـات دابوو، لەو جێگایە نەجووڵاین، ئاوڕێکمـان لە تەختـاییـەکەی بەر مـاڵی مودیربەگ دایەوە، مەیتەرەکـان ئەسپـەکـانیـان زەوت دەکردن، ئەحمەد شـەشخانی مودیربەگ... ئامێزی کردە دایکی جەمال، بۆ سەر زینی ئەسپە سپییەکە بەرزی کردەوە، مـەیتـەرەکـە، بەدەسـتـێک لارکێـفی ئەولای  زینی ئەسـپـەکـەی توند داهێنابوو، دایکی جـەمـال... دەستێکی هاویشتبـووە سەر ملی مودیربەگ، بەیارمەتی ئەم... هەڵمەتێکی دا... تا لەسەر زینی ئەسپـەکە قیت بوەوە، ئەحمەد شەشخان پێیەکی خستە ناو ڕکێف و مەیتەرەکەش پێیەکەی دیکەی و... لغاوی دایە دەست، دایکی جەمال بەبزەیێکەوە دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی و بەئاستەم سەرێکی بۆ ئەحمەد شەشخان دانەواند، بەڕووی گەشایەوە.

مـەیتـەری دووەم، ئەسـپـە بۆرەکـەی بۆ مـودیربەگ هێنایە پێـشـتـر مـودیر بەگـیش...  لەپڕ وەک

کەروێشک... فرتکێکی هەڵدایە سەر ئەسپەکە، پێیەکانی خستنە ناو ڕکێف، قەمچیەکی بەئاستەم لە کەفەڵی ئەسپەکە... دا و کەوتە دوای ئەسپەکەی دایکی جەمال.

من و ئایشـەگوڵ زۆر بەو دیمەنە دڵخۆش بووین، کە دایکی جەمال و مـودیربەگ بۆ سەر شەقامەکە شۆڕبوونەوە هەتا چاو بڕی کرد... سەیرمان کردن ، سەیری یەکترمان دەکرد... بۆ یەکدی دەگەشاینەوە، کە ئەوانیش لە چاو بزر بوون بە دیلانێ و هەڵبەزین، بەرەو ماڵ گەڕاینەوە، ئایشۆک لە ڕێگا ئەوەندە کەیف خۆش بوو، لەگەڵ هەر هەنگاو نانێک ئاوڕێکی لێ دەدامەوە، بزەیێکی لە لێوەکانی دەباراندن، دەستی یەکـتـرمـان توندتر گـرت، بامـان دایەوە لای گـردی دێرە، بە گـردەکـە هەڵگەڕاین، لەبەر ڕاکـردنەوە... بەهەناسەبڕکێ... هەردووکمان پێکەوە گۆرانیەکەی دایکی جەمالمان دەگوتەوە:

مانگ لەئاسمان بیست و سێیە

لەسەر سینگت ئەلف و بێیە

هەتا دەمرم تەمام پێیە

بۆم تێکە جەرگم داغە

هەی ئاغەو... ئاغەو ئاغە

ئینجـا بەسـەر گـۆڕی «خـەزولاس» بەرەو مـاڵ شـۆڕدەبوینەوە و بە ڕووی یێکدی بزەمـان دەکـرد... و دەتریقاینەوە!.

دیسـان بەپەرۆشـەوە... چاوم تێکەڵاوی چاوی ئایشـەگوڵ بوون، دایک و باوکی بەدەستی خـۆیان... ئابڵـۆقـەیان دابو، مـاوەییێـک لێی وورد بوومـەوە، زۆر خـەمم لەوە دەخـوارد کـە دایک و باوکی وەها گرتوویانە، نایەڵن بجووڵێتەوە... نایەڵن بێتە لای من و پێکەوە بچینە یاری.

بەچاو بانگم کردەوە:

وەرە... دەی! وەرە گوڵێ!

– وەرە... با بچینە یاری، منداڵەکانی گەڕەک کۆبکەینەوە.

چ دەنگدانەوەیێک لە گوڵێ نەبوو!!

سەیرێکی ترم کردەوە، وەکو لە ناوین دایک و باوکی بەستراببێتەوە... سندم کرابێ، جولەیێکی لێوە نەهات، نەیتوانی تەکـانێکی دیکە بداو ڕابکاتەوە لای من، منی هەڤـاڵە خۆشـەویسـتـەکـەی... لەتاوان چاوم لە فرمێسک زان، لەگەڵ خۆما دەمگوت:

– دەبێ ئایشەگوڵ لێم تۆرابێ؟

– بۆچی بە بانگی چاوەمەوە نایێ؟

ئایشـەگـوڵ بە چاوێکی پڕ ترس سەیری کـردم، خـوزیێکی قـووت دایەوە، بەڵام بۆم نەگـەشـایەوە، لە پاشدان هەندێک جوولایەوە، جێی پێیـەکانی گـوازتنەوە، بۆ ئەوەی لاچکە چارۆگەکـەی دایکی پتر بەسەر ڕووی خۆیدا بکێشێ و ڕوە ساواکەیم لێ بشارێتەوە.

– ئای ئایشەگوڵ... خۆت لەمن دەشاریەوە؟

– خۆت لە شێرکۆی هاوڕێت دەشاریەوە؟

لەدڵی خۆمدا... گلەییم لێ کردن و دیسان بە چاویش بانگم کردەوە:

بابچینه... ڕەزان، وەرە... وەرە بابچینە ناو ڕەزان!!

بەڵام ئایشۆک گوێی لە دەنگ و سروەی چاو... و دڵم نەبوو!!، ڕووی خۆی شاردبووەوە، هەموو لەشی خۆی لێ شاردبوومەوە، بە یەکجاری خۆی لەپەنا چارۆگی دایکی و لچکە کورتەکە شۆڕەکەی باوکی... بزر کردبوو، تەنها پێیە خواسەکانی دەهاتنە بەرچاو... پێیە ڕووتەکانی بەشەقامەکەوە نووسابوون... پەنجەکانی بە پەلە دەجوولانەوە و سەروژێری پێ دەکردن، جار جاریش لەپڕ دەرزێکی دەخستە سەر پۆشەکەی دایکی و هەردوو چاو... و لووتی بەدەر دەخستن، چاوەکانی لە درزەکەدا کوسک دەکران، ئاه... ه....

– ڕۆژەکەی، لەسەری کۆڵان... چاومان بە مام مستۆ کەوت، مام مستۆ ئەو ڕۆژە کە لەمن و ئایشەگوڵ وەڕادەما، ئەویش چاوی کوسک دەکران!!

تەماشا کردنەکەی ئەو ڕۆژەی مام مستۆ، زۆر وە چۆنیەتیەکەی ئیمڕۆی گوڵێی... هاوڕێ خۆشەویستەکەم دەچوو، ئەویش... کە ئێمە... من و ئایشەگوڵ و منداڵەکانی دیکەی گەڕەکی دەدیتن، یان لەپڕ لە سووچی خانوێکەوە دەردەکەوت و ڕووبەڕوومان دەهات، بە ترس و شەرمەوە سەیری دەکردین!! بە دوو چاوی بریسکەداری کوسک، لە سووچەکەوە... ئاوڕێکی لێ دەدایەوە، بە ترسێکەوە تەماشای دەکردین، پێش ئەوەی هەنگاوەکانی گورج بکاو بۆ ئەوەی بە پەلە ڕابکاو... خۆیمان لێ بشارێتەوە، ئەو ڕۆژەش کە من و ئایشەگوڵ... لەسەری کۆڵانەکە... ڕووبەڕووی بووین، وەکو جاری جاران، چاوەکانی کوسک دەکران!! هەندێک سەنگرایەوە و بەرەو پاش بوەوە، بای دایەوە کۆڵانەکەی دیکە و لەپێش چاومان وون بوو.

من و گوڵێی هەڤاڵم، ئەو چۆنیەتیەی مام مستۆمان زۆر پێ سەیر و سەرسوڕهێنەر بوو، نەمان دەزانی هۆی چییە، بەم ڕەنگە سەیرمان دەکا و خۆمان لێ دەشارێتەوە.

تا چەند ساڵێک تێپەڕی، ئەوکاتە زانیم کە مام مستۆ بە دزی تاوانبار کرابوو... مودیربەگ و قۆمیسێریش، بەفەرمان و بە شاهێدی میر و لەسەر داوای میر، مۆری دزیان لێ دابوو!!

هەتا ئەو ڕۆژەش کە مودیربەگ و قۆمیسێر، بەفەرمان و شاهێدی میر، ئەو مۆرە نەحسەی لێ بدەن، مام مستۆ، وەکو هەموو پیاوەکانی گوند... ئەویش خۆی بە پیاو دادەنا، خەڵکەکەش، ئەوانیش مام مستۆیان بە پیاو دەژمارد، وەک هەموو پیاوەکانی دیکە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد و ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن، گوندەکەی خۆی خۆشدەویست و خەڵکەکەشی بەخزمی ئاوایی دادەنان و ڕێزی دەگرتن، ئەوانیش بە خزمیان دەناسی و ڕێزیان لێدەنا، هەموو ڕۆژێک لەگەڵ تاریک و ڕوون دەچووە مزگەوتی گەورە و نوێژی جەماعەتی دەکرد، بۆ نوێژی شێوانیش، هەر لە مزگەوت لەگەڵ خەڵکەکەدا هەتا نوێژی خەوتنان دادەنیشت و کە وەعزی مەلای مزگەوت تەواو دەبوو، ئینجا بەکۆمەڵ لەگەڵ خەڵکەکە... لە زارکی مزگەوت دەهاتە دەرەوە و بەرەو ماڵەکەی هەڵدەکشا، مام مستۆ بە نیوچاوانێکی بلند دەهاتە بازاڕە بچکۆلەکەی گوند و... لە چایخانەکە... لەسەر تەختە دارەکەی پێش جامخانەکە... بەرامبەر دەرگای سەرا دادەنیشت، لەگەڵ هاوەڵەکانی... باسی بەفر و باران دەغڵ و دان و باخ و ڕەز و ... میوەو گاوگۆڵ و... چاندن و کاروانی دەشتی هەولێر و جوولانەوەی کۆچەرەکان، باسی ڕاو و شکار و کەو و کەوبازی دەکرد، دەنگوباسی ناوچەی دەبیست و دەیگێڕایەوە، وەکو ئەوانیتر قەننەشی دەکێشا، لە توتنە بۆندارەکەی شاوری دادەگرت، مژی قووڵ و قومی توندی لێ دەدان، دوکەڵەکەی بەتین... بەرەو ژوور بڵاودەکردەوە، کاتێ لە دانیشتن و لە چایخانەکە تێر دەبوو، بەگورجی لەسەر کورسیەکە هەڵدەستا، ناوی خوای دەهێنا،

پڕ بروایی بە خۆی و خۆشەویستی بۆ... ئەوانی دیکەی دانیشتوانی چایخانەکە... ئاوڕێکی لە دەورەی دەدایەوە... ئەمجا بە هەنگاوی ڕێک دەچووە کن خدرەسۆری چایچی، دەستی بۆ باخەڵی دەبرد، پارەی چایەکەی دەهاویشتە سەر سینیەکە، زۆر جاری وا دەبوو چای چەند برادەرێکی ویَر دەکرد و خواحافیزی دەکرد و لە چایخانەکە دەردەکەوت، ئەو... خەڵکی بە پیاو... بە ئینسان دەزانین ئەوانیش... ئەویان بە پیاو... بە ئینسان دادەنا، وەهاش مامڵەتیان لەگەڵ یەکدا دەکرد، هەتا ئەو ڕۆژە نەحسە!.

ڕۆژێک لە گوند بڵاوبوەوە، کە دوکانی حەسەن عارەب براوە!! شتومەک و ئەوەی تێیدا بووە... هەمووی لێ دزراوە، ئیتر ئەحمەد شەشخانی مودیر... قەمچیەکەی خستە کار، کەوتە گیان خەڵکی گوند، ئەو خەڵکەی مودیربەگ... هەر لەبەر خاتری میر ئەویش ڕکی لێ دەبوونەوە و هەر ئەوانەش تووشی جەزرەبە و ئازار و شەق و شوللاق و قامچی مودیر بەگ و قۆمیسێر و جاندارەکان بوون.

ئەحمەد شەشخان... وەک شێر بەسەر ئەو خەڵکەدا دەینەڕاند:

– دەبێ دزیەکە ئاشکرابێ... دەبێ دزەکە بناسرێ!!

تا لە ئەنجامدا، دزیەکە بەسەر مام مستۆ ساغ کرایەوە!!

بەڵام بۆچی مام مستۆ؟ میر زۆر لە مێژبوو... لە مام مستۆ داخدار بوو، ئەم مام مستۆیە یەکەم کەسێک بوو خۆی لە تانۆکی میر خشاندبوو، سەرشێتانەی خەڵکی گوندیش بوو کە جخزە پیرۆزەکەی نێوان گەورە و بچوکی... ئاغا و مسکێنی بەزاندبوو... لە میر هەڵقۆزیبوەوە، بەربەرەکانی لەگەڵدا دەکرد، هەرگیز ڕێی نەدەدا پارچە زەویەکەی لێ زەوت بکرێ و میری میران قووتی بدا، مام مستۆ کە دەگەیشتە ئێسکی... بەبێ پەروا لەناو خەڵکی گوندی هاواری دەکرد:

– مەگەر لاشەکەم لەناو زەویەکە بگەوزێ... خوێنم تێکەڵاو خاکەکەی ببێ، مەگەر ئەو چاوانەم پڕبن لە خۆڵ... دەنا... ئەو دەستە دەشکێنم مشتێک لە خۆڵەکەی بدزێ!!

ئەم قسەیەی مام مستۆش گرگەفێک بوو، هەرگیز لێی قبوڵ نەدەکرا، جگە لەمەش، خەڵکی گوندەکەشی لەمیر... بێ شەرم و هار دەکرد، ئیدی میر لە هەلێک دەگەڕا، لووتی مام مستۆ بشکێنێ و لەبریتی هەیبەتە شکاوەکەی خۆی، بیخاتە چاڵێک هەرگیز رزگاربوونی بۆ نەبێ.

ئەوەبوو... کە خەبەری دزینی دوکانەکەی حەسەن عارەب دەنگی دایەوە، چوار پیاوی میر، بە قورعانی پیرۆز، بەسەری مودیربەگ، بە جوببەی موبارەکی شێخ قطب الدین... سوێندیان دەخوارد... مام مستۆ دوکانەکەی بڕیوە!! هەر کەلوپەلی دوکانەکەشی دزیون.

هەر چەندە خەڵکی گوندەکەمان، بڕواییان بەم شاهید و بەم سوێندانە نەبوو، مام مستۆیان باش دەناسی کە پیاوێکی حەق و ڕەقە، ڕاستگۆ و ڕاست ڕۆیە، بەڵام چ کەسێکیان جورئەتی ئەوەی نەدەکرد، دەنگ بەسەر دەنگی پیاوەکانی میر بەرز بکاتەوە، یان قسەیێک بە چاکەی مام مستۆی بێ تاوان بکەن.

– چوار شاهیدی زەبەللاح... خاوەن سمێڵ... ئیتر چی؟!

– سوێند بە جوببەی پیرۆزی شێخ قطب الدین... بەسەری مودیربەگ، هەر نەبێ مودیربەگ، حیسابی قەدری سەری خۆی دەکا، گوتمان ئەوا جوببەکەی شێخی گەورە... پارچە پەڕۆیێکە، هەزار تۆز و قرێژی لێ نیشتووە، هەزار ئاوی پاک و پیسی دیوە، بەڵام سەری ئەو خۆ نە سەلکە پیازێکە و نە پارچە فاسۆن!!

بەم ڕەنگە، میر بە گەورەیی خۆی... هەروا مودیربەگ و قۆمیسێریش... مەلای مزگەوتی گەورەش...

ئەمانە هەموویان پێکەوە بڕیاریان دا کە دز لە مام مستۆ بەولاوە کەس نییە، ئیتر قسەی زیادی بۆ چییە، یان ئەوەی لەناو دڵی ڕەش و ڕووتەکەی خەڵکی ئاواییە... سوودی چییە؟

مام مستۆ گیرا، خرایە گرتیخانەی سەرا، چەند ڕۆژێک لە گرتیخانەکە مایەوە، هەتا ڕۆژێک... قۆمیسێر بە خۆی مام مستۆی لە بەندیخانە هێنایە دەرەوە... ملی گرت...، ڕای کێشا... تا لە مەیدانە بچکۆڵەکەی بەر دەرکی سەرا لەتەک کەرێک!... سندمی کرد.

ڕۆژێکی بەهار بوو، ڕۆژ ئامێزی لە کەمەری سەفین وەرهێنابوو، مەیدانە بچکۆڵەکە... لە مام مستۆ و کەرەکە بەولاوە کەسێکی لێ نەبوو، باشچاوەش و پۆلیسەکان... خۆیان لە دەمە گەورەکەی سەرا ئاخنی بوو، جار جارە یەکێکیان ملی درێژ دەکرد، سەیری گۆڕەپانەکەی دەکرد، مریشکێک لەگەڵ جووجەڵەکانی... لەناو قاچ و قولی کەرەکە... لەناو تەرس پێکنیان دەکرد، مریشکەکە... لەپڕ پەلاماری کۆمەڵە پاساریەکەی دەدا... کە لە دەوروبەری کەرەکە تێک قژقژابوون، پاساریەکان لەگەڵ هێرشی مریشکەکە هەڵدەفڕین، خۆیان بە سواندەی سەرا و خانووەکانی دەورەی گۆڕەپانەکە دەگرتەوە، دیسان دادەبەزینەوە گۆڕەپانەکە، دوو کۆتر لەسەر پۆپەی دارتاوکە زلەکەی ڕۆخ سەرا هەڵنیشتبوون، لەپڕ هەڵۆیەک... لە چیا بەرزەکەوە... وەک بروسکەیێکی ڕەش، دایە ئاسمانی گوند، ئەم سەر و ئەوسەری گوند تێدەپەڕی، لەسەر مەیدانە بچکۆڵەکە، چەتری باڵەکانی... وەک پاوان بڵاودەکردنەوە، ماوەیێک لە ئاسمان دەچەرخی و لەسەر یەک دەی چریکاند:

جرڕ... جرڕ... ڕڕڕڕڕ.

مریشکەکە دەی قیژاند و جوجەڵەکانی لەژێر باڵەکانی کۆدەکردنەوە، کۆترەکان هەڵدەفڕین بۆ ناو جەرگی باغچەکان نقووم دەبوون... چۆلەکەکانیش فڕەیان دەکرد، خۆیان لەبن سواندەکان دەشاردەوە. من و ئایشەگوڵ و کۆمەڵێک منداڵی گەڕەک، لەسەربانی خانووەکەی حاجی حەسەن، خۆمان مات کردبوو، لەگەڵ چریکەی هەڵۆیەکە دەترساین و پتر خۆمان بەزەوی بانەکەوە دەنووساند!...

قۆمیسێر هاتە دەرەوە، ڕووی کردە باشچاوەش و پۆلیسەکان... لەگەڵ قسەکردن... دەستێکی ڕادەوەشاند و سەیری مام مستۆی دەکرد، لەپاشدان بە دەنگ بەسەر باشچاوەش و پۆلیسەکاندا نەڕاندی:

– کوان ئەو قەحپە بابانە... بڕۆن بانگیان بکەن... بڕۆن کۆیان بکەنەوە... پۆلیسەکان بەناو گوند وەربوون.

ئەو ڕۆژە تا نزیک نیوەڕۆ ... مام مستۆ و کەرەکە... گۆڕەپانەکەیان داگیرکردبوو!... پۆلیس وورده وورده خەڵکیان کۆدەکردەوە، کاتێ خەڵکەکە... مام مستۆیان بەم ڕەنگە دەدیت، بەسەرسوڕماوی چاویان تێ زەق دەکردنەوە.

قۆمیسێر دیسان هاتە دەرەوە، سەیرێکی چۆنیەتی مەیدانەکەی کرد، قەمچییێکی لە لاڕانی خۆیدا، قەمچییێکی دیکەشی لە جزمە قایشەکەی گیرکرد، ڕووبەڕووی خەڵکەکە هاواری کرد:

– ئێستا جەنابی مودیربەگ... موحاکەمەی ئەم لە خوانەترسە دەکا!

وە قەمچیەکەی... لەگەڵ دەستێکی بۆلای مام مستۆ ڕایەڵ کرد!...

لەپاشدان گوتی:

– ئەوەی حەڵاڵ و حەرام لێک ناکاتەوە... دەست بۆ ماڵی موسوڵمانان درێژ دەکا... دەبێ دەستی ببڕێ و سزای خۆی وەربگرێ!.

خەڵکەکە سەریان لێ تێک چووبوو، نەیان دەزانی چ پەیوەندییێک لە نێوان مام مستۆ و... دزیەکەو... لە نێوان ئەو گوێ درێژەدا هەیە؟!.

– دەبێ گوێ درێژەکە، پەیوەندداریێک بێ لە موحاکەمەدا؟

– دەبێ کەرەدێزیش شاهیدبێ؟!... ئەگەر وابێ... دەبێ لای کێ بێ... لای مودیربەگ و قۆمیسێر... یان، لای مام مستۆی... کراو بەدز؟.

– یان... ڕەنگە کەرەکەش تاوانبار بێ؟ ڕەنگە... شتێکی... تاوانێکی کردبێ!... دەنا بۆچ لەگەڵ مام مستۆ... موحاکەمە دەکرێ؟ بەیەکەوە لەو گۆڕی مەحکەمەیە سندم کراون؟

کاتێک ئەم پرسیارانە، لە مێشک و دەروونی خەڵکەکە بڵقیان دەدایەوە، کەرەدێز... وەکو نەبا بێ و نە باران... وەکو هێچ نەقەومابێ، ئەو هەر گوێی دەلەقاندن، کلکی بادەدا... زۆر بەسەبری و لەسەرخۆ، سەری هەڵدەبڕی، سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد... یان سمی لە ئەرزەکە دەکوتان، دەمی بۆ پنچە گیاییێکی ڕۆخ گۆڕەپانەکە درێژ کرد، هەوڵی دەدا پنچە گیایەکە هەڵبلووشێ، بەڵام ئەوەندە کورت سندم کرابوو، دەمی پێ نەدەگەیشت، لە هەژمەتان هەر حیسکە حیسکی دەکرد، تا لەپڕ... شریقەی زەڕینی لە دیوارەکانی سەرا... هەڵترووقیەوە.

مام مستۆش، سەری دانەواندبوو، کۆمەڵێک خەم و پەژارە... و شەرم گرتبوویانە ناوخۆ، ڕەنگی هەڵبزرکابوو، بێ ئەوەی سەر لە خەڵکەکە و لە دەورەی خۆی هەڵبڕێ، لێوی دەجوولان... مرتەیێکی دەکرد، لە پاشدان... مرتەکەی بوو بە دەنگێکی نووسا و... وورده وورده بەرز دەبوەوە... ...گەورەتر دەبوو... ئەمجا بە ڕوخسارێکی گرژ... سەرێکی هەڵبڕی... سەرێکی بۆ هەوا هەڵبڕی و بەهەموو هێزیەوە نەڕاندی:

– خودا... دەزانێ من بەریم... پاکم ... چ ئاگاو خەبەرم لەو دزیە نییە!

لە پاشان کەمێک هێمن بوەوە و گوتی:

– خودا... سەبەب کار... بگری... خودا حەقم بەحەق بکا.

– خودایە... خۆت دەزانی، من لەو تاوانە بەریم، هەر خۆت ساحێبی شوکر بۆ هەموو خێر و... بۆ هەموو شەڕ و بەڵاییێکی کە لای تۆوە بێت!!

مام مستۆ سەری دانەواندەوە، پێش ئەوەی سەری داگرێتەوە، بە سووچی چاو... بە پەشێوی... سەیرێکی کەرەکەی کرد، نەی دەزانی مەبەست لە ڕاگرتنی... لەو مەیدانەدا... و لەتەک ئەودا چی بێ؟!.

زۆری بێ نەچوو... مودیربەگ... لەزارکی سەرا هاتە دەرەوە، ئەو خەڵکەی لەو دەوروبەرە وەستابوون، بەبێ دەنگی و سەرسوڕماوی سەیری دیمەنەکەیان دەکرد، بێ ئەوەی بۆ لای ئەوە بچن کە موحاکەمەکە. بە چ جۆرێک کۆتایی پێ دەهێنرێ، کە لەپڕ... تەلعەت ئەفەندی قۆمیسێر بەدەر کەوت، ملی وەستا حەمە عەلی بەربەری گرتبوو، بۆ مەیدانەکە ڕەکێشی دەکرد، تا لە بەردەم مودیربەگ ڕای گرت.

مودیربەگ چەند جارێک قامچیەکەی بۆ هەوا ڕاوەشاند و... پاژنەی پێی لە زەویەکە کوتان... ئەوجا فەرمانی بەوەستادا:

– وەستا حەمە عەلی... سەر و برۆی ئەم دزە بتراشە!!

– وەستا گەوا... ڕیش و سمێڵی ئەم دزە لووس بکە!!

وەستا حەمەد عەلی، بەبێ ئیختیار... لەپێش چاوی ئەو خەڵکە... بەدەست و پلێکی لەرزۆک... سەرو ڕووی مام مستۆی وەک بەری دەست لێ کردن.

هەندێک کەس، بێزیان لەو دیمەنە و لەو چۆنیەتیە دەبوەوە، خۆیان دزیەوە... مەیدانەکەیان جێهێشت، هەندێکی تریشیان بە ئاشکرا کشانەوە، غەلبە و بۆڵە بۆڵیان... نیشانەی نارەزایی و نارەحەتی وبێ دەستەلاتیان پێوەبوو.

خدرۆکی پیاوی میر، ئەویش بەفەرمانی مودیربەگ، مەنجەڵە ماستێکی بەدەستەوە بوو... بەتەنیی مەنجەڵەکە، رووی مام مستۆی رەش کرد، ماستەکەشی بەسەر و گوێلاک و ملی... دا... رشت.

مام مستۆ... کە خدرۆک نزیکی کەوتەوە... پێلەقەیێکی بۆ هاوێشت... و تفێکی کردە رووی... و رێی نەدا وا بەئاسانی هەتکی بکەن... بەلام رەفعەت ئەفەندی و باشچاوەش ... چەند پۆلیس و پیاوێکی میر پەلاماری مام مستۆیان داو زەفتیان کرد... و بەیارمەتی کوێخا بەکریش، مام مستۆیان سواری کەرە دێزە کرد... دەستەکانیان لە پشتیەوە... بەستبوونەوە... پێیەکانیشیان لەبن زگی کەرەکە توند کردن، خەریک بوون مام مستۆ بەم شێوەیە و بەم چۆنیەتیە بەناو گونددا بگێرن.

راستە مام مستۆ بەبێ بەرهەڵستی ملی نەدا... بۆڵەبۆڵێکی زۆری لێوە هات... گەلێک پرکێشی کرد... تا لە دواییدا خۆی تەسلیم کرد، چار چییە؟ ئەو چاک دەیزانی... دەستی مودیربەگ و میر و قۆمیسێر و ئەو هەموو جاندار و جانەوەرەی خوێزەکانی نییە، کەسێکیش... پیاوێکیش نەبوو... بەرامبەر ئەو ستەم و زۆرداریە... تەنانەت توورەیێک بنوێنێ، دەنگێک بەرامبەر ئەو زۆردارانە بەرز بکاتەوە، ئەوانەی لە گۆرەپانەکە کشانەوە... ئەوان هیچ!! ئەوانەی لەوێش مابوونەوە... هەموویان لەو خوێزە و جانەوەرانە بوون... ئیتر... کێ دەنگ بەرز بکاتەوە؟ کێ دەست لە رووی زۆردار هەڵبرێ؟.

مام مستۆ هەتک کراو... بێ دەسەلاتانە وەک (بت)... بێ گیان و جوولە... لەسەر کەرەکە قیتیان کردبوەوە، دەتگوت مەسەلەکە پەیوەندییێکی بەوەوە نییە!! خۆی دابووە دەست دڕندەکان، بەناو کوچە و کۆلانەکانی گونددا دەیانگێرا... ئەفەندی و بەگ و گەورە پیاوانی گوند لە پێشەوە دەرۆیشتن... خەڵکەکەی ئاوایی... هەر لە دوورەوە چاویان... بەو دیمەنە دەکەوت، گورج دەکشانەوە ناو خانووەکانیان و دەرگایان لەسەرخۆ دادەخست... بە شێکیش لە خەڵکەکەو پۆلیسەکان و پیاوەکانی میر لەگەڵ کۆمەڵێک مندالی گوند لە دوو کەرەکە دەرۆیشتن، کوێخا بەکر تەنەکەیێکی بەتالی بە ملیەوە کردبوو، لەگەڵ سم هاویشتنی کەرە دێز، ئەو بەدارێک لە تەنەکەکەی دەدا، من و ئایشە گوڵی هاورێشم، لەگەڵ مندالەکانی دی... کەوتبووینە دوو ئەو حەشاماتەکەی کە بە چەپلەلێدان و جنێو... مام مستۆیان دەشکاند.

باشچاوەش... بە ئانقەست نەقیزەی لەبن زگی کەرەکە دەژەنی... تا سلی بکاو لووشکە بهاوێ... تا کەرەدێز قەڵس دەبوو... و بە هەموو تینی دەزەڕی و دەترِی، لەگەڵ زەڕینی کەرەدێزیش... ئەفەندیەکان... بەگ... و گەورە پیاوەکان... بەرەو پشت خۆیان دەنووشتاندەوە و... دەیاندایە تریقەی پێکەنین، مام مستۆش... وەکو هەر لەو دونیایەش نەبووبێ ئەوها دەهاتە بەرچاو، لەو هەموو گەشتەدا، تەنانەت جارێک چاوی بۆ لایەک نەگێرا... جوولەیێکی نەکرد، چاوەکانی ئەبلەق... دوور... بۆ لووتکەی شاخەکانی دوور... بۆ بەرزایی ئاسمان زەق کردبوونەوە!. لەو رۆژەوە، مام مستۆ جارێکی تر نەهاتەوە ناو شەقام و مەیدان و گۆرەپانەکانی گوند، نەهاتەوە ناو خەڵکەکە، بەبەر دەرکی سەرادا رانەبورد، جارێکی دی کەس لەناو پیاوەکانی گوند... لەسەر قەبران لە جەژنەو زەماوەنەکان... لە تازیەو ناخۆشیەکان... کەس نەیدیتەوە!!...

خەڵکی لەناو بازار... لە چایخانەکان... تەنانەت لە مزگەوتیش... لە مام مستۆ ببوون بە دێو... و درنج و جێگەی پر مەترسی... هەرگیز نزیکیان نەدەبوو، وەک شەمشەمە کوێرە... مەگەر بەشەو وەک

شەمشەمە کوێر، دەنا کەم وادەبوو ئێوارانیش لەناو کووچەکانی گوندی کەسێک تووشی ببێ،... جگە لە ئێمە... منداڵەکانی گوند... کە گەلێک جار لە سووچی کۆڵانێکەوە... دەمان دیت!!... ئەویش هەرکە چاوی بە ئێمە دەکەوت یان بۆی دەکشایەوە پاش... یان بەگورجی لێمان ڕەت دەبوو... وەکو دەستەیێک پۆلیس ڕاویان نابێ... لەپێش چاوان بزر دەبوو.

مام مستۆ... لە هەموو ژن و پیاوێکی گوند دەترسا، خۆی لەوە دەپاراست... کە هەرگیز ڕووبەڕووی بەندەیێکی خوا نەبێ!! تەنیا لەگەڵ ئێمە... منداڵەکان وا نەبوو، ئەگەرچی کە ئێمەشی دەدیت هەندێک دەسڵەمیەوە... بەڵام زوو دەهاتەوە سەرەخۆی... زوو هێمن دەبوەوە، ڕۆژێک ئاوڕێکی... دڵسۆزانەی لەمن و ئایشۆک دایەوە، جارێکی دیکەش بزەیێکی گەشی بۆ ناردین!... وە بەبێ دەنگ بە لامانەوە... بە تەنیشتمانەوە ڕەت بوو.

من و ئایشەگوڵ... هەروا گەلێک لە منداڵەکانی گوند... مام مستۆمان خۆش دەویست، وەکو هەندێک منداڵی تر هۆیهامان لەدوو نەدەکرد، وورده بەردمان بۆ نەدەهاویشت... لێی نەدەترساین!.

جارێکیان کە مام مستۆ... لەنزیک من و ئایشۆک ڕەت دەبوو، گوڵێ گوتی:

– شێرکۆ... دەبا بانگی بکەین!

–مام مستۆ... مام مستۆ...

هەردووکمان بانگمان کرد!.

بەڵام مام مستۆ بێ ئەوەی ئاوڕیشمان لێ بداتەوە... خزی... هەنگاوی گورج کردن و لەسووچی کۆڵانەکە بای دایەوە و لەبەر چاومان وون بوو.

ئای... ئایشەگوڵ... ئایشەگوڵ!

سەرێکی ترم لە گوڵێ بەرزکردەوە، بەپێ دزە هەندێکی دیکەش لێی چوومە پێش، دەمەویست خۆی تێ هەڵسووم، ئەو پتر خۆی بە لاچکە چارۆگەکەی دایکی دادەپۆشی!... تەنیا چاوە کووسکەکانی لە درزێکی چارۆگەکە دەگەشانەوە و تێکەڵاوی چاوەکانم دەبوون، هەروەها پێیە خاوسەکانی بەوەڕەسی لەسەر ئەرزەکە چەقی بوون، ئەمجارەش بەچاو... و بەدڵ بانگم کردەوە:

– وەرە ئایشۆک... وەرە بچینە گەمان، بچینە ناو ڕەزان... لە (تەم تەم)ان... گوڵەباخان بکەین... وەرە... دەی وەرە!!.

ئایشەگوڵ، بە پەشۆکاوی سەری بۆ هەڵبڕیم، چارۆگەکەی لەسەر خۆ لادا، چاوەکانی لە چاومدا نقووم بوون... وەکو بڵێی بانگی چاوو... تاسەی دڵەکەمی پێ گەیشتبێ، تەکانێکی دایە بەرخۆی، پرکێشی کرد... ڕابکاتە لای من، لەگەڵ تەکان دانەکەی... دەستی دایک و باوکی شل بوون، ئایشۆک دەرپەڕی... بۆ لای من... بەزی، بەڵام پێش ئەوەی بەیەکتری بگەین... دەروێشێکی مل هوڕ ڕێی پێگرت، زەندی دەستی گرت... بەتوندی ڕەکێشی لای دایک و باوکی کردەوە!. دەروێشە مل ئەستوورەکە، بێ ئەوەی مەچەکە ناسکەکەی ئایشەگوڵ بەربدا، مرتەیێکی لەگەڵ سۆفی وسووی باوکی کرد... و ئاوڕێکی لە پووره ڕابی دایکی دایەوە... بەڵام چ قسەیێکی لەگەڵ نەکرد!... لەپاشدان، ڕووی وەرگێڕایە لای دەروێشەکانی دیکە... بەهەموو هێزیەوە... بە دەنگە ناسازەکەی نەڕاندی:

– لا ئیلاها... ئیللەل لا... ئەڵڵا هەی... ئەڵڵا هەی.

وە پەلاماری کچۆڵە هاوڕێ خۆشەویستەکەمیدا... وەک چۆن گورگ بەرخێکی ناسکۆڵە دەڕفێنێ... ئەوها تێی ڕووهات لە ئەرزەکە بەرزی کردەوە... ڕفاندی... بە زیڕە زیڕ... رفاندی و... هاویشتیە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی شێخ قطب الدین. دەروێشەکانی دیکەش، هەموویان بەهای و هۆی... دەفیان لێ دەدا... شیربازی و... سەمایان دەکرد، وەک بریشکە... لەناو چەقی جادەکە هەڵدەبەزین و یەکتریان دەقۆستەوە!. هەتا... یەک لە دوای یەک خۆیان هاویشتە ناو لۆریەکەو کەوتنە دوای قەمەرە تەنتەکەی شێخەکەیان... کە کچۆڵە ڕەفیقەکەی منیان تێدا پەل بەست و بەند کردبوو... وە بەرەو شار کەوتنە ڕێ.

سۆفی وسووی باوکی ئایشەگوڵ، لە جێگاکەی خۆی چەقی بو... وەها تاسابوو... جوولەی لەبەر بڕابوو، وەکو کێلە بەردێک دەهاتە بەرچاو... هەتا قەمەرەکەی شێخ مەلا قطب الدین و لۆری دەروێشەکان لەبەرچاو وون بوون... هەتا زیڕەو هاواری کچە بچووکەکەی کپ بوو... و بڕایەوە، چاوی بڕیبوونە شەقامە شەت و خوارەکەی بەر دەرگای مزگەوت و... ڕێڕەوی تۆمبیلەکان، هەر کە زیڕەو گڕەی تۆمۆبیلەکانیش نەمان، ئەمیش... ڕاقەناو... بەرەو پاش ڕەویەوە... بۆ ناو کۆڵانە تەسکەکەو... بۆ ناو دەمی کۆڵیتەکەیان... گلۆر بوەوە!! تەنانەت سەرێکیشی... لە خەڵکەکە هەڵنەبڕی!... حەشاماتەکەی لەڕۆخ شەقام و سەر گوێ سواندەکان شڵغەیان بەستبوو... و سەیری دیمەنەکەیان دەکرد!. بەلام... پوور ڕابی کلۆڵ... گەلەک بەسۆز بۆ کچەکەی دەگریا... سەری بۆ لای تەنیشتەکانی دەهەژاندەوە... و فرمێسکی دەباراند... سەرو سینگی خۆی دەکوتا... وەکو شێت لەناو شەقامەکە دەهات و دەچوو... لای لایەی دەکرد... کچە بچکۆلانەکەی خۆی دەلاواندەوە... هەتا تۆمۆبیلەکان... هەتا... زیڕەی کچەکەی لەبەر چاو... و لەناو گوێدا توانەوە... نەمان، وەک دەلوو... دەی لووراند... پرچی دەڕنیەوە... بەدەوری خۆیدا دەسووڕا، بانگی خودای گەورەی دەکرد کە بەزەیی پێدابێتەوە... وەکو بریندار دەی نالاندو... هاواری خودای گەورەی دەکرد... هەتا لە دواییدا... کە خەڵکەکە بلاوەیان لێ کرد، سەر سواندەکان چۆڵ بوون... ئەو بەهەر دوو لەپی دەستی ڕووی خۆی داپۆشی... خۆی کووڕ کردەوە... بە کۆماوی و کوێرانە بە کۆلانەکەدا شۆڕ بوەوە.

منیش بە ووڕی... دەمم بەش کردبوەوە... لەو دیمەنانەوە ڕامابووم، چاوم بڕیبوونە ڕیشەکەی شێخی گەورە، کە لەپەنا جامی پەنجەرەی قەمەرەکە دەلەرزی و دەجوولایەوە!!... ڕیشێکی درێژی تەپشوولانەی عەنتیکەی هەبوو، لە پرچی خەلیفە سەرسۆر پتر سەرنجی رادەکێشام... کە سەیرم دەکرد لەناو جامی تۆمۆبیلەکەدا دەجوولایەوە... ریشی ئەو بزنەم بەخەیاڵدا دەهاتەوە، کە پایزی ڕابوردوو... باوکم بۆ قاورمەی زستان کڕیبووی، منیش متووی ببوم... هۆگری ببووم... بەدەست ڕدێنەکەم دەگرت و ڕام دەکێشا، هەتا باعەباعی نەچووبایە کۆڵان بەرم نەدەدا!!...

هەروەها تەماشای دەروێشەکانیشم دەکردن، کاتێ لەناو لۆریەکە هەڵدەپەڕین... و شیر و ڕمیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و... سەڵەواتیان لێ دەدان... وە گێلانە دوا بەدوای ڕووداوەکان هەنگاوم دەنا، بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆی لێ حاڵی ببم!.

ئەو چەند جارانەی... بە چاو ئایشەگوڵم دەدواند، دڵم هەستی بە خۆشییێک دەکرد، کە ئایشۆکیان ڕەکێش کرد... کە گوێم لە زیڕە و گریانی بوو... دڵم تەنگ بوو... قەڵس دەبووم، گریانم دەهات، کە تۆمۆبیلەکانیش وون بوون... کە زیڕە و هاوارەکەی ئایشۆکیش بڕایەوە... کە هەراو هوریای دەروێشەکان و قەڵەباڵغی جادەکە و سەربان و گوێ سواندەکان نەمان... ئەو ناوە چۆل بوو... دیمەنەکەی دایکی ئایشەگوڵ ... سام و ترسێکی زۆری دەخستە گیانم، هەتا... ئەو دەینالاند و سینگی خۆی دەکوتا و... قژی خۆی

دەڕنی... شێتانە لەو ناوەدا وەک گێژ لە دەورەی خۆی دەسووڕا... من پتر سامم لێ دەنیشت، هەتا ئەو بانگی خودای دەکرد... ڕووی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە... پتر ترس ئابلۆقەی دەدام... و لە دڵی خۆمدا دەمپرسی:

– بۆچ خودای گەورە، لەهاواریان نایێت؟ بۆچ بەزەیی بە پلکە ڕابی دا نایێتەوە؟

– بۆچ خودا... ئایشەگوڵیان بۆ ناگێڕێتەوە؟... بۆچ... بۆچ کچۆڵەکە لە چەنگ دەروێشە ترسێنەرەکان ڕزگار ناکا؟

منیش... لەخودا دەپاڕامەوە... لەو خودایەی...لەزوێکەوە باوکم پێی ناساندبووم... دەپاڕامەوە... کە کچە بچکۆڵە هاوڕێیەکەم... لەدەستی ئەو دەروێشانە قوتار بکاو... بەزەیی بە دایک و باوکیدا بێتەوە... و یارمەتیان بدات.

کە ئایشەگوڵی هاوڕێم... لێ وون بوو، هەستم بە بۆشاییێکی زۆر دەکرد، بۆشاییێک لە ژیانمدا... لە دەروونمدا، زۆر سووم لە کیژۆڵە ڕەفیقەکەم بوەوە... دڵم تەنگ بوو... هەناسەم دەگیرا کە یادی ئایشەگوڵم دەکردەوە، چاوم پڕ لە گریان دەبوون، بەدڵشکاوی لە خۆم دەپرسی و... دەمپرسییەوە:

– جا لەمەودوا لەگەڵ کێ یاری بکەم؟!... دەگەڵ کێ بچمە ناو ڕەزان؟

– لەگەڵ کێ بچمە سەر گردی باویان... بۆ چوالە کردن... چۆن بچمە دارنومرە و لەگەڵ کێ سێرە لە هاتووچۆی تۆمۆبیلی هاتوچۆکەرانی گوند بگرم؟

– لەگەڵ کێ بچمە سەرچاوەی دەنگارە... و بەرگردی دێرە هەڵگەڕێم؟

–ڕۆژەکە... هێشتا ڕۆژ، نەگەیشتبووە پاش سەفین، من و ئایشەگوڵ لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵانی گەڕەک، چووینە سەر (گردی دێرە)، منداڵەکان... وەکو مێروستان بە شوورەی دێرە کۆنەکە... هەڵگەڕان! خۆیان ئاوای ناو حەوشی دێرەکە دەکرد... دەچوونە ژێر دار هەنجیرەکان... دەیانویست هەنجیر بڕنن!!... هەنجیر بدزن!... منیش چوومە پەنا شوورەکە، ئارەزووم دەکرد پێی هەڵگەڕێم، دەم هەویست وەکو منداڵەکان بکەم... خۆم بە شوورەکە شۆڕکردەوە... تەکانم... دا... بچمە سەری!... ئایشەگوڵ لیچکی کورتەکەکەی گرتم... بانگی کردم:

– کوڕە... نەچی... گوناحە... گوناح!

ئاوڕێکم لێدایەوە... بۆ یەکتری گەشاینەوە، دووبارە لیچکی کورتەکەکەمی ڕاکێشاو پێی گوتم:

باوکم دەیگوت، گوناحە بچنە ناو دێرە... گوناحە هەنجیر بدزین... گوناحە دەست بۆ شتی خەڵکی دیکە درێژ بکەین.

نەختێک خۆم شل کرد... ئاوڕێکی ترم لێدایەوە... بەڵام هێشتا... خۆم بە دیوارەکە هەڵواسی بوو... نەمدەزانی چۆن وەڵامی کیژۆڵە ڕەفیقەکەم بدەمەوە... تەکانێکم دا بەسەر دیوارە کۆنەکە بکەوم... بە ئایشۆکم گوت:

– ئایشۆک خۆ ئەمن ناچم... هەنجیری دێرە بدزم، تەنیا حەزدەکەم... لەسەر شوورەکەوە... تەماشای ناوەوەی دێرە بکەم!. ئایشەگوڵ نەیتوانی بمگێڕێتەوە، چوومە سەر دیواری شوورەکە... لەسەر دیوارەکە هەڵترووشکام، سەرێکم بۆ ئایشەگوڵ دانەواند... بە ڕوویدا گرژیمەوە، ئایشەگوڵ بەچوونە سەر دیوارەکەم... ناڕەحەت بوو... بە مۆڕی سەیرێکی کردم، بەڵام من گوێم نەدایێ... خۆم هەڵدایە ناو حەوشەی دێرە... لەگەڵ منداڵەکانی دیکەی گەڕەک... بەناو حەوشەکە و... بەسەر گۆڕستانەکەدا... بەناو دار هەنجیرەکان

بڵاوبووینەوە... منداڵەکان... زۆریان... بەدار هەنجیـرەکـان هەڵگەڕان... من هەنجیـرم نەدزین... بەخـودا هەنجیرم نەدزین... هەر چەندە حەزیشم لە هەنجیر دەکرد... بەڵام، دەترسام... لەترسانا هەنجیرم نەدزین... دەستم دەلەرزین، بۆ هەنجیرەکانم درێژ نەکردن، قادرۆک هەنجیرێکی ڕەشی بۆ هاویشتم... بانگی کردم:

– ها... شێرکۆ... بیخۆ... بیخۆ!.

هەنجیـرەکـە، لەبەر دەممەوە کـەوتە سـەر زەوییـەکـە، هەڵـم نەگـرتەوە، هەنجیـرەکـەم... لەناو خـۆڵ بەجێـهێـشت... هەڵـم نەگـرتەوە... لەبن دار هەنجیـرەکـان... وەلا کـەوتم، چوومـە بن هەیوانەکـە، لەپێش پەنجەرەی ژووری گەورەکەی دێرە ڕاوەستـام... ژوورێکی پان و بەرین و فـراوان بوو... کەس لە ژوورەکەدا نەبوو... ژوورەکە هێمن و چۆڵ بوو... دەنگی هەرای قـیژەی منداڵەکان... لەسەر دار هەنجیرەکان... دەهاتە گـوێم... کۆمـەڵێک مێز لەسـەرینگانی ژوورەکـە، لەسـەر سـەکۆیێک دەئایسـان... هەندێک کـورسی دار... کورسی داری وەکو ئەو کورسییانەی لەپۆڵ... لە مەکتەب لەسەری دادەنیشتین... لە ژوورەکە ڕیز کرابوون... لە دڵی خۆمدا... ڕیزەکانم ژماردن:

– ڕیزێک... دوو ڕیز؛ سێ... چوار پێنج ڕیز!...

هەموو ڕیزەکانم پێ نەژماردران... ریزەکان زۆربوون... نەمتوانی هەمویان بژمێرم!...

کەس لەسەر کورسییەکان دانەنیشتبوو، لەنزیک مۆمەکان... مێزێک ڕازابووەوە، شـەوقی مۆمـەکان... مێزەکەیان ڕووناک دەکرد!... هەندێک کتێب لەسەر مێزەکە؛ لەسەرییێک دانرابوون، چاویلکەییێک لەسەر کـتێبـەکـان هەڵـترووشکابوو، چاوم لە مـێزەکەوە... بۆ دیوارەکەی پشـتەوەی گوازتنەوە... دەنگ و هەرا و قـیژەی منداڵەکان... هەتا دەهات پـتر دەبوو... هەمـوو هۆش و بیـرم بە ژووری گەورەکەی دێرەوە گـیر ببـوو، تەنانەت ئایشـەگوڵی هاوەڵیشـم لەبیر چوبووەوە، نەمـدەزانی چۆن بیر دەکـاتەوە و چەند لێم تووڕە بووە!... حەزم دەکرد ئەویش ئەم ژوورە گەورە بەسـامەی دیتبـا...!! وێنەییێکی ڕەنگـاوڕەنگی گەورە... خـرابووە ناو چوار چێـوەییێکی زێڕین... لەپشت مـێزەکەوە. بە دیوارەکـە هەڵـواسـرابوو، وێنەی ژنێکی گـەشی ڕووناکی جوان بوو ژنێکی قەڵەو... و سوور و سپی بوو، وەکو دایکم پووچ و سیس نەبوو... وەکو خوشکیشم ڕەنگ زەرد و چاو پووت نەبوو، چاوی گەش بوو... گەشیی لە چاوەکانی دووبارە دەبووەوە، ڕەنگی ڕوونی پێستی ڕوومەتەکانی... ڕووناکی دەدایەوە، ژنە... جوانە ڕوونەکە، ساوایێکی سپی قەڵەوی... خرپنی... لە کۆشی داگرتبوو، بەسۆز و خۆشەویستیەکی زۆر... بە هەناویەوە قرساندبووی، سەر و ڕووی ساوایەکە... وەکو ڕۆژ دەدرەوشایەوە.

دیمەنی دایک و ساوایەکە... دڵیـان خۆش دەکردم، هەستێکی پڕ کـامـەرانیـان پێ دەبەخشیم، خۆیان لەبیر دەبردمەوە!.

نازانم چۆن وەها زوو... دایک و ساوایەکە چوونە دڵمەوە؟!...

مـاوەییێک تـاسام... ئاگـام لەخۆ بڕابوو... تا لە پڕ... دەنگ و هەرای منداڵەکان... هێنامـیـانەوە هۆش خـۆم!!... منداڵەکـان... لە هەنجیـرەکـان دادەبەزین... و یەکـەیەکـە بۆ بن هەیوانەکـە دەبەزین... و دەسـتیـان لەشیشەی پەنجەرەی ژوورەکەوە گیر دەکرد!!...

مەهدییە کۆر... دەستێکی لە پەنجەرەکەوە، بۆ ناو ژوورەکە درێژ کردبوو!! قادرۆک بە تووڕەیی... تێی وە ڕاخوڕی:

– ئەوە بۆچ، شووشەی پەنجەرەکەت شکاند... هەتیم؟

مەهدی... بێ ئەوەی توورەیی و پرسیارەکەی قادرۆک کارێکی تێ بکا... دەستەکەی هەتا... بن هەنگڵی بۆناو ژوورەکە درێژ دەکرد. دەستی بەناو ژوورەکەدا دەگێڕا، بەڵام... دیار بوو چ شتێکی وەبەر چەنگ نەکەوت... دەستی کێشایەوە، منداڵەکان بەیەکەوە بانگیان دەکرد:

– دێرەی کافران... دێرەی کافران، هۆ... هۆ... دێرەی کافران!!

یەکێک لەمنداڵەکان دەستی بۆ دۆخینی برد... دەیویست میز لە پەنجەرەکەوە... بکاتە ژوورەکە!؟...

مەهدی... خڕکە بەردێکی بەدەستەوەبوو، لە پەنجەرەکەوە سەیری ژوورە گەورەکەی دەکرد، منداڵەکانی دیکە... هەریەکە خڕکە بەردێکیان لە حەوشەکە هەڵگرتەوەو... هاتنە پشت مەهدی ڕاوەستان!!...

ئایشەگوڵ... لەپشت شوورەکەوە دەنگی دەهات... بانگی دەکردم:

– کوڕە... شێرکۆ... وەرە دەرەوە... گوناحە... گوناح!!

ئەمن چ بەردم هەڵنەگرتنەوە... لە هەیوانەکە ڕاوەستام، بە ووڕی سەیری مەهدی و منداڵەکانی دیکەم دەکرد!!.

مەهدی لە پەنجەرەکەوە... خڕکە بەردەکەی... هاویشتە ژوورەگەورەکە، هەندێ لە منداڵەکانی دیکەش... وەکو ئەویان کرد!....

لەدڵی خۆم هاوارم دەکرد:

– کوڕە... گوناحە... گوناح... بابی ئایشەگوڵ دەڵێ گوناحە... چاومان کوێرە دەبێ!!.

بەڵام نەوێرام دەنگم بەرز بکەمەوە، دەترسام مەهدی لێم بدا!!.

دیسان گوێم لە دەنگی ئایشۆک بوو، لەودیو شوورەکە بانگی دەکردم،...مەهدی... دیسان لەگەڵ دوو سێ منداڵ... ژوورەکەیان بەردباران کردەوە!.

لەناو مێشکمدا... دەنگی زرینگەیێکی تیژ... لە ژوورەکەوە هەڵدەستا!؟... بیری ئەوە سەری تێ دەکردم... کە:

– دەبێ... دایک و ساوایەکە... بەردیان پێ کەوتبێ؟!...

بەو بیرە زۆر نارەحەت دەبووم، دڵم پتر... و توندتر خۆی هەڵدەکوتا، گریان زایە چاوەکانم، پتر خۆم پێ نەگیرا... سەیری ئەو دیمەنانە بکەم، کاتێک مەهدی و چەند منداڵێکی تر... خەریکی هەراو هۆریای خۆیان بوون... بەسەر دار هەنجیرەکان هەڵدەگەڕانەوە، کەلیان دەشکاند، گەڵاو هەنجیریان لێ هەڵدەوەراند، بەردیان لە هەیوان و ژوورەکە دەگرت، دەرگا گەورەکەیان لە ڕێسمە دەبرد، من و... زۆربەی منداڵەکانی گەڕەک... خۆمان لە دیواری... ژوورەکەوە... تێ هەڵدایە ئەو دیوی دەرەوە.

– زۆر کەدە هەنجیریان شکاند... دەیانویست دەرگا گەورەکە لە ڕێسمە ببەن.

ئەوها وەڵامی ئایشەگوڵم دایەوە!... لەپاشدان بە دڵشکاوی گوتم:

– وێنەی... دایک و کۆرپەکەشیان... شکاند!!

ئایشۆک... بەسەرسوڕییێکەوە پرسی:

– دایک و... کۆرپە... دایک و کۆرپە... لەناو دێرە چ دەکەن؟!...

ئەوەندەی کردم نەمتوانی چۆن وەڵامی ئایشەگوڵی ڕەفیقم بدەمەوە!!.

– ئەه... ئا... ه...

ئای... ئایشەگوڵی... هاورێیە بچکۆڵەکەم، چۆن بەجێم دەهێڵی؟... رەفیقە خۆشەویستەکەم... بۆچ بەجێم دێڵی؟!... ئەمجا پاشی تۆ... من چۆن دەتوانم لەگەڵ ئەم منداڵە شەڕانیە... بیژیانەی گەڕەک... چۆن دەتوانم لەگەڵ مەهدی شەڕفرۆشی ترسێنەر رەفتار بکەم.

– ئایشەگوڵ... ئای خوشکە چکۆڵەکەم... پاش تۆ... چۆن دەتوانم... بەتەنیا بگەڕێم و... تێکەڵ بە مەهدی و قادرۆک و... هاورێیە... سەرکەشەکانیان ببم؟

– لەبیرتە... زستانی رابوردوو، چۆن... ئاقۆ... جوویان دایە بەر تۆپە بەفر؟!...

– لەبیرتە... چۆن مام قۆیتاسی سەرشێتی بەستەزمانیان... هەڵخلیسکاندو لەبەفر گەوزاندیان؟!.

ئاقۆ جوو، کۆڵەکەی بەپشتیەوە بوو، سەد جووت تۆپە بەفریان بەشان و مل و... سەرو گوێلاکیدا کێشا!!... زگ و پشت و لاق و لەتەری... هەر جارەی بیست تۆپە بەفریان بەردەکەوت، کەچی هەر خۆیشی لە گووره نەدەبرد... ملی بەرێوە نابوو... وەکو هیچ نەبووبێ... تەنانەت ئاوڕێکیشی لە ئێمە نەدەدایەوەو...

مام قۆیتاسی سەر شێت کاتێ گەوزی دەداو بەتەقڵە لە کەندەکە نشێو دەبوەوە هەزار جنێوی دەدا:

– هەی سەگ بابینە... هەی حەرام زادەینە... هەی دایک و خوشکتان...

ئایشەگوڵ... زگی بەمام قۆیتاس و... ئاقۆ جوو دەسووتا... کردەوەی منداڵەکانی گەڕەکی زۆر پێ ناخۆش بوو... دەیگوت:

– بۆچی... خەڵکی ئازار دەدەن؟!...

– باوکم دەڵێ:... ئەوانیش... جوولەکەش... دیانیش... ئەوانیش هەر بەندەی خودان... خودا ئەوانیشی خوڵقاندوە... خودا... خودای هەموانە...هـ. ئەه... کە سەرم هەڵبڕیەوە، شەقامەکە چۆڵ ببوو، کەس لە کۆڵانەکە و... لەسەر گوێ سواندەکانیش نەمابوو!...

من هەر لە جێگاکەی خۆمدا، تاسابووم، رووداوەکەی... ئایشەگوڵ و... دایک و باوکی ئایشەگوڵ ... شێخ... و دەروێشەکانم دەهاتنەوە بەرچاو!!

– کە دەروێشەکە ملی ئایشەگوڵی گرت... بە زیرەزیر... رەکێشی ناو قەمەرە تەنتەکەی شێخی کرد.

– کە باوکی ئایشەگوڵ... وەکو بەرد لە جێگاکەی چەقی بوو... و هەستی وەکو مردوویێک لێ هاتبوو!

– کە دایکی ئایشەگوڵ... دەهەژایەوەو... دەی لووراندو... سینگی خۆی دەکوتا... هاواری خوای دەکرد!.

– کە قەمەرەکەی شێخ قطب الدین... کەوتە پێش و لۆری دەروێشەکان بە دواوەیدا... لە لۆفەکە سوورانەوەو... لەبەر چاو وون بوون... و لەگەڵ وون بوونیان... هاوار و زیرەی ئایشەگوڵیش کپ بوو!

لەتاوی ئەو دیمەنانە، تەزوێک بەلەشمدا هات... دڵساردی و ترسێکی زۆرم لێ نیشت... غەریبیم هەڵستا، فرمێسک... رستەیان لەچاومدا پسان و رژانە سەر زەویەکەی بەر پێم، وام هەست دەکرد... شتێکم لێ وون بووە... شتێکی عەزیزم لەدەست چوە، لەدڵی خۆمدا... ئاواتم دەخواست... دەپاڕامەوە کە:

– یارەبی خودایە... خودای گەورە... بەزەییت بە پوورە رابی و مام وسوو... بێتەوە... یارمەتیان بدەی... ئایشەگوڵیان... بۆ بگێڕیەوە ماڵ.

– هۆ... هۆ... خودای مەزن، بەزەییت بە منیش بێتەوە... منی دڵشکاو... منی بێ هاورێ... ئایشەگوڵ لەشێخ بستێنەوە!!

لەناو فرمێسکەوە... لێکم دەدایەوە... دەمپرسی:

– ئایا... بۆچ خودا، بەزەیی بە ئێمە نایێتەوە، بۆچ میهرەبانی خودا... ئێمەش ناگرێتەوە؟

– بۆچ زگی بەئێمەش... ناسووتێ؟

– بۆچ... یارمەتی ئێمە نادا؟

ئەوەندەی بیرم دەکردەوە... پرسیارم دەکردن... چ وەڵامێکم چەنگ نەدەکەوت... ناچار ڕقم لەهەموو دونیا هەڵدەستا... ڕق و کینە لە دەروونمدا سەریان هەڵدەدا... دڵم وێک دەهاتەوە... تەنگ دەبو... تەنگ دەبو... وەک کونی دەرزی تەنگ دەبوو...

بەڵام ئەو سەردەمە منداڵ بووم... نەفام بووم... نەفام... ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە و... ئەوەی دڵم دەیخواسخت... لە سنووری ئاواتی سادەی منداڵانە دەرنەدەچوون!.

کە بەچاوی فرمێسکاوی گەڕامەوە ماڵ... بەپەلە ڕام کردە تەنیشت دایکم، قەدەرێک خۆم تێ هەڵسووت... بۆنی سینگ و مەمکم کرد ترسێکی زۆرم لێ نیشتبوو... هەستم بە نیگەرانییێکی گەورە دەکرد، لەدایکم پرسی:

– دایە... ئەوە ئایشەگوڵیان... چی لێ کرد؟ ... بۆ کوێیان برد؟

دایکم چاوی دانەواندن، ئاهێکی درێژی هەڵکێشا... برژانگی لەسەریێک دانان، هەندێک سەری هەژاندەوە... یەک... دوو... جار لەبنی زگیەوە بانگی خودای کرد:

خودایە... خودایە... ئەی ڕەببول عالەمین...!

وە بەمرتە... لەسەرخۆ... لێوەکانی بزواندن:

– کوڕم... ئایشۆکیان... فرۆشت!!

گێلانە... تەماشای دەمی دایکم دەکرد، پتر خۆم پێوە دەقرساند... ئامێزم... توند تێوەرهێنا... قەسدم دەکرد... لەگەڵی ببمەوە بێک... دایکم، وەکو لە وەڵامەکەی پەشیمان بووبێتەوە، نەختێک... داما، لەپاشان سەری بەرزکردەوە... بەتوندی باوەشی تێ وەرێنام... بە توندی ماچی کردم... سەری بۆن کردم... ڕووی لێستمەوە ،... بە پچڕ پچڕی... گوتی:

– شێخی گەورە... خودا دەوامی عومری بدا، شێخ ڕوحمی پێکردن... دوو عەلبە... جۆو... عەلبە گەنمێکی پێ بەخشین!!.

سەری لە باوکم هەڵبڕی... ڕووی وەرگێڕایەوە لای من... بە پەشۆکاوی توونە... توونە... بەخۆیەوە گیرساندم و... بەدەنگێکی... نووساو... نووزاندی:

– شێخی گەورە نەبوایە... شێخ ئەو ڕوحمەی پێ نەکردبان،... سۆفی وسوو... و... خوشکە ڕابی... ئایشەگوڵێش... لەبرسانا دەمردن، شێخ لەمردن ڕزگاری کردن... خودا دەوامی بدا.

منیش کە بە ترسێکەوە... باسکم لە ملی دایکم ئاڵاندبوون؛ بە ترسێکەوە پرسیم:

– دایە... دایە گیان... شێخ... کوڕانیش... دەکڕی؟

باوکم... کە گوێی لەم پرسیارو وەڵامانەی من و دایکم بوو... ڕووی گرژ کرد، بە پەشۆکاوی هەڵستایە سەر پێ... بەپەلە و هەنگاوی بەرین و ئاڵۆز... هەتا بەر دەرگا چوو، لەپاشدان وەرسووڕایەوەو بەگورجی گەڕایەوە لای ئێمە... ماوەیێک بەکڕی و تاساوی چاوەکانی لەمن بڕین، بێ ئەوەی شتێک بڵێ... یان

قسەیێک بکا... یان ماوەی دایکم بدا... وەڵامی پرسیارەکەی من بداتەوە... پتر لێمان نزیک بوەوە... تا لەپڕ بۆم چەمایەوە... دەستی بۆ درێژ کردم، لە باوەشی دایکم پچڕاندمی... ملی گرتم، وەپێش خۆی ڕەکێشی بەر دەرگای کردم، لەبەر خۆیەوە و لەگەڵ ئاه هەڵکێشانێکەوە... بۆڵەی لێوە دەهات:

– کوڕم... نزیک بانگی شێوانە، با بچینە مزگەوتو تا بە جەماعەت ڕابگەین!!.

بەبێ دەنگ خۆم شل کرد... ملم شۆڕ کرد، کەوتمە پێش باوکم، کە گەیشتمە بەر دەرگاکە، لەبنەوە ئاوڕێکم لە دایکم دایەوە، وەکو لە دەروونمدا ئارەزووی وەڵامی پرسیارەکەمی پێ بگەیەنم.

دایکم... لەڕۆخ ئاگردانەکە گلۆڵەی کردبوو، کڕو قپ ببوو، وەکو گیانی بەبەردا نەبێت... وەها دەهاتە بەرچاوم!!.

دایکم حەقی بوو... ئە ئاوا بێ... چونکە یەقین... گەلێک فرە، بەفرۆشتنەکەی ئایشەگوڵی ڕەفیقم... دڵشکاو... و تووڕەو، قەڵس ببوو، بەڵام... بەرامبەر ڕۆژگار... بەرامبەر بەخودا... هەروەها ڕووبەڕووی باوکم، دەسەڵاتێکی بەخۆوە نەدەدیت.

* * *

# 7

له ئەنجامی کردنەوەی تۆماری پێچراوەی ژیانم، ژیانی منداڵیم... هەتا نیوەشەوێکی درەنگ، لەسەر پێخەفەکەم، ئەم تەنیشت و ئەو تەنیشتم دەکرد، نیگام بۆ ناوجەرگی ئاسمان وەرێ دەکرد، پتر لە قووڵایی ئەو دەریا شینە بێ دواییە وورد دەبوومەوە، ئەستێرە لە ژمارە نەهاتووەکانم دەژماردن... هەر دەمژماردن و دەمژماردنەوە... هەتا لە دواییدا... گەردانە مووروویی ژمارەم لێ دەپساو... سەر لەنوێ پێیدا دەهاتمەوە... موورووەکانم لەیەکەوە... کۆ دەکردنەوە.

مامۆستا مەلا سەعید دەیگۆت:

– هەر بەنی ئادەمە... ئەستێرەیەکی لە ئاسماندا هەیە، بە هۆی ئەو ئەستێرەیەوە لە دونیادا دەژی!!... سەرەتا و دوایی، کردەوە و چاکە و خراپەی ئەو بەنی ئادەمە... بەخت و بابانی... بەو ئەستێرەیەوە بەندە!.

وەدەیفەرموو:

– مونەجیمەکان... ئەستێرەوانەکان... بەهۆی ئەو ئەستێرانە، دەروونی خەڵکی دەخوێننەوە!!... ئێستا و ڕابوردوو و... دوا ڕۆژیان ئاشکراو دیار دەکا....

ڕۆژێک پوور ڕابی لێی پرسی:

– ئەدی... قوربان... ئەدی، ئەستێرە ڕژان چییە؟ چۆن ئەستێرە دەڕژێن؟!.

من لەو گفتوگۆیەی نێوان... مەلا سەعید... و پوور ڕابی... و دایکم هەر ئەوەندە... حالی دەبووم کە... ئەستێرەش وەکو پیاڵەیێکی چای... وەکو جامێکی ئاو... یان وەکو نەفتی قەندیلە دوکەڵاویەکەی... ئێمە، ئەویش دەڕژێ!! وام لێکدەدایەوە کە ئەستێرەکانی ئاسمان وەک فانوسێکی نەوتی دەدرەوشێنەوە... یان... ئاوێکی زێڕینی بریسکەدار، لە شووشە ئیستیکانێک... کە فانوسەکە... قەندیلەکە؛ یان ئیستیکانەکە... بکەوێ... بشکێ... سەرەوژێر ببی، ئەوا ئەستێرەکەش دەڕژێ و بە ئاسماندا دەپرژێ و بڵاو دەبێتەوە!!.

دایکیشم ڕووی لە پوور ڕابی کرد و گوتی:

– خوشکێ، دەڵێن ئەگەر ئەستێرەی کەسێک ڕژا، ئەوە مەعنای ئەوە دەدا... کە خاوەنی ئەستێرەکەش...

دایکم قسەکەی تەواو نەکرد، بیسمیللاییێکی دوور و درێژی هاوێشت، لەگەڵ هەناسەیێکی توند، ئاورێکی لە باوکی ... نەخۆشی... لەناو جێگا کەوتوومی... دایەوە، چاوقوچانێک... بە ترسێکەوە تێی وەڕاماو سەری دانەواندو... بێ دەنگ بوو!!. بەڵام مامۆستا مەلا سەعیدی شێخزادە، قسەکەی دایکمی تەواو کرد، کە بە دەنگە نەرمەکەیەوە گوتی:

– ئەو کەسە... ڕۆژی لەم دونیایە فانیەی ئێمەدا تەواو دەبێ و بەشی لەم ژیانەدا دەبڕێ!.

وە چاوێکی لە دایکم... بۆ باوکی نەخۆشی لەناو نوێن کەوتووم گوازتەوە و بە هێمنی گوتی:

– مەرج نییە، ئەوەی نەخۆش بێ؛ بمرێ، خودا دەردی داون و دەرمانیشی داون. بەڵام ئەو کەسەی خودا. ڕۆژی تەواو دەکا و دەمرێ... ئەوا ئەستێرەکەی دەڕژێ!! ئەم شتانە لە کتێب و لەحەدیسدا باسیان کراوە.

من کە گوێم لەو قسانەی بوو... بەبێ دەستی خۆم... بە پەلە، خۆم تێهەڵقورتاند و بانگم کرد:

– دایە... دایە... شەوێدی... ئەستێرەیێکی زۆر گەش لەسەرماڵی ئێمە... رووهات و... رژا!!.

دایکم سەری لە مەلا سەعید و پوور رابی هەڵبڕی... هەموویان لە ئێک وەڕامان. وچاویان گوێزایەوە لای باوکی لەناو نوێن ڕاکشاوم بەیەکجار... کرو کپ بوون.

ئەو کاتە... باوکم، کەوتبووە خەوێکی قووڵ... قووڵ و ئاگای لەم هەموو گفتوگۆیەی ئێمە نەبوو!.

پاش ئەوە هیچ یەکێکیان منی نەدواند!

نازانم هۆی چی بوو، پوور رابی... لە ئەنجامی ئەو قسەو گفتوگۆیەدا سەری لێ شێوا، ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو... لە جێگاکەی لێی دانیشتبوو... هەر قونەگوێزکەی دەکرد... تا بە پەلە هەڵستایە سەر پێ و بە زمانێکی نیوەڵاڵ و تێکەڵاو... ماڵئاوایی خواست و بەگورجی ڕووی کردە دەرگا و... هەتا لە دەرگایەکە چوە دەرەوە... ئاوڕێکی لە دوای خۆی نەدایەوە!!.

مەلا سەعیدی شێخزادەش، ئاهێکی توند و درێژی ڕاکێشی سیپەلکەکانی کرد، بە پەشێوی دەستێکی لەرزۆکی گەیاندە... زلکە پووشێک! زلکەکەی هەڵگرتەوە... چاوی دانەواندن... لەسەرخۆ پووشکەکەی لە ڕۆخ ئاگردانەکە وەردەدا.

دایکیشم، وەک سام گرتوو، لە جێگاکەی تاسابوو، هەرگیز جوولەیێکی لێوە نەدەهات... تەنانەت... تەنانەت... نەیتوانی وەڵامی ماڵاوایی پوور ڕابیش بداتەوە... یان وەکو جاری جاران... هەتا بەردەرگا وەرێی بکا!...

ئەو سەردەمە، ئەو ڕوداوانەم بە ئاسایی... دەچوونە مێشک و دەروون، بەڵام، چۆن... هەتا ئیمڕۆکە... لەمێشکمدا... لە دەروونمدا نیشتوون؟ ئەوەم پێ سەیرە... نەهێنییێکە تێی ناگەم!! سەرەڕای ئەمانەش ماوەیێکی زۆری خایاند... هەتا هۆی ئەو چۆنیەتیەی دایکم و... ئەوانی دیکەم... بۆ ڕوون بووەوە.

ئەستێرەی ئاسمان، ئەوەندە زۆر و زەبەند بوون، لەژماردنیان حیسابم لێ تێک دەچوو!... مێشکم دەئاڵۆزا!!... کاتێک لە ژماردنیان بێزار و وەڕەس دەبووم... بیرم دەبووە پەپوولەیێک... پەپوولەیێکی وێڵ... باڵی دەکوتا... دەفڕی... دەفڕی، بەناو کۆڵانە خۆڵاویە تەسکەکانی گوند، بەناو ڕەز و باخەکان... مێرگەکان... بەسەر دارە بەرزەکان... دەسووڕایەوە، تاکو خۆی لە دەورەی قەندیلە نەوتیە ڕەشەکەی ڕۆخ ئاگردانەکە... دەگرتەوە... تێکەڵاوی خەمەکانی گوندەکەمی دەکردم، چارەنووسی بە چارەنووسی کۆمەڵەکەم دەبەستمەوە، توندتر بە قووڵایی ژیانی گوندە بچکۆڵەکەم ڕوو دەچووم، هەناسەم لێ تەنگ دەبوو... خەوم لێ دەزڕا، لەناو نوێنەکەم گەوزم دەدا... هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکرد، وەکو تینوێکی گەروو... ووشک، لە دەشتێکی گەرمەسێردا... بێ سەروشوێن پەلم دەکوتان... دەمم بەش دەکردەوە... بەهەموو هێزمەوە هەناسەم دەخواردەوە... گەرووم بۆ هەواییێکی فێنک دەکردەوە... بەشکەم تێمێک گەرووم تەڕ بکاتەوە و دەروونی سووتاوم... سارد بکاتەوە!!... کەچی هەتا دەهات پتر تینووم دەبوو... پتر ئارەزووی ئەوەم دەکرد... بگەمە بنی ئاسمان!!... لەژمارە و نەهێنی ئەستێرەکان بگەم!... بەڵام... داخ... سەد داخ، هەمووی بێ سوود بوو... هەموو هەوڵ و تەکانەکانم... وەکو تەکانەکانی مەلەوانێک بوو، مەلەوانێک... لەناو دەریاییێکی بەرینی بێ ڕۆخ... بێ لێوار و بێ دوایی بوو... بە ئامانجی گەیشتنە وشکاییێک... و ویستگەییێک... ئارامگاییێک... هەناسەییێکی تێدا بدا... هەندێک... هەسانەوەی پێ ببەخشێ!.

تەکانم دەدا، پەلم دەکوتا... هێزم بەخەرج دەدا... بێ ئەوەی بگەم بەو ئاواتە... بێ ئەوەی بەقەد پارچە حەسیرێک... بەقەدەر پانایی دەستێک لە لێواری ئەو دەریا بەرینە... لە ڕۆخی ئەو کەونە فراوانە بەدی

بکەم، تاکو... ناچار وەڕەز دەبووم ... خۆم دەدایە چەنگی گێژەلووکەی ژیان... تەسلیم بەقەزاو قەدەر دەبووم... خۆم بەوە ڕازی دەکرد... کە:

– دەبێ بەم دەردەسەریە بتلێمەوە، دەبێ ژیان لەم دۆزەخە ببەمەسەر!! دەبێ بە چاوبەستەیی... کوێرانە... ئەم ڕێگا سەخت و دوورە بپێچمەوە!!

پاش ئەو هەمەوو خەیالات و لێکدانەوە و سەرلێ شێوانە، ماوەییک بێ هۆش دەبووم... لینگم لێ ڕادەکێشان، خەو... وەکو تۆماری ژیانەکەم... وەکو هەموو نەهێنییێکی ئەم کەونە کۆنە، لەناو دەروونی ڕەشی تاریکی خۆی لوولی دەدام... دەکەوتمە ژێر لێوە ئەستوورە گرانەکەی شەو و... ژێر کابووسی مێردەزمەی ژیانە تاڵەکەی گوندەکەم... جیاوازییێکم لە نێوان خۆم و... لە نێوان پرو پیرێژنەکانی گوند... نەدەدەدی!!.

دایکم پێی دەگوتم: – پلکە مێرێ...ش، دایکتە!

لەدڵی خۆمدا ئەو قسەیەم پێ سەیر بوو!! چۆن پلکە مێرێ دایکمە؟! و... دایکیشم... دیسان ئەویش دایکمە؟ حەزم دەکرد... تەنیا دایکی... خۆم... دایکم بێ، بەڵام دایکم پێی دەگوتم:

– پلکە مێرێ... مامانی تۆ بووە!! ئەو بەخێوی کردووی... بەشیری مەمکی ئەو گەورەبووی... ئەویش دایکتە!!.

من حەزم دەکرد، هەر تەنیا دایکی خۆم، دایکم بێ!... وەکو جووجەڵەییێکی ڕووتەڵە، لەبن باڵی ئەو... هەستم بەگەرمی و هێمنایی و هەسانەوە... دەکرد، بەڵام پلکە مێرێشم زۆر خۆشدەویست... ژنێکی نەرم و نیان بو... باوەشی ئەویش... هێلانە و ئارامگەییێکی لەشم بوو.

پلکە مێرێ، چۆن لەو ڕۆژانەدا، لەگەڵ دایکم دراوسێ و ڕەفیقی ڕوح بە ڕوحی یەکتری بوون، لەهەرەتی لاوی و کچێنیشەوە، دەستە خوشکی یەکتری بوون، خەڵکی یەک گوند بوون، بەیەک ساڵ مێردیان کردبوو، لە کوێستانەکەدا زەماوەندیان بۆ گیرابوو، لەشەڕ و گرانیە گەورەکەش پێکەوە ئاوارە و دەربەدەر کرابوون، بەرەو گەرمیان سەریان هەڵگرتبوو، چارەنووسیان بەم گوندەی ئێستامانەوە نووسابوو.

زۆرجار دایکم پێی دەگوتم:

– خودا، بە هۆی تۆوە... حەوێزیی، خوشکە مێرێی داوەتەوە!

تا درەنگ زەمانێک لەم قسەیەی دایکم نەدەگەیشتم!... تا لە دواییدا بۆم ئاشکرا بوو، ئەم پوورە کلۆڵەم... منداڵەکانی لە ڕێگا دوورەکەی ئاوارەیی... لە هەورازە سەختەکەی دەربەدەری و برسیەتی... بوون بە قوربانی...! هەر لەو ڕێگایەشدا... پێش ئەوەی بگەن بەم چارەنووسە، هاوسەرەکەشی بۆ یەکجاری بەجێی هێشتبوو!... بە تەنیا بەجێ مابوو... ناچار سەری بەسەری دایکمەوە نابوو... ڕوحمی کەوتبووە سەرمن، لە کۆشی... خۆی بەشیری خۆی گەورەی کردبووم، وەکو منداڵەکانی خۆی لەمندا دۆزیبنەوە... وا بە جەرگی خۆیەوە دەنووساندم ببوە دایکی دووەمم!! کە پێوەرەش بووم، گەیشتمە تەمەنی شەش حەوت ساڵی، هەروەکو دایک و کوڕ... لەگەڵ یێک هەڵسوکەوتمان دەکرد، هەر کاتێک دەیدیتم... پڕسۆز ئامێزی پێدا دەکردم، تێر... تێر ماچ و بۆنی دەکردم، دەستی دەگرتم... دەیکێشامە کۆشی خۆی!.

– وەرە ڕۆڵە، حیکایەتت بۆ بکەم!.

دەیزانی... زۆر حەز لە حیکایەت دەکەم، بەتایبەت هۆگری ئەو حیکایەتەکانیم، شەوان لەگەڵ منداڵەکانی گەڕەک... لەڕۆخ گۆڕکەکەی ئێمە کۆدەبوینەوە... گوێمان بۆ پلکە مێرێ دۆل دەکرد...

حیکایەتی بۆ دەکردین:

ئەوجا... خوشکی لەهەمان گەورەترێ... بە خوشکەکانی دیکەی دەگوت...

گەلی... خوشکانێ...

لەهەموو ولاتی بادینان... هەریر و جزیری بۆتانێ

بەچاوان... بەبالاًن دەگەڕام

لەلاوێک... لە جوانێک دەگەڕام

قابیل بێ بە خاتوو زینی... میرکچێ بۆتانێ

کەسم... لە کاکە مەمی... جوامێر و لاو

نەدەکەوتە بەر دڵ و نەدەکەوتە بەرچاو!

بەدرێژایی شەوانی زستان... پلکە مێرێ بە گێڕانەوەی بەیتی مەم و زین و سیامەند و خەجێ... شێخ فەرخ... برایۆک و نێچیروان... ئەسپارەش... و بەیتی دیکە... مێشک و گیانی ئاو دەدام، بە حیکایەتی سێ براله و... کوڕەکەچەڵ و گەنج خەلیل... بەیتی ئازایی و خۆشەویستی و دلّداری... ڕابوردوان... گیانی خۆشەویستی و مێردایەتی بەهێز دەکردم:

کەچەڵەک بووم لە کاروانی

لامدا گوندەک لە بۆ نانی

دیتم زەریەک لەبەر نانی

بەحیکایەتی ئەفسانەیی دێو... و درنج... ترسی لەگیان دەچاندم... لەگەڵ مریشکە قوندە... مام هەیدەری شاوریم خۆشتر دەویست:

مام هەیدەری شاوری

مریشکۆلەت لەبەر مری

بگرە ڕیویێ خازری

مام هەیدەر هات لەهەردا

تووله و تاژی لەگەردا

مام ڕێویان لەخۆڵێ وەردا

کە مام هەیدەر، ڕێوی زۆرداری لە خۆڵێ وەردەدا... مریشکە قوندە و جووجکەکانی ڕزگاریان دەبوو... ئێمە... مندالّەکان هەموومان گەش دەبووینەوە، پێکەوە دەستمان لەیێک دەدا... لە ڕۆخ ئاگردانەکە... هاوارمان دەکرد:

ها... ها... ها... ها...

کە باسی دێو... و ئەژدیها و درنجیش دەهات... باسی مێردەزمە و نێرە عەلی شیشی قەشەش دەکرا... ترسمان لێ دەنیشت، لەشمان دەلەرزی... لێک نزیک دەکەوتینەوە، لەرۆخ ئاگردانەکە... قوونە تووتکەمان دەکرد!...

شەوێکیان... پلکە مێرێ... لەگەڵ دایکم... حیکایەتی نێرە عەلی شیشەکەی مام قەشەیان بۆ دەگێڕاینەوە... هەر یەکەیان دەیەویست پێش ئەویدی دەست پێ بکا، دایکم... لە کەندووەکە... هەندێک

گوێز و مێوژی هێنان و لەبەردەمی ئێمەی دانان، پلکە... دەرفەتی دیت و دەستی بە حیکایەتەکە کرد:

– لە زەمانی بەری، کە قاتی و گرانی، لە گوندەکەمان پەیدابوو، مامەولای باپیری حەسەنەبۆری... لە برسانا لەناو خێزانەکەی دەرپەڕی، بە رەنگاری سەفین بوو، خۆی هاویشتە ئەو شاخ و دارستان و هەڵدێرانە... لە شتێک دەگەڕا بۆ خواردن بشێ!! دار گوێزەکەی سوورەحمان... هەنجیرە کێویەکانی پشت چاکی خەزوولاس... دار قەزوانەکانی شاخەکە، دار بەڕوەکان... لە کۆلکە دارە پیرەکان... لە کونە مێش هەنگوینێک دەگەڕا... ڕاوی تەیروتوار و دەعبایێک... خولیای پەیداکردنی خۆراکێک بوو، دڕندەی هاری برسیەتی خۆی و خێزانەکەی پێ هێدی بکاتەوە. ئاگرەکەی دەروونیان پێ دامرکێنێ، بە گەلی دەنگارەدا هەڵدەگەڕا... کە قریوە قریوێک پەردەی گوێچکەی لەراندەوە، ئەوەل جار وای بۆهات... کە دەنگی پۆلی قازو قورینگە بەرەو گەرمیان دەبنەوە، پتر هەستی ڕاگرت... لە ناوەوەی خۆیدا گوتی:

– بەزاتی خودا... بەدەنگی عەلەشیش دەچێ!

تەکانێکی دایەخۆ... هەندێک بۆی هەڵکشا... سەری بەرزکردەوە... دیتی ڕەوە قەلەموونێک... لەسەر تاتەبەردێکی پان... وەک ڕەوەبێک کارەبزنی ڕەش... لەسەر تاتەکە مۆلگەیان بەستووە.

مامەولا... بەو دیمەنە تەواو پەشۆکا... چاوەکانی هەڵپشاوتن، دەیویست بیری کۆبکاتەوە... کە لەپڕ... کەڵە عەلەشیشێکی زەلام... لەناو ڕەوەکە قیت بووەوە... باڵە فڕێکی کرد... چوو لەسەر کەپکە شاخێک هەڵنیشتەوە... چەند جارێک باڵی فش کرد... بای کرد بە خۆیدا... ئەمجا ملی بۆ لای مامەولا هەڵکێشا و وەکو بەنی ئادەمێکی تەواو... بە دەنگێکی زەنگوڵی ساف... بە زمانێکی رەوان...کەوتە قسەکردن.

نێرەعەلۆ زۆر بە فەسیحی بانگی مامەولای کرد:

– مامەولا... مامەولا... وەرە بۆ خۆم ببە!!

جارێکی تریش زۆر بەڕەوانی بانگی کردەوە:

مامەولا، ئێمە بۆ خاتری تۆ... ڕەوانەی ئێرە کراوین... هەمووومان نەسیبی تۆین!!

عەلی شیشەکانی دیکەش... لەگەڵ بانگی نێرە قەلەموونەکە... ئەوانیش بەیەکجار دایان لە قریوەقریو و باڵیان فش کردن... سەریان دەهەژاند!! مامەولای باپیری حەسەنە بۆری ترسێکی زۆری لێ نیشت... سام گرتوو بوو... چاوی پەڕینە تەوقی سەری... شتەکەی نەدەچووە مێشک... نەیدەزانی چۆن باوەڕی بەگوێ و چاوی خۆی بکا... لەبەر خۆیەوە مرتاندی:–

– لەم گرانی و قاتی و قڕییە... عەلەشیش لەکوێ ماوە!!

سەرێکی هەژاند و لەخۆی پرسییەوە:

– کوڕە... ما... سەگ و پشیلەش... ماون... هەتاکو قەلەموون؟

– کەنگی لەشاخ قەلەموون هەبووە؟

لەئەنجامی بیرکردنەوەکەی... بەدوو دڵییەکەوە بەخۆی گوت:

– لەوانەیە... لە ڕاوڕووتی جەندرمەکانی عوسمانلی... لە گوند هەترە بێن و وەشاخ کەوتبن.

– بەڵام... ئەم هەموو قەلەموونە زۆرە؟

بە حیسابی ئەو... لە دووسەد قەلەموون پتر دەبوون!!

- لەوانەیە... لەو چەند ساڵە سەختانەدا... زاووزێیان کردبێ!!.

وای بەخۆی گوت.

مامەولا، لە گەلێک دارکەر و ڕاوچی بیستبووی، کە لەو چیایەدا... وا بوە مریشکە کێوی و کەڵەشێری کێوی و هەتا پشیلەی کێویش بەرچاو کەوتووە.

بەبیر بڵاوی چاوی بەناو قەلەموونەکاندا گێڕا... یەک دوو سەڵەواتی هاوێشتن، لەگەڵ هەناسەیێکی تووند ناوی خوای لەزار دەپەڕی... و هەندێک داما خۆی دواندەوە:

- بۆچی... کاکە... خوا سەران دەدا... و... رزقان دەدا!! خۆ موعجیزەش هەڵنەگیراون؟

حەزی دەکرد خۆی بەوە رازی بکا... کە خودای ڕەززاقی مارو مورو... ئەگەر بیەوێ... هەزاران ئەوەندەی پێ دەکرێ و... بەچاو قوچانێک هەزار... هەزار ئەوەندە دەکا.

لەڕاستیشدا... ئەمە وابوو... کەس گومانی لە توانا و قودرەتی خودا نییە.

مامەولای باپیری حەسەنبۆری، پتر بڕوایی هێنا کە هەبێ و نەبێ مەسەلەکە موعجیزەیەو... خودای گەورە ڕوحمی بەماڵ و منداڵەکەی کردووە... یەکسەر ڕووداوەکەی حەزرەتی ئیبراهیمی هاتەوە یاد.

بەو هۆیەوە ترسەکەی ڕەویەوە، بگرە تەواوێک بڕوایشی بەخۆی هاتەوە... لەشی سووک بوو... بە پێ دزە... پارێزی بۆ نێرە عەلی شیشەکە برد، تا هەموو تینی کۆکردەوە و وەک تیر پەلاماریدا!!... لاقێکی گرت... نێرە قەلەموون... کەوتە باڵ کوتان و پەلەقاژێ... خۆی لەدەست مامەولا ڕاپچڕی... ئازاد بووەوە... باڵەفڕێکی کرد... تا لەناو کۆمەڵەکە هەڵنیشتەوە... ئەمجا ئاوڕێکی لە مامەولا دایەوە... دای لەقاقای پێکەنین:

- ها... هە... هە... ها...

هەموو قەلەموونەکانی تریش... لێیان وەرگرتەوە!!!

مامەولا، لەگەڵ هەڵمەت و پەلاماردانەکەی، تاکە کڵاشێکی لەپێ بووەوەو... بۆ ناو کەندەکە هەڵدێرا، سووی لە کڵاشەکەی نەبووەوە... بەشکو لەناوەند دڵیەوە پێی خۆش بوو لەو کۆتە گرانە ڕزگاری بوو بەخۆشی نەیدەزانی لە کەنگێوە ئەم جووتە کڵاشەی لەپێدان!... ئەوەندە پینەیان لێ درابوو... وەک شاخە کیسەڵیان لێ هاتبوو!... بەگورجی تاکەکەی تریشی داکەندو لە هەڵدێرێی هاویشت، ئەوجا هەناسەیێکی درێژی هەڵکێشاو لەبەرخۆیەوە گوتی:

- پێ خواسیەکە باشترە!! دەبا لەو بارە گرانە قورتار ببم.

بەمە لەشی سووکتر بوو، بەڕاکردن بەرەو جێ مۆڵگەی عەلی شیشەکان بەزی... خۆی لە یەکێکیان ڕووکرد... لەپڕ هەموویان دایان لەشەققەی باڵ... بە قیژە قیژ... لەناو جەرگەی ئاسمان نقووم بوون... هەتا بوونە نوقتەی ڕەش... ڕەش و توانەوە.

چاوی تێ بڕیبوون... مامەولا هەردوو دەستی لەیەکدان و بەدەنگ گوتی:

- پەککو... بەزاتی خوا... لەحەیاتم قەلەموونی وەها قەلب سووکم نەدیون.

لە بڕیتی... لەدەست چوونی ئەو هەلەو... دۆڕاندنی ئەو ڕاوە چەورە، ئاهێکی ساردی هەڵکێشا... بەوەڕەسی لەسەر بەردێک دانیشت، بیری لەحاڵی خۆی و خێزانەکەی دەکردەوە... کە لەپڕ ڕەوە قەلەموونەکە وەک ڕەشەبا... بەتیژی لەئاسمانەوە بەرەو ژێر بوونەوە!!... لە نزیک مامەولاوە، خۆیان لەئەرزەکە خشاند! مامەولا... بەپەلەتاوی سەری ڕەدوونانەوە، هەتا وەک ڕانە بەرخێک ئاوقای ناو

"ئەشکەوتی کۆتران"ی کردن.

مامەولا... بەو ئەنجامە دڵی فێنک بوەوە، بەخۆی گوت:

– ئەوە باش بوو... تازە لەناو ئەشکەوتەکە بۆ کوێ خۆیان رزگار دەکەن.

لێیـان وەرسـووڕایەوە ناو دۆڵەکـەو بۆ ئەشکەوتەکـە سـەرکـەوت... هەسـتی ڕاگرت... ئەشکەوتێکی کشوومات... تەنانەت سربوەی شەمشەمە کوێرەشی لێ نەدەهات!!.

– جاران... کە دەهاتمە ئەم ئەشکەوتە... دەنگی زیندەوەرو یاهووی کۆتر... گوێی پیاوی پڕ دەکرد!.

لەناو مـێشـکی خۆیـدا... لێکی دەدایەوە... شـتـەکـەی زۆر پێ سـەیربوو. بەخـودی خۆی... لەدوو سـەد عەلیشیشی پتر لە ئەشکەوتەکە کردن!!.

– ئەدی... چییان بەسەر هات؟

مامەولا... لەخۆی پرسی!!

زۆر بەئەشکەوتەکەدا گەڕا، قوژبنێک نەما نەیپشکنێ، زۆر خۆی ماندوو کرد... کەچی هەمووی ماوە پووچ و بێ سوود بـوو... ناچار بەدەست بەتاڵی و دڵسـاردی ملی شۆڕکردوو بەرەو گوند گەڕایەوە!!... لە دەروونی خـۆشی... هەرگـیـز بیـری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ڕووداوەکـە بەگشـتـی هەر خـەیـاڵ بووبێ و بەس... لەبەر ڕێگاوە... لەگەڵ خۆی دەدواو دەیگوتەوە:

– بەم دەستەم لاقی نێرە عەلیشیشەکەم گرت!!

– ئەدی ئەم جیقە سوورەی بە بەری دەستمەوەیە... چییە؟

سەیرێکی لەپی دەستی کرد... زمانێکی لە جیقەکەدا... سوێرایی سەری زمانی گەزت!!.

ڕۆژ... لە سەفین ئاوا ببـوو، تانەیێکی بۆر، بەسەر گوندەکەدا کشابوو!!... نوێژی شێـوان نزیک بوو... یەکسەر لای خەڵکێکی زۆری ئاوایی لە دەوروبەری میحراب... بەرامبەر مەلای گەورە دانیشـتـبوو، مەلا وەک ئاش دەمی دەگێڕاو گرمەی دەهات، خەڵکەکەش... کڕ و بێ هەست سەریان دانەواندبوو. مامەولا بە مشەوەشی خۆی کوتایە مزگەوت... سەلامی کرد و لەنزیک مەلا هەڵترووشکا، خەڵکەکەش لەگەڵ دەنگی مامەولا وشیار بوونەوە... بەووردی گوێیان لە مامەولا راگرت... کە مەسەلەی خۆی و قەلەموونەکان... و ڕووداوەکە چۆن بوو. ئەوها بۆ مەلا و ئەوانیدی گێڕایەوە.

پیرئۆمەر، خۆی پێ نەگیرا... تا مەلا ڕاییێک بدا... ئەو هەڵی کوتایە و بە پەلە گوتی:

– ئەوە... مێردەجنۆکە بووە!!... مێردە جنۆکە!

بەڵام مەلا تەسدیقی ئەو قسەیەی پیرئۆمەری نەکرد... کەسەری لە مـامـەولاو لە خەڵکەکە هەڵبڕی و گوتی:

– نەخێر... پیرئۆمەر... نەخێر... ئەوە مێردەزمە نەبووە... چونکی میردەزمە دەچێتە پێستی بزن... و کار و... گیـسک... و ئاژەڵ و ئەو وەلسـاتە!... هەرگـیـز نەبووە چووبێـتـە شکڵی مـریشـک یان کـەڵەباب... یان قەلەمـوون، لەوانەشە وەکو مـامـەولا خۆی بۆی چووە... مـوعـجـیزە بێ و... چونکی مـامـەولاش کەم سـەبرو ناشوکر بووە ... ئەوا لەکیس خۆیدا!!.

مەلا... پاش کەمێک بیرکردنەوە... قسەکەی وا تەواو کرد:

– پیاو... لەهەموو ژیانیدا... ئەگەر جارێک خودا موعجیزەیەکی وەهای نیشان بدا... دەبێ بزانێ چۆن

به قازانجی خۆی خوردی دەکاتەوە.

خەڵکەکە، هەموویان سام گرتوو بوون، مامەولا وەکو مەنجەڵێک بەفراوی بەسەردا کرابێ... وا سارد و پەشیمان بوەوە... بە نیگەرانییێکی تاڵ و تیژ لە مەلای پرسیەوە:

– باشە... قوربان، هەڵستم... دوا بەدوای موعجیزەکەدا بچمەوە؟

مەلاش فەرمووی:

– نەخێر... نەخێر... مامەولای بەدبەخت... تازە بۆتۆ... چش!

ئیتر مەلاش، قڕوقەپی لێکرد و سەری لەبەرخۆ... نا!.

پلکە مێرێ، لەدوای پشوودانێکی کەم گوتی:

– هەر چەندە مـەلا بەو ڕەنگە وەڵامی مـامـەولای دایەوە، بەڵام لە ناوەوەی خـۆیدا گـومـانی لەو وەڵامەی هەبوو!! بیری لە شـتێکی دیکە... دەکردەوە، شـتێک بۆ کەس نەی درکـاند، کەسیش بەلایەوە نەدەچوو، بۆ بەیـانیش ئاشکرابوو کە مـەلاش کە گوێی لە بەسـەرهاتی مـامـەولا دەبێ تەمـاحی دەیگرێ و پاش نوێژی خەوتنان مل بە چیایەکەوە دەنێ، بەشوێن قەلەموونەکان بۆ ئەشکەوتەکە سەردەکەوێ... ئیتر لەناو ئەشکەوتەکەدا خوا بەخۆی دەزانێ چی بەسەر دێ!... تا بەیانی کە خەڵکەکە بۆ نوێژی بەیانی دەچنە مـزگـەوت... مـەلا دیار نـاکـەوێ، کـە ڕۆژیش هەڵدێ و رمـێـک سـەری لە ئاسـۆ... هەڵدێنێ مـەلا هەر دەرناکەوێ... ئەو ڕۆژە تا درەنگێک... ئەوجا خەڵکی ئاوایی بە شوێن جەنابی مەلادا دەگەڕێن و کەلەشی موبارەکی لە ئەشکەوتەکە دەهێننەوە و... لە گۆڕستانی برسیەکـان ژێر خاکی دەکەن!... خوا خێری خەڵکەکە بنووسێ... دەنا لاکەی مـامـۆسـتـا دەبووە خـۆراکی گـورگ و کـەمـتـیـار... لەگـەڵ ئەو هەمـوو دەردەسـەری و ئەشکەنجـەی ژیانی... تەنانەت لەسـەر پشـتی ئەم زەویە؛ لە گـوندەکـەش... جـێگایێکی نەدەگـرت!! ئەلعـانیش گـۆڕی مـەلا هەر دیارە، خـەڵک وەکـو مـەزارێکی پیـرۆز... زیـارەتی دەکـەن... و بەشـەهیـدی دەژمێرن!.

لە ڕاستیدا زۆر هەوەسم... بەقەلەموون و... قربوەقربو... و هەڵفڕین و دابەزینی نێرە عەلیشیشەکە کرد... گفتوگۆیەکەی لەگەڵ مامەولا دەهات! دەنا شتێک لە هەمـوو حیکایەتەکە حاڵی نەبووم!... بەڵام بە چاکی هەستم بەوە دەکرد کـە دایکم پـتـر چێـژ لە حیـکایەتەکـە وەردەگـرێ و پـتـر تێکەڵاوی ڕووداوەکـانی بووە، هەر لەبەر ئەوەش، پاش تەواوبوونی حیکایەتەکە ڕووی لە پلکەمێرێ کرد و پێی گوت:

– خوشکە مێرێ... مەلا سەعیدی شێخزادەش... جارێک باسی ئەو عـەلیشیشـانەی گێڕایەوە... کە جـارجـارە، وەکـو پەڵە هەورێکی ڕەش لە ئاسـمـانی سـەفـینێ دەردەکـەون، لەپڕ دەتوێنەوە و وون دەبن، بە موعجیزەیەکی خودایی دای دەنان... ئەو دەیفەرموو:

– ئەو عەلیشیشانە هەموویان جەندرمەی عوسمانلی بوون... لە گرانیەکە لەبەر زوڵم و زۆریان... خوا کافری کردوون و غەزەبی لێ گرتوون... کردوونی بە قەلەموون و لە ئەشکەوتەکانی سەفینی ئاخنیون.

دایکم دەیگێڕایەوە:

– کـە سـەعـدی نێـرکی... پیـاوێکی خـاوەن خـێـزان و هەژار بوو، لەو ڕۆژە ڕەشـانـە، بە هەزار دەردی سـەری، هەندێـک بژێوی بۆ منداڵەکـانی پەیداکـردبوو... و لەترسی جـەندرمـە... لە ڕۆخ ئاگـردانی کۆڵیتەکەی، لە ژێر زەوی چاڵی کردبوو، ڕۆژێک دوو جەندرمە لەڕاو ڕووت دەگەڕێن، دەرگای کۆڵیتەکە لە ڕێسـمـە دەبەن، دەچنە ژوورەوە، پەڵی منداڵەکـان دەگـرن و بۆ دەرەوە تێـیـان هەڵدەدەن، عـەرزەکـە

شیشکوت دەکەن، دانەویڵەکە بەتاڵان دەبەن!... کە سەعدی دەگەڕێتەوە... بە مەسەلەکە دەزانێ... شێت و هار دەبێ، سەر هەڵدەگرێ تا لەناو چەمی سۆرک... لە ڕێگای جەندرمەکان... خۆی لە بۆسە دەنێ، کە تاڵان کەرەکان... بە تاڵانەوە ڕادەبوورن... هەڵمەتیان بۆ دەبا و... بەخەنجەر پارچە پارچەیان دەکا و ڕزقەکە بۆ منداڵەکانی دەهێنێتەوە.

هەتا وەکو منداڵێک، ئینسانێک... گەورەتر دەبووم... پتر فامم دەکرد؛ بیرم بەو ڕووداوانەی گوندەکەم بەسترابووەوە، هەر قەلەموونێکم دەدی، قەلەموونەکانی مامەولام... دەهاتنەوە بەرچاو، قسەکەی دایکیشم... کە بە پلکە مێرێی دەگوت:

– مامۆستا مەلا سەعیدی شێخزادە... دەیفەرموو... قەلەموونەکان جەندرمەی عوسمانلی بوون... خوا کردوونی بە عەلەشیش!!.

ڕۆژێک... لەگەڵ سلێوای هاوڕێم... کە لەهەولێر دەمانخوێند، لەلای منارەی چۆلی... دەرسمان دەور دەکردنەوە... کە باسی ئەو عەلیشیشانەم بۆ گێڕایەوە... پێم سەیر بوو کە سلێوا مەسەلەکەی لەلا غەریب نەبوو... کتێبەکانی لە تەنیشت خۆی دانان و پێی گوتم:

– داپیرەم دەیگوت:

– لەگرانی گەورە... قەشە ئیستیڤان خۆی کوتابووە ناو دێرە کۆنەکە، شەو... و ڕۆژ نەدەهاتە دەرێ، حەزی نەدەکرد ڕووی پووتی خەڵکەکە ببینێ... گوێی لەناڵەو هاواری منداڵە برسیەکان بێ!! لەناو حەوشی دێرەکە ببوە شوانی ڕەوەیێک قەلەموون، بەخێوی دەکردن... هەتا دەهات قەلەموونەکان قەڵەو دەبوون و دەڕسکان، کە دیانەکانیش بۆ نوێژ دەچوونە دێرە، قەشە پێی دەگوتن:

– ئەمانەم بۆ سەرەساڵ و جەژنی لەدایکبوونی کوڕی خوا دابەستوون!! وە ئەنگوستی بۆ عەلیشیشەکان درێژ دەکرد!.

بەم ڕەنگە خەڵکەکەی لە قەلەموونەکانی دوور دەخستنەوە... هەروەها لە چاوی پیس.

پایز درەنگ بوو... لەپڕ قۆڵێک جەندرمەی عوسمانلی... لە گوند پەیدا بوون... وەک گورگی هار پەلاماری گوندیاندا... تا لەئەنجام لە دێرەکۆنەکە جێگیر بوون.

مام قەشە لەترسان... دێرەی بەجێهێشت و چاوی بەخەڵکی گوندی هەڵنەدەهات بێتەوە ناویان، یان لەتاو عەلیشیشەکان ڕووی کردە ئەشکەوتی سوورەحمان و بەرامبەر خاچەکەی چۆکی دادان... لە خوا دەپاڕایەوە... تۆڵەی لەو جەندرمە دڕاندنە وەربگرێ.

خودا بەهاواری مام قەشەوە هات... شەوێکی تاریک... جەندرمەکانی دانە بەر غەزەبی خۆی... و... هەمووی کردن بە عەلیشیش!

مام قەشە کاتێک زۆر برسی دەبێ... ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ... بەبێ دەستی خۆی بۆ دێرەکۆنەکە نشێو دەبێتەوە، دەبینێ جەندرمەیەک لەدێرەکە نەماوە و... هەر قەلەمونێکیش بووە بە چوار و لەحەوشی دێرە مونجیان داوە...، مام قەشە مێشکی تێکدەچێ، لە برسان... بەگوڕ پەلاماری قەلەموونێک دەدا... بیگرێ... کە هەموویان لە شەقەقەی باڵ دەدەن... لەناو حەوشەی دێرە... بەرەو سەفێن هەڵدەفڕن، قەشە سەری بەرز دەکاتەوە... بە واق وڕماوی... بەنیگای چاویەوە... دوابەدوای عەلیشیشەکان دەچێ، هەتا دەبن بە نوقتەی ڕەش... ڕەش لەناو جەرگەی ئاسمان دەتوێنەوە و بێ شوێن دەبن.

لە ئەنجامی وەڕەسی و بێ دەسەڵاتی خۆم، ئاسمانی قووڵ و ئەستور و بەرینی سەرەوەم... زەوی پڕ

نهێنی ژێرەوەم... دەبوون بە کابووس و ژیانیان لێ دەکردم بە درک و بۆم قوت نەدەدرا!... ئاسمان و زەویم لێ دەبوون بەدوو لێــوی زلی زەردانی دێو... دەترســام هەڵم بلووشن دەبوون بەفــاق... بە تەلیــەیێکی ئەفسـووناوی زەلام... لەو تەلیانەی کە بە خەیاڵی خۆم... بۆ ڕاوکردنی دیناسۆرەکانی عالەمی کۆن... بەکاریان هێنابێ... دەترسام بکەومە ناو چەنگاڵەکانی.

بەدرێژایی شەو... خەونی زۆر ناخۆش و تۆقێنەرم دەدیت!! تاکو بەیانی لەگەڵ دێو...و... درنج... و... مێردەزمە و دیناسۆر... دەژیام ، عالەم لەبەر چاوی خەیاڵمدا، دەبووە دڕندەیێکی زەلام و ترسێنەر کوێرانە... بە وەڕەسی... دەست و پەلم دەکوتان... بێ ئامانج... بە هەموو لایێکدا دەست و پەلم دەوەشاند، بەرەنگاری ئەو دێو... و... درنجانە... ئەو جانەوەرانە... دەبوومەوە، چەند جارێک لەخەو ڕاچڵەکیم، ترس ئابلوقەی دام، دێو... و دڕندەی ئەفسووناوی پەلاماریان دەدام... دەستیان لە گەرووم دەنا، مێردەزمە سواری سەر ملم دەبوون... هەناسەیان پێ تەنگ دەکردم... گیانیان لە ڕەگەوە... دەردەکێشام!... لەپڕ کەوتمە ناو ئەشکەوتێکی تاریکی... سارد... سامناک... بوو... لە سەرمانا دەقەسریم، بەهەموو هێزم هاوارم دەکرد... بانگم دەکرد... دەمچریکاند... هەموو ئەو هاوار و بانگانەم تەنها لەگوێی خۆما دەنگی دەدایەوە، بە دیواری ئەشکەوتە فراوانە تاریکە بێ دواییەکە لە دیواری ئەشکەوتە سامناکەکە هەڵدەقۆزیەوە و بۆ خۆم دەگەڕایەوە!! کەسێک گوێی لێ نەدەبووم، ململانێ و پەلەقاژێی ئەوەم دەکرد خۆم لەناو ئەشکەوتەکە ڕزگار بکەم!!.

ئەشکەوتەکە دەبوو بە دەمی جانەوەرێکی دیناسۆری... بەزاری دێوێکی ئەفسانەیی بێ ڕەزای ترسێنەر، ئەمەندە تەکانم دەدا... پاژنەم لە ئەرزەکە دەژەنی و گیر دەکرد... ئەرزەکە نەرم دەبوو... دەبووە خۆڵەمێش... وورده وورده قووتی دەدام!! دیسان تەکانم دەدا... هەموو هەوڵێکم بێ سوود بوو... دەسەڵات و تینم لەبەر بڕابوو!! ترس... لەدەروونمدا... لە مێشکمدا... لەلەشمدا گەیشتبووە پۆپکەی تیژی و توندی، دڵم وەک کوتکی پەڕە لێی دەدا، خەریک بوو لەتاوان ببورێمەوە... لەخۆم بچم!! زراوم بڕژێ، گرانایی هەموو دونیا لەسەر کەللە سەرو... پەراسوو... و چاوەکانم نیشتبوو، چاوەکانم لەناو قەپێلکیان دەردەپەڕین... کە لەهیکرا... لەپڕ بەئاگا هاتمەوە... هۆشم هاتەوەبەر... ڕاچڵەکیم لەناو نوێنە شڕەکەم ڕاپەڕیم... هەناسەیێکی توند و درێژم... خواردەوە... وام بۆ دەهات... هەمــوو هەوای ئەم ســەر زەویەم هەڵمژی... هەتا تێر هەناسە بووم!! لەسەر جێگاکەم قیت بوومەوە، هەموو لەشم بەسەر ئاو... و ئارەقە گەڕابوو، بە حەپەساوی... ئاوڕێکم لە تەنیشت خۆم دایەوە!! دایکم لەسەر جێگایەکەی نەمابوو... چاوم ناردنە لای سەربانەکانی دەورەم!... خەڵکەکە... هەروەکو ئێوارە لەسەربانەکان پۆقژەیان کردبوو!! جگە لە هەژانەوەی گەڵای سەرکەلی دارتووەکانی خوار کۆڵان... هەستم بە چ جوولەیێک نەدەکرد، کزە بایێکی نەرم و سازگار... لە سەفینەوە بەسەر گوندەکەدا گوزەری دەکرد، دەنگی چەند کەڵەبابێک... لە گەڕەکی دەنگارە و لە گەڕەکی بەگزادەکان... پەردەی هێمنی؛ ئەو بەرەبەیانەی دەلەراندەوە، لەگەڵ زەڕڕەی کەرەکەی مام هەیدەر پتر هاتمەوە هۆش خۆم، چاوم بۆ لای دایکم گێڕایەوە،... دایکم نوێنەکەی بەجێهێشتبوو... لەسەر ڕۆخی بانەکە... بەرماڵێکی لێ ڕایەخستبوو... لەسەر بەرماڵەکە چۆکی دادابوون!! لەژێر تەئسیری خەون و کابوسە ناخۆشەکانی شەو ئۆقرەم نەمابوو... لەناو جێگاکەم هەڵستام... لەتەنیشت دایکمەوە هەڵتروشکام، بەبێ دەستی خۆم... پتر لێی نزیک بوومەوە... لەشم لە لەشی دەخشا... باوێشکێک گرتمی... چاوم هەڵگلۆفتن... بە توندی هەناسەیێکی دیکەم هەڵکێشا... پێش چاوم ڕوونتر بوونەوە... هەستم بە بوونی خۆم کردەوە فەرامۆشییێکی زۆریشم بۆ لە دڵدا پەیدا بوو!.

– ئەلسەلامو عەلەیکوم!

دایکم سەلامی نوێژی دایەوە، هەردوو دەستەکانی بەرەو ژوور؛ بەرەو ئاسمانی بێ دوایی... پان و بەرز کردنەوە، بەدەنگ دەمی دەبزواند... وێردی دەخوێند، بەدەم جولاندنەوە ئاوڕێکی لێ دامەوە... خۆم پێیەوە نووساند... دەستێکی دڵسۆزانەی وەسەری داهێنام، دوو... سێ جار... فووی بەسەردا ڕژاندم... بە پەشۆکاوی و بەپەلە لێی پرسیم:

– ڕۆڵە... ئەوە بۆ ڕاچڵەکی؟

– کوڕم... جەرگم، ئەوە بۆ ئەوها لەخەودا ڕاپەڕی؟

– چ جێگاییێکت دێشێ... زگت دێشێ عەزیزم؟

بێ ئەوەی چاوەنواڕی وەڵامی من بکا... پرسیەوە:

– ڕۆڵە... برسیت نییە؟

– بەڵێ... برسیتە، برسی، دەزانم برسیتە جەرگم!

وای بەخۆ گوت و... دەمی بستێک لێک داپچڕی!! دەیهەویست من هێمن بکاتەوە و ترسەکەم بڕەوێنێتەوە!... بزەیێکی لە زاری پچکڕاند، منیش بە سام گرتوویی و گێلانە لەدەم و زاری دایکم رادەمام، ئەو کاتە لەناوەوەم گۆد ببووم، حەواسم سڕ ببوون، هەستم بە چ خۆشییێک نەدەکرد، ئەوەم بۆ نەدەهات... بە گرژینەوەییێک... بە بزەییێک وەڵامی بدەمەوە و خۆشییێکی درۆی بخەمە دڵ.

دەمم گیرابوو... نەمدەتوانی زمانم بگێڕم، دایکیشم بە دڵسۆزی و ترسێکەوە لەمن وەڕامابوو، کە چۆنیەتی منی وادەدیت... ڕووی گرژ دەبوو... ڕەنگی هەڵدەبزڕکا... وەکو ئازارێکی زۆر، وەکو ژانێکی دژوار هەڵی گلۆفتبێ و دەروونی لوول بدا و هەڵی تەکێنێ... وا خۆی بەسەرمدا کوڕ کردەوە، دەستێکی دی بەسەر ڕوومدا خشاند، سەری ماچ کردم... لە پاشان... لەسەر بەرماڵەکەی هەڵستا... پێخەفەکانی ڕاوەشاندن... لوولی دان... قەدی کردن و لە ڕۆخێکی بانەکە کۆی کردنەوە و کوچکە بەردەکەی لەسەر دانانەوە.

وورده... وورده دەهاتمەوە هۆش... هەستم بەچۆنیەتی خۆم دەکرد! ئاوڕێکی دیکەم لەسەر بانەکانی دەورەم دایەوە... تاکوتووک... خەڵکەکە لەخەو ڕادەبوون، بەرەو ژووره تەنگ و تاریکەکانیان دادەبەزین، نەخشین... لەخەو ڕابوو... نوێنەکانی دەپێچانەوە... دایکی لەسەربان نەمابوو، لەپڕ لە نوێن پێچانەوە وەستا، بەرامبەر بانەکەی ئێمە... لە جێگاکەی سەکنا.

هەموو بەیانییێک... کە لەخەو هەڵدەستام... یەکسەر چاوم دەبڕینە نەخشین، سەیری بەژن و باڵام دەکرد... بەدەست و بەلەش... بەچاو لە یەکتری دەئاڵاین و یەکدیمان دەدواند، بەڵام ئەو بەیانیە... وەکو بەیانیەکانی ڕابوردوو نەبووم!! هەستێکی تایبەتم بۆ پەیدا نەبوو نەمتوانی لەگەڵ نەخشین تێکەڵاو ببم و بۆم نەکرا وەڵامی دەست و چاوی بدەمەوە!!... نەخشین... بە دڵشکاوی بۆ نوێنەکان چەمایەوە و لوولی دان و لە ڕۆخ بانەکە کەڵەکەی کردن و لەگەڵ ئاوڕێکی پڕ گلەیی... لەپەیژەکە دابەزی و لەبەر چاوم وون بوو.

چاوم... لەبەر دەرگای عەمبارەکەی مام حاجی چەقین... بەر دەرگایەکە چۆڵ و هۆڵ بوو... وەکو هەرگیز کەسێکی بە بەردەمدا تێپەڕ نەبووبێ، وەکو دەمێکی زۆر بێ هاتووچۆی بەپێش نەکرابێ... وا دەهاتە بەرچاوم!!... کە لە مێشکی خۆم بەراوردی هەرا و هۆریا و بگرە و بەردە و گرەی لۆری... و کێشەی حەمباڵەکانی بەر دەرگاکەی شەوی ڕابوردووم لەگەڵ چۆنیەتی ئێستای عەمبارەکە دەکرد... سەرم سوڕدەما، بیرم لێ ئاڵۆز دەبوو، ئاهێکی گەرمم هەڵدەکێشا!... کۆمەڵێک پرسیار... لە دەروونمدا... لە

مێشکمدا... وەکو مەنجەڵێک شیر بڵقیان دەدا؛ سەرم لە دایکم بەرزکردەوە... وەکو بمهەوێ... پرسیارەکان بەرەو ڕووی ئەو بکەم... کە ئەو بانگی کردم:

– شێرکۆ... گیان، بچینە خوارێ... دەزانم برسیتە!!

کە چاوم بەژوورەکەدا دەگێڕا... بەو ژوورەی بۆ یەکەمجار لەناویدا... چاوم بۆ ژیان هەڵهێنابوو... ژوورەکەم بە جۆرێکی تر دەهاتە بەرچاو... لەپێش چاوما نموونەیەکی بچووکی ئەو ئەشکەوتە ئەفسووناویە بوو... کە شەوی ڕابوردوو خەونم پێوە دەدیت!!.

دایکم بە پەلە و... پەشۆکاوییێکەوە، ڕای کردە بنەبانی ژوورەکە، لەبن ئەستەرک، مەنجەڵێکی ڕاکێشایە دەرەوە، سەرپۆشی مەنجەڵەکەی هەڵگرت... شتێکی ڕەشی لەناو دەرهێنا.

ئەگەرچی ئەو کاتە بەتەواوی هاتبوومەوە هۆش خۆم، بەرچاوم ڕوونتر ببوەوە، ترس و سام بەریان دابووم، نەمدەتوانی خۆم لەشەوی ڕابوردوو جودا بکەمەوە، هێشتا بیرم بە خەون و کابووسەکەیەوە بەسترابوەوە، بۆم نەدەکرا خۆم لە بەرامبەر تەوژمی ئەو خەونە بەسام و ناسازانە ڕابگرم، تووشی جۆرە ماخۆلیاییێکیان کردبووم...!! بەو هۆیەوە... بەقەلب گرانی و بە دەنگێکی گڕ... بە خۆم گوت:

– پەککو... لەو خەونە ناخۆش و لەو کابوسە ڕەشانە!!

لەپاشان ڕووم کردە دایکم، دەنگم هەندێک بەرزکردەوە پێم گوت:

– دایە... دایە شەوی ڕابووردوو لەناو دێو و درنج و لەناو دڕندە و جانەوەری بێ ڕەزا ژیاوم.

بە دەنگێکی لەرزۆک پێم گوت:

– یەکێکیان دەمی وەک ئەشکەوت بەش کردبوەوە، خەریک بوو...، هەڵم بلووشێ... قووتم بدا، ئەوەبوو لە ترسانا... لەخەو ڕاچڵەکیم.

کە چۆنیەتی ئەو شەوەی خۆم بۆ گێڕایەوە، شتە ڕەشەکەی لەناو دەست بەربوەوە ناو مەنجەڵەکە، وەکو مار گەستبێتی... وا دەستی کێشانەوە و ڕووی تێکردم... بەئاڵۆزی گوتی:

– خودا... لەچاوی بەد... لە حەسوود و دوومۆر بتپارێزێ... ڕۆڵە... خودا لە تەنگانە و قۆرتی ژیان ڕزگارمان بکا... لەگەڵ هەموو... ئۆممەتی موحەممەدی... ئامین!!.

ئاهێکی توند و گەرمی هەڵکێشایەوە، پاش نەختێک دامان هاتەوە قسە:

– مادام... لە زاری دڕندەکە و لە چەنگی دێوەکە... ڕزگار بووی، مادام... جانەوەرەکە... بۆی نەکرا قووتت بدا ڕۆڵە... ئەمە نیشانە و عەلامەتی نەجاتن... دیاردەی خێر و سەرفرازییە... عەلامەتن... عەلامەتی فەرەحنایی و فەرامۆشین... ئینشائەڵڵا... بە هیممەتی حەزرەتی یوسف و قوتبی ڕەببانی.

دەستی بە نووزانەوەییێک کرد... لەبەر خۆیەوە... وەکو بریندار دەی ناڵاند و دەیگوت:

– خودایە، ڕوحمت زۆرە... ڕوحمت لە ئاوی بەحران... لەگەڵای داران... پترە، ڕوحمێک بەم ئۆممەتە بکە... لەم گرانییە و قاتییە... لەترس... لە بەڵا و ئازار نەجاتمان بدە... بۆ خاتری هەر چل و چوار هەزار پێغەمبەر و بۆ خاتری نازی خۆشەویستی خۆت. کاتێک دایکم ئەوها دەپاڕایەوە... دەستەکانی بەرەو ژوور بەرزکردبوونەوە... دەیڕوانیە بن میچی ژوورەکە و هەناسەی سارد و یەک لەدوای یەکی دەخواردنەوە، بەبێ دەستی خۆم، لەگەڵ ئەودا چاوم دەگێڕان و دەمگواستنەوە هەتا نیگام لە بنمیچی ژوورەکە دەچەقین!! لە کاریتە ئەستوورەکەوە... لە ڕایەڵە دار ئەسپێنداره ڕەشە مۆرانە لێ دراوەکان... وورد دەبوومەوە... کە هەر وە پەراسووی جانەوەرێکی سووتا و دەچون لەناو درز و کەلێنە دوکەڵاویەکانی دارە

ڕەشەکان... لە دێو... ودرنج و دەعبا ئەفسووناویەکان دەگەڕام... کە شەو لەخەودا نارەحەتیان کردبووم، وام بۆ دەهات... کە ئەو دەعبا و جانەوەرانە لەم تەرحە بنمیچ و سەراپیتە دوو کەلاویە ڕزیوانە... پەیدا دەبن، من... بەم ڕەنگە سەرم هەڵبڕیبوو چاوم لە بنمیچەکان گیر کردبوون، بۆ ئەم مەبەستە چاوم دەگێڕان، بێ گومان دایکیشم بە جۆرێکی تر سەری بەرزکردبوەوە و کە سەیری بنمیچ و پەراسوە سووتاوەکانی بانەکەی دەکرد... لە شتێکی دیکە و بۆ مەبەست و ئامانجێکی تر دەگەڕا!... ئەو لە شتێکی دیکەی وا دەگەڕا... کە لەگەڵ جانەوەرو... دێو... و درنج و دەعبا ترسێنەرەکانی من بیرم لێ دەکردنەوە... جیاوازیێکی ئێکجار زۆریان هەبوو.

دایکم وەکو هەستی بەوە کردبێ... کە من بەو نووزکە نووزکە و دادخواستن و پاڕانەوە و نزاکردنەکەی ئەو دەیکرد... دڵتەنگ دەبم!... زۆری پێ نەچوو دەستی بۆ ناو مەنجەڵەکە درێژ کردەوە... شتە ڕەشەکانی لەناو دەرهێنایەوە، گەڕایەوە لای ئاگردانەکەی... کە من لە ڕۆخیدا؛ هەڵتروشکابووم، شتە ڕەشەکانی لەڕۆخ ئاگردانەکە دانان... ئامانێکی هێنان تەژی کرد لەئاو، سەمونە ووشک و ڕەق هەڵگەڕاوەکانی خستە ناو... هات لەڕۆخ ئاگردانەکە... لە تەنیشت من دانیشت... بە مرازی دڵدانەوەی من... دیسان دەمی لێک کردەوە و بزەیێکی لە لێوەکانی پچڕاند... بەهێمنی مرتاندی:

– ئەلعان نانت بۆ حازر دەکەم... جەرگم.

– دەزانم زۆرت برسیە... هەر ئێستا سەمونت بۆ دێنم... بیخۆی:

زۆر بە دڵسۆزی و دیقەت لێم وورد بوەوە... جارێکی دیکەش بۆم گرژیەوە، وەکو بڵێی ئەویش هەستی بە هێمنی و دڵنیاییێک کردبێ... لەسەرخۆ و... بەغەریبی لەسەر قسەکانی ڕۆیشت:

– خەونە ناخۆشەکانی شەویشت هەر بەهۆی برسیەتیەوە بوون!.

– ڕۆڵە نابێ بەبرسیەتی بخەوین... دەنا خەونی ناخۆش دەبینین!

کاتێک بیرم لەو قسەیەی دایکم دەکردەوە... هەر لەو کاتەدا... بانگێک... هاوارێک... زیڕەیێک... لەناو ئەشکەوتی پڕ پێچ و پەنای مێشکمدا... هەڵدەستا و لە هەموو دونیادا دەنگی دەدایەوە:

–بەڵام چار چییە... دایە گیان... چار چییە؟ بۆچی... ما هەر من و تۆین لەم گێتیەدا... بە برسیەتی سەر دەخەینە سەر بالیف؟ ئازار و ژان و مێشک و دەروونمان هەڵدەگلۆفێ.

– دایە... هۆ... دایە گیان... بۆچی هەر من و تۆین... لەگەڵ هەموو هەناسەیێک... جارێک مردن دەبینین... بروسکەیێکی ژان... کەیانمان دەهەژێنێ و گەدە و ڕیخۆڵەمان هەڵدەتەکێنێ؟

– نا... نا... دایە... هۆ دایە لەم وڵاتە بەرینەدا... هەزاران هەزارانی وەکو ئێمە بە زگی بەتاڵ سەردەنێنەوە، زۆربەشیان تەنانەت بالیفێکیش، سەرینێکیشیان نییە سەری وەسەر بکەن!!... ڕەنگە گەلێک لەمانەش... کەسەر دەکەنە سەرینێک... جارێکی دی سەر هەڵنەهێننەوە و خەوەکەیان لێ ببێ بە خەوی یەکجاری.

– دایە گیان... ئێمە ئەستێرەمان لە ئاسماندا نییە!!... ئەستێرەکانمان رووچون... ڕژاون!!.

دیمەنی کابرا پیرەی قەڵاتە کۆنەکەی هەولێر... کابرا پیرە برسیەکەی تەنیا شەوێک بردیانە نەخۆشخانە... بەهەڵە ئەویش بەهەڵە... بردیانە نەخۆشخانە... وایان دانابوو نەخۆشە!! بۆ بەیانی کە بۆیان ئاشکرا بوو نەخۆش نییە و برسییە... فڕێیان دایەوە کۆڵان!!... هەروەها دیمەنی (زەرێ)ی کچە زەرد و لاوازەکەی گوندی (مێرگەسۆر)م لە پێش چاو قیت بوونەوە... هەردووکیان خوێن و گۆشتیان هاتەوەبەر...

لەپێش چاوم قیت بوونەوە، وەکو دێو... و درنجەکانی شەو کەوتنە گیانم.

– زەرێ...ی گوندی مێرگەسۆر... ئەو کیژۆڵە لاوازە برسیە... ڕۆژ هەتا هێوارێ بەناو کۆلانەکانی گونددا دەگەڕا، نانی بۆ دایکە نەخۆشە پەککەوتوەکەی و بۆ خوشکە بچکۆلەکەی پەیدا دەکرد!!

بەهار ڕۆیی؛ هاوین هات، هاوین ڕۆیی... پایز هات... کە گەڵا وەرین... بای خەزان دۆڵ و چیای داوەشاندن و ڕووتی کردنەوە... زستان بە مێزەری سپییەوە میوانی گوند بوو!! زستانێکی تووڕە و توندو تووش بوو، کە بەفر دونیای داپۆشی... بەستەڵەک... کۆلانەکانی گوندی داخستن، زەرێ...ش لە گەشتەکەی وەڕەس ببوو! پێی لە گوند بڕی! هەستی بەوە دەکرد... قاتیە... برسیەتیە... نان بە ئاسانی چنگ ناکەوێ، لەگەڵ دایک و خوشکەکەی دەرگای کۆڵیتەکەیان لەسەرخۆ قایم کرد!! لە ڕکی مردن... بڕیاری مردنیاندا!! پاش سێ چوار ڕۆژ ئەوجا خەڵکی گوند... هەستیان کرد زەرێ دەرناکەوێ!! بەفری کۆلانەکانیان شکاند...کۆڵیتەکەیان لە ڕێسمە برد! زەرێ و خوشکە چکۆلەکەی، هەر تەنها بە ئاستەم هەناسەیێکیان لەبەردا مابوو!! دایکە نەخۆشەکەشیان بۆ یەکجاری سەری نابوەوە و نوستبوو... ئیتر هەرگیز هەڵنەستایەوە.

کە ئەم ڕووداوانەم وە بیر دەهاتنەوە... نێوچاوانم گرژ دەبوو... هەناسەم لە پیکێکی قەسەل دەخواردەوە، دڵم وەک چۆلەکەی سەربڕاو... دەگەوزی و هەڵدەپەڕی، ڕووم کردە دایکم، هەندێک تێی وەڕامام... لە دەموچاوە چورچ و پووتەکەی... لە بەژن و باڵا ڕەقەڵە و باریکەکەی... لە دەست و پلی ووردبوومەوە، لەگەڵ خۆمدا دەمگوت:

– بەڵێ دایە گیان چار چییە؟ بۆچ هەر من برسیمە؟ هەر تەنیا من بە برسیەتی سەر دەنێمە سەر سەرین؟ هەر من خەوی ناخۆش دەبینم؟ نا... نا... دایە... زۆری وەکو من و تۆ برسی لەو دونیایەدا بەخورپێنی سەر دەکەنە سەر سەکۆی ژیان... زۆری وەکو من... تەنانەت خەویش ناچێتە چاویان و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا... هەزار لە خەونەکەی من خەونی دژوارتر... ناخۆشتر دەبینن و... دەچێژن.

کە ئەم تەرحە بیرانە لە کەللەی من دەزرینگانەوە... دایکم هەر مرتەی لێوە دەهات هەر قسەی بۆ من دەکردن... وەکو بیەوێ برسیەتیەکەم لەبیر بباتەوە... سەبووریم بداتەوە:

– کوڕم، خودا خێری (ڕەفیق ساحیب) بنوسێ... لەسایەی ئەو هیندۆکە موسلمانە... خواپەرستە... هێشتا بەشی چەند ڕۆژێک، ووشکە سەمونمان ماون، تا ئەو چەند ڕۆژەش تێدەپەڕن... ئەوا خودا کەریمە. کاروانەکە دەکەین... گەنم دەهێنین...

وە بەدەنگ و بە ڕکێکی هیستیریانە... هاواری کرد:

– مەرج بێ لەمەودوا... نانی مادەی گەنمی بەهاری نەبێ دەرخواردت نادەم.!

– شەرت بێ... هەر ئەستورکی تەندوور و نانی هەورامانی و شلکێنەت بۆ بکەم! وە لەبەر دەم قسەو هاوار کردنەوە... تلکی لە ئامانەکە وەردەدا... سەمونەکانی دەخوساندنەوە.

هەستم بەبرسیەتیەکی زۆر دەکرد، بەتەواوی کاس ببووم... وڕ ببووم. کەشەنگ و گێم تەپ دەبوون... پڕ ببوون لەهەوا، ووشتەو فیکەیێکی تیژی... وەک فیتەی شەمەندەفەرەکەی هەولێریان لێوە دەهات!!... بەتامەزرۆیی چاوم بڕیبوە جوولانەوەی ئەنگوستی دایکم و خووزیم قووت دەدایەوە، سەرەڕای ئەو هەموو کەشەنگی و تامەزرۆیی و بێ تاقەتیەش... سەیرم بە سەمونەکان دەهات کە دایکم بەتلک... وەک ماسی مردوو لەناو ئامانەکەدا... سەر ئاو، و... بن ئاوی دەکردن، لەگەڵ خۆم دەدوام:

– ئەگەر بێتو لە دایکە بەدبەختەکەم بپرسم:

ئایا ئۆمەتی موحەممەد... مام حاجی و تۆفیق بەگ و ئەحمەد شەشخان و شێخ قطبالدینیش... دەگرێتەوە؟

– ئایا... ئەمانەش دەگرێتەوە... کە بوون بەهۆیێکی گەورەی ئەم قاتی و برسیەتی و نالەباریەی گوند و... ناوچەکە دەڕننەوە؟

– ئەگەر بێتو ئەم پرسیارانە لە دایکم بکەم... ئاخۆ دەبێ وەڵامەکەی... وەڵامی ئەو دایکە سادەو دڵنەرمەم دەبێ چی و... چۆن بێ؟

ئارەزووم زۆر بوو کە ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕوو... و ئاراستە بکەم... بەڵام ئەو ماوەی نەدام... پێشی پێگرتم؛ کە بەبێ دەسەڵاتانە... بەزەلیلی... بەزمانێکی لەنگی پڕ لە پاڕانەوەو گلەیی... دووبارە نووزاندیەوە:

– خودایە... ڕوحمێکمان پێ بکەی، لەچەنگ ئەم هەژاری و نەداریە... لەم چۆنیەتیە تاڵە ڕزگارمان بکەی!!.

– خودایە، بە دادپەروەری خۆت لەگەڵمان بجووڵێیتەوە!... لەگەڵ ئەوانەش کە بونەتە هۆی ئەم نەهات و گرانیە. خودایە دەستی ئەوانەش بگری کە لەم ڕۆژە ڕەشانەدا... لەهانای هەژاران هاتوون و... یارمەتیان دەدەن.

لەگەڵ ئەم نووزانەوە و پاڕانەوەیەش، چاوی پڕ ببون لەگریان... لێوی دەکرۆژتن... بیری لە ڕۆژانی ڕابوردووی خۆی دەکردەوە... هەتا دەهات بەسۆزتر دەکرووزایەوە:

– ئەوەی من دیومە، جارێکی دیکە نەیبینمەوە... ئەوەی ئۆمەتی موحەممەدە نەیبینێ... هەتا دوژمنیش... بەدوژمنیشی نیشان نەدەی... هۆ باری تەعالا!!...

نووزە و کرووزانەوەکەی دایکم... وەک دڵۆپەیێکی ئەبەدی دەیدا لە ئەشکەوتی مێشکم... لەپەردەی دڵم، مێشکی دەکوڵیم... دڵی بریندار دەکردم، هەستی دەڕووشاندم... کەیانی دەهەژاندم... گیانی دەگوشیم... دەیگوشیم... هەتا گیانی دەکردمە دەنکە هەرزنێک، کەچی ئەو دەنکە هەرزنە ووردە بچووکەش... هێشتا لەلەشمدا جێگای نەدەبووەوە... ئارامی نەدەگرت... هێمن نەدەبووەوە.

کە باوکم نەخۆش بوو... لەناو نوێن کەوتبوو، دایکم لە دەروونیەوە هەستی بەوە کردبوو... نەخۆشیەکەی نەخۆشی مەرگە، هومێدی لەوە بڕیبوو... جارێکی تر لەناو جێگاکەی ڕاست ببێتەوە، دڵی کەوتبووە سوت و سوێ... ئاگری تێبەربببوو، هەناوی دەکوڵی و هەرگیز نووزەی نەدەبڕایەوە...، زۆر جار باوکم بەدەنگە نووساوە بێ هێزەکەی بانگی دەکرد:

– کچێ ئافرەت دەبەسە... بیبڕەوە، شوکر من چاکم... چیتر منداڵەکان ناڕەحەت مەکە، کچێ گوناحە... خوا هەڵناگرێ وادەکەی!!.

زۆرجار ئێمەش لەگەڵ دایکم دەماندایە پڕمەی گریان و فرمێسک باراندن، بەڵام دایکم لێی ببوو بەسەودا، هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت و دەنووزایەوە... لەناوەوە دەسووتا، بەبێ فرمێسک کوڵی دڵی دادەمرکاند، کە باوکیشم مرد، هەموو بەیانیێک کە بۆ نوێژ هەڵدەستا، سەرێکی لەمن و لە خوشکەکەم خوار دەکردەوە و هەستی ڕادەگرت، لەوە دڵنیا دەبوو کە ئێمە نووستووین، ئیدی دەستی پێ دەکردەوە، شیوەنێکی تازەی دادەمەزراندەوە، شیوەنێک... هەر بۆ خۆی و لەگەڵ تەنیا خۆی، ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرا؛

ئەم سەرو ئەوسەری ژوورەکەی دەکرد... وەکو بریندار دەینالاند... بۆ بەختی ڕەشی خۆی دەگریا... باوکی کۆچکردوومی دەلاواندەوە:

– هەی لەمنی... قوربەسەر... و کوینێ

هەی لەمنی... بێکەس... لەوێ زەمینێ

لە پاشان لەگەڵ فرمێسک باراندنەوە، بەرماڵەکەی ڕادەیەخست، دەچووە سەری... چۆکی دەدان... کڕنووشی دەبرد... لە خوا دەپاڕایەوە یارمەتی بدا... لەبەرخۆیەوە دەیپرسی:

– چۆن بەو بێکەسی و بێ دەریە، دەتوانێ ئێمەو منداڵەکانی بەخێو بکا؟

هەر کاتێک هەستیشی بکردبا... ئێمە نەنووستووین و بە ئاگاین، زوو دەیبڕیەوە... لەسەر بەرماڵ هەڵدەستا... دەستەکانی وەرووی دا دەهێنا خۆی بە ماشتنی ژوورەکە و کەلوپەل ڕێکخستنەوە خەریک دەکرد، بە لای خۆیەوە، خۆی لەوە دەپاراست کە ئێمە هەست بە چۆنیەتیەکەی... بە ئازار و ژانەکانی ناوەوەی نەکەین!! کەچی من هەموو بەیانیەک... من... لەگەڵ ئەو هەڵدەستام، لەژێر لێفەکەوە خۆم خۆم کڕ دەکرد، تێکەڵاوی کڕووزانەوەکەی دەبووم... لەگەڵ ئەو فرمێسکم دەڕژتنە سەر بالیفەکەم. وەکو ئەو دەروونم دەکولا، دەکولا... تا هەڵدەچوو... بێ ئەوەی بتوانم خۆم بەوە ئیقناع بکەم... کە پێویست بێ منیش لەو شیوەنە کڕ و کزەکەی بەشداربم!، تا وام لێهات... منیش لێم ببوو بە عادەت... ئەگەر ڕۆژێک گوێم لە شیوەنەکەی نەبوایە... لەناو نوین قیت دەبوومەوە... خەوم لێ دەزڕا ، هەستم بە جۆرە بۆشاییێک دەکرد... وام بۆ دەهات... شتێکم لێ وون بوە و... دەگەڕام بیدۆزمەوە، هەتا سەردەمێکی زۆر ئەم چۆنیەتیەم دەوامی کرد، هەتا ئەو کاتەی ڕۆژگار ملی بە دایکم چەماندو... خستیە ژێر گرانایی باری ژیان، کارکردن... توانەوە... هەوڵی گوزەرانی خێزانەکەی... ئەوە ببوە خاوەنی و لە شیوەن و نووکەنووک وەستاندی.

ئیتر لەوەودوا، تەنیا ڕۆژانی پێنجشەمە، ڕۆژانی جەژن... یان ڕۆژی عالفە، دەچووە گۆڕستانەکە... سەری هاوسەرە کۆچکردووەکەی دەدا، ئاگری هەناوی لەسەر گۆڕەکەی دەکوژاندەوە، زۆریشی پێ نەچوو... لەو زیارەت و هاتووچۆیەش... پێی گرتنەوە... هەتا ڕۆژان دەهاتن و تێدەپەڕین... هەتا زەبر و زەنگی ڕۆژان... باری گرانتر دەکرد و... ئەرکی پتر دەکرد و لەتەمەنی دەتواندەوە... ئەویش پتر ملی دەچەماند، باوکمی لەبیر دەکرد... تا بە یەکجاری نووزە و ناڵەی بڕایەوە و...تا ئەو ڕۆژەی خوا خوشکە بچکۆڵەمی... لەبەر زگ هەڵگرت و بۆ خۆی بردیەوە.

کە گولیزاری خوشکم مرد... قۆناخی منداڵی بەزاندبو... ببووە نەونەمامێکی شلکی شەنگوشۆخی گوندەکە، ببوە مانگێکی زەردی چواردە ساڵە، چەند لاوێکی گوند... ئاوڕیان لێ دەدایەوە... هۆگری ببوون، بە تەمای خواستن و بۆ هاوسەری ئەو... ئاواتیان دەچنی، دایکم زۆر زۆر کەیفی بەوە دەهات... کە گولیزار هاتۆتە ڕیزی ئەو کچانەی... سەرنجی کوڕگەلی ئاوایی ڕادەکێشن... و لە ڕێگای کانی بۆیان دەوەستن، وە بە هەموو توانای هەوڵی دەدا... جوان و شۆخ و ڕێک بێتە بەرچاو، زۆر جاری وا دەبوو... کە گولیزار لەسەر کانی... یان لە کارێک دەگەڕایەوە ماڵ، دایکم... لەبەر دەرگا بۆی دەوەستا... لە دوورەوە هەر تێی وەڕادەما... هەر تێی وەڕادەما... تا لەدواییدا بە دەنگ بەخۆی دەگوت:

– هەی بە قوربانی... بەژن و بالات بم... کیژە جوانەکەم!.

کە گولیزاریش نزیکتر دەبوەوە... دایکم بۆی دەکشایە ژوورەوە و بەدەم کشانەوەش دەیگوت:

– هەزار کچە میرت... بەدامان بن... تۆ سەد لەوان دڵگیرتری!

گولیزاریش... لەدوای نەخۆشییەکی درێژ... دڵی لە لێدان وەستا. ئیتر لەو ڕۆژەوە دایکم... وەکو شێتی لێهات... قەدەرێک بە تەواوی عەقڵی تێکچوو، لەگەڵ شەبەق دەچووە سەر گۆڕستانەکەی زەیتوون و درێژایی ڕۆژی؛ لەگەڵ گولیزار کورت دەکردەوە... تا دەبووە شەو نەدەگەڕایەوە... ئیدی گریە و ناڵە و کرووزانەوە و کروشکەی دایکم... بوە خۆراکی ڕۆژمان.

ڕۆژی مردنی گولیزار... دایکم... چارۆگە و شەرم و حیشمەتی لەبیر چووبوەوە، وەکو دەروێشەکانی خەلیفە سەرسۆر... پرچی نواندبوەوە... بەسەر ڕوو... و لامل و پشتیدا بڵاوی کردبوەوە. پرچی دەڕنی و لە پێش تەرمی کچە لاوە جوانەمەرگەکەی سەمای دەکرد... کچەکەی دەلاواندەوە:

هەی... مەکە... ڕۆڵە مەکە
بابان وێرانم مەکە
خەڵکی... بە تاڵانی دەچوو
مەڕە... بەرانە... یەختەیە، شەکە
ئەمنی بێکەس... بێدەر... ئەمنی مل بەکوێن
بەتاڵانم دەچوو
گەردەنێ زەرد... بەژنێ باریک
ڕووی بەخاڵ و... دوو چاوی ڕەش بەڵەکە
هەی... مەکە...
ڕۆڵە مەکە
بابان وێرانم
دەتوخوا مەکە.

ئیدی لەو ڕۆژەوە... نووزەی دایکم نەبڕایەوە، هەموو بەیانییەک... هەموو نیوەڕۆیەک... هەموو ئێوارەیەک... کە کچانی گوند دەچوونە سەر کانیاو... دەچوونە ناو ڕەزان... دەچوونە کۆڵو کانی... دەچوونە بێرێ... دەچوونە شایی و سەیران... داوەت و بووک... یان دەگەڕانەوە ئاوایی، ئەو لەبەر دەرگاوە ڕادەوەستا... یان لە قوڕنەییێکی ژوورەکەمان... خۆی وەبێک دەهێنا... دەستی بە لاواندنەوەی جوانەمەرگ دەکرد، دەکرووزایەوە... نووزەی وەکو دڵۆپەییێکی ئەبەدی... جەرگ و دڵی دەکۆڵیم... مێشکی دەلەقاندم، بورکانێکی ئاگرینی دەخستە دەروونم، داخی گرانی مردنی جوانەمەرگ بووە بەشێک لەژیانی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەی منیش، بە ناچاری لەگەڵ دایکە کڵۆڵەکەم لەو دۆزەخە دەژیاین هەتا پتر چاوم تێدەبڕین، پتر فەرامۆشیم دەهاتەوە.

هێشتا چاوم لە ئەنگوستەکانی دایکم ئاڵابوون، سەموونەکان... وەک ماسی مردوو... سەراو ببوون و گەوزیان دەدا... تا دەهات دەپەمان... گەورەتر دەبوون، لەگەڵ خۆما دەمگوت:

– ئای کوڕە، سەیرە... ئەم عالەمە... چۆن لەگەڵ خەیاڵی خۆیاندا دەدوێن!! داوای شتیشی لێ دەکەن!!.

توخوا شت لە خەیاڵ داوا دەکرێ؟
لەپاشادان... هەر بەخۆم دەگوتەوە:

– خەڵکەکە بەزیون... دوای سێبەری خۆیان کەوتوون... ڕاوی سێبەری مێشکی خۆیان دەکەن!.

لە ئەنجامی لێ ووردبوونەوەم لە نزاکانی دایکم... بۆم دەردەکەوت کە ئەم پیرێژنە ساویلکە... دڵسافە... بەدبەختە... لای وایە نزا و پاڕانەوەکەی... داواکانی... ئاواتەکانی... بۆ خۆی و بۆ ئۆمەتەکەی موحەممەد... لە ئاسمان دەنگ و ڕەنگێک دەدەنەوە... وە بەسووک و ئاسانی هەموو ئۆمەت... لە تەنگانە و نەخۆشی و ناخۆشییەکان ڕزگاریان دەبێ، یان بە دوعا و پاڕانەوە و چۆک دادان و کڕنۆش بردن... مل شۆڕکردن... دوایی بەقات و قڕی و بە برسیەتی دێ... بگرە تەنانەت سێبەری هەژاریش... وەک هەوری خەم و پەژارە. لەسەر ئەم کوورەی زەمینەدا... دەشۆڕێتەوە و پەرت و بڵاو دەبێتەوە.

کەچی، ئەمن ئەوەندەی تێ دەفکریم... ئەوە ناچووە مێشکمەوە... کە ئەم شتانە... وەکو دایکم خەیاڵی لێ کردۆتەوە... وەها جێبەجێ دەبن. گرێمان... ڕەفیق ساحیب...ی لیڤی هیندۆکی موسوڵمانی خواپەرست، حەز لە چاکە دەکا... مرۆییێکی خێرخوایە... بەڵام من هەر چەندە ئەو سەردەمە بە منداڵ نەدەژماردرام...، هەموو ڕۆژێکی هەینی کە بە خۆی و جۆرکە سەموون و کەلوپەلەکەی لێمان پەیدا دەبوو، تانەییێکی کزم لەناو لۆچەکانی ڕوویدا بەدی دەکرد، هەستم دەکرد... ئەویش دڵشکاوە و ئازاری خۆی دەچێژی!! لام وابوو... ئەویش لەناوەوەی دەسووتا و دەقنایەوە، ژان و پەژارە هەڵی دەگلۆفی!... هەرگیز ڕۆژێک ئەم هیندییە خواپەرستەم نەدیت... پێ بکەنێ!... ڕۆژێک بە ڕووی گەش و دڵخۆش چاوم پێی نەکەوت، جاروبار نەبێ... کە لەمن وەرادەما... ماوەیێک لێم وورد دەبووەوە... کرێێک باڵی بەسەردا دەکێشا... وەکو لە دەریاییێکی بیرکردنەوە نقووم ببێ... ئەوها... لە دواییدا دەستێکی وە سەرم ڕادەهێنا، بە ڕووم دەگەشایەوە، بزەییێکی غەریبی لەسەر زار هەڵدەنیشت!! ئاهێکی دوور و درێژیشی دەخواردەوە، زۆربەی ئەو جارانەیش، فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس دەمان... بەڵام خۆی دەگرت... ڕێگای بە فرمێسکەکانی نەدەدا... بە خۆڕایی بڕژێنە ژێر پێیان! ئەوجا هەڵدەستایە سەر پێ و... جۆرکەکەی بەجێ دەهێشت و... سەری کەمێک دادەنەواند و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– بسمیل لاهی... ڕەهمانە... ڕەهیم!

وە هەردوو دەستی بۆ سەر گوێیەکانی بەرزدەکردنەوە و هەنگاوی بۆ دەرگا دەنا و بەدایکمی دەگوت:

– خودا هافیز... ڕەفیک... سەلام ئەلێک!

پاشەوپاش دەکشایەوە دەرەوەی ژوورەکەمان و یەکسەر بەرەو مزگەوت هانای دەبرد... بۆ ئەوەی خەفەت و پەژارەی بە ئاوی دەس نوێژ بشۆرێن و لەسەر تاتە بەردەکانی بسوێ و نوێژی هەینیش بکا.

ڕۆژێک دایکم لەبەر خۆیەوە دەی مرتاند:

– دەبێ... بۆچی... ڕەفیق ساحیب، عادز بێ؟

–دەبێ ئێمە... شتێکی وامان کردبێ... دڵی زویر کردبێ!! یان لە ڕووداوێک دڵگیر بووبێ... کە ئێمە هۆیەکەی بین؟ گەلێک لێکی دەدایەوە، بەراوردو حیساباتی دەکرد، لە ئەنجامیش شکی بەخۆ و بە منیش نەدەبرد... کە کارێکی وامان کردبێ بە جۆرێک ئەو بگرێتەوەو... هەرگیز بۆی نەدەکرا... وەڵامێک بۆ پرسیارەکەی وەدەست بهێنی، هەتا ئەو ڕۆژەی... ڕەفیقە هیندیەکەمان لەگەڵ لەشکرەکەی لیڤی ئینگلیز... لەسەرمەیدان و لە گوندەکەمان... بۆ یەکجاری وون بوون، کەسیش نەیزانی بۆ کوێ!!... لەناو ئاواییشدا وا باو بوو... کە بۆ بەرەی شەڕ ڕەوانە کراون... هەندێکیش دەیانگوت گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی خۆی...، ئیدی لەو ڕۆژەوە... تا ئیمڕۆش... بەدەیان ڕۆژانی هەینی بەسەر گوندەکەمان هاتن و تێپەڕین، هەموو هەینییێکیش لەمزگەوتی گەورە نوێژی جومعە دەکرێ، کەچی جارێکی تر چاومان بە ڕەفیق ساحیب

نەکەوتەوە و... دایکی کلۆڵیشم... هەر نەگەیشتە وەڵامێک بۆ پرسیارەکەی... وەڵامێکی ئەوها کە دڵی پێی ئاو بخواتەوە.

منیش ئیمرۆکە... تەنیا ئیمرۆ... پاش ئەوەی چوومە شار بۆ خوێندن، لەشاردا تێکەڵ بەژیانێکی جەنجاڵ بووم، لەگەڵ کۆمەڵێکی فراوانتر لێک خشام، چوومە ناو ئەو کۆمەڵانە و... لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی هیوا بەشداریم کرد، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە و لەو کتێبانەی ئامۆژگاری دەکراین بیانخوێنینەوە، لە زەبر و زەنگی پۆلیس و سیخوڕەکانی شار، لەهەڵسوکەوتی ئەو هیندیە لیڤیانەی لەشار بەدوای سۆجەری سپیی ئینگلیزەوە کەوتبوون، لە کۆڵان و بازاڕ و چایخانە و پێش مەیخانەکانی شار ڕووبەڕوویان دەبووم، تێگەیشتم کە ڕەفیق ساحیبیش... هەرگیز لە ئێمەی خەڵکی ئەم وڵاتە خەمبارە... باشتر و دڵخۆشتر و هەساوەتر نەبووە، ئەویش، هاوڕێیە ئاسیایی و ئەفریقاییەکانی ئەویش... لە وڵاتی خۆیان... لە چۆنیەتییەکی خراپتر... لە چۆنیەتی ئێمە دەژین،... ئەوانیش وڵاتەکەیان... وەکو وڵاتی ئێمە... لەژێر ئەرک و باری بێگانەدا؛ لەژێر کابووسی نۆکەرەکانی بێگانە... لەژێر جەزرەبەی خۆفرۆشانی وەکو تۆفیق بەگ و شێخ قطب الدین لەژێر قامچی خوبزەی وەکو ڕەفعەت ئەفەندی و ئەحمەد شەشخان... دەچەوسێنەوە... ئازار دەچێژن... دەناڵێنن، ئەو چۆنیەتەیان... چارەنووسی بەوە گەیاندوون ببنە لیڤی لە لەشکری ئینگلیزەکان... داگیر کەرەکانی وڵاتەکەیان... بۆ ئەوان خۆیان بخەنە مەترسی مردن و لەناوچوون... دوورە وڵات بن... بهاوێژرێنە ناو کوورەی جەهەننەمی شەڕ و... سووتان و... ڕووخان و... وێرانکاری، بێ ئەوەی ئەوان قازانجێکی لێ وەدەست بهێنن و هەر تەنیا لە پێناوی ئەوەی... ژیان... نان... بۆ خۆیان و خێزانەکانیان مسۆگەر بکەن!... هەروەها چارەنووسی ڕەفیقە هیندۆکەکەی ئێمەش... بە من ودایکم و گوندەکەمان گەیاندبوو.

کە لە لێکدانەوەکەم... دەگەیشتمە ئەو ئەنجامە، هێمنایی و فێنکاییێک... بەریان بەسەر دڵمدا دەهێنا، هەستم بە حەسانەوەییێک دەکرد... حەزم دەکرد... لە دڵی خۆمدا ئارەزووم دەکرد... دایکیشم ئەمجۆرە ڕاستیانە بزانێ، ئەم ڕاستیە تاڵ و تفتانەی ببوون بەهۆی دوور وڵاتی و دڵگیری ڕەفیق ساحیب و گەیشتنی بەگوندەکەی ئێمە، هەروەها ئەو شتانەش تێ بگا... کە عەمەری سلێمان و مەحمودی سەعید و هاوڕێکانیان... بە هۆیانەوە یاخی ببوون، سەریان لەگوند هەڵگرتبوو، دابوویانە سەفین، لە پەنا سەفینەوە ململانێیان لەگەڵ حکوومەت دەکرد، بەربەرەکانیان دژی گەنم بن گۆم کەرەکان دەکرد، دژی تۆفیق بەگ و مام حاجی و شێخ قطب الدین و هەموو ئەوانەی دەنکی گەنمیان لە گەرووی هەژارانی گوندەکەم دەدزی و دەیان فڕاند و دەیان خستە گەرووی دوژمنان، لە پێناو قازانجی تایبەتی خۆیان، ئەوانەی بەناوی خودا و موحەممەد، بەندەکانی خودا و ئۆمەتی موحەممەدیان لە برساندا دەکوشت...، ئومەتی موحەممەد و غەیری موحەممەدیش... بێ ئەوەی تاقە دەمارێکی لەشیان بلەرزێ... بێ ئەوەی شانەیێک لەدڵ و لەشیان لەبەر ئێش و ژان بجوولێ.

دەمهەویست دایکیشم ئەمانە بزانێ، لەو ڕاستیانەش بگا... لەم ڕاستیەش کە بەنزا... بە پاڕانەوە و هانا بردنە بەرخوا و پێغەمبەرەکانی خودا، بە چۆک دادان و کڕنووش بردن... چ ناکرێ.

* * *

# 8

ناوی خوای... لێ دەهێنم
دەرکی عەمبار... دەشکێنم
بەبار... گەنم... دەردێنم
لەناو... وەردا دەیچێنم...
هەژاری پێ دەژیێنم
خوا دەفەرمووێ
ئەویش دەڕوێ
دەنکە گەنم دەنکە گەنم!.

لەگەڵ هاوڕێیە لادێییەکان... هاوڕێیە برسیەکانی قوتابخانەکەم... لە چایخانەکەی بن قەڵاتێ... دادەنیشتین، چایخانەکە... لەو تاکە چایخانانەی شار بوو، کە لەو ڕۆژەگارانەدا ڕادیۆیان هەبوو.

پاش نیوەڕۆیان... لەدوای لە قوتابخانە گەڕانەوەمان، هەر لە بۆ گوێ گرتن لە ڕادیۆیەکە، یان بۆ خۆ لە بیرکردن، دەچووینە ئەو چایخانەیە، لە کات و وادەی خۆی (مستیل)ی چایچی، بەناز و فیزێکەوە، بەرەو ڕادیۆیەکە دەلەنگایەوە... تا دەگەیشتە لای مێزی ڕادیۆیەکە، چەند جارێک ئاورێکی بایی لە خەڵکەکە... لە دانیشتوانی چایخانەکە دەدایەوە... زەردەخەنەی بە ڕوویاندا دەباراندن!... وەکو زمانی حاڵی بانگ بکا:

– خۆ... دەبینن چیم هەیە!!
– ئێوە... شتی وەهاتان دیوە؟

چاک دانیشن... کڕبن... گوێ بگرن... دەنا!...

ئینجا باسکی کورتەکی لێ هەڵدەماڵی... دەست و بازووی تا هەنیشک ڕووت دەکردن... بە ئاستەم دوو پەنجەی بۆ میلی ڕادیۆیەکە درێژ دەکردن... میلەکەی بادەدا؛ دەیگێڕا... بایدەدا... دەیسووڕاند... هەتا ڕادیۆیەکە دەکەوتە خرپە و خشپە، خەڵکەکەش... وەکو بەهێزی مەگناتیس خەوێنرابن... وا کڕ دەبوون... جوولەیان لێ بڕابوو، هەندێکیشیان... تەنیا ملیان لەگەڵ جوولانەوەی میلی ڕادیۆیەکە دەجولاندەوە، هەموویان بە سام گرتوویی... وەکو بەرامبەر قیبلە دانیشتبون... ئەوها ڕوویان لە ئامڕازە عاجباتیەکە کردبوو... دەمیان بەش کردبووەوە.

ڕادیۆش... خشەخشێک و فیکەکێشانێکی تیژ و ناساز... پێشەکی دەنگی مۆسیقاییێکی تێکەڵاوی لێ هەڵدەستا... تا ووردە... ووردە سافتر و سافتر دەبووەوە... ئێقاعێکی ڕێکی لە تەمبوورەیێک... لێ بەرزدەبووەوە تا کوڕە دەنگ خۆشەکە دەستی بەگۆرانیەکە دەکرد:

ناوی خوای لێ... دەهێنین
دەرکی عەمبار دەشکێنین
بە بار گەنم... دەردێنین
هەژاری پێ... دەژیێنین
دەنکە گەنم...

گەلێک لە دانیشتوانی چایخانەکە... لەگەڵ دەنگی ئاواز و گۆرانیەکە... خۆیان دەدۆزیەوە... ئاهیان هەڵدەکێشان چاویان پڕدەبوون لە فرمێسک!!... ئێمەی قوتابیە لادێییەکانیش... لەگەڵ تەواو بوونی گۆرانیەکە... کۆمەڵێک خەم و پەژارە و بیرو ئەندێشە دەوریان دەداین.

دوابەدوای گۆرانیەکەش، دەنگوباسی شەڕی جیهانی دەخوێندرایەوە:

– لەشکری داگیرکەری فاشیستی ئەڵەمان، خاکی پۆڵۆنیای پێ شێل کرد و کوشتن و ڕووخانی لەو وڵاتە نایەوە!!.

– خەباتکەرەکانی بەرگری فەڕانسە، پێش بە هێرشە دڕندەکانی نازی... دەگرن.

– پێشمەرگەکانی وڵاتی دانیمارک... بارەگای لەشکری جەرمەنی خوێنخۆریان... بە تەقەمەنی هەڵتەکاند... زیانێکی گرنگیان لە ئۆردۆگاکانی ئەو داگیرکەرە داوە.

– تورکیا دەچێتە پاڵ سوێندخۆرەکان!.

لەناو دەنگوباسەکانیش... کابرای قسەکەر... بە ئازایی و مێرچاکی و دیموکراتی و ئینسان پەروەری... سوێندخۆرەکانی هەڵدەگوت، بە هەموو هێزی دەینەڕاند:

– سەرکەوتن... بۆ سوێندخۆرەکانە...

– چەرچل دەڵێ: سەرکەوتن بۆ ئێمەیە!!.

– سوێندخۆرەکان زامنی ئازادی و سەربەخۆیی، هەموو گەلێکی ژێردەستن لە دونیادا!!

داوای لە گوێگرەکان و هەموو دانیشتوانی سەر زەوی دەکرد... کە پاڵپشتی لەشکری سوێندخۆرەکان بن... دژی ئەڵمانیای نازی تێبکۆشن و بەرەبەرەکانی بکەن.

وە دیفەرمووو:

– ئەگەر بێتو خوا بکا... سوێندخۆرەکان سەر بکەون... ئەوا سێبەری برسیەتی... هەژاری... چەوسانەوە و دیلی و ژێر دەستی... لەسەر ڕووی زەویەکەماندا... ڕەش دەکەنەوە و لەناوی دەبەن و دەیکەن بە خەون و خەیاڵ!!.

ئێستگەی ڕادیۆیەکە... ئینگلیزەکان... لە ڕۆژهەڵاتی نزیک... دایان مەزراندبوو... دەیانگوت لە شاری حەیفای فەلەستینە... ئێمە... قوتابیەکان... لە لادێ وە هاتبووین... یەکەم جار بوو گوێمان لە ڕادیۆیێک دەبوو... کە بە زمانی زگماکمان قسە بکا... بە کوردی بدوێ، لەبەر ئەوە دڵمان زۆر پێی خۆش دەبوو... هەوەسمان پێی دەهات، بەتایبەتی گۆرانیەکە... لە ئێمە پتر دەکەوتە دڵی خەڵکەکە، جا نازانم... هەر لەبەر ئاواز و دەنگی خۆشی گۆرانی بێژەکە بوو... یان لەبەر ئەوەش بوو... کە باسی گەنمی دەکرد... گەنم لەو ڕۆژانەش... هەر ناوی هەبوو... دەنگی هەبوو... نەک تام و ڕەنگ، گرانی و قاتیش دەستی لە هەوکی خەڵکی وڵاتەکەمان نابوو، لەگەڵ گۆرانیەکە غەریبیمان هەڵدەستا، گۆرانیەکەمان لێ بوو بەزادی ڕۆژانە، برسیەتیەکەی دادەپۆشین لەبەر ئەوە... ئەو گۆرانیەمان هەر لەسەر زار بوو...هۆگری ببووین، لە ڕێگادا... لە ژوورەکەماندا... لە قوتابخانە... لەگەڵ خۆماندا... لە دەروونی خۆمان... هەر کاوێژمان دەکردەوە... دەمان گوتەوە و دووبارەمان دەکردەوە:

دەرکی عەمبار دەشکێنین
بە بار گەنم دەردێنین
دەنکە گەنمم

ڕۆژێک... لەناو قوتابیان... دەنگ بڵاوبوەوە... دەیانگوت:

– ڕەش و ڕووت و هەژارەکانی شاری خانەقین، هێرشیان بردووتە سەر شەمەندەفەرەکانی... کە لە چوارقوڕنەی کوردستان... گەنم و دانەوێڵە بۆ لەشکرەکەی ئینگلیز و سوێندخۆرەکان... دەگوازنەوە... بەندەری بەسرە.

وە دەیانگوت:

– ژن و کچ... منداڵ و پیرەمێرد و پیرەژنی شار و دێهاتەکانی دەورەی کە لە برسانا ڕژابوونە شار... گەمارۆی ئێستگەی شەمەندەفەری خانەقینیان داوە، بەسەدان فەردە و خرار و گونیە گەنمیان زک دڕیوە و گەنمەکانیان بەو گۆڕە... وەرکردوون!!.

وە دەیانگێڕایەوە کە:

– خەڵکەکە... گەنمیان لە باخەڵیان دەکرد... لە کڵاو و جەمەدانیان دەکرد، لەتەنەکە و تەشت و مەنجەڵ... لە گۆسکە و کووپە و مەسینەیان دەئاخنین!! تەنانەت ژنەکان... دەرپێیەکانیان داکەندبوون و... لە گەنم دایان گرتبوون و خستبوویانە سەر کۆڵیان.

ئەم ڕووداوانە... کاک نافیع... کە قوتابییەکی هەولێری خەڵکی قەڵات بوو... لەگەڵ ئێمە لەکۆمەڵە دابوو... ئەو... ئەم ڕووداوانەی لەناو ئێمەی قوتابی بڵاودەکردنەوە... هەروا ئەم هەڤاڵەمان بە ئێمەی ڕادەگەیاند کە:

– ڕەش و ڕووت و زەحمەتکێش و برسیەکانی شاری بەغدای پایتەختیش... لەشار چوونەتە دەر و... لەگوێ چۆمی دیجلە و... لە زۆنگ و دارستانەکانی خورما... لە سەریفەکان... مانیان گرتووە... یاخی بوون، پەلاماری قافڵە و کاروانی گەنم دەدەن... پەلاماری کاروانی خواردەمەنی دەدەن... کە لە خوارووی عێراقەوە... بۆ ئۆردوگاکانی ئینگلیز... لەناوەند و لە باکوردا دەگوازرانەوە.

– برسی و ئاوارەکانی، دەشتەکانی ناوەند و باشوریش... لاتەکانی شارەکانی ئەو ناوچانەش... دەستیان بەڕاوڕووت کردوە... پەلاماری ئەمبار و کێڵگە و بیستانی شێخ وگەورە عارەبەکان دەدەن... هێرش دەبەنە سەر ماڵ و داهاتی دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچانەو تاڵانیان دەکەن.

وەختێ کاک نافیع... ئەم ڕووداوانەی بۆ ئێمە دەگێڕانەوە... بە تاڵییێکەوە دەیگوت:

– خەڵکەکە برسییە... حکوومەت بەناوی شەڕ و یارمەتی سوێندخۆرەکان، دەستی لەگەرووی خەڵکی وڵات ناوە، خێر و بێر و داهاتی شار و دێهاتەکان دەدزێ... کۆیان دەکاتەوە... بەکاروانی ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەر... بۆ بەرژەوەندی دەوڵەمەند و توجار و وەزیر و فەرمانبەرە گەورەکان... بۆ بەرژەوەندی ئەم بازرگانانەی شەڕ... بۆقازانجی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی... بۆ بەندەری بەسرە و بۆ دەرەوەی عێراق ڕەوانە دەکا، خەڵکەکەش لە تاوی خۆیان چیبکەن؟... هەموو کەسێک حەقی ژیانی هەیە.

کاک نافیع... هەر ئەمەندە توانای شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوانەبوو، لە دواییشدا بەدەم تێ فکرینێکی کەم دەیگوت:

– ئەگەر چی ئەم کارانە پەسند نین... کە خەڵکەکە دەیکەن، بەڵام بەرامبەر ئەم بارو چۆنیەتیەی تێیدا دەژین... چاریان چییە؟

– لەو دەرسانەی لە کۆمەڵە، وەرمان دەگرتن، بۆمان دەردەکەوت کە:–

– ئەو گەنم و داهاتەی وڵاتی ئێمە... نەک تەنها بۆ لەشکری سوێندخۆرەکان، بەشکەم... زۆربەی

زۆری دەچێتـە، ئاوروپا!!... خـەڵکی وولاّتی ئینگلیـز و فـەرانسـەو... ئەوروپاییـەکـان.. کـەڵکی لێ وەردەگرن!!.. و لە سەرحیسابی برسی کردنی ئێمە... بە هۆی مردنی ئێمە، ئەوان.. خەلکی ئەوروپای سەرمایەداری پێ دەژیێن!!... ئێمەش پێ رسواو.. سەرشۆرو کوێلە دەکەن!. ئینجا ئەو قوتابیە فەلاینە ووریایە، باسی ئەو گرانیەی دەکرد.. کە ئەو سەردەمە ولاتی خستبوە نادفاقی، قاتی و نەخۆشی و مردن، خەلکی هەژاری پێوە گرفتار بوو.. وەک گەلاّریزان هەلی دەوەراندن!!..

وەباسی هۆی گرانیەکەی دەکرد و دەیگوت:-

- هۆی ئەم گرانی و.. قاتی و قڕی و مردنەش، شەڕە.. شەڕ، ئەم شەڕە ناڕەوایە کە دونیا دەهاڕێ!! خەلکی وەک گیـای بەهار دەدروتەوە ئەو شـەڕەی نازیی فـاشـیـست!.. بۆ بەرژەوەندی خۆی... لە پێناوی ڕەگ پەرسـتی... بۆ قـازانجی سـەرمـایە دارە گـەورەکـانی دونـیـا، بۆ قـازانجی خـاوەن کـارگـەکـان.. خـاوەن دەسەلاّتەکان، هەلّیانگیرساندوە!..

کاک نافع، لەگەڵ ئەم وشانەی... ئاهێکی گـەرمی هەلّدەکێشـا... بەرێز تەماشای ئێمـە کۆبوەوەکانی دەکرد.. هەتا لەبەر خۆیەوە بەکزی دەیگوت:-

- کە ئاگرەکەیان... داگیـرساند... کورەکەیان گـەرم کـرد... وایان دەژمـارد کە شـتـەکـە... ئاگر، ئەوەندە تێنی دەبێ، ئەوان خـۆیان پێ گـەرم بکەنەوە. رەش و رووتەکـانی.. دونیـاش دەکـەن بە دەسکە چیل.. و نەوت و سـوتەمـەنی!! بەلاّم.. ئێـسـتـا وابۆیان دەردەکـەوێ، خـەلکەکـەش.. رەشـو رووتی دونیـاش بەربەرەکـانی ژیان و مـردن دەکـەن، چۆن دەبێ شـەڕ هەلگیـرسێنەرەکـانیـش لەتەک ئەوانەوە.. بەو ئاگـرە بسووتێن و ببنە رەژوو!!..

لە پاشدان بە دەنگ دەیگوت:

- دەردی مـیللەتی ئێمە.. دەردی کوشندەمـان.. ئەوەیە کە، ئێمە کـاروفرمـانمان، جلەومـان... داوەتە دەست بێگانە و پیـاوەکـانی.. بێگانەو.. خـاوەن مـاڵ و دەسـتـەلاّتدار!.. مـرۆش، کـە کـاری خـۆی... چارەنووسی خـۆی، لەدەست خـۆی نەبێ، ئەوا دەگـاتە ئەم دوا رۆژە پڕ.. ناسـۆرەو، ئەم نالەباریە!!. لە پاشدان... بەتوندی.. بە حیماسەتەوە.. پێی دەگوتین:-

- دەبێ بەم کوێلەتیە.. رازی نەبین

- دەبێ... خۆمان... دوا ڕۆژی خۆمان نەخش و دیار بکەین!.

تا لەدواییدا دەیپرسی:

- ئایا کێ لەم ولاّتەماندا... دەخلّ و دان دێنێتە بەرهەم؟

- کێ... ئاژەڵ و مالاّت پەروەردە دەکا و شیر و ماست و پەنیر دێنێتە بەرهەم؟

- کێ... گۆشت و خوری و مەرەز و مازوو دێنێتە بازاڕ؟

- کێ... هۆیەکانی ژیان لەم ولاّتەماندا دروست دەکا؟

وە هەر بە خۆی وەلاّمی پرسیارەکانی دەدایەوە و دەیگوت:

ئێـمـە... ئێـمـەی ڕەش و ڕووت... ئێـمـەی جـوتیـار و پاڵە، ئێـمـە دۆسـتـی ئەم زەویەین، بەخـوێن و ئارەقـەمان پەینی دەدەین و ئامادەی دەکەین! کەواتە نابێ ڕێبدەین، رەنجی شان و ئارەقەی نێوچەوانمان... بەفیـرۆ بروا و... بە ناڕەوا ببـێتـە زێڕ و بچێـتـە گیـرفـانی دەوڵەمەند و... توجاڕ و... بڕژێتـە گـەرووی ئەم زێروانە... ئەم خاوەن بەرژەوەند و چەرچیانە... و لەوێشەوە بچێتە ورگی کابرای ئەوروپایی!.

لەناو گەرمەی دەرسەکان... ئامۆژگاری دەکردین... کە:

– پێویستە خۆمان ڕێک بخەین و یەک بگرین.

–پێویستە بچینە ناو خەڵکی ڕەش و ڕووت... بەناویدا بگەڕێین تێیان بگەیەنین...

کە ئێمە... هەر ئێمە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتەین... ئێمە ئەم دونیایەمان دروست کردووە و دەبێ بە چاکەی ئێمەش بچێتە سەر.

– دەبێ خەڵک لەو ڕاستیانە هوشیار بکەینەوە... کە ئێمە شوانی ئەم شارستانیەتەین... لەم خەوی غەفڵەتە... ڕایان بچڵەکێنین... بە ئاگایان بهێنینەوە... تانیان تێ بدەین... خوێن لە دەمارەکانیان بجوڵێنینەوە... تا بەربەرەکانی و خەبات بۆ مافە ڕەواکانیان بکەن و... ڕێ نەدەن... بە دوژمنەکانیان... ڕەنجیان بە خەسار قووت بدەن!

– دەبێ ڕاستی و چۆنیەتی... وڵاتەکەمان، باری ئیمرۆمان بۆ هەموو هاووڵاتیەک ڕوون بکەینەوە... هانیان بدەین... بەم ژینە تاریکە... بەم گوزەرانە تێکەڵ بەئەشک و خوێنە ڕازی نەبن... هانیان بدەین بە هەموومان... بۆ گۆڕینی تێ بکۆشین... بۆ بەرەو باشتر بردنی، ئەمەش بەیەکگرتن و چوونە ڕیز کۆمەڵەو... چوونە ڕێز یاخی بووەکان ئەوانەی بەم چۆنیەتیە نالەبارە... دروستکراو... و سەپێنراوە ڕازی نین و... سەر بۆ کردەوەی بێگانە و... دەست و کلک و داردەستە و دائیرەکانی ناچەمێنن.

ڕۆژێک کاک نافیع... بە کۆمەڵێک ئازارەوە... بە ئێمەی ئەندامانی کۆمەڵەی ڕاگەیاند... کە:

– هەموو ڕۆژێکی خوا، وەک چۆن لە کوردستان و لە عێراقدا... دەبینن، هەموو ڕۆژێک... لە هیندوستان... لەچین... لەئەفریقیاش... بەهەزاران خەڵکی ڕەش و ڕووت بەهۆی برسیەتی و نەخۆشییەوە دەمرن و لەناو دەچن!!

– لەکوردستانیش... لەهەموو عێراق... و ... ڕۆژهەڵاتیش... بە سەدان کەس... داسووکی برسیەتی و جەنگ دەیاندروێتەوە!

کاک نافیع تەوەری گفتوگۆکەی لەسەر کوردستانی عێراق بوو لەبەر ئەوە یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵە، لە هیکرا لێی پرسی:

– ئەدی لە کوردستانی ئێران... ئەدی لەکوردستانی تورکیا ؟

لەگەڵ پرسیارە کتوپڕەکەی گەنجۆی هەڤاڵمان... هەموومان گوردێکمان تێڕوو بوو!!.

گەنجۆ... تولازێکی باریکەلەی سپی چاوڕەش بوو... خەڵکی پێیان دەگوت «گەنجۆی مشەخت» لەماڵی یەکێ لە ئاغاکانی ڕەواندز دەژیا، دەیانگوت:

– دایک و باوکی و کەس و کاری گەنجۆ... لەگەڵ قەتل و عامەکەی کوردستانی بەستراو بە تورکیا... بەدەست کەمالیەکان کوژراو... و ... بێ سەرو شوێن بوون، ئەمیش ئەو کاتە... منداڵ دەبێ... دەکەوێتە گەڵ کاروانی ئەو مشەختانەی لە کوردستانی تورکیاوە... لەدەست زوڵم و زۆرداری کەمالیەکان... هەڵاتبوون... تا دەگاتە ڕەواندز... لەو شارەش... ئەو ئاغایە داڵدەی دەدا... لەگەڵ کوڕەکەی خۆی پێی دەخوێنێ... هەر لەگەڵ کوڕەکەشی ناردبوویە هەولێر... بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەیان!.

گەنجۆ؛ وەکو خۆی دەیگێڕایەوە؛ بەبێ ئاگایی کوڕی ئاغاکەی هاتووتە نێو کۆمەڵە...و ... لەگەڵ ئێمە بووەتە هەڤاڵ و یەکی گرتووە!. زۆرجار... کە لە ڕێگای قوتابخانە یەکتریان دەگرتەوە... بۆ یەکتری دەگەشاینەوە، بەدەم ڕێگاوە... دەردی دڵی خۆمان بۆ یەکتری هەڵدەڕشت... ئەو لە دوو کوڕی ئاغاکەی

دەڕۆیشت... جانتای بۆ هەڵدەگرت، کە قوتابخانەش تەواو دەبوو... دەگەڕانەوە ماڵ... خزمەتی کوڕی ئاغای دەکرد، پشووی هاوینانیش... بیستانەوانی ئاغا بوو لە ئاقاری شارەکەی.

پرسیارەکەی گەنجۆی هەڤاڵم... وەکو لەناو دڵی من هاتبێتە دەر... وەها پێی ڕەحەت بووم، کاک نافیعیش... سەرێکی لە گەنجۆی مشەخت هەڵبڕی... ماوەیێک بێدەنگ بوو... دۆش داما... لەپاشدان ئاهێکی هەڵکێشا... لەسەرخۆ گوتی:

- کوردستانی عێراق و... کوردستانی ئێران و... کوردستانی تورکیا... و هی هەموویان... یەکن... بەشن لەیەکێکی دابەشکراو... پارچەن لە وڵاتێکی بەزۆر... بە پلانی بێگانە و دوژمن... پارچەکراو... گەلی کوردیش... خەڵکی ئەو کوردستانەیە و... وەکو وڵاتەکەیان... ئەوانیش... ئێمەش... پارچەکراو... و دابەش کراوین و... لێک جودا کراینەوە.

کاکم... لەگەڵ وەڵامەکەی... دەستێکی بڵند کرد و... بەلاچکی کورتەکەی نیمێکی لەچاوی وشک کردەوە!.

منیش... ئەو وەڵامە... لە پرسیارەکەی گەنجۆی مشەخت... پتر دەروونی جووڵاندم و مێشکی وەکار خستمەوە... گەڕامەوە ناو ڕۆژە زەرد و دژوارەکانی گوندەکەم... دایکە کلۆڵەکەی خۆم و پلکە مێرێم... هاتنەوە بەرچاو، ئەوەم لێک دەدایەوە... کـــە چۆن ئەوانیش ئاوارەن و... لەو دیوەوە بەدەربەدەری و مشەختی سەریان بە گوندەکەمان گەیشتووە!.

دایکم لە سەردەمی ژیانی خۆیدا ... هەروا لە سەرەمەرگدا پێی گوتم:

-ڕۆڵە... خزم و کەسی تۆ... چەندیان لێرەن... پتریان لەو دیون! لە کوێستان.

- خاڵۆزاکانت لەشاری شنۆن!

- مامەکانت لە مەرگەوەڕن.

- پوورزا و پسمام و قەوم و قیلەیان... لە گادەر و هەکاری و شەمدینانن!.

گەنجۆ بەمنی دەگوت:

- زۆربەی خزم و کەسم... کە لە قەتلوعامەکە و... لەمردن ڕزگاریان بووە. ئیمرۆ... یان لە سوریە و حەلەب و شام...ن، یان هەر لە تورکیان و بۆ شارەکانی ڕۆژئاوا و دەو بەحری ئەو وڵاتە دەربەدەر کراون.

کاک نافیع... لە کۆبوونەوەیێکی کۆمەڵە... باسی سیاسەت و ئابووری وڵاتەکانی ئەم دونیایەی بۆ دەکردین:

- لە ئەمەریکادا... ساڵانە ملیۆنەها تۆن گەنم دەڕێژننە ناو دەریا!!

ئێمە... نەمانهێشت... ئەو قسەکەی تەواو بکات... کە هەموومان بەیەکجار، بەیەک دەنگ هاوارمان کرد:

- گەنم دەڕژێننە ناو دەریا!... گەنم ... گەنم دەڕژێنن؟

- بۆچ گەنم دەڕژێننە ناو دەریا ؟ ئا... بۆچ؟ کە گەنمیان ئەوەندە مشە و زۆربێ... بۆچ بۆ وڵاتانی برسی نانێرن؟

منیش پرسیمەوە:

- یان بۆ... بۆ هیندوستان ناینێرن؟ یان بۆ چین و ئافریقا ؟ یان بۆ ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتە... تاکو لەم

قاتی و قڕییە ڕزگارمان بێ؟
کاکم بزەیێکی تاڵی گرت و بەکزییێکەوە گوتی:
– برایان... مەسەلەکە... ئەوەندە سادە و ئاسایی نییە... وەکو ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، مەسەلەکە قووڵە... قووڵ... سیاسەتە... سیاسەتی نرخاندن و لەنگەر پارێزی ئابووری عالەم!!.
وەهەر بەخۆی بزەیێکی گرت... وەکو بەخۆی بە وەڵامەکەی خۆی بڕ دانەکات.
بەتەوسەوە گوتی:
– ئەمە بە ڕواڵەت... وا دەڵێن... دەنا لە حەقیقەت، سیاسەتی برسی کردنی میللەتە هەژارەکانە، برسی کردنیان و زەلیل و چاوشۆڕکردنیان.
پاش وەستانێکی کەم، هێمن بوەوە و... لەسەرخۆ گوتی:
– برسیەتی بێ هێزی لە دوایە... بێهێزیش... ملکەچی و خۆ... بەدەستەوەدان و کۆیلەتی و هەموو خراپەیێکی لێ شین دەبێتەوە.
– برسیەتی عارە و ... ئابڕووی ئادەمیزادی پێ دەڕژێتە بەر پێیان.
شەو... لەناو نوێنەکەم... بیرم لە قسەکانی کاک نافیع دەکردەوە... خەیاڵ باڵی پێ دەگرتم... لەناو قووڵایی ئاسمان... لەناو هەورە سپییەکان و... هەراوهوریا و ژیانی جەنجاڵی گوندەکەم دەیگێڕام... تێکەڵ سۆزی خۆشەویستی نەخشین و خەم و پەژارەی ڕۆژانی ڕابوردووی دەکردمەوە،... وورده وورده دەیکێشامەوە ناو گۆمی شێلو... و بۆگەنی ئەو ژیانەم و... ئەو چەند دڵۆپە خۆشییەی لەدڵی ووشک دەکردمەوە کە بە هۆی خۆشەویستی نەخشین و بوونی نەخشین لەناو چوارچێوەی ئەو ژیانەمدا دڵیان دەگەشاندمەوە، دەیکێشام دەیبردمەوە ڕێز هێرش بەرەکانی خانەقین، یاخی بووەکانی دەوروبەری بەغدا، دەشتە گەرمەسێرەکانی باشوور، تێکەڵ بەو ملیۆنە ڕەش و ڕووت و برسیانەی... کەلە ژێر دەست و زۆرلێکراوەکانی ئافریقا و ئەمەریکا و هیندوستان و هەموو دونیایان دەکردم.
هەندێ جاریش، وەکو ژێر دەریایێک، بن ئاو... و بن ئاو... لە قوڵایی دەریاکان نوقرچکم لێ دەدان... بەرەو ڕۆخی پاسیفیک دەیان ڕەتاندم و لە لێوارەکانی ئەمەریکاوە... لە دوورگە و نۆکەندەکانی نیۆیۆرک و فلۆریدا و... لێوارە خوارو خێچەکانی سان فرانسیسکۆ لەنگەرم دەبەست، کاروانێکی درێژی نەپساوەی بێ دەنگم لەو ڕۆخانە هەڵدەبەست، کاروانێک... لەو وڵاتەوە دەستی پێ دەکرد... کە گەنم دەخەنە ئاوەوە و... سەرەکەی تری کاروانەکەش لە وڵاتەکەی منەوە تێدەپەڕی و دەگەیشتە وڵاتە برسیەکانی هندستان و... چین و مەلایۆ... لەوێشەوە دەسووڕایەوە... هەتا ئاڵقەیێکی گەنمی لەدەوری ئەفەریقا و... هەموو گۆی زەوی... وەک بازنە دروست دەکرد.
ئەو شەوە و... لەوەش بەدواوە... بە درێژایی شەوەکانی دیکەش، لەگەڵ ئەمجۆرە خەیاڵانە... لەگەڵ خەونی سەیر سەیر و... لەژێر کابووسی ترسێنەر دەژیام!!... گەلێک جار... لە هیکڕا، دەنگی ئاوازێکی تێکەڵاوی نەشاز... لە دوور... دوورەوە... پەردەی گوێچکەیان دەگەزتم، گوێم ڕایەڵ دەکرد، نەمدەزانی ئەو بانگ و ئاوازە ناسازانە لە کوێوە دێن... دەپەشۆکام... لە هەژمەتان... لەخەو ڕادەچڵەکیم...ترسێکی زۆرم لێ دەنیشت، ئاوازەکە... وەکو گۆرانیەکی بێ سەروپاو... نارێک بوو، هەزاران هەزار ئادەمیزادی لاوازی برسی... درێژی ڕەقی، ڕوو تێک قۆپاوی... چاو بە قوولاچووی... وەک مۆمیا... کە هێشتا ئاکاری ئینسانیان پێوە دیار بوو...

لەوسەر تا ئەوسەری دونیا... دەیانگوت و... بانگیان دەکرد و دەیانگێڕایەوە:

– ها... هـ... ئا... هـ... ئا...

هەرگیز... وشەیێک لە گۆرانیەکە... لە بانگەکە... تێ نەدەگەیشتم!!.

کە دیقەتم دەکرد و لەو هەموو هەزاران... هەزار ئینسانە... وورد دەبوومەوە... وا دەهاتە بەرچاوم، کە ئەو حەشاماتە، هەر تەنیا دەمیان دەجولێتەوە... دەمیان لێک دەدەن، چاویان بریسکەی دەدایەوە!!. لاشەکانیان... وەک دیوارێکی بەرد... بە پێوە... بەیەکتری بەسترابوونەوە... هەرگیز جوولەیێکیان نەدەکرد، تەنیا دەمیان دەجوولایەوە و... هانە هانێکیان لێوە دەهات، پێکڕا ئاوازە ناسازەکەیان... بە دەنگە نووساو و... لاواز و گڕەکەیان دەگوتەوە و دەیان گێڕایەوە، لە شاخەکان... لە چیایە بەرزەکان... لە ئەشکەوتەکان... لە دەریاکان... لە کۆشکە گەورەکانی دونیا... هەڵدەزۆقینەوە و... دەنگیان دەدایەوە:

– ئاهـ... هـ... ها... ئا... هـ...

هەتا لەپڕ ئەم دیوارە زلە بەردینە ئەفسانەییە... کە ئەم سەرو ئەوسەری زەوی دەگرتەوە، لەپڕ لەیێک جودا دەبوونەوە، کەلێنی تەسکی درێژی نارێکیان دەکەوتە ناوێن، مۆمیایەکان پەراسووە هێسکەکانیان دەردەپەڕاندن... لاقـە گۆچانیـەکانیـان... دەهەژاندەوە، کەللەی خڕیان... بۆ ڕاست و چەپ دەجـوولاندنەوە، ددانە سپیەکانیان گڕ دەکردنەوە، بەهێز دەیان نەڕاند وە... ئاوازە ناسازە شێواوەکەش... وەک کانیاوێکی شێلوو... ڕوون دەبووەوە... ڕوونتـر دەبوەوە، وەکـو دەسـتـێکی نادیار. وەک مـسـتـیلی چایچی مـیـلی ڕادیۆییێک بگێڕێ... دەنگەکان ساف دەبوونەوە، ئاوازەکەش سافتر دەبوەوە!!.

ئەو هەزاران هەزار هێسک دەنگانە... گۆرانی کوڕە گەنجەکەیان دەگوتەوەو دەیان گێڕایەوە:

دەرکی عەمبار دەشکێنین

بە بار گەنم دەردێنین

دەرکی عەمبار...

دەشکێنم... دەشکێنم... دەشکێنم!!...

لە پاشان دەنگەکان یەکتریان دەگرتەوە... زل دەبوون... هەتا دەهات پتر گەورە و جەهووری دەهاتنە گوێ... وەک برووسکە... بەدەورەی هەموو کوورەی ئەرز... دەسووڕانەوە و وەک هەوری بەهار تریشقـەیان دەکرد، کون و کەلێنەکانیان... ئاشکراو ڕووناک دەکردنەوە، گوێیان کەڕ دەکرد، سام گرتوو دەبووم... ترس لوولی دەدام و هەڵی دەگلۆفتم... زراوم دەڕژا... لەژێر پاڵەپەستۆی ئەو هەمـوو ترس و سـامـە... لەخـەو ڕادەچڵەکیم... قیت دەبوومەوە... هەناسەم تەنگ دەبوو... ئارەقەی لەشم دەستپەوە.

دایکم دەیگوت:

– خەڵکی گـوندەکـەمـان... لەبرسانـا وەک داری گەندەڵ، کلۆر... کلۆرو کرمـاوی دەبوون... ڕادەقـەنان، داسووکەی مردن دەیدروینەوە!.

وەسەر بوردی گرانیـە گەورەکەی دەگێڕایەوە... ئەو ڕۆژانەی هەست و سۆزی ئادەمیـزادی لە دەروونـدا کوژابوەوە... خەڵک یەکتری دەخواردو!! وەکو برینداری ک چاوەکانی دەنووقاندن... سەری دەهەژاندەوە کە دەیگوت:

– سـەرەڕای برسـیـەتی و مـردنیش، دەعـبـایێک لە گـوندەکـەمـان پەیدا ببـوو. پێـیـان دەگـوت "سەرهەڵقەنە"، بەڕۆژ... لەئاقاری گوند لە چیایەکەی پشت گوند دەژیا، بەشەویش بۆنی لاشەی مردوو

دەیکێشایەوە ناو گوند!!... پەلاماری خەڵکی نووستوو... و خەڵکە بێ دارەکەی دەدا!.

دایکم... لێرەدا لە خۆی دەپرسیەوە:

– بەڵام... ما... کێ، لەو ڕۆژگارە ئاگای لەخۆ بوو؟ خەڵکەکە بە گشتی کاس و وڕ ببوون، هێزی ئەوەیان نەمابوو... تەنانەت مێش و مەگەزیش... لە لەش و لەڕووی خۆیان دەربکەن!.

پاشدان ڕووی دەکردە من و... دەیگوت:

–شەوێک لەو شەوانە، کە هێشتا تۆ نەببووی، لە چ جێگایێک دیار نەبووی، من و باوکت لەگەڵ ئەسمەری خوشکت... لەسەر بانەکەمان لێی کەوتبووین، خەوتبووین... و... نەخەوتبووین... ئەمە نازانم!... وەرز... هاوین بوو، نزیک بەرەبەیان... لەپڕ ئەسمەر زیرەی لێ هەڵستا!! لەگەڵ هاوارەکەی ئەسمەر، ئێمە هەردووکمان... من وباوکت... ڕاپەڕین، خەڵک و دراوسێی سەربانەکانیش... ئەوانەی گەڕەک... هوشیار بوونەوە، هەندێکیان بەزینە سەربانەکەی ئێمە، غەڵبە غەڵب و هەرا پەیدا بوو!... دەعبایەکە پەلاماری ئەسمەری دابوو!... قەپێکی لە پەنجەی گەورەی پێی گیر کردبوو، هەتا ڕۆخ بانەکە ڕکێشی کردبوو!... بۆی سووڕابووەوە... سەری هەڵقەنێ!...

کە ئەسمەر دابوویە زیرەو هاوار... ئێمە و خەڵکەکەی لێ بەخەبەرهاتین! باوکت دەستی دایە کوچکە بەردێک... لەو کۆمەڵە بەردەی کە پێویست بوو هەموو خێزانێک... شەوان لەترسی دەعبایەکە... و بۆ شەڕی دەعبایەکە... لەپەنا سەری خۆیاندا کۆیان بکەنەوە... باوکت دەستی دایە کوچکە بەردێک و ڕایوەشاند... بۆ لای پێخوستی دەعبایەکە هاویشتی... سەر هەڵقەنەکە بەگورجی خۆی لە قوونە بانەکەوە تێ هەڵدایەوە کۆڵان، ئیمجا لە باوکت هەڵشاخایەوە... و دەستی بە مرەمڕ کرد، چەققەی لە ددانەکانیەوە دەهێنا... من... بە خۆم (دایکم دەیگوت)... من بە خۆم گوێم لە چەققەی ددان و لەقەلەقی گوێچکەی دڕندەکە دەبوو کە بەڕووی باوکت لێکی دەدان و دەی هەژاندنەوە... باش بوو... خەڵک و خواکە زوو گەیشتنە هاوارمان و دەعبایەکەیان گرتە بەر خڕکە، ئەویش ڕەتاو بۆی دەرچوو... و لەناو تاریکایی شەو بزر بوو و بێ سەرو شوێن بووەوە.

دایکم... کە ئەو بەسەرهاتەی دەگێڕایەوە... فرمێسک لەچاوەکانی دەرژان و دەیگوت:

– هەر لەو شەوەشەوە، ئەسمەری خوشکت قنایەوە، هەتا دەهات کەمی دەکرد و گچکە دەبووەوە... بەتایبەت کەچاوی بە برینەکەی... شوێن ددانی دڕندەکە دەکەوت، لە ئەنگوستی گەورە و پشتی پێی پۆقرەیان کردبوو... ڕووداوەکەی دەهاتەوە پێش چاو... و دەیدایەوە زیرەو هاوار!... بۆ پاییزیش... لەگەڵ گەڵاڕێزان... ئەویش هەڵوەراو... لەگەڵ گەڵا زەردەکانی دار قەیسیەکان... ڕژایە ناو گڵ و عومری درێژی دا بەتۆ.

دایکم، لەم گرانیەی ئێستاکە پتر دەترسێ!!... من وای بۆ دەچم... کە یان دەبێ... ترسی گرانیە گەورەکەی پێشووی... هێشتا لە مێشک و گیان دەرنەچووبێ، یان ئەو ڕۆژە ڕەشانەی گرانیەکە... وایان لێ کردبوو کە لەهەموو ناخۆشییێک... لەمەندی و شێنەییەکەی... لە ئارام و دڵفراوانی کەم دەبووەوە و خەیاڵ دەیکێشایەوە ناو... ڕووداوە پڕ ناسۆرەکانی ئەو سەردەمە... دوودڵی و سەرلێ شێوان... ببوونەوە هاوڕێی ژیانی.

– سەید ڕەسولی... خەڵکی گوندەکەمان، دایکم دەیگێڕایەوە سەید رەسول پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆو ژیرو وەجاغزادەبوو... سەید و ئەولادی پێغەمبەر بوو... سەلامی خوای لێ بێ، پیاوێکی نوێژکەر بوو... لەقەنارەت بدابا... درۆی لێ نەدەوەشایەوە... خراپەی کەسی نەدەگوت، هێوارەیێک... سەید

ڕەسول... بەپەشۆکاوی... لە ئاقاری گوندەکەوە... ڕای دەکردە ناو گوند لەبەر هەڵاتنەوە هاواری دەکرد:

– ئەعوزوبیللا...... ئەعوزوبیللا!!

خەڵکەکە لێی کۆبوونەوە... سەید هەناسەی لەبەر برابوو... زمانی بستێک لێ دەرکێشابوو... لەبرسانا... چاوەکانی بەچاڵدا... ڕووچووبوون... ووشک و لاواز ببوو... هێسکی گۆنای... دەرپەڕیبوون، دەستی بە قسەی ترسێنەر و... حەلەق... مەلەق کرد!!.

– خودایە... تۆبە... ئەعوزو... ئەعوزو... عاجباتیە... عاجباتیە!!

خەڵکی ئاواییەکە، ئەوەل جار وای بۆ دەچوون، کە سەید ڕەسوول تێک چووبێ... یان ئەقڵی سووک بووبێ!!... چونکی لەو ڕۆژانەدا... یەکێک کە دەهات بمرێ... ئەو شێوەیەی دەردەکرد... قسەی تێکەڵاو دەکردن و کەس لێی تێ نەدەگەیشت!!... سەید سوێندی بەگۆڕی حەزرەتی عەلی جەددی خوارد کە نەخۆش نییەو شێت نەبوەو هەست بەمردن ناکا... ئەوەی دەشیگێڕێتەوە... یەک قل خیلافی تێدا نییەو هەموو ڕووداوەکە بەسەر خۆی هاتووە... بەچاوی خۆی دیویە... بەگیانی خۆی لەگەڵیدا ژیاوە... هیچ زیادو کەمیشی تێدا نییە، وە داوای لە خەڵکەکە کرد... کە پێی باوەڕ بکەن، هەروەکو چۆن حەزرەتی عەلی باپیرە گەورەی قسە بکا... ئەوها پێی باوەڕ بکەن!؟ لە دواییشدا مشووری حاڵی خۆیان بخۆن... یان گوندەکە بەجێ بهێڵن... یان پێشدەستی... و یان ئەگەر تاقەتیان هەیە گورزی خۆبان بوەشێنن و چارەی، چارەنووس و دوا ڕۆژیان بکەن!؟

خەڵکەکە ترسیان لێ نیشت... کە سەید ڕەسول بە جەددی گەورەی سوێندی خوارد، بۆیان نەکرا بڕوای پێ نەکەن، نەخوازەڵلا... ئەم پیاوە هەر بە ڕاستگۆو... ڕاست ڕۆ... ناوی دابوەوە... لەبەر ئەوەی بەووری... گوێیان بۆ بەسەرهاتەکەی سەید ڕەسول دۆل کرد.

سەید ڕەسول... وای گێڕایەوە:

– لە ئاقاری گوندی پیگەلە... وە بەرەو سینگان دەهاتم، ووڕ و کاس... لە ڕۆخ چەمەکە، بە ڕێگادا دەبزویم، سەرم دانەواندبوو، مووزم لە ئەرزەکەی بەرپێم کردبوو... بیرم لە حاڵی خۆم و... ئۆمەتی موحەممەد دەکردەوە، کە لە بڕکە گیایێکی خواردن... لەبنە ڕێواسێک... لە چلە قەلەندۆرێک دەگەڕام... تا گورگی هاری ناوەوەم پێ هێدی بکەمەوە، کە لەپڕ... لەپشت ڕێگاوە... گوێم لە دەنگێک بوو... هەستم بە جووڵانەوەیێک کرد... سەرم هەڵبڕی... چ ببینم؟

– ئەعوزوبیلاه... خوایە هاوار...

دەزانن چیم بەو چاوانە دیت؟

سەید ڕەسوول... هەردوو دەستی بۆ چاوە قۆپاوەکانی بردن و لەگەڵ ئاهێکی درێژ گوتی:

– دوو زەلامی زەبەللاحی... عاجباتی سەیر... لەسەر کەپکە شاخەکەی پشت ڕێ... لەسەر چیچکان هەڵتروشکابوون، کەلێیان ووردبوومەوە... هەردووکیان بە کەلەش ئادەمیزاد بوون... دەست و مل و سینگ و زگ و لاتەرۆک و لاق و لەتەر...، دوو جووت کلاشی هەورامانیان لەپێ کردبوو... گۆرەوی و بەلەک پێچیان هەتا چۆکان لێ هەڵکردبوو... ڕانک و چۆخەیێکی مەرەزی وەکو... مووساخانیان لەبەر بوو... پشتبێندی خامەکیان بەستبوو... هەتا ناوقەد و کەمەر و سینگ و شان، دەتگوت بەگزادەی دیبۆکریانن، بەڵام بەسەر و کەللە... گورگ... گورگ... بوون، هەرچەندە... هەریەکە سمێڵێکی ڕەشی وەسمەداری قەیتانی و ڕیشێکی درێژی تەپشوانەیان هەبوو... بەڵام سەری گورگێکی گورگیان پێوەبوو!!... کەسەرم بۆ

هەڵبـڕین... مـەلاشـوەکـانیــان  لێک دەسـوین!!... لموزیان بەرەو ژوو بڵند کـردبوو، ترسـێکی زۆرم لێ نیشت!... لەترسانا لاقم هاتنە لەرزین... خەریک بووم بەخۆمدا بمیزم!... ویستم ڕابکەم... هەڵێم... خۆم لەم دڕندە عاجباتیانە ڕزگار بکەم... هێشتا لاقێکم نەجولاندبووەوە... کە یەکێکیان بانگی کرد:

– سەید ڕەسول... سەید ڕەسول!!

پتـر سـام گـرتوو بووم... قـەڵەمم شکان، هێـزی ئەوەم بەخـۆوە نەدەدیت... ڕابکەم... زمـانم گـیـرا... نەمـتـوانی دەنگ هەڵبـڕم هاوارێک بکەم!... ڕوح لە جـێگـاییێکی قـایم بوو... نەدەهاتە دەرەوە!!... لە جێگاکەما ڕەق ڕاوەستام... لێم یەقین بوو تازە قورتاربوونم بۆ نییە!!.

پاش چاوقـوچانێک... ئەوەی دیکە لێی لە مـڕەدام... لموزە درێژەکـەی بۆ درێژ کـردم... ئەویش بـانگی کردەوە:

– سەید ڕەسول... سەید ڕەسول؛ بە خەڵکی گوندی سینگان ڕابگەینە، هیچمان نەماوە بیـخۆین... وا نۆرەی ئەوان داهاتووە. هەرچەندە ڕێبواریشین... بەڵام ڕێبـواریش بێ خـۆراک و خـواردەمەنی ناژی، و پێی ناکرێ بەزگی برسی ڕێگا ببڕێ!... وەلێی پرسیم:

– وانیە... قوربان؟!...

وە هەر خۆی... لە وەڵامی پرسیارەکەی گوتیەوە:

تەبیعی وایە... و... کە، وایە... لەم هێوارەیەوە... ئیبتیدا، ددانیان بۆ تیژ دەکەین!!.

چەند جـارێک لەسـەریێک، چەقـەچەقـیـان لەدەم و ددانەکـانیـانەوە هێنا... ئینجـا ئەوەی دووەمـیـان گەڕایەوە سەر قسەکەی:

– جـا وەها چاکـترە... هەرخـۆمـان، واتە ئێـمە و خـەڵکی گـوند، لە نـاوێن خۆمـاندا ڕێک بـکەوین... پێـویست بە ملمـلانێ و کـێشـە و بگرە و بەردە نـاکـا... ئێـمـە بەوە ڕازی دەبین... کـە هەر هەفـتـەی دوو کەسمان بۆ بنێرنە پەنا ئەم شاخە! ئاوڕێکیان لە شاخەکەی پشتەوە دایەوە... و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت:

– ئێـمەش... بەمـە قـەناعـەت دەهێنین... تەماحـیش ناکـەین، چونکی قـەناعـەت باشـە و تەماحـیش فـەناحـیــە، ئێـمــەش... خـۆ هەتا هەتایێ هەر لێـرە نابین... هەر پێنج و دوو ڕۆژێکە لەم ناوچەیەش باردەکەین... دەچینە لایێکی دیکە.

وە وەکو چاو... و... ڕاو بکا... لوورەییێکی درێژی کرد و... بەتوند و تووڕەییەوە گوتی:

– ئەگەر بەمەش ڕازی نابن... ئەوا کەیفی خۆیانە گوناهیان بە ئەستۆی خۆیان!!.

لێـرەدا... قسـەکـەی بڕی... و هەردوو سـەر گورکـەکـان... وەکو مـەیمون... لەسـەر کـەپکە شـاخـەکـەوە... دابەزینە سـەر ڕێگاکـە و... لەوناوە لەنزیک منەوە... هەڵدەپەڕین و هەڵدەقۆزینەوە... و پێکەوە بانگیـان دەکرد:

ئەگەر نایێنە... دەنگمان

بابێنە شەڕ و جەنگمان

منیش بەترس و لەرزەوە... (سەید رەسول) دەیگێڕایەوە:

منیش بەترس و لەرزەوە... بەزمانێکی تێک ئالاوی لاڵو پەتە... لێم پرسین:

– ئێوە... کێن؟

هەردووکیان لە هەڵبەز هەڵبەزەکەیان وەستان و دایان لە قاقای پێکەنین... دەستیان بە لوورەلوور کرد، لەپاشدان هەندێک پتر لێم نزیک بوونەوە... لمووزیان بۆ درێژ کردم و گوتیان:

– بۆچ... تۆ... نامان بینی؟... ئا...؟

منیش بە کاسی و وڕیێکەوە... نەختێک چاوم هەڵپشاوتن... هەناسەییێکی درێژم خواردەوە، دەمەویست بەو هەناسەیە... ئارام بەدڵم بگرم... کە لەناو سینگمەوە... وەک کوتکی پەڕەکەر... لێی دەدا و پێم گوتن:

– بەڵێ... بەڵێ... چۆن ناتانبینم، بەڵام وەکو بڵێی چاوەکانم... ڕەشکە و پێشکە بکەن.

کەمێک وەستام... تا بیرە شێواوە بڵاوەکەم کۆبکەمەوە و بتوانم وەڵامێکیان بدەمەوە... کە گوتم:

– دەڵێم لە ژیانمدا؛ کەسی وەکو ئێوەم نەدیتوە!!

سەرگورگ و کەلەش ئینسانەکان... دایانەوە لوورە و... قا... قا... لەپاشان یەکێکیان بە دەنگێکی نێر گوتی:

ئێمە بەگزادەین... بەئەسل وفەسل و ڕیشە و ڕەگەز... بەگزادەین، لەم ڕۆژانەدا... ڕەعیەت و مسکێنەکانمان... لێمان یاخی بوونو ئیتاعەمان ناکەن... گوێ لە فەرمانمان ناگرن، ئێمەش ناچارین کە ماف و هەیبەتی خۆمان بپارێزین، دەبێ چارەی خۆمان و چارەی ئەوانیش بکەین... ڕەعیەت هەر ڕەعیەتە و بەگزادەش بەگزادە!!... دەبێ وا بکەین... کارێکی وا بگونجێنین... ڕەعیەت پل و پەنجەکانی... بۆ ژێر لێفەکە بکێشیتەوە!... ئەگەر نا چۆن دەتوانین توخمی پاڵێوارو... و ڕەوانی خۆمان بپارێزین؟... ئا... ؟.

سەید ڕەسول، کە ئەم بەسەرهاتەی خۆی دەگێڕایەوە... هەردوو چاوی ئەبڵەق ڕاوەستابوون... لەشی وەک بیی ناو ئاو... دەلەرزی و دەیفەرموو:

– خەریک بووم... هاوار بکەم!... قەستی هەڵاتنم دەکرد... بەڵام بۆ کوێ؟ دەتوانم بۆ کوێ هەڵێم؟ چۆن لە دەستیان ڕزگار دەبم؟ وەیان گریمان ئەوە هەتا هێزم تێ مابوو... هاوارم کرد... کێ هەیە گوێی لەهاوارم بێ؟ کێ بەدەنگمەوە دێ؟ لەم چۆل و بەریەیە، کێ خۆم لێ دەکاتە... ساحیب؟... کێ دەگاتە هانا و فریادم؟... لەناو ئەم بیر و خەیاڵ و لێکدانەوەم... توابوومەوە، وەکو ئەوەم لێهاتبوو... بە چاوبەستی... لە شاخێکی سەخت و پڕ جەنگەڵ و ئەشکەوت و هەڵدێر... بەبێ ڕابەر... دابەزیبم، یان وەک مەلەوانێک... لە دەریاییێکی شێلووی بێ بن و بێ لێوار... بەسینگ و مل... ئاوەکە شەق بکاو... پەل و پێ بکوتێ... بێ ئەوەی ئارامگەییێک... و شکانێک بەدی بکا!!، کە یەکێک لە دوو دەعبایەکە... لەو دوو بەگزادانە... فرتکێکی هاویشت... خۆی تێ هەڵدایەوە سەر کەپکە شاخەکەوە، بەهەر چوار پەلی... لەسەری هەڵتڕووشکا، بەرەو گوند وەرادەما... و گوێی دەلەقاندنەوە!.

ئەوەی دووەمیشیان دەمی لێک بەش کردەوە... ددانی گر کردنەوە، زمانی بستێک لە دەمی دەرکێشابوو... لە سەرێێک ددانەکانی لێکدەدان... چەقەقەی لێوە دەهێنان... تەنیشت و تەنیشت بۆم دەهاتە پێش... لێم نزیک دەبووەوە... هەتا ئەوەندە لێم نزیک بووەوە... گوێم لە هانەهانی هەناسە تەنگەکەی دەبوو:

هە... هە... هە...

وە دەمتوانی ددانەکانی... یەک... یەک... بژمێرم، هەتا لێم نزیکتر دەبووەوە... ترس بەسەرمدا زاڵتر

دەبوو... وەک جەلید دەیبەستم... دڵم دەبووڕایەوە... فاتیحەم لە دڵدا بۆ خۆ دەخوێند، گومانم لەوە نەبوو... کە دەمدڕێ و قووتم دەدا، ترس دەست و پێ... و مێشک... و بوونی... بەستبووم... بەبێ دەستی خۆم... درامە دەست قەزاو قەدەر!.

چاوم نووقاندن... چاوەنۆڕی دواکاتی ڕەشی پڕ ئازاری خۆم دەکرد، ماوەیێک بەسەرچوو... کە چاوم کردەوە... دیم بەگزادەکە لە تەنیشتم وەستاوە، لاتەرۆکی... لە لاتەرۆکم دەخشا، کە چاوم کردەوە... نەوێرام ئاوڕێک بدەمەوە، سەیری دیمەنی پڕسامی دەعبایەکە بکەم ، ئەو لێم سووڕایەوە... بەرامبەرم وەستا... دەرگای ئەشکەوتی دەمی لێک دابوەوە، لووزێکی لە زەویەکەی بەرپێم وەردا، بۆنی زەویەکەی دەکرد!!... لەپاشان سەری هەڵبڕیەوە... لووزی لە کەپووی من... دەخشا، لەگەڵمدا کەوتە قسە:

– سەید ڕەسول... تۆ ئێمەت نەناسی... قەیدی ناکا، زەرەری نییە... حەقتە ئەگەر نەمان ناسیەوە، چونکی تاکو ئیمڕۆ... ڕووپۆشمان... لەسەرخۆمان لانەدابوو... بەڵام ئێمە تۆ دەناسین... باشت دەناسین.

تەماشاییێکی یەکتریان کرد و... ددانیان بۆ یەکدی گڕ کردەوە و... گوتیان:

– تۆ سەیدی، ئەولادی پێغەمبەری... سەلەوات و سەلامی خوای لێ بێ، وە ئەگەر سەید نەبوای و لە ترسی خودا و پێغەمبەری ئاخیر زەمان نەبێ... کە جدی تۆیە... ڕزگارمان نەدەکردی... بەڵام دەبڕۆ... بەومان بەخشی، بڕۆ... بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێ... ئەوەی پێمان گوتی... بە خەڵکی گوندی ڕابگەینی... ئەوەی بە چاوی خۆت دەیبینی... بۆیان بگێڕتەوە و... پێشیان بڵێی...

ئۆباڵی خۆیان بەئەستۆی خۆیان.

خەڵکەکە بڕواییان بەسەید ڕەسول و بەهەموو بەسەرهاتەکەی هات!!... ئیدی... ئەوە بوو لەو ڕۆژەوە... یان ڕاست تر هەر بۆ بەیانی ڕۆژی پاشی... لەگەڵ ڕۆژهەڵات... لەو گوندە بارمان کرد و پانایی ئەو زەویە گەورەمان دایە بەر، بڵاوەمان تێکەوت... هەر یەکێک بۆ لایێک سەرمان هەڵگرت، کەس ئاگای لەویتر نەما، درواسێ... خزم... دۆست... دەسگیران... یەکتریمان بزر کرد، کوڕ... دەیویست خۆی ڕزگار بکا... دایک و باوکی جێدەهێشت، دایک و باوک... خۆیان لە منداڵەکانیان دەشاردەوە... کۆرپەی ساوایان فڕێ دەدا... خۆیان لەچنگ ئەو دڕندانە قورتار دەکرد، براو... برا...و ... براو... خوشک... و خوشک... هەریەکە حەولە حەولی ڕوحی خۆی بوو. ئیتر لەو بەرەبەیانەوە... تاکو ئێستاش، یەکترمان نەگرتووتەوە!.

دایکم دەیگوت:

– لەناوچەی شنۆ، لەمەرگەوەڕ و دەشتی لاجان، هەتا ئیمڕۆش... هەر چەندە دەنگ و خەبەری خەڵکی گوندەکە... لەبیر چۆتەوە و وەکو دووکەڵ تێکەڵ بەهەورەکان... و تەبەقەکانی ژوور ژووری ئاسمان بوون، بەڵام... بەسەر هاتەکەی سەید ڕەسوڵ باسی ئەو دەعبا لەش ئینسان و سەر گورگانە کە لە گرانییە گەورەکە سەریان هەڵدابوو...و... ئەو سەیدە خواپەرستە ڕاستگۆیە ئاشکرای کردبوو... هەتا ئیمڕۆش... دایک و داپیرە بۆ منداڵەکانی گوندە شاخاویەکانی کوردستان و... دەشتەکان... هەر... دەگێڕنەوە... دەگێڕنەوە، بگرە گەورەکانیش... ئەگەرچی ئەوانیش و کەسیش... چارەنووسی سەرهەڵقەنەکان و سەید ڕەسولیشیان... بۆ ڕوون نەبۆتەوە... دیسان گومان لەوە ناکەن... کە بەسەر هاتەکە... خەیاڵ... یان وڕێنە و بێ ئەساس بووبێ.

***

# 9

هێشتا ساڵی خوێندنمان له هەولێر، کۆتایی پێ نەهاتبوو... خۆمان بۆ تاقیکرنەوەی سەری ساڵ ئامادە دەکرد... ئێواران بە دەشتەکانی دەوروبەری شار بڵاوەدەبووینەوە، بە هارێکی وشک بوو... خەڵکەکە دەیانگوت زۆربەی ساڵە هاتەکانی ئەو دەشتانە... سوار تا نێوقەدی لەناو قەسەڵی گەنم و جۆ بزر دەبوو، کەچی ئەو ساڵە... ئێمە بە ئاستەم سەرمان لەناو مەزراکان دەشاردرایەوە، زۆربەی رۆژانی پێش تاقی کردنەوەکە... لەناو ئەو مەزرایانە دەوری دەرسەکانمان دەکردەوە و بەسەر کتێبەکان دادەهاتینەوە،... قوتابییە لادێییەکان... ئەوانەی بۆ خوێندن هاتبوونە شار... یەکترمان دەدیت و پێکەوە سەعیمان دەکرد... لەناو خۆماندا هەواڵی یاخی بوونەکەی عەمەری سلێمان... و هاورێکانیمان باس دەکرد.

پێم سەیربوو... کە چۆن... وەیان بۆچ کاک نافیع؛ لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە... ئەو دەنگوباسەی پێ رانەگەیاندین... چەند جارێک لەناو کۆبونەوە دەمویست... بەگوێی کاک نافیع دا بدەم کە:

– لە گوندەکەی ئێمەش... رەش و رووت و برسییەکان... یاخی بوون؛ ملی چیایان گرتووە، عەمبارە گەنمەکانی ئاغا و حکومەت دەشکێنن... رێگا لە کاروانە گەنمەکان دەگرن... کە چەرچیەکان لە دەشتە پان و... شیوە زوور... و لە کوردستانی ئێران... و پیاوەکانی تۆفیق بەگ و... شێخ قطب الدین، مام حاجیش لە خۆشناوەتی و دەشتی هەریر و بیتوێن... کۆی دەکەنەوە و... بەکاروانی ئێستر و لۆری... لە عەمبارەکەی مام حاجی گوندی ئێمەی قایمی دەکەن و... بەشەو... بەرەو ژێر... وەرێیان دەکەن.

هەر کە دەهاتم... ئەو دەنگوباسە بەگوێی کاک نافیع دا بچرپێنم... یان بە سێزدە قوتابییە هاوەڵەکانی کۆمەڵەی رابگەیەنم، لەپڕ دەسەنگرامەوە!! زاتم نەدەکرد خەبەرەکە بگەیەنم!! نازانم بۆچی نەمدەتوانی خەبەرەکە بڵاوبکەمەوە.

عەمەری سلێمان و هاورێییەکانی، لەسەر ئەوە یاخی ببوون و ملی چیای سەفینیان گرتبوو، چونکی بەرهەڵستی ئەو کارە نارەوایەیان دەکرد... بەوە رازی نەبوون... گەنم لە هەر چوار قوڕنەی وڵات بەم رەنگە لەگەرووی خەڵکی وڵات بگیرێتەوە و... بۆ خوارەوە... بۆ بێگانە رەوانە بکرێ!.

ئەمانە رێگایان بە قافڵەی لۆریە گەنمەکانی شێخ و تۆفیق بەگ و مام حاجی دەگرت، نەیان دەهێشت ئەو قووت... و مایەی ژیانی ئەو خەڵکە بچێتە دەرەوە و... بۆ قازانجی ئەم تەماحکارانە و بەرژەوەندی بێگانەکان... برسیەتی لە وڵات بەرپا ببێ.

ئەو گەنم کرە تاوانبارانە... بەهەر نرخێک بوایە، گەنم و داهاتی ناوچەکەیان دەکری، عەمباریان دەکرد، هەتا دەنکێک گەنم لەبەر دەست نەما، ئەمانە لەم بازرگانیە گڵاوە نەدەوەستان، هەژارەکانی گوند و برسیەکانی ناوچەش، کە نانێکیان بەچنگ نەدەکەوت، ئەمانیش ناچار... روویان دەکردە سنوور؛ هانایان دەبردە بەر کوردستانی ئێران، گەنمەکەی ناو عەمبارەکانی تۆفیق بەگ و مام حاجی و شێخیش... بەبێ دەنگی... بەدرێژایی شەوان... لەتاریکایی... لە لۆری بار دەکرا بەرەو کەرکوک و بەغدا و... تا بەسرە... وەرێ دەکرا، وەکو دەیانگوت:

– لە بەندەری بەسراشەوە؛ لەگەمیە بار دەکرا و... بۆ دەرەوەی وڵات... بۆ... ئاوروپا... دەنێررا.

بەم رەنگە رزقی خەڵکەکە دەدزرا، بەهۆی ئەم دزانەشەوە... تووشی برسیەتی و رسوایی و سەرشۆڕی دەکران!.

عەمەر و هاورێییەکانی... لە سەرمەیدان... لە دەربەندی شەقڵاوە... کۆسپیان دەخستە پێش ئەو قافڵە

گەمانە... ڕێگایان بە دزەکان دەگرت، حکومەت... و پیاوەکانی تۆفیق بەگ، ئەمانیش وە نەبێ چاویان لەم یاخی بوونە پۆشیبێ... یان بەرامبەر بەوە دەستە پاچە وەستابن، یان مودیربەگ ویستبی... چارەیێک... چارەیێکی وا بکرێ کە خەڵکەکە... لە قاتی و گرانی و سەرشۆڕی بپارێزێ!!... نا... نا... حکومەتیش... مودیربەگیش... ڕێگای بۆ ئەو دزانە خۆش دەکرد، یارمەتی دەدان... دەیپاراستن... هەروەها بە توندیش ڕاوی یاخی بووەکانی دەنا، هەوڵی دەدا بەردەستیان بکات... سزایان بدات، بگرە ئەگەر بۆی ڕێک بکەوتبا... لەبەرخاتری دڵی تۆفیق بەگ و شێخ و مام حاجیش... لەناویشیان ببا و بێ سەرو شوێنیان بکات، بەم جۆرە... کە پۆلیس و خوبزەکانی تۆفیق بەگ... دەست لەسەر خەنجەر و پەنجە لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ... هێرشیان دەبردە سەرمەیدان... ئەوێیان قایم دەکرد... ڕاوی یاخی بووەکانیان دەنا و لەو جێگایە دەریان دەپەڕاندن، ئەمانیش لە بناری سەفینەوە دادەبەزینە ناو چەمە چڕەکە... یان بەناو شیوەکەدا لێی دەسووڕانەوە... دیسان دەربەندیان بەند دەکردەوە، کە حکومەتیش... پەلاماری دەربەندی دەدا... و جادەکەی دەکردەوە، یاخی بوەکان لە ڕێگای گوندی ماوەران... دەسووڕانەوە... هەندێکیشیان لە گەرەکی زێوەردا سەر دەکەوتن... و لەوێشەوە... دیسان ملیان دەدایە سەفین و بنار بنار هێرشیان دەبرد... تا لەسەرمەیدان یەکتریان دەگرتەوە و جادەکەی هەولێریان دەبەستەوە، قوتابیەکانی قوتابخانەی گوندەکەش... ئەوانەی تەمەنیان... لە... دە... تا... دوازدە ساڵ تێپەڕی کردبوو... ئەمانەش بە گورجی بەشداری یاخی بوونەکەیان دەکرد.

ئەگەرچی... تۆفیق بەگ و جەنابی شێخ قطب الدین... ئەمیان لە ڕێگای دینەوە... و ئەویدیشیان، بەدەست و بازووی پیاوەکانی یارمەتی و پاڵپشتی مودیر بەگیان دەکرد، بەڵام خەڵکەکە... پەمۆیان خستبووە گوێیان، نە گوێیان لە وەعزی شێخ دەبوو نە لە لوولەی تفەنگ و شەشاگری تۆفیق بەگ... دەترسان، خەڵکەکە برسی بوون... ڕۆناییان لە چاودا برا بوو، گوێیان تەپ ببوون، دەنگ و ئازاری زگی برسییان... دەنگی گریان و ناڵەی ساوا برسیەکانیان... هەموو دونیای لێ پڕ کردبوون، مێشک و دەروون و گوێیان... وا پڕ کردبوون... تەنانەت جێگەی ئەوەش نەمابووەوە... کە نەخوازەڵڵا وەعزی شێخ... یان ئەو درۆیانەی بەناوی خودا و پێغەمبەر دەکران... لە چوارچێوەی مێشک و لە دەروونی خەڵکەکە... جێگاییێک بگرن، یان هەڕەشە و گوڕەشەی مودیربەگ و ئاغا... موویێکی لەشیان بلەرزێنێ!!... لەبەر ئەوە... بێ پەرواو بە ئاشکرا و... بەنەهێنی... یارمەتی یاخی بووەکانیان دەدا... هانی کوڕەکانیان دەدا بچنە پاڵیانەوە... دەست بکەنەوە، بەشداری کارە مەردانەکەیان بکەن، سەریان لە کار بەدەست و پۆلیسەکان شێواندبوو، هەروەها گۆمی میزاجی شێخیان دەشڵەقاند، وەکو مەلای مزگەوتی گەورە و... خەلیفە سەرسۆر دەیانگوت:

– خۆیان دەخستە ناو غەزەبی خودا!.

تۆمای هاوڕێم دەیگوت:

قەشە لە کڵێسا دەیفەرموو:

– توندوتیژی و دەست وەشاندن و زۆرەملێ... کارێکی باش نییە!!

وە دەیفەرموو:

هەر چەندە... نان... مادەی ژیانە... بەڵام ئینسان هەر تەنیا بەنان ناژی!.

مام هەیدەری خەڵکی ئاواییش دەیگێڕایەوە... کە:

– مەلای مزگەوتی گەورە... کەم و زۆر... بۆ مەسەلەی گرانی و برسیەتی و نان و ژیانی خەڵک

ناچێ!!... ئەو پاش هەموو نوێژێک... ڕوو دەکاتە خەڵکە خواپەرستە نوێژکەرەکە و... لێیان دەپاڕێتەوە کە:

خوا دەفەرمووێ...

ئیتاعەتی خودا و پێغەمبەر و... کار بەدەستەکانتان بکەن.

مەلاش تەشیەکەی هەڵدەکردەوە:

– واتا... ئیتاعەی... حکومەت و تۆفیق بەگ... هەتتا ئیتاعەی کوێخا بەکریش لە ئیتاعەی... خوا و... پێغەمبەرە!.

خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەش... پەمۆیان ئاخنیبووە گوێیان... برسیەتی گوێی گران کردبوون، قیژەی مەلا و... قیژەی قەشە... لە پەردەی گوێیان، ئاودیو... نەدەبوو!.

یاخی بووەکانیش... وەکو خەڵکەکە لە گیانیان کەلەوەڕێ ببوون، زۆردار بە نوێژی نیوەڕۆ... پاروویان لەگەرووی ساواکانیان دەڕفاند، منداڵەکانیان... لەبەر چاویان... لینگیان دەژەنی... هاوزینگیان دەکرد... ڕوحیان دەدا، کە گوێیان لە قەشە و مەلاش دەبوو... برسیەتیەکە پتر کاری لە میزاج و مەعیدەیان دەکرد!!... گەدەیان هەڵدەچوو... و ڕشانەوەیان دەهات، ئەمانە چونکی لەسەر حەق بوون... ڕۆژ بەڕۆژ قوتابییەکان... فەقێیەکانی مزگەوت... شەماشە و دیانە خوا پەرستەکان... ئەوانەی هەستیان بە ئازارەکانی مەسیح دەکرد، پشتیان لەو مامۆستا ئامرازانە وەردەگێڕا، ڕوویان لە سەفین و سۆرک و دەربەند و سەرمەیدان... دەکرد... یارمەتی یەکتریان دەدا، بەم جۆرە تا دەهات مەیدانی یاخی بوونەکە فراوانتر دەبوو... تا وای لێ هات... هەمموو ناوچەکەی گرتەوە... بەرەو ژێر... بۆ گوندی کۆڕێ... پیرمەم... و گوندەکانی دەوبەستۆڕە و... ڕۆخ زێی بادینان کشا، بەرەو ژووریش... دەشتی هەریر و سپیلک لە گەلی عەلی بەگ؛ یاخی بوون پەیدا بوو، جۆتیارە هەژارەکان بە گەرمی... هاوبەشی یاخی بوونەکەیان دەکرد، ئەمانیش پەلاماری چاڵە گەنمی ئاغاکانیان دەداو... ڕێگایان بە کاروانی هێستر و... لۆری دزەکان دەگرت.

ئەو شەوەی لەسەربانی خانووەکەمان... لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشا بووم، لەناو دەریای بێ بنی... ئاسمانی تەلیسماوی پڕ نهێنی وورد دەبوومەوە، هەوڵم دەدا، ئەو حەزەم بهێنمە دی، حەزی ئەوەی... خۆم لەم ژیانە تاڵەی گوندە خەمبارەکەم بشارمەوە... خۆم دەهاویژتە ناو شەپۆلەکانی ئەو دەریا بێ دواییەیە، ئەستێرەکان... ژمارەیان لەژمارەی ئادەمیزادەکان... پتر دەهاتنە بەرچاوم، ڕەنگی ئەوانیش...وەکو ڕەنگی خەڵکەکە... سیس و بێ شەوق بوو، چاوی ئەوانیش... وەکو چاوی خەڵکەکە... پووت و کز بوون!!.

لەگەڵ ئەستێرەکان دەدوام... دەردی دڵم بۆ دەڕژتن،... فەرامۆشیم پێ دەهاتنەوە... هۆگریان دەبووم... تا ماوەیێک... خەم و پەژارەم لەناو لۆچەکانی ئاسمان لوول دەدران، تا گڕەی لۆریەکان... هوشیاریان دەکردمەوە، دەیانگێڕامەوە دونیای ڕووداوەکان، هەموو ئەو ڕووداوانەی گوندەکەم... وەک شەریتی سینەما... بەبەر چاوی خەیاڵدا... دەهاتنەوە، دەهاتن... تێدەپەڕین... ژان هەڵی دەگلۆفتم، دەریا ساف و شین و بێ دواییەکەی... ئاسمانم... لێ ڕەش هەڵدەگەڕا، دەبوو بە گۆمێکی لیخنی ناهومێدی...، ئەستێرەکان... دەبوونە پرووشکی ئاگر... وەک دەرزی هەزارن هەزار دەرزی ئاگرین... لە مێشک و دەروونم دەچەقین، وەکو لەناو نوێنێکی دڕکاوی بم... هەر گەوزم دەدا... تەنیشتم دەگۆڕین... وەڕەسی وەک کۆتێکی پۆلایین... لەشان و گەردنم ئاڵابوون، هەموو هێزم دەدا بە خۆم... تا ئەو بارە گرانە لەسەر شانم... بخزێنم، چاوێکم بە ژوورەکەدا گێڕا، سەیرێکی بەردەمی خۆم کردەوە، دوو سەمموونی ڕەشی... ڕەق... هەڵمساو... لەناو سەبەتەیێک... لەبەر دەمم... دانرابوو، ئاورێکم لە دایکم دایەوە... وەکو

بەیانی...دیسان... هانای بردبووەوە بەر... بەرماڵی نوێژەکەی، بە کڕی لەسەری هەڵترووشکابوو... وورده وورده دەبۆرژا!. دەم نا... دەمیش... کە خەو دەیبردەوە، بەلادا دەهات و بەبێ دەستی خۆی... بەگورجی خۆی دەگرتەوە و پاش ماوەیێکی کەم... دیسان لەسەرخۆ... بەلادا دەهاتەوە و دەکەوتەوە تەونی بۆرژان.

چاوم بۆ لای سەموونەکان گێڕانەوە... سەرێکم لەبەر خۆمەوە هەژاند... ئاهێکی دوور و درێژم خواردەوە، خەیاڵ... دیسان کێشامیەوە لای یاخی بووەکانی گوندەکەم... ناو ڕووداوەکان... گیانم لەگەڵ عەمەری سلێمان و هاوڕێکانی... تێکەڵاو بوەوە.

ڕۆژێک بە پلانی تۆفیق بەگ، پۆلیسەکانی مودیربەگ، عەمەر و هەڤاڵەکانی... دەستگیر کردن... و لە گرتیخانەی سەرا قایمی کردن، خەڵکەکە... بەگرتنی... عەمەر و هەڤاڵەکانی... تەواو قەڵس بوون، بەڵام شتێکیان لە دەست نەدەهات.

حکومەتیش... فیکری لەگەڵ گرتیە یاخی بووەکان... خراپ بوو... لەبەر ئەوە بڵاوی دەکردەوە کە:

– ئەمانە دژی حکومەتن... دژی مەلیکن!!....

– ئەم ئەشقیایانە... دژی هاوپەیمانەکەی حکومەت... دژی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای مەزنن!!....

– ئەمانە هەوڵی ئەوە دەدەن؛ وڵات تێک بدەن، خەڵکی وڵات تووشی دەردەسەری بکەن!.

– ئەمانە... دژی دینی ئیسلام... و... مەسیحن، لە ئیتاعەت و لە قەناعەت بە دوورن، بە بەشی خوا ڕازی نین، پێ لە تەقسیمی خوا دەدەن، لە خودا عاسین.

شێخ قطب الدین و خەلیفە سەرسۆر و... بگرە... مەلای مزگەوتیش... سەدەقیان بۆ ئەم... تۆمەتە لێ دەدا... بەڵام تۆمای هاوڕێم دەیگوت:

– قەشە؛ داماوە... و... کە گوێی لەم درۆیانە دەبێ... سەری دادەنەوێنێ و لەبەر خۆیەوە... هەر منگەی لێوەدێ:

– ئم... م... ئم... م... م... م....

میرزا ورگنەکەی تۆفیق بەگیش، لەناو خەڵکە سادەکە جاڕی دەدا کە:

– ئەمانە... ئاژاوە لە وڵات دەنێنەوە... فیتنە لەناوێن خەڵکی خواپەرستی بێ گوناهی گوند و... ناوچە... بەرپا دەکەن!.

وە بەدەنگە نێرەکەی... زگی دەدایە پێش خۆی... بەناو گوند دا... دەگەڕاو... وەک گا دەی بۆڕاند:

– ئاخ... چبکەم... ئەگەر زەمانی عوسمانلی دەبوو... ئەوجا خەڵکەکە قەدری عافیەتیان دەزانی!!.

تا لەپڕ... کە هەستی دەکرد... شەپۆل... بەرەو ناوجەرگەی گۆمە چڵکاوەکەی کێشاوە و... خەریکە دەمی پڕبێ و قسەیێکی باشی نەکردووە و... ڕەنگە ئەگەر ئەو قسەیەی بگاتەوە بەرگوێی حاکمە ئینگلیزەکە... دارکاری بکرێ، بۆیە زوو لە قسەکەی دەگەڕایەوە و دەی بۆڕاندەوە.

– ئەمانە... ئەم یاخی بووانە... هەبێ و نەبێ ڕاسپاردراون... لە لایێک هاندراون و ڕێکخراون، تا هاوپەیمانەکان لاواز بکەن. ئەمانە بۆ بەرژەوەندی... ئەڵمانیای نازی تێدەکۆشن!....

مودیربەگ و قۆمیسێریش... ڕاپۆرتیان دەدا کە:

– عەمەری سلێمان و یاخی بووەکانی دیکە، دەیانهەوێ... لەشکرەکەی ئینگلیز لەناو ببەن!!... ئەو لەشکرەی سەردەمێکی زۆر بوو... لەبنار سەفین و گەلێک کون و قوژبنی دیکەی وڵات... بڵاوبببوونەوە و

مۆڵگەیان بەستبوو.

تۆفیق بەگ و شێخ قطب الدین... و کلکەکانیان... ئەمانەش بەگەرمی هاتووچۆی کابتانە ئینگلیزەکەیان دەکرد... دەچوونە بن باڵی... هەمبانەی درۆ و... ڕوو ڕەشیان بۆ هەڵدەڕشت... بە مرازی ئەوەی سەر لەشکرەکەی بێگانە... لە خەڵکی گوند دڕدۆنگ بکەن... و هەروا گومان بخەنە هۆی ڕاستەقینەی یاخی بوونەکەیان، ئەوە ببەنە مێشکی، کە عەمەر و، هاوڕێیەکانی، دوژمنی ئەوانن و ئەگەر بە توندی جڵەوکێش نەکرێن... ئەوا لەشکرەکەی بەریتانیای گەورە... تەفر و توونا دەکەن.

ئە ئاوها... تا دەهات... مەسەلەکەیان گەورەتر دەکرد و دەیانکرد بە کێشەیێکی سیاسی!!.

بەڵام... لەڕاستیشدا، چۆن لە لای خەڵکەکە ئەمە ڕوون بوو، کە عەمەر و هەڤاڵەکانی بەهۆی چیەوە... و... لە بۆچی و... لەسەرچی... یاخی بوون... هەروەها، سەرلەشکرەکەی بێگانەش، لەڕاستی مەسەلەکە گەیشتبوو، لەبەر ئەوە و... بۆ دڵنیایی خەڵکەکە و بۆ چاو بەستنیشیان، وە بەهیوای کڕینی عەمەر و هاوڕێکانی... بۆ ئەوەش کە مەسەلەکە پتر بڵاونەبێتەوە و پەرە نەستێنێ و... مەترسی ئەوەش دوور بخاتەوە کە نەوەکا... جۆتیار و هەژار و برسیەکانی ناوچەکە، دەستدرێژی بکەنە سەر بنگە و ئۆردوگاکانی لەشکرەکەی و... بۆ ئەوەش کە جڵەوی یاخی بوونەکە بگرێتە دەست خۆی... یان لەدەست دەرنەچێ!!.

هێوارەیێک... هێشتا ڕۆژ ئاوا نەببوو... کابتان «گوین»... سواری ئەسپە سپیە خورتەکەی بوو، چەند سۆلجەر و... لیڤیێکی دانە دوای خۆی، لە ئۆردوگاکەی بنار سەفینەوە... دابەزیە ناو گوند... ئەوەل جار لە پێش مزگەوتی گەورە دابەزی!... چووە ناو مزگەوت، خەڵکێکی زۆر لەژێر سێبەری دار چنارە زەلامەکە... دانیشتبوون چاوەنواڕی بانگی ئێوارە بوون، خەڵکەکە چاویان بە کابتان کەوت... گەلێکیان لە بەری هەڵستان... کابتانە ئینگلیزەکە... سەلامێکی ئیسلامانەی کرد:

-ئەلسلامو... ئەلێکوم!....

ئەمجارە مەلای ئیمامیش... یەک پێ بۆی ڕاست بوەوە و... سەلامی لێ وەرگرتەوە!!.

کابتان گوین... بەڕووی خەڵکەکە گەشایەوە... چەند جارێک سەری بۆ هەژاندن، مجێوری مزگەوت... بەگورجی جامە ئاوێکی لە کانیاوە ساردە سازگارەکە هەڵێنجا و دایە کابتان، ئینجا... حاکمە بێگانەکە... سەلامێکی دیکەی بۆ خەڵکەکە... هاویشت و بۆی سووڕایەوە... لەبەر دەرگا گەورەکەی مزگەوت... بەیەکجار... خۆی هاویشتەوە سەر زینی ئەسپەکەی. کابتان... پیاوێکی چوستی کەڵەگەت و شووش بوو، چاوشین و moوزەرد، جووتە سمێڵێکی ئەستووری درێژی دابەستبوون، سەری سمێڵەکانی... وەک کلکی دووپشک... لەسەر گۆنای سووری قیت ببوونەوە!!... ئەو جووتە سمێڵەی لە هەیبەتەکەیان پتر دەکرد!!... دەستەدارێکی قوتەی سووری بەدەستەوە بوو!... سەری قوتەدارەکەش؛ کلکە ئەسپێکی سپی بچکۆلانەی بەسەرەوە بوو، سەرشان و سینگی کابتان گوین... بە مۆر و نیشانە و میدالیای ڕەنگاوڕەنگ و بریقەدار... داپۆشرابوون!!... کە سەیری ئەو نەخش و نیگارەی سەر تەختەی سینگی ئەو حاکمە بێگانەیەم دەکرد... یەکسەر ئەو تەختە مافوورە گچکەیەم دەهاتەوە بەرچاو... کە حیکمەت ئەفەندی... بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی هەولێرمان، لەدیوارەکەی پاش سەری خۆی، لەژێر وێنە سێ قۆڵیەکەی... چەرچل و... ستالین و... ڕۆزڤلت... هەڵی واسی بوو. کابتان... لەبەر دەرگای سەرا... وەستا، سۆلجەر و لیڤیەکان... ئاڵقەیێکیان... لەدەورەی بەست، دەنگی پۆستاڵ لێکدان و تەمەننای پۆلیسەکان... لە دیواری چایخانە چۆلەکەی حاجی حسن... دەنگی دەدایەوە، منداڵەکانی گوند... لەسووچی کۆڵانە تەسکەکان... و... لەپەنا

دیوارەکاندا... ملیان درێژ دەکرد و سەیری دیمەنەکەیان دەکرد، کابتان گوین... ڕکێفێکی لە تەرۆکی ئەسپە خورتەکەی توند کرد و هەڵی کوتایە ناو حەوشەی سەرا، وا دیاربوو... مودیر بەگ و قۆمیسێر... بەخەبەری هاتنی کـابتـانیـان زانیبـوو... بۆیە ئەو هێـوارەیە... ژوورەکـانیـان لە نهـۆمی سەرەوەی... سـەرا بەرنەدابوو، ئەمانە...هەر کە گوێیـان لە دەنگ و هەرای پۆلیسـەکان بوو، بە ڕاکردن بەزینە ناو حەوشەکە... هەرسێ پێ پلیکانەیان... بە بازێـک هەڵ دەکـردەوە، تا لەبەر دەمی حـاکـمـە ئینگلیـزەکـە تەمـەنناکیان کـرد و... نووشتانەوە.

کابتـان... فـەرمـانی دا... عـەمـەری سلێمـان و هاوڕێکانی... هەمـوو لەگرتیـخانەکە هێنانە دەرەوە و... بەرەڵڵای کردن!... لەبەر چاوی مودیربەگ و قـۆمیـسێر و پۆلیسـەکـان... دەستی لەناو دەسـتی عـەمـەر و... ڕەفیقەکانی نا، دەستی دەگوشین و... بەڕوویاندا گەشەی دەکرد!.

تۆفـیق بـەگ و جـەنابی شـێخ و مـام حـاجیـش، بەم ڕووداوە... سـەیرە... سـەرسـوڕهێنەرە... تووشی دڵسـاردییێکی گران... هاتن!... ئەمانە وایان دانابوو، ئەگەر بەهەر نرخێکی بێ... وانەکەن عـەمـەر و ئەم پیاوە خراپانە... جارێکی تر، بەساغی چاویان بەماڵ و... منداڵیان بکەوێتەوە.

لەناو گوند و... لە هەموو ناوچە... وەک برووسکە بڵاوبوەوە... کە:

– کابتانی ئینگلیز... ئەم کارە پیاوانەی... لەگەڵ عەمەر و... هاوڕێکانیدا کردووە!.

لە کۆڵانەکانی گوند... لە چایخانەی حاجی حسن... لە مزگەوت... لە کڵێـسە... بگرە لە هەموو ماڵە هەژارێکی گوند، یەک بە ئەویتری دەگوت:

– دەتوخوا سەیرکەن، حاکمە ئینگلیزەکە، سەرەڕای ئەوەش... کە بێگانە و... غـەیرە دینیشـە، هێشتا لە تۆفیق بەگ... مودیری موسڵمان و... هاودین و... هاوخوێن، بە ڕوحمتر بوو!!

مام هەیدەر بە واق وڕماوی، هەر دوو لەپی دەستی لێکدەدان و... دەیگوت:

– دەجا توخوا... وەرە...، فیکری لێ بکەوە!.

عەلەئێختەش، لەژێر سمێڵان... دەگرژیەوە و دەی مرتاند:

– پەککوو... پەککو... وەڵڵاهی وەختـە مرۆ بروایی لێ هەڵگیـرێ!. خەلیـفە سەرسـۆر... و دەروێش قـادر... و... دەروێشـەکـانی دیکەش کـە لە دەورەی شـێخ کـۆبوبونەوە و خـەبەری بەردانی عـەمـەر و هاوڕێیەکانی عەمەریان... بە یەکتری دەگەیاند، هیچیـان بۆ نەدەکرا؛ جگە لەوەی... وەکو ئاژەڵی مرخە گرتوو... و گێژ... سوور بخۆن و فرمەیان لێ هەڵستێ و... بەمە دڵی شێخەکەیان دەدایەوە.

خەلیفە... دەی نەڕاند:

حەتتەق... لەوێ... حەلامەتێ!!.

کابتانە بێگانەکە، لە دوای دڵدانەوەی، گرتوەکان، فەرمانی دا چەند تەلیسێک ئارد و... سەمون و... هەندێک شـەکـر و چایە و... قـوتوە ڕۆنیـان بەسـەر دابەش بکەن، هەر یەکـەشیـان... کـەمێـک پارەیان پێ ببەخشرێ، لەگەڵ زۆرتر ئامۆژگاری... کە:

– جارێکی دیکە، بیر لە یاخی بوون نەکەنەوە!!.

خەڵکەکە، لەبەر ساویلکەیی و دڵسافی خۆیان، ئەم کارەی کابتانە ئینگلیزەکەیان، وەکو پیاوەتی و بەئینسـانیـەت دەژمارد، بیـریان لە هۆی ڕاسـتەقـینەی کـردەوەکە... نەدەکـردەوە، تەنانەت، بەو لایەشەوە دانەدەچوون... کـە حـاکـمـە بێگانە کـە، لەبەر خـاتری چاوە ڕەشـەکـانی ئەوان نەبوە... کـە عـەمـەر و

هاوڕێیەکانی لە گرتیخانە ئازاد کردوون، بەڵکو هەزار و یەک حیسابیشی بۆ مەسەلەکە کردووە، ئەوجا ئەو هەنگاوەی ناوە!... تەنیا ئەوەی باش بوو... کە مودیر و قۆمیسیێرو... تۆفیق بەگ و... شێخ و مام حاجی، باشتر بە خەڵکەکە ناساندن، وەکو ئارەزووی کردبێ؛ کە بەوانە بڵێ:

– مودیر و بەگ و ئاغا و شێخ و ئەمانە کێن؟!.

ئێمە حاکم و کاربەدەست و خودانی ئەم وڵاتەین!... ئەوانەش لە نۆکەر پتر نین و بەرامبەر دەسەڵاتی ئێمە... دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای مەزن... لە پشیلەیەکی کوێرە... بێ دەسەڵات ترن.

هەموو گوند لایان وابوو کارەکە... کارێکی باش بوو... و بە دڵی ئەوان بوو، ئەوانیش چاویان هەنە... دەبینن؛ جگە لەمەش... خەڵکەکە ئەوەندە لەو سەرۆک و برا گەورانەیان دڵ بەقین و داخدار بوون، ئەو دەستەیان ماچ دەکرد کە بەسەر ئەمانەدا بەرز دەبوەوە و... ئەو دارەیان بە پیرۆز دەزانی... کە ئەم ستەمکارانەی پێ... تەس... دەکرانەوە.

هەفتەیێک بەسەر بەردانی عەمەر و هەڤاڵەکانی تێنەپەڕی، کە ڕۆژێک... لەپڕ فەرمان درا... بە قەدەغەکردنی دابەزینی سەربازەکانی ئۆردوگاکە بۆ ناو گوند، هەروا بە ئاموشۆ و... تێکەلاو بوونی لیڤیەکان بۆ ناو خەڵک بۆ ماڵەکانی خەڵکی ئاوایی!... ئەو کاتە... تەنیا ئەو کاتەش... لەلای خەڵکەکە ئاشکرا بوو... و... ئەمەیان بۆ ڕوون بوەوە... کە کابتانە دوژمنەکە لەدوو... چ فڕو فێڵێکە و دەیەوێ چ جۆرە تاوانێک بەرامبەر بەگوند بکا،... وە لەو هۆیە گەیشتن... کە حاکمە بێگانەکەی وا لێکرد... عەمەرو ڕەفیقە یاخی بووەکانی لە حەپس دەربێنێ...و ... هەروەها پتر سەری کلکەکانی خۆی... لەپێش چاوی خەڵکەکە شۆڕ بکات.

دانەبەزینی سەربازەکانی ئۆردوگاکە و... قەدەغەکردنی ئاموشۆی ئەو سەربازانە، کە زۆربەیان... هیندۆکی موسوڵمان بوون، زیانێکی زۆری بەگوند گەیاند، گوریسی برسیەتی و قاتیی پتر لە ملی ڕەشو ڕوتی گوندەکە... توند کرد، چونکی ئەم سەربازە لیڤیە هیندۆکە موسوڵمانانە، هەموو ڕۆژێکی هەینی، کەبۆ نوێژی هەینی دادەبەزینە ناو گوند، میقدارێکی زۆر لە سەمون و... خوراددەمەنی و... جگەرە... شەکر و چای... گۆشتی قوتوو... خوێ و شتومەکی تریان لەگەڵ خۆیان دەهێناو... لەڕێگای خوادا؛ بەسەر هەژارەکان دابەشیان دەکرد... یان بەو مێوە و سەوزەواتەی... لەگوند دەهاتە بەرهەم... دەیان گۆڕیەوە، گەلێک لەمانە سەریان بەماڵە هەژارەکانی ئاواییدا دەکرد، دۆستایەتی پاک و خاوێنی ئیسلامانەیان لەگەڵدا بەستبوون، بەو هۆیەشەوە باری گرانی و قاتیەکە، لەسەر شانی خەڵکەکە سووک ببوو.

ڕەفیق ساحیب... سارجنتێکی هیندۆک، منداڵەکانی گەڕەک دەوریان دەدا... لێی کۆدەبوونەوە، بانگیان دەکرد... بەخۆشیەکەوە بانگیان دەکرد:

– ساحیب هات... ساحیب... ساحیب...

ئەویش بەدڵسۆزیەوە... دەستی بەسەریدا دەهێنان... ماچی دەکردن... و لەباخەڵی... نوقڵ و چوکلێتی دەردەهێنان وبەسەریان دابەشی دەکردن، بەڵام بەو بانگ کردنەی تەواو سەخڵەت دەبوو، لەبەر خۆیەوە بانگی دەکرد:

– خودا... ساحیب... خودا ساحیب...

وە ئەنگوستێکی بەسەر سینگی خۆیدا دەچەقاند و دەیگوت:

– مان... فەجروول هەق... نامی مان... ڕەفیک فەجروول هەق!!... ڕەفیک ڕەفیک.

لەسەر ئەوەش... هەتا لە گوندەکەمان... بزر بوو، هەر بە ساحیب ناودەبرا.

ئەو ڕەفیقە هیندیە، هەموو ڕۆژێکی هەینی، سەری بە ژوورەکەی ئێمە دادەگرت، کە لە دەرگای دەدا... چاو قوچانێک دەوەستا، لەپاشان کە دەهاتە ژوورەوە، گورج دەستی دایکمی ماچ دەکرد، قەدەرێک لەمن وەردەما... بەکزییێکەوە لێم وورد دەبووەوە، دەهات لە تەنیشتمەوە ڕادەوەستا؛ دەستێکی وەسەری ڕادەهێنام، ئەمەش فێرببوو... هەموو جارێک بانگی دەکرد:

– ڕەفیق... موسوڵمان... ئەلهەمدو... لیللاهـ...!

دەیەویست دڵنیامان بکا... کە بە دڵپاکی ئێمەی خۆش دەوێ و... ئاوڕێکی دیکەی لە دایکم دەدایەوە، رووی دەسووراندەوە لای من... دەمی نەختێک لێک دەکردەوە، ددانە سپیەکانی بەرێز دەردەکەوتن، دەستێکی لەپشتێ دەدام... بەڕوومدا بزەییێکی دەکرد و دەیگوت:

– تووم... موهەممەد... شێرکۆ... برادەر!!

لەگەڵ ناوی موحەممەدیشی دەهێنا... لەبەر خۆیەوە بەئاواز دەیگوت:

– ساڵ... لەلە... لاهو... ئالێهی... وەس... سللام!!.

دایکیشم... ئەویش... کە ئەو ناوە دەهات... سەڵەواتێکی لێ دەدا:

– ئەڵڵاهو مەسەلی... عەلا سەیدینا موحەممەد!

هاتنی ڕەفیقە هیندۆکەکە... هاتنی ڕۆژانی جومعەی بۆ ماڵی ئێمە... هەر ئەوەندە بوو... لەم سەعات... یان نیو سەعاتەی تێ نەدەپەڕاند، جارجار نەبێ... کە جامە ئاوێک... یان کوتکە دۆییێکی لە دەستی دایکم وەردەگرت... تینواتی خۆی پێ دەشکاند، دەنا هەرگیز پاروە نانێکیشی لەلای ئێمە نەدەخوارد!!... جۆرکە سەموون و شتومەکەکەی بەجێ دەهێشت، دووبارە پەلاماری دەستی دایکمی دەدایەوە... ماچی دەکرد، هەنگاوی توند... گورج بەرەو دەرگا دەکشایە دەرەوە... تاکوو لە ژوورەکەش دەردەچوو... لەگەڵ هەر هەنگاوێکی جارێک دەستەکانی هەڵدەبرین... دای دەنانە سەر سەرو سینگی و هەر دەیگوت و... دەیگوتەوە:

– خودا... هافیز... ڕەفیک... خودا هافیز!...

وەیەکسەر بەرەو مزگەوتی گەورە... دەچوو!.

پاش ئەوەی، سەربازە لیڤیە هیندۆکەکە، لەبەر چاومان ئاوا دەبوو، دایکم... سەرێکی لەمن هەڵدەبڕی... بەسیلە چاویش... تەماشای جۆرکە شتومەکەکەی دەکرد، ئاهێکی خۆشی هەڵدەکێشایەوە و دەیگوت:

– شێرکۆ گیان، ئەم هیندۆکە بەهەشتیە... ئەتوی زۆر خۆش دەوێ. دیارە ئەویش غەریبی منداڵەکانی خۆی دەکا... بەڵێ هەر غەریبییە ئەوها دەیکێشیتە ماڵی غەریبانی... وەکو ئێمە و ماڵەکانی دیکەش...

وە دەیگوت:

– پلکە مێرێ دەڵێ... سەر لەویش دەداو یارمەتی ئەویش دەدا و... لێی زانیوە... کە کوڕێکی ناو موحەممەدی هەیە... لە وڵاتی خۆی بەجێی هێشتووە.

لە پاشدان... دایکم ئاهێکی درێژی هەڵدەکێشاو... چاوێکی دوا بەدوای ڕەفیقە هیندیەکە دەنارد... و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– هەر چۆنێ بێ... یارەبی خودا حافیزی بی... یاخوا بەخێربێ و بەخێر بچی و تەمەنی موحەممەدی کوڕی درێژ بکا؛ لەگەڵ تەمەنی تاقانەکەی منیش... خودایە... ئامین!!

ئاورێکی دڵسۆزانەی لەمن دایەوە و ... پێی گوتم:

مرۆی بەدین و ئیسلام... هەر باشە!

وە لێی پرسیمەوە:

– وانیە... کوڕم... وەهانیە؟

منیش ئەو کاتە چووبوومە عالەمێکی دیکە!... خەیاڵم... هەروا هەردوو گلێنەی چاوەکانم... بەو جۆرکە سەمون و شتومەکەوە نووسابوو... کە ڕەفیک (فجرالحق)ی بەدبەخت، هەم بەدیاری و هەم بەخێری ئەو ڕۆژی هەینیە، بۆی هێنابووین، لەدڵی خۆما دەمپرسی... دەبێ چ لە جۆرکەکە دابێ؟ ... تەنیا ئەوەم لا یەقین بوو، کە برادەرە... هیندۆکە... موسوڵمانە دڵنەرمەکە، چ جارێک گوێی لەو دوعاو نزایانەی... دایکم بۆی دەکردن... نەدەبوو!!.

هەر ماڵە هەژارێکی وەکو ئێمە، خوا... برادەرێکی هیندی لەو لیڤیانەی ئۆردوگاکەی ئینگلیز... بەنەسیب کردبوو، خەڵکی گوند... گیانێکیان لەم ڕەفیقە... ڕەشە... ڕەقەڵە... دڵپاکانە بوو، هەتا ئەو ڕۆژەی عەمەری سلێمان و هاوڕێیەکانی گیران و خرانە بەندیخانەکەی سەرا!!... وە سەر لەشکرە بێگانەکە، لە بەندیخانە دەریهێنان، ئیتر... لەو ڕۆژەوە... هیندۆکەکان... ڕەفیقە دڵنەرمەکانی ئێمە... پێیان لە گوندەکە و لە هاتوچۆ... و سەردانی خەڵکەکە کێشایەوە... و ... بۆ یەکجاری ڕێگایان بەسترا بێنە ناو خەڵک و تێکەڵاو بە ڕەشو ڕوتەکان بێن!!... لەو ڕۆژەوە گرانی و قاتیش لە گوندەکەی ئێمە... وەک مار... دەستی بە کیفە کرد و سەری هەڵدایەوە، خەڵک بۆ دەنکە گەنمێک، بۆ نانێکی ڕەش... هاواریان لێ هەڵدەستا!... سەمونی هیندۆکەکان... ئەو خواردەمەنی و سووتەمەنییەی... ئەوان ڕۆژانی هەینی... دەیان هێنا و بەخۆڕایی بەسەر خەڵکی نەدار؛ دابەشیان دەکرد، نەما... خەلاس بوو، برسیەتی و نالەباری... پەردەی ڕەشی بەسەر گوندەکەمان... داگرتەوە، خەم و سەرلێشێوان... نووزکەی دایکیشم... سەری هەڵدایەوە و... سەبری نەما، ئۆقرەی لێ هەڵگیرا، هەموو ڕۆژێک... لە ژنەکانی گەڕەک... و کە دەگەڕایەوە ماڵیش لەمنی دەپرسیەوە:

– دەبێ سەبارەت بەچ!... ئەو هیندۆکە خێرخوایانە... لە گوند قەدەغە کرا بن؟

هەتا ڕۆژێک گوێم لێ بوو... بۆ پلکە مێرێی دەگێڕایەوە و دەیپرسی:

– پلکە مێرێ... زانیت بۆچ... ڕەفیق ساحیب و هندۆکە ئیسلامەکان لە هاتووچۆکردنی گوند... قەدەغە کران؟

وە هەر بەخۆی... ویستی... وەڵامی خۆی بداتەوە، کە گوتی:

دەڵێن... گوایە ئەم هیندۆکە... خواپەرستانە...

پلکە مێرێ... ڕێی نەدا دایکم وەڵامەکەی خۆی تەواو بکا... کە بە گورجی چاوەکانی هەڵپشاوتن... تێی هەڵقورتا:

– کچێ... ئەدی... هەی بەهەشتی... ئەگەر ئەمن نەزانم... کێ دەزانی؟

وەسەری لە بناگوێی دایکم نزیک کردەوە و گوتی:

– خەلیفە سەرسۆر لە مزگەوت گێڕابوویەوە، کە ئەو هیندۆکە ئیسلامانە توانیویانە، گەلێک لە لیڤی

گورکە و سیک... بێننە سەر ڕێگای حەق و هیدایەت و ئیسلامییان کردوون!!... تا وای لێهاتووە لەشکرەکە... لەژێر ئەمر و فەرمانی... کابتانە ئینگلیزەکە دەرچوون و... لەو حاکمە غەیرە دینە یاخی بوون و دەڵێن:

– کابتان... کافرە... نابێ ئیتاعەی بکەین!!...

وە لەسەر زاری خەلیفە سەرسۆر دەیگێڕایەوە... کە:

– کابتانی بێگانە و کافر، بەم ڕووداوە زۆر تەنگاو دەبێ، فەرمان دەدا... ئەو لیڤیە موسوڵمانانە سزا بدرێن و لە گرتووخانەی ئۆردوگاکەیان دەپەستێ، ئەوانیش لەناو گرتووخانە... هەر هاواری خودا دەکەن!.

پلکە مێرێ بە گوێی دایکمیدا... دەچرپاند:

– دەڵێن کچێ بەهەشتی... تەماشای... موعجیزەی خودا بکە، دەڵێن... شەوێک، خودای گەورە بە قودرەتی خۆی دەرگای گرتیخانەکەی بۆ واڵا کردوون، گرتوە موسوڵمانەکان دەرباز بوون... هەندێکیان بەرەو حیجاز... ڕێگایان گرتۆتە بەر، ئەوانەی دیکەش داویانەتە چیایەکەی پشت گوند لە ئەشکەوتی سوورەحمان و لە ئەشکەوتەکانی دیکە، بە ئەمری خودا... غەیب بوون، خودا... ئەمانەی بۆ غەزای کافران... لەو ناوچەیە... هەڵگرتوون، ئەمانە... زۆرجار بە شەو دێنەوە ناو گوند، سەر لە خەڵکەکە دەدەن... دۆستەکانیان بەسەر دەکەنەوە.

ئەم قسانەی پلکە مێرێ، تەواو کاریان لە دایکم کردبوو، تا سەردەمێک وای لێهاتبوو... کە هەرگیز گومان لەوە نەکا... کە ڕەفیق ساحیب... یەکێکە لەوانەی... لە ئەشکەوتەکانی سەفین... غەیب بوون و... خودا بۆ غەزای کافران گلی داونەتەوە. وە لەبەر خۆیەوە دەی مرتاند:

– هەر دەبێ؛ ڕۆژێک... سەرمان لێ بدات و بەسەرمان بکاتەوە!!.

بەتایبەتی لەو کاتەی... کە تەنیا چەند سەمونێکی ووشکی... ڕەشی... ڕەق... لەو سەمونامەی ڕەفیقە هیندۆکەکەمان بۆی هێنابووین... لە بنی خرارەکەدا مابوون... دایکم هۆشی لەکەللەدا نەمابوو!!... گەلێک شەو... لەخەو ڕادەچلەکی، بە گورجی بەرەو دەرگای ژوورەکەمان دادەبەزی!!... دەرگاکەی دەکردەوە، سەرێکی بۆ دەرەوە ڕایەڵ دەکرد و لەدواییدا بەبێ دەنگی دەگەڕایەوە... ناو پێخەفەکەی، سەرێکی بەسەر من دادەگرت، وای لێک دەدایەوە... کەمن نوستووبم، ئاگام لەو چۆنیەتیەی ئەو نەبێ!!.

شەوێکی ساردی زستان، ئەوەی باران و بەفر و کرێوە دەیکرد... دەیکرد،، دایکم لەخەو ڕاپەڕی، منیش ڕاچڵەکیم و هوشیار بوومەوە، بە هەنگاوی شلۆق... بۆ لای دەرگاکە چوو، لەناو جێگاکەم... بەچاو... دوا بە دوای کەوتم، دەرگاکەی کردەوە، ویستی سەر بە کوڵانە تەسکەکە ببا، باو... کرێوە هێرشیان بۆ ژوورەکە هێنا:

– ڤوو... ڤوو... و... وو... و...

با... دەی لووراند، دایکم... بەرەو پاش کشایەوە، بەتوندی... دەرگاکەی لێکدایەوە، یەک... دوو سەڵەواتی لێدان!! کە هەستی کرد من بە ئاگام... بە لێوە لەرزۆک لێی پرسیم:

– کوڕم... شێرکۆ... تۆش گوێت لە بانگەکەی ڕەفیق ساحیب بوو؟

وە بە دڵسۆزییێکەوە... گوتی:

– ئەمجارە بانگی تۆشی کرد!! گازی تۆشی کرد کوڕم!!....

منیش... لە سەرمانا خۆم لە لێفەکە لوول داو... بە دەنگێکی خەواڵوو... بەسەر سوڕییێکەوە پێم گوت:

– بانگی چی؟... دایەگیان... بانگی چی؟

ئەو... بەپەشێوییێکەوە پرسیەوە:

– چۆن... ڕۆڵەم... چۆن بانگی چی؟ دەڵێی بانگی چی؟

لەناو نوێنەکەم هاتمە دەرەوە، هەندێک هەستم گێڕا، بە خەوالوویی... هەڵستامە سەر پێ، دەستم گرت... لەسەر نوێنەکەی دام نیشاند... بەکزی گوتم:

– من... گوێم لە چ دەنگێک نەبووە، کە لەخەویش ڕاپەڕی و بەرەو... دەرگا بەزی... منیش بە ئاگا هاتم!!....

دایکم... لەگەڵ پێکەنینێکی هیستیریانەوە... گوتی:

– نا... نا کوڕم... نا، تۆ نوستبووی... ئاگات لێ نەبووە، هەموو شەوێ... ڕەفیق ساحیب دێتە پشت دەرگا... لەدەرگا دەدا... بانگ دەکا:

– دادە هەجیجە... دادە هەجیجە!!....

وە بە پەلە پەل گوتی:

– ئەمشۆ بانگی تۆشی کرد... وەڵڵاهی بە گوێی خۆم... گوێم لێ بوو ڕەفیق ساحیب بانگی دەکرد:

– دادە... هەجیجە... موهەممەد... شێرکۆ... موهەممەد... شێرکۆ!!....

وەڵێی دووبارە کردمەوە و پرسی:

– چۆن!!... تۆ گوێت لەم بانگە نەبوو؟

من... وەڵامێکم پێ نەدرایەوە، دایکیشم... لەبەر خۆیەوە... بە نووزکەییێکەوە دەیناڵاند و گلەیی دەکرد:

– نازانم بۆچ هەر دەرگا دەکەمەوە... ڕەفیق ساحیب بزر دەبێ؟

وە بەدەنگ سوێندی خوارد:

– بە وەڵڵاهی... دیارە کابتانی کافر و... سەربازە ئینگلیزەکان... چاوەدێری دەکەن، خۆی بۆ لە بۆسە دەنێن... هەوڵی گرتنی دەدەن، لەبەر ئەوەیە کە ڕەفیق ساحیب... لە دەرگا دەداو بانگ دەکا... هەست بەو بۆسەیە دەکا و... پاشگەز دەبێتەوە و وون دەبێ!.

کاتێک... لەناو نوێنەکانمان پاڵ کەوتینەوە، دایکم دەستێکی درێژ کرد... دایپۆشیمەوە... بەخۆشی لەسەر جێگاکەی هەنیشکی دایەوە، وەکو چاوەنواڕی بانگەکەی... هیندۆکە موسوڵمانە دڵنەرمەکە بکاتەوە، بانگی ڕەفیق ساحیب....

– دادە هەجیجە... دادە هەجیجە!!....

بەڵام زۆری پێ نەچوو...کە بانگێکی ڕاستەقینەی هاتە گوێ... ئەو بانگە لە دەمی مەلا عەولای بانگدەر و... لە مزگەوتی گەورەی گوند... بەرز دەبوەوە:

– ئەڵڵاهو ئەکبەر... ئەڵڵاهو ئەکبر....

* * *

دایکم که له ژیانیدا... زۆر ڕۆژی ڕەشی، وەکو ئەم ڕۆژانەی دیبوون، له قاتی و قڕیەکەی شەڕی گەورە و دوای شەڕی گەورەش، ئێش و ئازاری دەربەدەری و برسیەتی چێشتبوو، هەر به لێ ڕاهاتن... به تەجرەبە، له مشووری... له چۆنیەتی گوزەرانی ئەم چەشنه ڕۆژانە، شارەزاییێکی فراوانی پەیداکردبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو، که هەندێک لەو... سەمونانەی بڕادەرە هیندیەکەمان... ڕۆژانی هەینی بۆی دەهێناین، هەندێکی لەو خۆراکە گڵ دابوونەوە، وشکی کردبوونەوە و لەناو مەنجەڵێکی گەورە، له قوژبنی ژوورەکەمان... وەکو شاردنەوە... شاردبونیەوە!! که لەشکرەکەی بێگانەش لیڤیە هیندۆکە موسوڵمانە خواپەرستەکانیش له هاتنە ناو گوند و له سەردانی ماڵە هەژارەکان... قەدەغەکران،... وەکو جاران... ڕۆژانی هەینی سەریان به گوندەکەدا نەکرد، ڕەفیق ساحیبیش... ڕەفیک (فەجرول هەق)ی دۆستی ئێمە... ئەویش له تارمایی بەولاوە... و تەنیا لەخەیاڵی دایکم نەبێ، شوێن و سێبەرێکی دیارنەکەوتەوە، نان... به یەکجاری شیرن بوو... و... نەما، ئینجا ئەو سەرپۆشی مەنجەڵە گەورەکەی هەڵدایەوە و... ئەوە بوو ئەو بەیانیە، دوو دانەی لەو سەمونانە... لەو سەمونە ڕەق و وشکانە، خستنە ناو ئامانەکە و خوساندنیەوە، بۆ ژەمی ئەو بەیانیە ئامادەی کردن.

– هەژدەی گەورەمان ماون، بەشی سێ ڕۆژمان دەکەن، هەتا ئەو سێ ڕۆژەش، خوا ڕەززاق... و کەریمە، کاروانەکە ڕێک دەخەین و دەچین له سنوور گەنم دەهێنین!!.

دایکم... کاتێ سەموونە خووساوەکانی لەبەر دەمم دادەنا... ئەوها لەبەر خۆیەوە... مرتەی دەهات و دەدوا.

تەنیا ئەو بەیانیەمان له گوند مابوو، بڕیار وابوو لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئەو ڕۆژە، کاروانەکەمان ڕێک بخرێت، بەرەو سنوور بکەوینە ڕێ، تا له گوندی زینوێی شێخی... چەند ڕبە گەنمێک... جۆ... دانەوێڵەییێک... لەو دەغڵ و دانەی لەو دیو سنوور... له کوردستانی ئێرانەوە... به قەتاری حوشتر و بارگیر و ئێستر... دەهاتە ئەم دیوە، چەند ڕبە دانەوێڵەییێک بۆ زستانی داهاتوو دابین و جێبەجێ بکەین.

هەرچەندەی دەمەهەویست، لەکاتی هەڵ لووشینی سەموونەکان... لەسەرخۆ و هێمن بم... نەمدەتوانی هێدی ببمەوە، بەبێ دەستی خۆم، بەهێزێکی سەیر پەلاماری سەمونێکم داو بەهەموو... ئەنگوستەکانی لەپم... گرتم... گوشیم... گوشیم، بەرەو ئەشکەوتی زارم بەرزم کردەوە، لایێکم خستە ناوێن دوو ڕێزە مشارەکەی ناو دەمم، قەمپالێکی گەورەم لێ گیر کرد، بەبێ جوین... بەبێ سەبری لوولمدا و ئاوقای خوارەوەم کرد، هەستم کرد لەگەڵ قووتدانی پارچە سەموونەکە... ئازارێکی زۆر به ناوەوەی بۆڕی گەرووم گەیشت... وەکو سەرە دەرزیێکی پێدابێنی... ئەوها دەزوورایەوە، لەگەڵ ئەو ئازارەی گەرووم، ئاو زایە چاوەکانمەوە... چاوم پڕ بوون له فرمێسک... هەروەها ئاو له لووتیشم... دڵۆپەی دەکرد و دەچۆڕایەوە.

دایکم... به داماوی لەسەر بەرماڵەکەی چۆکی دادابوون، له چۆنیەتی خواردنەکەی من وورد ببوەوە، به دەستێک ئیشارەتم بۆ کرد و... به چاوە فرمێسکاویەکانمەوە پێم گوت:

– تۆش، سەمونەکەی دیکە... بخۆ!.

– سەمونەکەی دیکە بۆ تۆ دەهێلمەوە... بیخۆ!.

دایکم لەگەڵ بزەییێکی تاڵ... سەرێکی بۆ هەژاندم، وەکو لەناو دەروونی خۆیدا پێم بڵێ:

– باشە... باشە... دە ئەتۆ جارێ ژەمەکەت نۆش بکە!.

ویستم به روویدا بگەشێمەوە... نەمتوانی!!... پاروە سەموونە گەورەکە، پتر گەروی دەگوشیم... دەی رووشاند، یەک... دووجار کۆخیم، بە توندی کۆخیم، دایکم... ملی لەسەر بەرماڵ درێژ کرد... بەدەنگ بانگی کرد:

– یاغەوسی گەیلانی... یاغەوس!!.

لەسەرخۆ دەستی کرد بە ئامۆژگاریم:

–کورِم... لەسەرخۆ... بخۆ...

پارووی گچکە لێ بکەوە... پەلە مەکە... رۆڵەی خۆم!.

لەپاشدان بە توندی پێی گوتم:

– کەس خواردنەکەت لێ نابا!!... بۆچ وا خۆت دەخنکێنی؟

شەرمێکی زۆر گرتمی، ویستم خۆم لەو شەرمەزاریە رزگار بکەم، سەرم هەڵبری... چاوم لە کاریتەکانی بانەکە گیر کردن... کاریتەکانم ژماردن:

– یەک... دوو... سێ...

دەمویست بەری فرمێسکەکانی چاوم بگرم، دەمویست هێدی ببمەوە و... جلەوی کۆخەکەی ناو سینگم بکێشمەوە دواوە، کاتێک گوێم لە دایکم بوو دەنووزایەوە:

– خودایە... بۆ خاتری خۆشەویستی خۆت، جارێکی دیکە نەمگەڕێنیەوە ئەو رۆژە رەشو... شوومانە!!.

دەستی بۆ سەمونە هەڵمساوەکەی دی برد، بە شێنەیی پارچەیێکی لێ کردەوە، وورده... وورده خەریکی جوینی بوو، کە لەپڕ لە جوینی پاروەکە وەستا... و... بە دەنگێکی لەرزۆک... وەکو لەگەڵ خۆی؛ بدوێ... ئەوها مرتەی لێوە دەهات:

–زەلام... زەلامی دەخوارد!!

– رِوحم و بەزەیی هەڵگیرابوو، رووناکی لەناو دڵان کوژابووەوە!

– خۆشەویستی لە دەروونی کەسان رەوی بوەوە، دایک رۆڵەی فرێ دەدا... دەیەویست لێی رزگار بێ!!.

– برا... لەگەڵ خوشک، لەسەر لەتکە نانێک یەکتریان دەخنکاند!.

گەلەک جار ئەم سەربوردانەی بۆ گێرِابوومەوە، لێیان وەرەز ببووم... حەزم دەکرد چیدی گوێم لێیان نەبێتەوە، بەڵام دایکم ئەوەندە... برسیەتی و ئازاری زوڵم و ستەمی زەمانەی چێشتبوو... تێکەڵاویان ببوو، نەیدەتوانی لێیان دوور بکەوێتەوە... لەبیر خۆیان بباتەوە!. بەتایبەتی لەو رۆژانەی دواییەدا، کەپتر بروایی بە خۆی و بە کۆمەڵەکەی لاواز ببوو.

کە منداڵ بووم، دایکم بە زۆری خواردنی لە زارم دەپەست، هەر چەندە برسیشم نەبوایە، ئەو وەها ئارەزووی دەکرد... کە بەشی ئەو چێشت یان خواردەمەنیەی دەهاتە بەر دەممان... ئەمن بیخۆم!!، هەر بەخۆی... زوو... زوو یەک لە دوای یەک، پارووی بۆ دەکردم... و بە زۆری لە دەمی دەپەستم، کەوچکە شۆربای ئاوقای گەرووم دەکردن، ئەمە ئەگەر لە ماڵی خۆمان... یان... دوو بەدوو لەگەڵ ئەودا نانم بخواردبا.

بەڵام ئەگەر دوور لەماڵی خۆمان، لەماڵی ناسیاوێک... خزمێک... دراوسێیەک... یان لە میوانداری بووینایە... دایکم دەندووکی لە گوێم دەنا:

– پرت... پرت... پرت!!

– کوڕم... وەک چاوبرسیان پاروو مەکە!!

– وەک چ نەدیتکان... خواردن هەڵمەلووشە!!

– نازدار بە... بە ئەدەب... بە، کەم بخۆ!

ئەگەر ڕۆژێک... ئامۆژگاریەکی ئەوم... فەرامۆش بکردبان... و لەو نەوعە جێگایانەدا... بە پەلە نانم بخواردبا... یان بەحیسابی ئەو لە سنووری نەریت و ئەدەب لام بدابایە، ئەو... لەژێرەوە... نقورچکی توندی لە لاتەرۆکی قایم دەکردم... چاوی لێ زەق... دەکردمەوە، خۆ ئەگەر لە نقورچکو... لێ ڕەبادان و ئیشارەتەکانی ئەویش... خۆم گێل بکردبا... یان خواردنەکە بەتام بووایە و... ئامۆژگاریەکانیم لە ناودا وون بکردبان ئەوا ئەو ناچار دەبوو... لە پێشدا دەستی لە خواردن دەکێشایەوە... تاکو منیش لەسەر ئامۆژگاریەکانی ئەو... بەپێی ڕەوشت و ڕاهات... منیش چاو لەئەو بکەم و دەست بکێشمەوە.

کە دەگەڕاینەوە ماڵی خۆشمان، بەدزی باوکمەوە... بەو چۆنیەتیەی... گێڕامەوە، بەزۆری خواردنی لەدەم دەئاخنیم... هانی دەدام زۆرتر بخۆم، هەتا وام لێ دەهات... سەرم لێ بشێوێ، کاتێ دەهاتمە سەر خوان... لێم تێک دەچوو... چۆن بخۆم؟ بخۆم... یان... نەخۆم؟ کەم بخۆم... یان زۆر، بە پەلە بخۆم؟ یان لەسەرخۆ؟

کە سەموونە خووساوەکانم دەخواردن، لەژێرەوە سەیرێکی دایکم کرد ڕەنگە یەکەم جار بێ... وەها بەووردی سەیری بکەم!!... دایکم... بەشێکی لەشی بەدەرەوە بوو!!... کە نوێژی دەکرد... خۆی لە چارشەوەکە لوول دەدا... ئەوجا بەرامبەر خوا ڕادەوەستا... لەخۆم پرسی:

– دەبێ... بۆچ دایکم... شەرم لە خودا بکاو... لەشی ڕووتی خۆی لێ بشارێتەوە؟

– بەڵام چار چییە؟ خەڵکەکە... گونیە و جانفاس و کۆنە چادریشیان چەنگ ناکەوێ... عەیب و عەورەتی خۆیانی پێ داپۆشن!. ئەو ڕۆژەم بە خەیاڵدا تێپەڕ بوەوە، کە... کەونە چادرەکانیان لەبەر دەرگای سەرا کۆمەڵ کردبوون، ئەفەندیەکەی تەموین، وەکو عەلیشیش خۆی فش کردبوەوە... سینگی دەرپەڕاندبوو، بە دەورەی کۆنە چادرەکان نومایشی دەکرد... دەهات و دەچوو، لووتی بەرەو ژوور بەرز کردبوەوە، فیشکەی جغارەی لە دەمەوە دەهات... دووکەڵی بەبا دەدا... بەدەم فیتەی لێ دەدا و گۆرانیەکەی (چەنەقەلعە)ی لەگەڵ خۆ دەگوتەوە:

– چەنەقەلعە... ئیچندە ورِدلار بانی!!

لەپاشان ملی بۆ حەشاماتەکە درێژ دەکرد... کە لە دووری چەند هەنگاوێک... وەک ئاڵقە دەوری کۆمەڵە چادرەکانیان دابوو، وەکو پێیان بڵێ:

– ئەها...!... خۆ بەچاوی خۆتان دەبینن... منم ئەم هەموو سامانە بەنرخە دابەش دەکەم.

– منم... لەشی رووت و... عەیبی عالەم دادەپۆشم.

– منم... چۆن لەشی ڕووتی زیندووەکانیان... دادەپۆشم و عەورەتیان سەتر دەکەم، هەروا لەشی مردووەکانیشتان دەشارمەوە!.

مرۆ... حەق بڵێ، ئەگەر (شەوکەت ئەفەندی) مەئمور تەموین و کۆنە یۆزباشی عوسمانی... وەهاش

بیری بکردبایەوە... ناحەقی نەبوو، ئەو پیاوە ڕاستی دەکرد... چونکی ئەو ڕۆژەی عیسای مامەندی ئەمری خودای بەجێ هێنا!... کە ئەو لاوە شۆخ و شەنگە مرد، ئەگەر کۆنە چادرەکانی... ئەم کۆنە جەندرمەیە نەبوایە... کفن چەنگ نەدەکەوت... تا کفن بکرێ و دەبوایە بە ڕووتی بەخاکی بسپێرن.

بەڵێ... شەوکەت ئەفەندی، هەروەکو لەشی ڕووتی خەڵکی گوند و عەیبیانی دادەپۆشی، هەروەها بە هۆی جانفاس و کۆنە ڕزیوەکانی... عەیبی کۆمەڵیشی دەشاردنەوە و ژێر خاکی دەکردن!.

ئەو ڕۆژە... خەڵکەکە لەبەر دەرکی سەرا، هێرشیان بردە سەر کۆنە چادرەکان، هەر یەکە لەلای خۆیەوە پەلاماری دەداو... هەر بەچەند کەسێک؛ لاچکە چادرێکیان دەکەوتە دەست و... لێکیان دەکێشایەوە.

شەوکەت ئەفەندی تەموین تەنگاو بوو، هاواری پۆلیسی کرد... پۆلیس... بەسەر مەسەلەکە ڕاگەیشت و خەڵکەکەی لەو کارە ڕاگرت.

مەجید ئونباشی... قوتە دارەکەی دەستی، بە هەموو لایێکی خۆیدا ڕادەوەشاند و بەسەر خەڵکەکەدا دەینەڕاند:

– نەکەن... نەکەن... نارەحەتی نەکەن.

– کۆنە چادرەکان بەردەن، حکومەت خۆی بەسەرتاندا دابەش دەکا.

– بکشێنە دواوە... ڕاست ڕیز ببەستن... نەچنە پێش.

ئەم دەنگ و فەرمانانەش... لەناو پۆلیسەکان هەڵدەستا!.

زۆری پێ نەچوو کە (مام ئێلیا)ی بازرگان لە مەیدانەکەدا حازر بوو، کەلەخە زلەکەی بەرپشتی دەرکێشا، کۆنە چادرەکانی هەموو پێ هەڵدڕین و پارچە پارچەی کردن، شەوکەت ئەفەندیش... دەستی بە دابەشکردنیان کرد ئەوانەی پۆلیس وە پێشیان خستبوون و لە بەختیاری خۆیانەوە نەسیبیان تێکەوتبوو.

حەشاماتەکەی پشتەوە، کە هەستیان بەو فەرق و جیاوازیە کرد... هەوڵیاندا ڕیزەکانی پێشەوە دڕ بدەن و خۆیان بگەیەننە کۆنە چادرەکان، من... وەهام لێکدەدایەوە... کە لەسەر دابەش دابەشی ئەم کۆنە پاتاڵە... فیتنەیێک هەڵدەگیرسێ، بە تایبەتی ئەو کاتەی دەمدیت... لاچکە چادرێک کەوتبووە نێو چەنگی عەلەئێختە و... مام هەیدەر! و خاڵە ڕەشۆی خزمم!!... بەڵام باش بوو شەوکەت ئەفەندی زوو پێ حەسیا، پۆلیسەکانی دەنگدان، کۆنە چادرەکەیان بۆ لای خۆ ڕەکێش کردوو بەبێ شەڕو فیتنە لە بەینی خۆیان دابەشیان کرد.

لەم دابەش... دابەشە، ئێمە... من و دایکم، شتێکمان چەنگ نەکەوت، دایکی نەخشینیش زۆر هەوڵی داو... پاڕایەوە و نووزایەوە گەلەک خۆی بە قوربانی حکومەت و شەوکەت ئەفەندی و پۆلیسەکان کرد... بەشکەم پارچەیێک بپچڕێ، کەچی لەجنێو و... گاڵتە و تێوە ڕاخوڕین و ڕووشکاندن بەولاوە شتێکیان نەدا.

– نەخشین... ئەمیش وەکو دایکم، وەکو دایکی خۆی؛ وەکو هەموو خەڵکە هەژارەکەی گوند... بێ بەرگ و پەلاسە، نیوەی لەشی ڕووتە و بەدەرەوەیە.

– دوێنێ ئێوارە چاوم لێی بوو، بە دەستێکی لاچکێکی کراسەکەی گرتبوو، ڕای دەکێشا... بەخۆیەوەی دەنووساند... بەشێکی لەشە ڕووتەکەی لەمن دەشاردەوە، لەناو دەرزی کراسە دڕاوەکەیدا... چاوم لەخەتە زەرد ئەسمەرەکەی نێوان مەمکەکانی چەقیبوون، بەتیلمایی چاو... باسکە سپیە لاوازەکەیم دەلێستەوە، خوزیێکم قووت دەدایەوە، چاوم دەگوازتنەوە سەر لاق و لەتەرە نیوە ڕووتەکەی!!.

– ئای... خودایه... ئای، چۆن دەروونم بۆ نەخشینی خۆشەویستم دەکوڵێ؟!.

– چۆن دەتوانم لەو ژیانە تاڵە و لەوچۆنیەتیە نالەبارە ڕزگاری بکەم؟. لە ژوورەوەی ژوورەوەم ... لەناو گلێنەی گیانم... دەنگێک بەرزدەبوەوە و پێی دەگوتم:

– بەڵام یەکێک نەتوانێ خۆی ڕزگار بکا... چۆن دەتوانێ بیر لە ڕزگار کردنی ئەوانی دیکە بکاتەوە!!.

تەنها پارچەییێکی بچکۆڵە نەبێت، پارچەییێکی هەندی بەری دەست... کە دایکم لە زاری خۆی تواندبوویەوە... نەبێ... دەنا هەردوو سەموونەکانم هاویشتنە وورگم!! لەگەڵ ئەوەشدا هێشتان هەستم بەبرسیەتی دەکرد!... بەڵام وەنەبێ ئەو هەستەم... دەق وەکو هەست بە برسی کردنەکەی... پێش هەڵ لووشینی سەمونەکانەوە بێ، و کارێکی وەهام تێ بکا، گەلێک هەست و تاسەم... لە دڵ و... دەروونمدا بکوژێنێتەوە.

– مرۆ، کە تێر دەخوا... گەلێک شت لەو شتانە لەبیر دەکا... کە پەیوەندیان لەگەڵ زاتی خۆیدا نەبێ!.

لەگەڵ ئەوەشدا کە قەناعەتم نەهاتبوو تەواو تێر بووبم، ئارەزووم بۆ شتی تر دەچوو... شتی وەها لەگەڵ سەمون خواردن جیاوارییێکی زۆریان هەبێ!!.

– مرۆ... یان بڵێم پیاو... نێر، هەر کە هەستی بە وجودی خۆی کرد... پێش گەلێک ئارەزووی دیکە ئارەزووی لایەکەی تری خۆی دەکا، وە بیری بۆ ئەوە دەچێ... کەبرسیەتی تەنیا برسیەتی زگ نییە!!... ئەگەرچی برسیەتی زگ... لە هەموو برسیەتییێک بەهێز ترە.

– نازانم چۆن مام حاجی بیر لەو شتانە ناکاتەوە؟ کابرا هەر چەندە پیریش نییە... خەڵکەکە بە (مام) ناوی دەبەن... هەموویان بە مام بانگی دەکەن... کەچی ئەو بەم بانگ کردنەی قەڵسیش نابێ... هەر خەریکی کار و کاسبیە و لەبەر پارە پەیدا کردن ئاگای لە دونیای ئەو خەڵکە بڕاوە، نەفسی خۆی کوشتووە... کەس لێی نەبیستووە جارێک باسی ژن بکا، کەسیش نەیدیوە جارێک... چاو بۆ کیژۆڵەیێک... قەیرە کچێکی جوان... هەڵتەکێنی!!... هەندێ کەس... پتر لە حاجی دەکەونە تەقە... و... پەردە لەسەر نهێنییەکانی ژیانی هەڵدەدەنەوە، بەدزی... و... بگرە بەئاشکراش... لەناو خەڵکەکە ئەوە دەدرکێنن کە:

– مام حاجی... شەرمەزاری ژنەکەیەتی!!... لەبەر کار و کاسبی و پارە پەیدا کردن، ناپڕژێ کارێکی وا بکا... تا ئەو ژنە بەستەزمانەی منداڵێکی پێ ببەخشێ.

هەندێکیش دەڵێن:

– حاجی ژن... نەزۆکە، مام حاجیش بەوە دەزانێ... لەبەر ئەوە چووە بەدزی لە شار ژنێکی هێناوە و منداڵیشی لەو ژنەی هەنە!!.

هەرچۆنێ بێ... هەموو شتێک دەشێ، کەسیش بە تەواوی نازانێ لەناو قەفی کەشیدەکەی مام حاجی... چ شاردراوەتەوە!!.

تۆفیق بەگ... لەم ڕووەوە کەم و کوری نییە، تۆفیق بەگ لە هەموو لایەنێکەوە تەواوە... لە هەموو ڕوێکەوە... تێرە!!... ئەوەندە تێرە لەبەری ماوەتەوە... و... بگرە بەرماوەکەی زۆری وەکو مودیربەگ و قۆمیسێر و مەئموورەکانی دیکەی حکومەت و کۆنە جەندرمەکانیش تێر دەکا، لە کۆشک و باڵاخانە

گەورەکەی ماڵی شێخ قطب الدین...یش، لە هەشت کەنیزەک پتر، کون و کەلەبەری ژیان و... نەوس و دەروونی ئەم پیاوە خوداییە... پنچ دەکەن، جگە لەمانەش... ئەو هەر بەردەوامە لەسەر کڕینی کچۆڵەی هەژار و پارچەڵەی خێزانە برسیەکانی ناوچە!!... ئەو هەر لە ڕێگای خوداشدا، ئەمانە دەکڕێ... لە ڕێگای خوداشدا، بەدەستی خۆی بەدەستی مویارەکی خۆی... پەروەردە و قەڵەویان دەکا!!... کچۆڵە هەژاری پارچەڵەی وەک ئایشەگوڵی... هاوڕێی منداڵیم.

– ئای ئایشەگوڵ... ئای بۆچ غەریبت کردم... و... ژیانت بۆش و...بێ تام کردم؟.

– منیش... لەم دواییەدا، گۆڕانێک بە خۆمەوە دەبینم، هەست بە بۆشاییێک دەکەم لە دەروونمدا، بە لەقینێک لە کەیانمدا، ئەو بۆشاییەش جۆرە برسیەتییێکە... تەنیا بەنان... هەر بەسەمون... خواردنی ئاسایی پڕ نابێتەوە... و... بەوەش کەیانم ئارام ناگرێ و جێگای خۆی ناگرێتەوە.

کاتێک دەمەوێ... لەو گۆڕانە... لەو بۆشاییە... لەو هەژانەوەی کەیانم... بیر بکەمەوە، لێم دەشێوێ... شتم لەلا... لەبەر چاو... لەناو مێشک ئاڵۆز و تێکەڵاو دەبن!!... لەگەڵ خۆما هەر لێک دەدەمەوە... لە خۆم دەپرسم و دەپرسمەوە:

– دەبێ ئەو گۆڕانە بە هۆی نەخشین نەبێ؟

– دەبێ ئەو لەقینەی کەیانم، ئەو بۆشاییەی لە ناوەوە هەستی پێ دەکەم، ئەو برسیەتیە... برسیەتی ئەو کچە شۆخە خۆشەویستەم نەبێ؟

– دەبێ ئەو بۆشاییە، بەشێک نەبێ لەو بۆشاییانەی... ئینسان لە قۆناغێکی ژیانی... دووچاری دەبێ؟

وە لەناو شەپۆلی شل و تووند و تیژی ئەو بیرکردنەوەیە و لێکدانەوەم، بە دوو دڵیەوە بەخۆم دەگوت:

– دەبێ؛ کارێکی وەکو عەمەری سلێمان و هاوڕێیەکانی... یان کردەوەییێکی وەکو ڕەفیق ساحیب، کە لە کابتانە ئینگلیزەکەی سەرۆکی یاخی بوو... و دایە چیا!... دەبێ جوڵانەوەییێکی ئەوها... ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و ئەنجامێک بۆ ئەو هەموو گۆڕانانە دیار بکا! وە مەعنایێک بدا بەبوونم... کەیانم... شۆڕشی ناوەوەم هێدی بکاتەوە!.

بەم ڕەنگە... شەپۆلی بە تەوژم و ڕەشەبای ئەو پرسیار و وەڵامانە، وەکو شتلە نەمامێکی شلک، بە هەموو لایەکدا دەیان هەژاندمەوە و پێچیان پێ دەخواردم!!... منیش هەوڵم دەدا، خۆم بگرمەوە و لەکەوتن و لەو عالەمی جەنجاڵە دوور بکەومەوە، ئاوڕێکم لەدایکم دایەوە و لێم پرسیەوە:

– دایە... دایەگیان؛ چەند سەمونمان ماون... ئا؟

دایکم هەناسەییێکی بە جۆشی هەڵکێشا و... وەکو هەنسک بدا... وەها کڕووزایەوە و بە پچڕپچڕی گوتی:

– کوڕم ماون... هێشتا ماون، بەشی چەند ژەمێکی دیکە... لە بنی مەنجەڵەکەدا، جێی خۆیان کردووتەوە.

وەپاش تۆزێک دامان، وەڵامەکەی وەها تەواو کرد:

– ئەمەندە ماون... کە بەشی کاروانەکە بکەن... بەشی ڕێگامان دەکەن... هەتاکو دەگەینە قۆناخ... دەگەینە گوندی زینوێی شێخی.

لەناو مۆنجی کڕووزانەوەی دایکمدا، ناڵەییێکی بێ دەنگ هەڵدەستا، گومانم لەوە نەبوو... کە لەناو

دڵ و دەروونی خۆیدا... دەسووتا... دەتوایەوە و دەگریا، هەر چەندە من فرمێسکە بێ دەنگەکانی ئەوم بەدی نەکردن، بەڵام لەبەر چاوی خەیاڵما، کوڵی دەروونی کەفی کردبوو.

کە دایکم باسی کاروان و ڕێگایەکەی سنووری دەکرد، پرسیار و ڕاسپاردەکەی... پوور زولێخی دایکی نەخشینم دەهاتنەوە یاد، کە دوێنێ ئێوارە پێی گوتبووم:

– شێرکۆ... داخوا دایکت خۆی بۆ کاروانەکەی بەیانی ئامادەکردووە؟...بلا... خۆی ئامادە بکا!...

کە ئەو ڕاسپاردەیەم... بەرەو ڕووی دایکم کردەوە، ئەو... دەستی بردە باخەڵی، گرێیەکی پەڕۆکی لێ دەرهێنا... گرێیەکەی کردەوە، هەندێک پارەی ووردەی لێ دەرهێنا؛ پارەکەی بۆ من هاوێشت و پێی گوتم:

– ها... ئەمە دوازدە... درهەم هەستە بڕۆ نیوەی بەشەکر بدە و نیوەکەی دیشی بە... چا، دەی کوڕی خۆم؛ دەی زوو... بڕۆ و... زوو بگەڕێوە، با درەنگمان لێ دانەیێ، هەتا پوور زولێخا و مام هەیدەر و کەسانی دیکەی کاروانەکە نەهاتوون.

هەڵستابوومە سەر پێیان، خەریک بووم لە دەرگا بچمە دەرەوە... کە بانگی کردمەوە و گوتی:

– شێرکۆ... شێرکۆ...

وە ڕای سپاردم کە بچمەماڵی، عەلی ئەفەندی!... عەلی ئەفەندی دوکاندار... ئەگینا... بەم پارەیە... لەبازاڕ، شەکر و چایەم، چەنگ ناکەوێ.

وە لەبەر خۆیەوە مرتەی لێوە دەهات و لێکی دەدایەوە:

– جاران؛ بەم پارەیە... عەربە گەنمێک... دەکرا.

وە ئاهێکی درێژی هەڵکێشا، ڕووی تێ کردمەوە و... بەدەنگ پێی گوتمەوە:

– دەی کوڕی خۆم... زووکە... دەی، با درەنگمان لێ دانەیێ.

ئاسۆی ڕۆژهەڵات، تازە سوورایێکی لێ دەنیشت... ڕێگای بۆ دەرکەوتنی ڕۆژ دەکردەوە، کە لە کۆڵانە تەسکەکە ڕادەبوردم چاوم لە دەرگاکەی ماڵی نەخشین گیربوون، ڕاسپاردەکەی دایکم فەرامۆش کرد، بەبێ دەستی خۆم لام دایە ماڵی پوور زولێخام، نەخشین... تازە لەخەو هەڵستابوو... ژوورەکەی ڕێک دەخست، دایکیشی... خۆی بە پرێچکە کۆکردنەوە خەریک کردبوو، وا دیاربوو ئامادەیی کاروانەکەی دەکرد، لەبەر دەرگایەکە وەستام، کە نەخشین چاوی پێ کەوتم... دەستی لە کارەکەی شل بوو!!. ڕاست بووەوە... بە گەرمی بەپیرمەوە هات... دڵم دەستی بەلێدان کرد.

– ئەویش... نەخشینیش... هەستی وەکو منە، منی خۆش دەوێ، چۆن من ئەوم خۆش دەوێ، ئەویش...وا... منی خۆش دەوێ و وەکو من بیر دەکاتەوە.

لەگەڵ خۆم ئەوها لێکم دەدایەوە.

ماوەیێک... چاوەکانم تێکەڵ بە چاوی نەخشین بوون، موچڕکێک بەلەشم داهات، خوێن... تەوژمی بۆ دەمار و لەشم بۆ مێشکم هێنا، لەشم گەرم داهات، سەرمای ئەو بەیانییە پایزیەی لە لەشم وەدەرنا.

بە زمانی چاو... بەبێ دەنگی، ئەم پەیامەم بە نەخشین گەیاند:

– ئای... چەندم... خۆش دەوێی!.

هەموو هەست و نەستم بانگیان دەکرد، هەموو شانەکانی لەشم هاواریان بوو:

– حەزدەکەم... ئەم کچە لاوازە جوانە... بگرمە باوەش... لە ئامێزی بگرم.
– حەزدەکەم ڕوومەتە... زەردە تەماویەکانی بمژم.
– ئای چەند ئارەزوومە... چەند پێم خۆشە ئەم کچە خۆشەویستە بگرم بە سینگمەوە، باوەشی پێدا بکەم، بیگرمە ناو دڵم، بیگوشم... بیگوشم... بیگوشم هەتا لەگەڵ لەشی خۆمدا دەیکەمەوە بەیەک، هەتا لەناو گیانمدا دەیتوێنمەوە، حەز دەکەم، تێکەڵاوی ببم، تێکەڵێکی ئەوها... کە هەرگیز جودابوونەوەی بۆ نەبێ.
ئەویش... نەخشینیش، چاوەکانی دەمن بڕیبوون، دەیویست بەچاوەکانی بم لێسێتەوە، برسیەتی لەناو ئاسمانی چاوەکانی ئەویشدا... دیاری دەدا، سینگی زوو زوو... بەرز دەبوو... و... نزم دەبوەوە، لە دوورەوە هەستم بەتینی هەناسەی گەرمی دەکرد، تانەیێکی سوورایی تەنک... لەسەر کوڵمەکانی نیشتبوو، لێوەکانی... ڕەنگی پشکۆییێکی ئاگری گەشیان دەدا، بە ئاستەم... وەک چۆن پەڕی گوڵ... بە شنەبا دەلەرینەوە... لێوەکانی ئەویش ئەوها دەلەرینەوە، بە دڵ و دەروون... بە چاو یەکتریان دەدواند، بە کاسی ڕووبەڕووی یەکتری وەستابووین... تا ئەو... بە بزەیێکی ساوا... لێوەکانی پشکووتن، بە نەرمی بزەکەیم ماچ کرد... چاوقوچانێک خۆم لە بیرکرد، هەتا لەگەڵ دەنگی پوور زولێخام... هەستم بە چۆنیەتی خۆم کردەوە.
بۆ ئەوەی پەشۆکاویەکەی خۆم... بشارمەوە، بەدەنگ گوتم:
– ئەوا دەچمە ماڵی عەلی ئەفەندی!
– دەچم... شەکر و چای... دەکڕم.
پوور زولێخام، وەکوو لە چۆنیەتی من و کچەکەی، لە پەشۆکاویەکەی من... هەستی بە شتێک نەکردبێ، بەدەم پڕێچکە لێک گرێدانەوە... سەرێکی لێ هەڵبڕیم و پرسی:
– ڕۆڵە... شێرکۆ، داخۆ دایکی بەهەشتیت خۆی بۆ سەفەرەکە... بۆ کاروانەکە... ئامادە کردووە؟
منیش... بە ووڕی وەڵامێکم دایەوە!.
کە لەدەرگای کۆلیتەکەی ماڵی خۆشەویستەکەشم... دوور دەکەوتمەوە، لینگم دەلەرزین، لەشم گران و تەپ دەبوو، وەکو ووزەییێکی نادیار پاڵم پێوە بنێ... ئاوا بەهەنگاوی لەنگ... بەرەو پێشەوە دەچووم.

* * *

# 11

عەلی ئەفەندی، دوکانداری خەڵکی گوندەکەمان، پیاوێکی ڕەقەڵەی لاواز بوو، کە لێی چوومە ژوورەوە جلکی دەگۆڕین،... پەراسووەکانی... یەکە یەکە لەژێر فانیلە سپیە تەسکەکەیدا... سەریان هەڵدابوو!... وەکو ڕایەڵە دارەکانی بانی خانووەکەمان... دەهاتنە بەرچاوم، بەڵام ڕایەڵەکانی بانەکەی ئێمە... لەبەر دووکەڵ ڕەش ببوون.

لەبەر جلک گۆڕینەوە لە ژنەکەی پرسی:

– ئەمە کوڕی کێیە؟

ڕووی بۆ لای من وەرگێڕایەوە، چاوەشینەکانی لێ موڕ کردمەوە، بەژنەکەی گوتەوە:

بزانە... داواکەی جێ بەجێ بکە!...

دەستێکی بۆ درێژ کردم بە ساردییێکەوە پارەکەی وەرگرت و تووڕ تێی هەڵدایە سەر قالیچە مافوورەکەی... کە ژنە قەڵەوە ڕووپانەکەی... لەسەری کۆببوەوە، پارەکە... زۆربەی خوردەبوو، لەسەر قالیچەکە... لەبەردەم ژنەکەی پەرت و بڵاو بوەوە.

ژنەکەی... لە جێگاکەی نەبزووت، هەروا وەڵامێکی مێردەکەشی نەدایەوە، تەنانەت دەستێکیشی بۆ پارەکە نەبرد تا کۆیان بکاتەوە... یان بیان ژمێرێ... بزانێ چەندە!... پارەکە... وەها بە هەتیوی لەو گۆڕە مایەوە... هەرچەندە نە عەلی ئەفەندی و نە ژنە جوانەکەی... پارەکەیان نەژمارد تا بزانن چەندە و چەند نییە، بەڵام من لەناو دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە... کە هەر دووکیان... ئەوانیش لە ناوەوەی خۆیاندا... یان بەزەییان پێم دێتەوە، یان بە بێزەوە دەڵێن:

– دوازدە درهەم!... شەکر و هەم چایەشیان گوتوە؟

منیش بەزەییم بەپارەکەدا؛ دەهاتەوە و زگم پێی دەسووتا... کە دەمدی کەسێک بەلایدا ناچێ... ئاوڕێکی لێ نادەنەوە... کەسێک خۆی تێ ناگەیەنێ!... لە کاتێدا مەگەر هەر خودا خۆی بزانێ، کە دایکم بە چ ئازارو خوێن خواردنەوەی دڵ و دەروون... دەردی لەش و گیان... پەیدای کردوون.

لە ڕاستیشدا... مرۆ بۆ خوا بلێ؛ عەلی ئەفەندی و ژنەکەی ناهەقیان نەبوو ئەگەر وا بیریان کردبێتەوە، چونکی لەو ڕۆژانەدا لەوانە بوو... دوازدە درهەم زەلامی پێ بکوژرێ!!... بەڵام بۆ شەکر... بۆ چای کڕین... بۆ نان کڕین... بۆ گەنم و دانەوێڵە... بۆ هەموو بژێویەک... نرخێکی وای پێوە نەمابوو.

– کە منداڵ بووم... بەیانیان زوو... بەتایبەتی سبەینەی هاوینان لەگەڵ دایکم و وەستا سەعیدی دوکاندار و خەڵکی تری گوند... دەچووینە سەر ئەو ڕێگایە ڕادەوەستاین کە گوندەکەی ئێمەی بە دێهاتەکانی دەوروبەر دەبەستەوە، لەو دو ڕیانانە... چاوەنواڕی دێهاتیەکانمان دەکرد کە شیر و ماست و پەنیرو مریشک و هێلکە و ڕۆنی کەرە... یان میوەجات... یان گیسک و بەرخ و کاوڕیان بۆ فرۆشتن دەهێنایە گوندەکەی ئێمە، ئەو کاتە مریشکێک و بادیە ماستێک لەگەڵ شەش هێلکە... درهەمێک دەکڕان.بە پەنجا فلس!! درهەمێک!؟

بەری قوولی قەساب... سوێندی دەخوارد و دەیگوت:

– بە وەڵڵاهی جووتێ گیسک لە ڕوپیەیێک پتر ناهێنن!!

بەری قوول ناوی وەستا سالح بوو بەڵام لەبەر لەچەری و، ڕەزیلی ئەو ناوەیان لێ نابوو.

وەستا سەعیدی دوکانداریش، بە پیرێژنە لادێییەکانی دەگوت:

– دایکم... حۆقەی ڕۆن لەچوار عانە پتر ناکا!.

کە بەشەکرو چایە و کۆمەڵێک بیری ئاڵۆز و شێواو گەڕامەوە ژوورەکەمان، دایکم... پرو پرێچکەکانی هەر لەبەر دەست بوون!!...

سەرێکی لێ هەڵبڕیم، بزەیێکی تەماوی لەسەر زار پەیدا بوو، چاوێکی لەگرێی شەکر و چایەکە بڕین و لەبەر خۆیەوە گوتی:

– دەمزانی عەلی ئەفەندی پیاوێکە خۆی لە چاکە کردن ناشارێتەوە!.

وە وەکو قسەکەی ڕوو بەمن بێ... گوتی:

– ڕۆڵە ... دەمزانی عەلی ئەفەندی و ژنە باش و خواپەرستەکەی... دەست بە ڕووتدا ناهێنن و... دڵساردت ناکەن!.

وەلاچکی کورتەکی گرتم و لەتەنیشت خۆی دای نیشاندم، دەستێکی بۆ گیرفانی کەوا قوتەکەی برد، گرێێکی خڕی لێ دەرهێنا، بە نینۆکەکانی گرێیەکەی شل کردەوە!... هەر شلی کردنەوە هەتا پارچە قاقزێکی لوول دراوی لێ دەرهێنا... لوولەکەی کردەوە، چوار دیناری شینی... بە جوانی قەدو لەناو گرێیەکە قایمی کردبوون.

بە وردی سەیرێکی چوار دینارەکەی کرد، یەکسەر ئەو چوار... دینارەی ناسینەوە، منیش چوار دینارەکەم ناسینەوە!. ئەو پارەیە ئەوەبوو کە بەهاری ڕابوردوو دابووی بەمن... تا لەشاری هەولێر گەنمی پێ بکڕم!!... منیش کاتی خۆی چۆن ئەو پارەیەم لێ وەرگرتبوو... هەر ئەئاواش دابوومەوە دەستی، ئەگەر گۆڕانێک بەسەر ئەو کاغەزە چاوشینانەدا هاتبێ، مەگەر سەبارەت بەوە بووبێ کە تاکە شەوێک لە باخەڵی من خەوتبوون و بۆنی منیان هەڵگرتبێ، تەنها شەوێک لەشارە پیرەکەی هەولێردا!... جگە لەمەش ئەگەر هەوایەکەی ڕێگای گوندەکەم و هەولێریش... گۆڕانێکیان بەسەر هێنابن... ئەمەش شتێکی ترە.

بەهاری ڕابوردوو، چوار دینارەکەم بردبوون بۆ هەولێر... لە بۆ گەنم کڕین، بێ ئەوەی نە... من... و... نە... دایکیشم... ئەوەی وە بیر خۆمان بهێنینەوە کە نەک چوار دینار... بەشکەم بەچل دیناریش، بۆ مرۆی هەژاری وەکو ئێمە تەنانەت لە شارێکی وەکو هەولێریش، دەنکێ گەنم وەچەنگ نەدەکەوت!.

تەنیا شتێک هەبوو... کە من و خەڵکێکی زۆری وەکو ئێمەشی بۆ ئەو سەفەرە دەکێشا... ئەوەبوو کە لەو ڕۆژانەدا دەنگ بڵاوببووەوە گوایە لە هەولێر گەنم پەیدا دەبێ!!... هەندێکیش دەیانگوت:

– حکومەت... خۆی، بە پارەیێکی هەرزان بە هەژارانی دەفرۆشێ!!.

ئەگەرچی لەبابەت نرخ و چەند و چۆنیەتی ئەو پروپاگەندەش... شتێک ئاشکرا نەبوو، بەڵام دەمەو هاوین بوو، دروونەش دەستی پێ کردبوو، حکومەتیش بەهۆی عەللافەکان... کە هەموویان چەرچی خۆی بوون،... حکومەت بەهۆی ئەمانەوە... بەگەرمی... ئەو گەنمەی دەکڕی... کە لەدەمی داسەکان و ژێر جەنجەڕ دەهاتە بەرهەم و... لە عەمبارەکانی خۆی و ئەو پیاوانەی خۆی بن گۆمی دەکرد، خەڵکەکەش... بەم دیاردەیە هەڵخەڵەتابوو، وایان لێکدەدایەوە کە:

– ئێ... ئەوە خوایە... بەشکەم قسەکە ڕاست دەردەچێ... و... ئێمەش بەو چەند قرۆشەی بە دەستمانەوەیە... قەسناخێک... نیو تەنەکەیێک... ڕبەیێک گەنمان دەست بکەوێ!.

مەلا حەمید... لەناوەندی گوندی زۆرجار دەیگوت:

– بەهەموو ناوەکانی خودا... قەسەم، بەخۆم لەمەلای مزگەوتی گەورەم بیستووە کە ئەویش لە خودی تۆفیق بەگ... خۆی بیستوویەتی... خەبەرەکە ڕاستە.

لەپاشان هەندێک هێدی دەبوەوە، تا بەدوو دڵێیکەوە قسەکەی وەها تەواو دەکرد:

– حکومەتیش... بابی میللەتە!... دیارە پاش خودا و پێغەمبەر دێ و دەبێ ڕەعیەت و بەندەکان بەسەر بکاتەوە.

لەدواییشدا بەجۆشەوە حیتەیێکی دەکرد!!

کەچی کاتێ گەیشتینە هەولێر... هـ... هـ... هیچ!! نە حکومەت فەرمانی باوکایەتی بەجێ هێناو نە دەرکی عەمباری بۆ کردینەوە، لەوەش پتر مەلا حەمیدیشی شەرمەزار کردو لەپێش چاوی خەڵکەکە بە درۆزنی دەرهێنا، ئێمەش چۆن چووبووین... ئە ئاواش بەکۆمەڵێک خەم و پەژارەوە... گەڕاینەوە.

مەلاحەمید... لە هەموومان قەڵس و خەمگین تر بوو، لەگوند دەیانگوت لەو ڕۆژەی مەلا حەمید لە هەولێر گەڕابوەوە... لەگەڵ هەموو فاتیحەیێک... لەگەڵ هەموو سەڵەواتێک... لەدوای هەموو نوێژێک... کە لە حوزووری مەلای گەورە دادەنیشێ!!... کە ئێواران پاش ڕۆژئاوا... لە ژێر چنارە ئەژدیهاکانی مزگەوت... لەگەڵ خەڵکی ئاوایی گوێی لە وەعزی مەلا دەگرت... لێی ببوو بەخوو... هەر دەیگوت و دەیگوتەوە:

– پەککوو... لەو درۆیە عەزیمە لەو درۆزنانە!!...

وە لەبەرخۆی... دیسان یەک دوو جار... حیتەی دەکردو بەدەنگ پێ دەکەنی:

–هێی... هێی... هێی... .

دایکیشم... هەر بۆ ئەوەی دڵساردیەکەی داپۆشێ... کاتێ چوار دینارەکەی لێ وەردەگرتەوە و بەئەسپایی قەدی دەکردن، لە پارچە پەڕۆکەکە دەیکردن بەگرێ... ڕوێکی دەمن دەکردو بزەیێکی وەک ژاڵە... ڕک و تاڵ... لەسەر زاری پەیدا دەکردو... لەبەر خۆیەوە دەی مرتاند:

– پێش ئەم شەڕو گرانی و قاتیە... لەهەولێر... عەڵبەی گەنمان بە نۆ درهەم دەکڕی!.

* * *

## 12

ڕۆژی سەفەرەکەی هەولێرم باش لەبیرە، بەرەبەیانێکی مانگی خەرمانان بوو، ئاسمان بێ گەرد و شین خۆی دەنواند... ساردییێکی خۆش لەشی مرۆی دەگەزی...ختووکەی گیانی دەدایێن.

دوێنێ ئێوارە... دایکم بڕیاریدا من ئەو سەفەرە بکەم، پاش نوێژی عیشا پێی گوتم:

– بەیانی چوارشەممەیە، ڕۆژێکی پیرۆزە... دەبێ لەگەڵ خەڵکی ئاوایی... تۆش بچییە هەولێر و باراشێک گەنم پەیدا بکەی!.

دایکم... زۆر بڕوایی بەکات و ڕۆژ هەبوو، بەلای ئەو... نەدەبوو ڕۆژانی چوارشەممە کوڵ بکرێ... یان جلک و کەلوپەل بشوورێ... یان مرۆ سەری خۆی بشوا!!. چونکی لەو ڕۆژەدا... وەکو ئەو دەیگوت... ئاوی گەرم ڕژتن... شوومە، بەڵام بۆ سەفەر... بۆ مامەڵەت... چوارشەم و پێنج شەم... هەروا ڕۆژانی شەموش، ڕۆژی پیرۆز بوون، ڕۆژانی دووشەم و هەینی بۆ سەردان و بەسەرکردنەوە، سەردانی دراوسێ و خەڵکی ئاوایی... بەسەرکردنەوەی نەخۆش و بۆ هەندێک کاری خێر... موبارەک بوون، وە دەیگوت:

لەڕۆژی دووشەم... سەروەری عالەم هاتۆتە دونیا، ڕۆژانی هەینیش... حیساب لەسەر مردووان هەڵدەگیرێ، لە گۆرستانەکان شایی و زەماوەند و جومعە و جەماعەت دەست پێ دەکا، ڕۆژانی مەولوود و عالفە... لەتەک ڕۆژانی جەژن... ئەم ڕۆژانەش... ڕۆژی زیکر و تەسبیح بوون.

هەروەها... خووزییێکی تاڵی قووت دەدایەوە و ڕووی گرژ دەبوو کە دەیگوت:

– سێ شەم... نەحسە... لەکەس... کەسە!!.

ئەمن... لەم مەسەلە و... هەتەلۆکەی نەدەگەیشتم... ئەوەندە نەبێ... کە سێ شەمان نەدەبوو دەست بجوولێنێ یان کارێک بکا... چونکی بەلای هەموانەوە ڕۆژێکی نەحس بوو!!... دایکم لەو ڕۆژە زۆر دەترسا! زاتی نەدەکرد، دەست بجولێنیتەوە!... ئینجا با لەبرسان بمردبا، ئەو ماڵە دەوڵەمەندانەی کە ئیش و کاری بۆ دەکردن... جلکی بۆ دەشوشتن... نانی بۆ دەکردن، ئەوانە هەمموو شارەزای ببوون... کە ئەو لەم ڕۆژەدا هەتا بۆخۆیشی... لەماڵی خۆیشی... دار لەسەر بەرد دانانێ، لەبەر هەندێ ئەوانیش... داوای کارێکیان لێ نەدەکرد.

لەبابەت شوومی ڕۆژی سێ شەممە... بۆی دەگێڕامەوە و دەیگوت:

– لە زەمانی حەزرەتی عەلی... خوا لێی ڕازی بێ، جوولەکەیێک بە پێچەوانەی ئەو بڕواییە و دەستووره دەجولێتەوە... کە دەڵێن ڕۆژی سێ شەموو... ڕۆژێکی شوومە، جوولەکە دەچێتە لای بەربەر و دەیەوێ سەری بتراشێ، زۆر کەس هوشیاری دەکەنەوە... کە لەو ڕۆژە سەرتاشین قەدەغە کراوە و نەحسە، بەڵام جوولەکە گوێ ناداتێ و ئەو سنووره دەبەزێنێ... سەرەڕای ئەمەش دەچێت لەناو خەڵکەکە دەم درێژی دەکا و دەڵێ:

– ئەم قسە... قۆڕ و بێ سەرو بەرانە... چین؟!... کێ دەڵێ سێ شەموان نەحس و شومیان پێوەیە؟!.

وە بەفیزێکەوە بانگ دەکا و سینگ دەردەپەڕێنێ و دەڵێ:

– هەمموو ڕۆژ... ڕۆژی خواوەندن! بۆ چ تەنیا ڕۆژانی... سێ شەموو نەحس بن و سەرتراشین شووم بێ؟

دایکم دەیگوت:

– حەزرەتی عەلی... ڕوحم بە قوربانی بێ، کە بەم فشەفش و... خۆهەڵکێشان و سنوور بەزاندنەی جوولەکەی لەعینی زانی ناکاتە نامەردی و شیری زولفیقار هەڵدەکێشێ و سەری جوولەکە لە ملەوە دەپەڕێنێ!!.

من... هەر چەندە پێکەنینم بەو قسانەی دایکم دەهات، هەندێک جاریش ترسێکم لێ دەنیشت، وێنەی شیرە دووتیخەکەم... لەبەر چاو ملی بەرز دەکردەوەو، بەڵام شارەزایی بیروباوەڕی دایکم بووم، ئەو... بۆ هەموو ڕۆژێک حیسابێک و بۆ هەموو کاتێک کیتابێکی لە مێشکی خۆیدا دروست کردبوو... بڕوایی قایمیشی بەو حیساب و کیتابە هەبوو، بڕوایێک... کە هەموو زەبرو زەنگی ڕۆژە دژوارەکانی ژیانی نەی دەلەقاند!!... هەر لەسەر ئەم بڕواییەشیەوە... ئەوەبوو بەهاری ڕابردوو... ڕۆژێکی سێ شەم بوو... کە ڕووی تێکردم و پێی گوتم:

– بەیانی چوارشەمەیە... ڕۆژێکی پیرۆزە... دەبێ لەگەڵ خەڵکەکەی ئاوایی بچیتە هەولێر... هەندێک گەنم پەیدا بکەی!.

دەستی بردە باخەڵی... پڕێچکەیێکی لێ دەرهێنا... لەناو پڕێچەکە کە چوار دینارەکەی ڕەکێش کردن!. کە پارەکەی دەدایە من... لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– شەڕی بەیانیان لەخێری هێواران چاکترە، ڕۆڵە خۆت گیرمەکە، هەر لەگەڵ بەرەبەیان ناوی خوای لێ بێنە و ئەم سەفەرەی هەولێرەش بکە.

وە هەناسەیێکی توندی خواردەوە و بەوردی قسەکەی وەها تەواو کرد:

– ئیە... خودا کەریمە، حکومەتیش باوکی میللەتە!.

بەرەبەیان بوو... ڕۆژ تازە تیشکە زەردە زێڕینەکانی... وەک تیری ئاوریشمین... ئاراستەی لووتکە بەرزەکەی سەفین دەکردن... کە سواری پاسەکەی تۆماس بووین.

پاسەکەی... (تۆماس)... شتێکی... یان با بڵێم... دەعبایێکی... سەیر بوو، ئەگەر بێتو کەمێک باسی نەکەم پێم وایە ستەم دەکەم و لایەنێکی گرنگ لە تابلۆی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە دەشێوێنم و ڕەشی دەکەمەوە.

ئەوەی ئەو پاسەی دیبوایە... یەکسەر ئێسترەکەی شێخ ڕەزای خوالێخۆشبووی دەهاتەوە یاد!!... ئەو ئێسترەی... میر... بە دیاری و بەسەد منەتەوە بۆی هەناردبوو، لەگەڵ جیاوازیێک کە پەیوەندی بەلایەنی بایۆلۆجی و تەکنیکەوە دەبێ!!... پاسەکە... ئەگەر چی منەتێکی بەسەر تۆماسی شوفێر نەڕشتبوو، ئەمیش وەک ئێسترەکە... بەپاڵدان و ڕاکێشان نەبوایە... هەڵنەدەستا، ئەگەر چەند کەسێک پاشەل و چوارپەل و هەیکەل و سەر و کەللەمان... وەک مەشکە نەهەژاندبا... نەدەکەوتە کار، هەر کە لە جێگایەکیش دەوەستا. ئەوا نەفەرەکان جێگای مەکینەکەیان دەگرتەوە و دەیان هێنا و دەیان برد تاکو گەرم دەبوو... لە پاشەوە دەستی بەفیرەفیر و دووکەڵ بە با کردن و لە پێشەوەش وەکو زەلامێکی (سێ بەڕوو) گرتوو... دەلەرزیەوە و دەهاتە گەڕ، ئەم کارەش دەمێکی زۆر و ئەرکێکی زۆرتری گەرەک بوو... پێویست بە عەرەق ڕشتنێکی فرە.

بە تەقدیری ئێمە... هەموو نەفەرەکان وامان دانابوو، ئەگەر ئەو بەیانییە زوو بۆی دەربچین و سەفەرەکەمان بەبێ گرێ و بەبێ زوێربوون و کۆسپێکی نەیەتە بەر... ڕۆژیش بە ڕەوانی بەرەو ڕۆژئاوا بڕوا... ئەوا ئێمەش لەگەڵ ڕۆژئاوابوون دەگەینە هەولێر و... لەو شارەی گەنم ودانەوێڵەیە... هەڵ دێین!!... بەم پێیەش... بۆ بەیانی ڕۆژی دووەم بە دیداری حکومەتی باوکمان شاد دەبین و ئەویش ... کارەکەمان

راهی دەکا و... خرارەکانمان تەژی... و، ئەگەر خوا ڕاست بینی... ئەوە بۆ... چێشتەنگان دەتوانین بەرەو گوند بکەوینە ڕێ... یا بڵێین ئەگەر پاسەکەی تۆماسیش بخەزرێ... بۆ بەیانی ڕۆژی سێیەم... بە سووک و ئاسانی بەرەو گوند دەبینەوە.

پاسەکە... نزیکەی بیست کەسێکی لە خۆی بار کردبوو، بیست کەس کە زۆربەی زۆریان دراوسێ و خزمی ئاوایی بوون، لەوانە چەند کەسێکیان هەر هاوڕێ و برادەری قوتابخانەم بوون... وەکو سمایل و میرزا حەبیب و حەمە خێل و تۆما و مەهدی و یوسف... ئەمانە جگە لە هاوڕێیەتی قوتابخانە هەروەها ئەندامیش بوون لە کۆمەڵە نیشتمانیەکەی... پێش دوو ساڵ... وەکو لقێکی کۆمەڵەی (هیوا)... لە گوند پێکمان هێنابوو.

باقی نەفەرەکانی دیکەش خەڵکی گوند بوون و هەموویان بە گشتی لەمن بە تەمەنتر و توندو تۆل تر و بە کەلەش گەورەتر بوون. ئەمانەش بە زۆری نەخوێندەوار بوون و قوتابخانەیان نەدیبوو... چەند کەسێکیان نەبێ کە ماوەیێک لە مزگەوتیان خوێندبوو و قورعانی پیرۆزیان خەتم کردبوو... ڕەشایی ئەلفو بێیان لێک دەکردەوە، لەو نەخوێندەوار و نیمچە خوێندەوارانەش... هی وایان تێدا هەبوو تا بڵێی توند و تووڕە و تووش بوو... قیسکە تەنگ و لەکەمترین و بچووکترین ڕووداوێکی نابەدڵ... بە تایبەت ئەگەر ڕووداوەکە ستەمێکی تێدا بەدی بکرابا، یان دەست درێژی و ناڕەوایییێکی لێ بوەشابایەوە... ئەوانە دەسڵەمینەوە... ئاگریان دەگرت... بە هەموو هێز و توانایان بەرهەڵستی ئەو قەوماوەیان دەکرد، لای زۆر لێکراویان دەگرت و دژی زۆردار دەوەستان جا لەبەر ئەم ڕەوشتە و بە هۆی ئەو تەبیاتەیان... زۆرجارتووشی گێرمە و کێشەو دەردی سەری دەبوون... گیرو گرفت دەوریان دەدان... جاری واش دەبوو... بە گرتن دەدران و بۆ بەندیخانە ڕەکێش دەکران!!... کە تووشیش دەبوون بێ باکانە بەرگەی حەپس و ئەنجامی توندی و تووڕەیی و... هەڵوێستەکەی خۆیان دەگرت... هەروەها بەرامبەر بەو ئازارو کێشەیەی لەو ڕێگایەشەوە تووشی دەبوون... قایم... وەک بەرد قایمتر بوون!! سەبارەت بەم خوو...و ڕەوشتەشیان خەڵکی ئاوایی خۆشی دەویستن... ڕێزیان لێ دەنان و جێگای بڕوایی و متمانەی ڕەشوو ڕووتەکان بوون!!... بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ببوون بەجێگەی شوبهە و گومانی کاربەدەستانی حکومەت و چقڵی چاوی تۆفیق بەگ و شێخ قطب الدین و خوبزەو کلکەکانی ئەمانە... بە تایبەتی عەمەری سلێمان و قادرۆک و مەحمود و عەزۆ هەندێکی دیکەشیان... کە لە سەفەرەکەی ئەو بەیانیەدا... لە پاسەکەی تۆماس جێی خۆیان گرتبوو.

ئەمانە... لەسەر نەخوێندەواری ، بێ سەوادی خۆشیانەوە، لەسەر توندی و کەللە ڕەقی خۆشیانەوە... ئینسان بوون... مرۆ بوون، بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئێمەی قوتابییان دەکرد، من... بەخۆم باشتر هەستم بەوە دەکرد... کە وەکو برای گەورە... وەکو باوک... باڵیان بەسەردا کێشابووم... ڕێزیان دەگرتم... یارمەتیان دەدام، دەنا من... نە بەبەژن و باڵا... نە بە تەمەن... نە بە بنەماڵە و فامیلیا... چ هۆیێکی وا نەبوو... کە کەسێک لە گوندەکە ئاوڕێکی ئینسانانەم لێ بداتەوە... یان وجودم لە گوند... وەکو ئەوانی تر... بژمێرێ، منێکی هەتیوی مێرمنداڵەی بێ کەس... کێ هەستی بە بوونم دەکرد... کێ دەیبینیم... لەمانە بەدەر... لەمانە و لە خەلیفە سەرسۆر و دەرویش قادر و خواپەرستەکانی... دۆستی دێرینەی باوکی خوالێخۆشبووم!!... ئەلحەق ئەمانەش... هەر چەندە وەکو عەمەر و قادرۆک و هاوڕێکانیان... دەق وەکو ئەوان نەبوون... بەڵام ئەمانیش بە جۆرێکی دیکە منیان هەر لە یاد بوو.

گەلێک جار کە لەکۆڵانەکە، یان لەبەردەمی مزگەوت ڕادەبووردم... کاتێ دەگەیشتمە بەر لووتیان...

ئاگـام لێ بوو لمووزیان بڵند دەکرد و ئەنگوستـیـان بۆ درێژ دەکـردم... ئاوڕێکیـان لە یەکـتـری دەدایەوە، سەریان نەختێک بۆ یەکتر دەهەژاند و... لەگەڵ یێک دەدوان:

– ئەمە کوڕی سۆفی نەورۆزە!

وە لە بەینی خۆیان دەیان مرتاند:

– خودا لێی خۆش بێ... پیاوێکی خوا پەرست و دڵپاک بوو!

– ئینشائەڵلا جێگای بەهەشتە... ئیماندارە!

نازانم ئەگەر لەناو دڵی خۆشیـان، فـاتیـحەیەکیـشیـان بۆ بەهەوا دابێ، هەر ئەمـەندە و هەتا لە پێش چاویان وون دەبووم و ڕەش دەبوومەوە!... هەر ئەمەندەش بوو... ئەمەندە و بەس... بەو چەند دەنگە و دەم جولاندنەوەیە... دڵسۆزی باوکانەی خۆیان بۆ من دەردەخست... کەچی دڵسۆزی عـەمەر و جەماعـەتەکەی بەجـۆرێکی تر بوو، بە چاوێکی دیکە... زۆر جیـاواز لە خـەلیـفـە و تاقـمـەکـەی... سـەیریان دەکـردم، بەڕەنگێکی تر لەگەڵمدا دەجولانەوە؛ ئەوان هەر کـاتێک منیـان دەدەیت، لێم نزیک دەبوونەوە... ڕووی خۆشیـان لێ دەنام... لە چۆنیـەتیـان دەپرسیم... باسی قـوتابخـانە و خـوێندنیـان لێ دەپرسـیم، بە ڕووم دەگەشانەوە... وایان دەکرد کە هەست بکەم منیش شتێکم لە گوندەکە و... وجودێکم هەیە، بەشێکم لە کۆمەڵ... کەلێنێکم لە دونیای گوندەکەدا پڕ کردووتەوە، ئەم ڕەوشتەشیان وای لێ دەکردم... کەیفێکم... هەوەسێکم... بەخۆم بێ و لە دڵی خۆمدا بیربکەمەوە... کە:

– لەناو خەڵکەکە... هی ئەوهاش هەن... کە بەڕاستی دەمبینن!!

– منیش وەکو هەرزەکارێک لە گوند... جێگاییێکم گرتووە.

بەم لێکدانەوە و بیرکردنەوەیەش فرە دڵخۆش دەبووم.

کەسواری پاسەکە بووین... من کەوتبوومە تەنیشت تۆمای هاوڕێمەوە، تۆما... قـوتابی بوو... لەگەڵ ئێمە لە هەولێر دەیخوێند لەبەر نازیرەکی... یان سەبارەت بە گیروگرفتی ژیانی هەر دەکشایەوە ناو خۆی و دادەما و... هەر خامۆش بوو... و دەبۆرژا، خەو بەرۆکی بەرنەدەدا!!.

لەناو گرە و ڤرەڤری پاسەکە... لەناو هەراو هۆریای نەفەرەکان ئەو... هێشتا هەر خەواڵووبوو.

ڕۆژێک لە ڕۆژانی قـوتابخانە... تۆمای هاوڕێم... لەناو ژووری دەرس، لە گەرمەی دەرس گوتنەوەی مامۆستا... فیکری فڕی... ڕۆیشت... خۆی لەبیر کرد، وورده وورده خەو باڵی بەسەردا کێشا!!.

تۆما... هەرزەکارێکی قوتەبنەی لاواز بوو، سەرێکی زلی لەسەر لەشە لاوازەکەی بۆ ڕوا بوو، ئێمەی قوتابیانی هاوڕێی... هەر بۆ گاڵتە و سەبارەت بەو سەرە زلەی... ناومان لێ نابوو... (ئەدیسۆن)... لەگەڵ ئەوەشدا... کە چ وێکچوونێک... لەنێوان ئەم... تۆما...یەی ئێمە و زانای گەورە... (تۆماس ئەدیسۆن)...دا نەبوو!... بەڵام ئێمە وا خەیاڵمان دەکردەوە... کە سەری تۆما و... سەری ئەدیسۆن... دەبێ وە یەکتری بچن، لەبەر ئەو هۆیە و هەر بۆ گاڵتـەش... بەو ناوە بانگمان دەکرد، تۆماش... بەو ناوە تا قەدەرێک... قەڵس و تووڕە دەبوو... کە بانگمان دەکرد:

– ئەدیسۆن... ئەدیسۆن!!

وە هەمو بەیەک دەنگ... بە ڕوویدا دەتریقاینەوە... ئەو ئاگری دەگرت... وەک کەلەشێری شەڕکەر... بە دەورەی خۆی وەردەچەرخا، لە خڕکە بەردێک... لە دارێک... سەنگێک دەگەڕا پێمان دابدا، کە هیچیشی چەنگ نەدەکەوت... یان کە نەدەوێرا خڕکە بەردەکە بهاوێژێ... کفری دەکردن... جنێوی دەدا... جنێوی بە

هەمـوو عـالەم... بە هەمـوو لادا دەڕشتن، ئێمـەش... لەكـاتی تووڕەبوونەكـەی... نقـەمـان لەخـۆ دەبڕی... تا ئەویش سارد دەبووەوە و خڕكە بەردەكەی لە دەستی دەكەوتەوە سەر زەویەكە!!... لەو جێگایە بزر دەبوو، زۆریشی پێ نەچوو،... كە ئەویش بۆ یەكجاری سارد بووەوە و ئیتر لە ناوەكە سڵی نەدەكردو لێی ڕاهات... ئەوكاتەش كە بانگمان دەكرد:

– ئەدیسۆن... ئەدیسۆن!!

گێـلانە... سـەرێكی دەلەقـاند... بزەیێک لەسـەر زاری پەیدا دەبوو، لە دواییـشـدا... ئەویش لەگـەڵ ئێمە... بە هەمـوو دەنگیـەوە دەتریقایەوە و لەبنی زگیـەوە دەیدا لە قاقای پێكەنین!! یان ئەگەر پەست و خەمگین بوایە... ئەوا بە گلەییەوە تێمان وەرادەما... و... خۆی لە بانگەكە خەشیم دەكرد... وەكو شتەكە هەمـووی پەیوەندییێكی بەوەوە... نەبێ... ئەوها تێی دەتەقـاندو... بۆی دەردەچوو... و... لێـمـان دوور... دەكەوتەوە.

ئەو ڕۆژەی تۆمـا... لە گـەرمـەی دەرس... لەسـەر... ریحلە دارەكـەی... خـەو بردیەوە!... ملی لێ خـوار ببوو... خۆی بە دیوارەكەی ژووری پۆل... گرتبووەوە... دەمی هەندێک بەش كردبووەوە و پرخەی لێوە دەهات، مـامۆسـتـا سـتیـڤـان... بە جۆش و حەمـاسـەتێكی زۆر... خەریكی دەرس گوتنەوە بوو، بەدەم و چاو... و... بەسەر و... بەدەست و پێ، وەكو جیوە دەجوولایەوە، حەزی دەكرد بە چاكی لە دەرسـەكـەمـان بگەیەنێ... مـامۆسـتـاییێكی دڵسـۆز و... ڕاست بوو... ئێمـەی قـوتابی خۆش دەویست، لە پێشـەكی هەمـوو وانەیێكدا ئامۆژگاری دەكردین:

– دەبێ... مرۆ بە هەوڵ و كۆششی خۆی ببێ بە پیاو!

هەوڵی لەگەڵ دەداین كە باش بخوێنین و... دەیگوت:

– خوێندن... ڕووناكییە، ڕێگای ئینسان لەم ژیانە... تاریكە... جەنجاڵە... ڕووناک دەكاتەوە.

مـامۆسـتا ئەوەل جار ئاگای لە چۆنیـەتی تۆما نەبوو، بەڵام مرتە و فسـكەفسـكی قـوتابییـە بزۆز و دەم شڕەكان... وایان كرد ئەویش هەست بە تۆما بكات، كە چاوی بە تۆما كەوت... لەسەر تەختەكەی لەخۆی چووە و كـەلـەشی لاواز و سـەرە گـەورەكـەی بە دیواری تەنیـشـتی هەڵپـەسـاردووە چاوقـوچانێک دامـا... لەپاشـان لە دەرس گـوتنەوە وەسـتـا و... ڕەنگی هەڵبـزڕكـا... وورده وورده تووشی لێـوە لەرزۆک دەبوو... تا لەپڕ گـلاسە ئاوەكـەی سەر مـێزەكـەی خۆی هەڵگرت و... وەک چۆن پشـیلە... بۆ نێچـیری پارێز دێنێ... ئەوها لەسەرخۆ... پارێزی بردو بۆ تۆما چووە پێش، كە گەیشتە لای... نەیكردە نامەردی... ئاوە ساردەكەی بەسـەر و گـوێلاک و مـل و... ناو پشت و سـینگی تۆمـای نووسـتـوودا ڕشت و بە خـۆشـیـێكی سـاوایانە و بزەییێكی سـەركـەوتـووانە ئاوڕێكی لە قـوتابیـیـەكـان دایەوە بە هەنگاوی بەرین و بە پەلە گـەڕایەوە جێگاكەی!.

كە ئاوە ساردەكەش گەیشتە قەلبی ئەدیسۆن، لە خەو ڕاچڵەكی و بەبێ دەستی خۆی زیڕاندی!!.

مامۆستا ستیـڤان... كە هەر بە دكتۆر سەفا ناودەبرا، پیاوێكی كەڵەگەتی باریكی باسک درێژی موو سپس بوو، دوو چاوە شینە نەرمەكانی، لە چوار چێوەیەكی زێڕینی چاویلكەیەكی سپی ڕوون... گرتبوون، زۆرجار باسی ژیانی خۆی بۆ ئێمەی قوتابیان دەكرد و دەیگوت:

– من هەرگـیـز منداڵیـم نەدیوە و تامی سـەردەمی منداڵیم نەچێشـتـووە!! وە دەیگێـڕایەوە كـە ئەو... هێـشـتـا زارۆكـێكی هەشت... نۆ سـاڵی بووە كـە لەشكری تورک هێـرشی بردووتە سـەر گـوندەكـەیان... خەڵكەكەی هەموو كوشتوون و قەتل و عامی كردوون!... گوندەكەی خاپوور كردووە و سووتاندوویەتی.

وه دەیگوت:

– لەگـەڵ کـۆمـەڵێک منداڵی بێ دایک وباب، بە ڕووتی و پێـخـاوسی لە ئەشکەوتەکـان خـۆمـان شاردبووەوە، بەڕوو... و گیا و گوڵمان دەخوارد، بە مشـەختی و دەربەدەری لەو شاخ و کێوانە... بێ سەرو شـوێـن هەڵدەهاتین... هەتا ڕۆژێک خـۆم لە کـەنار دەریـایێکی گـەورە و بێ دوایی دۆزیەوە، ڕام کـردە ناو گەمیەیێک... خۆم لە ناویدا مات کرد، پاش چەند ڕۆژێک لەناو دەریادا... گەمیـەوان دۆزیمیەوە، نەیتوانی بمگێڕێتەوە ڕۆخ... ناچار بۆ خزمەتی خۆی گێڕامیەوە... نان و بەرگی دامێ، تا ماوەیێکی زۆر... نەمزانی چەند ڕۆژ و چەند مـانگ بوون... لە ڕۆخەکـانی ئەمریکا دابـەزیم... بووم بە شاگرد لە چێشـتـخـانەیێک، لەوێ گەورە بووم... خوێندنم تەواو کرد... تا بڕوانامەی دکتۆرام پێ درا.

دکتۆر سەفای مامۆستامان... ئاهێکی دوور و درێژی هەڵدەکێشا کە دەیگوت!

– غەریبی گوندەکەم... کەژ و کێوە ڕەنگینەکانی وڵاتەکەم... وەک قاز و قولینگ... هەڵی گرتمەوە... تا هێنامیەوە کوردستان!.

مامۆستا... بە درێژایی پشووی هاوین... دەهاتە گوندەکەی ئێمە... دەیگوت:

– هەر بەگوندەکەی خۆم دەچێ!.

تا هێواره... بەسەر شاخەکان... بەناو چەمەکان... دەگەڕا... لە گۆمەکان مەلەی دەکرد!.

مـامـۆسـتـا... لەگەڵ چریکەی تۆمـای هاوڕێم... ڕاچڵەکی... تا لای تەختـە ڕەشەکـە پاشگەز بووەوە و... کشایەوە، چاوی لە ئێمە قوتابییەکانی پۆل زەق کردنەوە... کەسێکمان نەوێرا جوولەیێک بکات، لەپاشان گەڕایەوە لای تۆماو بە پەشێوییێکەوە... پێی گوت:

– جارێکی تر لە دەرس نەخەوی... ئا!.

لە پڕ ڕووی گـرژ بوو... گـۆڕانێـکی سـەیری بەسـەردا هات، وەکـو هەسـتی بەوە کـردبێ... کـە کـارێکی باشی نەکردوە، پتر لە تۆما چووە پێش... تا خۆی بە ڕیحلەکەی تۆما گرتەوە... دەستێکی لەسەر و ملی تۆما خشاند و... لەسەرخۆ پێی گوت:

– کوڕی خۆم دەبێ ئاگات لەدەرس بێ!.

وا دیار بوو مامـۆستـا زۆر پەشیمـان بوو، نەیدەتوانی چاوەکانی لە تۆما بگوێزێتەوە... تۆماش بە دوو چاوی تەڕی پڕ گلەییەوە... لە مامۆستا وەڕاما و بێ دەنگ بوو، لە پاشان چاوی داگرتنەوە و کپ بوو.

ئیـتـر... تۆمـای هـاوڕێم... لەو ڕۆژەوە قـوتـابـخـانەی بە جـێـهـێـشت، هەروەها شـارە کـۆنە پیـرە پڕ خـەمـەکەش... و گـەڕایەوە گـوند!... لەو ڕۆژەوە بە دواوەش... هەتا چەند ڕۆژێـک... کـە مـامـۆسـتـا دەهاتە پۆلەکـەمـان... چاوی دەگێڕا... چاوی دەگـێڕا... تا چاوی لە ڕیحلە چۆلەکەی تۆما دەچەقـاندن... کـە تۆمـای نەدەدی بە وڕی دەیپرسی:

– کوا تۆما لە کوێیە؟

ئێـمە... قـوتابیـەکانیش لەگەڵ پرسیارەکە دەمـاندایە قاقـای پێکەنین!!... مـامۆسـتـاش بەو چۆنیـەتیـەی ئێمە تووڕە دەبوو... خۆی توند و ترش دەکرد... تا بەهەموو هێزیەوە دەیقیژاند:

– باس... بەس... هەی چەپەڵینە.

مامۆستا ستیڤـان کەزانی تۆما قوتابخانەی بەجێهێشتووە... تەواو زویر و دڵتەنگ بوو، لەناو دەرس گـوتنەوەدا... ئاهـ لەدوای ئاهی هەڵدەکێشا، کـە لەسـەر کورسیـەکەش دادەنیـشـتـەوە دۆش دادەما... خۆی

لەبیر دەکرد، بە پەشێوی سەری لە ئێمەی قوتابیان بڵند دەکردەوە... چاوی بە ڕیزەکاندا دەگێڕا... تاکو لە ڕیحلە چۆلەکەی تۆماوە دەنووسان!... لەدەرس گوتنەوەش ساردبووەوە... جۆش و جوولە و حەماسەتی پێشووی نەما، تا وای لێهات نە بەخۆی ناوی تۆمای دەهێناو... نە باسی دەکرد... نە لێی دەپرسی!!... نە ڕێگاشی دەدا... کەس باسی بکا و بیخاتەوە یادی.

من... لە تەنیشت ئەدیسۆنی هاوڕێم ... لە ڕیزی دووەمی پاسەکەدا... دانیشتبووم، عەمەری سلێمان و کاک ڕەسوول جێگای پێشەوەی تەنیشت شۆفێریان پڕ کردبووەوە، عەمەر پیاوێکی زەلامی... دەست و بازوو ئەستوور، سینگ پان بوو، لە هەموو هەرێمدا... بە یەکە پیاوی بەهێز دەژمێررا، هەر کە ئۆتۆمبیلەکە دەچەقی... یان لە جێگایەک جەنەی دەگرت و دەوەستا، ئەو... بەس بوو بۆ ئەوەی بە دوو پاڵ... وەکو مەشکە بیهەژێنێ و بیخاتەوە جووڵە و گەڕ، لەبەر ئەمە، تۆماسی شۆفێر... لە تەنیشت خۆی جێگای بۆ دادەنا، لە ڕیزەکانی پشتەوەش... هەتاکو لای جامەکەی پاشەوەی ئۆتۆمبیلەکە، ئەو جامەی هەروەکو کولانکەکەی کۆڵیتی ماڵی نەخشینی کچی پوورم... دەهاتە بەرچاو، هەتا لای ئەو جامەش... جێگایێکی بۆش... نەمابووەوە.

کە لە گوند دەرچووین... کەسانی نێو پاسەکە... هەموویان وەک من دامابوون... گەردێکی کز و تەڵخیان لەسەر ڕوو نیشتبوو، جگە لە بەخێر هێنانی یەکتری و ناوی خوا هێنان... و ئاه... هەڵکێشان... دەنگ و دوانمان کەم بوو!... هەروەها کەمیش دەجووڵاینەوە، مەگەر لەگەڵ هەڵستان... یان گێر گۆڕین و تاسەکردنی ئۆتۆمبیلەکە... دەنا هەر یەکەمان وەکو بە جێگاکەیەوە دوورابێ... جوولەیێکی لێوە نەدەهات، ئەمەو... جگە لە تۆماسی شوفێر... کەسەر و ملی بە هەموو لایێکی خۆیدا دەجوولاند و... دەم نادەمیش دەستێکی دەوەشاند و زرمەی لە ئامرازێکی پاسەکەوە دەهێنا، پاسەکەش ماوەیێک سەری دەهەژاند... فرمە لە لمووزیەوە بەرزدەبوەوە... تا جینگڵی دەداو فرتکی دەکرد... وەک لانک بەم تەنیشت وئەو تەنیشتەوە ڕادەهات... وورده وورده هەڵدەستا و ڕێگای خۆی دەگرت.

ئەو بەیانیەی بەرەو هەولێر وەڕێ کەوتین... هەوا شێدار بوو، ئاونگ لە ڕووی گیا و گوڵی مێرگەکان... نیشتبوو. لەگەڵ تیشکی ڕۆژ دەبریسکانەوە، پەڵە پەڵە هەور... وەک ڕەوە کۆتری سپی بەسەر لووتکەی سەفینەوە... هەڵنیشتبوون، هەتا ڕۆژ بەرزدەبوەوە؛ دونیا گەرمی تێدا دەگەڕا... پەڵە هەورەکان پتر دەبوون... و... بە ئاسمانی ئەو ناوەدا بڵاودەبوونەوە، زۆری پێ نەچوو... هەورەکان بەشی زۆری شینایی ئاسمانیان شاردەوە، ئەو کاتە گوندی حوجرانمان بەجێهێشتبو...و... بەرامبەر شێرەسوار... بۆ گوندی کۆڕێ دەچووینە پێش، لەو گوندەش... پێش ئەوەی دەست بە هەڵکردنەوەی پێچەکانی پیرمەم بکەین... هەورەکان یەکیان گرتەوەو لووتیان لە زەوی چەقاند، هەڵم... جامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەی لێڵ کرد... ماوەی بینینی کەم کردەوە، تۆماسی شوفێر دەستێکی لە جامەکەی لای خۆی هاوێشتە دەرەوە... زوو... زوو... جامەکەی لە هەڵم و نیمە باران دەستڕیەوە، ئاسمان... پتر لچی شۆڕ کردو ڕووی گرژبوو، خەڵکەکە... دڵیان بەو هەورانە خۆش بوو، باران... لەو ڕۆژانەدا ئاوات و مرادێک بوو... هەموو خەڵکەکە... لە خوا دەیان خواست تەنانەت یەک دڵۆپە بارانیش... هەر یەک دڵۆپە... خێر و بەرەکەتی پێوە بوو، هەر دڵۆپە بارانێک... دەنکە گەنمێکی بەسەردا دەباراندین، ئەمەش وای لە خەڵکەکە کرد هومێدیان بەوە قایمتر بێ کە لەو سەفەرەدا گەنمیان دەست بکەوێ... بە تایبەتی پاش تووندبوونی هەورەکان و هەڵچوونی دەریای ئاسمان... کە نیشانەی بارانێکی عام و ئیقلیمیان پێوە بوو!.

هەتا هەورەکانیش توندو تاری تر دەبوون هێرشیان بەرەو ژێر؛ بۆ سەر لووتکە شاخەکان دەهێنا و

چیایەکانیان دادەپۆشین... کەسانی ئۆتۆمبیلەکەش... ئومێدەکەیان بەهێزتر و دڵنیاییان پتر دەبوو... ڕوویان گەش دەبوەوە، دڵ و دەروونیان خۆش و فراوان دەبوو... دەکەوتنە قسە و گفتوگۆ... بە گوشادی یەکتریان دەدواند... هەندێکیان سۆز دای دەگرتن و دەستیان لەئاسمان پان دەکردەوە... دەپاڕانەوە...... دوعا و سەڵەواتیان لێدەدا... هاواریان دەکرد:

– خودایە... بە ڕەحمی خۆت... ڕەحمەتێک بباریێنی!.

مەلا حەمید... دەستی بردە بناگوێی... بەدەنگ و بەئاواز... غەزەلی دەخوێندەوە:

–هەورەکەی ڕەحمەت... ڕووی سەما... کەرەم!.

لە پاشدان... سەڵەواتێکی لێ دەداو دەپاڕایەوە و بانگی دەکرد:

– ڕەبی... ئەم بارەگرانەی... گرانیەمان... لەسەر دڵ و دەروون لابدەی.

ئەوانی دیکەش نزاو پاڕانەوەکەیان وەردەگرتەوە و بەسەریدا دەچوونەوە، هانایان بۆ خوداو پێغەمبەر و پیاوچاکان دەبرد، کە بارانێک... ڕەحمەتێک... بەسەر ئەم عالەمەدا بباریێنێ.

زۆربەی زۆری نەفەرەکان... هەروەها بەگشتی خەڵکی گوندەکەشمان وەهایان لێکدەدایەوە... کە گرانی و قاتیەکە... هەر تەنیا هۆی ئەوەیە کە ساڵ نەبارو وشکەو ئاسمان دەرگای ڕەحمەتی لێ داخستووین!؟ وەکو ئەمانە... ساڵی پارو هەروەها پێراریشیان لەبیر چووبێتەوە!. چونکی ئەو دوو ساڵەی پێشووش... هەر چەندە زەبرو زەنگیشیان کەمتر بوو، دیسان هەر گرانی و ناخۆشی بوو و سەرەتای ئەم ڕۆژە ڕەشانەیان نیشان دەداین!... ئەوەیان بۆ ساغ دەکردینەوە کە قاتی و گرانیەکە... هەر تەنیا سەبارەت بە باران نەبارین و وشکی وەرز نەبوو، بەشکەم هۆی گرنگترو لە نەباری بەهێزترو کاریگەر تری هەبووە!!... ئەمە ڕاست بوو کە وشکی ئەو ساڵانە لە توندو تیژی قاتیەکەی پتر کردبو... و گوناهباری ڕاستەقینەی ئەو کارەسات و مردن و برسیەتیەی شاردبووەوە، خەڵکە ساویلکەکەی هەڵخەڵەتاندبوو، و چاویان لە ڕاستی خەنیمە ڕاستەقینەکەی خۆیان... بەستبوو!!... بەڵام تۆمای هاوڕێم... جار لە دوای جار بانگی دەکرد و بانگی دەکردەوە:

– هایهوو... هایهوو... کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە!!.

ئەمن گەلەک بڕواییم بە کاک ڕەسول و تۆما... دەکرد!... ئەدیسۆن لەگەڵ ئەوەش کە لە قوتابخانە نا زیرەک وگێل ناوی دەرکردبوو بەڵام من زۆد بڕواییم بەم و بە کاک ڕەسوول... کە ئەندامێکی هوشیاری کۆمەڵە بوو؛ دەکرد، کاتێ لقی کۆمەڵەش لە گوندەکەمان دروست بوو؛ ئەم کرا بەسەر دەستەو بەرپرسی لقەکە، زۆر بڕواییم بە هەردووکیان دەکرد، ئەمانە... لەناو ئێمەی ئەندامان و لەناو خەڵکی ئاواییش... هەر دەیانگوت و... دەیانگوتەوە:

– کارەساتی گرانی و دژواری ژیانی خەڵکەکە... سەبارەت بە ووشکی وەرزو بێ بارانی نییە... مەسەلەکە هۆی تری هەنە!!.

تۆما... لەوەش توندتر بۆی دەچوو... کە بە تەوسەوە دەیگوت:

– هایهوو... هایهوو... کوڕە ئەم خەڵکە... یان دەبێ هەر بە زگماک گێل بن... یان خۆیان گێل دەکەن!... بۆیێ وەها زەویەکەی خۆیان لەبیر کردووە لمووزی گرژیان بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوەو... بە مۆڕی یان بە زەلیلی و مل کەچی لە ئاسمان وەڕادەمێنن!!.

وەتا ماوەییێک لالێوێکی خۆی دەمژت... یان لە ناوەوە دەیکرۆژت ئەمجا هەناسەیێکی توندی

دەدایەوە و دەیگوت:

– کاکینە... جگە لە ئاسمان جگە لە هێزی هەور و با هێزی تر هەنە، لە هەور و لەڕەشەباش... بە تەوژم ترن و ئەم قاتی و گرانیەیان... لە وولاتدا پەیدا کردووە.

کاک ڕەسوولیش... بەبێ یەک و دوو سەددەقی بۆ لێ دەداو دەیگوت:

– ئەدی... کە باران نەبارین... هۆی ئەم قات و قڕیە بێ، چۆن هەموو شەو، بەدەیان کاروان لۆریە گەنم... لەپێش چاو... و گوێچکەی خەڵکی دێن و بەرەو ژێر تێدەپەڕن، یان دەڕژێنە عەمبارەکەی مام حاجی و تۆفیق بەگ!! ئەدی ئەم دەغڵو دانە... ئەم هەموو کاروانە گەنمانە لە کوێ دێن؟.

کاک ڕەسوول... سەرێکی دەهەژاندو ددانە گڕەکانی دەکردنە خەڵکەکە... تا لە دواییدا قسەکەی وا... تەواو دەکرد:

– بەڵێ... تۆما ڕاست دەکا، کاکینە ئەم قاتیە هۆی دیکەی هەنە!.

کە بیرم لە تۆمای هاوڕێم دەکردەوە، وام بۆ دەهات کە ئەم ڕەفیقە کۆنەی قوتابخانەم... زۆر گۆڕا بوو!... هەروەکو ڕۆژانی قوتابخانە... لاوازو ڕەنگ زەرد بو... بەڵام سینگی پانترو پتر بەرەو ژوور کشابوو... و بالای بەرز ببوو!... لێوەکانی... هەروەکو جاران باریکیان لەسەر نیشتبو... بەڵام... ئەستوورتر و توندترو... کشت تر... دەهاتنە بەرچاوم، دەست و باسک و بازووی... وەکو ڕۆژانی قوتابیەتی هەولێر... باریک نەمابوون... لەپی دەستەکانی زوور و... ئەنگوستەکانی گرژتر، باسک و بازووی ئەستوورتر ببوون، هەروەها جۆری بیرکردنەوەشی چوبوە بارێکی دیکە،... لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

– ڕەنگە لەماوەی ئەو دوو ساڵەی قوتابخانەی بەجێ هێشتووە و کەوتۆتە ناو گێژەلووکە و گیروگرفتی ژیان و... ئەم گۆڕانەی بەسەردا هاتبێ!.

تۆما... دوو ساڵ بوو لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک کاری دەکرد، لەم دواییەش، لە کارەکەی وەدەریان نابوو!... ئەویش بە ناچاری گەڕابوەوە گوند و سەری... بەسەری خزمەکانیەوە نابوو.

هەندێک کەس دەیانگوت:

– پاش لەکار دەرکردنی، ماوەیەک خراوەتە بەندیخانەی کەرکووک و ئازارێکی زۆریشی... بەو هۆیەوە چێشتووە!.

هەندێکی دیکەش... لەبابەت مەسەلەکەی تۆما... وایان دەگوت:

– سەبارەت بەو بزۆزی و زمان درێژی خۆی بوو، لە کۆمپانیاکە و لەسەر کارەکەی دەریان کردووە!!.

بەڵام... ئەمن هەر چەندە هەولم دەدا وەچۆنیەتی دەرکردن و جەزرەبەدان و حەپس کردنەکەی تۆمای هاوڕێم بکەوم، نەدەگەیشتمە ئەنجامێک چونکی ئەو برادەرەم باسی خۆی... ژیانی خۆی و چۆنیەتی خۆی نەدەکرد، هەر کاتێک لەم ڕووەوە پرسیارێکم لێکردبا، خۆی لە پرسیارەکەم بەسەر دەبرد، خۆی لە مەسەلەکە گێل دەکرد، بە بزەبێکەوە سەرشانی دەگرتم، هەندێک دەیهەژاندمەوە و... لەسەرخۆ دەیگوت:

– کوڕە، گوێ مەدێ... مە!!.

ئەم چۆنیەتی و تەبیاتەی تۆما، منی دەخستە دەریایێکی بیرکردنەوە. دەریایێکی قوولی بێ بن... دەریایێکی شێلوی... لێڵ هەموو ئەو شەوانەی دەهێنامەوە یاد... کە هەتا سپێدەی بەیانی لەبەر دەنگی گڕەی لۆری و هەراوهۆریای حەمباڵەکان... خەو نەدەچووە چاوەکانم، ساتێک هەسانەوەم نەدەدیت، مێشک و دەروونم وەک مەنجەڵێک شیر دەکوڵێن... دەکوڵێن... هەڵدەچوون...و ...کەفیان هەڵدەدا تا

یەقینم بەوەدا هات... کە ڕاستە دەردەکە تەنیا دەردی وشکی ساڵ و بێ بارانی نییە! و... لەگەڵ خۆم دەگەیشتمە بڕیاری ئەوەی کە:

– خەڵکەکە... هەڵخەڵەتاون...

– ئەم عالەمەی گوندەکەم نەفامن... بە ساویلکەیی و تەسک بیر دەکەنەوە!!...

بەڵێ خەڵکە هەژارە برسیەکە سادەیە و هەڵخەڵەتاوە خۆشبڕوایی و ساویلکەییەکەی لێ بۆتە دەردێکی گران!.

– ئەوەتەی دێتەوە بیرم، شەو... ڕۆژان پاڵ دەدەن... ڕۆژ... تاریکی شەوان دەڕەتێنن، ساڵ... ساڵان لادەدەن... و... جێگای یەکتری لەق دەکەن و دەگرنەوە!... هەموو ئەو ساڵانەی دونیا... وشک و نەبار... یان کەم باران دەبێ، خەڵکەکە بەسەری کۆت و پێی خاوس، وەدەشت و چۆل دەکەون... گوند و ئاوایی بەجێ دەهێڵن! نوێژی باران دەکەن لەخوا دەپاڕێنەوە، لەو دەشت و دەرە... بەزگی برسی سەما دەکەن و هەڵدەپەڕن، لەناو مزگەوت... لەناو کۆڵانە تەسکەکانی گوند... وەکو مەیموون دەلەیزن، ڕوو لە ئاسمان دەکەن... دەپاڕێنەوە... تا بارانیان بۆ ببارێنێ!... جا ساویلکەیی و هەڵخەڵەتان... ئەگەر ئەمە نەبێ... دەبێ چی بێ؟.

– کە لە گەرەکی موسوڵمانان، خەڵکەکە یەکی دەگرتەوە و کۆدەبوەوە دەچوونە نوێژە بارانێ، مەلۆ...ی گاوان هەردوو بەری دەستی لەبن مەنجەڵێک هەڵدەسوون، بە تەنیی مەنجەڵەکە ڕووی خۆی ڕەش دەکرد... پیستە بزنێکی تیسک درێژی وەک فەرەنجی لەبەر دەکرد، لە هەر تیسکە مووێکی پیستەکە... زەنگوڵەیێک پلپلەیەکی تەنەکە... مووروێک... پارچە ئاوێنە شکاوێکی قایم دەکرد و... دەکەوتە پێش حەشامەتەکە، خەلیفە سەرسۆر و دەروێشەکانی... بەدەف لێدان و شیر وەشاندن... لە پێش خەڵکەکە وەردەچەرخان و سووڕیان دەدا... زیکر و جلیتبازیان دەکرد، مەلۆ... ی... گاوان پێشەنگ بوو، لەو دەشت و دەرە... وەک دەنکە تەزرە... هەڵدەزۆقیەوە و... قون... قون... بە زەویەکە دەکوتا و لەناو خۆڵ دەگەوزی و هاواری دەکرد:

– یا... ڕەببەنا... یا ڕەببەنا!!...

حەشاماتەکەی دواوەشی... بە مەلا و... حاجی... و دوکاندارو... ڕەزەوان و خەلیفە و... سۆفی... و ڕدین سپییەکانەوە... ئەمانەش... هەموو بە یەک دەنگ... لەگەڵ دەستەی فەقێیەکانی مزگەوت و... هەرزەکارەکانی گوند... لە مەلۆیان وەردەگرتەوە و هاواری خودایان دەکرد:

– یا... ڕەببەنا یا ڕەببەنا...!.

بەڵام بانگەکەی... دەوڵەمەند و توجارەکان و... پیاوەکانی ئاغا... وەکو هاوار و دادی... هەژار و برسیەکان بە سۆز و کول نەبوو... لەگەڵ فرمێسک تێکەڵاو نەدەبوو، ئەمانە... هەر لێویان دەجوولا... کەس نەیدەزانی چییان دەگوت... دوور لە حەشاماتەکە دەوەستان... یان بە هەنگاوی بایی دەجوولانەوە... لە دوای... دواوەی خەڵکەکەش... ئێمە... منداڵەکانی گوند... هەر تەنیا منداڵی کوڕ، دەمان کردە ڕۆژی حەشر... خۆمان بە ڕیزەکان دادەدا... دەچوینە ناویان... هەڵدەپەڕین هەر یەکەمان لە ڕاستی خۆی بانگمان دەکرد و دەمان چڕاند:

هەیاران و... مەیاران

یاخودا بباری باران

بۆ فەقیر و هەژاران

لەم ڕۆژی حەشرە... لە هەموو گوندێک... لەهەموو شارۆچکەیێک... بگرە لە هەموو... ناوچەیێک... ئەم نوێژە بارانە دەکران، جگە لە ژن وکچەکان... کەس نەدەما بەشداری ئەم بەزم و ڕەزمە نەکا!.

خەڵکە ساویلکە... هەڵخەڵەتاوە خۆش بڕوایەکە، بەم ڕەنگە دەجوولانەوە و دڵی خۆیان دەدایەوە!... وەهاشیان حیساب دەکرد... کە دڵی خوداشیان بۆ دەنکە ڕەحمێک... بۆ دڵۆپە بەزەیێک... بۆ تنۆکە بارانێک... بۆ دەنکە گەنمێک بزاندووتەوە... جاریش وا دەبوو... خودای گەورە بە لوتف و مەرحەمەتی بێ پایانی خۆیەوە... مرازی خەڵکەکەی دەدا و دەیکردە باران.

هێوارانیش... کە خەڵکەکە دەگەڕانەوە ناو گوند، ئێمە... منداڵەکان... لە هەموو گەڕەکەکان کۆدەبووینەوە، وا دەبوو... لەگەڕەکی دیان و جوولەکانیش... منداڵ... کوڕ و کچ لە گۆڕەپانەکە کۆدەبووینەوە و لاسایی گەورەکانمان دەکردەوە... تا نیوەشەو بووکە بە بارانێمان دەکرد، بەناو گەڕەکەکاندا دەگەڕاین و دەگەڕاینەوە:

بووکی مە... بارانی دەوێ

شیری... کچۆلانی دەوێ

هێڵکەی... بارۆکانی دەوێ

ئایشەگوڵی هاوتەمەنو هاوسێم، بووکە بەبارانەکەی هەڵدەگرت، بە دەنگە ناسکەکەی بانگی دەکرد:

بووکی مە... بارانی دەوێ!

ئێمەش هەموو بەیەکجار... لێمان دەگێڕایەوە:

هێلکەی بارۆکانی دەوێ!

لە زۆربەی ماڵەکانی گوندیش... خەڵکەکە دەرگایان لێ دەکردینەوە و گوێزو مێوژو نوقڵیان دەداینێ، یان دەچوونە سەربان و لەسەر سواندەکان... بە دەستمەنجەڵە ئاوێک... بووکە بەبارانەکەو ئێمەشیان ئاوڕێژ دەکرد، بەم هۆیەشەوە... گوڵێی ڕەفیقم لە هەموومان تەڕتر دەبوو، وەک بووکەکە... ئەویش ئاوی لێ دەچۆڕایەوە.

ڕووی ئاسمان هەتا دەهات گرژتر دەبوو، هەوران لووتیان لەزەوی چەقاند، کە گەیشتینە لۆفە درێژەکەی بەنی پیبرمەم، برووسکە... وەک تیریکێ ئاگرین... ناوجەرگەی هەورەکانی شەق کرد، گرمەی هەور زەوی دەلەرزاند... لە ئەشکەوتەکان دەنگی دەدایەوە، باران دەستی پێ دەکرد، ڕەهێڵەیێکی توندی سەر بە کلاوەی بەهاری بوو، دونیای ئەو ناوەی دادەگرت و تاریکی دەکرد... ماوەی بینینی نەدەهێشت، تۆماس... ی... شوفێر بە ناچاری ئۆتۆمبیلەکەی لەسەر پێچەکە لاڕێ کرد... و... ڕای گرت، بۆخۆی دابەزی بۆ ئەوەی ماکینەکەی بە پارچە موشەممایەک داپۆشێ، کە ئەو لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی، ئێمەی نەفەرەکانیش خەریکی داگرتنی پەردەی پەنجەرەکانی پاسەکە بووین، کە لە پڕ... لە ڕیزەکانی پشتەوە عەزۆ... بە دەنگێکی بەرزو ترسێنەر هاواری کرد:

– لائیلاها... ئیلەڵلا... موحەممەد... ڕەسولەڵلا!!.

وە بە دەنگێگی بلندتر و گڕ... لەبەر گریانەوە دەیقیژاند:

– ڕوح... دەبارێ... ڕوح... ڕوح دەبارێ!.

عەزۆ لەگەڵ هاوار و قیژە قیژەکەی... گەرووی دەگیرا، گریان... بۆڕی گەرووی پڕ دەکرد... دەنگی

دەنووسا... تووشی حاڵەتێکی هیستیری شێتانەی سەیر دەبوو، لەسەر تەختەی ناو تۆمۆبیلەکە... دەست و پەلی بەهەموو لایەک دەوەشاندن، بەدانیشتنەوە لەسەر تەختەکە هەڵدەزۆقیەوە، هەڵدەپەڕی وەک باوک مـردوو... خـۆی بۆ ئەولا و ئەم لای... دەهەژاندەوە، فـرمـێـسـک... بەگـوڕ لە چاوەکـانیـەوە دەڕژانە ناو ئوتومبیلەکە،... جار لەدوای جار... بە توندی دەینەڕاند:

– ڕوح... دەبارێ!... ئەها... ها... ها... خودا... پێغەمبەر... شوکر!!.

وە بەهەردوو بەری دەستی لەڕانی خۆی دەدا... لەسەر تەختەکە هەڵدەزۆقیەوە، هەتا لە هیکرا بەرەو دەرگـای پاسەکـە ڕاپەڕی... دەرگـایەکـەی کردەوە و خـۆی تێ هەڵدایە دەرەوە سەر شـەقامـەکـە، بەر باران لەسەر جادەکە... سێ جرتەکی لێ دەدان و هەر هاواری دەکردو دەینەڕاند:

– ڕوح... دەبارێ... ڕوح!.

ڕێژنە بارانیش بەهەموو هێزی... دەیکوتایەوە!.

نەفەرەکـان... بەشێوەی شتێانەی عەزۆ و جولانەوە هیـستیریەکەی یەکجار تێکچوون، هاوار و قیژە و پاڕانەوەکەی عـەزۆ... هاتووچۆو هەڵبـەزینەکەی لەسەر چەقی جادەکەو... لەژێر ئەو ڕەهێڵە توندە! کـارێکی سەیری کـردنە سەر، ئەوانیش... بەشی زۆریان بەبێ دەستی خۆیان... دایانە گریان... گریانێکی کڕو بێ دەنگ... هەندێکیـان... چاویان فرمێسکی تێ دەزاو... فرمێسکەکان... سەریان دەکردو بێ دەنگ دەڕژانە بەر پێیـان، هەندێکیشیـان چاوی ئەبڵەقیـان کردبووە جامە شێلووەکەی پێشەوەی پاسەکە... لێوەکـانی خـۆیان دەکـرۆژتن!!... دەیان ویست خـۆیـان بگرن و ڕسـتـەی سـۆزو عـاتیـفـەیان... هەروا رسـتـەی فـرمـێـسکەکـانیـان... نەپسێ، ئەو نەفـەرانە کـە خـەریک بوون پەردەی پەنجـەرەکـانی ئۆتۆمـۆبیلەکـە... دابدەنەوە... دەستیـان شل بوو، بەو هۆیەوە بارانێکی زۆر... لەگەڵ با... هوروژمی هێناو... ناو پاسەکە پڕ بوو لەئاو!!.

بە گشتی چۆنیەتی نەفەرەکان... پشێوی و سەر لێ شێوان و... بێ دەسەلاتییێکی تەواویان لێ ئاشکرا دەبوو، منیش... وەکو زۆربەی نەفەرەکـان... ئەوەندەی هەوڵـم دا خۆم پێ نەگیـرا... منیش... وەکـو ئەوان، ئاو... بەگـوڕ... وەکو بارانە سـەر بە قەپووچکەکە... لە چاوەکانم دەڕژایە بەر پێم و... تێکەڵ بە ئاوەکەی ناو کـەلەشی ئوتومـبیلەکە دەبوو، بەبێ ویسـتی خـۆم... لەشم دەلەرزی و لێـوەکانم دەجـوولانەوە، لەگـەڵ خۆم... بەنیوە گرینۆکی منگەم دەکرد:

هەیاران و... نەیاران

یاخوا بباری... باران

بۆ فەقیرو هەژاران

بەبێ دەستی خۆم... جڵەوی سۆزو غەریبیم لەدەست بەردەبوو، بەبێ قەست... بێ موناسەبەت... هەر لەبەر خۆم دەمگوت و دەمگوتەوە:

هەیاران... و... نەیاران

نازانم... چۆن و... بۆچ لەوکاتەدا... لەناو ئەو هەمـوسۆزو ئینفعـالاتـەمدا... ئەو ڕۆژەم دەهاتەوە یاد... کە خەلیفە سەرسۆر و دەورێش قادر و... ئەوانی دیکە، لەسەر شەقامەکەی گوند... هەڵدەپەڕین... شیـر بازیان دەکـرد... کـەوتبـوونە سـەمـاو... لەیزین!!... ئەو ڕۆژەی کـە بیـرەوەری لە دایک بوونی خـاوەن شکۆ بوو!!... هەر ئەو ڕۆژەش بـوو... کە تەرمی باوکمیـان... بەکرێ و بێ دەنگی، بەرە و گـۆڕ دەبرد!!... هەروا

ئەو ڕۆژەشم... وەکو بروسکە بەیاد دا... دەهاتەوە... کە خەلیفە سەرسۆرو دەروێشەکانی... لەهەمان جێگا... هەڵدەپەڕین و شیرو زەرگەبازیان دەکرد، لە دەوری شێخەکەیان... شێخ قطبالدین... سەمایان دەکرد، پەلاماری کچە بچکۆڵە هاوڕێیەکەمیان دەدا... بەرەو تۆمۆبیلە تەنتەکەی شێخەکەیان ڕەکێشیان دەکرد. لەبەر فرمێسک باراندن و لەگەڵ ئەو فرمێسکانەی لە ئاسمانە لێڵ و تەماویەکە دەباریـن... ئەو دیمەنە ڕابوردوانەم بەخەیاڵدا... دەهاتنەوە، لام وابوو فرمێسکەکانی من... کە دەڕژانە ناو کەلەشی پاسەکەی تۆماس... و... فرمێسکەکانی دایکی گوڵێی هاوڕێم... فرمێسکەکانی ئەو ڕۆژەی کە کچەکەیان لێ دەرفاند... وە یەکچوونێکی زۆریان لە نێواندا هەبوو!!... لەسەر چاوەی وەکو یەک هەڵدەقوڵێن... وەکو چۆن ژیانیشمان... وەیەک دەچوو... لەیەک زەمینەو لەیەک ئاو... و... هەوادا... سەری هەڵدەداو ئاوێتەی دەکرد!.

عەمەرو... تۆماو... کاک ڕەسوولیش... لەناو ئۆتومبیلەکە مچ و مۆڕ... هەڵگەڕابوون... چاویان لە جادەکە چەقاندبوون... لچی خۆیان دەکرۆژت، لە حەیفان... لچیان دەکرۆژتن!... بەوڕی و زوێرییێکەوە... لە چۆنیەتی ناو پاسەکەو جولانەوە هیستیریەکەی عەزۆ... لەسەر شەقامەکە... بە وڕی و زوێریەوە لەو دیمەنە ڕادەمان!.

لەناو لێزمەی باران و... شریقەی برووسکەو... هەورەکان، تۆماسی شوفێریش... هەر خەریکی داپۆشین و پنج کردنی کون وکەلەبەری لمووزو ماکینەی پاسە شڕەکەی بوو!!... ئەویش لەبەر خۆیەوە فنەفنی دەکرد... بە باسکی چاکەتەکەی لێزمەی ئاوی بارانی لەدەم و چاو... و... ڕووی دەستڕینەوە.

بە چاوی فرمێسکاوی و دەروونی کول و هەستی بریندارم، سەرێکم لە عەزۆ... هەڵبڕی کە شەقامەکە وەکو تۆپە پەڕۆییێکی زل دەیهێناو دەیبرد و دەیقۆزیەوە، تەشکی کورتەکەی وەکو سوولاوکە... ئاوی لێ دەچۆڕایەوە، سەیرتر ئەوە بوو... کاتێ سەیری عەزۆم دەکرد... پتر خەم و پەژارە هەڵی دەگلۆفتم و ئایشە گوڵی ڕەفیقە چکۆلەکەی منداڵیم... دەهاتەوە بەر چاو!!... کە پێش دە ساڵ... دە ساڵی پڕ تەم و مژو ئەشکەنجە... پێش دەساڵی دوورو درێژ... بە گۆلە گەنمێک... بەچەند دەنکە گەنم و جۆییێک... بە شێخ قطب الدینیان فرۆشت، ئەو ئایشەگوڵەیش... خوشکی دایک و بابی ئەم عەزۆیە بوو!!.

لەگەڵ ئەم یادکردنەوانەشدا... چەند پرسیارێک وەکو برووسکە... بەمێشکم دا دەهاتن و تێدەپەڕین... و... دیسان لە مێشکمیان دەدایەوە... لام وا بوو پێویستی بەوە دەکرد... کە ئەو پرسیارانە لە عەزۆ بکەم، بەڵام لەو هەڵوێستەدا... لەگەڵ ئەو چۆنیەتیەی عەزۆدا... چۆن بۆم دەکرا... پرسیارەکانی لێ بکەم؟... ناچار ئەو پرسیارانەم بەرەو ڕووی خۆم دەکردنەوە:

– ئایا... عەزۆ... خوشکە بچکۆلەکەی لەبیر ماوە؟

– ئایا یادێکی ئەو خوشکەی دەکاتەوە و... سەر و سۆراخێکی دەزانێ؟

–ئایە... ئەم چۆنیەتیە شێتانەیەی عەزۆ... بە جۆرێک دەگاتەوە بە مەسەلەی... خوشک فرۆشتنەکەی و پەیوەندیەکیان بە یەکەوە هەیە؟

بێگومان... بۆ ئەم پرسیارانە... وەڵامێکی وەهام بۆ نەدۆزرایەوە... کە دڵم لە گەڵیاندا ئاو بخواتەوە، بەڵام لەناو دەروونی خۆمدا... بیرم لەوە دەکردەوە کە:

– ئەگەر... یادکردنەوە شتێک بگەیەنێ!!.

بەلای منەوە... ئینسان... هەتا ئەویتر... هەتا ئینسانەکەی دیکە... کەڵکی لێ وەردەگرێ، هەتا لەبەر چاوی حازر دەبێ، ئەوا لە لای دیارە و دەیبینێ!. چاویش... شەرم لە چاو... دەکا، بەڵام وەختێک کە ئەو

ئینسانه... بۆ ئەم بێ کەڵک بوو، یان لەبەر چاوی وون بوو... جا سەبارەت بە هەر هۆیەکیەوە هەبێ کە پەیوەندی بەوەوە نەبێ... ئەوا وجودیشی نیسبەت بەویتر... وردە... وردە... دەسوێ و شێلوو دەبێ!!... وە ئەگەر رووبدات جارێک... یان چەند ماوەیێک یادیشی بکاتەوە... ئەوا یادکردنەوەکەشی... دەبێتە چەشنە عادەتێک... دەبێتە چاولێکەری، پاش ئەو ماوەیە... وەکو زنجیرەی شەپۆلی گۆمێکی شلەقاو... تێکەڵاو دەبێ و شوێنەکەی ڕەش دەبێتەوە! بەتێپەڕینی ساڵانی ژیان... هەموو ئەو یادگار و وجودەی لوول دەدرێ و دەپێچرێتەوە و لە ئەنجامدا ئەو ئینسانە... وەکو هەر نەبووبێ و نەژیابێ... بۆ یەکجاری فەرامۆش دەکرێ!!... ئەمەش... ڕەوشتی کۆمەڵی ئادەمیزادە... تا ئێستاش ئەوە ئاشکرا نەبوویتەوە، ئەگەر لە دونیای حەیوان و بەستەزمانیش ئەم ڕەوشتە... هەبێ... یان... نا!!.

لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیە و... پرسیار و وەڵامە دەروونیانەی خۆم، بیری تریشم بۆ دەهاتن... پرسیاری تریش لەبەر چاوم دا... لەسەر پەردەی مێشکم دا دەنگ و ڕەنگیان دەدایەوە و... لە دەروونم دا سەریان هەڵدەدا:

– ئەدی... بۆچی دایکم بەم هەموو خۆشەویستییە منی خۆش دەوێ؟

– دەبێ ئەم هەموو خۆشەویستییەی، لەبەر ئەوە نەبێ... کە بوونی من درێژە بە بوونی خۆی دەدا!!.

– یان دەبێ ئەو هەمو خۆشەویستییەی، بەشێکی ئەو هەمو خۆشەویستییەی من، سەبارەت بەوە نەبێ، کە من وەکو هیوایێک حیساب بکاو بە ئیمتیدادی هیوایەکانی خۆی بژمێرێ.

– یان... ئەو... وجودی خۆی... کیان و بوونی... لە کەیان و بوونی... من... بەدی بکا؟

لە ئەنجامی ئەم بەراوردو موناقەشەی زاتی و دەروونیەم، گەیشتمە ئەوەی کە:

– مرۆ... تا ئەو کاتەی سوودبەخش دەبێ. کەڵکێکی بۆ کۆمەڵ و دەوروبەری خۆی دەبێ، هەتا... جێگایێک... شوێن پێیەکی... لەسەر پشتی ئەم زەویەمان هەیە و دیارە... ئەوا خۆشی دیارە، دەنا کە ئەوە ساغ بووەوە... کۆمەڵ و ئەوانی دیکە بۆیان دەرکەوت کە بێ کەڵکە و ئومێدی سوودێکی چاکە و خێرێکی لێ ناکرێ... ئەوە ئەگەر بەسەر و کەللە و شان و کەلەش... ئەوەندەی چیای سەفین و ئەهرامەکانی میسر و قەڵاتە پیرەکەی هەولێریش بێ، ئەوانی تر... یان هەر سەری بۆ هەڵنابڕن... یان لێی لا دەدەن، یان ئەگەر بێتوو بە جۆرێک سەیریشی بکەن، ئەوا لەبەر چاویان دەتوێتەوە و گچکە دەبێتەوە... و ... وەکو زیندەوەرێک... بچووکتر و کەمتریش... دێتە بەرچاویان!.

ئەمەش وای لێ دەکردم یەکسەر مەسەلەی باوکم؛ و مردنی باوکم... وە لەبیرچوونەوەی لە مێشک و دەروونی خەڵکی گوند... لەبیری دۆستەکانی... دۆستە خواپەرستەکانی... هاوپەیمانەکانی ڕێگای بەهەشتی، لە بیرچوونەوەی هەتا لە هەست و نوستی دایکم!!. ئەمانەم لە کەللەدا دەزرینگانەوە، بەڵام بۆ ئایشەگوڵ... و... بۆ عەزۆش... بۆ وەڵامی پرسیارەکەی:

– ئایا عەزۆ خوشکەکەی لەبیر مابێ؟... یان سەرو سۆراخێکی دەزانێ؟!... من لای خۆم یەقینم وابوو کە پترم لەسۆراخی ئەو کچە بچکۆڵە... دەستەخوشکە ستەم لێ کراوەی... خۆم دەزانی... من پتر لە عەزۆی برای سۆراخی ئایشەگوڵم دەزانی، چونکی لەو دواییەدا دەنگ بڵاو ببوەوە کە:

– کچەکە گەییوە و تامی خۆش بووە!... بیری کچانە و ژنانەی کردۆتەوە، لە ئەندامەکانی لەشی شارەزا بووە!... سەودای وجودی خۆی بووە و هەستی بە تەوژمی خوێن و لێدانی دڵی لاوی کردوە، خۆی وەکو ئافرەتێک ناسیوە، ماڵی شیخ قطب الدینی... جامبازە کریارەکەی بەجێ هێشتووە!!.

هەندێکیش دەیانگوت:

-شێخ... حەزرەتی شێخ... خۆی لە ماڵی خۆی دەری کردووە، بە بیانووی ئەوەی کچەکە ویستبێتی خوو... و... ڕەوشتی کوڕە زەبەللاحەکەی شێخ تێک بدات!!؟.

بەم پێیە و بە گوێرەی قسە و قسەلۆکی خەڵک و خوا... ئایشەگوڵ بێ سەرو شوێن ببوو!... باوکیشی ئەو کاتە ماوەییێک بوو ئەمری خودای گەورەی بەجێ هێنابوو... و چوبوە ڕێگای هەق، عەزۆش... هەرگیز تاقە جارێک کەس لێی نەبیستبوو... ناوی ئەو خوشکەی بەسەر زاردا هاتبێ!!... مەگەر هەر بۆ ئەوەی وەڵامی هەندێک کەسی زمان درێژ... ئەوانەی خۆیان تێکەڵ بە کاروباری تایبەتی خەڵکی تر دەکەن... مەگەر هەر بۆ وەڵام دانەوەی ئەم جۆرە کەسانە گوتبی:

-ئایشەگوڵ... ئەه...

هایهوو... هایهوو... ئایشەگوڵ دەمێکە مردووە... چووەتە دەرگانەی یەزدانی پاک و مەزن!.

پوور ڕابی... دایکی کچە فرۆشراوە... بزربووەکەشیان... یان مردووەکەش، پوور ڕابی... ئەو دەمە وەکو ئینسانێک... بەنی ئادەمێک نەمابوو، ئەم ژنە بەدبەختە، پاش فڕاندنی کچەکەی بەچەند مانگێک شەپلەدار بوو... دەست و پێی ئیفلیج بوون... زمانی لەنگ بوو... وەک کەڕو لاڵی لێ هات!!... عەقڵیشی شێوا... سپیی لێ بوو بە ڕەش!... هەتا ئێستاکەش... لەگەڵ هەموو تەنگانە و چەڵەمەی ژیانیشیدا... لەگەڵ ئەو هەموو کارەسات و پاڵەپەستەی ڕۆژگاریش... هێشتا هەناسەی هەر دێت و دەچێ!!... ئەو دایکە کلـۆڵە وەکو کۆڵکە دارێک بە دیواری ژووره تاریکەکە هەڵپەساردراوە... بێ ئەوەی ئاگای لە سووڕانی زەوی و چەرخی فەلەک و کاروانی نەپساوەی ژیان بێت!!.

چەند ڕۆژێک بەسەر فرۆتنی گوڵێی هاوڕێم تێپەڕ ببوو، لە کۆڵانە تەنگەکەی بەر ماڵی پوور ڕابی تێدەپەڕیم، غەریبی گوڵێم دەکرد! ئارەزووم بۆ دیتنی کێشابوومیە... کۆڵانەکە، دەمەویست وەکو ڕۆژان لەبەر دەرگای ژوورەکەیانەوە... بانگ ڕابهێڵم:

– گوڵێ؛ هۆ... هۆ... گوڵێ، وەرە بچینە گەمان!.

کاتێ گەیشتمە نزیک دەرگای ژوورەکەی ماڵی گوڵێ... ساردبوومەوە! ویستم پێچ بکەمەوە و لابدەمە کۆڵانەکەی دیکە!... چونکی ئەو کاتە وە بیرم هاتەوە... کە گوڵێ نەماوە!... ئەگەر بانگیشی بکەم:

– هۆ... ئایشەگوڵ... وەرە... وەرە... بچینە گەمان... وەرە بچینە ناو ڕەزان!... کەس بەدوای بانگەکەمەوە نایێ!.

هێشتا پێچم نەدابووەوە، دایکی گوڵێ... سەری لە دەرگاکە دەرهێنا و دەستێکی لێ هەژاندم:

– وەرە... وەرە...

وە بە دەنگێکی نووساو... و... زمانێکی لالە پەت... بانگی کردم:

شێرکۆ گیان... وەرە شێرکۆ... وەرە گوڵێ ببە!... وەرە دەستی گوڵێ بگرە و پێکەوە هەڕوونە گەمان!... وەرە شێرکۆ گیان ڕۆڵەکەم... وەرە... گوڵێ بە جێ مەهێڵە!.

ئەو کاتە... پشتم لە دایکی ئایشەگوڵ بوو، بە چاکی لە بانگەکەی حاڵی نەبووم... لێم تێک چوبو... کە دایکی گوڵێ چی دەڵێ!!... چی دەوێ!؟. تەنیا ئەوەی دەمزانی و... وە بیرم هاتبووەوە... ئەوەبوو کە ئایشەگوڵی هاوڕێم لە ژوورەکەدا نەماوە و... ناتوانێ وەکو ڕۆژان ڕابکاتە لام و دەستی یەکتری بگرین و

بەغاردان و هەڵبەزین... بۆ ناو ڕەزان شۆڕ ببینەوە، لەبەر ئەوە تێم تەقاند و بە ڕاکردن لە کۆڵانە تەسکەکە سووڕامەوە و خۆم لە پوور ڕابی...م... وون کرد.

لەو کاتەی لەناو پاسەکەوە، لە عەزۆی برای گوڵێ وەرادەمام و ئەو پرسیار و وەڵامانەم لەخۆم دەکردن و وەردەگرتنەوە، ئەوەم دەزانی کە ئەوەی لە هەمـوو کەس... لە خەڵکی گوندەکەمان... ئەوەی لە عەزۆش و لە شێخ قطب الدين و لە کوڕە زەبەڵلاحەکەشی... پتر سۆراخی ئایشەگوڵی دەزانی؛ یەکێک بوو یەکێک... ئەویش من بووم، من باشتر لە عەزۆ و لەم هەمـووانە ئاگام لەچۆنیەتی ئایشەگوڵ بوو، گوڵێی ڕەفیقی منداڵیم... کەپێش دەساڵ... بە مستێک گەنم و دوو مستە جۆ... هەروا لە ڕێگای خودا و حوکمی ئیسلامەتیش!... وەکو دەروێشەکانی خەڵکی ئاوایی دەیانگوت... شێخ لە باوەشی دایک و باوکی... لە هاوڕێیەکانی منداڵیی وەکو من فڕاندی.

دەزانن... ئەمەش چۆن بوو... و چۆنە؟ چۆن من لە هەموویان پتر سۆراخی گوڵێی هاوڕێم دەزانی؟ گوێ بگرن بۆتان بگێڕمەوە چۆن بوو!:

بەهاری پار کە لە هەولێر دەمخوێند، لەگەڵ چەند هەواڵێکی قوتابخانەم، لە گەڕەکی تەیراوە؛ لە خانوویێک دەژیاین، ڕۆژێک لە ڕۆژان... بەیانی بوو... تازە ڕۆژ هەڵدەهات، بە وەڕەسی سەرم هەڵگرت چوومە دەرەوە، تیلمە کۆڵانەکانی گەڕەکم دەپێچانەوە... بەرەو قوتابخانەکەم دەکشام... چونکی ڕۆژ هێشتا زوو بوو... ماوەیێک بۆ لێدانی زەنگی چوونە دەرس... مابوو... بۆیە بامدایەوە گەڕەکە خانووە قوڕەکانی سەر بەست، چەند هەنگاوێکم لەناو گەڕەکەکە نەهاویشتبوو، لە یەکێک لە ماڵەکانی دەستە ڕاستمەوە... دەنگێکی کچانەم هاتە گوێ... بانگی کرد:

– شێرکۆ... شێرکۆ!

لەگەڵ بانگەکە...، چاوقوچانێک لە ڕێگایەکە سەنگرامەوە گوێم ڕایەڵ کردن، دەنگەکە دووبارە هاتەوە گوێم:

– شێرکۆ... شێرکۆ!

سەرم لە بانگەکە سوڕ... ما... لە دڵی خۆمدا... دەمپرسی:

– دەبێ کێ بێ لەم گەڕەکە لە بیرکراو و... ئافارۆزکراوەی ئەم شارە پیرە من بناسێ؟ کێ؟

لەناو ئەم سەرسوڕیەو پرسیارانەدا... دەنگەکە دیسان لە پەردەی گوێچکەی دامەوە:

– ئەرێ... تۆ شێرکۆی مام سۆفی نەورۆز نیی؟

وەکو بڵێی... کچەکە... لەناسینەوەکە... دوو دڵی و گومانی لە چاوەکانی پەیدا کردبێ!!.

کچێکی باریکەڵانەی سووروسپی... باڵابەرزی چاوشین بوو، لە دیوی ژوورەوە خۆی بەلاییێکی دەرگا گرتبووەوە، بەدەستێکی بەلاچکە چارۆگە سپیەکەی دەم و لووتی شاردبوونەوە.

لە جێگاکەم تاسام، نەمدەزانی چۆن وەڵامی پرسیاری کچەکە بدەمەوە کە ئەو، بەهەمـوو باوەڕیەوە بانگی کرد:

– شێرکۆ... بە قورعان ئەتو شێرکۆی؟

وە بە واتەییێکی پڕ گلەیی و توندی پرسیەوە:

– شێرکۆ... ئەوە نامناسیەوە... ها!

لەسەرخۆ بەسەرسامییێکەوە سەرم دانەواند و چاوم بڕیە ژێر پێم کەپێم گوت:

– ناوەڵڵا خوشکێ... تۆ کێی؟

کچەکە هەناسەییێکی توند و درێژی خواردەوە و بە دەنگێکی ناسک و شەرمنانە گوتی:

– وە بیرت نایەتەوە؟ چەند لە کۆڵان بە یەکەوە گەمەمان کردووە؟

چەند شەوان لە ماڵی ئەنگۆ... لە ڕۆخ ئاگردانەکەتان... بەیەکەوە گوێمان لە حیکایەتی پلکە مێرێ گرتووە؟.

سەرم هەڵبڕی، ئایشەگوڵ لاچکە چارۆکە سپییەکەی لەسەر ڕوو لادابوو... نیگام تێکەڵ بە چاوە شینەکانی بوو.

هەر منداڵە ڕەفیقەکەی جارانی خۆم بوو، ڕووە سپی و خڕ و جوانەکەی هەروەکو خۆی بوو... بەڵام هەندێک گەشتر ببوو، چاوە شینەکانی هەروەکو و جاران بوون... بەڵام گەورەتر و بەرینتر و قووڵتر و ڕووناکتر دەهاتنە بەرچاوم!. دەست و پلە سپییە بچکۆڵەکانی هەر وەکوو خۆی بوون... بەڵام خڕ و خەپ پاک و شوش تر خۆیان دەنواند، دەم و لێوی هەر لەدەم و زاری ئایشەگوڵی هاوڕێیەکەی جاران دەچوو... تەنیا کە لێوەکانی نەختێک سوورتر و ئاودارتر ببوون.

ئایشەگوڵ... لەو دە ساڵ غەریبی و بێ سەرو شوێنییەی... وەکو ئافرەتێکی پڕ ژیان... ڕوا بوو... هەڵچوو بوو، بەژن و باڵای وەک نەمامێک هەڵکشابوو... ودرێژ و شلک و لەنجەدار ببوون، سینگی ئایشەگوڵ بەرزتر و پانتر دەهاتنە بەرچاوم، مەمکەکانی کراسە سوورەکەیان هەڵدابوەوە، ئەگەر ئەو بەرزاییەی سینگی لە گلێنەی چاوەکانم نەچەقیبان... پێم سەیر نەبوو نا... نا... زۆر ئارەزووم بوو بچمە لای... پەلی بگرم... ڕای بکێشم... بانگی بکەمەوە:

– گوڵێ... گوڵێ... با بچینە گەمان... با بڕۆین بچینە ناو ڕەزان!.

بەڵام ئایشەگوڵ لەو هەرەتە دەرچووبوو... ئەو کەوانە سەوز و سوور و ڕەنگاوڕەنگەی منداڵی بەزاندبوو... بۆی نەدەکرا جارێکی دیکە دەستم بگرێتەوە و بگەڕێینەوە ئەو دەور بەسەرچووە.

قەدەرێک لە بەژن و باڵای ئایشەگوڵی هاوڕێی منداڵیم... ڕامام، لە دەریای چاوە شینەکانی نقووم بووم، خەیاڵ... هەڵی گرتمەوە... گێڕامیەوە بۆ دە ساڵ... لەوەپێش، یەکە... یەکە کە بە کۆڵانەکانی گوندەکەم گوزەرم دەکرد، ڕووی مام مستۆ و دایکی جەمال لەسەر پەردەی ئاسۆی مێشک و بیرمدا... ڕەنگیان دەدایەوە، بە گردەکەی باویان هەڵگەڕامەوە دەچوومەوە بنار سەفینی... گردی دێرە... دایک و ساواکە بە ڕوومدا دەگەشانەوە، بە هەڵبەز... هەڵبەز... بۆ ناو ڕەزان... تا دەگەیشتمە دەم ڕووبارەکە... دەبەزیم، لەسەر کەپکێکی شاخە سوورەکە هەڵدەنیشتم، ئەو سەردەمەی دەوری منداڵیمان... منداڵی من و گوڵێ... منداڵەکانی دیکەی گوندەکەم... وەک شریتی سینەما بە بەرچاودا دەهاتن و تێدەپەڕین، لە چاوقوچانێک هەزاران ڕووداوی ئەو سەردەمەم... لە مێشکدا دەنگیان دەدایەوە:

– ئەو ڕۆژەی چووینە ناو ڕەزان... هێوارەمان بەسەر داهات... دونیا تاریک دەبوو!... ڕێگامان بزر دەکرد... دەستمان دەکرد بە گریان، ترس... هەناسەی پێ تەنگ دەکردین، دەهات زراومان بڕژێ کە دایکی من و دایکی گوڵێ بە شوێنماندا هاتن و هەندێکیان کوتاینەوە، و بەرەو ماڵەوە پەلیان دەکێشاین.

– کە پێکەوە... لەگەڵ منداڵەکانی گوند، چووینە گۆڕەپانەکەی بەر دەرگای مودیربەگ... تا دایکی جەمال ببینین!!

هەی ئاغاو... ئاغاو... ئاغە

چاوت پیاڵەی قۆنیاغە
دەنگی گوڵێی ئەو کاتە لە گوێمدا دەزرینگایەوە...
گوڵێ لاسایی دایکی جەمالی دەکردەوە!.

– ڕۆژی جەژنەکە... جەژنی قوربان بوو، من و گوڵێ لە دەرەوەی ڕیزی شاییەکە دەسوورِاینەوە!... کەلانگوچکی کچ و کوڕە شایی کەرەکانمان لێک گرێ دەدان، کە شاییەکە تەواو بوو... ڕیزەکان هەڵوەشانەوە... کوڕ و کچەکان نەیان دەتوانی لە یێک جودا ببنەوە!... خەڵکەکە دایانە قاقای پێکەنین... زانیان ئەو کارە هی من و گوڵێ و منداڵەکانی دیکەیە، لە شایی و زەماوەندەکە دەریان کردین... ڕاوی من و گوڵێ یان نا... هەتا لە گۆڕەپانەکە دووریان خستینەوە... بەڵام ئێمە بە پێدزە دیسان گەڕاینەوە.

– سەیرانەکانی نەورۆز و حەسەنی بەسری، سوورەحمان... دەرماناوا... شێرەسوار... کەمن و گوڵێ یان بە سواری گوێ درێژەکە، دەبردە شێرە سوار... ئێمە هەردوکیان... لە کەرێک سوار دەکردین، باوکی من یان مام وسووی باوکی ئایشەگوڵ لە تەنیشتمانەوە دەڕۆیشتن بە دەستێکیان ئێمەیان لەکەوتن دەپاراست.

لەگەڵ ئەم هەموو بیرەوەریانە... وورده... وورده... هوشیار دەبوومەوە... دەهاتمەوە عالەمی ئەو کاتەم، سەرێکم لە ئایشەگوڵ هەڵبریەوە... ئەویش بێ جووڵە لەبەر دەرگاکە دامابوو، چاوم تێکەڵی چاوەکانی کردنەوە، چاوەکانی گوڵێ پڕ ببوون لەئاو... فرمێسکیان لێ دەباری، بە زمانێکی نیوە لاڵ پێم گوت:

–بەڵێ... من شێرکۆم شێرکۆی کوڕی سۆفی نەورۆزم!.

وە ویستم... پتر لە گەلی بکەومە وتووێژ... کە ئەو بە پەشێوییێکەوە دووبارەی کردەوە:

– چۆن نامناسیەوە شێرکۆ!...

ئەمن ئایشەگوڵم... گوڵێمە... گوڵێی کچی مام وسوو... کە لە گرانیەکە فرۆشتمیانە شێخ قطب الدینی تەختەبەندی!!.

ئایشەگوڵ بەرکەوە... بە لێشاوێک جنێو... و قسەی خراپ و ناشرین... ناوی شێخی تەختەبەندی دەهێنا:

– فرۆشتمیانە ئەو شێخە خوانەناسە بێ ئابرووە!.

– دوژمنی خودا و ئیسلامەتییە!.

– ئەو شێخە ساختەیەی بەناوی خودا... خوێنی خەڵکی خودا دەمژێ و... ئابرووی خەڵکی خودا... دەتکێنێ!.

– ئەوە گورگە و لە پیستی مەڕە.

لەگەڵ ئەم قسانە گوڵێی ڕەفیقی منداڵیم... پتر تاسام، بە واق وڕماوی لە ناوەندی کۆڵانەکە چەقیم... دەمم گیرا... نەمدەزانی چ بە کچەکە بڵێم... چۆن دڵی بدەمەوە... چۆن هێدی بکەمەوە، یادگار و بیرەوەری دەوری منداڵیم لەگەڵ ئەودا... بەهێزتر تەوژمیان بۆ دەهێنام و مردنەکەی باوکم... جەژنی لە دایکبوونی خاوەن شکۆ... مام مستۆی بە دز گیراوی هەتک کراو... قەمچیەکەی ئەحمەد شەشخان ئەو دیمەن و ڕووداوانەم... هەموو لەبەر چاوم گیانیان دەهاتەوەبەر و لە بەرامبەر لووتم قیت دەبوونەوە، غەریبیم هەڵدەستا... حەزم دەکرد هەندێک بگریێم... سۆتووسوی دەروونم بەڕێژنە فرمێسکێک سارد بکەمەوە... بەتایبەتی لە ئەو ڕۆژانەی قوتابخانەشم کە زۆر تاڵ و پڕ ناسۆر بوون... حاڵم شڕ بوو... برسیەتی و نەبوونی وەک دڕندە دەمیان تێ نابووم... هەناویان دەخواردم، بڕیاری لە قوتابخانە هەڵاتنم دابوو، ئەم

چۆنیەتیەی خۆم و... ئەم سۆز و یادگار و ڕابووردوەی کچەکە هێنایەوە یادم و لە دەروونم زیندووی کردنەوە، برینی لەش و گیانمیان کولاندەوە، هەستیان پتر بریندار کردم... حالەتێکی سەیر... وەکو هیستریاییێک دای گرتم ئارەزووی ئەوەم دەکرد... هاوار... بکەم... هاوار... پڕ بە دەم و هەموو هێزمەوە هاوار بکەم... بەسەر ئەم دنیایە خوار و گێرە بقیژێنم!!... ئارەزووی ئەوەش کە کچەکە... گوڵێی هاورێی منداڵیم... وەکو سەردەمی منداڵیمان بگرمە باوەش... وەکو ئەو سەردەمە دەستی بگرم... هەڵی بگرم... ببیەمە ناو مێرگەکانی گوندەکەمان... لە بنار سەفین لەناو مێرگەکان گەوز گەوزانێ بکەین... یەکتر بشێلین... ئارەزووم دەیکێشام... پەلی کچەکە بگرم... پێکەوە بەناو گەڕەکەکانی گوندە خەمبارەکەمان... ڕابکەین... هەڵپەڕین... بچینە گۆڕەپانەکە... ناو هەڤاڵەکانمان... منداڵەکانی دیکەی گەڕەک... ئالقە بگرین... دیلانێ بکەین:

ئایشیلێ... ئایشیل... ئایشیل!؟...

بەڵام... کە خۆم بەرامبەر کیژێکی لاوی... شۆخی... باڵا بەرزی پێگەیشتوو دەدۆزیەوە، هەستم دەهاتەوە لای خۆم... بیرم باڵی دەگرت... دەفڕی... دەفڕیە لای نەخشینی خۆشەویستم کە دوێنێ ئێوارە بەرامبەر یێک وەستابووین و مگێزمان... ئاواتمان دەگۆڕینەوە.

ئایشەگوڵ... هەر لەبەر دەرگاکەیان وەستابوو... وەکو چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکانی بکا.

لە دڵی خۆمدا... یەکوو... دووم بوو... لێکم دەدایەوە:

– دەیانگوت... گوڵێ شەڕی بە کوڕی شێخ فرۆشتووە... ویستوویەتی خوو... و ڕەوشتی تێک بدا و خۆی بەسەردا ساغ بکاتەوە!!.

– دەیانگوت... ئایشەگوڵ ئابرووی ڕژاوە و ڕەدوو کەوتووە!.

بەرامبەر بەو بیرو هەستانەی ئەو کاتە بۆم دەهاتن... بەزەییم هەڵدەستا... شەرمێکی گەرم وەک تا دایدەگرتم، حەزم دەکرد وەڵامێکی کچەکە بدەمەوە... کە بەدەم و زارێکی تێک ئالاو گوتم:

– گوڵێ... ئایشەگوڵ... چۆنی... چۆن!... بەڵێ من شێرکۆم!.

لە دواییدا بە هێمنی خەبەری گوندم بۆ گێڕایەوە... بەتایبەتی ئەو دەنگ و دۆڵەی پەیوەندی بەئەوەوە هەبوو... و دەشیا بیانگێڕمەوە وام دەزانی ئەو لەم خەبەرانە بێ ئاگایە... کە پێم گوت:

– ئەدی چۆن!... سەردەمێکی زۆرە لە گوند باوە... کە گوایا ئایشەگوڵ نەماوە ... گوڵێ مردووە.

ئاهێکی گەرم و بەتینم هەڵکێشایەوە...

کچەکە سەرێکی هەژاند و بە تیزەوە گوتی:

– با هەر وا بڵێن... با هەر وەهاش بزانن گوڵێ نەماوە، با لە خەیاڵی ئەوان گوڵێ مردبێ ئەو گوڵێیەی ئەوان دەیانناسی... نەما!.

وە پاش کەمێک وەستان درێژەی بە قسەکانی دا:

– ئەمن دەزانم هێشتا شتی تریش دەڵێن... شتی ناشیرینیش... بەڵام ئەو عالەمە هەرچی دەڵێن با بڵێن، با بۆ خۆیان بقەوچن!... لە سایەی کەرەمی خودا، من ئیمڕۆ لە هەموو ڕۆژەکانی دیکەی ژیانم... دڵخۆش و کامەران تر و ڕووسوورترم... هەروا بەسەر بەرزی و بەشەرەف دەژیم.

ئایشەگوڵ... کاتێک داما... وەکو ئەویش بەسەر شەریتی ژیانی ڕابوردووی بچێتەوە، لە دواییدا لەگەڵ ئاهێکی توند پێی گوتم:

– چ کفرم نەکردووە... خۆم لەناو کەڵبە تیژە گورگانیەکانی شێخ و ڕنووکی پیسی کوڕە بێ حەیا و بێ ئابڕوو... و چەپەڵەکەی ڕزگار کرد، نامووسی خۆم پاراست، بە دوای زیڕەی شەیتانی دەروونی شێخ و کوڕەکەی... بە دوو بانگی بێ حەیایانەی ئەم دوو دڕندە بێ ئابڕووە نەکەوتم... شەرەفی خۆم پاراست... چیم کردووە!... کفرم کرد؟.

گوڵێ سوور هەڵگەڕابوو... لەداخ و تووڕەییان لێوەکانی دەلەرزین و فرمێسک لە چاوەکانی هەڵدەقوڵێن و دەڕژانە سەر کراسە سوورەکەی!.

هەوڵی ئەوەمدا کە هێمنی بکەمەوە، پێم گوت:

– گوڵێ... من دڵنیام کە تۆ خوار نەڕۆیشتووی... وە ئەوەی ڕاستە... ئەوەت کردووە.

کچە ڕەفیقەکەی منداڵیم، بەم قسەیەم هەندێک هێدی بووەوە و... گوتی:

– لە دوو بانگی شەیتان نەچووم... بەدوو بانگی دڵی خۆمەوە چووم... جا ئەگەر دونیاش بەوە خراپ دەبێ... با خراپ بێت.

نەختێک لە قسەکردن سەنگرایەوە... تا بڵێ:

– ئەگەر وەکو لاشەیێکی فرۆشراو... لەگەڵ شێخ و کوڕەکەی گوزەرانیم بکردبا... ئەگەر ڕێگام بەو گورگانە بدابا... ددانە تیژەکانیان لە گۆشتی لەشم... لە حەیام گیر بکەن... ڕەنگە بەلای ئەو خەڵکەوە... بەلای ئەو خەڵکە مونافیق و سەر لێ شێواوە... کارێکی ئاساییم کردبێ و ئەو کاتەش کەس ناوی نەدەبردم!.

وە پرسیی:

– وانییە شێرکۆ؟

من وەڵامێکم نەدایەوە... تەنیا سەرێکم بۆ هەژاند... ئەویش لەسەر باس و چۆنیەتی خۆی ڕۆیشت:

– ئێستا بوومەتە هاوسەری ئەو کوڕەی خۆشم دەوێ... و... خۆشم دەویست. ئەویش منی خۆش دەوێ... و هەتا مردنیش هەر یەکتریمان خۆش دەوێ، جا ئەو خەڵکە دوو ڕووە... با هەر بیبڕێسن و خاوی نەکەنەوە!.

ئەو کاتەی گوڵێ... ئەو چۆنیەتیەی خۆی بۆ باس دەکردم... من وا... لێکم دەدایەوە کە:

– ڕاستە... خۆ ئەگەر شێخ قطب الدین و کوڕەکەی... گۆشتی خاوی ئەم کچە بێ کەس و بێ دەرو دەسەڵاتەیان بخواردبا، بەلای ئەو خەڵکەوە چ بەرەی نەدەبوو بگرە کەس گوڵێی هەر بەبیر نەدەهاتەوە.

– بەڕاستی عالەمێکی پڕ جەور و ستەم و درۆ و دەلەسە و دوو ڕووییە!.

– دونیاییێکی کە چ و خوار و لەنگەر پساوە!.

وە بەخۆم دەگوت:

– ئەرێ چۆن مرۆ دەتوانێ... وا بە ئاسانی... بەبێ بەرهەڵستی ئەوها مل بداو... باری ئەم ژیانە هەڵگرێ؟.

سەرم بۆ خۆم دانەواند... سەیرێکی بەژن و کەلەشە ڕووتەکەی خۆم کرد، ئاهێکم هەڵکێشا... لەدڵی خۆمدا دەمگوتەوە:

– بەڵام چ دەکرێ!... چ بە مرۆی برسی و هەژار دەکرێ!.

له ڕێگامدا بەرەو قوتابخانە... خەیاڵم تێکەڵ بە چۆنیەتیەکەی گوڵێی هاوڕێی منداڵیم بوو... کشابوومەوە عالەمێکی تر، بەبێ ئامانج لینگم دەجولاندنەوە و هەنگاوم دەهاویشتن، خۆم بێ سەرو شوێن دەزانی... لەناو گێژەلووکەی ئەم بێ سەرو شوێنییە بە خۆم دەگوت:

– نازانم چۆن ئەوەم بۆ نەهات کە لە گوڵێ بپرسم: داخوا هەتا چ ڕادەیێک ئاگاداری پوور ڕابی دایکیەتی و... تا چەند سەر و سۆراخی عەزۆی برای دەزانێ؟؟.

* * *

## 13

تا دەهات باران بەگوڕتر دەباری، وەکو زارکی هەموو کوندەکانی ئاسمان کرابنەوە... ئەوها کەند و دۆڵ و شیوەکان... بەسەر ئاو کەوتبوون، هەریەکەیان ڕووبارێک ئاوی سەرشێتیان تیادا پێچی دەخوارد و سەری دەکرد و هەڵدەچوو... و... ئەو ناوەی دادەپۆشی... دەیخستە ناو لوول و خوڕەی تۆفانێکی ڕاستەقینە، کۆمەڵێک پنچە دار و بەردوو لەناو گۆمی ئەو تۆفانە مەلەیان دەکرد و گەوزیان دەدا و تەوژمی ئاوەکە بەرەو ژێر ڕەپێچی دەکردن، منیش هەر لە خەیاڵی کچۆڵە هاوڕێیە فرۆشراوەکەم... لە خەیاڵی ئایشەگوڵی خوشکی عەزۆ... ئاڵا بووم... لەناو گۆمی پڕ تەوژمی ژیانی ئەو دەورە... مەلەم دەکرد... کە دەورێشەکان ئایشەگوڵیان بۆ ناو قەمەرەکەی شێخ فڕاند!!.

دیسان نەڕڕەی عەزۆ لەسەر جادەکە بەرز بوەوە:

– ڕوح... دەبارێ... ڕوح...!

– خودایە... بە قوربانت بم... پێغەمبەر... بە...!

لەگەڵ هاوارەکەی عەزۆ، بە هۆش هاتمەوە... لە دڵی خۆمدا گوتم:

– حەقتە... کاکە عەزۆ... حەقتە، برسیەتی بەهێزترە، برسیەتی لە پەیوەندی و سۆزی خوشک و برایەتی... بەهێزترە!! و... لە پەیوەندی یەکدیگیری و کۆمەڵایەتیش... هەتا لە عاتیفەی دایک و باوک ورۆڵەش!

مامۆستا ستیڤان... کە باسی تاریخی عالەمی بۆ دەکردین... دەیگوت:

– گەورەترین ئیمپراتۆریەتەکانی دونیای کۆن، بەهۆی نالەباری ئابووری بە هۆی برسیەتی کۆمەڵانی خەڵک... لەناوچوون، هەروەها پتەوترین کۆمەڵگای ئادەمیزاد لە مێژوودا بەو هۆیەوە هەڵوەشاونەتەوە.

وە دەیگوت:

– مرۆ کە برسی بوو، لەوە ناسڵەمێتەوە کە گۆشتی برای خۆی بخوا!!. لەگەڵ یادکردنەوەی قسەکانی مامۆستا ستیڤان، قسەکانی دایکم... وەکو ڕیزە دڵۆپەیێکی نەپساوە... پەردەی مێشکمیان دەکوتایەوە، ئەو قسانەی کە لە باسی ژیانە تفت و دژوارەکەی سەردەمی گرانیە گەورەکە... بۆی دەگێڕامەوە:

– زەلام... زەلامی دەخوارد!...

– ڕوحم و بەزەیی هەڵگیرابوو... تیشکی خۆشەویستی لە دەروونی کەسان کوژابوەوە!.

– دایک... ڕۆڵەی فڕێ دەدا... بۆ ئەوەی لێی ڕزگار بێ !!.

– برا لەگەڵ خوشک... لەسەر لەتە نانێک یەکتریان دەخنکاند.

هەتا دەهات پتر بڕواییم بەوە دەهات کە:

– ڕاستە کە دەڵێن برسیەتی... ڕەگی لەگەڵ هاری تێکەڵاوە!.

لەناو گەردەلوولی ئەم لێکدانەوەیە و کارەساتەکانی ئەو ڕۆژانەم... سەر لێ شێواو... و... وێڵ ببووم کە کاک ڕەسووڵ... ڕووی لە جادەکەوە... کە ئاوی باران کردبووی بە ڕووبارێکی هاری تیژڕەو... وەرگێڕاو سەری بۆ لای تۆما وەرسووڕاندەوە و بە تەوسەوە ڕووبەڕووی تۆما مرتاندی:

– ها... کووت ڕا لێیە؟

تۆمای هاوڕێشم، بێ پەروا سەرە گەورەکەی لە قاند و لێوەکانی بە توندی بەسەریەکەوە قرساندن،

ڕووی کردە پەنجەرەی پاسەکە لە جامە باغەکەوە چاوی لە عەزۆ بڕینەوە... کە لەسەر چەقی جادە چۆکی دادابوون... خۆی کووڕ کردبووەوە...باران دەیکوتایەوە، لە دواییشدا نیگای هاویشتە ناو تۆفانەکەی دەورەی و ئاهێکی توندی هەڵکێشا... ئینجا ڕووی بۆ لای کاک ڕەسووڵ وەرگێڕایەوە... و... بەووریێکەوە پێی گوت:

– ما... چ... بەدەست منە... کاک ڕەسووڵ... ئا...!!

وە پاش وەستانێکی کەم... وەکو بیەوێ بیرەکانی کۆبکاتەوە و... بلاوە بە وریەکەی بدا... بەخەندەییێکی باییەوە لەسەر... وەڵامەکەی ڕۆیشت:

– من هەر داخی ئەوە دەخۆم، کە چۆن هەموو شەو... و... ڕۆژێکی خودا... بیست... سیی... لۆریە گەنم و دەغلوودان لەناو گوند... بەرەو کەرکووک و بەغدا بار دەکرێن... و وەڕێ دەکرێن و تێدەپەڕن! لەپێش چاوی ئێمە... بەزەققەی چاوی ئێمە!... بار دەکرێن و بەرەو ژێر ڕەت دەکرێن!.

تۆما... پاش دامانێکی کەم، دایە قاقای پێکەنینێکی تیژ... وە بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– ئێمەش... کە لە هەڵپەڕینی مەیموونانە دەبینەوە... کە لە پاڕانەوە ماندوو دەبین... ڕوومان ڕەش دەکەین... کەوڵی کەر لەبەر دەکەین... خۆمان سووک و ڕیسوا دەکەین!.

وە ئەم پرسیارەی ڕووبەڕووی کاک ڕەسووڵ کرد:

– توخوا... کەس بە خۆ ڕیسواکردن... لە نالەباری کەم کردووتەوە!!... یان چارەی دەرد و ئازارەکانی دەست کەوتووە؟...

تۆما... چاوەکانی پڕ ببوون لە گریان... کە دەیگوت:

– ئەوجا کە لە سەماکردن و خۆسووک کردن دەبینەوە، تووشی شێتی وەک عەزۆ دەبین!.

وە بە لێوە لەرزە لەبەرخۆیەوە مرتاندی:

– دەک ماڵت کاول بێ عەزۆ... وەکو کاول بووە!... سەیرکە چۆن منیشت هێنایە گریان!!.

وە جار لەدوای جار سەری دەهەژاند و گلەیی لە خۆی دەکرد:

– کوڕە... خۆ دەمێکە من کانی فرمێسکم ووشک بووە!... هەی هاوار... ئەم هەموو فرمێسکە بەم وەختە لە کوێوە هەڵقوڵێن؟

تۆما... دەستێکی بەرزکردەوە، بە لاچکی کورتەکەکەی... چاوەکانی سڕینەوە... ڕووی بۆ لای من وەرسووڕاند... بەبزەیەکی پەشێوەوە پێشەکی لێی پرسیم:

–ها... ئەتوو دەڵێی چی... کوڕی سۆفی تەنەکەی؟

وە بەبێ ئەوەی وەها پیشان بدا... کە لەباس و پرسیار و وەڵامەکە... لای داوە... بەبێ هۆ پەلاماری منی داوە!... وەیان حیسابی ئەوە بکا... کە چ پەیوەندییێک لە نێوان چۆنیەتەکەی ئەو... و... چۆنیەتی کاروانەکە بەگشتی... وە ئەو پرسیارە نییە کە لە منی دەکا!!... ڕووی کردە کاک ڕەسووڵ... بۆ ئەوەی پێی بڵێ:

– کاکە... چ... دەسەلاتێک بە خۆمەوە نابینم... دەنا وەکو باسمان لێ کرد و بیرمان لێ کردەوە... وەکو تەگبیر و پلانمان بۆ دانا!! وە بە گەرمی ئاهێکی هەڵکێشا... تاکو گوتی:

– ئەرێ وەڵلا... بەلای منەوە وەهامان بکردبا باشتر بوو... هەر ئەم ڕێگایە هەیە... بەم تەرحە نەبێ...

بەبیللا و... بە ئینجیل و... بە قورعان... چارەی ئەم زوڵم و زۆرداریە ناکرێ!!

من... عاتیفە و سۆز دەمیان گرتبووم... لەناوەوە دەسووتام... و... دەتوامەوە، چۆنیەتی عەزۆی لەسەر شەقام کەوتوو، هەروەها چۆنیەتی نەفەرەکانی ناو پاسەکە... ماوەی ئەوەیان نەدەدام وەڵامی تۆمای هاوڕێم بدەمەوە... یان بەرگری پەلاماردانەکەی بکەم، بەکاسی و... هوڕی و... گێلانە... دەمم بەش کردبووەوە و چاوم بە دەمی تۆما... بەستراببوو، جار جارەش کە ئەم قسەی تەواو دەبوون ڕەسووڵ لێی وەردەگرتەوە، چاوم بۆ لای دەمی کاک ڕەسووڵ دەگوازتنەوە... ناو ناوەش کە لەو چاو گوازتنەوە وەڕەس دەبووم... ئاوڕێکم لە جادەکە دەدایەوە و... دیسان سەیری دیمەنەکەی عەزۆم دەکردەوە.

کە تۆما لە قسەکانی بوەوە، چاوی لەسەر یەکتری دانان و لێوەکانی بەیەکەوە قرساندنەوە و پاشەسەری وە پشتی ئەو تەختە کرد کە لەسەری دانیشتبوو، ماوەییک کەوتە بیرکردنەوە... لەپاشان خۆی ڕاست کردەوە... سەرە ئەنگوستێکی لە عەممەری سلێمان وەژەنی و سەیرێکی دیکەی تۆمای کرد... کە ئەو کاتە وەکو نوستووبێ... وەها دەهاتە بەرچاو، و مرتاندی:

– گوێ بگرە عەممەر... گوێ بگرە... خەورە چ دەڵێ!...

وە لە بنی زگیەوە هەڵچوو... و و دای لە قاقای پێکەنینێکی توند و بە ڕک!...

کاک ڕەسوولیش لەگەڵ پێکەنینە بە جۆشەکەی ئاوی لەچاو دەباری و... ددانەکانی گڕ دەکرانەوە!!...

ئەمن... هەرچەندە لەگەڵ پێکەنینە توندەکەی کاک ڕەسووڵ هاتمەوە دونیایەکەی خۆم... بەڵام لەهەمان کاتدا... ئەو پێکەنینەی کاکم، لەو هەڵوێستەدا بە جۆرە هیستیریاییێک دەژمارد...، عەمەریش ڕووی لەلای کاک ڕەسووڵ... بۆ لای تۆما وەرگێڕا، ماوەییێک بە دیققەت چاوەکانی لە تۆما برین و لێی وورد بووەوە... بەبێ دەنگی دەم و لێوی هەندێک دەجوولاندەوە، وام بۆ دەهات کە دەیەویست قسەییێک بکا، لەو کاتەدا لەڕێزی پشتەوە... مەهدی و قادرۆک و مەحمودیش بەیەکەوە بانگیان کرد:

– خەورە... ئەوە هێشتا نەخەوتووی؟

ئەوان... ئاگایان لەم کەین و بەینەی تۆماو ڕەسووڵ و... عەمەری سلێمان نەبوو، کە گوێم لەو پرسیارەی قادرۆک و هاوڕێیەکانی بوو، بەبێ دەستی خۆم... پێکەنینێک هێرشی بۆ دەهێنام و هەتا دەهات هێرشەکەی بەتەوژمتر دەبوو... وورده وورده دەنگم بەرزتر دەبووەوە... تاکو بوو بە قاقایێکی بەرزی هیستیری، بەو پێکەنینەش دڵم تەواو ڕەحەت بوو!!... وەکو ئەو پرسیارەی کە لە ڕێزەکەی پشتەوە لە تۆما کرا... وەڵامی من بووبێ... وەڵامی من بۆ پرسیارەکەی... پرسیارە ساردو سڕەکەی تۆمای هاوڕێم... کە پێش کاتێک لێی کردم:

– ها... تۆ دەڵێی چی... کوڕی سۆفی تەنەکەی؟...

لەسەر ئەوەش من... هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە پێویست بێ تۆڵە لە تۆمای هاوڕێم بکەمەوە... وەیان پرسیارەکەی لە دڵمدا بەگران وەربگرم، چونکی من... ئەو هاوڕێیەم زۆر خۆش دەویست، تا ڕادەییێکی زۆر هۆگری ببوم... بە جۆرێک خۆم لەودا دەدۆزیەوە... گومانم لەوەش نەبوو کە ئەویش هەستی بەرامبەر من... وەها بوو... ئەویش فەرامۆشی زۆری بەمن دەهاتەوە، ڕۆژان... ئەو ڕۆژە سەخت و تفت و تاڵانەی پێکەوە لە قوتابخانەی هەولێر... پێش ئەوەش پێکەوە لە گوندەکەمان ڕامان بواردبوو... بە جۆرێک لێکی نزیک کردبووینەوەو لێکی گرێ دابووین... کە قسەیەکی ڕەق یان دڵ ئێشاندنێک... نەیان دەتوانی لێکمان بکەن... دڵمان لە یەکتری بیەشێنن... یەشاندنێکی وا ببێتە برین و شوێنی لە دەروونمان... لەژیانماندا ڕەش نەبێتەوە، سەبارەت بەو هۆیانەشەوە... لەگەڵ پێکەنین و دڵ ڕحەتیەکەم... لە

دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە و... بزەیێکی دەروونی دەیگرتم و بە خۆم دەگوتەوە:

– خەورە... لەم تەق و هۆڕ و هەورە تریشقەیە... لەو لرفە لرفی لێزمەی باران و تۆفانە... لەگەڵ ئەو هەموو نەڕەنەڕو بانگەی عەزۆ و جونبوشی ناو پاسەکە... چۆن خەوی لێ بکەوێ؟.

لە ڕاستیشدا... کە جەماعەتی پشتەوەی پاسەکە، پرسیارەکەیان ڕووبەڕووی تۆمای هاوڕێم کرد... ئەو پرسیارە لەجێی خۆیدا بوو چونکی هەموو هاوڕێیەکانمان ئەوەیان بیستبوو کە کاک تۆما زۆر جار لەناو پۆل... لە گەرمەی دەرس و دەمەتەقێ... دەچووە ژێر باری خەو... خەوێکی خۆش دەیبردەوە.

لەگەڵ ئەو پرسیار و هەرایەی ناو پاسەکەش، دیمەنی ڕۆژەکەم دەهاتەوە بەرچاو... ئەو ڕۆژەی کە مامۆستا ئیستیڤان... لەناو پۆلدا گلاسە ئاوەکەی کردە ملی تۆما... کە تۆمای هاوڕێم لەسەر ڕیحلەکە ڕاچڵەکی... لە زیرەیدا وەک مارگەزتوو...لە زیرەیدا، کە ئێمەی قوتابیانی پۆل ژووری دەرسمان لەگەڵ پێکەنین و گاڵتە و توانج... دەهەژاندەوە، لە دواییشدا کە تۆمای هاوڕێم هاتەوە هۆش خۆی... لە چۆنیەتی خۆی و مامۆستا و... چۆنیەتی پۆلەکە بەگشتی ئاگادار بوەوە... کە کپ و بێ دەنگ سەری دانەواند... چاوی برینە بەر پێیەکانی... کپ... بێ دەنگ بوو... تەنانەت تاقە جارێکی دیکە دەمی نەجووڵایەوە... دەنگی نەهات... هەتا بۆ ئەوەش کە بڵێ:

– ئۆف!....

کە منداڵ بووم... زۆر بەئاسانی هاوارم دەکرد و بانگم دەکرد:

– ئۆف....

لەگەڵ هەموو توندییێک... یان کە هەستم دەکرد ئارەزووەکانم نایەنە دی... یان ستەمێکم لێ دەکرێ... هەموو بەرگری و ڕەددی فیعلم ئەوە بوو کە بانگ بکەم:

– ئۆف!!.

یان لە پرمەی گریان بدەم، بەڵام ئەو ڕۆژەی مامۆستا و قوتابیەکانی پۆڵ... ئەو بەزمەیان بە تۆمای هاوڕێم کرد... تۆما... تەنیا زریکەیێکی لێ هەڵستا و... بەس... ئیتر کە لەگەڵ زریکەکە هوشیار بوەوە... هاتەوە هۆش خۆی... یەکسەر کپ و بێ دەنگ بوو... سەری شۆڕکرد... چاوی دانەواندنە ژێر ریحلەکەی... تەنانەت ئۆفێکیشی هەڵنەکێشا... هەر ئەوەندە جگە لە گرژبوونی ڕووی... نارەزاییەکیشی... پیشان نەدا، خۆی لە هۆیهاو تریقە گاڵتەجاریەکەی قوتابییانی پۆڵ... گێل کرد کە بانگیان دەکرد و بانگیان دەکردەوە:

– خەوی دێ... لێفە و دۆشەگی بۆ بهێنن!

– ئەدیسۆن... شەو بە داهێنانەوە خەریک بووە، وازی لێ بێنن با پشووە خەوێک بکا.

– کوڕەکە... مێشکی ماندووە... دەبا ساتێک بهەسێتەوە.

ئەوەی ڕاستیش بێ ئەمە بوو کە تۆمای هاوڕێم... نەگێل بوو... نەگەلحۆ بوو... بە پێچەوانەی ئەوەی کە دیمەنی دەرەوەی وای پیشان دەدا... وا بوو، ئەو ڕۆژانەش... بە تایبەتی لەو ڕۆژانەی قوتابخانەش... لە ئێمە پتر بیری دەکردەوە... شتی لێک دەدایەوە... بیری ووردیشی دەکردنەوە... چۆن کە لە ژوورەکەمان دادەنیشت، یان لە ژووری دەرس زووبەزوو خەو دەیبردەوە... لە عالەمەکەی دەوروبەری دەپچرا... بە پێچەوانەی ئەوە... کە لەناو بازاڕی شار... ڕادەبوردین... یان کۆڵانە تەسکو شەتوخوار و... پیسەکانی قەڵات و گەڕەکەکانی دیکەمان دەپێچانەوە... ئەو لە ئێمە وریایانەتر دەڕۆیشت و بۆ هەموو لایەکی خۆی ئاوڕی دەدایەوە... و هەرگیز دیمەنێک... یان جووڵانەوەیەکی خەڵکەکەی لێ بەسەر نەدەچوو... ئاگای لە

هەمـوو جوولانەوەیێک بوو... تەنانەت لە جوولانەوەی مـنداڵە چڵکنەکـانی ناو کۆڵانەکان لەناو خـۆڵ کە لەگەڵ پشیلە و مریشـک یاریان دەکرد... ئاگای لەو منداڵ و پشیلە و توولە و مریشکانەش نەدەبڕا!.

تۆما... سەرەڕای ئەو هەموو خەمانەی وەکو تانۆکێکی دڕکاوی دەورەیان دابوو... سەرەڕای برسیەتی و نەداری و هەژاری خـۆی و خـێزانەکـەی... ئەو خـەمی ئەوانی تریشی دەخـوارد خـەمی بۆ خـەڵکی تریش دەخـوارد... خـەمی بـۆ منداڵەکـانی کـۆڵان... بگرە بـۆ پشـیلە و توولە و مـریشـک و ئاژەڵە بەرەڵڵاکـانی کۆڵانیش دەخوارد!... هەر ئەو بیر و ئەندێشە و خەم و ناسۆری ژیان و دەروونیشی بوو... کە وای لێکرد زۆر جار لە عالەمەکەی دەوروبەری بپچڕێ و دوور بکەوێتەوە.

شەوێک لە گۆڕەپانەکەی پشت کۆشکەکەی شارەوانی هەولێر دەنگ و هەرا بوو!!... خەڵکێکی زۆر لە گۆڕەپانەکە کۆببونەوە... زۆربەیان لەسەر ئەو تەختە کورسییە دارانە دانیشتبوون کە لە گۆڕەپانەکە... ڕوو وە دیوارە پانەکەی کۆشکەکە ڕیز کرابوون... پشـتیـان کردبووە بەدەنی قەڵاتە پیـرەکە...، دەسـتەیێک سۆلجەری ئینگلیز... بەهۆی تۆمۆبیلێکی درێژ و بەرین... لە تۆمۆبیلەکانی ئیـسعـاف بەرین و گەورەتر... لەو گۆڕەپانە فیلمی شەڕی ئەڵەمان و سوێندخۆرەکانی... لە دیوارە پانە سپیەکە... بەوێنە بۆ خەڵکەکەیان دووبارە دەکردەوە، دەنگی گرمـەی بۆمبا و بۆردوومان و نەڕەی تەیارە و قـرمەی تەیارەشکێن... هاوار و ناڵەی بریندار و کوژرا و ئەو ناوەیان پڕ کردبوو... و... لە قەڵاتە کۆنەکە دەنگی دەدایەوە، تۆمای هاوڕێم لەسەر کورسییەکە... لە تەنیشتمەوە ملی بەلادا هاتبوو... کەوتبووە خەوێکی قووڵ... پرخە لە گەروویەوە هەڵدەستا، سەرە ئەنگوستێکم تێوەژەنی... سەرم بردە بناگوێ و... بانگم کرد:

– تۆما... تۆما...

–ئەدیسۆن... کوڕە هەڵستە ئەوە دونیا خراپ دەبێ!.

تۆما... ملی ڕاست کردەوە... بە تەنیشـتی دەسـتی چاوەکـانی هەڵپـشـاوتن... هەندێک خـۆی لێک کێشایەوە... دەمی لێک هەڵپچڕی... بە باوێشکێکی درێژ سیپەلکەکانی هەوادان... بەخاوی گوتی:

– لەگۆڕی بابیان بەم... لێم گەڕێ هەندێک بهەسێمەوە!.

لەگەڵ پرسیارە گاڵتەجاڕیەکەی مەهدی و قادرۆک و مەحموود.

– خەورە... هێشتا...؟

نەفەرەکانی ناو پاسەکە... لە چۆنیەتی ئەو کاتەیان دەرچوون!... ئەوانیش هاتنە ناو عـالەمی عەمەر و تۆما... ئەوانیش دایان لە قاقای پێکەنین، ئەم پێکەنینەش... پێکەنینەکەی قوتابیـانی پۆلی دەهێنامەوە یاد... کـە لە ڕۆژ و کـاتێکی جـیـاواز... و سـەبارەت بە هۆیێکی جـیـاواز... لە کـات و ڕۆژ و هۆیەکـانی ئیمڕۆکە... ئە ئاوا... بە تۆمای هاوڕێم... بە خەورە پێدەکەنین!... وە لەباری خۆیان وەکو قوتابی... لە دەرس و لە سنووری قـوتابخـانە و پۆل... لەباری ئاسـایی خـۆیان دەردەچوون، بەلای منەوە هەردوو ئەو دیمەنانە... وەیەکچوونێکیان لە نێواندا هەبوو!... دیمەنی ئیمڕۆی ناو پاسەکە و دیمەنی ئەو ڕۆژانەی قوتابخانە، وە لە ئەنجامی ئەو وەیەک چواندنە و لێکدانەوە دا لەگەڵ خۆم دەدوام:

– مرۆ... حەز دەکا... بە نسکۆ بردن... بەکەتن... بەناڵەباری... ئەوانی دیکە پێ بکەنێ!.

وە لە خۆم دەپرسی:

– ئەگـەر پێکەنین دەنگ دانەوەیەکی دەروونی و لا ئیـرادی و شعـور بە کەمـوکوڕی ئەوانی تر... یان دەرخستنی کەموکوڕی ئەوانی دیکە نەبێ... دەبێ چی بێ؟

وە خۆم بەوە رازی دەکرد کە:

– زۆر جاریش پێکەنین... دەنگدانەوەی بێ هێزی و بێ دەسەلاتی... مرۆ... خۆی دووبارە دەکاتەوە.

ئەم هەموو گاڵتە و پێکەنینەی ئاراستەی تۆما دەکرا... ئەم هەموو کەڵەکەی لەسەر ئەو دەکرا... و هەڵدەنرا، ئەوەی لێ دەوەشایەوە کە مرۆ لە پیستی خۆی دەرچێ... و جڵەوی هێمنی لە دەست شل بێ، کەچی کاک تۆما... وەکو مەسەلەکە هەر پەیوەندییێکیشی بە خۆیەوە نەبێ... تەنانەت خۆیشی لە گوورە نەدەبرد... تەنانەت شێلووش نەبوو... هێمنیەکەی نەدەشلەقا، وورده وورده بۆ قادرۆک و مەحموود دەگرژیەوە... یەک لە دوای یەک بزەی بەسەردا دەپرژاندن... بەدەم بزە پژاندنەکەش... دەمی لێکدەدا و لەسەرەخۆ دەیپرسی:

– ئەرێ بەڕاستی ئەگەر مرۆ بتوانێ سەد سالێک بۆ خۆی بخەوێ باشتر نییە!

لە پاشدان... وەکو لەگەڵ خۆی قسە بکا... گوتی:

– مرۆ... ئەگەر بێ کەڵک بوو، ئەگەر سوودێکی نەبێ... ئەگەر هیچی لەدەست نەهات... هەر نەبێ باشترە... یان هەر بنوێ باشترە... چونکە نووستنیش جۆرە نەبوونێکە!... و مرۆ...

فەقێ حەمید لەولاوە... کە گوێی لەم ووتەیەی تۆما بوو... گوێی ووشت کردن... بە گورجی قسەکەی لە تۆما پچڕاند، زمانێکی لە تۆما دەرکێشا و بە روویدا قیژاندی:

– هەی کافری بێ دین... بۆچ کوفران دەکەی!

وە بە رکەوە لە تۆمای راخوڕی:

– حەددت چییە!... سەد ساڵ بخەوی... بۆچ تۆ گۆلکەکەی حەزرەتی عوزێر پێغەمبەری... یان ئەسحابەل کافی؟ هەتا خودا ئەو موعجیزەیەت پیشان بدا!... یان موعجیزەییێکی ئەوها تەمەننا بکەی؟

وە کۆڵە مستێکی لە هەواوە بۆ لای تۆما راوەشاند و...پڕ لەقین پێی گوت:

– هەی دیانی قوون بەگنجی بەد مەسسەب!.

عەمەر... لەگەڵ دوا برگەی چۆنیەتیەکەی فەقێ حەمید، لە بنی زگیەوە دای لە قاقای پێکەنینێکی توند و ئاو زایە چاوەکانیەوە... بە لاچکە چۆغەڵەکەی قولینچکی چاوەکانی سڕینەوە.

هەندێک لە نەفەرە خوا پەرستەکانیش... لەگەڵ بانگ و جوێن دانەکەی فەقێ حەمید... بیرو چاویان لە لای عەزۆ... کە لەسەر چەقی جادەکە... لەبەر لێزمەی باران دەهات و دەچوو... وەک مریشکی ئاوەرووتی لێهاتبوو... ئاو لە جل و جۆری دەچۆڕایەوە ئەو نەفەرانە... چاو... و... بیریان لە لای عەزۆوە... بۆ لای بەزمەکەی تۆما و مەلا حەمید گوازتنەوە، ئەمانەش لەسەر قسەکانی فەقێ حەمید وە جواب هاتن و بانگیان کرد:

– ئەستەغفیروڵڵاه... تۆبە... ئەستەغفیروڵڵاه...!

– تۆما...ی دیانی کافر حەددی چییە بێتە ڕیزی ئەسحابەل کاف و عوزێر پێغەمبەر و گوێلکەکەی!.

تۆما...ش... بە هێمنی چەند جارێک سەری هەژاند... لێوی هەندێک لەرزینەوە... گاڵتە جارانە سەیرێکی ئەوانی کرد... تا بە تەوسەوە و لەسەرخۆ گوتی:

– کوڕە وەڵڵاهی ئەمەیە سەیری سەیران... و بەزمی پیرێژنان...!

وە رووی لە خەڵکە خوا پەرستەکە کرد و وەکو بیەوێ هێدیان بکاتەوە... رووبەرووی هەموان گوتی:

– کاکە... کاکینە ئێمە لە کوێ ، ئەسحاب و مەسحاب و عوزێر پێغەمبەر و گوێرەکەکەی لەکوێ!

وە لەگەڵ بزەییێکی گاڵتە جاڕانە پرسی:

– کێ ویستوویەتی بێتە ڕیزی پێغەمبەران و کەر و گۆلکی پێغەمبەران؟.

کاک ڕەسوولیش ددانەکانی گڕ کردنەوە... هەندێک بۆی کۆخی و بە دەنگە زبرەکەیەوە گوتی:

– خۆ زۆر کەسی وا هەن... خۆزگەیان بەکەرو گۆلک!

وە سەرێکی هەژاند و چاوقوچانێک بۆ ئەوە وەستا تا ئاهێکی سارد هەڵمژی و لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو:

– کەر و گۆلک زۆر زۆر لەو کەسانە سوودبەخش ترن!

وە لەبەر نیمچە بزەییێکەوە... لەگەڵ هەر بڕگەیێکی قسەکەی... جارێک سەری دەهەژاند... کە دەیگوت:

– گوێلک گۆشتی دەخورێ... جۆتی پێ دەکەن... سوود لە پێستەکەی وەردەگرن، مانگای لێ چاک دەکەن و بەرو بەرهەم پتر دەکا، تەنانەت شیاکەشی... ڕیخەکەشی بۆ پەین و بەتام کردنی زەوی و زار و بۆ تەپاڵە و سووتەمەنی سوود بەخشە، کەریش چەند بەسەبرە... پتر بە کەلکە... کەڵکی بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد... لە زۆری وەکو......!

کاک ڕەسووڵ قسەکەی خواردەوە... ناوی کەسی نەبرد ولەسەر قسەکەی ڕۆیی و گوتی:

– بەڵام مرۆی وا هەن... لەسەر ڕەوەی ئادەمیزاد حیساب کراون... هەرگیز سوود و خێرێکیان بۆ کەس نییە، جا حەقە ئەوانە دەبێ تەمەننا بکەن بێنە ڕیزی کەر و گۆلکی مام زانەوێر... نەک عوزێر پێغەمبەر!.

فەقێ حەمید بەم بەسەرچوونەوە و قسانەی کاک ڕەسووڵ زۆر قەلس بوو... بە تووڕەییەوە ڕووی لە نەفەرەکان هەڵبڕی... کە لەگەڵ قسەکانی کاک ڕەسووڵ لە گەرمەی پێکەنین دابوون... وەک مەنجەڵی یاپراخ بڵقیان دەدا، وە بە توندی... ڕووبەڕووی هەموان بە ڕەسوولی گوت:

– ڕەسووڵ... ما ئەتووش چ فەرقێکت لەگەڵ تۆمای دیانی بەد مەسسەب هەیە؟... هەر دووکتان بێ دینن... نوێژ نەکەرن... ڕۆژی نەگرن... لەخوا نەترسن... قسەی ئەوها حەللەق و بەلەقیش... هەر لەتۆ و لە ئەمسالی ئەنگۆ دەوەشێتەوە! لە دواییشدا سەری دانەواند و بێ دەسەڵاتانە مرتاندی:

– فایدەی نییە... قسە لەگەڵ کێ دەکەی!... لەم مەجالەش... گوتویانە... زۆر گۆتن قورعان خۆشە!

وە قەرەقۆپی لێ کرد.

لەو کاتەشدا... عەزۆ لەسەر جادەکە دیسان نەڕاندیەوە:

– ڕوح دەبارێ... ڕوح!

وەک مریشکی سەربڕاو لەسەر جادەکە جینگڵی دەداو... هەڵدەقوزیەوە و خۆی لە ئاوی باران دەگەوزاند.

خەڵکی ناو پاسەکە... دیسان ڕوویان بۆ لای عەزۆ وەرگێڕایەوە و لە عالەمی فشە و گاڵتە و سەیری فەقێ حەمید و ڕەسووڵ و... تۆماوە... هاتنەوە ناو واقیعی ئەو کاتەیان.

من... هەر چەندە قسە و گفتوگۆیەکەی فەقێ حەمیدم لەلا سارد و بێ تام بوون، ئارەزوێکی توند

پاڵی پێوە دەنام... کە تۆمای هاوڕێم بدوێنم!!... لە دەروونمەوە هێزێکی نادیار پاڵی پێوە دەنام... کە بە جۆرێک هەستی خۆم بە فەقێ حەمید بگەیەنم و... پتر بۆ ئەوەش کە ئەوکۆلکە فەقێیە هار بکەم... یان بیسڵەمێنمەوە... کە لە تۆمام پرسی:

– ئینجا کاک ئەدیسۆن... بۆچی سەد ساڵ؟ سەد ساڵی خشت بخەوی!... پتر... کەمتر... ئایا کەم و زۆری هەڵناگریّ؟

تۆما... چاوێکی لە کاک ڕەسووڵ و عەمەر تروکاند و... بە دەنگ گوتی:

– سەد ساڵ... واتە قەرنێک... سەدەییێک، بە خودا و بەسەری ئێوەی عەزیز... بە حیسابی من... ئەگەر بە قەرنێک... بەسەد ساڵ پێش بکەوین و لە فەسیلەی کەر و گۆلکەوە دەربچین... بە قەرنێک یاڵلا ئەگەر بتوانین خۆمان بناسین و بچینە ڕیزی عالەم و مرۆڤایەتی ئەمرۆکەمان!.

مەهدیش... وا دیاربوو هێشتا نەگەڕابوەوە عالەمی عەزۆ... کە قسەکەی تۆمای قۆزتەوە و کردیە فشە و سوحبەت... گوتی:

– بەخوای خۆشە... پیاو سەد ساڵێک بخەویّ، خۆ هەر نەبێ پاش ئەو سەد ساڵە کە بە ئاگا هاتەوە... جارێکی دیکە چاوت بەچڕوچاوی تۆفیق بەگ و سەرو سەکوتی شێخ قطب الدين و مام حاجی ناکەوێتەوە!

وە بزەییێکی پانی لەسەر زاری پەیدابوو کە دەیگوت:

– جگە لەمانەش... تۆماسی شۆفێر و لانکە شڕەکەشی پاش ئەو سەد ساڵە... وەکو کەرەکەی کابرای پێغەمبەر تەنانەت ئێسک و پەراسوو... و ڕایەڵ و شوێن و... خۆڵیشیان نامێنێ.

تۆماش... هەر بە فشەگاڵتەوە گوتی:

– ئەوانە لەتەک پاسەکەی تۆماس... دەچنە ناو مێژووەوە!.

کاک نافیع لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە دەیگوت:

– مێژوو... لە کۆشکی شاهەنشاهو فیرعەونەکان... لەدیوەخانی ئاغاکان... بە نووکی نێزە نووسراوەتەوە.

دایکم دەیگوت:

– لەو زستانە لە دایکبووی کە بەفرە ئەستوورەکەی تێداکەوت!... ئەو ساڵەی مەلیک فەیسەڵ... لەبەر زۆری بەفر... نەیتوانی سەر لە ناوچەکەمان بدات و هەر لە هەولێر گەڕایەوە بەغدا...!.

دایکم دەیگوت:

– فاتەکۆر... مەمکە پووچەکانی بە تەختە ڕەقەکەی سینگی شۆڕ ببوونەوە... بە سەرکۆتی و پێ خاوسی... لەناو گوند دەگەڕا و هاواری دەکرد: برسیمە... مەمکەکانم شیریان چک کردووە... منداڵە ساوایەکەم لە برسان دەمریّ... برسیمە... برسیمە....

فاتەکۆر شێت ببوو... نەیدەزانی هەموو منداڵەکانی لە برساندا مردبوون، ئەو ساڵەش زستانێکی سەخت بوو... بەفر دارستانەکانی داپۆشیبوون، بۆ ئێوارەش... لە ئاقاری گوند... گەلەگورگی برسی... فاتە کۆریان دڕی و لە کۆڵ گوندیان کردەوە.

دایکم دەیگوت:

– ڕەشۆی خاڵت لەگەڵ کوڕگەلی گوند... پێشیان بەلەشکری دوژمن گرت... چوونە غەزایی... لەڕێگادا شەهید کران. من... بەهاتن و گەڕانەوەی مەلیک فەیسەڵ... وە مێژووی لە دایکبوونم... کەوتم، بەڵام ئەو ڕۆژەی گورگەکان فاتەکۆریان دڕی... ئەو ڕۆژانەی منداڵەکانی تێدا لە برسانا مردن... ئەو ڕۆژەی ڕەشۆی خاڵم... لەگەڵ لاوەکانی گوند لە ڕێگاکەدا شەهید کران... ئەو ڕۆژانە تەنیا لەناو لۆچەکانی مێشک و لە لاپەڕەی سینگی دایکمدا... خەتیان کێشابوو!... کە ئەو مرد... خەتەکانیش سوان و شوێنیان نەما و... دەنگوباسی هەموویانی لەگەڵ خۆی بردنە ژێر گڵ.

نەفەرەکانی ناو پاسەکە... تێکڕا بە قسەکانی مەهدی و تۆما... پێکەنین، لە پاشدان تۆما... وەکو ویستبی قسەکان و مەسەلەکە هەمووی ڕاست بکاتەوە و پتر ڕووناکیان بخاتە سەر، دەستەکانی لەیەک دان و دەمی جووڵاندەوە:

– ئەوە... ئاشکرایە...

ڕووی کردە فەقێ حەمید و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت:

– جەنابی مامۆستا... گەورەم، ئەوە مەعلووم و ئاشکرایە کە جارێکی تر... یان بڵێین... جارێکی دیکە... ڕوو ناداتەوە... یەکێک... کەسێک سەد ساڵ وەکو خەوتن بخەوێتەوە و لە دواییشدا... لەدوای سەد ساڵ لەو خەوە هەڵستێتەوە و سەرو سمێڵی بتاشێ و دەست بەکاری خۆی بکاتەوە!

تۆما... نەختێک سەری دانەواند... بە دەنگ لەبەر خۆیەوە گوتی:

– من وڕێنە دەکەم... مامۆستا گیان من وڕێنە دەکەم قوربان... وڕێنە!

تۆما... قسەکەی بڕی و بۆ ئەوەی ئاهێکی دڵساردانە بخواتەوە و دووبارە دەست پێ بکاتەوە، کە قسەی دەکرد... لەگەڵ هەر قسەیێک... جارێک سەری دەهەژاندەوە:

– من... وڕینە دەکەم... دەنا ئەوەی ڕاست بێ ئەوەیە کە دەبێ هەرگیز بیر لە خەوتن و لە مردن و لە وەستان نەکەینەوە، ئەوەی پێویستە ئەوەیە... کە دەبێ ڕۆیشتنێکی وا بە گوڕ بڕۆین... ئەوها گورج ببەزین... تاکو بەزووترین کات... ئەو سەد ساڵەی لەم عالەمەدا دواکەوتووین... ئەو قەرنەی لە کاروانی پێشکەوتنی دونیادا بەجێ ماوین... بە زووترین کات ببیڕین و... بگەینەوە... کاروان.

تۆمای هاوڕێم... پاش وەستانێک ڕووی بۆ فەقێ حەمید بەرزکردەوە و پێی گوت:

– بەڵێ مامۆستا مەلا حەمید بەڵێ قوربانت بم... پێویستە قڕێژی سەد ساڵەی لەشمان بکرێنینەوە، دەبێ لەشمان لە چڵکی هەزاران ساڵ پاک بکەینەوە.

مەلۆی گاوان دەیگوت:

– ئەو ساڵەی ماڵمان لە گوێز بوو... من منداڵ بووم... وای ئەو ساڵە حەشرمان بە شووتی دەکرد... وای شووتیمان دەخواردن، هەموو ڕۆژێک... بارێک شفتی... لە دەوزێ و لە حاویەکان دەهاتە دیوەخانی ئاغا!

وە دەیگوت:

– ئاغا چنگی لەناو جەرگی شوتیەکان گیر دەکردن، مەلای مزگەوتیش سوورەکەی دەخوارد... کوێخاش سپییەکەی دەخوارد... خەڵکی گوند لەگەڵ باوکم کڕیان دەکرد... ئێمە... منداڵەکانیش کڕاو کڕمان دەکرد!.

مەلۆی ڕاوچی زۆرجار بۆ ئێمە... منداڵەکانی دەگێڕایەوە و لەگەڵ پێکەنینێکی توند و تیژ

دەیگوتەوە:

– وای ئەو ساڵەی لە گوێڕ بووین... حەشرمان بە شفتی دەکرد!.

تۆما... دەستێکی بۆ پاش ملی درێژکرد... ماوەییێک پاشەسەری کڕاندەوە و لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو:

– مرۆ... هەتا خۆ نەشوا... قرێژی ڕۆژانی تفر تفر لەسەر لەشدا ئەستوورتر و پتر دەبێت... قرێژیش پیسی و نەخۆشییە!.

مەلا حەمید... چ وەڵامێکی تۆمای نەدایەوە... وەکو قسەکەی ئەو پەیوەندییێکی بەمەوە نەبێ... ئەوها ڕووی لە تۆما وەرگێڕا!.

پێم سەیر بوو... مرازم ئەوەیە بڵێم... ئەو گۆڕانەم پێ سەیر بوو کە بەو ماوەیە... یان لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە بێ پێشەکی و لەهیکڕایە... بەسەر نەفەرەکانی پاسە شڕەکەدا هات!!.

وە لەگەڵ خۆم دەپرسی:

– چۆن... ئەمانە لەپڕ... لەگەڵ دوان و قسە و گفتوگۆیەکەی کاک ڕەسووڵ و تۆما و مەهدی و فەقێ حەمید... لە گریان و ئەشکەنجەوە هاتنە بارێکی دیکە!... عەزۆ و کارەساتی عەزۆ... کە بەکارەسات و ئەشکەنجەی هەموان دادەنرا... چۆن لە چۆنیەتی عەزۆ وەلا کەوتن و... کردیانە فشەو گاڵتە جاڕی و پێکەنین؟

ئەگەرچی نەفەرەکان... هێشتا بەشێکیان هەر لەگەڵ عەزۆ مابوونەوە بەڵام ئەوانەی لەدەور و پشتی عەمەرو کاک ڕەسووڵ و تۆما دانیشتبوون... ئەوانەی لە قسەکانی مەهدی دوان و کێشەی فەقێ حەمید و... ئەمانە دەبوو... تا دەهات لە عالەمەکەی عەزۆ... دوور دەکەوتنەوە و دەهاتنە ناو عالەمی واقعیان... ئەو عالەمەی ئەم هاوڕێیانەی سەفەرەکەیان لەناو پاسەکەدا باسیان دەکرد... وێنەیان دەکێشا و سەرپۆشیان لەسەر هەڵدەدایەوە.

قادرۆک... کە لاوێکی قوتەبنەی خوێن گەرم بوو... لە قوتابخانەی گوندەکەمان... و پێش ئەویش لە لای فەقێیەکانی مزگەوت... ئەلف و بێیەکی خوێندبوو... لە ئەنجامیش دەستی دابووە پێمەرەو قازمە... بۆ بەخێوکردنی خێزانەکەی باوکی... کرێکاری دەکرد، لەگەڵ ئێمەشدا... لە کۆمەڵەکەی گەنجان یەکتریان گرتبووەوە، ئەم قادرە وەکو بیەوێ... ئەو دەرسانەی لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە وەری گرتبوون... کۆیان بکاتەوە و بۆ نموونە بۆ عیلاجی مەسەلەکە... کێشەی... لەسەر بوو پێشکەشیان بکا... بۆیە بە فیزێکەوە وەکو لە ناوەوەی خۆیدا هاوار بکا... (ها منیش شتێک لە کۆمەڵە فێر بووم) هاتە ناو گفتوگۆیەکە و گوتی:

– بەڵام بەبێ ئاوی گەرم... لەش پاک نابێتەوە... بۆیێ پێویستیمان بەئاگرێک هەیە... ئاگرێکی گەورەی مەشقەڵدار... تا ئاوی پێ گەرم بکەین و لەش و گیانمانی پێ بشۆین... لە قرێژی ساڵان پاکی بکەینەوە.

کاک ڕەسووڵ... وەکو بڵێی قسەکەی قادرۆک هانی دابێ... یان کەموکوڕی تێدا بەدی کردبێ... بۆ ڕاست کردنەوە و... تەواوکردنی... ڕای خۆی بەم ڕەنگە لەسەر مەسەلەکە دەربڕی کە گوتی:

– پێویستە هەر بەمەندەش نەوەستین، هەر بە ئەوەندە... کە تەنیا لەش و گیانی خۆمان بشۆین و پاکیان بکەینەوە... دەبێ دونیا قرێژاویەکەشمان لە چڵک و زبری ساڵان پاک بکەینەوە... دەبێ دونیای

دەورو بەریشمان وەک سەلکە توور... بشۆینەوە.

عەمەر وەکو لەو گفتوگۆیە و لە قسەکانی... تۆما... و... ڕەسووڵ... و... قادر و ئەوانی دی... چاک حاڵی نەبووبێ... بە دوو چاوی گەشی... گەورەی کراوە... سەری بۆ لای شەقامەکە... بۆ لای عەزۆ سووڕاندەوە:

– تفوو... وو

خوزییێکی گەورەی لە پەنجەرەکەی پاسەکەوە... بۆ دەرەوە... بۆ سەر شەقامەکە... هاویشت... ئیتر بۆی کڕ بوو.

تۆمای هاوڕێشم... وەکو ویستبی درێژە بە بەزمەکە بدا... یان قسەکانی قادرۆک و ئەوانی دیکە تەواو بکا... بە گەرمی هەڵی دایێ و گوتی:

– بەڵێ... ئاگرە ئاوی پێ گەرم دەکرێ و... قرێژی ساڵانی پێ دەشۆرێ؟... ئاگرە ئاسنی پێ سەقا دەدەرێ... و هەموو شتێکی پێ قاڵ و پاک دەکرێتەوە.

تۆما... لەگەڵ ئەو قسانەی ڕووی هەڵبزرکا و وەکو ملیۆنان بیر و گلەیی و ناڕەزایی... پاڵەپەستۆی مێشکی بکەن... وا ڕوومەتی هەڵمساندن و چاوی سوور هەڵگەڕان... لە تووڕەییان تووشی لێوە لەرزە بوو... دەستێکی بڵند کرد... کۆڵە مستێکی لە هەوادا ڕاوەشاند و بە دەنگ بانگی کرد:

– بەڵام ئەو ئاگرەی ئێمە دەیکەینەوە و هەڵی دەگیرسێنین. دەبێ ئاگرێک بێ ئەوانەیش بسووتێنێ کە بوونەتە هۆی ئەم پاشاگەردانییە و ئەم نالەباری و تاڵی و ژیانەی ئێمەی ڕەش و ڕووت.

خەڵکی ناو پاسەکە... لەگەڵ بانگەکەی تۆما پتر سەریان بڵند کردەوە...

فەقێ حەمیدیش بە پەلەو زوو زوو چاوەکانی لەم بۆ ئەو و لەو بۆ ئەم لە قسەکەرەکان دەگوازتنەوە، گلێنەی چاوەکانی لە گۆمێکی شڵەقاو مەلەیان دەکرد و گەوزیان دەدا و بێ ئارمانج لە کەسانی ناو پاسەکە و لە عەزۆی... لەسەر شەقام کەوتوو... دەچەقین و بەرەو دواوە هەڵدەقۆزینەوە و بە پەشێوی لەبەر خۆیەوە هەر دەیگوت و دەیگوتەوە:

– لاحەولە وەلا قوەتە...لاحەولە وەلا...

– ئەلحەمد و لیللاهی... شوکر خودایە... شوکر بۆ تۆ... و بۆ بەشی تۆ... بۆ خەڵاتی تۆ!.

بارانەکە وەستابوو، دڵۆپە ئاو لە جل و جۆری پاسەکە و... جل و جۆری عەزۆ دەچۆڕانەوە... عەزۆ هێمن ببوەوە... لەسەر جادەکە جوولا... بە مل کەچی و شەکەتیەکی زۆر... بە هەنگاوی شل و شۆق گەڕایەوە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە و لەپشتی پشتەوە دانیشت، تێرەقەی پشتی دایە تەختەی پاسەکە... ملی بەسەر سنیگیدا شۆڕکرد... سەری خستە ناو هەردوو لەپی دەستی... وەکو تاساو بەبێ هەست و دەنگ کشایەوە ناوخۆی... و کپ بوو. نەفەرەکانی دەوروبەریش... کەسێکیان دەنگێکی لێوە نەهات... کەسێکیان بەیەک قسە عەزۆیان نەدواند، زۆربەیان بە بەزەییەوە سەیریان دەکرد و هەندێکیشیان ئاهیان بۆ هەڵدەکێشا!.

بەزم و هەرایەکەی ناو پاسەکە، بە گەڕانەوەی عەزۆ... ماوەیێک وەستا، خەڵکەکە وەکو لە هیکرا تاسا بن... هەموویان کڕبوون و قەرەقۆپیان لێ کرد!.

بەڵام ئەو بێ دەنگی و قەرەقۆپە زۆری نەخایاند، کە لەپێشەوەی پاسە شڕەکەوە بۆڵە بۆڵ هەڵستا، ئەوە دەنگی تۆماسی شۆفێر بو کە لە دەرەوە... لە پێش ئۆتۆمۆبیلەکەی وەستا بوو... و... بانگی دەکرد:

-یاڵڵا کوڕینه... با حەرەکەت بکەین!

ئەو کـاتەش باران بە تەواوی وەسـتـابوو... تەم و مـژ تەنک ببـوو... مـرۆ بە چاکی بەرچاوی خـۆی دەدیت... خەتی جادەکەش دیار و ئاشکرا ببوو...

نەفـەرەکان... چ دەنگێکیـان لێوە نەهات... هەریەکەیان لەجێگاکەی هەندێک خۆی جـولاندەوە... بۆ ئەوەی بەچاکی جێگاکانیان بگرنەوە، چاوەنوارِی جوولانەوەی تۆمۆبیلەکەیان دەکرد.

عەمەر... سەری لە جامخانەی پاسەکەوە دەرهێنا و بە تۆماسی شوفێری گوت:

– دەی... بەد مەسسەب، ئێمە حازرین... با حەرەکەت بکەین.

تۆمـاس... بە مـرەمـر... بە ڕوێکی گـرژ خـۆی هاویشتـە ناو پاسـەکە، بە تووڕەیی دەستی بۆ گـون و گورچیلکەی تۆمۆبیلەکە درێژ کردن، هەوڵی دەدا مەکینەکەی گەرم بکاو و... پاسەکە بخاتەوە گەڕ.

خەڵکەکە... هەروەکو گوێشیـان لە بۆڵە و تووڕەبوونی تۆمـاس نەبووبێ... خۆیان لە گووره نەبرد، هەر یەکە دەیەویست پتر بە جێگاکەیەوە بنووسێت... لینگیان پتر... لێ ڕادەکێشا.

تۆمـاس... جار لە دوای جار ئاوڕی بەرەو پاشەوەی ناو پاسەکە دەدایەوە، ڕووی بۆ تەنیشتی خۆی... بۆ عەمەر و کاک ڕەسووڵ وەردەگێڕا، بەلەز... گێڕو ئامرازەکانی دیکەی تۆمۆبیلەکەی لێک دەکێشانەوە و دەی شێلان، بەڵام ئۆتۆمۆبیلەکە... لە ڤژەڤژ... پتر لە جێگاکەی نەدەجووڵا.

من... سەرم لە گرژی و مۆنی تۆمـاسی شوفێر سوڕمـابوو، نەمدەزانی نیگەرانیی چییە، ئەو... هەرگـیز بەشداری لە کـێشـە و هەرایەکەی ناو پاس نەکـردبوو... و... لەو مـاوە درێژەی کە نەفـەرەکـان دەمـەتەقێ و گاڵتـەجاڕیان دەکرد... ئەم سەری بەسەر سووکانی تۆمۆبیلەکەی داکردبوو... وەکو خەوتوو جوولەی لە خۆ بڕیبوو، ئەگەر بڵێی دەردەکە هەمـوومـانی گرتبـوەوە... دیسـان کـەلێنی فشـەگاڵتـەو پێکەنین و هیـوا... بە تەواوەتی نەگیرابوو، وەکو دایکم دەیگوت:

– دونیا هەر چەندە هەور و تەم و مژ بێ... بەڵام ڕۆژ ڕووناکی هەر دەبەخشێ.

نەفەرەکان... لەگەڵ ئەو هەموو کۆست و تەنگانە و نالەبارییەی لەناویدا دەژیان... لەگەڵ تاڵی و تفتی ڕۆژانەیان... دیسـان وەکـو بەنی ئادەم دەژیان، ئەوە بوو لەگـەڵ ئەو چەند دەقیـقـە ژیانەی ئەو ڕۆژەی ناو پاسەکەشدا... گەلێک لە ئەشکەنجە و ئازارەکانیـان لەبیر کردبوون، هەتا عـەزۆ و چۆنیـەتی عـەزۆشیـان لەناو ئەو چەند کـاتەدا تواندبوونەوە و فـەرامـۆشیـان کـردبوو... هەتا وایان لێ هاتبـوو کـە ئاگـایان لە تۆماسی شۆفێریش ببڕێ... کە لەپێش لانکە شڕەکەیدا وەستابوو... ئەنگوستی لە نەفەرەکان ڕادەوەشاند و بە تووڕەییەوە چاوڕاوی لێ دەکردن... و... هاوار... لە دوای هاواری دەکرد:

– یاڵڵا دابەزن... دەی دابەزن... پاڵ دەن.

وە بە بەری دەستێکی لە لمووزی تۆمۆبیلەکەی دەدا بۆ ئەوەی کۆڵی دڵی لە نەفەرەکان دامرکێنێ... یان سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

لەگەڵ ئەم چۆنیـەتیـەی نەفـەرەکان بەگشـتی و ئەو خـەم ساردیەی لە دەرەوە بە ڕوالـەت دەیان نواند، من... دیسـان برسـیـەتیم لە چاوی هەمـوویاندا دەخـوێندەوە، بێ تووکی لە ڕەنـگ و ڕوویان... لە لەشی زراو... و لاوازیـان ئاشکرا بـوو، ئەمـــەو لەگــەڵ عــەزم و تـوانـا و توونـدیێکیش... کــە لـە چاوی و... لە جوولانەوەی عەمەرو مەحمودو تۆما و... هەندێکی تریشیان بریسکەی دەداو سەری هەڵدەدا.

جگە لە عـەزۆ کە بە تەنیـا لە جێگاکەی خۆی... لە پاشی پاشەوەی پاسـەکە... ملی بەسـەر سینگیدا

کەچ کردبوو...و ... سەری خستبووە نێو هەردوو لەپی دەستی... جگە لەم... نەفەرەکان هەموویان لە پاسەکە دابەزین و لەم تەنیشت و لەو تەنیشتو بە پاشەوەی پاسەکە بڵاوبوونەوە... دەست و بازوویان لێ هەڵماڵین و کەوتنە هەژاندنەوە و پاڵدانی مەشکە کۆنەکەی تۆماس... تاکو تۆمۆبیلەکەیان وەئاگا هێنا، ئۆتۆمۆبیلەکە ئەوەل جار سەری لەرزاند... چەند حینگێکی لە هەواکەی پێشیدا... تا کەوتە ئەوەی هەنگاوی شل و پەیت و... وەک پیرە مانگایێکی شەکەت... دەستی بەجادە هەڵلووشین کردەوە.

لەگەڵ یەکەم گرەی ئۆتۆمۆبیلەکە... فەقێ حەمیدو هەندێک لە نەفەرەکانی دیکە... بەدەنگ بانگیان کرد:

– سەڵەوات... لە دیداری موحەممەدا!.

کاتێ لە لۆفەی یەکەم بەرەو ژوور دەسووڕاینەوە... گوندی کۆڕێ و گوندەکانی ئەو دۆڵە لەناو لێڵاییی دەردەکەوتن و تارماییەکانیان پتر ئاشکرا دەبوو... و... روونتر دەبوونەوە، لووتکەی سەفین هەڵمێکی سپی دایپۆشیبوو، هەتا لە لۆفەکان سەردەکەوتین... نەڕەی ئۆتۆمۆبیلەکە بڵندتر دەبوەوە... تا دەبووە هاوارو ناڵەیێکی بەکوڵی بریندارانە، هەڵم و پرووشکەی دوای باران جامی پێشەوەی پاسەکەیان پتر دادەپۆشی، تۆماسی شۆفێریش... بێ پسانەوە دەستی لەپەنجەرەکەی تەنیشتیەوە بۆ دەرەوە درێژ دەکردو بە پەرۆیەکە پێش چاوی خاوێن دەکردەوە، کە پاسەکە لە گەوەی دوایی سەرکەوت و کەوتە پانایی پیرمەم... ناڵە و زیرەی کەمتر بوەوە. ژانەکانی هێدی دەبوونەوە و وردە وردە لەناو هەواکەی دەوروبەری دەتوانەوە.

لەهەردوو لای جادەکە... بەدەیان کەلەشی داربەروو... دارمازوو... باوی... کرۆسک... گێوژ و... هەنجیرە کێوی... لێ کەوتبوون، لە تەوقە سەری بەنی پیرمەمیش... ڕەزەکانی ترێ تێک و مەکان درابوون... بەسەدان کۆڵکەمێو لە ڕەگەوە هەڵکێشرابوون... هەندێک لەو مێوانە هێشتا بە پێوە مابوون و گەڵاکانیان سیس ببوون... هێشتا ترێیان هەر پێوە مابوو... هوشیەکانیان... وەک مەمکی دایکە برسیەکان... چرچ وپووچ ببوون و بە گەچڵاوی شۆڕ ببوونەوە.

تەختاییەکەی سەرەوەی پیرمەم هەمووی گێرەو خاکەکەی سەرەوژێر کرابوو...دەیانگوت ئەو گردە بڵندە بۆ مەلیک دەکەن بە پایتەخت و هاوینە هەوار...

ئەو پایزەی بۆ یەکەمجار لەگەڵ کاروانێک دەچوومە هەولێر... تا لەقوتابخانەکەی بخوێنم... کاتێ لە بەنی پیرمەم سەردەکەوتین... لەبەر چڕی دارستانەکەی سەربەن... بەنوێژی نیوەڕۆ هەستمان بەرۆژ نەدەکرد... وامان بۆ دەهات کە ئێوارەیێکی درەنگەو ڕۆژ ئاوایە!!. ئەو سەردەمەش وەکو ئێستا ڕێگای ئۆتۆمۆبیل لەسەربەن تێدەپەڕی و لۆفەکانی هەروەکو ئێستاکە وەها بوون... بەڵام ئەو دارستانە چڕو سەختە سامێکی دەدایە ئەو ناوەوەو مەترسیێکی دەدایە هاتووچۆکەران... زۆر جاری وادەبوو لەناو دارستانەکە چەتەو ڕێگر ڕێگایان بەوانە دەگرت و ڕاو و رووتیان دەکردن.

کە لەنشێوەکەی بەنی پیرمەم بەرەو بانەمان و بۆ لای بەستۆڕە غلۆر دەبووینەوە... پاسەکە وەکو گێژ بەگێڕی بەم لاو بەولای جادەکەدا دەلەنگی و ڕادەهات... نەفەرەکانی ناوەوەی لەسەر تەختە ڕەقەکان... دەهەژاندنەوە، عەمەر... وەکو هێشتاخەیاڵی بەو قسانەوە گیر بووبێ... کە پێش چەند کاتێک تۆماو کاک ڕەسووڵ ومەهدی و مەحمود و مەلا حەمید و ئەوانی دی... لەناو پاسەکەدا دەیانکردن... وەکو هێشتا بیری بەو گفتوگۆیە گیر بووبێ... بەین بەینە سەری دەهەژاند و لێوی دەجووڵاندنەوە و بۆڵە بۆڵی لێوە دەهات!!... وورده ووردەش بۆڵە بۆڵەکەی روونتر دەبوەوە تا دەبوون بە قسەو ڕەوانتر دەهاتنە بەر گوێی نەفەرەکانی ناو ئۆتۆمۆبیلەکەو زۆریشی پێ نەچوو کە لە ناوەوەی جونبوشی کردو تەقی و... لەپڕ بە

تووڕەییێکی زۆر و بەدەنگێکی بلّند بانگی کرد:

– حیسابی ئێمەو ئەوان لەدوای ئەو سەفەرە دەکرێ!!

وە پاش هەناسە خواردنەوەیەکی ووشک... دەستی بە گەف و چاو... و... ڕاو... کردەوە:

– بە حەول و قوەتی خودا... کە گەڕاینەوە گوند... دەبێ ئاگرەکە بکەینەوە، دەبێ ئاگرێک لەو کاروانە لۆریانە بەربدەین کە ڕزق و تفاقی ولاّتەکەمان... بۆ دوژمن... بۆ بێگانە دەکێشنەوە، قاتی و قڕی لە ولاّتدا پەیدا دەکەن، دەبنە هۆی برسیەتی و مردنی منداڵ! و خەڵکی ناوچە... دەبنە هۆی نالەباری و هەژاری ئێمەو ڕسواکردن و مل کەچی خەڵکی گوند.

من... وەهام بە خەیاڵدا دەهات... کە عەمەری سلێمان... بەم قسە توندو زەقانەی وەلاّمی تۆما و کاک ڕەسووڵ و قادرۆک دەداتەوە!. بۆ ئەمە... ئەو چاو... و... ڕاو و گەفانە دەکات... تا پتر خۆی بە خەڵکەکە بناسێنی!!... یان هێز و توانای خۆی... کە بەلای من... هەروا بەلای نەفەرەکانی ناو پاسەکەش... عەمەر پێویستی بەمەش نەبوو، چونکی خەڵکەکە هەموویان لە مێژبوو عەمەریان دەناسی... دەیانزانی چ بەرازێکی مل ڕەقی یاخییەو چ پیاوێکی عینادو تووش و توندە... وە ئەوەیان لا ڕوون بوو کە ئەو... ئەوەی دەیلّێ و دەیەوێ بیکا... دەیکا... لەقسەی خۆی ناگەڕێتەوەو، زۆربەی نەفەرەکان لە دلّدا قسەکانی عەمەریان پێ خۆش بوون... فێنکی دەگەیاندە گیانیان... هەر بەو هۆیەشەوە... هەموویان چاویان لەدەمی عەمەر بڕیبوون... کە عەمەریش قسەکانی تەواو کردن و لە گڕوگەف کردنەکەی بوەوە... هەر یەکەیان ئاخێکی کرد!.

کاتێک لە لۆفەی سپی دەسووڕاینەوە... دەشتی هەولێرو شەمامک... دەشتەکانی زراری و کەندێناوە و... لە دوور... دوور دەشتە پڕ پیت و بەرەکەتەکەی قەراج... م... وەکو دەریاییێکی تەم دەهاتە بەرچاو، زێی بادینان... وەکو ئەژدیهاییێکی زەلام بریسکەی دەداو ئەو دەشتە وشک و برینگانەی کەرت دەکردو بەرەو ژێر دەخشا، کۆمەلێک بیرو خەیاڵ هێرشیان بۆ دەهێنام... لەگەڵ خۆمدا قسەکانی کاک نافیع...م دووبارە دەکردنەوە... ئەو قسانەی وەکو وانەو ئامۆژگاری لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەدا بۆی دەکردین و دەیگوت:

– لەبەر کەمتەرخەمی و بێ توانایی، ڕژێمە بۆگەنەکان... بە پلانی بێگانەو داگیرکەر... ڕێگای ئەوەمان نیبیە خێر لەو هەموو... ئاو... و... زەوی و زارانە ببینین، وە دەیگوت:

داگیرکەرەکان بۆ برسی کردن... بۆ ڕسواکردن... بۆ سەر پێ شۆڕکردنی خەڵک... بە یارمەتی ڕژێمە ڕزیو و ئاغایەکان... ئەم پلانە دەگێڕن تا پتر دەست بەسەر... چەوساوەکاندا بگرن... لەپەل و پۆیان بخەن و درێژە بە مانەوەیان بدەن لە ولاّتەکەماندا.

کە ئەم بیرو خەیالاّنەم دەکردنەوە... ئاهێکی دلّساردانەم... هەلّدەکێشا... لەگەڵ خۆم یەک و... دوو... و بەراوردم دەکردەوە:

– ئەم هەموو زەوی و زارە بەخێر و بێرە!... ئەم هەموو دەشتە فراوانانە... ئەم هەموو ئاوە مشەیە... ئەم سامانە بەپیتەی ئێمە هەمانە... کەچی بۆ مستە گەنمێک... بۆ ...گۆلە دانەوێلّەییێک... شەیداین و وەکو شێت و دەلوو وە دونیا دەکەوین!... بۆ دلّۆپە بارانێک خۆمان دەکەین بە مەیموون...!!

– بە زگێک تێرین... بەدوو زگ برسین...!!

– خۆمان زەلیل و ڕسوا دەکەین... خۆمان دەکەین بە مەیموون... هەتا بەزەیی خودا هەلّبستێنین... بەزەیی خودا و پێغەمبەر و ئەولیاکان... بەزەیی ئەمانە بجوولّێنین... تا بارانمان بۆ ببارێن...!

– ئەگەر ساڵێک باران نەبارێ... شینایی لەم هەموو... دەشتانە نابینین!!.

مام زانەوێر... لە زمانی باپیری دەیگێڕایەوە... دەیگوت:

– وەختی ئەوان، لە بنەبنەی سەفینەوە... لە هەولێرەوە... هەتا کەرکوک... و تا مەخمور... بە درێژایی و پانایی قەرەچووغ... ئەو دەشتانە هەمووی دارستان بوون!! وە دەیگوت:

– تەیروتوار... بەباڵەفڕ... دارەودار دەگەیشتە کەرکوک و تا دەو زێ... لە زەوی نەدەنیشت!

کاتێ ئەم قسەیەی مام زانەوێر...م ... بەخەیاڵدا دەهاتەوە... خوزییێکی تاڵ و سوێرم قووت دەدایەوە و دەکەوتمەوە یەک و دوو لەگەڵ خۆم:

– ڕووی خۆمان ڕەش دەکەین... کەوڵی بزن و پێستی کەر دەپۆشین... تا خودا ئاوڕێکمان لێ بداتەوە... تا سەرنجی خودا و پیاوەکانی خودا ڕابکێشین...تا بارانمان بۆ ببارێنێ، ئەم زەوی و زارە پڕ خێرو پیت و بەرەکەتە...!! لەخنکان ڕزگار بکات و قاتی و قڕیش لەناو ئێمە هەڵگری!!

– خۆمان لە بزن و لە مەیموون و لەکەر... لەلای خودا پێ بێ ڕێزترە، بەڵام بۆچ وابێ؟... بۆ... وەڵام... کەسێکمان نییە بیر لە وەڵامێک بکاتەوە...!!

دیمەنی نوێژە بارانەکەم دەهاتەوە پێش چاو... ئەو دیمەنانەم وەک شەریتی سینەما بەبەر چاودا تێدەپەڕینەوە، دیمەنی خەلیفە سەرسۆرو دەروێشەکانی... کە لەدوو مەلۆی گاوان ڕیز ببوون و پێستی بزنیان لەبەر کردبوو... بە هەزاران پلپلەو پارچە ئاوێنەو مورو و جگ و ناڵەکەر... ڕازاندبوویانەوە، لەسەر چەقی جادە و پانە گۆڕەکە... وەک تەزرە هەڵدەقۆزینەوە... زیکریان دەکرد... شیربازی و ڕمیان هەڵدەدان... ڕوویان دەکردە ئاسمان و وەک پیرەگا دەیان بۆڕاند:

– یا... ڕەببەنا...

هەروەها دیمەنی تۆفیق بەگ و شێخ قطب الدین و مام حاجیش... کە لەتەک فەرمانبەر و دەوڵەمەندەکانی گوند... دوورەپەرێز لە حەشاماتەکە وەستابوون و خۆیان دەلەنگاندەوە و لەسەرخۆ پێ و دەم و زاریان دەجووڵاندەوە... بێ ئەوەی دەنگێکیان لێوەبێ!!... یان... کەسێک بزانێ... داخوا چ دەڵێن!؟... یان ... دەچنە پێش یان دەکشێنەوە پاش، خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەش... بەسۆز... بەکوڵ... هەندێکیان لەگەڵ فرمێسک باراندن... لەبنی زگیانەوە...بە هەموو هێز و توانایانەوە بانگی خودایان دەکرد:

– یا... ڕەببەنا... یا ڕەببەنا.

لەناو تەم و مژی ئەم هەموو وێنە و تابلۆ تاڵ و تفتانەش وێنەی نەخشینی خۆشەویستم... لەگەڵ وێنەی ئایشەگوڵی... کچۆڵە هاوڕێیەکەی منداڵیم... وێنەی هەردووکیان لەبەر چاومدا وەکو بڕکە لاولاوێکی سەوزی باڵابەرز بەرز تا چاو بڕ دەکا... بەرز هەڵچو و لێک دەئاڵان و تێکەڵاو دەبوون، سەودایێکی پڕ ئێش و پڕ ژانیان دەدا بە مێشک و بە دەروونمدا.

– مەمکەکانی نەخشین... هەر لە جێگاکەی خۆیان... کراسە زوورەکەیان نەختێک هەڵدابووەو و نرخێکیان دابوو بە چیتە هەرزانەکەش.

لە پڕ... لەناو سەودایەکەی مێشکمدا هاوارێکی بڵند هەڵدەستا:

– نا... نابێ مەمکەکانی نەخشین... وەکو ئەو هێشووە ترێیە چورچ و پووچانەی ڕەزەکەی بەنی پیرمەمیان لێ بێ!!

- نا... نابێ... جارێکی دیکەش ئایشەگوڵ بە گۆڵمە جۆیێک بفرۆشرێتەوە!.

ئایشەگوڵی کچۆڵە هاوڕێیەکەم، لەو بووکە بارانەدا... بە هەموو دڵسافی و ساویلکەیی منداڵانەوە... لەگەڵ ئێمەی منداڵانی گوند... تا نیوەشەو لەناو کۆڵانە تەسکەکانی گوند... هەڵدەپەڕین... گۆرانیمان دەگوتەوە... گۆرانی پاڕانەوە و دڵساردی، گۆرانی پاڕانەوە! گوڵێ بە دەنگە ناسکەکەی بانگی دەکرد:

بووکێ مە بارانی دەوێ

ئێمەش لێمان وەردەگرتەوە:

شیری کچۆڵانی دەوێ

ئەو ڕۆژە ئایشەگوڵیش... ئەویش بەدڵ حەزی دەکرد ئاسمان وە ئاگا بێنێ و... بە دەنگە ساوایە ڕەوانەکەی دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی بەزەیی خودا بجووڵێنێ... بەشکەم ڕەحمێک بە خەڵکەکە بکاو بارانمان بۆ ببارێنێ!!.

* * *

# 14

بۆ ڕۆژی دوایی، هەر لەگەڵ پاسەکەی تۆماس... چۆن دوێنێ... هاتبووین... هەروەها خەرار بەتاڵ و دڵ پڕ لە کینە و ڕق و خەفەت ... لە شارە پیرە خەمبارەکەوە... ڕێگای گوندەکەمان گرتەوەبەر!.

لە نەفەرەکانی ڕۆژی پێشوو... تەنها عەزۆم لە ناو پاسەکەدا بەرچاو نەکەوت... لە دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە و دەمپرسی:

ـ دەبێ... عەزۆ لەبەر ئەوە لەشار نەمێنێتەوە... تا سۆراخێکی خوشکەکەی بکا؟...

هەندێک جاریش... بیری ئەوەم وەک برووسکە بە مێشکدا تێدەپەڕی ... بە دوو دڵی لەگەڵ خۆم دەکەوتمە پرسیار و وەڵام... کە دەشێ عەزۆ شێت بووبێ و برسیەتی و نالەباری سەری پێ هەڵگرتبێ و کەوتبێتە ئەو دەشت و بیابانە!؟. سەبارەت بەو چۆنیەتیەشی، ئاگای لە پاسەکەی تۆماس و لە هاوڕێکانی سەفەرەکەی دوێنێی... بە گشتی... ئاگای براین، یان... «ئەمە لەگەڵ خۆم دەمگوت»:

– ڕەنگە چووبێتە لای شێخ قطب الدین... ئەمیش گوند و دێهاتێکی زۆر و دەغڵ و دانێکی زۆرتری هەیە، لەوانەیە بەسەرکارەکەی گوتبێ... باراشێک گەنم و جۆ بدەن بە عەزۆ، لەمەش پتر... لەوانەشە... کوڕی سۆفیە کۆنەکەی... هەر لە گوندێک لە گوندەکانی نیشتەجێ کردبێ، ئەدی... ئەگەر شێخ لە ڕۆژی ئەوها ڕەشدا... دالدەی سۆفیەکانی و ئەولادی سۆفیەکان نەدا!... چۆن لە بەهەشت دالدەیان دەدا؟

بەم ڕەنگە خۆم دەدواند و بەهۆی دواکەوتنی عەزۆ لە گەڕانەوەکە... سەرم لە پرسیار و وەڵام... ئاڵا... بوو، عەمەری سلێمان و هاوڕێیەکانی، کە بە نەگەڕانەوەی عەزۆیان زانی... یەک سەیری ئەویدی دەکرد، بەڵام کەسێک نەیویست... یان یەکێکیان نەیان توانی وەڵامی ئەوە بدەنەوە کە:

– ئایا... عەزۆ... بۆچ، دواکەوتوە و... نەگەڕاوەتەوە؟!.

خەڵکە... لایان وابوو... کە عەزۆ کەم و زۆر ئاگای لە خوشکەکەیەتی و سۆراخێکی لێ دەزانێ، کەچی لە ڕاستیدا... وەکو ڕۆژان... بەدەریان خست... عەزۆ هەرگیز ئاگاداری چۆنیەتی ڕاستەقینەی خوشکەکەی نەبوو... و لەسەر ئەو خەیاڵە نووستبوو کە جەنابی شێخ قطب الدینی گەورە... هەر لە ڕێگای خودا و کەرامەتی خۆی... باڵی باوکیەتی بەسەر ئایشەگوڵی خوشکیدا هێناوە و لە ژێر سێبەری پیرۆزی ئەودا... ژیاوە... هەتا ئەو ڕۆژەی خودا ئەمانەتەکەی لێ وەرگرتۆتەوە و... مردووە و چۆتە ڕێگای حەق!!

منیش... وەکو خەڵکەکە بیرم دەکردەوە و... زۆرجار لە خۆم دەپرسییەوە:

– چۆن... برا دەتوانی... خوشکی لە بیر بکا؟...

چۆن ئەوها بە ئاسانی فەرامۆشی دەکا و پێ شوێنی لەسەر ئەم دونیایە بزر دەکا؟ بە تایبەتی برا و خوشکێکی وەکو عەزۆ... و ئایشە گوڵیش... لە ژیان... لە یەکتری بەولاوە... کەسێکیان نەبوو!!

لەگەڵ هەموو قەزا و بەڵای دونیاش... لەگەڵ هەموو کوێرەوەری ژیانیش خوێن و گۆشت لەیێک جودا ناکرێنەوە، هەتا دڵ لێ بدا... هەتا خوێن لە دەماری مرۆڤدا هاتووچۆ بکا... برا و خوشک هەرگیز یەکتری فەرامۆش ناکەن!...

من... ئەوها لێکم دەدایەوە.

هەفتەیێکیش پتر بەسەر ڕۆژی سەفەرەکەمان تێ نەپەڕیبوو کە دەنگوباس لە گوندەکەمان بڵاو بوەوە... دەیانگوت عەزۆ لە حەپسخانەیە!!

وه دەیانگوت:

– پۆلیسی شار عەزۆیان دەردەست کردووه و ئاوقای بەندیخانەیان کردووه!.

ئەوەل جار وا بلاو بووەوه کە شەوێک... کاتێ عەزۆ خەریکی دزینی ماڵێک دەبێ... خاوەن ماڵ لێی بە ئاگا هاتووه و خەڵکی گەڕەک و پۆلیس و چەرخەچیی لێ کۆکردوونەتەوە... لە دزیدا گرتوویانە!!

بۆ ڕۆژی دووەمیش... خەبەرەکە ئەوەهای لێهات:

ـ عەزۆ... بە جێگای خوشکەکەی زانیوه و شەوێک پەلاماری داوه... ویستوویەتی بیکوژێ، بەڵام سەرنەکەوتووه و گرتوویانە، چوار مانگ حوکمی بەسەردا دراوە!!

– ویستوویەتی خوشکەکەی... ئایشەگوڵی خوشکی بکوژێ؟

– بۆچ... بۆچ گوڵێی خوشکی دەکوژێ؟

– ئایا گوڵێ تاوانێکی کردووه... تا... حەقی کوشتنی هەبێ؟

ئەم پرسیارانە لە مێشکمدا هاواریان لێ هەڵدەستا!!

زۆربەی خەڵکی گوندەکەمان... خەڵکە ساوایە خۆشبڕوایەکە... ئەوانەی وەختی خۆی لە زاری سۆفی وسووی ڕەحمەتی بیستبوویان... کە ئایشە گوڵی کچی مردووه... ئەمانە، ئەو دەنگ و خەبەرەی لە مەڕ عەزۆیان بڕوا نەدەکرد!!. ئەمانە وایان دەزانی کچەکە مردووه و... ئیدی مردووش چۆن دەکوژرێ؟... هەتا لە دواییدا ڕاستیەکە دەرکەوت... بۆ ئەمانەش ئاشکرا بوو کە عەزۆ... قسەی لە بابەت ئایشەگوڵی خوشکی زانیون... وه لە مردنەکەی گومانی پەیدا کردووه، ئیدی ئەوه بوو کە لە سەفەرەکەی هەولێر... لە ئێمە دواکەوت... یەکسەر چووەتە سەردانی شێخ مەلا سەید قطب الدینی کڕیاری خوشکەکەی... بۆ واجبی وەفاداری تازە بکاتەوه و جێگا بۆشەکەی باوکی پڕ بکاتەوه و هەم گومانەکەی لەمەڕ ئایشەگوڵی خوشکی لە مێشک و دڵدا بڕەوێنێتەوه و بلاوەی پێ بدا!! بەڵام سەردانەکەی شێخ تووشی ئەم کەتنەی کردووه و خۆی لە حەپسخانەی شارە پیرەکە دۆزیتەوه.

عەزۆ... ماوەیێک لەبەر دەرگای تەکیە گەورەکەی ماڵی شێخ قطب الدین دەوەستێ... کە وەرەس دەبێ ئەمسەر و ئەوسەری کۆلانەکە هەڵدەکاتەوه... دیسان لەبەر دەرگا گەورەکە دەوەستێتەوه... لێی دەشێوێ چۆن خۆی بە ئەهلی تەکیە بناسێنێ و پێیان بڵێ !

– من کوڕی سۆفی وسووم... کە کۆنترین مریدی شێخ بوو، و پێش ئەم شێخەش... لە مریدە گەرمەکانی باوکی رەحمەتی شێخ بوو!

عەزۆ... کە ئەوها بیری دەکردەوه... هەستی بە هەسانەوه و خۆشیەک دەکرد... ئەولای ڕوون بوو هەر شێخ بەوه بزانێ کە کوڕی سۆفی وسووه... خەڵاتی دەکا!!.

تا نزیک نیوەڕۆ چاوەنۆڕ دەکا... کەسێک لێی ناپرسێت تۆ کێی؟... تا لەپڕ دەروێشێکی ڕیش سپیی مل ئەستووری کەڵەگەت... خۆی لێ نزیک دەکاتەوه... عەزۆش... بە کاسی و بزەیێکی گێلانە خۆی پێ دەناسێنێ:

– من... عەزۆی... کوڕی سۆفی وسووی ڕەحمەتیم!!

کاتێ دەروێش... عەزۆی برای ئایشەگوڵ دەناسێ، بە هەموو هێزیەوه لە بناگوێی عەزۆ دەنەڕێنێ:

– هوو... یا... هوو...!

وه بە دەستێکی سەری ڕیشە درێژەکەی لە زاری نزیک دەکاتەوه و بە زاری پێ... دا... دەڕیێ!...

عەزۆ... لە هایووهووی دەروێش سەری سوور دەمێنێ و لای یەقین دەبێ کە ئەم بەزمە وەبەخێرهێنان و ڕێزگرتن ناچێ!... پتر عەقڵی دەلەقێ و دەپەشۆکێ... تا دەروێش پێی دەڵێ:

– قەت شەرم ناکەی... بە بەر ئەم دەرگایە پیرۆزەدا... گوزەر دەکەی؟

– دەبا لە شەرمان... ببایە قەترە ئاوێک و بەم خاکی زەمینەدا چووبایتە خوار!!.

عەزۆ... بە دەمێکی تێک ئالاو... و لێوە لەرزۆک... هەوڵی ئەوە دەدا باشتر خۆی بە دەروێش بناسێنێ و لای وابوو دەروێش نەیناسیوە و مەسەلەکە تێک نەگەیشتنە و... بەس، کە دەستێکی بڵند کرد و لەسەر سینگی خۆی دانا و دووبارە بە دەروێشی گوت:

– من... کوڕی سۆفی وسووی ڕەحمەتیم!!

وە پاش چاوقوچانێک... خۆ پێ ناسینەکەی وەها تەواو کرد:

– سۆفی وسووی گوندی شەقلاوە!!.

دەروێش... لەگەڵ ئەم قسانەی عەزۆ... وەکو ببیەر چووبێتە کونە کەپووی... پتر ڕووی خۆی گرژ کردەوە و لمووزی لە ئاسمان وەدەژەنی!!...

هەر لەو کاتەش کوڕە زەبەللاحەکەی شێخ پەیدا دەبێ و کە عەزۆ دەناسێ... بە دوو چاوی مۆن... دوور و درێژ تێی وەڕادەمێنێ... تا بە ڕووی عەزۆ دادەدا... کە:

– ئایشەگوڵ... خوو... و... ڕەوشتی باش نەبووە...!

وە بە تەوسەوە پێی دەڵێ:

– خوشکەکەت ماوە... نەمردووە... بەڵێ ئایشۆک ماوە... بەڵام چ مانێک!!

دەروێشە ڕدێن درێژەکەش لە کوڕی شێخەکەی وەردەگرێتەوە و کەرانە هەڵدەداتێ و بە عەزۆ دەڵێ:

– کچەکە... ئابڕووی تکاوە... ڕەدووی کابرایێکی بێ دینی خوێڕی دەم ڕووت کەوتووە، ئابڕووی جەنابی شێخیشی بردووە و سەری هەموومانی شۆڕ کردووە!.

وە کوڕە زەبەللاحەکەی شێخ... بە عەزۆ ڕادەگەیەنێ کە:

– ئێمە لە شەرمی ئابڕووی خۆمان... گوتمان کە خوشکەکەت مردووە... ئا... هەر لە شەرمی ئابڕووی خۆمان... وامان بڵاو کردەوە... کە ئایشۆک مردووە!.

بەم ڕەنگە کوڕە شێخ و دەروێشەکە... دڵی عەزۆیان کرمێ کردووە لە خوشکەکەی... لە دامێن پاکی ... خوشکەکەی خستوویانەتە گومان!...

لە ئەنجامیش شێخزادە لەژێر عەباوە... خەنجەرێکیش لە دەست عەزۆ دەنێ و بە مۆنی بە گوێیدا دەچرپێنێ:

– دەجا ئەتۆش پیاوەتی و نێراتی خۆت بنوێنە... شەرەفی خۆت بدۆزەرەوە و ئەو پەڵە ڕەشە لەسەر ناموس و کەرامەتی شێخ و لەسەر ناموسی خۆت پەرت بکە و لای بەرە!.

عەزۆش... کە تەئسیری ڕۆژی پێشووی هەر لە کەللە ماوە، خەنجەرەکە دەخاتە باخەڵی و سەرهەڵدەگرێ... گەڕەک بە گەڕەک... شارە خەمبارەکە دەپشکنێ، لەبەر ئێشی قسەکانی شێخزادە و دەروێشەکە ... ئارامی لێ هەڵدەگیرێ هەتا ماڵی ڕەشۆی مێرد و هاوسەری ئایشەگوڵی خوشکی دەست نیشان دەکا!!... ئەوجا شەوێک لەناو جەرگەی تاریکیدا... بەپێ دزە خۆی دەگەیەنێتە ماڵی ڕەشۆ، ئایشە

گوڵ دەرگای لێ دەکاتەوە بەڵام عەزۆ ماوە نادا قسەیەک بکات... خەنجەرەکەی کوڕی شێخی لێ دەخاتە کار هەتا لە پەلوپۆی دەهێخێ، لەگەڵ هاوار و زیڕەی ئایشەگوڵ..خەڵکی گەڕەک هوشیار دەبنەوە، عەزۆ خەریک دەبێ فیرار بکا... کە دەورەی دەدەن، دەردەستی دەکەن... دەیدەنە دەست... چەرخەچی و تەسلیمی حکومەتی دەکەن... ئیدی عەزۆ وای بەسەردێ... کە بەسەری هات!

کاتێ هەواڵی کەتنەکەی عەزۆم بیست... دڵم تەواو زوێر بوو... ئاهێکی کرم هەڵکێشا... دەروونم دەستی بە کوڵان کرد، ژیانی سەردەمی منداڵی خۆم لەگەڵ ئایشەگوڵی هەڤاڵم... لە مێشک و لەبەر چاوی خەیاڵ تێ دەپەڕینەوە... گیانیان دەهاتەوە بەر، بەهاری ساڵی ڕابوردوم هاتەوە یاد... کە لە کۆڵانە تەسکە قوڕاویەکەی گەڕەکی تەیراوە... لە شارە پیرەکەدا ڕای گرتم... خۆی پێ ناساندمەوە... قەتماخەی لەسەر برینە کۆنەکەی سەردەمی منداڵیمان پچڕاند:

هەی ئاغە و ئاغەو ئاغە

بۆم تێکە... جەرگم داغە

چاوت پیاڵەی ......

وێنەو دیمەنی دایکی جەمالم دەهاتەوە خەیاڵ، کە لەبەر دەرگای ماڵی ئەحمەد شەشخانی مودیر... سواری ئەسپەکەی دەبوو... پۆلیسێک ڕکێفی زینەکەی بۆ گرتبوو... مودیر بەگیش دەستێکی دابووە ژێر باڵی دایکی جەمال... یارمەتی دەدا تا سواری ئەسپەکە ببێ، دایکی جەمال ژنێکی ژیک بوو... جلکێکی ئەلمۆدەی لەبەر بوو، مودیربەگ... بە ئامێز سواری ئەسپە سپیەکەی کرد:

مانگ لە ئاسمان بیست و سێیە

لەسەر سینگت ئەلف و بێیە

هەتا دەمرم تەمام پێیە

مودیر بەگیش... وەک کەروێشک فرتکێکی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و قامچیەکی لەکەفەڵی گیر کرد و کەوتە دوای ئەسپەکەی دایکی جەمال.

ئەوها... دیمەنی دایکی جەمالم دەهاتەوە بەرچاو... هەروا مام مستۆم لە پێش چاو قیت دەبوەوە... مام مستۆ کە لە سووچی کۆڵانەکانی گوند خۆی مەڵاس دەدا، خۆی لە پیاو و لە ژنەکانی گوند... دەشاردەوە... تەنیا هۆگری منداڵ بوو!... منداڵەکانی وەکو من و ئایشەگوڵ!... قسەی لەگەڵ دەکردین. هەوەسی بەمن و ئایشۆک دەهات، هەر جارەی چاوی بە ئێمە دەکەوت... دەستێکی بۆ ڕادەوەشاندین... بەچاو بانگی دەکردین... بە دەنگێکی نزم بانگی دەکردین و... دەیپرسی:

– شێرکۆ... گوڵێ... کەس لە کۆڵان دیار نییە؟

کاتێک لەوەش دڵنیا دەبوو کەسێک دیار نییە، خۆی لێ نزیک دەکردینەوە... دەهاتە لامان... سەری بەرز دەکردەوە... ئاهێکی توندی هەڵدەکێشا... بزەیێکی تەماوی لەسەر زار پەیدا دەبوو... ڕووی دەکردەوە ئێمە... دووبارە بە ڕوومانی دەگەشایەوە... دەستی بەسەردا دەهێنایین... بە ئەنگوستە درێژەکانی ڕوومەتی هەڵدەپشاوتین... لە پاشدان نەختێک بۆمان کوور دەبوەوە... ئایشەگوڵی ماچ دەکرد و منیشی ماچ دەکرد... دەستێکیشی بۆ باخەڵی ڕایەڵ دەکرد... کە دەستەکەی لە باخەڵی دەکێشایەوە... بۆ ئێمەی درێژ دەکردەوە و لەسەر خۆ دەیگوت:

– ها... ئەوە دوو... عانە!

وە بە خۆشییێکەوە دەیگوت:

– هەریەکی عانەیەکتان... ئێ بابە!

دەستە ڕەقەکەی بە عانەکانەوە بۆ درێژ دەکردین، ئێمەش پەلامارمان دەدا... خۆمان لەو دەستە دەکرد... دوو عانەکەمان لێ دەردەهێنا و بۆی دەبەزین، دەم نادەم... بەدەم هەڵاتنەوە ئاوڕمان لە مام مستۆ دەدانەوە، ئەویش... لە جێگاکەی نەدەجوولا... چاوی لە ئێمە دەبڕین و دەمی لێک دەکردەوە... بێ دەنگ بزەی بەدوادا دەناردین... تاکو لە کۆڵان دەسووڕاینەوە و لەبەر چاوی وون دەبووین، هەر ئاوڕمان لێ دەدایەوە، تریقە و پێکەنینمان دەهات، ئەویش... ئەگەر هەستی بکردبا... کەسێک... ژنێک... پیاوێک... لە خەڵکی گوند... یان پیاوێکی میر... یان پۆلیسێک پەیدا دەبێ... ئەوا بە پەلە لە سووچەکە دەسووڕایەوە و لەبەر چاو بزر دەبوو.

کە ئەم یادگار و دیمەنانەم دەهاتنەوە خەیاڵ و بەبەر چاومدا... رادەبوردنەوە... هەناسەییێکی پڕ خەم و خەفەتم هەڵدەمژت و لەبەر خۆمدا دەمگوت و دەمپرسی:

– ئای گوڵێ... ئای... ئایشۆکی... هەواڵی منداڵیم!

– دەبێ لەم دونیایەدا... کەس لەمن و تۆ... و... مام مستۆ. کەس لە ئێمە و هی وەکو ئێمە... بەدبەخت و زۆرلێکراوتر بێ؟!...

– ئای گوڵێ... دەبینی چۆن گورگ دەچنە پێستی مەڕو... مەڕیش پێستی گورگیان لەبەر دەکرێ؟

وە لەگەڵ خۆم یەک و دووم دەکرد و دەمپرسی:

– ئەگەر ئایشەگوڵ... ئارەزووە گڵاوەکانی شێخ و شێخ زادەی هێنابانە دی؟

– ئەگەر خۆی خستبایە بەر رنۆکی گورگانی شێخ و... بەچە حەرامزادەکەی؟

– ئەگەر ئەو کچە پاک و سادەیە... ڕێگای بدابا... شێخ بە ردێنە شەیتانیەکەی... سینگ و مەمکی ناسک و فەریکی برووشێنێ و گێرە لەسەر لەشە خاوێن و نەرم و نیانەکەی بکا!... بۆچ تووشی ئەم هەورازە سەختە دەبوو! بۆچ وا بە نارەوایی ئابڕوویان دەخستە سەر زار و دەمی خەڵکی؟... بەڵام لەگەڵ بێ دەسەڵاتی چ دەکرێ؟!...

– بەڵێ... لەم رۆژانە گورگەکان چوونەتە پێستی مەڕ و مەڕیش پێستی گورگیان بە بەرداکراوە!.

وە لە خۆم دەپرسییەوە:

– بەڵام ئایا ئێمە مەڕین؟... بۆچ مەڕ بین؟

– راستە زۆرلێکراو... و ... بەش خوراوین... بەڵام مەڕ ئاژەڵێکی بەستەزمانە و بۆ ئەوە خولقاوە هەتا دونیا هەبێ و ئادەمیزاد... دەبێ هەر لە ژێر کێردی قەساب دابێ!.

– ئێمە ئینسانین... بیر دەکەینەوە، دەبێ پرکێشی و بەرهەڵستی ئەوە بکەین... کە نەبین بە مەڕ... ئاژەڵ و وەها بە ئاسانی ملمان نەچێتە ژێر کێردەکە!.

لەپڕ... لەناو شەپۆلی پڕ تەوژمی ئەو یادگارە تاڵانەدا... بە ئاگا هاتمەوە، چاوم بە ناو پاسەکەدا گێڕا، عەمەری سلێمان و کاک ڕەسووڵ... لە پێشەوە دانیشتبوون، عەمەر... کڵاو... و ... مشکیەکەی لەسەر کردبوو... پاشکە سەری رووتی... هەردوو گوێیەکانی لەمن دیار بوون، بەووردی یەکە یەکە چاوم لە نەفەرەکان دەگواستنەوە، گەردی خەفەت و دڵساردی لەسەر ڕووی هەموویان نیشتبوو، هیچ کامێکیان خولقی ئەوەی نەبوو... یەکدی بدوێنن، تۆمۆبیلەکەش... وەکو ئەویش وەرەسی گرتبێ... ئەویش بەرەوانی

نەدەڕۆیشت... لە ڕێگادا جەنەی دەگرت، چەند جارێک لە کەند و کۆسپی جادەکە چەقی و لە کار وەستا، نەفەرەکانیش... وەکو ڕۆژی پێشوو... دادەبەزین... دەوریان دەدا...، تۆماس سەرپۆشی مەکینەکەی هەڵدەدایەوە و دەستی لە جەرگوناوی وەردەدا... کە عینادیشی دەکرد... ئەوا دەیاندایە بەر پاڵەستۆ، یان ڕایان دەکێشا... وەک لاشەیێکی سڕ بوو... دەیان هێنا و دەیان برد و دەیان هەژاندەوە... هەتا لە جەنە گرتنەکە رزگاریان دەکرد و دەیان خستەوەکار.

کە لە گوندی کۆڕێ تێپەڕ بووین... گەیشتینە لۆفەکەی دەرماناوە... ڕۆژ... پیر ببو... خۆی هاوێشتبووە پەنای پیرمەم... تینە زەردەکەی تەنیا لەسەر لووتکەی سەفین... دووبارە دەبووەوە.

چیایەکەی پشتی شێرەسوار... ڕیشی دان و ماش ببوو... سەری بەسەر دارستانەکە و دۆڵی تەوسکەدا... گرتبوو، مەلا حەمید ئاوڕێکی لە شێرە سوار دایەوە، هەندێک لێوەکانی لەیێک دان تا بە دەنگ بانگی کرد:

– ئەلفاتیحە......!

شێرە سوار... پیاو چاکێکی پیرۆزە، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر، بگرە خەڵکی شاری هەولێریش... ڕۆژانی چوار شەممە و... ڕۆژانی هەینی، دێنە زیارەتی... ئاواتی لێ دەخوازن... دەرد و بەلایان لە ناو کانیاوەکەی دەشۆنەوە!!... تا ئێوارەش... لە دەو رووبار و... لە ژێر قۆپەنە دار بەڕوە پیرەکانی... لە ناو مێرگە سەوزەکانی... بەسەیران رای دەبوێرن.

خەڵکی ناوچەکە دەڵێن:

– لە زەمانی بەرێ .........

مجێورەکەش دەڵێ:

– لە زەمانی ئەسحابان... شێرێکی دڕندە لەو ناوچەیەدا ژیاوە، ژیانی خەڵکەکەی تاڵ کردوە، پەلاماری ڕێبوار و رەزەوان و دارکەری داوە، راوچی... نەیان توانیوە زەفەری پێ ببەن!!

خەڵکەکە دەڵێن:

– ئەم پیاوچاکە... ئەم شێرە سوارە... کە هەتا مجێورەکانیش ناوی راستەقینەیان نەزانیوە... بڕیار دەدا بەگژ شێرەکەدا بچێ... و خەڵک و خوا... ڕێبوار... لە زەرەر و زیانی ئەم دڕندەیە قورتار بکا!!

بەرەبەیانێک... پەلاماری شێرەکە دەدا... لە یەکتری دەئاڵێن... لە ئەنجامی ململانێ و زۆرانێ... پیاوچاکەکە... شێر دەردەست دەکا... سەری پێ دادەنوێنێ... گوێیەکانی دەگرێ... وەک ئێستر لغاو... و زینی دەکاو بە سواری شێرەکە دەگەڕێتەوە ناو گوند.

سۆفی رەحمانی مجێور... هەر کە ناوی شێرەسوار دێ... یەکسەر سەڵەوات بەدوای سەڵەوات هەڵدەدا و سوێندیش لەسەر ئەوە دەخوا کە:

– ئەم پیاوچاکە... وەلی و کوێخای خودا بووە، هەر بە ئیزنی خودای گەورە... توانا و قودرەتی بەسەر هەموو کێوی و مار و مووردا دەبێ، هەموو دڕندەکانی دەشت سەری بۆ دەچەمێنن... لەسەر زگ بۆی دەخشن... خۆی تێ هەڵدەسوون... پێڵاوە پیرۆزەکانی دەلێسنەوە، هەر بەو هێز و توانایەشیەوە... شێرە دڕندە خوێن ڕێژەکەی دەستەمۆ و کەوی کردووە و کردوویە بە پاسەوانی دارستان و بگرە پاسەوانی هەموو ناوچەکەش. ئیدی لەو سەردەمەوە هەتا ئەمڕۆش... ئەگەرچی لە گورگی هار بەولاوە... تەنانەت شێرێکیش لە دۆڵی تەوسکە و لە هەموو دارستانەکان... نەبینراون، بەڵام خەڵکی ناوچەکە... یادی ئەو پیاو چاکە...

شێرە سوارە دەکەنەوە وا گۆڕەکەیان هەڵناوە و کردوویانە بە مەزار و سەیرانگاییێکی وەها پیرۆز.

کە لەناو پاسەکەی تۆماسدا، ئەم بیرانەم بۆ دەهاتن... ئەو زیندە خەونانەم دەدیتن... ئاهێکی سارد و بەتینم هەڵدەکێشا... بەبێ ویستی خۆم... لەگەڵ خۆم دەدوام و لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

ئای... کە لەم ڕۆژە ڕەشانەماندا... خەڵکەکە چەند پێویستی بە شێرە سوارێک ... یان هەتا بە گورگ سوارێک هەیە... لەدەست ئەو گورگە هارانە رزگاریان بکا... ئەو گورگانەی لەو ڕۆژانەدا دەمیان لە لاشەی نیوە مردوویان نابوون و ببوونە هۆی قاتی و قڕی و لە ناوچوونیان...!!

لە خۆم دەپرسییەوە:

بۆچ لەم زەمانەی ئێمەدا، شێرە سوارێک پەیدا نابێ؟

بۆچ خودای گەورە یەکێکی وامان بۆ نانێرێ و توانای پێ نابەخشێ... تا ئەم خەڵکە زۆرلێکراوە لەدەست ئەو دز و جەردانە... لەدەست ئەو گورگانەی وەک تۆفیق بەگ و شێخ مەلا قطب الدين و مام حاجی و مودیر و قۆمیسێر رزگاربکا!

خەڵکی گوندەکەم، زۆر بڕواییان بە شێرەسوار و... هەروەها بە چاکەکەی تەوسکە هەیە، بۆ چارەکردنی ڕێگر و جەردە... بۆ ئاشکرا کردنی دز و درۆزن... بۆ مراز خوازتنیش دەچنە سەر چاکەکەی تەوسکە و هانای بۆ دەبەن.

دایکم دەیگوت:

ئەگەر دزێک درۆبکا... یان ئینکاری دزیەکەی بکا... کە ناوی تەوسکە ببەی... لە ترسانا دەتۆقێ و هەموو ئەندامی لەشی دەهەژێن!!

وە دەیگوت:

هێشتا دزەکە ناگاتە سەر ئەو پیاوچاکە... بە قودرەتی خوا ناچار دەبێ ... پێ لە دزیەکەی بنێ و پەردە لەسەر درۆیەکانی لابدا.

هەموو خەڵکی گوند... هەتا مەلا سەعیدی شێخ زادە و... مەلا حەمیدی ناو پاسەکەش... سوێند لەسەر ئەم ڕووداوە دەخۆن و دەڵێن:

جارێکیان قەرۆشەلی دز... ئینکاری دزیەکەی دەکا و بە درۆ سوێند بە قورعانی پیرۆز دەخوا و هەر سێ تەڵاقیش فڕێ دەدا... کە دزیەکە ئەو نەیکردووە و... هەرگیز ئاگا و خەبەری لێ نییە، خەڵکەکە هیچیان بۆ نامێنێتەوە و جگە لەوەی بەرەوچاکی تەوسکە بیدەنە پێش خۆیان!!... قەرۆ شەلی دز... لەگەڵ یەکەم هەنگاو دەهاوێژێ... ڕەنگی هەڵدەبزرکێ... لەشی دێتە لەرزین... دەم و دانی قەمتەر دەبن و دەبەسترێن!... کە دەیگەیەننە هەورازەکەی گردی زەیتوون... یەکسەر زگی... با... دەکاو دەپەنمێ و لەشی هەڵدەسێ و گران دەبێ، خەڵکەکە بەوە دەزانن کە قەرۆ شەل دزە و لەگەڵ ئەوان درۆی کردووە، بۆ چاکتر سپی کردنەوەی درۆیەکەی و کەشفی دزیەکە... پتر بەرەو ڕێگای تەوسکە... پێی پێوە دەنێن... ڕەکێشی دەکەن... بەڵام ناگاتە گوندی حوجران و هێشتا لە دوورەوە دارستانەکەی شێرە سوار و دۆڵی تەوسکە بە چاکی لەبەر چاو ئاشکرا نابن... کە دەست دەکا بە هەوا بەردان... ئیتر نەیەک تڕ... نەدوو تڕ و نەسێ و... دەڵێن شیرەی تڕی ئەو دز و درۆزنە... لە سەفین دەنگی دەدایەوە... هەتا ناچار دەبێ سەرشۆڕ بکا و پێ لە تاوانەکەی بنێ و دزیەکەی بەسەر ساغ دەبێتەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە... قەرۆ گوندەکەی بەجێ هێشت و هەتا ئەمڕۆش... کەس بەسەر و سۆراخی نازانێ!!.

خەڵکی ناوچەکەمان دەڵێن:

ماشەڵڵا لەو قودرەت و توانایە... لەوێ حەلامەتێ!...

کە ناوی چاکی تەوسکە... لە لای ڕێگر و جەردە و دز و درۆزن... دێن... دەبێ ئەوانە سەد جار یەک و دوو بکەن... پێش ئەوەی زات بکەن... دەست بۆ ماڵ و رزقی یەکێکی دیکە درێژ بکەن و هەزار حیسابیش بۆ ئەوە دەکەن کە تەوسکە هەیە و... دز و درۆزن دەترێنێ و ڕوو ڕەشیان دەکا.

لەناو ئەو خەیاڵاتەدا ... مام مستۆم هاتەوە پێش چاو... مام مستۆی دۆستی منداڵەکانی گوند... کە من و ئایشەگوڵ هۆگری ببووین و ئەویش هۆگری ئێمە ببوو، لە خۆم دەپرسی:

گەلۆ... ئەدی بۆچی مام مستۆیان بەو دەردە برد و کەسیش نەیتوانی بڵێ... لەوانەیە دزیش نەبووبێ... لەوانەیە درۆشی نەکردبێ و عیلم و خەبەری بە دزیەکەی دوکانی حەسەن عارەبەوە نەبووبێ... دەنا ئەمە ئێوە و... ئەوەش چاکەکەی تەوسکە...!!

وە لە خۆم دەپرسییەوە:

دەبێ... دزە گەورەکانی وەکو تۆفیق بەگ و شێخ مەلا قطب الدین و مام حاجی و مودیربەگ و قۆمیسێر... دەبێ چۆن ئەم دز و درۆزنانە... بە ئاشکرا... بە نوێژی نیوەڕۆ بەرامبەر زەققەی چاوی هەموو ئەولیا و پیاوچاکەکان... خەڵکی خوا دەڕووتێننەوە و هەموو رۆژێکیش... بە بەردەمی چاکەکەی تەوسکە... تێ دەپەڕن و بگرە وەکو مەلاحەمید... تەنانەت فاتیحەییێکیش ناخوێنن،... چۆن کەس رۆژێک گوێی لە ترێکی ئەم دزانە نەبووە!

پاسەکەی تۆماس... وەکو جانەوەرێکی شەکەت... بە وەڕەسی هەورازەکەی هەڵدەلووشی، ئەشکەوتەکەی حوجران... لە دوورەوە دیار بوو... وەکو دڕندەییێکی ئەفسووناوی زاری بەش کردبووەوە، کە سەرم لە جامی تۆمۆبیلەکە بردە دەرەوە... ملم لێ خوار کردەوە... چاوم بە دۆڵە بۆرەکەدا گێڕان... بە دارستانەکەی شێرەسوار... دارە پیرەکان... وەکو کۆمەڵێک خێوکەی بۆر لەبەر چاوی خەیاڵمدا... هەڵدەزۆقینەوە، چاوم بۆ لای دۆڵەکە وەرگێڕان و تا لە گومبەتە سپییەکەی چاکی تەوسکەم گیر کردن، لەناو دڵی خۆمدا بانگێک بەرز بوەوە... بانگەکە هەر لەناو دەروونی خۆمدا دەنگی دەدایەوە و گومانم لەوە نەبوو کە هەرگیز ناگاتە گوێی پیاوچاکەکە:

هۆ... چاکی تەوسکە... هۆ وەلیەکەی خودا... ئەگەر بفەرموون... لەسەر و مێزەری تۆفیق بەگ و شێخ مەلا قطب الدین و کەشیدە زەردەکەی مام حاجی نەوەشێتەوە... یان ئەگەر تراندنی ئەمانە لە هەیبەتی حکومەت کەم دەکاتەوە و... نامووسیان پێ دەچێ و ئابڕوویان پێ دەتکێ!!... بەڵام هەر بۆ عیبرەت... هەر بۆ ئەوەی مجێور و شێخ مەلا سەعید و دایکی کلۆڵم هەر بۆ ئەوەی خەڵکەکە شەرمەزار نەبن... بۆ پێشاندانی هێز و توانایە خواییەکەی خۆشت. دەبا جارێک... تەنها تاقە جارێک... ئەمانە نەرمە بایەکیان لێ بەربێ و بۆنی دەروونی بۆگەن و هەناوی رزیویان... بگاتە رەشوڕووتە بێ بەش و زۆر لێکراوەکان.

کە گەیشتینە گوندی کاوانیان... رۆژ... ئاوا ببوو، دونیا بۆر دەبوو... و... تاریکایی وورده وورده هەنگاوی دەهاوێشت باڵی بەسەر باخچەکانی گوندە جوانەکەمدا... دەگرت و دای دەپۆشین و لەسەرخۆ بەرەو ترۆپکی سەفین هەڵدەکشا، بەفری سەر کەپکی کایسان سپیاتیەکەی هێشتا بەچاو دەبینرا، ئەو لووتکە بەرزەم وەکو باوانی کەشتیەکی ئەفسانەیی دەهاتە بەرچاو... کەشتیەکی ئەفسانەیی زۆر زل... لەناو دەریای لێلی ئەو ئێوارەیەدا... لەنگەری هاوێشتبوو.

پێشـەنگی کـاروانی لۆری گـەنم... لە سـەرمـەیدانەوە... وەک ئەژدیـها سـەری دەجـوولاّیەوە، چاوی لۆریەکان... وەکوو دووچاوی جانەوەرێکی بەسام... تیشکیان دەهاویشت و دەبریسکانەوە و جەرگی ڕەشی ئەو شەوەیان شەق دەکرد، لۆری یەکەم لە نزیک دار کرۆسکە پیرەکە... لە پاسەکەی تۆماسدا ڕەت بوو.

عـەمەر و ڕەسـووڵ و تۆمـا... لە جامی پاسەکـەوە... چاویان لـە لۆریەکـە بڕیبـوو، لـەگەڵ تێپـەڕبوونی لۆریەکە... سەریان دەسووڕاندەوە... مرتەیان لێوە دەهات... تا لەپڕ دەنگی عەمەر بەرزبوەوە و بەسەر مرتە مرتەکەدا زاڵ بوو، عەمەر بە تووڕەییەوە جوێنی دەدا:

سەگبابی... مردوو خۆرینە!!

دز و جەردە و بێ شەرەفینە!!

وەبە توندی خوزییێکی هاویشت:

تفوو... تفوو...

خەڵکەکەش... لەگەڵ جنێوەکانی عـەمەر پتر هوشیار بوونەوە، لە جێگاکانیان دەجوولانەوە، بەڵام کەس دەنگێکی لێوە نەهات... وەکو سام گرتوو... وەها دەهاتنە بەرچاو.

هەتا دەهات گڕەی لۆری پتر و بەرزتر دەبوەوە و پەردەی گوێچکەی دەلەراندینەوە... هەروەها پەردەی گیانیشی دەڕووشاندین.

جنێوەکـانی عـەمەری سلێمـانیش... وەک تەزرە... وەک ڕەهێڵـە گـیانی دەکـوتاینەوە و دەرروونی دەهەژاندینەوە:

- تاوانباری لە خودا نەترسینە...!

- ڕۆژی ئێوەش دێت...!

- دەبێ ڕۆژی ڕەشی ئێوەش... بێت.

ڕەسووڵ و تۆمـا... بەسەر جوێنەکـانی عەمەردا دەچوونەوە و... بەم ڕەنگە وەڵامی گڕەی لۆریەکـانیان دەدایەوە، غەڵبە غەلبیش لەناو هەندێک نەفەریتر پەیدا بوو:

مەرج بێ... نابێ وابێ...!

مەرج بێ... ئیتر چیدی قبوڵ نەکەین و بەو ستەمە ڕازی نەبین...!

شەرت بێ... تۆڵەی خۆمان بکەینەوە....

کە لە نشێوەکەی شیوی کۆڵان شۆڕ دەبووینەوە، عەمەر... هەر گەف و چاوڕاوی دەکرد و خەڵکەکەی هان دەدا بەم زوڵمە ڕازی نەبن:

ئەوەی بەم گەوادیە ڕازی بێ و ئەم مل شۆڕیە قبوڵ بکا... خودا... ئەوەندەی نووکە دەرزییێک غیـرەتی پێ نەداوە.

لەپاشان ڕووی کردە تۆماسی شوفێر و بە دەنگ تیژی وەڕاخوڕی:

کوڕە... تۆماس... کافر ڕابگرە... تۆمۆبیلەکە ڕابگرە...!

تۆمـاس... هیکێکی لە خۆی دی... وای بە خـەیاڵدا دەهات کـە عـەمـەر گاڵتـەی لە گەڵدا دەکا... ناهەقیشی نەبوو ئەگەر وەها خەیاڵی کردبێتەوە... چونکی عەمەر هەر بە مرۆییێکی ڕووخۆش و قسەخۆش و ڕوح سـووک و گاڵتـەچی ناوبانگی دەرکردبوو... لەبەر ئەوە تۆمـاس گوێی نەدایە بانگەکـەی عـەمـەر و

گێڕی پاسەکەی دایە بۆش.

ڕووناکی لایتەکانی لۆرییێکی دیکە... لە لۆفەکەی گردی زەیتوون... وەکو دوو سوولییە ئاگری سپی، بەرەو ئاسمان بەرز بوونەوە... ڕووناکییەکەیان دەگەیشتە ناو پاسەکە و لە چاوی نەفەرەکان دەچەقی.

عەمەر... بەرکەوە دەستێکی بۆ ملی تۆماسی شوفێر درێژ کرد، پشتە سکوردی گرت و چەند جارێک بەتین ڕای هەژاند و بەسەریدا قیژاندی:

کوڕە تۆماس... لەگەڵ تۆم نییە؟ ئا...!

کافر... پێت نالێم پاسەکە ڕابگرە....

تۆماسی شوفێر... یەکەمجار ئاوڕێکی هێمنانەی لە عەمەر دایەوە و خۆی لە فرمان و جنێوەکەی بورد!

ئێمە لێرە دادەبەزین...!

عەمەر... وا وەڵامی تێوەڕامانە هێمنەکەی تۆماسی دایەوە!... نەفەرەکانی دەوروپشتی عەمەریش ... وەکو ئەوانیش لە مەسەلەکە ئاگادار بن... لەگەڵ قیژەی عەمەر... بانگی شوفێرەکەیان کرد:

تۆماس... پاسەکە ڕابگرە... ئێمەش دادەبەزین!!

تۆماس... لەگەڵ سەرسوڕیەکەشی... ناچار بوو سەری بۆ داواکەیان چەماندو پاسەکەی لاڕێ کردو ڕای گرت، لەبەر خۆشیەوە هەر دەی مرتاند:

– دەڵێی ئەمانە لێیان گۆڕاوە!

– ئەرێ بەئینجیل و عیسا و موحەممەد... عەمەر تێک چووە!

ئاوڕێکی بۆ ناو تۆمۆبیلەکەی دایەوە، گەلێک لە نەفەرەکان... لە جێگاکانیان قیت ببوونەوە... وەکو چاوەڕوانی وەستانی پاسەکە بکەن و بیانهەوێ دابەزن... لە پاشدان چاوی لە عەمەر بڕین و بەگلەییەوە پێی گوت:

– کوڕە عەمەر... هەی ماڵ وێران، لە سەر ئەم هەموو خەمانەشم... تۆ بۆچ گەمەم پێ دەکەی... و خەمەکانم پتر دەکەی؟

وە لە عەمەری پرسی:

– لە سەر ئەم هەموو دڵساردی و ... گرفتاریەی خەڵک تووشی هاتوون... ئەتۆ هێشتا دوکانی گاڵتە جاڕی خۆت داناخەی؟

نە عەمەر و نە کەسێک لە نەفەرەکان... هیچ کامێکیان وەڵامی تۆماسی شۆفێریان نەدایەوە، تۆماسیش بەو چۆنیەتیەی ئەوان پتر قەڵس و گەرم بوو، بە دڵشکاوی بە هەموو تینی بانگی کرد:

– عەمەر... وەڵڵاهی قەشمەریم پێ دەکەی... قەشمەری!!

وە بەدەنگ پرسییەوە:

– دەنا... بووە بەم شەوەو لەم جێگایە دابەزن؟ ئێرە جێگای دابەزینە... ها؟.

عەمەر و مەحمود و قادرۆک و... ئەوانی دیکە... دەرگای پاسەکەیان کردەوە، یەک لەدوای یەک خۆیان فڕێ دایە سەر شەقامەکە. عەمەر... ئاگری تووڕەیی دەروونی دەکوڵاند... دەی نەڕاند:

– مەرج و پەیمان بێ... ڕێ نەدەم لۆرییێکی دیکە گەنم... تێ بپەڕێ!!.

تۆماو ڕەسول و نەفەرەکانی دیش کە دابەزیبوون... ئەوانیش شەرتەکەی عەمەریان دووبارە کردەوە،

لەگەڵ ئەم دەنگ و هەرایەش کۆمەڵێکی دیکە لە خەڵکی ناو پاسەکە... لە دەمی دەرگاکانی تەنیشتی تۆمۆبیلەکە... هاتنە... سەر جادەکە... چوونە ڕیزی عەمەر و هاوڕێیەکانی.

کە لۆریە گەنمەکە گەیشتە نزیک پاسەکەی تۆماس... زۆربەی نەفەرکان دابەزیبون و لە پانایی جادەکە بلاوەیان کردبوو... و جادەکەیان بە جۆرێک گرتبوو کە ماوەی دەرچوونی لۆریە گەنمەکە نەمێنێ.

شوفێری لۆریەکە ناچار... تۆمۆبیلەکەی ڕاگرت، سەری لەجامی تەنیشتەوە دەرهێنا بێ ئەوەی مەکینەی تۆمۆبیلەکە بکوژێنێتەوە... یەک دوو هۆڕنی درێژی لێدان، عەمەر و هاوڕێکانی گوێچکەیان لە هۆڕنەکان کەڕ کردو بە تووڕەیی لە لۆریەکە نزیک بوونەوە... تا لە هەر چوار لا ئابلوقەیاندا... ئەوجا بانگی شوفێرەکەیان کرد:

– دابەزە کوڕە... دابەزە... دەی!!

شوفێرەکە... وەکو مەسەلەکەی پێ گاڵتەبێ... سەرێکی هەژاندو هۆڕنێکی تیژتری لێدا و... وەڵامی بانگەکەی عەمەرو هاوڕێکانی نەدایەوە، سەکنی لۆریەکەش... کە وهای دیت... ئەویش هاتە سەر قەمەرەی لۆریەکەو بەرەو ڕووی عەمەرو هاوڕێیەکانی بانگی کرد:

– کاکە... ڕێگا بەربدەن... لەسەر جادەکە لاکەون... ڕێگەکە چۆل بکەن... دەی!

سەکنەکە خەریک بوو قسەی دیکەش بکا، کە مەحمود و مەهدی پەلاماری شوفێرەکەیاندا... پاش ملیان گرت... بەزۆری لە جێگاکەی هەڵیان قەندو ڕەکێشی دەرەوەیان کرد!.

مەحمود خۆی هاویشتە ناو لۆریەکەو جێگای شوفێرەکە، مەکینەی تۆمۆبیلەکەی کوژاندەوە، قادرۆک و تۆما و ئەوانی تریش... بە لۆریەکە هەڵگەڕان... چوونە سەر فەردە گەنمەکان... ملی سەکنەکەیان گرت... دەیانهەویست لە سەرەوە بیهاوێژنە سەر جادەکە، سەکنەکە... هەوڵی دەدا خۆی بگرێتەوە و پڕکێشی دەکرد... کە نەهێڵێ عەمەر و هاوڕێیەکانی دەست بەسەر لۆریە گەنمەکەدا بگرن... لەبەر ئەوە بێ ڕەحمانە وەک فەردە کا... بۆ خوارەوە... تێیان هەڵدا، کە بەجادە قیرەکە کەوت... نرکە و نقەیێکی سەیری لێوەهات.

لەگەڵ هاویشتنی سەکنەکەش... دەستیان بەتێهەڵدانە خوارەوەی فەردە گەنم... بۆ ناو چەقی جادەکە... کرد، هەندێک گونیە گەنم... لەگەڵ کەوتنە خوارەوە... دەتەقین... گەنمەکەی ناوەوەیان بەسەر شەقامەکەدا دەپژاو بلاودەبوەوە، تۆماسی شوفێر... ترسی لێ نیشتبوو... کشابوەوە ناو پاسەکەی و خۆی بەسوکانەکەیەوە قرساندبوو، شوفێر و سەکنی لۆریەکەش... بەدەم و زارێکی تێک ئالاو... تا ماوەیێک چاووڕاویان کرد، هەندێک جار بە تووڕەییەوە بانگیان دەکرد:

– گەنمی... شێخ مەلا قطب الدین...ه.

– کوڕە... گەنمەکە هی شێخە... شێخ!!

سەکنەکەش بانگی کرد:

– گەنمی تۆفیق بەگی ئاغایە... با ئاغە بەم کارە بزانێ... ئەوجا دەبیننەوە!!

جارجارەش... دەنگیان تێکەڵاو دەبوو... و... لێک هەڵدەقۆزیەوە کە پێکەوە هاواریان دەکرد:

– گەنمی... مام حاجییە!

– گەنمی حکومەتە... کوڕە ئاخر نزانن ئەمە گەنمی حکومەتە، شێت بووینە خۆتان تووشی کێشە و بەڵا دەکەن؟.

کەسێک گوێی لە شوفێر و سەکنەکە و چەقە چەقەکەیان نەدەگرت، ئەوان... هەر خەریک بوون لۆریە گەنمەکە بەتاڵ بکەن و گونیە گەنم فڕێ بدەنە خوارێ.

شوفێر و سەکنەکەش کە بۆیان ساغ بوەوە کەسێک ئاگای لە هاوار و گڕ و گەفەکانیان نییە و کەس گوێیان ناداتێ... کپ بوون و داسەکنان و گێلانە لە دیمەنەکە وەڕامان، بە حەپەساوی و سەرسامی و بەترسێکەوە... لە ڕۆخ شەقامەکە... لێی هەڵتوتکان، دەم نادەمیش... لەگەڵ تەپەی کەوتنی فەردە گەنمەکان... ڕادەچڵەکین و بەبێ دەستی خۆیان لە جێگاکانیان قیت دەبوونەوە و هەڵدەتروشکانەوە. بە دوو چاوی ئەبڵەق سەیری دیمەنەکەیان دەکرد و گوێیان بۆ یاخی بووەکان شل کردبوو... کە جنێو و فەزیعەتیان بە خاوەن گەنمەکان دەکرد:

– گووی سەگ بەڕیشی شێخ مەلا قطب الدين و بە کەشیدەکەی حاجی......!!

– ئەژدادی... ئەژدادی تۆفیق بەگ......!!

– بابو باپیری مەلیک و حکوومەتی بێ شەرەف دەگێین...!!.

شوفێر و سەکنەکە... لەگەڵ ئەم جنێوانە... پتر ترسیان لێ دەنیشت و لە یەکتری نزیک دەبوونەوە... خۆیان بە یەکتریەوە دەقرساند.هەندێک لە نەفەرەکان... کە لە ناو پاسەکەدا مابوونەوە... سەیری هەرایەکەیان دەکرد، سەیری کەین و بەینی عەمەر و تۆما و هاوڕێکانیان دەگەڵ شوفێرو سەکنەکەیان دەکرد، وەکو بڵێی شتێک لە مەسەلەکە نەدەگەیشتن... ئەمانەش گێلانە دەمیان بەش کردبوەوە و بە سەر سوری پتر خۆیان کێشابوەوە ناو پاسەکە، هەندێکی تریشیان پێش ئەوەی عەمەر فەرمان بدا بە تۆماسی شوفێر... کە حەرەکەت بە پاسەکە بکاو بەرەو گوند بگەڕێتەوە... ئەمانە لە پاسەکە دابەزین و چوونە ڕیزی یاخی بووەکان، لەو کاتەشدا دیمەنی تۆمای هاوڕێم... وەک برووسکە... بە بەر چاودا تێپەڕ بوەوە... کە پێش چەند دەقیقەیەک لە تەنیشتمەوە ڕادەپەڕی و خۆی دەهاویشتە سەر جادەکە، دەست و بازووی لێ هەڵدەماڵین و بە لۆریەکەیدا هەڵدەگەڕا، لە پاشدان بەگورجی تەلیسە گەنمی لە سەر لۆریەکە هەڵگێرو وەرگێڕ دەکردن و گەوزی پێ دەدان... بۆ سەر جادەکە دەیهاویشتن، ئەو دیمەنەی تۆمای هاوڕێم... تانی تێدام... خوێنی خستمە جولاندنەوە، لە جێگاکەم هەڵستام... بە کووڕی هاتمە پێش هەتا گەیشتمە نزیک دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکە، دەرگاکەم کردەوە... خەریک بووم خۆم بهاوێژمە دەرەوە... کە عەمەر بەڕاکردن خۆی گەیاندە لای پاسەکەو دەستێکی بۆ ئەو دەرگایە ڕایەڵ کرد... کە من لە ناویدا وەستابووم و هاواری کرد:

– بە وەڵلاهی... بە مەرقەدی پێغەمبەر... شێرکۆ ئەتۆ دانابەزی... تۆ ئیشت بە ئێمەدا نەبێ چاوەکەم...!!

ڕێگای دابەزینی لێ گرتم و هەندێکیش بەرەو پاش بۆ ناو تۆمۆبیلەکە... گێڕامیەوە دواوە... بەهێمنی... بە ڕوێکی گەش پێی گوتم:

– تۆ... دەبێ بگەڕێیتەوە لای دایکت... دایکت بێ کەسەو ئەو لە ئێمە پتر پێویستی بە تۆیە!.

دەرگای پاسەکەی لە سەر داخستمەوەو بە تەنگاوی هاواری تۆماسی شوفێری کرد کە بجووڵێتەوە و دەرچێت، مەحمودیش بانگێکی دیکەی تۆماسی کرد:

– تۆماس... دەی تاکو ڕێگات لێ نەبەستراوە زووکە... دەرچوو... یاڵلا... دەرچوو!.

تۆماس... سەری لەسەر سوکانەکە بەرزکردەوە، چەند دەقیقەیەک چاوی بە عەمەر و هاوڕێکانیدا... گێڕا کە وەک شانە مێش لە سەر جادەکە دەجوولانەوە، ئەوەندەی دەیکرد شتێک لە مەسەلەکە حاڵی

نەدەبوو لە دواییدا ناچار بەشل و خاوی دەستی بۆ ئامرازی تۆمۆبیلەکە درێژ کردن و خستیەوە گەڕ و بەرەو گوند جولاندیەوە.

بەم ڕەنگە عەمەر پێشی لێگرتم و ڕێی نەدام منیش دابەزم و بچمە ناویانەوە، لە ناو پاسەکە مامەوە هەتا لەگەڵ نەفەرەکانی دیکەی ناو پاسەکە بەرەو گوند... نشێو بووینەوە، کە لە نشێوەکەی دارنومرە دەچووینە خوار... کاروانێکی پێنج شەش لۆری گەنم سەردەکەوتن و بەرەو هەولێر ڕێچکەیان بەستبوو، کە چاوم بەو لۆریانە کەوت، ئاورێکی درێژم لێ دەدانەوە و لە ناو دڵی خۆمدا دەمگوت:

– داخوا... عەمەر و هاورێیەکانی چۆن پێشوازی ئەم کاروانە دەکەن؟

هەناسەیێکی دوورو درێژم دەخواردەوە.

کە لەناو گوند... لە پاسەکەی تۆماس دابەزین، نزیک نوێژی خەوتنان بوو، لەبەر گەرمی ڕووداوەکانی ئەو هێوارەیە، هەستم بەو سەرمایە نەدەکرد کەوەک گوێزان دەیبڕیم و لەشی دەگەزتم، هەروا ئاگاشم لەوە نەبوو کە لەشم دەلەرزی، کە هەستم بەو چۆنیەتیەم کرد... بە سەرسامییێکەوە لە خۆم دەپرسی:

– ئایا لەرزینی لەشم... بەهۆی سەرما گەزێنەرەکەیە... یان... سەبارەت بە ڕووداوەکانی شیوی کۆلانە؟ ئەو ڕووداوە پڕ مەترسیانەی پێش چەند کاتێک لەگەڵیاندا دەژیام!.

گوندەکەمان... وەکو خۆڵی مردوانیان بەسەردا کرد بێ... ئەوها بێ دەنگ و کشومات و هێمن بوو، جارجار نەبێ کە لەبەر دەرگای عەمبارەکەی مام حاجی... دەنگی گڕەی هەندێک لۆری دەهات کە تێکەڵ بە هەرای بارکردنی گەنم دەبوو، ئەو کشوماتیە هێمنەیان دەشڵەقاند.

خەڵکی گوند... کۆڵان و شەقامەکەیان چۆڵ کردبوو... تاک و تووک نەبێ... کە بەبێ دەنگی بەرۆخ دیوارەکان ڕادەبوردن بەرەو مزگەوت بۆ نوێژی عیشا دەچوون، تارماییان لە کۆڵانەکان هەڵدەقۆزیەوە.

لۆریەکان... لەبەر دەرگای عەمبارەکەی مام حاجی لە گەنم باردەکران. مام حاجی و کوێخاش هەر یەکەیان فانوسێکی نەوتیان بەدەستەوە بوو... لەدیار بارکردنەکە وەستابوون و هەر لۆرییێک بار دەکرا... مام حاجی دەستێکی بە فانۆسەکەوە بەرز دەکردەوە و کوێخاش لەسەرەخۆ بانگی شوفێرەکەی دەکرد:

– یاڵڵا باژۆ... یاڵڵا دەرچوو... دەی!.

خەبەری هەرایەکەی سەرمەیدان و شیوی کۆڵان و... یاخی بوونەکەی عەمەر و هاورێیەکانی هێشتا نەگەیشتبوە گوند، حکومەتیش لەو یاخی بوونە ئاگاداری نەبوو.

کاتێ بەپێش عەمبارەکەی مام حاجی ڕەت دەبووم، چاوم بە چۆنیەتی بارکردنی گەنمەکە دەکەوت، لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

– ئەگەر کوێخا و مام حاجی دەیانزانی لۆریەکان بەدەستی عەمەر و هاورێیەکانی بەو چارەنووسە دەگەن... کەمن بەچاوی خۆم دیم!!... بێگومان مام حاجی دەستی شل دەبوون، فانوسە نەوتیەکەی لەدەست دەکەوت و دەیکێشا بەرانی خۆیدا، کوێخاش... لە هەژمەتان دەنگی دەنووساو هێزی ئەوەشی نەدەما هاوارێکی تر بکا:

– یاڵڵا... دەرچوو... یاڵڵا زووکە... باژۆ!.

بزەیێکی خەمگینم لەسەر زار پەیدا بوو، پتر چاوم وەرێگاکەی بەر پێم تیژ کردنەوە، ئەورێگایەی دەیگەیاندمەوە خانووە قوڕەکەی دایکم!.

* * *

# 15

مرۆ هەندێک جار بەچاو قوچانێک یادی دەیان ساڵ دەکاتەوە، ئەمەش... چۆن لەخەون زۆر ئاشکراو هەست پێکراوە... لە زیندەخـەونیش... خـۆی دەنوێنێ، زۆر جـار لە خـەونێـک کـە مـاوەکـەی لە هەناسـە هەڵکێشـان و هەناسە دانەوەیێک پتر نییە، کۆمەڵە ڕووداوێک کۆدەبنەوە و زنجیرە دەبەستن کە ئەگەر لەسەر شانۆی ژیان و واقیع گیان بخرێتە بەریان، بە مانگ... بەشکەم بەساڵ دەخایێنن، هەروەها لە زیندە خەونیشدا هەست بەم دیاردەیە دەکەین.

منیش... ئەو بەیانییەی لە ماڵی عەلی ئەفەندی دوکاندار، بە کەمێک شەکر و چاو کۆمەڵێک بیری ئاڵۆز و شـێـواو گـەڕامـەوە لای دایکم و سـەرکـەوتوانە دەرگـای ژوورەکـەم لەسـەر کـردەوە... ئەو... لەڕۆخ ئاگـردانەکـە پڕ و پرێچکەکـانی هەر لەبەر دەست بوون، کـاتێک گـەیشـتـمـە لای و لە تەنیـشـتـی هەڵتروشکام... لەسەرەخۆ بانگم کرد:

– دایە... دایە...!

ئاوڕێکی تامەزرۆیانەی لێدامـەوە، چاوەکـانی... دەسـتـیـان دەلێـسـتـمـەوە، هەرکە چاوی بەشەکـر و چایەکە کەوت... گەش بووەوە... چاوەکانی پێکەنین... ئاهێکی درێژبشی هەڵکێشا... گوڕێکی هاتەوەبەر... بەگـورجی جوولایەوە، هەر بە دانیـشـتـنەوە... دەسـتی بۆ بەریی کـەوێـیـەکـەی ڕایەڵ کـرد، گـرێیـەکی لێ دەرهێنا... گرێیەکەی لێک کردەوە، بەووردی سەیری چوار دینارەکەی کردەوە... ئەو چوار دینارەی بەهاری ڕابووردوو لە کاروانەکەی هەولێر هێنابوومەوە و دابوومەوە دەستی، کاتی خۆی چۆن لێم وەرگرتبوون... هەر ئەئاواش وێم دابوونەوە، قـەدی چوار دینارەکـانی لێک کـردنەوە... چاوقـوچانێک تێـیـان وەڕامـا و دەستی بە پارەکەوە بۆ درێژ کـردم، هێشـتـا پارەکەم لە دەستی وەرنەگرتبوو کـۆمـەڵێک خـەیاڵ و یادگـار هێرشیان بۆ مێشکم دەهێنان و لە دەروونم دووبارە دەبوونەوە، لەگەڵ خۆم لێکم دەدایەوە:

– بەڕاستی ئادەمیزاد... سەیرێکە... گرێ کوێرەیێکە... شل کردنەوەی کارێکی گران و گرنگە!.

سـەرم لەوە سـوڕمـابوو... کـە چۆن بەو سـاتە کـەمـە... کـە لەچەند چرکـەیێک پتـر نەبوو... ئەو هەمـوو ڕووداوانە... ئەم عـالەمە پڕ جۆش و جەنجاڵەم هاتنەوە بیـرو خـەیاڵ و مێـشـک، وجودم گـەڕایەوە ناویان، گۆڕانێکی وایان هێنایە سەرم کە لە بارێکەوە بۆ بارێکی زۆر زۆر جیاواز... ڕەکێشم بکەن:

– لەئایشەگوڵەوە... تا نەخشین!

– لە منداڵییەوە... تا هەرزەکاری!

– لە ئاوانی شیرەوە... هەتا ویستی لەش!

– لەباوەشی دایکەوە... تا سێکس...!

– لە مەمکەوە... بۆ مەمک...!

وە بەڕەنگێک ڕژانە ناوەوەم و کێشامیان و کێشامیان... بەسەر هەزار قەوماوی جەرگ بڕو پڕ کۆست و ئازار... هەزار هەڵوێستی تاڵ و سوێرو پڕ مەترسی و ژان، لە ئەنجام... لە ڕۆخ یاخی بوونەکەی عەمەری سلێمان و... هاوڕێیەکانی... لەنگەریان پێگرتم.

ئەو هەمـوو ڕووداوانە... بەو مـاوە کەمە تەوژمیـان بۆ دەهێنام و لە پەردەی مێـشـکمیـان دەدا، کـەیانیـان دەهەژاندمـەوە... دەروونیـان دەکـولاندم و وەکـو شـیـر هەڵدەچوون و دادەمـرکـانـەوە... دیسـان لەگـەڵ هەمـوو لێدانێکی دڵمدا سەریان هەڵدەدایەوە.

عەمەر و هاوڕێیەکانی... پاش ئەوەش کە حکومەت بە کارەکەی زانی و زوو زوو بەرهەڵستی یاخی بووەکانی کردو لەگەڵ پیاوەکانی تۆفیق بەگ و جەنابی شێخ ڕاوی نان، تۆماسی شوفێرو نەفەرەکانی تر... ئەوانەی گەڕابوونەوە گوند... بانگیان کردن و گروگەفی زۆریان لێ کردن، بەڵام ئەوان هەر وورەیان بەرنەداو دەستیان لە مل ململانێ و یاخی بوونەکەیان هەڵنەگرت، بەکۆمەڵ ڕوویان لە چیا بەرزەکە کرد، شەو... و ڕۆژ... لە دەوروبەری جادە قیرتاوەکەی ناوێن هەریرو شەقڵاوە و هەولێر... دەگەڕان و گورج و گۆڵی خۆیان دەنواند، ماوەیان بە لۆریە گەنم نەدەدا کە لە گوندەکەمان... لە عەمبارەکەی مام حاجی بار دەکران... یان لە دەشتی هەریر... یان لە سنوورەوە... بەو ڕێگایەدا بەرەو ژێر دەچوون.

ڕێگایان بەو کاروانە گەنمانە دەگرت... یەکی دزەکانیان دەخست و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکی تر دەچووە پاڵیان و بەهێزتر دەبوون و ڕەشوڕووت لە دەوریان کۆدەبوونەوە و خەڵکی ناوچەکەش بەگشتی لایەنگیریان دەکردن... لە گوندەکانی دەوروبەر داڵدەیان دەدان و نان و خۆراکیان پێشکەش دەکردن... بە هەموو ڕەنگێک پشتیان دەگرتن... تا وای لێهات حکومەت زاتی نەدەکرد بەڕۆژ قافڵەی گەنم بەبەر چاوی خەڵکە برسیەکە تێ بپەڕێنێ و ڕەوانەی هەولێری بکات یان بۆ لەشکرەکەی بێگانەی بنێرێ.

تۆفیق بەگ و شێخ قطب الدینیش... کە بۆیان ساغ بووەوە مەسەلەکە بەو توندی و تیژیە چارەسەر ناکرێ، کەوتنە ناو خەڵکەکەو ئامۆژگاریان دەکردن کەکارەکانی عەمەرو هاوڕێیەکانی لەدین دوورە و... خودا پێی ڕازی نابێ... هەروا پاکانەشیان لەوە دەکرد کە ئەوان هەرگیز بیری ئەوەیان نەکردۆتەوە کە قوتی خەڵکەکە ببڕن و ئابڕوو... و حەیای خۆیان ببەن، بەڵام خەڵکەکە بەگشتی دەیانزانی ئەمانە درۆ دەکەن و هەموویان لەو تاوانە... تاوانی زەوت کردنی نانی موسڵمانەکان و برسی کردنیان و قاتی و قڕی لە وڵات پەیداکردن... لەو دزیە هاوبەشن، بەو هۆیەوە هەتا دەهات یاخی بوونەکە پەرەی دەساند... ململانێیەکە توندتر دەبوو... ئەمانە شەوان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر ناوچەکە دا گرت، شەو نەبوو کە چەند لۆریە گەنمێک دانەگرن و نەیسووتێنن.

لەناو ئەم خەیاڵانەمدا و لەتاو جۆش و کوڵان و هەڵچوونی هەست و دەروونم... هەناسەم تەنگ دەبوو... پتر دەمم دەکردەوە... تا بتوانم پڕ بە سیپەلکەکانم هەناسە بخۆمەوە و سیپەلکەکانم تێر بکەم.

کە بیرم لەو چۆنیەتیە دەکردەوە... هەستم بە کەمیێک دەکرد... هەستم بە شەرمێکی زۆریش دەکرد کە پەردەو گرانایییان بەسەر هەست و ڕوومدا دەکێشا، بە وەڕەسی یەک و دووم لەگەڵ خودی خۆم دەکرد و... لێم دەپرسی:

– ئایا بۆچ لە ڕێی عەمەر و قادرو تۆمای هاوڕێم لامدا؟!

وەخۆم بەوەوە هەڵواسی بوو... لەسەر ئەوە سوور بووم کە:

– ئەوە ڕاست نەبوو کەسەر بۆ داوایەکەی عەمەر بچەمێنم!! کەچی دیسان سەرم چەماندو لە ڕێزیان کشامەوە... بەبێ بیرکردنەوە. بەبێ هۆیەکی لەجێ... کشامەوە!، بەم کردەوەیەش ناچار دانم بەبێ کەڵکی و بێ هێزی خۆم نا، هەروەها لەناو دڵی خۆشمدا... لێکم دەدایەوە و دەمپرسی:

– ئایا ئەو کردەوەیەم بێ غیرەتی نەبوو؟

پەیتا... پەیتا... پرسیار... پرسیاری تیژ... لە برسیەتی تیژتر... وەک نووکە خەنجەر لەدەروون و مێشکمدا سەریان هەڵدەداو برینداریان دەکردم و گاڵتەیان پێدەکردم:

– ئەدی... کەوابوو کۆمەڵەی گەنجان چ سوودێکی بۆ من هەبوو؟ یان ڕاستتر... چ دەرسێکم لە کۆمەڵە وەرگرت...؟

– ئامۆژگاریەکانی کاک نافیع... بۆ کوێ چوون؟

– ئەو کـتـێب و نـامـیلکە و بڵاوکـراوە دەسنووسـانەی بۆمـان... دەخـوێنرانەوە و شی دەکـرانەوە... تەئسیریان چی بوو؟

تانەم لەخۆم دەدا کە دەبێ هەوڵ بدەم... تێ بکۆشم... ئەو کەلێنانە بگرم... ئەو کەلێنانەی خەریکە لە دونیای ژیانمدا... دەکرێنەوە و سەر هەڵدەدەن، تا لەگەڵ خۆم بڕیارمدا کە:

– خۆ ئیتر من منداڵ نەماوم، لە دەوری ئەنگوست مژین و مەمک مژین دەرچووم... گەورەبووم... بووم بە پیاو...!!

– دەبێ بتوانم... خۆم... بەخۆم بڕیار بدەم!

– دەبێ لەمەولا خۆم... خاوەنی خۆم بم و جەڵەوم بەرەڵڵا نەکەم، چیدی بەقسەی ئەم و بەدەستی ئەو نەجووڵێمەوە!.

لەناو ئەم بیرانەدا توابووەمەوە، سووم لەخۆم دەبوەوەو... گلەییم دەکرد کەچۆن بەو ئەنجامە ڕازی بووم کە کەسێکی تر بۆی ڕەسم و دیار کردم!!... چۆن وا بە ئاسانی جەڵەوی خۆم دایە دەستی ئەوانی دیکە! کە دایکم لەپڕ ئەو بیرو لێکدانەوانەی وەک گۆمی شێلوو شلەقاندم و لێڵ تری کرد... کاتێ بانگی کردم:

– شێرکۆ... ها ئەوە پارەکە... با لای تۆ بێ!

ئەو چوار دینارەی کە پێش چەند مـانگێک... لە کـاروانە پووچەڵەکەی هەولێر... بۆم گـێـڕابوونەوە... دەسـتـی بەو چوار دینارەوە بۆ درێژ کـردم، دیاربوو ئەویش ئەو پارەیەی بۆ کـاروانەکـەی ئـیـمـڕۆمـان هەڵگرتبوو، بەکاسی، ماوەییێک چاوم لە دەستی دایکم بڕین...!... لافاوێکی پڕ تەوژمی بێ هێزی و سەر لێ شێـوان و شەرمـەزاری دەورەیان دام... دەیان هێنام و دەیان بردم... گـەوزیان پێ دەدام... پرسـیـار وەک شەپۆلی دەریاییێکی شێت پاڵە پەستۆی مێشکم دەبوون و لە پەردەی هەستم دووبارە دەبوونەوە. هەستیان بریندار تر دەکـردم، پرسـیـاری وەهابوون... کـە لە وەڵامـدانەوەیان سـەرم سـوڕ دەمـا، دەسـەڵات و توانای ئەوەشـیـان بۆ نەهێـشـتـبـوومـەوە کە خۆم بە لێـوارێکدا بدەم... یان خـۆم بە پرچکێک بگرمـەوە، ناچار بەرامبەریان دەست و دەم بەستە... دەوەستام، لەتاوانا ئاگرێک لە دەروونمدا هەڵدەبوو:

– ئایا... بۆچ... منیش نەچوومە ڕیزی عەمەر و هاوڕێیەکانی؟

– بۆچ... بەدوو قسە ئەوها ملم شۆڕکردو گەڕامەوە ناو پاسەکە؟

– ئایا... من بەتەمای چیم؟

– ئەو ئاگرەی لەناو دەمارو خوێنمەوە هەڵگیرساوە... بەچی... دادەمرکێ و دەکوژێتەوە؟

– ئەو ئاواتانەی بەهیوای ئەوەم بیانهێنمە دی... چۆن و بەچی بۆم جێبەجێ دەکرێن؟

هەموو ئاوات و ویستەکانی تەمەنم لێم کۆببوونەوە... بەگوێمدا دەیان چریکاند:

– برسیم... نانم دەوێ!

– برسیم... نەخشینم دەوێ!

جل و بەرگ و هەموو ئەو پێویستیانەی... وەکو ئینسانێک... وەکو گەنجێک لەناو کۆمەڵ دەرم دەخەن و دیارم دەکەن!

– دەمەوێ لەناو خەڵک... منیش لەناو ئەوان دیار بم!

– دەمەوێ قوتابخانەکەم تەواو بکەم!

– گەرەکمە... وەکو ئادەمیزادێک وجودی خۆم لەسەر پشتی ئەم زەوییە بچەسپێنم...!

لە ئەنجامدا دیسان لەخۆم دەپرسییەوە:

– ئایا ئەم هەمـوو ئاواتانەم چۆن دێنە دی، ئەگـەر ڕێگام... ڕێگای ئالۆزو نادیاری ژیانی ئێسـتـام نەگۆڕم؟

– ئەم ڕێڕەوە تێکەڵاو... و سەر لێ شێوێنەرەی تاکو ئیمـڕۆکە پێیدا دەڕۆم... ئەم ساردی و سڕی و نیوە مردوویەی... هەتا ئیمڕۆ لەناویدا ژیاوم و دەژیم، ئەم سەر شۆڕی و مل کەچی و ڕازی بوون بەهەمـوو جۆرێک و بێ ئامـانج مل بەڕێوە نانەم... بەچیم دەگـەیەنن!!... بۆ کـوێم دەبەن...!... چارەنووسم بەچیـەوە دەبەستنەوە؟

عەمەری سلێمان کە لە کاروانەکەی بەهاری ڕابوردوو پێی دەگوتم بگەڕێمەوە لای دایکم... ئەو کاتە بەبێ بیـرکردنەوە وام بۆ دەهات کە قسـەیێکی مـاقـوول و بەجێ دەکـا، نازانم بۆچ ئیمـڕۆکەش تەنیـا ئەم بەیانییە... کەوا خۆم بۆ کاروانێکی دیکە ئامادە دەکەم... بۆچ داواکەی ئەو ڕۆژەی عەمەرم... وەکو گاڵتە پێ کردنێک دێتەوە بەرچاو:

– شێرکۆ... بە وەڵڵاهی... بە مەرقەدی......!

– تۆ ئیشت بە ئێمەدا نەبێ چاوەکەم...!

– تۆ دەبێ بگەڕێیتەوە لای دایکت!!... ئەو لە ئێمە پتر پێویستی بەتۆیە....

ئەم گـۆڕانە چییـەو چۆن ئەوها لە هیکرا کەڵەکـەیان لەسـەر کردووم و هەناسـەیان لێ هەڕمـاندوم؟... هەزارو یەک بیری دیکە... وەک شلغـەی زەردەواڵە شاڵاویان بۆ مـێشکم دەهێنا... دەیان بووراندمـەوە و دڵیان دەخێوراندمەوە... بێزم لەخۆم دەبوەوە، لەژێر پاڵە پەستۆی ئەم هاڵاو... و بیرو بێزانەدا... دڵەکوتێ دەیگرتم سەرم دەهاتە سووڕان و لە گەڵ خۆمدا لێکم دەدایەوە:

– باشە... ئەوە... هەتا ئیمڕۆکەش... تا ئەم سەعاتەش... عەمەرو تۆما و هاوڕێ یەکانیـان هەر لەسەر لووتکە بڵندەکەن... لەڕێگا دوورو سەخت و درێژەکەی نێوان شارو دێهاتەکان... لەسەر جادە قیرتاوەکان... بوونی خۆیان دەچەسپێنن، با بچم... دەی... با بچم... بیانگەمێ... با بچم ڕەگەڵیان کەوم... دەی... دەی... چی ڕایگرتووم... چی؟

بەڵام لەهەمـان کاتدا لەناوی ناوەوەم وام بۆ دەهات کە هێشـتـا نەبوومـەتە سواری ئەم مـەیدانەو ئەو پیاوەی بۆ ئەم جۆرە ڕۆژ و کارانە دەست بدەم، لەخۆم ڕانەدەدیت کە ئەم بارەم پێ هەڵستێ، هۆی ئەو دوو دڵی و گومان و لەخۆ ڕانەدیتنەشم بەو هۆیانەوە دەبەستەوە کە ڕێگای ئەوەیان لێبەستم... زاتی ئەوە بکەم عەمبارەکەی مام حاجی بسووتێنم.

لەبەر ئەوە بە وەڕەسی و بێ دەسـەڵاتانە... گـوێم بۆ بانگەکـەی دایکم شل کـرد، چوار دینـارەکـەم وەرگرتن... بەدەمێکی تێک ئاڵاو پێم گوت:

– باشە... بۆ پارەکە لەلای خۆت نەمێنێتەوە؟

گوتی:

– نا... نا... ئاخر تۆ پیاوی ڕۆڵە... تۆ پیاوی و پارەش دەبێ لای پیاوان بێ!!

بیسمیللاهی کردو هەندێک دەمی جولاندەوە و فوێکی بۆ هاویشتم!!.

– پیاو... پیاو... من پیاوم... پاره دەبێ لای پیاوان بێ!!

– پیاو... بەڵام ئایا بەڕاستی من پیاوم؟... دایە من کەنگی پیاوم... دایە گیان هەر کاتێک تۆ هەست بە کلۆڵی و بێ دەسەڵاتی خۆت دەکەی... من بە پیاو دادەنێی!!

– لەبیرتە ئەو شەو خۆتان لە قوڵچی ئستیلاک و لە چاوەشەکانی تۆفیق بەگ شاردەوە... بەدزی ئەو هەڵۆ برسیانە لەگەڵ پوور زولێخای دایکی نەخشین... باراشەکەتان بردە ئاشەکەی گوندی گردەچاڵ... ئەو سەردەمە هێشتا... منداڵێکی دە دوانزە ساڵان بووم، جیاوازیم لە نێوان نێرو مێ نەدەکردەوە، تۆش و پوور زولێخاش... بێکەس و بێ پیاو بوون!!

– لەبیرتە کە دایکی نەخشین پێی دەگوتی: خوشکم... دەبێ شێرکۆش لەگەڵمان بێ... هەر بێ شەرعیشە... بێ پیاو بکەوینە ڕێگا... نەخوازەڵا بەشەو... و لە ڕێگاییێکی ئەوهاش!!

– لەبیرتە کەتۆ لەخۆشی ئەو قسەیەی پوور زولێخا... هەموو دەردو پەژارەت بڵاو دەبوونەوە... سەرت دەگەیشتە ئاسمان... ئازارەکانت لە دەریا شینەکەدا دەتواندنەوە و... لەناو ئەستێرەکانی ئاسمانی بێ دوایی... لە ئەستێرەییێک دەگەڕای... هەر چاوت دەگێڕا... بەناو ئەستێرەکاندا... گەشتت دەکرد... لە ئەستێرەیەک دەگەڕای تا لە ئەنجامدا چاوەکانت لەناو چاوەکانمدا نقووم دەکرد... وەکو ئەو ئەستێرەیەی لێی دەگەڕای، وەکو ئەو ئەستێرەیەی بەدوایدا وێڵ بووی... ئەو ئەستێرەیەی لەناو چاوەکانی مندا دۆزیبێتەوە!!

– دایە... دایەگیان... ئەو شەوەش کە لە دەست قوڵچیەکان و پیاوەکانی ئاغا هەڵدەهاتین، لەبەر بێ پیاوی... لەبەر بێ دەرەتانی... تۆش منت بەپیاو دادەنا... من پیاوی ئێوە بووم، هەرچەندە دڵساردیشم کردن... بەبێ دەستی خۆم دڵساردم کردن و لە نیوەی ڕێگا لەبەر ژانی زگم... لەتاو ئازاری لاقە باریکەکانم... بەڕێگادا نەکشام و سەرەڕای هەموو بارەگرانەکانی ژیان... منیش بووم بە بارێکی دیکە... بارێکی ئەوها کە لە ژێریدا پتر دەنووشتایەوە و هێزی لێ دەبڕی!!

– دایە... دایەگیان... کەی من پیاوم؟ چۆن پیاو وەکو من دەبێ؟ ئاگات لێ نەبوو... چۆن هێوارەییێکی بەهاری ڕابوردوو... وەکو منداڵێکی بێ دەسەڵات... لە کاروانەکەی هەولێر... بە دەست بەتاڵی گەڕامەوە لات؟ لە هاوڕێیەکانی سەفەرەکەم دابڕام... ڕێزی ئەو هاوڕێیانەم بەجێهێشت... بەبێ هۆ لە ڕێزیان دەرچووم!!... ئیدی من کەنگی پیاوم... دایە!!

– دایەگیان... هاوڕێیەکانم... عەمەرو تۆماو ڕەسوول و مەحمودو قادرۆکو ئەوانی تر... ئەوان پیاو بوون ئەوان پیاون نەک من، ئەوان... کە بەو چۆنیەتیە نارەوایەی خۆیان ڕازی نەبوون و ملیان بەچیا بەرزەکەوە نا... بەرەو ژوور سەرکەوتن... بڵند... بڵند بوون... هەتا لەنزمی لەژێر پێی زۆردارەکان ڕزگاربن و پتر بۆ ناو چڵکاوەکەی ژیانی ئێستامان... ڕوونەچن!!

– دایە گیان... من پیاو نیم... بەڵام تۆ بە پیاوم دادەنێی... تۆ کە بێ پیاوی... کە پێویستت بە سێبەرێک هەیە تا لە قرچەی گەرمای ژیانی پڕ نالەبارێتا... لە سایەیدا بهەسێیتەوە، پێویستیت بە دەستێک هەیە... لەم ژیانەتدا باڵت بگرێ... نەهێڵێ بکەویە ژێر پێیان... نەهێڵێ پێی زۆردارەکان بێ ڕەحمانە بتشێلێ، پێویستیت بە پاڵپشتێک هەیە... ساتێک پشتی ماندووی خۆتی پێ هەڵپەسێری... پشتی لەژێر خەم چەماوەی خۆتی پێ بگریەوە و... بیکەی بە ئارامگەییێکی ژیانت،... پێویستیت بە ئەستێرەییێکە... لە شەوەزەنگی ژیانی ڕەش و تاریکت... ڕێگای پڕ کۆسپ و قۆرتت بۆ ڕووناک بکاتەوە!!

– دایەگیان... هەتا ئیمڕۆکە پیاو نەبووم و... پیاو نیم، بەڵام مەرج بێ لەمەودوا ببم بەپیاو، مەرج

بێ وەکو پیاوێک خۆم بدۆزمەوە و ئیتر جارێکی دی ئەتۆو... هەمور ئەوانی وەک تۆ دڵسارد نەکەم!!
مەرج بێ لەمەولا منیش وەکو پیاوێک بەرەنگاری شەیتانی تاوانەکانی تۆفیق بەگ و شێخ قطب الدین و مام حاجی و... درندەی خوێنخواری ئەم ستەمکارانە بم، مەرج بێ لەمەولا ڕێگای ئەم کاروانە درێژو پڕ کۆسپ و ئازارەت... ڕووناک و کورت بکەمەوە، سەنگی ژانەکانی تەمەنی درێژو تاڵ و پڕ مەینەتت سووک بکەمەوە...!.

کەوتبوومە ناو گێژەلووکەی ئەم وڕێنانە، ڕەشەبای ناوەخت وەک پەڕەمووچەیێک دەیهێنام و دەیبردم... لەدارو بەردی دەدام، هەولم دەدا خۆم بگرمەوە، وەکو کۆترێکی وێڵ... لەناو دارستانێکی چڕی تاریکی بێ دوایی باڵم دەکوتا... دەمهەویست بگەمە هێلانەیێک... کە دایکم بانگی کردم:

– دەی... کوڕم، با ناوی خوای لێ بێنین!

– دەی... با بڕۆین ڕۆڵەکەم!

هەڵستایە سەرپێ و دوو خرارە بەتاڵەکەی لوول دان و هاویشتیە سەرشانی و بانگی کرد:

– بەناوی تۆ خودایە... هۆ ڕەززاقی هەموو عالەم!.

هەنگاوی بەرەو دەرگا نا، من... پێش ئەو چووبوومە دەرەوە، لەبەر دەرگا چاوەنوارم دەکرد... کە ئەویش بەدوای مندا... لە دەمی دەرگاکە هاتە دەرەوە... ڕووی تێ کردم و گوتی:

– کوڕم... دەرگایەکە کلیل بدە!.

دۆریخەکەم ڕەپێش کردو کلیلە دارەکەم لە دەرگا دەرهێناو وەکو خەنجەر لەبەر پشتی خۆم ڕاکردو دوو بەدوو بەرەو ماڵی مام هەیدەر کەوتینە ڕێ.

هێشتا نوێژی بەیانی مابوو، لەناو کۆڵانە تەسک و نارێکەکانی گوند... تاک و تووک خەڵک دەهاتنە بەرچاو، ئەوانەش زۆربەیان دەچوونە مزگەوت... یان کانی ژنان بۆ نوێژکردن، هەندێکیشیان پێمەرە... یان بێڵ و دوودەویان لەسەر شان بوو... بۆ ناو باخچەکان... بۆ کارکردن... شۆڕ دەبوونەوە.

پێش ئەوەی بگەینە ماڵی مام هەیدەر... دایکم ئاورێکی لێ دامەوە و پێی گوتم کە سەرێکی ماڵی پوور زولێخا بدەم و گازی بکەم تا... بگاتە کاروانەکە.

زۆرم پێ خۆش بوو دایکم ئەو داوایەی لێکردم، پێش ئەوەی ئەو قسەکانی تەواو بکا... من بەگورجی لە سووچی کۆڵانەکە... بامدایەوە و تا بەرماڵی نەخشینی خۆشەویستم... وەک سووسکە ڕەوتم دەکردو باڵم گرتبوو، لەبەر دەرگاکەش هەندێک هەستم ڕاگرت، نە کەسێکم لەو ناوە بەرچاو کەوت و نە دەنگێکیشم لەماڵی پوور زولێخاوە هاتە بەر گوێ، پێش ئەوەی دەست درێژ بکەم لە دەرگاکە بدەم... هەناسەیێکی درێژو فێنکم خواردەوە، کە بە ئاستەم... بەبەری دەستیشم لە دەرگاکەمدا گوێم لە کوتانی دڵم دەبوو!.

کاتێ لە دەرگاکە چوومە ژوورەوە... لەبەر چاومدا ڕووناکیەک ژوورەکەی پڕ کردبوو، نەخشین هوشیار بوو... وا دیار بوو ئەمیش هەر زوو لەگەڵ دایکی هەڵستابوو... تا یاریدەی بدا مشووری کاروانەکەی لەگەڵدا بکا.

منداڵە بچکۆڵەکانی پوور زولێخا... لەسەر لبادەکەی ڕۆخ ئاگردان... پەلیان لێ هاویشتبوو، پووریشم لە بنەبانی ژوورەکەیان... خەریکی شڕوشاڵ کۆکردنەوە بوو، شتومەکی کاروانیشی تێک نابوون و ئامادە بوو.

نەخشین... کە چاوی بەمن کەوت... ڕاپەڕی و بە گورجی بە پیرمەوە هات، ڕووی نەخشین... لەو بەرەبەیانە ڕووناکەدا... لەبەر چاوی مندا... تەواو دەگەشایەوە، بە مەزندەی من... بەژنی لە ڕۆژان پتر... بەرەو ژوور هەڵکشابوو... قژی ڕەشتــرو جوانتــر دەهاتە بەرچاوم... گەردەنی بڵندتر دیاری دەدا... مەمکەکانی هەر لە جێگاکەی خۆیان... پتر کراسەکەیان هەڵدابوەوە... و زۆرانێیان لەگەڵ گلێنەی چاوەکانم دەکرد... دەنگی لە پێشان ناسکتر دەهاتە گوێم، دڵم بەگوڕتر لێی دەداو لە خۆشیان هەڵدەپەڕی... هەناسەم گەرمتر دەبوو لەگەڵ هەناسەدانەوەم... گەرمایی دەگەیشتە لێوەکانم!!...

شەیتان بەلەعنەت بێ... نازانم بۆچ هەر کە نەخشین دەبینم هەستم دەجوولێتەوە!.

خوێن بەتین هوروژم بۆ لەش و سەرو مێشکم دەهێنێ، ئاگرێک لەگیانمدا هەڵدەبێ!!...

قەستی ئەوە دەکەم کە بیگرم؛ بیگرم بەخۆمەوە بیقرسێنم... ئەوها بە خۆمەوە بیقرسێنم هەتا هەردووکمان لەناو یەکتریدا دەتوێینەوە و دەبینە تاکە یەک لەش!!.

قەستی ئەوەم دەکرد باوەشی پێدا بکەم... بیگوشم... بیگوشم... بۆنی بکەم تا هەمووی هەڵدەمژم... کە ئەو بە دەنگە خۆش و ناسکەکەی گوتی:

– بەخێر بێی شێرکۆ...

گومانم لەوە نەبوو کە ئەویش... نەخشینیش... بیری لەمن دەکردەوە... ئەویش لە دەروونیەوە هەستی بە گڵپەی ئاگری ناوەوەی من دەکرد... ئەویش دڵی بۆمن لێی دەدا، ئەو ڕووناکییەی لەسەر ڕووی دیاری دەدا... ئەو پرشنگەی لە چاوە گەشەکانیەوە دەرژانە چاوەکانی من... ئەوانەشی دەنگدانەوە و... ڕەنگدانەوەی سووتانەکەی گیانی منیان پێوە بوو.

دایکی لە بنەبانی ژوورەکەدا خەریکی کاری خۆی بوو، ئاگای لەو تێکەڵاویە گیانیەی من و کچەکەی نەبوو... بەڵام نەخشین حیسابی بۆ ئەو وجودەی دایکی دەکرد، هەتا من لێی دەچوومە پێش... ئەو پاشەو پاش دەکشایەوە... و بە سڵی ئاوڕی لە دایکی دەدانەوە، هەر بۆ داپۆشینی ئەو سڵیەی و وە ئاگا هێنانەوەی من... بەدەنگ بانگی کرد:

– ئەوەتا... دایەش بۆ کاروان ئامادە بووە!

وەکو بەم قسەیەی... بەم بانگەی بیەوێ لە مەجالی مەگناتیزی ئەوینیەکەمان دەرچێ و خۆی لە تۆڕی من ڕزگار بکا، هەر کشایەوە دواوە... هەر کشایەوە هەتا لە نزیک دایکییەوە ڕاوەستاو چاوە گەشەکانی لەمن ئالاندن.

دایکی نەخشین سەرێکی هەڵبڕی و پرسی:

– شێرکۆ گیان... دایکت چۆنە! دیارە ئەویش خۆی ئامادە کردووە!! بێ ئەوەی چاوەنواڕی وەڵامی من بکا، کەلوپەلەکەی بەسەر کۆڵی دادان و بەکووڕی بەرەو دەرگا چوو، کاتێ گەیشتە نزیک من... گوتی:

– دەی بابڕۆین... بابڕۆین... کوڕی خۆم!

لەبەرخۆیەوە ئاهێکی دوورو درێژی دەخواردەوە و... مرتەیێکی لێوە دەهات:

– خوایە... بەتەمای تۆ... هەر بەتەمای تۆ!

سەرێکی بۆ کچەکەی بڵند کرد... هەندێک سەنگرایەوە... بۆ ئەوەی پێی بڵێ:

– ڕۆڵە نەخشین... ئاگات لە منداڵەکان بێ... خوا یاربێ چوار ڕۆژی پتر پێ ناچێت و... دەگەڕێینەوە!

هەرکە لە دەمی دەرگاکەش دەهاتینە دەرەوە... لەبەر خۆیەوە دووبارە بانگی دەکردەوە:

- بسم الله الرحمن الرحيم... خوایە هەر بەتەمای تۆ!.
نەخشینیش... هەتا من و دایکی لێ ئاوابووین... لەبەر دەرگاکە... وەستابوو.

* * *

# 16

لەگەڵ لەدایک بوونی ئەو بەیانییە پایزە، پەڵە هەوری بچووک بچووک وەک ڕەوە کۆتری سپی لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتدا... خۆیان دەردەخست و لەسەرخۆ... بەهێمنی بەرەو کوێستانەکان هەڵدەکشان و هەندێکیشیان لەناو جەرگی ئاسمان بڵاودەبوونەوە... دەریا شینە بێ دوابییەکە هەڵی دەمژتن و... دەتوانەوە.

بەیانیەکی کزو سارد بوو، سروە بەسۆزەکەی سەرکەلی دار ئەسپینداره بەرزەکانی بەرماڵان و... پرچە پەرش و بڵاوەکەی دارتووە پیرەکەشی دەلەرزاندەوە... تاک و تووک گەڵای زەردی ئەو دارانەی دەوەراندنە سەر زەوی.

ئەو ساڵە چۆن ساڵێکی نەبارو وشک بوو... هەروەها سەرچاوە کانیاوەکانی گوندیش ئاویان کەم ببوو... و... بەشی ئەوەیان نەدەکرد باخچەو ڕەزەکانی گوند تێر ئاو بکەن، بەو هۆیەوە سەرکەلی دارە بەرزەکان زەرد ببوون و زووتر لە دواوە... گەڵا لاوازەکانیان هەڵدەوەراندن، کە لە کۆڵانە تەسکەکان تێدەپەڕین... دارە تینوەکان وەک فرمێسک گەڵای زەردو تینوویان بەسەرماندا دەباراندن.

دەرگا دوو دەریەکەی عەمبارەکەی مام حاجی لێک درابوو!!

مەلا حەمید سواری کەرەکەی ببوو... ڕێشمەی کەرەکەی لە بازووی خۆی ئاڵاندبوو!!... هەر چەندە... چ کەسێک لە گوندەکەمان کەری لغاو نەدەکرد... بەڵام مەلا حەمید کەرە سپیەکەی زۆر خۆش دەویست، سوێندیشی لەسەر ئەوە دەخوارد کە کەرەکەی ئەو کەر نیە... وە دەیگوت:

– ئەگەر کەریش بێ... بە هەڵە... یان لە بەدبەختی خۆی وەکو کەر... لە ماکەرەکەی دایکی بۆتەوە!

وە بەفیزێکەوە سەری بڵند دەکردو بانگی دەکرد:

–دەک هەزار بارگیرت بەقوربان بێ... هەی!!

سەبارەت بەوەش وەکو ئەسپێک سەیری دەکردو لغاوێکی فافۆنی سپی بۆ کردبوو... ڕێشمەیێکی ڕیسی ڕەنگاو ڕەنگی درێژیشی بۆ چنیبوو!

مەلا کامەرانیێکی تەواوی لەسەر ڕووی دیاری دەدا کە دەیگوت:

– هەر لەزۆر کۆنەوە... لەزەمانی خولەفا... لە دەوری تورک و عوسمانلیش... قازی شارەکان بەم جۆرە کەرە ئەسپانەی وەکو کەرە سپییەکەی... دەچوونە دارولعەدالە!.

مام هەیدەر و خاوەن کەرەکانی دی... ئەوان جل و جۆری کاروانیەکانیان... هەموو لەکەرەکانیان بار کردبوون... دابوونیانە پێش خۆیان !...

مەلا حەمید پێشەنگی کاروانەکەمان بوو، دوابەدوای ئەویش عەلە ئێختەو پوورەستی ژنەکەی مام هەیدەرو مام زانەوێر... ئەمجا دایکم و پوور زولێخای دایکی نەخشین و ئەوانی دیکەش... بەرێز ڕێچکەمان بەستبوو... و... بەرەو دەربەند شۆڕ دەبووینەوە، هێشتا نەگەیشتبووینە سەر جادەکە... دەنگی چەند لۆرییێک تێکەڵ بە جریوە جریوی گێرزوولەکان دەبوو... کە بەو بەیانیە زووە... لەناو قۆپەنە تووترکەکانی ئەم لاو ئەولای ڕێگا باریکەکە... وەک جیوە بە هەموو لایێکدا بڵاوبونەوە و لە خۆراک دەگەڕان، ئەو لۆریانەش لەلای دارنومرەوە بەرەو، دەشتی هەریرو سنوور دەچوون!!... گڕە و هەرایان هێمنی ئەو بەیانیەی پەرت دەکرد.

لەسەر گردی زێوەر... چیاسۆرک وەکو بووکی خێزانێکی هەژار... ڕووسوورو جل شڕ... خۆی دەنواند،

ڕووبارەکەش وەکو پیرێکی شەکەت دەجولایەوە و نووسکەی لێوە دەهات بە خاوی بەرەو ژێر دەخزی.

لە بنەبنەی سۆرک... دوو دوو... سێ سێ ڕەشەوڵاخ... بڵاوبیوونەوە، چاوم لە مەلۆی گاوان دەگێڕان... وام بۆ دەهات کە ئەو کاتە لەبن دار گێوژە پیرەکەی سەر گردی زێوەر، یان لەسەر گاشە بەردێکی گەورە هەڵتروشکابێ... و لەگەڵ تاژیەکانی چاوەدێری گارانە بچکۆڵەکەی گوند دەکا.

لە زارکی دەربەند تێدەپەڕین... عەمەرو هاوڕێیەکانیم هاتنەوە خەیاڵ... بەبێ دەستی خۆم، ئاوڕێکم... بەرەوپاش... دایەوە، سەرم بۆ سەفینی ڕەنگین هەڵبڕی، ڕۆژی نوێ... لووتکە بڵندەکەی لە ڕۆناکیەکی زەرد... هەڵکێشا بوو... لەناو دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە... دەمگوت:

– ئێستا... عەمەرو تۆماو هاوڕێیەکانیان... لەناو ئەو ڕووناکییە دان... و لەسەر ئەو بەرزاییە؛ لە نزیک ڕۆژ... دەژین... بیر دەکەنەوە و نەخشەی دوا ڕۆژی گوندەکەمان دەکێشن!! وە لەخۆم دەپرسیەوە:

–دەبێ لەو بەرزاییەوە... کاروانەکەی ئێمە بەدی بکەن...؟

ئاهێکی بەگوڕم هەڵدەمژت....

کاروانەکەمان هەر دەچووە پێش... هەتا دەچووە پێشتر... ڕۆژ پتر سەری لێ هەڵدەهێناین و بەڕووی دونیادا دەگەشایەوە!.

کاتێ لە پردی ڕووسارک دەرباز بووین و بەر لەوەی بە هەورازەکەی بەنی میراوا هەڵبگەڕێین... مەلا حەمید جڵەوی کەرە سپیەکەی ڕاکێشاو لایدایە ڕۆخی چەپی جادەکە، کاروانەکەش هەر لەدوای مەلا حەمید هێدی بوەوە و لەڕۆخ جادەوە ڕوە و دارستانە پیرەکە ڕێزبان گرت و وەستان، دەستەکانیان بەرەو ژووریان بەرزکردنەوە... مەلا حەمیدیش بەدەنگ بانگی کرد:

– ئەلفاتیحە!

هەموویان دەستیان بە فاتیحە خوێندن کرد، هەندێکیان بەدەنگ و بە تەجوید فاتیحایان دەخوێند... هەندێکیشیان هەر تەنیا بە ئاستەم سەریان دەلەقاندو دەمو لێویان دەجولاندەوە!.

فاتیحەکە... بۆ گیانی پاکی (چاکی گورگان خواردوو) بوو!!

دەڵێن ئەو پیاو چاکە مرۆییێکی دەروون پاک و خاوەن بڕواییێکی پتەو... و قایم بووە، لە زەمانێکی زوو... کە کەس نەیزانیوە کەنگی بووە ئەو پیاو چاکە دڵ و دەروون وبڕوا پتەو... و قایمە... لە ڕۆژێکی ساردی زستان و بەفراوی چارەنووس دەیهێنێ و بەو ڕێگایەی دادەدا.

هەندێک دەڵێن... لەڕێگای بڵاوکردنەوەی ئایین و لەو ناوەو لە دێهاتەکانی خۆشناوەتی... گەیشتۆتە ئەو چارەنووسە!!.

هەندێکیش دەڵێن... نزیکی مانگی ڕەمەزان بوەو ئەو پیاو چاکە دەروون خاوێنە دەچوو لە یەکێک لەو دێهاتانە ڕەمەزان بکاو زستانە سەختەکە بەسەر ببات و پێش نوێژی خەڵکەکە بکا... ڕێگای حەق و ڕاستیان پیشان بدات.

هەرچۆنێک بوە... بوە... پیر و ڕیش سپیەکانی ناوچەکە هیچ گومانیان لەوە نییە کە کابرای پیاو چاک مل بە هەورازەکەوە دەنێ لەلای دارستانەکەش... بە حیسابی خۆی... کات نوێژی ئێوارە دەبێ... سەر بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە... بەڵام دونیا هەورەو زەویش... بەفر لە کفنێکی سپی گرتووە، لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

– دەبا جارێ نوێژ بکەم... فەرزی خودا بەجێ بگەیەنم!!

وه بەپێی دەستووری موسڵمان و خواناس و بەهێزی بڕوای پتەو... و قایمی لادەداتە ناو دارستانە بچکۆڵەکەو لە ژێر پیرە دار بەڕوێک ڕوو دەکاتە قیبلەو بەرامبەر بەخودای خۆی دەوەستێ... نوێژەکەی دادەبەستێ.

ڕەکعەتی یەکەم و دووەمی بەرێک و ڕەوانی تەواو دەکا، لە ڕەکعەتی سێیەم... ڕەوە گورگێکی برسی لەو ناوە پەیدا دەبن پیاوچاکەکەش... کە هەتا ئیمڕۆکەش کەس نازانێ کێ بووە... نوێژەکەی نابڕێ... دەزانێ دەعباو دڕندە دەوریان داوە... بەڵام نوێژەکەی نابڕێ و کە دەچێتە سوجدە بەدەنگ بانگ دەکا:

– سەمیعەڵڵاهو لیمەن حەمیدەهو!!

کە هەڵدەستێتەوە ڕەکعەتی سێیەمیش... دیسان بانگ دەکاتەوە:

ئەڵڵاهو ئەکبەر...!!

فاتیحەکەش دیسان بەدەنگ دەخوێنێ.

ئەو... لە مامۆستای گەورەی بیستبوو کە ئەگەر لەکاتی نوێژدا... دەنگ بەرز بکەیەوە... ئەوە مانای وایە... مەترسیەک لەپێش نوێژکەرەکەیە... لەوانەیە... خەڵکێک لەو ناوە ڕێبوارێک تێبپەڕێ کە گوێی لە دەنگە دەنگ دەبێ... ئەوا فریای نوێژکەرەکە دەکەوێ و لە مەترسیەکە ڕزگاری دەکا... یان یارمەتی دەدا!!

وە هەر لە مامۆستای گەورەی بیستبوو:

ئەگەر لە کاتی نوێژ کردن دەنگ بەرز بکەیەوە... گورگ و دڕندە ترس دەچێتە گیانیان و ڕادەکەن... لەو ناوە دوور دەکەونەوە.

جگە لە فەرموودەکانی مامۆستای گەورە... بەخۆیشی لە کتێبێکی کۆن خوێندبوویەوە... کە:

ئەگەر موسوڵمانێک لەکاتی نوێژ کردندا تووشی مەترسیەکی وەکو ئەم جۆرە بوو... کە دەنگ بەرزبکاتەوە... بە فەرمانی خودا نوێژکەرەکە غەیب دەبێ و لەبەر چاوی دڕندەو گورگەل بزرو بێ شوێن دەبێ!. ئیتر نە دڕندە زەفەری پێ دەباو نەمەترسی کاریگەر دەبێ.

پیاوچاکە بڕوا قایم و دەروون خاوێنەکە... لەسەر ئەم بڕواییانەی گوێ ناداتە ڕەوە گورگە برسیەکەو نوێژەکە نابڕێ!!

بەڵام گورگە برسییەکان... نە مامۆستای گەورەیان ناسیوە نە ئاشنایشیان لەگەڵ کتێبی کۆن هەبووە، کە ئەو نێچیرە دەبینن یەکسەر پەلاماری دەدەن و دەیدڕن... جێ بەجێی دەکەن و هەڵی دەلووشن، بەفرە ئەستوورەکەش... ئێسکەکانی ئەو پیاوچاکە دادەپۆشێ... هەتا بەهارێش کە بەفر دەتوێتەوە و ڕێبوار بە تەنیشت دارستانەکە ڕادەبوورن... خەڵک هەست دەکەن کە پیاوچاکەکە بووە بە چێشتی گورگان و خەبەر دەگاتە گوند.

خەڵکی گوندیش هەر لەڕێی خودادا... ئێسکەکانی بن خاک دەکەن... گۆڕێکی بۆ هەڵدەنێن و ئاڵاییێکی سپی بڵندی لەسەر دەچەقێنن... دەیکەن بە مەزار و ناو لەو پیاوچاکە شەهیدە دەنێن... «چاکی گورگان خواردی»... هەتا ئیمڕۆکەش... خەڵکی ناوچە... زیارەتی دەکەن... ڕێبوارو کاروانچی کردوویانە بەجێی حەسانەوە و هەوارگە... ئەوەی لەو ڕێگایە ڕابوورێ... ڕوو دەکەنە گۆڕەکەی و فاتیحەی بۆ دەخوێنن.

منیش... لەگەڵ... کەسانی کاروان، فاتیحەیەکم خوێند، بەڵام لە دڵی خۆم... گومانم لەوە هەبوو... کە کابرا... بەو چوونەوە چووبێ، چونکی زستانی ڕابوردوو... هەر لە نزیک گۆڕەکەی چاکی گورگان

خواردوو... پیرەژنێک لە برسانا ڕەق هەڵگەڕابوو... و... لەپەل و پۆ کەوتبوو... گورگیش... گۆشتەکەیان... ئەو گۆشتەی بەلەشیەوە بوو... لێیان پچڕیبووەوە.

کە گەیشتینە سەر گردەکەی میراوەش... کزەباییێکی سارد... لە باشوورەوە دەهات و دەیدا لە ڕوومان، دەشتی هەریر لەبەر چاومدا وەکو گۆڕەپانێکی فراوان دیاری دەدا، ڕۆژی زەردی ئەو بەیانییە پاییزییە... لە زەردایی پاوان و پەرێزەکانی پتر کردبوو، سەوزایی... تەنها لەناو گوندەکان و شیوە گەورەکە... دەهاتە بەرچاو.

خەیاڵم بەم دیمەنە بەسترابووەوە، لەگەڵ خۆما دەمگوت:

– داخوا چەند پاڵەو وەرزێر... کاسبی خۆیان لەم دەشتە پڕ پیت و بەرەکەتە... تاقی کردبێتەوە؟

– دەبێ چەند یاری کەرو قارەمان... لەم گۆڕەپانە فراوانە... شەقیان لە گۆی زەمانە دابێ و چەند گۆلیان کردبێ... یان چەند گۆلیان لێ کرابێ؟

گلێنەی چاوەکانم... لەو دونیایەدا هەر گەوزی دەدا... دەسووڕان... هەتا بە قەڵاتەکەی خانزادە خاتوونەوە... گیر بوون، چاوم دەگوێزانەوە قەڵاتەسوورو باویان... تا لەئەنجامدا بەرەو ژوور بەزرم کردنەوە، لە دوورەوە چیا سەرکەشەکانی ئارارات و گۆڤەندو ئاودەل کێو... چیایەکانی برادۆست و مێرگەسۆر... وەکو خێوی سپی هەڵچووبوون... کەپکە قووچەکانیان... ناوجەرگەی ئاسمانیان دڕی بوو.

کاک نافیع دەیگوت:

– ئەو چیا سەربڵندانەش... دەیان قەوماو... و... کارەساتی میللەتەکەی ئێمەیان لەسەر ڕوو هەڵکەندراوە و بوون بە سوپەری تیری ڕۆژگارو پەنای ئازاو لێ قەوماوەکان!!

وە دەیگوت:

– هەتا هەتایێ... شۆڕشگێڕو قارەمان... لە باوەش ئەو چیایانەدا... لە پێناو حەق و دژی دوژمنانی ئازادی میللەتان... تێ دەکۆشن و ململانێ دەکەن.

دەنگی مام هەیدەر... ئاورینگی ئەو خەیاڵانەی لێ شێواندم و گێڕامیەوە چۆنیەتی ئەو کاتەم، مام هەیدەریش سەری هەڵبڕی بوو... ئەویش... دوور... دوور... و بەرز دەیڕوانی و بەهێمنی دەیگوت:

– ئەوا پاییزیش سەری لێمان هەڵهێنا!

وە ئەنگوستێکی بۆ لای ئاسۆی ڕۆژهەڵات درێژ کردو لەسەر قسەکەی بەردەوام بووەوە:

– ئەو هەموو هەورە سپیانە... هەوری تازەن... هەوری نوێن... نیشانەی پاییزیان پێوەیە.

وە بەپەلە شووڕکە دارەکەی لەبن هەنگڵییەوە دەرهێناو... یەک دوو شووڕکی لەلا ڕان و بن زگی کەرەکەی دان و بە هەچە هەچە... وەکو چاوەنواڕی چ وەڵامێک لە کەسانی کاروانەکە نەکا... قسەکەی بڕیەوە و... بێ دەنگ بوو.

دایکم... کە ئەوکاتە لە تەنیشت منەوە... بێ دەنگ هەنگاوی دەهاویشت، وەکو قسەکانی مام هەیدەر کارێکی ناخۆشی کردبێتە سەر... یان وەکو لەپڕ لە خەوێکی قووڵ هوشیاریان کردبێتەوە... هەندێک ڕاچڵەکی... هەنگاوەکانی ئاڵۆز بوون و سەڵەواتێکی هاویشت و بە دەنگێکی نیوە گیراو گوتی:

– دەبا بەخێربێ... دەبا پاییزیش بەخێربێ... بۆ موسوڵمان و هەژاران بەخێر وەربگەڕێ!

هەتا دەهات دەنگەکەی دایکم ژەنگاویتر دەبوو... وەکو گریان... گرتبی... ئەوها بەگری گوتی:

– هەر خۆی ساحێبە...

ئەوەی ئەو بیکا... شوکر موڵکی خۆیەتی... چۆنی ئەمر لەسەربێ... شوکر... هەر شوکرانە بارین!.

وا دیاربوو دایکی کڵۆڵم بەهاتنی پایز دڵتەنگ بوو، کە لەو چۆنیەتیەی دایکم وورد دەبوومەوە... بە بەزەییێکەوە لەگەڵ خۆم دەدوام و دەمگوت:

– دڵتەنگ بێ... یان نا... پێی خۆش بێ یان... نا... ئەم دەسەڵاتی چییە؟

– دەتوانێ... پایزەکە بگۆڕێ... بە بەهار؟

– دەتوانێ... لە تەمەنی هاوین... درێژ بکاتەوە؟

وە لە ئەنجامی ئەو سەودایە دەگەیشتمە ئەوەی کە:

– ئەگەر دایکم بیتوانیبا... پایز بە بەهار بگۆڕێ... یان لەتەمەنی هاوین درێژ بکاتەوە!!

یان گۆڕانێکی کاریگەر بهێنێتە سەر دونیایەکەی... گومانم لەوە نەبوو کە پێش هەموو شتێک... لە یەکەم هەنگاوی... جۆری ژیانی ئێمەی دەگۆڕی، لەم نالەبارییەو لەم هەژارییەی کە لەناویدا دەژیاین... ڕزگاری دەکردین، ئەم بارە نارەوایەی ئێستامانی بەبارێکی تر... چاکتر... رەوانتر دەگۆڕی!.

من لە هەموو کەس پتر لە دڵی دایکی خۆم دەگەم، زۆر چاک شارەزاییم لەدڵ و دەروونی هەیە... لە ئاواتەکانی دەگەم، گومانم لەوەدا نییە کە ئەگەر لەدەستی هاتبایە... هەر بە یەکجارەکی هەژاری و برسیەتی لەسەر ڕووی ئەم زەویەمان... نەدەهێشت، هەموو فرمێسکی دڵ بریندارو لێقەوماوانی دەسڕیەوە... هەموو وەرزەکانی ساڵی دەکردن بە بەهار.

دایکم حەقیەتی ئەگەر لە پایز دڵتەنگ بێ، ئەگەر مەترسی لەو وەرزە خەمگینە بکا!.

پایز... پێشەنگی زستانە... گەڵا ڕێزانە.

پایز... ڕەنگ زەردە... پڕ کول و دەردە... پەیامی بەفرو سایەقەو ساردو سڕی وێیە، هەروەکو خۆی دەیگوت:

– پایز... دەرگای زستانە... کە زستانیش هات... لێفەی هەژاران دەدڕی.

وەنەبێ منیش ئازاری پایزو زستانم... لەگەڵ دایکم... لە گەڵ هەموو هەژارەکانی گوندا... نەچێژتبێ!..

ئیتر دەبێ لە کونی ژوورەوە... لەبەر قەندیلە دووکەڵاویەکە وەکو تارمایی.. هەڵترووشکێین، دووکەڵ و بۆن چرووکی دار گەندەڵ و تەڕە داری ئاگردانەکە... سینگمان ژەنگ دارو چرچاومان کول و کۆر بکا.

– لەسەرەتای نەورۆز... کە بەفرەکان دەتوێنەوە... زستان پێی لەسەر زەوی دەکێشێتەوە و گەرمایی دەگاتە پشتی پرو... پیرەمێردی گوند و لە گۆڕەپانە بچکۆڵەکانی ناو گوند... لە پەنا دیوارەکان... لەبەر بەرۆچکەکان کۆدەبنەوە... خۆ دەدەنە بەر ڕۆژ... هەندێکیان هەر تەنیا لێی ڕادەکشێن... تا نزیک نیوەڕۆ لێی پاڵ دەکەون... لینگی لێ ڕادەکێشن، هەندێکشیان خەریکی خۆ پشکنینەوە دەبن.

ڕیشەکەی سۆفی ڕەسوول و مام هەیدەر... لەبەر دووکەڵی زستانی دوور و درێژ... زەرد هەڵدەگەڕێن، سەرە سپیەکەی پووریشم دەڵێی لە خەنە گیراوە!!...

– لەبەر کۆخە کۆخی دایکم بە درێژایی شەوانی زستان ناهەسێینەوە!..

دەردو ئازارو ئەرکی زستان بۆ کەسانێکی وەکو ئێمە... هەرگیز بە ئاسانی قووت نادرێن.

پایزە... زستان لە دەرگا دەدا، ئیتر دەبێ هەر لە ئێستاکەوە دیسان بەرەنگاری چیا بەرزەکە ببینەوە، دەبێ پێش سەرماو سۆڵ... لەگەڵ دایکم و خەڵکی هەژاری گوند... دار لە شاخەکە کۆبکەینەوە و بیان کەین بە گیشەو ئینجا بە پشت بۆ سووتەمەنی زستان بیانگوازینەوە ماڵ... یان گوێ درێژێک لە خێر خواهێکی خەڵکی گوند بخوازینەوە و ئەو فرمانەی پێ ڕاهی بکەین.

ئای کە لە هاتووچۆو هەڵگەڕان بە شاخەکەدا بۆ دار هێنان... ئای کە لەو کارە وەڕەسم، هەر کە پایز بە ڕووی زەردو ساردو سڕی سەرمان لێ هەڵدێنێ... ژانەکانی منیش سەر هەڵدەدەنەوە... زگ ئێشەکەم دەست پێ دەکاتەوە و وەک گەردەلوولی پایز پێچ پێچ دەخۆنەوە... جانەوەرێکی نادیار لەناو دەمارەکانمدا جینگڵ دەداو دەم دەنێتە ناو لوولاقەکانم، لە ژان بەولاوە.. هەموو هێزو تاقەتی لێ هەڵدەمژێ.

ئەگەرچی دایکم هەرگیز ڕێگا نادا پشتیە داری گران هەڵبگرم... نایەڵێ بارم وەکو بارەکەی خۆی قورس بێ، بەڵام من خۆم بۆم قەبوڵ ناکرێ!!.. بەدەستی بەتاڵ و کۆڵی بێ بار... لەو چیا سەخت و بەرزە... بەدوای ئەودا بەرەو گوند بگەڕێمەوە، لەو کاتەی ئەو کۆڵکە دار گەندەڵێکی زل زلی وەکو عەزیا یان پشتیە دار چیلکەییێکی بە کۆڵەوە بێ و بە نقەنق وپشتی چەماوە لە چیاکە شۆڕ ببێتەوە... چۆن من بەوە ڕازی دەبم... چۆن غیرەتم ئەوە قەبوڵ دەکا... چۆن دەتوانم بێ باکانە پشتم لەژێر ئەرکی ئەو ژیانەمان... ئەوها... بە ئاسانی دەربهێنم، نا... نا... دەبێ... هەر دەبێ منیش کۆڵێک دار هەڵبگرم... پشتم بستێک بچەمێتەوە... سەرم لەژێر بارەکەدا بەرز بکەمەوە... کۆمەڵێک ئارەقە بڕێژم... هەتا خۆم لەوە دڵنیا بکەم... کە منیش کەلکێکم بۆ ئەم دایکە دڵسۆزەم هەیە، ئەو دایکە میهرەبان و دڵسۆزەی... بێ گومان ئەگەر بۆی بکرابایە ساردو سۆڵی زستانی... بەگەرمایی دڵسۆزیەکەی پەرت دەکرد، نالەباری لەهەموو گوند نەدەهێشت، هەژاری دەدایە بەر گەردەلوولی پایزو کرێوەی زستان و بگرە هەموو وەرزەکانی ساڵی دەکردن بە بەهار.

لێم ڕوون بوو کە مام عەلی و پوور ئەستی ژنی و زولێخای دایکی نەخشینی خۆشەویستم... ئەمانە و هەموو کەسانی دیکەی کاروانەکەش هەر وەکو دایکم بیریان دەکردەوە... بەڵام چ کامێک لەمانە هەست و شعووری خۆی بەرامبەر بە قسەکانی مام هەیدەرو دایکم دەرنەبڕی، ئەوان... وەکو هەر گوێشیان لەو قسانە نەبووبێ... ئەوها خۆیان پیشان دەدا، کەچی بەچاکی چاوم لێ بوو لەگەڵ قسەکان... پیاوەکان هەموو لیچکی ساقۆکانیان ڕادەکێشاو بە لەشیانەوە دەیان نووساندو قایمتر گیریان دەکرد، ژنەکانیش... گرێی چارۆگەکانیان توندتر دەکردو بە پەلەتر دەجوولانەوەو بەرەو پێش هەنگاویان دەنا... وەکو بیانەوێ بە چاو قوچانێک... بە چەند هەنگاوێکی پەلەو فراوان... ئەو ڕێگا دوورەی لە پێشیانە ببڕن و پێش داهاتنی زستان بگەڕێنەوە، وەکو بیانەوێ لە تەمەنی پیرە پایز کورت بکەنەوە و گورج بەسەر زستاندا... بەرە و بەهار... بازێکی زەلام... بازێکی فراوان و بەرین بدەن!!.. هە..

حەوت کەس لە کاروانیەکان... کە یەکێکیان مام هەیدەر بوو... گوێ درێژی خۆیان دەگەڵ دابوو، تەنیا دایکم و پوور زولێخا و مام عەلی نەبن... ئەمانە بەپێ کەوتبوونە ڕێگا، دایکم و پوور زولێخا بەهیوای ئەوەبوون کە ئەگەر بۆیان ڕێک بکەوێ چەند ڕبە گەنمێکی چەنگیان دەکەوێ لەگەڵ لۆرییێک باری بکەن و منی لەگەڵدا بنێرنەوە... ئەگەر ئەمەش ڕێک نەکەوت... ئەوا کەردارەکان... یەکی ڕبەییێک... نیو ڕبەییێک گەنمیان بۆ لە ولاخەکانی خۆیان بار دەکەن... بەخۆشیان ئەوەی بۆیان دەکرا... بەکۆڵ هەڵیان دەگرت و ئەویتریش خودا کەفیلە.

پوور زولێخا و دایکم... پێش چەند ڕۆژێک وەها تەگبیریان کردبوو...

پوور زولێخا دەیگوت:

– خودا دەفەرموێ... لەتۆ هەرەکەت و... ئیدی مەرج ئەوەیە مرۆ ناوی خوای  لێ بێنێ و دەست بداتە کار... خودا خۆی کەفالەتی ئەنجام دەکا.

ئەم بەدبەختانە ئەوها بیریان دەکردەوە و بەم ڕەنگە خۆیان دابووە بەر گێژەلووکەی قەزاو قەدەرو دەریای بێ پایانی تواناو میهرەبانی خودای گەورە.

بەڵام مام عەلی و ستی خانی ژنی... ئەم دوانە بەچاکی حیسابی خۆیان کردبوو... لەوەی ئەوانیش خۆیان تەسلیمی قەزاو قەدەر بکەن، ئەمانە پتر بڕواییان بە هێزی شان و ملی خۆیان هەبوو.

کە پوور زولێخاو دایکم هیوایەکەی خۆیان بە کەسەکانی کاروان... ئەوانەی خاوەن وڵاخ بوون... ڕاگەیاند، لەجیاتی هەموویان مام هەیدەر وەجواب هات... بە ڕوێکی گەش گوتی:

– وەی بەسەر چاوی کاکتان خوشکینە... بە گلێنەی چاو... چەندی پێمان بکرێ بۆتان باردەکەین... چی تێدایە... با ڕبە گەنمەکەی ئێوە سەربار بێ!

لە پاشان بەکزییێکەوە گوتی:

– چ بکەین!... هەر ئەوەندەمان لەدەست دێ... دەنا دەبا لەوەش پترمان بۆ بکردبان!

وە ئاهێکی درێژی هەڵکێشاو سەری هەژاند و قسەکەی تەواو کرد:

– گەلۆ... ئێمە هەموو یەک خێزانین... خەڵکی ئاواییەکین... ئەدی ئەگەر ئەوەندەش بە کەڵکی یەکدی نێین... ئەگەر باری یەکتری ڕاست نەکەینەوە... کەلکمان چییە... بۆچ ئینسان و بەنی ئادەمین... چۆن موسوڵمان و خواپەرستین؟.

سۆفی ڕەسولیش لە مام هەیدەری وەرگرتەوە... بەتوندی و بەدەنگ گوتی:

– ئەگەر وەها نەبین... ئەگەر ئەوەندەشمان پێ نەکرێ... هەقە بەردمان لێ بباریێ.

ئەو هاوینەی ئاگر لە کەپرەکەمان بەربوو، دایکم دەیگێڕایەوەو دەیگوت:

پاش عیشابوو... کە باوکم لە خزمەت مەلای گەورەی مزگەوت دەگەڕایەوە، هەموو پاش عیشاییێک فانۆسە نەوتیەکەی لەپێش مەلا هەڵدەگرت و ڕێگای بۆ ڕووناک دەکردەوە، کاتێ گەیشتەوە ماڵ... فانۆسەکەی بە کەپرە چلوەکە وەکرد بوو، ئاگر لە فانۆسەکەوە کە پرەکەی داگرت بوو، سوولی ئاگر بەرەو ئاسمان بەرز ببوەوە... ئەو ناوەی کردبووە ڕۆژ، خەڵک و دراوسێ زوو پێ حەسیابوون، هەموویان لەخەو ڕاچڵەکی بوون و هاتبوونە هاوارمان.

دایکم دەیگێڕایەوە وە دەیگوت:

– باوکی ڕەحمەتیم... لەو هەڵوێستەدا سەری لێ شێوابوو... نەیدەزانی چی بکا، وەکو مەڕی گێژ... لەناو حەوشەکەدا دەسووڕایەوە... سەری لێ شێوابوو... نەیدەزانی چ بکا!.

من ئەو سەردەمە منداڵ بووم، ڕووداوەکەم وەکو خەون دێتەوە یادو سولیە ئاگرە سوورەکەم دێتەوە بەرچاو... وەکو عەزیاییێکی هەزار سەر بەرەو ئاسمان لوولی دەخواردو لرفەی دەهات!.

– دایکم... منی لەسەر کەپرەکەوە فڕێ دایە ناو باخەکە، خوشکە بچکۆڵەکەشمی لەژێر نوێنەکەوە دەرکێشا... ئەویشی هاویشتە خوار!.

– من... لەگەڵ وەزەوی کەوتنم... هاوارێکم لێ هەڵستا... چریکاندم... کەچی چ جێگایەکم نەدەیەشا،

خوشکە بچکۆڵەکەشم دەستی کرد بە گریان!!.

– خەڵکەکە... من و گولیزاری خوشکە گچکەمیان... لەناو ئاگرەکە بۆ دەرەوە... ڕفاند، من و گولیزار هەموو لەشمان تەڕ ببوو!..

– پلکە هەمین... دەستی من و گولیزاری گرت... ئێمەی بردە ماڵی خۆیان... سەرو کراسی ووشکی لەبەر کردین... گوێزو مێوژ و حەڵوای... دۆشاوی بۆ هێناین.

– خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی حەوشەکەی ئێمە کۆببوونەوە، هەر یەکە تەنەکە ئاوێکی پێ بوو بەسەر ئاگرەکەیان دادەکرد... هەندێکیان بە دەسمەنجەڵ و ئامانی گەورە... ئاویان بۆ ئاگرەکە دەهاویشت..

– گولیزارە بچکۆڵە دەگریا، لەگەڵ تێهەڵدان و کەوتنە خوارەوە... دەمی خوێناوی ببوو، کە چاوم بە خوێنەکەی دەمی گولیزار دەکەوت... منیش لێوم شۆڕ دەکردن... لەشم دەلەرزی... گریانم دەهات!..

– پلکە هەمین دەمی گولیزاری سڕیەوە... لە خوێن پاکی کردەوە و ئاوڕێکی بۆ من دایەوە... بەڕوومدا گەشایەوە... دەستێکی وەسەری دا هێنام... بەڵام من خۆم پێ نەگیرا... گریام، پلکە هەمین... مێوژو گوێزی لە گیرفانی کراسە وشکەکەم کرد... ژێری کردمەوە...

– پلکە هەمین... کە دەمی گولیزاری لەخوێن پاک دەکردەوە... ئەویش بەکڕی دەگریا... فرمێسکی لەچاو دەباری، بە لیچکی کەلانگوچکەکەی چاوەکانی دەستڕینەوە و بۆ خوشکە بچکۆلەکەم کووڕ دەبوەوە... پارچە حەڵوایێکی دەخستە دەمی گولیزار، سێ ڕۆژان لە ماڵی پلکە هەمین ماینەوە، هەموو ڕۆژێ خواردنی خۆشی دەرخوارد دەداین.

– کە مەلای گەورە قسەی دەکرد... ڕدێنە سپیە درێژەکەی دەلەرزیەوە!... بەدەنگە نەرمەکەی دەیگوت... پێویستە هەموو خەڵکی گوند یارمەتیمان بدەن... باروو بومان بکەن!.

– مام فەقێی مێردی پلکە هەمین... هەموو ڕۆژێ عانەیێکی دەداینێ.

– باوکم پێی دەگوتم پارە لەکەس وەرنەگرم... هەتا لە مام فەقێش!!... لەگەڵ بەرخە بچکۆڵەکەی ماڵی پلکە هەمین هۆگری یەکتر ببووین!.. هەموو ڕۆژێ من و گولیزار گەمەمان لەگەڵدا دەکرد... لە پێشمان هەڵدەپەڕی... بازی دەدا... بەدواماندا دەبەزی... ئێمەش وەکوو ئەومان دەکرد.

لەگەڵ منداڵەکانی گەڕەک... لەسەر گوفەکەکە یاریمان دەکرد، خۆمان لە خۆڵی گوفەکەکە وەردەدا... یەکتریمان دەگەوزاند، ئەگەر کەسێکمان باوکمان... دایکمان لێ وەدەرکەوتبا... ڕامان دەکرد... خۆمان دەشاردەوە... دەچووینە ناو کۆزە هەنارەکە... یان لەپەنا دار سێوەکان خۆمان کڕ دەکرد!!..

– کارکە هەنارو سێومان دەڕنین... دەمان خواردن، و دایکم پێی دەگوتم:

– مێوەی کارک مەخۆ کوڕم... نەگەیشتوو خراپە... ژەهری تێدایە... زگت پێ دەیەشێ... نەخۆشت دەکا!!.

باوکم... زۆری پێ ناخۆش بوو لەگەڵ منداڵانی گەڕەک بچمە دەرەوە و لەناو خۆڵەکە گەمان بکەم، لەبەر ئەوە هەموو بەیانیەک دەستی دەگرتم... لەگەڵ خۆی دەیبردمە دەرەوە!..

– ڕۆژێک قادرۆکی هاوڕێم بەسەر دار سێوەکە هەڵگەڕا... بانگی ئێمە... منداڵەکانی کرد... بەدزی پێی گوتین... بابچین سێوی ماڵی مام فەقێ بدزین، قادرۆک بەسەر دارەکە هەڵگەڕا... لەپڕ پێی زەلی... کەوتە خوارێ، کەوتە سەر زەویەکە!.

– ئێمە... منداڵەکان هەموو ڕامان کرد، قادرۆکمان لەژێر سێوەکە بەجێهێشت...

قادرۆک لەژێر دارەکە... لەناو گیاو گۆڵ هەر دەگەوزی و هاواری دەکرد، بەڵام ئێمە لەترسانا بەجێمان هێشت... دەترساین مام فەقێ ئاگای لێمان بێ!!.

– قادرۆک نەیدەتوانی.. هەڵستێتەوە.. لەگەڵ ئێمە ڕابکا!..

– باوکم... لەگەڵ باوکی قادرۆک و مام فەقێش چوونە ناو ڕەزەکە... قادرۆک لەوێ کەوتبوو... بە دارەبازە هەڵیان گرت... هێنایانەوە ماڵ... دەیانگوت قادرۆک پێی شکاوە!

– حاجی سادقی حەکیمیان هێنا، من لە کونی تانۆکەکەوە سەیرم دەکرد، حاجی سادق پێی قادرۆکی ڕادەکێشا... قادرۆک بەهەمموو هێزی لە قیژەی دەدا... من زۆر دەترسام منیش بکەوم و پێم بشکێ، کە قادرۆک چاتر بوو پلکە سارێی دایکی بانگی کردم و گوتی:–

وەرە... شێرکۆ.. وەرە دەستی قادرۆک بگرە... یارمەتی بدە تا هەنگاو بنێ و بڕوا.

کاروانیەکانی دیکەش... ئەوانەی کەردار بوون... هەموویان پیاوانە بۆ یارمەتیمان هاتنە پێش:

– ئەگەر لۆریەک پەیدا نەبوو، بەسەر چاو... ئێمە دانەوێڵەکەتان بۆ بار دەکەین!!

هەموویان وایان دەگوت.

ئە ئاوا کاروانەکەمان ملی بە ڕێگای سنوورەوە نابوو، هەمبوویان بەوە دڵخۆش بوون کە لەوێ گەنمیان چنگ بکەوێ و زەخیرەی زستان دابنێن، لەبەر ئەوە بە گورجی دەچوونە پێش.. و ڕێگا سەختەکەیان.. هەڵدەکردەوە!.

لە قاتی و گرانیەکە.. لەو دیو، لە کوردستانی ئێرانەوە.. گەنم و جۆو دانەوێڵەیەکی زۆرو مششە دەهاتە ئەم دیوی عیراقە، زینوێی شێخی گوندە جوانەکەی سەر سنوور ببو بە عەمبارێکی گەورەی ئەم گەنم و جۆو دانەوێڵەیە... لەو ڕۆژە سەخت و ڕەشانەی عێراقدا... ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانی عێراقی دابین کردبوو، بە تایبەت ژیانی ناوچەکانی هەولێرو بادینان و کۆیەو پشدەرو... بگرە لە خانەقین و دەشتی کەرکووک و... هەتا زێباریش... بەشێکی زۆری خەڵکەکە ژیانیان لەسەر ئەو دانەوێڵەیە بوو.

کاروان... لەدوای کاروان... ڕێگای ئەو سنوورانەیان گرتبوو، گەنمیان دەکێشایەوە، ئەوەل جار دایکم فیکری وابوو... بەخۆی نەکەوێتە گەل ئەم کاروانەمان... بڕیاری وابوو ئەو چەند قرۆشەی بەدەستیەوە مابوو... بیدات بەمن... منیش بچم گەنمەکە بکڕم، ئەو کاتەش... من هەرزەکار بووم، گەنمدەموو... لەسەر لێوی سەرەوەم... لەلاجانگەکانم... لە چەناگەم ڕوابوون، دایکم... وەک پیاوێک دایدەنام... حەز لێ کردنیشم دەکرد... خۆشەویستی کچێکی پەڕیبووە دڵمەوە... دڵداری... دڵ و دەروونیان تۆ دابووم، سەرەڕای ئەمانەش... خەڵکی ئاوایی بە کوڕێکی خوێندەوارو... ژیرو هێمن دەیانناسیم، کەچی لەدوا کاتدا... دایکم لە بڕیارەکەی گەڕایەوە... وای بەچاک زانی خۆی ئەرکی ئەم کاروانە خەمگینەمان بخاتە ئەستۆ... و... مل بەو ڕێگا دوورە سەختەوە بنێ، ئیدی ئەوەبوو ئەمیش کەوتە گەل کاروانەکە.

هەرچەندە من دایکی خۆم زۆر خۆش دەویست... بەڵام لەتەک خۆشەویستی ئەوەوە... هەواو چرۆی خۆشەویستییەکی دیکە... لەپەردەی دڵی دەدام... هاڵاوی بۆ ناوەوەم دەهێنا... لە گیانمدا سەری هەڵدەدا، ئەو خۆشەویستیەش... جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ خۆشەویستیەکەی دایکمدا هەبوو.

خۆشەویستی دایکم فەرامۆشی و هێمنی پێ دەبەخشیم...

دڵنیایی بۆ دروست دەکردم... گیانی فێنک دەکردمەوە، بەڵام خۆشەویستیەکەی دی بەجۆرێکی تر

بوو... هەستێکی تازەی پێ دەبەخشیم... کە هەتا ئەو ڕۆژانە هەستم پێی نەدەکرد، گەرمایی و تینێکی جیاوازی دەدایە لەشم... گرێگی ئەوهای لە دڵمدا هەڵدەگیرساند کە ناتوانم بە تەواوی وەسفی بکەم!.

هەر کە بەرامبەر بە نەخشین ڕادەوەستام... وەیان کە نەخشینم بەخەیاڵدا دەهات... یان کەهەر تەنیا بیرم لەو کچە شۆخە دەکردەوە دڵم بەگوڕ لێی دەدا... خۆم لەبیر دەکرد... بەشێکم لێ جودا دەبووەوە ئەو بەشەم لەگەڵ ئەو کچە جوانە خۆشەویستە تێکەڵ دەبوو... و... لێکی دەدایەوە، ئەو کاتەش پتر هەستم بە تەواوی خۆم دەکرد.

من... شکم لەوە نەبوو کە دایکم هەتا دوانەفەس بڕوایی بە دەست پاکی و ڕاستی من دەکرد، هەرگیز لەگەڵ هەرزەکاری و خوێن گەرمی ئەو هەرەتەی عومرمدا... بیری خراپی لی نەدەکردمەوە، لەبەر ئەوە من لەلام یەقین بوو... کە مەسەلەکە مەسەلەی ئەوەی کە پێش بکەوێتە گەل کاروانەکە... مەسەلەی بڕوایی پێ کردن و دەست پاکی و دڵ پیسی نەبوو، ئەو... وەکو گوتم لەمن بێ گومان بوو... بڕوایی تەواوی پێ دەکردم، بەڵام وەکو لە دواییدا بۆم ساغ بووەوە... ئەوەبوو کە دایکم چەند بڕوایی بەمن دەکرد... ئەوەندەش بڕوایی بە کۆمەڵەکەی نەدەکرد... زۆر جار دەیگوت و... دەیگوتەوە:

– لەناو هەموو جەماعەتێک... یەکێک وەلی و قوتبەو یەکێکی دیکەشیان شەیتانی لەعینە!.

دایکم... ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو... لەو سەفەرەدا تووشم ببێ بە تووشی یەکێک لە شەیتانەکانی کۆمەڵ... لە خەتی ڕاست لام بدا... یان شتێکم بەسەر بێنێ و زۆری و ستەمێکم بێتە ڕێ، لەئەنجامدا... هەم منی تاقانەی... هەم سەرمایەکەشی لەدەست بچێ، ئەو تاقانەیەی درێژایی تەمەنی لە پێناودا بەخت کردوە و ئەو سەرمایە کەمەی کە بەخوێنی دەمارو و بینای چاوی پەیدای کردبوو.

دایکم... ناحەقی نەبوو کە بەم جۆرە لێک بداتەوە، چونکی لەو ڕۆژە ڕەشە نالەبارانەدا... زۆر زوڵم و زۆری و ستەم ڕووی دابوو، زۆر جەردەو دزۆزن.. لە کولێرە.. بە ئاسانتر دەهاتنە بەرچاوان... زۆر کەس لەناوچەکەدا... گەلێک ڕێبوار بۆ چەند قرۆشێک... بۆ گۆلە گەنمێک... ژیانی لەدەست چووبوو، دایکم ئافرەتێکی ووردبین بوو هەر تاقیکردنەوەکانی خۆی لە گرانییە گەورەکەی پێشوودا... شارەزاییەکی فراوانی لە بابەت خوو... و... ڕەوشتی ئینسانی گرانی و کوژانەوەی سۆزو میهرەبانی و ڕووناکی و جوانی... لەو ئینسانانەدا پەیدا کردبوو.

– پێش چەند مانگێک... مام قادر کە مرۆیەکی ئازاو ناسراوی گوندەکەمان بوو، لە کاروانێکی وەکو ئەوەی ئێمەو لەسەر سنوور... لەسەر کەوێژە گەنمێک گیانی لەدەست دابوو.

– دایکم... هەتا ئێستاش هەر داخ دەخواتەوەو دەست لەدەست دەدا بۆ مام قادر و قەوماوە پڕ تاوان و بێ دینانەکەی... ئەمی کرد بە قوربانی و شەهید.

– هەرکە ئەو ڕووداوەی دێتەوە بیر... سینگی خۆی دەکوتێ و بە پەرۆشەوە بانگ دەکا:

– پەککو و... پەککوو... وەڵڵاهی کاک قادری کەڵەپیاو... هی ئەوە نەبوو... بەم ڕەنگە بدۆڕێ و... حەیف... سەد حەیف و سەد مخابن!

وە لەناو ئەو ڕووداوەدا... ڕۆژانی ڕابوردووی خۆی دەهاتەوە بەرچاو... و بە ئاهێکەوە دەینالاند:

– خودایە... جارێکی دیکە ئەو ڕۆژانە نەبینمەوە...

– ئەو ڕۆژانەی کە ئادەمیزاد بەزەیی لە دڵدا هەڵگیرابوو... کە ڕۆناهی چاو... و... دەروونیان کوژابوەوە و یەکتریان دەدڕی!!

وە بەبێ دەستی خۆی فرمێسک لە چاوەکانی هەڵدەوەرین کە دەپاڕایەوەو دەیگوت:

– خودایە... ئەم ڕوحەم... ئەم ئەمانەتەم لێ وەربگریەوە و جارێکی دی ئەو ڕۆژە ڕەشانە نەبینمەوە، جارێکی دیکە دووچاوی مەشەختی و دەربەدەری و ئاوارەییم... نەکەیەوە، خودایە... بۆ خاتری خۆشەویستی خۆت... ئەی خودای گەورە.

کاتێک دایکم بەم ڕەنگە لەگەڵ خۆی... و لەگەڵ خودای خۆی دەدوا... و بەم چەشنە دەپاڕایەوە... من بیرم... دەکردەوە کە:

– ئایا... خودا هۆی ئەم هەموو نالەباری و هەژاری ئەم خەڵکەیە؟

– ئەدی ئەگەر وەهابێ!... شەیتان کاری چییە؟ ئەم دەبێ دەوری لەم هەموو کارەساتانەی دونیا و کۆست و قۆرتانەی دێنە پێش خەڵکی دەبێ شەیتان دەوری لەمانە چی بێ؟.

لە ڕاستیشدا کە من ئەم خەیاڵەم دەکرد و ئەم بیرانەم بۆ دەهاتن و بەو جۆرە لێکم دەدایەوە... ئەمە سەبارەت بەوە نەبوو کە بڕوایی منیش وەکو بڕوایی دایکم بێ و لام وابێ هەرچی خراپ و چاکە هەیە خودا لێی مەسئولە، نا... نا... چونکی من لام ڕوون بوو کە خودا هەرگیز دەستی لەم چۆنیەتیەی ئێمەدا نییە، دەوری شەیتانیش... یان بابڵێم مەسەلەی شەیتانیش... مەسەلەیێکی ترە، تەنیا ئەوەی بە خەیاڵی ئەو خەڵکەدا... بە خەیاڵی خۆماندا نەدەهات... ئەوە بوو کە:

– ئایا... ئێمە خۆمان تا چ ڕادەیێک دەستمان لەو پاشاگەردانییە و لەم هەموو کارەساتانەی بەسەرماناداێن.. هەیە؟!.

– هەر لەو ڕۆژانەدا بوو... کە باسیان دەگێڕمەوە، لەو ڕۆژانە خەبەری چۆنیەتی کوشتنی سەید خەلیل ناوێکیان دەگێڕایەوە، خەبەرەکە بەدرێژایی و پانایی ناوچەکەمان بڵاوببوەوە، ئەم سەید خەلیلە بەدبەختە وەکو دەیانگوت... لە قەبرستانەکەی شێخ بایز... لەژێر دار بەڕوێک... لێی ڕاکشاوە... پەلی لێ هاویشتووە لەسەر تاقی پشت لێی ڕاکشاوە، کەس هەتا ئێستاش نەیزانی کە ئەم سەید خەلیلە... بۆچ بەو وەختە لەژێر ئەو دار بەڕووە و لەو گۆڕستانە کۆنە... ئەوها لێی ڕاکشابوو، کەسێک نەیدەگوت لەبرسانا لێی بووراوەتەوە، یان نەخۆش و بێ تاقەت بووە و لەوەندە پتر نەکشاوە بڕوا و لەژێر ئەو داربەڕووە لێی کەوتووە، کەس بیری بۆ ئەم لایەنە نەدەچوو، هەرچۆنێ بووبێ... ئەوەی دەیگێڕنەوە و بەقسەی خەڵکەکە ڕووی داوە... ئەوە بووە کە ئەو سەید خەلیلە بەو ڕەنگە... لەژێر ئەو داربەڕووە لێی ڕاکشابوو... و... لەو کاتەش پیاوخراپێک... یان برسییێک... خەڵک دەڵێن پیاو خراپ بووە... لەوێ تێدەپەڕێ و کە چاوی بە سەید خەلیل دەکەوێ... لێیی نزیک دەبێتەوە... دەبینێ گرێیەکی گەورە لەناو قەدی پشتبێندی سەیدی دا... گرێی کردوە و سەری هەڵداوە، کابرای پیاوخراپ لە دڵی خۆیدا دەڵێ... هەبێ و نەبێ ئەم گرێیەی بەرپشتی سەید پارەیە... لیرەیە... دەنا ئەگەر زێڕ و پارە نەبێ... کاک سەید بۆچ وەها بە جەرگیەوە نووساندوویەتی و وەها بەچاکی قایمی کردووە!؟

کابرای پیاوخراپ یەکو دووی لێ ناکا... بەردێکی زەلام هەڵدەگرێ و بەسەری سەیدی دادەدا و بۆ یەکجاری هەناسەبڕی دەکا، ئەوجا پەلاماری گرێیەکەی دەدا...گرێیەکە دەکاتەوە... دەبینێ نە پارەی تێدایە و نە لیرە و زێڕ، و گرێیەکە لەیەک سەلکە پیازی گەورە... پتری تێدا نەبوو!!.

خەڵکی ناوچە و هی گوندەکەشمان... وەها قەوماوەکە دەگێڕنەوە کە دەگەنە سەلکە پیازەکەش... لێی کڕ دەبن و دەبیرنەوە، تەنانەت تاقە کەسێک بیری ئەوەی نەکردۆتەوە کە:

– ڕەنگە کابرای پیاوکوژ برسی بێ و لە برسانا ئەم کەتنەی کردبێ، بەم ڕەنگە خۆی ڕووڕەشی دونیا

و قیامەت کردبێ!!. کێ دەزانێ؟... کێ ئەوە لێک دەداتەوە... کە لەم دونیا پان و بەرینەدا... چ دەقەومێ و چۆن دەقەومێ و بۆچ؟ تەنیا ئەوەی زۆر پێم سەیر بوو... ئەوەبوو کە خەڵکەکە هەر تەنیا جارێکیش... باسی خودا... یان شەیتان... بە خەیاڵیاندا نەدەهات، وەکو نەخودا و نە شەیتانیش... لەو قەوماوە پڕ ستەمە ئاگاداریان نەبێ.

– هـ.. سەیرە.. دایکم.. هاوار دەکاتە خوا.. تا لەم برسیەتی و هەژاری و لێ قەوماویەیان... ڕزگار بکا!...

ڕۆژێک لێم پرسی:

– دایە... دایە... مەلا دەفەرمووێ:

شەیتان باوکی هەموو خراپەیەکە، ئەوەی خراپەش بکا... هاوڕێ و هاو بەشی شەیتانە و دوژمنی خودایە!.

دایکم... بەبێ گرێ و بەتوندی... باوەڕی خۆی بەرامبەر بەو فەرموودەیەی مەلا پیشاندا و گوتی:

– سەددەق... ڕۆڵە سەددەق!!.

بە تووڕەییێکەوە لەبنەوە سەیرێکی کردم... ئەو کاتەش کە لە خودا دەپاڕایەوە تا لەم گرانییە قورتاریان بکاو لە دزو درۆزن و پیاو خراپ بیانپارێزێ و پتر ناخۆشییان پیشان نەدا، حەزم دەکرد قسەکەی مەلای بخەمەوە یاد... بەڵام ئەو خودا لێی خۆش بێ... هەر کە باسی ئەو شتانەم لەگەڵ دەکردو پتر لەسەری دەڕۆیشتم... زوو هەڵدەچوو... تووڕەو زویر دەهاتە بەرچاو، لەبەر ئەوە حەزەکەم دەخواردەوە، جگە لەمەش هەر خۆم نەمدەویست برینی بکولێنمەوە... برینی پڕ سۆتوو سووەکانی کـڵـۆڵی و سەر لێ شێوان و نالەباری تەمەنی دوورو درێژ و پڕ ئەشکەنجەو مەینەتی، چۆنیەتی ئەوەم بەخەیاڵدا دەهات... ئێستاکە بۆ درێژەدان بە ژیانە پڕ کوێرەوەریەکەی... لە کوردستانی ئەم دیوەوە... بەدوای دەنکە گەنمێک بۆ سنووری کوردستانی ئەو دیو... دەبەزی، پێش چەند ساڵێکی دوور لە گرانییەکەی ئێستا دژوارتر... لەو دیوەوە... کە مەڵبەندی ڕاستەقینەی خۆی بوو... لە برسان... بۆ درێژەدان بە ژیانە کۆڵەواریەکەی وەدوای پاروە نانێک بەرەو ئەم دیوە... وێڵ بوو... و... ڕای کـــرد، پاش ئاوارەبوون و ئازار چەشـــتنێکی زۆر... لە گوندەکەی ئێستامان... لەگەڵ باوکی ڕەحمەتیم لەنگەریان هاویشتبوو... بڕیاریان دابوو کە بۆ یەکجاری لەم گوندە سەربنێنەوە، هەر کە هەستیشیان بە غەریبی دەکردو دڵتەنگ دەبوون... دڵی یەکتریان دەدایەوە و بەیەکتریان دەگوت:

– هەمووی هەر یەک وڵاتە، کە لە شنۆ... کەسێکی وامان لە گرانی و شەڕ ڕزگاری نەبووبێ... با لەم گوندە سەتر ببین... باشترە، هاووڵاتی و موسوڵمان وەک خوێن و گۆشتن... لەیێک جودا ناکرێنەوە... جا چ لەشنۆ... یان شەقڵاوە یان لە کەرکوک بن خوداش خودای هەموانە.

ئەگەرچی دایکم ئەوها بیری دەکردەوە و ئەو جۆرە براوییەی بە خوداو بە خودو خەڵکی موسڵمان هەبوو... دیسان سەبارەت بە ڕووداوەکەی مام قادری ئازای بەدەستی نامەرد چوو... و... چۆنیەتی کوشتنی سەید خەلیلی ستەم لێکراو... جارجار ئەو براوییەی لەق دەبوو... وە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، لەو جۆرە ڕۆژانەی ئێمە تێدا دەژیاین... منی تاقانەی بە تەنیا بۆ کاروانێکی واو ڕێگاییێکی پڕ مەترسی و دوور ڕەوانە بکا... ئەوەبوو خۆیشی کەوتە گەل کاروانە کزەکەمان و کە ئەو کاتە سەری خۆی ڕادەکێشاو بەرەو دەشتی هەریر ڕێگای دەپێچایەوە و دەچووە پێش!

– ڕۆژ... تا دەهات گەرم دادەگەڕا... پەڵە هەورە پاییزیەکانیش وورده وورده... بڵاوەیان تێ دەکەوت..

لەناو جەرگەی ئاسماندا دەتوانەوە، گەرما دە لەشمان دادەگەڕاو با ساردەکەی جارجاریش هەڵی دەکردو پێستی لەشمانی دەتەزاند... دەڕەویەوەو نەدەما... وەکو بڵێی ئەم دوو دیاردەیەی کە نیشانەی پایزیان پێوەبوو... هەورە سپیەکان و بایە تەزێنەرەکە لە شەرمی ڕۆژ... وەیان لەترسی ئەوەی نەوەک زووتر لە وادە هاتبنە مەیدان... زوو بەزوو پێیان دەکێشایەوە و خۆیان دەشاردەوە.

گەرمایەکی هاوینی بوو، مام هەیدەرو پیاوەکانی دیکەی کاروانەکەمان پاڵتۆکانیان لەسەر شانیان داماڵی و لەناو تێری کورتانی کەرەکانیان قایمیان کردن، ژنەکانیش گرێی چارۆگەکانیان شل کردەوە و خزاندیانە سەر شان و ملیان و سەرپێچەکانیان لەسەر لادان.

کە لە نزیک تای بێران ڕادەبوردین... بێ دەنگی هەموو کەسانی کاروانەکەی گرتبووەوە.. دونیای دەوروبەریشمان هێمنییەکی تەواوی دەنواند، دەنگیی تەقەی سمی کەرەکان... لە گوێمان دەنگی دەدایەوە:

– ترەق... ترەق... ترەق!!

تەنیا ئەو دەنگە بوو... تانەی ئەو کڕی و هێمنایییەی دەشکاند و چەشنە هۆشیاریەکی دەدایە کاروانچیەکان و وای لێ دەکردن کەرەکان ببەنە سەر ئاوەکەو ئاویان بدەن، هەروا جولانەوەیێکی هوشیارانەی خستە ناو کاروانەکەو یەکێک لە کاروانچیە خاوەن گوێ درێژەکان بانگی کرد:

– ئەرێ خوشکینە... ئەوەی ماندوو بووە... دەتوانێ هەندێک لەسەر پشتی کەرەکان... خۆی بهەسێنێتەوە!

هەر چەندە لەناوچەی ئێمەدا... ژن... بەتایبەت کچ یان ژنی گەنج... مەگەر بەهۆی نەخۆشی وە یان لە ناچاری نەبێ... دەنا سواری وڵاخ بوونیان... جوان نایێتە پێش چاوی خەڵک... بەڵام کامڵە ژن و ئەوانەی چوونەتە تەمەن... ئەمانە وەکو پیاو هەڵسوکەوت دەکەن و سواربوونی وڵاخ بۆ ئەمانە شتێکی ئاساییەو کەس پەرەی لێ ناگرێ، و لەناو کاروانەکەش هەر تەنیا ئەو جۆرە ژنانە هەبوون...

دایکم و پوور زولێخاو پلکە ئەستی ژنی عەلە ئێختە و ئەوانی دیش... هەموویان سەرەژن و بەتەمەن گەورەبوون، دیسان یەکێک لەو ژنانەش وەڵامێکیان نەدایەوە و بەدوو بانگەکەوە... نەچوون، بەڵام دایکم ئاوڕێکی بە پەرۆشانەی لەمن دایەوە و لەسەرەخۆ پێی گوتم:

– ڕۆڵە شێرکۆ... بۆ هەندەک سوار نابی؟ بۆخۆت سواری کەرێک بەو ماندوویی پێیەکانت بهەسێنەوە!!.

مام هەیدەریش کە گوێی لە قسەکەی دایکم بوو... ئەویش بانگی کردم:

– دەوەرە کوڕی خۆم... وەرە هەتا سوارت بکەم!

وە لێی دووبارە کردمەوە:

دەی کوڕم.. دەی ڕۆڵە.. وەرە.. سوارت کەم!.

جگە لە مام هەیدەر... یەک دوێکی دیکەش بانگیان کردمەوە، کە بە درێژایی ژیانم ماوەیێکی وەها بەپێ نەڕۆیشتبووم لەمەش بەولاتر... لەو کاتەدا کە مام هەیدەرو ئەوانی دی بانگیان دەکردم... بۆ سوار بوون.. داوایان دەکردم تینم لەبەر بڕا بوو... ئەوەندە ماندوو ببوم... پێیەکانم بەزۆری لە دوخۆ دەکێشان، بنی پێم تەزی بوو... کەللەم هوڕ ببوو، بانگەکەم لەلا زۆر خۆش دەهات، وەکو هیوایێکی شیرین بە گیانمەوە دەنووساو هەناسە بڕکێیەکەی هێدی دەکردمەوە، فەرەحناییەکی دەخستە لەشم، لەبەر ئەوە، پێم

هەڵێنان و خەریک بووم زۆر بە ئارەزووەوە ببەزم و خۆم بهاوێژمە سەر پشتی کەرێک... کە پلکە ئەستێ لەگەڵ بزەییێکی پڕ مانا سەری بڵند کردو رووی کردە کەسەکانی کاروان و پاشان ڕووی سوڕاندەوە لای من و بە دەنگ بانگی کرد:

– هەی لەمنت نەکەوی... شێرکۆ... کوڕە لاوە چۆن ئەوها زوو ماندوو دەبی؟

وە پاش وەستانێکی کەم... وەکو بیەوێ بزانی ئاخۆ قسەکەی چەند کاریگەر دەبێ... پوورەستی دایەوە قسە:

– ئێمە... ئەوا خەریکین بیکەین بە زاوا... خەریکین بووکێکی بۆ پەیدا بکەین... کەچی خوشکە بەیبوونیش تازە خەریکە کوڕە لاوەکەی بکاتەوە منداڵ!.

ئاگام لێبوو دایکم بە قسەکانی پلکە ئەستی تەواو نیگەران و زویر بوا.. بزەییێکی سارد و تاڵی لەسەر زار پەیدابوو... ئاهێکی درێژی هەڵکێشا... ماوەییێک لەمن وەڕاما... هیچ قسەییێکی نەکرد... وەڵامێکی پوورەستی نەدایەوە... و کڕو سەر لێ شێواوانە سەری دانەواند و هەنگاوەکانی گورجتر کردن.

کە منداڵ بووم... بەلای دایکمەوە زۆر جوان بووم، ئەگەر ڕۆژێک بچووبانیە ماڵی دراوسێیەک... یان جێگایەکی غەریب... یان سەرشایی و سەیرانێک... ناو قەڵەباڵغیەک... لەناو کۆمەڵ دەرکەوتباین... هەڵدەستا بەتەنیی... ڕووی ڕەش و چڵکن دەکردم! و دیمەنی ئەوها ناشیرین دەکردم ودەیشێواند... کە خەڵک چاویان پێ دەکەوتم... بێزیان لێ دەکردمەوە، دایکم لەگەڵ خۆی دەیگوت و... دەیگوتەوە:

– خوایە کوڕەکەم لە چاوی پیس بپارێزی!

– خوایە تاقانەکەم چاوێنی نەبێ!.

شەوانیش... هەر لە ئێوارەوە... بە زۆری بە بن جێی دەهێخستم و لە لێفە شڕەکەوە لوولی دەدام... هەموو کون و کەلەبەری ژوورەکەی بە کۆنە پەڕۆ دەگرتن و لە دەورەم دەسووڕا... هەر دەسووڕا و ئایەتول کورسی بەسەردا دەخوێندم!. هەتا ئێستاش دیمەنی ئەو شەوانەم هەر لەبەر چاوە کە بە دەورەمدا دەهات و دەچوو... سووڕی دەخواردوو دەسووڕا، لە پاشدان تا بەر دەرگا دەچوو... دەگەڕایەوە و هەر چوار قوڕنەی ژوورەکەی دەکرد... هەر بۆڵەبۆڵی دەهات و دوعای... بە ژوورەکەدا بڵاو دەکردەوە، تا ئێستاش ئەو دوعایەی ئەو بە دەورەی مندا و بە هەموو ژوورەکەماندا دەیخوێند و بڵاوی دەکردەوە... تا ئیمڕۆش هەموو دوعایەکەم لەبیر ماوە، چونکی هەر جارەی ئەو دەیخوێند... من دەمگوتەوە... لە دڵی خۆمدا دەمگێڕایەوە... تا وام لێهات هەموو ئەو دوعایەم لەبەر کردبوو... بەچاو قوچاوی هەموو ئێوارەییێک پێش ئەو دەستم پێ دەکرد و لەگەڵ ئەو تەواوم دەکردەوە:

– ئەڵڵاهو... لا ئیلاهە ئیلا هووەل حەییول قەییوم... م.. هەتا.. وەسیعە کورسیوهەل.. سەماواتیوەل ئەرزی هەتا وەهوە لعەلیول عەزیم.

هەموو جارێکیش کە دەگەیشتمە باسی کورسی... یەکسەر کورسیەکەی دێوانە قۆیتاسم دەهاتەوە پێش چاو.. کە لەبەر دەرگای چایخانەکەی حەمەد عەلی.. دانرابوو!! هەموو بەیانییەک کە بەرەو قوتابخانەکەم دەچووم... بە پێش چایخانەکە ڕادەبوردم، دەمدیت دێوانە قۆیتاس لەسەر کورسیەکەی دانیشتووە، دەستی بردووتە بناگوێی... دەنگێکی خۆشی لێوە دێ... گۆرانی دەگوتن، هەموو بەیانیەک کە دەچوومە قوتابخانە لە ڕێگاوە ئەوەم دەدی، کە دانیشتووە کەمەکانی چاپخانەکەش بێ دەنگ گوێیان بۆ دێوانە شل کردبوو.. هەندێکیان.. لەگەڵ دێوانە سەریان دەهەژاندەوە.. کە ئەو دەیگوت:–

ئەحمەدێ کۆر بەس خەیاڵ کە
حوبی دونیایێ بەتاڵ کە
یەکی بگرە یەکی تەڵاق دە
پێکرا نابن دوو هەوێ!!

ئەم بەیتەی دێوانە قۆیتاسیش... کە هەموو بەیانیەک لە ڕێگای قوتابخانەوە دەمبیست... ئەویشم وەک ئایەتول کورسیەکەی دایکم لەبەر کردبوو، ئەو سەردەمە لە هەردوو گوتنەکانی دایکم و دێوانە قۆیتاس... شتێک تێنەدەگەیشتم، بەڵام ئیمڕۆکە باش لەهەردوو بەیتەکە دەگەم... باش!.

قسەکەی پوورەستی پێشی پێ گرتم... هەنگاوەکانی شل کردمەوە ئارەزووەکەی سارد کردمەوە... بۆم نەکرا نقەیێک بکەم، چاوم لەبەر خۆم نان، لەگەڵ داخ و کەسەرێکی زۆرەوە... بە وەڕەسی لەگەڵ کاروانەکە ملم کوتان و لەشی بە ئازار و ماندووم گوازتەوە!

کە مام هەیدەریش... دیسان داوای لێ کردمەوە بچم سواری کەرەکەی ببم... من هەر لەبەرخۆم منگەم دەکرد و دەمگوت:

– ناوەڵڵا مامە... ماندوو نەبوویم!

– بەپێ دەڕۆم... بەپێ...

هێشتا ماندوو نەبووم... بە پێیان دەڕۆم خۆشترە!.

پوورە ئەستی ئەوها شەرمەزاری کردم و ڕێگای لێ گرتم... کاتێک بهەسێمەوە... بەڵام لە هەمان کاتدا کە باسی من و زاوایی... من و بووکی دەکرد بۆ من!!.. وێنەی نەخشینم لەبەر چاوی خەیاڵ حازر دەبوو... بەبێ دەستی خۆم هەناسەییێکم هەڵدەکێشایەوەو سیپەلکەکانم بەو هەناسەیە دەبووژانەوە، ئاوڕێکم لە پوور زولێخای دایکی نەخشین دایەوە، خوزیێکم قووت دایەوە و فەرامۆشیەک لەسەر دڵمدا دەنیشت و لە دەروونمدا لێکم دەدایەوە:

– هەر چەندە مـــاندوو و برسی و بێ توانا و هێـــزیشم... بەڵام باسی زاوا و بووک... باسی ژن... نەخشینم دەهێننەوە یاد... بەرچاو، لەشی نەخشین... جوانی ئەو کچە خۆشەویستە... تین و تواناییێکم پێ دەبەخشن... کە بەهۆیەوە پتر بەرگەی هەموو ئازارەکانم بگرم!.

لێکدانەوەکەی بەم ڕەنگەم... سۆز و دەنگدانەوەی هەندێک شتی شارراوەی ناوەوەم بوون، ئەم شتە شاراوانەش زۆر جار کەسەر دەکەنە سەر مرۆ... بۆ ماوەیێک ئازاری لەبیر دەبەنەوە... دەیتەزێنن... لە چۆنیەتی ڕاستەقینەی خۆی دووری دەخەنەوە.

ئەمە هەر نەبێ من وام هەست پێ دەکرد، دەنا لەو کاتەی مام هەیدەر و هاوڕێیەکانی... ئەوانەی خاوەن وڵاخ... داوایان لێکردم کە سواری وڵاخێک ببم... پتر بیرم بە ئازاری لاق و کەلەشە شەکەتە ماندووبووەکەم... بەستـرابووەوە، چونکی چەند سەعاتێک دەبوو... لەدوو پارچە سەموونی وەک هەویر بەولاوە... زاد و خۆراکێک نەچووبووە ورگمەوە... هەتا تینێک بدا بەگیان و لەشم... گوردییێکم بخاتە بەر... بەرگەی ئەو ڕێگا سەخت و دوورەم پێ بگرن، هەر لەو کاتەشدا کە دڵم بەتین لێی دەدا... دەیکوتا... هەرگیز بۆ ئەو شتەو لەبەر ئەو شتانە نەبوو... کە لە چوارچێوەی مێشکی پلکە ئەستی ژنی عەلە ئێختە... خولیان دەخواردەوە، دڵم کە وەک مریشکێکی سەربڕا و پەلەفرکێی دەکرد و قەستی دەکرد لەناو پەراسووەکانمەوە دەربپەڕێ... لەتاو بێ هێزی و برسیەتی و ماندووی و ئازاری ئەو ڕۆژە ڕەشە... پڕ

مەینەتانە بوو کە وەک دێو و درنج چەنگیان لە هەوکی خەڵکی گوندەکەم نابوو... و قەستی خنکاندن و لەناو بردنیانی دەکرد.

دەڵێن برسیەتی سەر بە ئینسان شۆڕ دەکا، کەچی من لە جیاتی سەر بۆ ویستی دەروونم شۆڕ بکەم و لاق و کەلەشم لە ژان و ماندوبوون ڕزگار بکەم و گوێ لە قسەکەی پوور ئەستی نەدێرم و پەلاماری وڵاخێک بدەم و سواری ببم... لە جیاتی ئەوە... من بەو جۆرە ملم شۆڕ کرد کە خواستەکەی مام هەیدەر و کاروانیەکانی دیکەم... هەروا داواکەی دایکم ڕەت بکەمەوەو پتر هێز بدەمە بەرخۆم تا لەگەڵ کاروانەکە پێ ڕەوی بکەم.

ڕەنگە ئەم هەمەوو هەڵخەڵەتاندن و زۆری لەخۆکردنەم هەر لەبەر ئەوە بووبێ... کە بۆ پوور ئەستی و مام هەیدەر و ئەوانی دیکەش بچەسپێنم کە:

– من... منداڵ نیم... پیاوم... هەرگیز نابێ وەکو منداڵ... سەیرم بکرێ!!

– من... ئەوا ئەرکی پیاوێکی تەواو جێبەجێ دەکەم... باری پیاوێکی پیاو بەسەر کۆڵمەوەیە و دەتوانم هەڵیبگرم... ئیدی بۆچی هەر بە منداڵ حیساب بکرێم؟

– فیکری سووتاندنی عەمباری مام حاجی و بەربەرەکانی زوڵمی دز و گورگەکانی وەکو تۆفیق بەگ و شێخ قطب الدین و مودیر بەگ... دەکەمەوە، ئەمەش هەرگیز فیکر کردنەوەی منداڵێک نییە!

– بیر لە نەخشین دەکەمەوە... حەزی لێ دەکەم... دەمەوێ لەناو خۆمدا بیتوێنمەوە... دەمەوێ... لەناو دڵی خۆمدا وەک کرمە ئاوریشم قۆزاخەی بۆ بکەم، ئەمە کەنگی بیرکردنەوەی منداڵانە؟

– لۆمەی خۆم دەکەم... کە منیش وەکو عەمەری سلێمان و تۆمای هاوڕێم و ئەوانەی ناو پاسەکەی تۆماس... ڕەفتارم نەکرد، بە چاوێکی گەورە سەیری عەمەر و هاوڕێیەکانی و کردەوەکەیان دەکەم، ئەم جۆرە لێکدانەوە و خواست و ئاواتانە... کەی لە منداڵێک دەوەشێنەوە؟.

دڵم بەوە تەنگ دەبوو کە هەر لە عەمەری سلێمانەوە هەتا مام هەیدەر و دایکیشم... وەکو منداڵێک سەیرم دەکەن... وەک منداڵێکی بێ دەسەڵات دەمژمێرن، لەناو ئەم هەمەوو بیرو لێکدانەوە و پرسیارانەدا... قسەکەی دایکم دەهاتەوە خەیاڵ... کە ئەم بەیانیە، لە ماڵ پێی دەگوتم:

– پارە... دەبێ لای پیاو بێ!

تۆ... پیاوی... دەبێ پارە لای تۆبێ... کوڕم!.

کە ئەو قسەیەم لەگەڵ خواستەکەی پێش چەند دەقیقەیێک بۆ سواربوونم... بەراورد دەکرد، سەرم لەو هەڵوێستە دژ بەیەکانەی سوڕدەما و پتر دڵم دەگوشرا، لەناوەوەی خۆمدا بەهەمەوو تینم هاوارم دەکرد:

– هەی عالەم... کوڕە خۆ ئەمانە وا دەزانن منداڵ لە هەمەوو کەس بێ هێز و بێ دەسەڵات ترە!!

کەسێکیش گوێی لە هاوارەکەی ناوەوەم نەدەبوو.

من... ئەوەم لاڕوون بوو کە منداڵی دەوڵەمەندەکان... منداڵی هەمەوو خوا پێداوەکان... منداڵە تێر و تەسەلەکان... ئەمانە لە هەرزەکارێکی وەکو من بەتین و تاقەت ترو پڕ ژی و حەیەویەت ترن!.

– ئەو ڕۆژە دەمەو ئێوارە بوو، لە گۆڕەپانەکەی کانی ئاغایان... لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی قوتابی هاوڕێم یاریمان دەکرد، کوڕە بچکۆڵەکەی ئاغای گوند... کە بەتەمەن زۆر لە ئێمە بچووکتر بوو، ئێمە لە پۆلی پێنج بووین و ئەویش لەپۆلی دوو بوو، هەمەوو بەیانیەک... خوڵامێک بەدوایەوە بوو... کتێب... شتومەکی بۆ هەڵدەگرت و بەرەو قوتابخانە دەیهێنا، ئەو کوڕە... ئەو ئێوارەیە لەگەڵ کوێخا ئەحمەد بەلای

گۆڕەپانەکەدا... ڕادەبووردن، کوێخا... کوڕاغای دەبردە گەشت و گەڕان، کوڕە بچکۆڵەکە... ئەوەل جار لەدووری ئێمە... لەڕۆخێکی گۆڕەپانەکە... لێی وەستا... سەیری یاریەکەی ئێمەی دەکرد، کوێخا هەردوو پاش ملی گرت... دەیویست لە ئێمە... منداڵە کرمانج و پیس و پۆخڵە هەژارەکان... دووری بخاتەوە، بەڵام کوڕاغا پێی چەقاندن... لەدوو ویستەکەی کوێخا نەچوو وە پێ بەپێ.. پتر لە کۆڕی گەمەکەی ئێمە نزیک دەبوەوە، وەکو بڵێی یاریەکەمان ڕای بکێشێ، ئێمە... منداڵەکانی گوند لە گەرمەی یاری دابووین، یاری چخزانێ.. مان دەکرد، بەڕێز تۆپەڵە پەڕۆیەکەمان بۆ یەکدی هەڵدەدا و لە یەکتر وەرمان دەگرتەوە، جارێک تۆپەڵەکە لە دەستی سیامەندی هاوڕێم دەرچوو... سیامەند پێی نەگیرایەوە، تۆپەڵەکە لە هەواوە بەرەو ڕۆخی گۆڕەپانەکە... دەفڕی... تا لەبەردەمی کوڕە بچکۆڵەکەی ئاغای گوند هەڵنیشت و... وە ئەرزەکە کەوت و لەوێ ئارامی گرت، سیامەند... ڕای کرد تا هەڵی بگرێتەوە بەڵام کوڕاغا بەگوڕ پەلاماری تۆپەڵەکەی... داو پێش سیامەند هەڵی گرتەوە، کوێخا ویستی نەیەڵێ تۆپەڵەکە هەڵ بگرێتەوەو... بانگی کرد:

– میران... فڕێی دە... پیسە... فڕێی دە!

بەڵام کوڕەکە گوێی نەدایە کوێخا، یەک دووجار تۆپەڵەکەی هەڵهاویشت و گرتیەوە، کوێخا... وەکو چاوڕاوی لێ بکات... بە زوێری پێی گوت:

– وەڵڵاهی تۆپەکە فڕێ نەدەی... بەئاغا ژن دەڵێم!.

کوڕەکە... سەرێکی هەڵبڕی و سەیرێکی کوێخای کرد، هەندێک پەشۆکا... تۆپەکەی بەتوندی هاویشتە لای من، تۆپەکە... وە لاتەرۆکم کەوت... ئازارێکی زۆری پێگەیاندم، لەگەڵ ئازارەکە چۆکەکانم لەرزین... هەناسەم گیرا... دڵم سارد بوەوە... چاوم ڕەشکە و پێشکەیان دەکرد... خۆم لەسەر پێ نەگرتەوە... بوورامەوە و کەوتمە ئەو گۆڕە!..

منداڵە هاوڕێیەکانم لێم کۆبوونەوە... کێلیان کردمەوە و هێنامیانەوە هۆش خۆم.

کوێخا... بە گورجی پەلی کوڕاغای ڕادەکێشا... هەوڵی دەدا لە گۆڕەپانەکە دووری بخاتەوە بەڵام خۆی لە دەستی کوێخا ڕاپچکڕی و بە ڕاکردن هاتە ناو ئێمە... لەگەڵ منداڵەکان تێکەڵ بوو، کە چاوی بەمن کەوت... بە دڵشکاوی و نیوەگرینۆک گوتی:

– نەمزانی... بە خودای نەمزانی!

– ئەمن... تۆپەکەم بانەدایە تۆ... بەخۆی وەتۆ کەوت!!.

پتر هاتمەوە هۆش خۆم... هەناسەم چوەوە دۆخی خۆی، ئازارەکەم پەرت بوو، سەیرێکی کوڕاغام کرد... ئەو بەڕووی مندا بزەیێکی کرد، منیش بە ڕوویدا گەشامەوە، کوڕاغا... بە تەواوی لەگەڵ ئێمە تێکەڵ بوو، کوێخاش... لە ڕۆخ گۆڕەپانەکە هەر بانگی دەکرد و گەفی لێ دەکردن.

* * *

# 17

نیوەڕۆییێکی درەنگ بوو... کە لە ڕۆخ قەلاتەکەی خانزادی سۆران... بنار شاخ و بنار شاخ بەرەو گوندی هەریر تێپەڕ دەبووین!

مەلاحەمید ئاوڕێکی لە شوێنەواری قەلاتە کۆنەکە دایەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی:

– هەر خودایە و لەیەک قەرار!

وەهەر بەخۆی لەخۆی وەرگرتەوە و ئەمجارە بەدەنگ بانگی کرد:

– سەددەق سەدەق!

وە ڕووبەڕووی کاروانەکە بەدەنگێکی بەرزتر بانگی کردەوە:–

– کاکی برا... ئەدی نالێم دونیا وەک گویزێکی پووچەڵە و هیچ نییە، پیاویش قەناعەتی هەبێ باشە... قەناعەت... دەنا عاقیبەت چییە!... ئا..؟! عاقیبەت ئەوەیە کەبە چاوی خۆمان دەیبینین!

وە دەستێکی بۆ کەلاوەکەی کۆشکی خانزاد بەرزکردەوە و سەری لەبەرخۆی ناو بێ دەنگ بوو.

وا دیاربوو کەس زەوقی وەلامدانەوەی مەلاحەمیدی نەبوو... بۆیە هەر بەخۆی... لەبەر خۆیەوە وەک بیەوێ وەلامی خۆی بداتەوە... مرتەی دەکرد:–

– عاقیبەت مردنە و ڕەش بوونەوە!

وە بۆ بەڵگەی قسەکەی سەری هەڵبڕیەوە... سەیری شوێنەواری قەلاتەکەی کردەوە و گوتی:

– ها... دەسەیرکەن... کوا خودانی ئەم قەلات و کۆشک و باڵەخانەیە؟

– ئەم هەمـوو سەڵتەنەتە... ئەم هەمـوو مەملەکەتە... ئەم هەمـوو لەشکر و عێل و عەشیرەتە... ئەم هەموو ئەسپ و مالات و داهاتە... ئەمانە هەموو چییان لێهات؟!

لە دواییشدا مەلا بە دەنگێکی بەرز ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی خوێند و بە گەروێکی ژەنگاویەوە گوتی:

– هەموو بەکون فەیەکونێک... پف... وەکو بەری دەستی لێهات... لەبەر چاو بزر بوون وایان لێهات، ئەگەر ئەم شوێنەوارە نەبوایە کەس بەبیریشی دانەدەهات کە خانزادە خاتونێک هەبووە و فەرمانڕەوایی ولاتی سۆران و عالەمێکی پان و بەرینی کردووە... سەرێکی لە سابلاخ وسەرێکی لەوان و دیاربەکرو... سەرێکی کەی لە موسڵ و سەرێکی دیشی لە ولاتی بابان بووە...

کاروانیەکان ئەوەندە ماندوو ببوون... کەسێکیان قسەیەکی لەسەر قسەکەی مەلاحەمید نەدەکرد، منیش ئازاری لاقە باریکەکانم لە مێشکم دەنگی دەدایەوە و لە پەردەی گیانم هەڵدەزۆقیەوە، هەر چەندە لە دڵدا حەزم دەکرد شتێک لەسەر قسەکانی مەلا حەمید بڵێم... هەر نەبێ لەو قسانەی لە کۆمەڵە... لەلایەن کاک نافیع... فێری ببووم لە بابەت دروست بوون و بەهێز بوون و پەرەسەندن و لاواز بوون و هەڵوەشاندنەوە و تێکچوونی کۆمەڵایەتی ئینسان... بەتایبەت ئەو کۆمەڵانەی یان ئەو کەسانەی لە مێژووی ئەم دونیا کۆنەمان دەوریان گێڕاوە و هۆیەکانی پووچەڵ بوونی گوێزی وە بیر بێنمەوە، بەلام دەنگدانەوەی ئازاری لاقەکانم... شانەکانی مێشکمیان وەها بەستبووم... ڕێگای یادکردنەوەی ئەو دەرسانەشی لێ گرتبووم... مێشکم ئەوەها زرینگەی لێوە دەهات خواخوام بوو بگەمە پەنا بەردێک و لێی پاڵ بکەوم؛ ئاواتم دەخواست لەدەم ئاوێک پەلی لێ بهاوێژم و هەندێک بهەسێمەوە... لەبەر ئەوە

قسەکانی مەلا حەمیدم لەگەڵ هەوایەکەی دەوروبەرم هەڵمژتن و بێ دەنگدانەوە لەناو گەروە وشکەکەم توانەوە.

کەسانی کاروانەکە بڕیاریان دابوو هەرکە لە گوندی هەریر دەرباز بووین... لەسەر جۆگەلەکەی باتاس لابدەین و... بهەسێینەوە و شتێک بخوێن تاکو بەرگەی هەورازەکەی سپیلک بگرین.

نوێژکەرەکان دەستیان هاویشتە نێو جۆگەلەکە... خەریکی دەستنوێژ هەڵگرتن بوون، کەرەکانیش بەرەڵڵای ناو پەرێزو مێرگەکانی ئەم لاو ئەولای جادەکە... کران، منیش لەسەر زگ خۆم بە ئەرزەکەدا کێشا.

کە نوێژکەرەکان نوێژەکەیان کرد... هەر کەسە پریچکەی نانی خۆی لێک کردەوە، دایکم و پوور ئەستی و پوور زولێخاش خەریکی ئاگردانێک بوون... قۆری و ئیستیکانەکانیان هێنانە گۆڕێ... بانگی منیشیان کرد بچم بۆ ئاگر کردنەوە چیلکە کۆبکەمەوە، بە نیازی چیلکە کۆکردنەوە دۆڵاو دۆڵ لەبنەبنەی چیای ڕەش بۆی هەڵکشام، هەرچەند هەنگاوێک سەردەکەوتم... ئاوڕێکم لە جادە باریکەکە دەدایەوە، گەلێک کاروانی بچکۆلەی وەک کاروانەکەی ئێمە... ڕژابوونە سەر ئەو جادەیە، ئەوانیش بەرەو سنووری ئێران.. ملی ڕێگایان گرتبو.. ئەوانیش وەکو ئێمە بەدوای دەنکە گەنمێک وێڵ و سەرگەردان ببوون.

گوندی باتاس لەو بەرزاییە نزیکەوە وەکو باخچەیێکی گەورە دەهاتە بەرچاوم، کزەباییێک هەڵی کردێ و سەرکەلی داربەڕووە پیرەکانی قەبرستانەکەی ڕۆخ ڕێگای دەهەژاندەوە... گەڵای مردووی دەهاوێژتنە سەر زەویەکە، کە لەژێر داربەڕووەکان تێ دەپەڕیم و بەرە و هەوارگەکەمان دەگەڕامەوە... پڕی هەردوو گیرفانی شلوارەکەم... بەڕووم کۆکردنەوە.

تێر نەهەسابووینەوە... کە ڕۆژ بەرەو ڕۆژئاوا لەنگ ببوو، گردۆڵکە بەرزەکانی دەشتی هەریر... بستەکان وەکو نووستوو ملیان بەسەر سینگیاندا کەچ کردبوو!! سێبەرەکانیان دەدایە لای هەوارگەکەی ئێمە، دەشتە بەرینەکەش بەشی زۆری زەرد دەهاتە بەرچاو... جێ بەجێ نەبێ کە بەهۆی مەزرای برنج... وەکو مافووری کەسک ڕایەخرابوون... ئەو دەشتەیان دەڕازاندەوە، هەر چەندە لەبەر وشکی ئەو ساڵ و وەرزە زەویە فراوانەکان بەچاکی بە خاوەن نەکرابوون بەڵام سەبارەت بەوەی گوندەکانی ئەو ناوچەیە ئاوێکی مشەە و زۆر و زەبەندیان هەیە؛ جگە لە مەزرای برنج... بۆ ماوەیێکی بەرین پەرێزی گەنم و جۆ و کرداری دیکە بەدی دەکران.

تازە گەڕابوومەوە هەوارگە، یەکێک لەو کاروانە بچکۆلانەی لەسەر جادەکەوە ڕێچکەیان بەستبوو... یەکێک لەو کاروانانە لای دایە هەوارگەکەی ئێمە!.

مام هەیدەر لە دوورەوە سەلامی لێ وەرگرتنەوە... بەگوڕ بەرەو پیری کاروانەکە... بەزی، ملی کابراییێکی سەرەپیاوی تێک سمڕاوی سینگ پانی سمێل ئەستووری گرت، لاملی یەکتریان ماچ کرد، مام هەیدەر لەبەر خۆیەوە هەر بانگی دەکرد:

– یاخوا بەخێربێن... یاخوا بەخێربێی... زاناوێر... بەخێرهاتی سەرچاوان.

هەردوو دەستی بۆ سەرسەری هەڵدەبڕین و دای دەگرتنەوە... بەخێرهاتنی کەسانی کاروانە بچکۆڵەکەی دەکرد.

مام زانەوێر... لەژێر زەبری ساڵانی تەمەنی هەندێک چەمابوەوە، بەڵام هەندێک ئەستوور و لەش توند بوو، پیری... نەیتوانیبوو دەست و بازووی وشک بکاتەوە و سوورایی سەر گۆناکانی هەڵمژێ، پیاوێکی توند و بەتاقەت و لەش سووک دەهاتە پێش چاو، وەڵامی مام هەیدەری دایەوە، ئاوڕێکی لە ئێمەش

دایەوە... ماندوونەبوون و چاک و خۆشی لێکردین.

مام هەیدەریش ڕووی کردە ئێمە و گوتی:

-خەڵکی گوندی خرواتان و گوندەکانی خۆشناوەتین!!

ڕووی کردەوە مام زانەوێر و هاوڕێیەکانی و بە خەمبارییەوە پرسی:

– ئەوە ئێوەش؛ وێڵی کاروانەکەی گەنمن... ها!

مام زاناوێریش بەبێ دەنگی سەری دەهەژاندەوە بەڵام مام هەیدەر وەکو بە سەرهەژاندنەکەی مام زاناوێر پتر برینی کولابنەوە... لەمام زانەوێر چووە پێش و بە دەنگ بانگی کرد:

ئێوەش زانەوێر... ئێوەش واتان لێهات... وەکو ئێمە و هەژارەکانی ناوچە... بۆ دەنکێ گەنم قوللەی قاف بکەن؟!.

مام زاناوێر بە بزەیەکی تاڵەوە لەبەرخۆیەوە گوتی:

هەیدەر... ما خۆت ئەوەت لێ ئاشکرا نییە... لەوەتەی گوجیلەکانی مەلا عبدالقدوس گوندەکەیان داگیر کردووە و بوون بە بەگزادە و ئاغا... ئێمەش هاتووینەتە ڕیزی برسییەکان!.

کاک ڕەسووڵ لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە... دەیگوت:

– سەیرکەن... کوڕینە... لێ ووردبنەوە... هەموو ئاغا و میر و بەگزادە و کاربەدەستە گەورەکان... ئەوانەی سواری ئەستۆی میللەتی ئێمە بوون... هەموویان بەناوی ئاین و بەناوی خوداوە سەریان قیت کردۆتەوەو ناویانە گرێ ی ئەستکوردمان!!. لەسەر ورگ و سەری ئێمە هەڵستاون و گەورەبوون... و بوونەتە خودان فەرمان و دەسەڵاتدار و خاوەن زێڕ و زەوی و داهات!!

کاک ڕەسووڵ لە ناوچەکەی خۆمانەوە دەستی بەژماردنی ئەمانە دەکرد و بازی دەهاویشتە ناوچەکانی دیکەی وڵات کە دەیگوت:

– دەتێ وە ڕامێنن...لەم دیوەوە هەتا ئەو دیو... هەموو دیوەکانی دیکە، لەهەولێرەوە تا سلێمانی و بادینان و کەرکوک و گەرمیان... بگرە لە بەغداوە تا ناوەند و باشووری عێراقیش... هەموو ئەو دەسەڵات دار و ئاغایانە هەموویان لە بنەچەک دا سەید یان شێخی تەریقەت و بەناو مورشیدو ڕابەری ئاینی بوون... یان مەلای مزگەوت.. و بەناوی کتێبە پیرۆزەکەوە ڕنۆکیان لە جەرگی باب و باپیرە خواپەرستە دڵپاکەکانمان گیر کردووە و بەسەر کەللەسەری ئەوان سەرکەوتوون... بەخوێن و ئارەقەی ئەوان تینوێتی خۆیان شکاندووە و تا ئیمڕۆش ئێمە لەدەست ئەوان و نەوەکانیان دەناڵێنین.

مام هەیدەر... بەکزی سەرێکی بۆ مام زانەوێر هەژاند... و ئاهێکی درێژی هەڵکێشا... ڕووی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و بە تەوسەوە گوتی:

– تۆبە... ئەستەغفیروڵڵا... خودایە تۆبە... ڕووڕەشی دوارۆژم نەکەی... تۆبە... هەزار تۆبە... بەڵام بەزاتی تۆ قەسەم... ئەگەر نەڵێم ئەم زاڵمانە بەناوی تۆ... وە بەناوی ئاینی پاکی ئیسلامەوە ئەم ستەم و زۆرداریە دەکەن و خەڵکی سادە و دڵپاکی ئۆمەتی خۆشەویستی خۆت... بەندە ڕەشوو ڕووتەکانی تۆ ڕووت دەکەنەوە... خوێنیان دەمژن... لەبرسان وەکو ئێمە دەیانکوژن... ئەگەر ئەمە نەڵێم و هاوار نەکەم... وەڵڵاهی دەبێ وەبەر غەزەبی تۆو لەعنەتی خەڵکی بکەوم... و دەبێ هەر خۆت بەردم لێ ببارێنی!.

کاک نافیع دەیگوت:

– لەسەرەتاوە خەڵکە سادەکە... بەناوی ئاین و خوداپەرستی... یان لەبەر ڕێزی باب و باپیرانیان...

جڵەوی خۆیانیان داوەتە دەست!! و بەبێ قەول و مەرج و قەرار... تەسلیمیان بوون... هەبوو و نەبووی خۆیان داونەتە دەست، ئەوانیش بۆ ماوەیێک. وەهەتا جێی خۆیان قایم کردوە تا ماوەیێک وەها هەڵسو کەوتیان لەگەڵ خەڵکەکە کردووە... وەکو بەڕاستی و لە پێناوی چاکەی ئەوان و بۆ بەرژەوەندی هەموان بجولێنەوەو جێگای بڕواییان بن؛ بەڵام کاتێ ڕەگی خۆیان داکوتاوەو لەسەر حیسابی ئەم ڕەشوڕووتانە دەست ئەستوور بوون... خۆیان کردۆتە خاوەن هەبوو و نەبووی خەڵکەکە و بەجۆرێک خۆیان بەسەریاندا سەپاندوون؛ کە تەنانەت ماوەی ئەوەشیان لێ بڕیون کە هەناسەیێکی ئاسوودە بخۆنەوە، وە هەر چ ئاوات و هیوایێکی لەدڵ و دەروونیاندا هەبووە... خنکاندوویانە، لە ئەنجامیش خەڵکەکەیان کردووە بەقوربانی بەرژەوەندی خۆیان... وەهەر بۆ ئەوەی ئەو بەرژەوەندیەیان بپارێزن... ئامادەن دەست لەناو دەستی هەموو دوژمنانی خەڵکەکە بنێن و بیانکەن بە کۆیلە... و نۆکەر!!

وە کاک نافیع دەیگوت:

– لەبەر ئەوە دەبێ خەڵکەکە خۆی... ڕەشوڕووتەکان... خۆیان.. دەبێ هەر ئەوان جڵەوی دونیایەکەی خۆیان بگرنە دەست... هەروەها ئەو چەکەش کەلەو گورگ و دزو جەردەو دڕندانە... دەیانپارێزێ.

کە گوێم لەقسەکەی مام هەیدەر بوو، خەیاڵی ئەوەم دەکردەوە... کە ئەو شتانەی... ئەو دەرسانەی لە کۆمەڵەو لە کاک نافیع و... ڕەسووڵ ، بیستبووم و فێریان ببوم و بەبێ یەک و دوو بڕواییم پێیان هێنابوو... بگەیەنمە کەسانی کاروانەکان، حەزم دەکرد ئەوشتانە بە کاروانیەکان بڵێم، کەچی ترسی ئەوەم لێ نیشت کە نەتوانم مەسەلەکەیان بەچەشنێک بۆ باس بکەم و بگێڕمەوە. کە ئەوانیش وەکو من بڕوایی پێ بهێنن... بۆیێ خەیاڵەکە ڕەویەوە و حەزەکەم لەگەروێگی ووشک قووت دایەوە... بەتایبەتی کە گوێم لە مام زاناوێر بوو بە دەنگێگی بڵند دەیگوت:

– کوڕە... خودای چی... دین و... ئاینی چی... کەنگی ئەمانە خودا دەناسن کەنگی بڕواییان بە ئاین و ماین هەیە!... ئەمانە هەزار دین بە لیرەیێک دەفرۆشن!.

کوڕێکی سپیلکەی مووسیسی چاوشینی هەرزەکار... لە کاروانەکەی مام زانەوێر... بەگەرمی هاتە ناو قسە... لەگەڵ ڕک و کینێکی ئاشکراوە گوتی:

– خودای چی؟!... کاکینە... قوەت.. تفەنگ.. حکومەت.. ئەمانە لەلای.. ئەو زاڵمانە.. شتن.. و لە هەمموو گەورەو هێزێک گەورەترو بەهێزترن!. ئەمانە بڕواییان پتر... بەزۆرداری و قوەت هەیە!!. ئەوەی بڕواییشی وابێ.. کەینێ.. خودای دەبیر دەمێنێ؟!.

کوڕە سپیلکە هەرزەکارە مووسیسەکە... باسی ئەو ئاغا هەرکیەی بۆ کاروانەکە گێڕایەوە کە بەهاری ڕابووردوو تفەنگی بەخودا وەنابوون، وە دەیگوت:

– بەهاری ڕابووردوو... هەرچەندە ساڵیش ووشک و نەبار بوو... بەڵام خودای گەورە بۆ دەرخستنی قودرەت و توانای خۆی ڕۆژێک تۆفانێکی لەو دەشتە هەڵکرد، چەخماخەی برووسک و گرمەی هەور... گوێیان کەڕ دەکردو دونیایان دەهێنایە لەرزە لە نوێژی نیوەڕۆوە کوندەی ئاسمانی کردنەوە و فەرمانی دایە باو زریان، نەیگەیاندە ڕۆژئاوا کە مەڕو ماڵاتێکی زۆری ئەو ئاغا دڕندەیەی قڕو تەفرو توونا کرد، هەروا دەواری هۆبەکەشی ڕەتاندن و ڕەشماڵەکانی تێک و پێک و مەکان دان سوبحانەڵڵا لە قودرەتی تۆ...

ئاغای هەرکی پیاوێکی لە خۆبایی و ستەمکارو زۆریش دەوڵەمەند بوو، بە درێژایی ژیانی هەر گیروگرفتێک... هەمموو کۆسپ و قۆرتێکی کە دەهاتنە ڕێگای... بەلولەی تفەنگەکەی تەختی دەکردن، تا... وەهابوو بە ئاشکرا مێگەلە مەڕو ڕەوەی بەرزەو ئەسپ و بارگیری... دەمەزرای جوتیارە هەژارەکان

دەکردن، کەسێکیش لەو هەژارانە نەیدەوێرا تەنانەت تکاییێکی لێ بکا کە خۆی لە زەرەرو زیانی ئەم خەڵکە بێ دەسەڵاتە بگرێتەوەو... ئەگەر یەکێک زاتی بکردبا... مەڕێک یان وڵاخێکی ئەوی لەمەزرای خۆی دەنگ بدابا... ئەوا تۆڵەی کوشتن بوو، هەتا ئەو شەوە تۆفەی باسی دەگێڕمەوە... ئەو شەوەش ئاغا بەوە ڕازی نەبوو کەوەهای بەسەر هات، کە بەسەری هات لە هەژمەتان چاوی پەڕینە پشتی سەری... ئۆقرەی لێ هەڵگیرا... وەک سەگی هار دەهات و دەچوو... و بەهەموو لایەکدا دەوەڕی... جنێوی دەدا... سەری لێ شێوا بوو نەیدەزانی چی و چۆن تۆڵەی ئەو زەرەرەی خۆی بکاتەوە؟!.

فەلاحێک وای نەکردبوو کە خوێنی بڕێژێ و ماڵی وێران بکا، هەژارێک دەستی لەو کارەساتە نەبوو... تا دەستی ببڕێ... بەڵام چۆن خۆی کڕ بکاو بەرامبەر بەوەی پێی کرا... چاو شۆڕ بکاو بەحیسابی خۆی... ئەو هەرگیز چاوی شۆڕ نەکردووەو ملی دانەنواندووە... بەڵام چی بکا!... ئەوە بوو دەستی دایە تفەنگە جامبێزارەکەی و بە گردەکەی پشت هەوارە وێرانبووەکە هەڵگەڕا... هەر سەرکەوت هەتا چووە سەر سەری گردەکە و ئینجا لوولەی تفەنگە جامبێزارەکەی لە ئاسمان کرد، نە تەقەیێک... نە دوو تەقە... هەتا هەموو ڕەختە فیشەکەکەی لەڕووی ئاسماندا بەتاڵ نەکرد... بۆی نەوەستا، کە فیشەکەکانیشی تەواو بوون و هەمووی بەناو جەرگەی ئاسمانەوە نان... وەک مەڕی گێژ؛ بە دەورەی خۆیدا دەسووڕاو بەدەنگ بانگی دەکردو دووبارەی دەکردەوە:

ئەگەر... مێرە و ئەگەر خورتە

بلا... لبۆ من دابەزی!

نەک بە بروسکۆک و ڕەهێلان

قڕانی بخاتە ناو پەزی!

گەلێک لە کەسانی هەردوو کاروانەکە... لەگەڵ ئەو حیکایەتە دایانە قاقای پێکەنین... مام زاناوێریش... دەستی بە تۆبەو ئیستیغفار کردەوە... لەگەڵ ئەوەش خۆی پێ نەدەگیرا و ددانەکانی گڕ دەکرانەوە. مەلاحەمید بەم قسانە... بە تایبەتی بە پێکەنین و گاڵتەی کاروانیەکان زۆر قەڵس ببوو... لەبەر خۆیەوە هەر لێوی دەجوولا، نەمدەزانی ئاخۆ جنێو دەدا... یان ئەویش وەکو مام هەیدەر... تۆبەو ئیستغفار دەکا!، تا ماوەیێک بەبێ دەستان سەری بۆ ئەم لاو ئەولای خۆی دەهەژاندو دەسەڵاتی نەبوو شتێک بکا جگە لەوەی کە هەوڵ بدا مەسەلەکە گەرمتر نەبێ و ئیتر ئەو باسە ببڕێتەوە و بەردێکی لەسەر دابنێن!... و ڕووی کردە مام هەیدەرو بانگی کرد:

– دەخوا سەلامەتتان کا مام هەیدەر... دە لەو خزمانە بگەڕێ جارێ با پشوێک بدەن... هەندێک بهەسێنەوە!!

وە بە تووڕەییەوە لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئەها... ئەگەر خودا... لەمەش خراپتری بەسەر نەهێناین... وەرن تف کەنە ئەو ڕدێنەم!!

دەستێکی هەڵبڕی و بەپەنجە دوو مووی لە ڕدێنەکەی گرتن!. مام هەیدەریش ملی مام زاناوێری گرت و دووبەدوو کشانەوە نزیک ئاگردانەکەو لەسەرخۆ بانگی کرد:

– ئەرێ خوشکینە... پیاڵە چاییێک بۆ زانەوێر تێکەن.

کەسانی کاروانە تازەکەش... تێکەڵ بە کاروانەکەی ئێمە بوون و لەرۆخ جۆگەلەکە بارگەیان خست.

* * *

## 18

لەلاییێک... تەسکەرە و...
عەرزوحاڵ... نووسین بوو
لەلاییێکی دیکە... قۆڵ بەقۆڵ
تەتەر... ڕەوانە دەکرانە...
بەخۆم لێی دەبوومە سەرکردە
قۆڵێکم هەڵدەدا... لەبۆ قامچوغەی مویارەک
قۆڵی دیکەیان... لەبۆ شەناغە و گەزوەشانە
قۆڵی دیکەم... هەڵدەدا لەبۆ... زێی زەهاوی
هی دیکەیان لەبۆ... سەقزو... بانە
قۆڵێک لەبۆ شارەزووی... ڕەنگین
ئەوی دییان... لەبۆ دەشتی لاجانە
سەد... حەیف و... سەد... مخابنی دونیایێ
لەپاش... سلێمان بەگی میران
وەڵات مایەوە...
بەبێ خودانە...

* * *

هێشتا قوتابی بووم... زارۆک بووم... لە قوتابخانەکەی گوندە جوان و هەژارەکەمان... دەمخوێند، خەڵکە بێ کارەکە... یان لە مزگەوت... یان لە درەنگی شەو... بەنگی ژیانە کوڵەواریەکەیان هەڵدەمژتەوە... یان لە کونجی ژوورە قوڕینیەکانیان قەلنەیان دەکێشا و ژیانی پڕ ناسۆرییان کاوێژ دەکردەوە، ئێمەش... منداڵەکانی گەڕەک دەورەی داپیرە بنەوشمان دەدا، داپیرەش... جۆرێکی تر ئەویش کاوێژی دەکرد و هەر شەوە سەربوردەیەکی بۆ دەگێڕاینەوە... هەقایەتێکی بەتامی بۆ دەکردین، شەوێک باسی هەریر و باتاس و... شەوێک سەربوردەی پاشای کوڕە... و حاکمەکانی بەبە... شەوێکی دیکەش بەیتی لاس و خەزال و مەم و زین و... برایمۆک... سیامەند و خەجێ و نێچیروان و شێخ فەرخ و... زەمبیل فرۆش...ئیدی... بۆ دەکردین... بە مێرچاکی و قارەمانی پارێزەرانی قەڵای دمدمی دا هەڵدەگوت:

دێ لرفە لرفی بەیداغان
دێ دەنگی زرێ و قولچاغان
مەنزل لەبناو و مەراغان
قۆشەن دێ رێ بە رێیە
دەڵێ خانی موکری لە کوێیە
سەلاح شۆران دەستدا چەکان
دەگەڵ سەفێ دە مەلەکان

کـە دەهاتە سـەر بەیتی مـەم و زین و باسی ئەو ئاشـقـە پاکـانەی دەکـرد... بەم لاو بەولادا خـۆی دەهەژاندەوە... بەدەنگە ناسک و... لەسەرەخۆیەکەی دەیگێڕایەوە:

سێ پەری... لەئاسمانی حەوتەمین بەستوویانە لەنگەرە
لەسەر کۆشکی کاکە مەمی هەڵدەنیشتن
ئەوبەر... ئەوبەرە
خوشکی گەورە... بەرەو ڕووی خوشکان گۆتیە
ڕوومەتی... کاکە مەمی جوانە... یان چرا و فەنەرە
خوشکی نێونجیش... وای گۆتییە
هەر لەعەرشی... تا کورسییە
هەر لە گای تا ئەسپییە
هەموو دونیام پشکنیە
کەسم لە کاکە مەمی جوانتر... چاو پێ نەکەوتیە!

پوور بنەوش... لە هەمـوو بەیت و هەقـایەتەکـانی... پتـر بە بەیتی خـانزادە خـاتوون و لەشکری و سەربوردەی میر سلێمان بەگی میران... گەرم دەبوو... و دڵی دەهاتە جۆش و سۆز دەیگرتە خۆی!.

پوور بنەوش... وەهای بۆ ئێمە دەگێڕایەوە و دەیگوت:

– شـاقولی بەگ... گوندەکەی ئێـمـەی ئاوەدان کـردۆتەوە، دەڵێن گـوندەکـەی ئێـمـە لە کـۆنی کـۆنەوە ئاوەدان بووە و لەسەر گردەکەی میرەسەنی ئەوبەر دروست کراوە... هەتا زەمانێک بەهۆی کردەوەی کردگار و زەبر و زەنگی ڕۆژگار کاول بووە و خەڵکەکەی چۆلیان کردووە.

داپیرەم... ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشاو دڵسووتاوانە دەیگوت:

– جەرگم خرابێ، دووبەرەکی و دوژمنایەتی، خەڵکی گوندەکەی بەیەکدی خواردن... داون، خەڵکەکە کەوتوونەتە گـیـانی یەکتر و قڕانیـان بۆخۆ هێناوە... گوندەکەشیـان خاپوور بووە... سەردەمـێک بە چۆلی ماوەتەوە... هەتا شا قولی بەگی میری سۆران هاتووە و داری فەرمانڕەوایی سۆرانی گرتۆتە دەست... جێی گـوندەکـەی ئێـمـەی جـوان و خـۆش هاتۆتە بەرچاو... و ئاوهەوا سـازگـارەکـەی... باغـچـە و دارسـتـانە ڕەنگینەکانی بە دڵەوە نووساون و فەرمانی داوە گوندەکە لەم جێگایەی ئێستاکەی ئاوەدان بکەنەوە، لە ئەنجامیـشدا کردوویەتی بە جێ قۆناخی سەفەرەکانی و لەشکرگایەکی توند و قـایم... هەروەها جێگای هەسانەوەی هاوینانیشی بووە، پاش شا قولی بەگیش... هەر بە ئاوەدانی مـاوەتەوە... هەتا دەوری خانزادە خـاتوون... ئەو خـاتوونە فـەرمـانڕەوایەش گـوندەکـەی ئێـمـەی کـردۆتە پایتـەخـتی هاوینـانی سـۆران، هەتا ئیـمـڕۆکـەش جێ و شـوێنی خـانزاد خـاتوون لەسـەر ترۆپکی چیـا ڕەنگینەکـە مـاوەو بە مـێـرگی خـانزاد ناودەبرێت، دەڵێن... خـانزادی سـۆران بەدرێژایی هاوینـان لەو مـێـرگـە ژیاوە و... بە ڕاو... و شکار ڕای بواردووە. پوور بنەوش... نەرمـە کـۆخـەیێکی دەگـرت... وەکـو هەمـوو حـەسـرەت و داخـەکـانی تەمـەنی لە سینگیـەوە هەڵفڕێ... یان گـەرووی لە ژەنگی ڕۆژگار پاک بکاتەوە... ملی بۆ لای سـەبری هاوڕێم.. درێژ دەکرد.. و دەیگوت:–

ئیـدی ڕۆڵەکانم... حاڵی دونـیـای ئێـمـە ئەوها بووە و ئەوها... دوژمنداری و یەکـتـری خـواردن... کـاول کردن و هەروەها ئاوەدان کردنەوەشە!.

دایکم دەیگوت:

– گوندی بەرشاخان... دوژمنایەتیان لەنێودا گری گرت، هەر چەندە هەموو خەڵکەکەی ئامۆزا و خاڵۆزا و خزم و کەسی یەکتری بوون... بەڵام بە پیلانی ئاغا دوژمنایەتی ڕەگی لە نێوانیان داکوتا... دەستیان خستە گەرووی یەکتر... لەسەر هیچ و خۆڕایی... یەکتریان دەبڕاندەوە... کەس لەسەر ئەویتر بازی نەدەدا... تاکو گوندەکە کاول بوو... ئەوەی کوژرا و ئەوەی دەربەدەر بوو... گوند چۆڵ کرا... بوو بەهێلانەی قەل و کوندەبەبۆ، ئەوجا بەبێ بەرهەڵستی... ئاغاش جۆت و گای خۆی ناردنە سەر، هەر لەسەرەتای پایزەوە دەستی کرد بە وەرد و شۆو چاندنی زەویەکانی... تا لە ئەنجام کردی بە موڵکی خۆی... زەوتی کرد... تا ئەمڕۆش... گوندەکە گوندی ئاغایە و خاوەنەکانیشیان لە شاری هەولێر و دێهاتەکانی ناوچە... بەمشەختی بڵاوبوونەتەوە.

ئەمجا پوورێی خۆشەویست... دەستێکی وەچاوە پرووشاویەکانی داهێنا... وەکو بیەوێ ئەو دیمەنانەی کە لەبەر چاوی خەیاڵیەتی... ڕوونتر بیانبینێ..

ڕووە چرچ و لۆچاویەکەی دەهێنا و دەبرد... بۆی دەهەژایەوە هەتا دەهاتە سەر باس و خواسی بووک عەنبەر... کە ژنە کوردێک بووە... پاش خانزاد و لە ناوچوونی وڵاتی سۆران... حوکمڕانی ئەم ناوچەیەی کردووە، پوورێ بە دەنگە نەرمەکەی دەیگوت:

– بووک عەنبەر... خێزانی میر مەحموود بەگی بەگزادە بووە، ژنێکی ئەوەندە لێوەشاوەو جوان و بەهەیبەت بووە... لەپاش مردنی میر مەحمود بەگی مێردی... فەرمانڕەوایی کردووە، دەستی بەسەر خۆشناوەتی و هەولێرو کۆیەدا گرتووە، لە مەیدانی ئاوەدان کردنەوەی وڵات و پاراستنی هێمنی دریغی نەکردووە... بۆ خۆشی و کامەرانی خەڵکەکە زۆر تێکۆشاوە و بۆ پاراستنیان لە دز و جەردە و درۆزن... وەکو میر مەحمودی مێردی بەزەبر و زەنگ بووە. لە ڕیزی فەرمانڕەوا هەرە بەناوبانگەکانی سۆران... ڕاوەستاوە.

ئەو ژنە قارەمانە... قۆناخ بە قۆناخ... لە ڕێگای خۆشناوەتی و هەولێر... سارداوی داناون... تا ڕێبوار و کاروان لەو ڕێگا دەشت و وشک و گەرمەسێرەدا لە مەترسی تینوێتی ڕزگار بکا... وە بە درێژایی ئەو ڕێگایانە... لەسەر گردەکان سەنگەر و قۆنگرەی دروست کردون و پیاوی چەکداری خۆی لەناو داناون تا ڕێبوار و کاروانەکانی کە بەو ڕێگایانەدا ئاموشۆ دەکەن و کەلوپەلی بازرگانی لە موسل و کەرکووکەوە دەبەنە ناوچە شاخاویەکان؛ تا ئەو قەتار و ڕێبوار و بازرگانانە لە پیاو خراپ و ڕێگر بپارێزێ.

داپیرە بنەوش کە دەیگوت:

– ئەم شێرەژنە خۆی لەپێناو خۆشی باب و باپیرانمان بەخت کردووە... خەڵکی خۆش ویستووە و خەڵک خۆشیان ویستووە!!.

دەنگی بەرزدەکردەوە و سەری هەڵدەبڕی... هێزێکی گەنجانەی دەهاتەوەبەر... لە دواییشدا ئاهێکی ساردی هەڵدەکێشا... دەنگی نەرم دەبووەوە... کە دوعای دەکرد:

– خودا... لە ئەوان و... لە ئێمە و لە مردووەکانی ئێمەش خۆش بێ... ئامین یاخوا ئامین!.

هەر چەندە ئەم باس و خواسانە... ئەم سەربوردانەی پوور بنەوش بۆ ئێمەی دەگێڕانەوە و باسی دەکردن... هەرگیز لە قوتابخانەکەماندا باس نەدەکران و نەدەگێردرانەوە و بە دەرس گوتنەوەیان بۆ ئێمە قوتابیان... نەدەشیا... بەڵام داپیرە بنەوش موعەلیم نەبوو تا لە گێڕانەوە و یادکردنەوەیان بسڵەمێتەوە... یان ترس دڵی بخورپێنێ، داپیرە بنەوش... نە مووچە خۆری میری بوو... نە ئەوەشی دەزانی کە گێڕانەوەو

بەسەر چوونەوەی ئەم سەربوورده و باسانە مەترسیان تێدایە و لەگەڵ ڕێڕەو... و پرۆگرامی حکومات ناگونجێن.

پووریێ... ئەو مێرچاک و کەڵەپیاو و ئازایانەی سۆران و دمدم و ئەوانی دیکەشی بە پیرۆز دادەنان... هەر ئەوەشی لاچاک بوو وە دڵی پێ دەگەشایەوە کە بەدرێژایی ژیانی یادیان بکاتەوە و دڵی ئێمە... منداڵانی پێ خۆش بکاو مێشکمانی پێ ئاوبدا فێری خوو... و ڕەوشتی باشمان بکا... بەتایبەتی ئەو خوو... ڕەوشتانەی سوودیان زۆر تێدایە و لە باب و باپیرەکانمان بۆمان بەجێ ماون.

پووریی خۆشەویست... دەیگوت و هەتا ئێمە بەچاکی تێ بگەیەنێ... دووبارەی دەکردەوە کە:

– گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ، پنجی ئێمەش باب و باپیر و ئەو مەزنە ڕابوردوانەن... کە هەم بوون بەهۆی بوونی ئێمەوە هەم چاکەی مان و پێشکەوتن و ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەمان بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە.

داپیرە بنەوش، گەلەک هۆگری ئەم جۆرە باس و سەرگوزەشتانەی ڕابوردوان بوو، بە گێڕانەوەیان خوێنی دەجووڵا و گەش دەبوەوە، هەر کە ئێمە... بچووکانی گەڕەک لە دەورەی کۆدەبووینەوە... بانگمان دەکرد:

– داپیرە... دەی داپیرە!

ئەو... هەوەسێکی بۆ پەیدا دەبوو... چاوە پرووپووشاوییە بچکۆڵەکانی هەڵدەهێنان... چاوەکانی پێدەکەنین و دەستێکی درێژ دەکردو... وەسەری نزیکترینمانی دادەهێنا:

– هەبوو... نەبوو... هەبوو... نەبوو!

یەکە یەکە ئێمەی دەناسیەوە و لێمان وورد دەبوەوە:

– سیامەند... ئەوە تۆی!

– عەلی... شێرکۆ... دایە و بابە چۆنن؟

– گوڵەسوور... ئەوە ئەتووش هاتووی؟ بەخێر هاتن ڕۆڵەکانم...!

لەدوای گێڕانەوەی هەموو هەقایەتێکیش... بە دەنگ پێی دەگوتین:

– دەبێ ئێوەش وەکو ئەو باپیرە مەزنانە پیاو... و خورت و ئازابن...

– دەبێ... کە گەورەبوون... بوون بە پیاو... بە لاو... هەوڵی ئاوەدان کردنەوەی وڵات بدەن... سوود لە ژیان و مێرچاکی ئەو باپیرانە وەربگرن... ڕێ و شوێنیان بزر نەکەن، چونکی ئەوەی ڕێ و شوێنی باب و باپیرانی وون کرد... ئەوەی ڕێگای باشی وون کرد... ئەوا خۆی وون دەکا!.

شەوێک لەو... شەوانە... ئێمە... منداڵانی گەڕەک و دراوسێ... من و قادرۆک و سەبری و کافیە و گوڵێ... منداڵەکانی دیکە... لەماڵی خاڵەمین... باوکی سەبری... لەڕۆخ ئاگردانەکەدا بە دەوری پووریی خۆشەویستمان ئاڵقەمان بەستبوو... بێ دەنگ و کپ... نقەمان لەخۆ بڕیبوو... چاوەکانمان بەدەمە بێ ددانەکەی و بە ڕووە هێمنەکەی پووریێ بەستبوەوە، کە پووریێ... وەکو گەلەک شەوانی پێشووتر... دەستێکی بەرزکردەوە و لە ڕووە چورچ و لۆچاویەکەی خشاندی... یەک دوو جار کۆخی... هەناسەیێکی درێژی هەڵکێشا و سیپەلکەکانی پێ بووژاندنەوە... بە دەنگە نەرم و پڕ سۆز و... مهیرەبانەکەی دەستی پێکرد:

– هەبوو نەبوو... کەس لە خۆڵا گەورەتر نەبوو... کەس لە دز و ترسنۆک درۆزنتر نەبوو... کەس لە

زۆردار... نالەبارتر نەبوو...!

ئیـدی ئەوها لەسـەری دەڕۆیشت... ناوی پێغـەمـبـەر و ئەولیـایەکـانی دەهێنا... داوای یارمـەتی شەفاعەتی لێ دەکردن؛ داوای ئیمان و بەهەشتی لێ دەکردن... ئەوجا دەچووە ناو هەقایەتەکە:

– هەریر... لە دێرین زەمـانەوە شـارێکی گـەورە و فـراوان بـووە، هەر لە بنەبنەی چیـای ڕەشـەوە هەتا سپیلک و بێخمە و هەتا دەوزێی بادینان... لەو دەشتە بڵاوبۆتەوە و کشاوە...!!

لەپاشدان بەدەم پێکەنینێکی وشکەوە دەیگوت:

– دەڵێن شارێکی ئەوەندە گەورە و فراوان بووە... بووکی یەک ساڵەی تێدا بزر بووە...!

ئینجـا لەسەر گێڕانەوەی داسـتـانەکـەی خانزاد و مـیـر سلێمـان بەگی میران و لەشکری دەڕۆیشت و دەچووە ناوجەرگەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە:

– کە سلێمان بەگی میران... داری حوکمڕانی سۆرانی گرتە دەست، ئەم شارەی کردە پایتەختی وڵات، خەڵکی وڵات لەژێر سێبەری فەرمانڕەوایی ئەم میرە... بەخۆشی و کامەرانی ڕایان دەبوارد...

مـیـریش پیـاوێکی بە دەسەڵات و سـەربەرز و ئازاد بـوو، حەزی بەپێشکەوتن و ئاوەدانی وڵاتەکـەی دەکرد، بە هەموو هێز و توانایەوە سەربەخۆیی دەپاراست و بەربەرەکانی دوژمنەکانی دەکرد، هەرگیز سەری بۆ کەسێکی بێگانە نەدەچەماند و ڕێی نەدەدا بێگانە دەست بخەنە کاروباری وڵاتەکەی، هەموو خەڵکی وڵاتیش... ئەو میرەیان خۆش دەویست... بە نوێنەری ڕاستەقینە و براگەورەی خۆیان دایان دەنا... بەهەموو هێز و توانایانەوە پاڵپشـتی بوون... ئامـادە بوون لە پێناوی میر و ئازادی و سەربەستی وڵاتی سۆران... گیان و ماڵ و ئەولادیان... بەخت و فیدا بکەن.

پووربنەوش... زۆر بەتام و تامـەزرۆیانـە... باسی هەرزانی و خۆش گـوزەرانی ئەو وڵاتەی دەکـرد، هەتا لەپڕ دڵی ناسکی هەڵدەچوو... فرمێسک لە چاوەکانیەوە دەبارین... دەنگی دەنووسا... گرینۆکانە دەستی بە لاواندنەوەی مـیـر سلێمـان بەگی مـیـران دەکـرد و... بەسـەر داسـتـانی خـانزاددا دەچووەوە... بە دەنگە نووساوەکەی! بەیتەکەی دەگوتەوە:

ئەوڕۆکە سەرێ من دێشی

دڵێ من ناگری قەرارێ

وە دەهاتە سەرباسی ئاوەدانی و پێشکەوتوویی وڵاتی سۆران و دەست ڕۆیشتوویی میر سلێمان بەگی میران:

لەلایەک تەسکەرە و عەرزوحاڵ نووسین بوو

لەلایێکی دیکە قۆڵ بەقۆڵ

تەتەر ڕەوانە کرانە...

بەخۆم لێ دەبوومە سەرکردە

قۆڵێکم هەڵدەدا لە بۆ قامچوغەی موبارەک

قۆڵی دیکەیان

لەبۆ شەناغە و گەزوەشانە

قۆڵی دیکەی هەڵدەدا لەبۆ زێی زەهاوی

هی دیکەیان...
لەبۆ سەقز وبانە
قۆڵێک لەبۆ شارەزووری... ئەویدیان...
لەبۆ شنۆ و ورمێ و مەملەکەتی لاجانە
سەد حەیف و سەد مخابنی دونیایێ
لەپاش سلێمان بەگی میران
وەلات مایەوە بەبێ خودانە

لەگەڵ بەیتەکەی پووربنەوش... ئێمە... منداڵەکان گەرم دەبووین... جوولەمان تێ دەکەوت... بە قونەخشکێ دەخزین... دەخزین... هەریەکەمان دەیەویست پتر لە پورێ نزیک ببێتەوە... پوورێش لەبەر فرمێسک ڕشتنەوە... سەری دەهەژاند و باسی ڕاو و شکاری میر و سوارچاکانی وڵاتی سۆرانی دەکرد و دەیگوت:

میر سلێمان بەگی میران گازی دەکرد دەیگوت:
وەرە... لەو قۆشەنەی لێ ببە سەرکردە
هەڕوو...
بەسەر بەحرکەی ڕەنگین دابدە
کوورەی موحەکان
چریکەی ڕکێفان
دەنگی تەپڵی بازی
لە شووری فاتمێ
لەگەروەکەی بەکوچک و بەردە
لەبارەکی تۆز و گەردێیان وەردەدا
هاوارتە... لەمن
لەپاش... میر سلێمان بەگی میران
کوو بەفنجانەکی قاوەی
دەست لە دوونیایێ بەردەدا؟!..

وە بەسەر بەیتی خانزاد و داستانی میر سلێمان بەگی میران و ژیانی سۆران دا دەچوەوە... تاکو دەگەیشتە سەر چۆنیەتی کوشتنی میر سلێمان بەگ لەلایەن والی بەغدا... بەفنجانەکی قاوەی، ئەمەش بە پلان و دەسیسەی «لەشکری»... ناوێک... کە جێی بڕوایی و متمانەی میر بووە!!

دەنگی پوورێ... وورده وورده نەرمتر دەبوو... جارجارەش دەنگی دەنووسا کە دەیگوت:

– والی عوسمانیان... چەند هەوڵی دەداو پلانی دەگێڕا... چ ڕێگاییێکی نەدەدۆزیەوە کە بە هۆیەوە زەفەر بە میر ببا!... هەموو فڕوفێڵی بۆ لەناوبردنی بەفیرۆ دەچوون... ئەوجا دەنگی بەرز دەکردەوە و بەسەر بەیتەکەدا دەچوەوە:

کەس بە ڕۆمیان نەکا متمانێ
ڕۆمی... یاخوا چاو... و کوێر بێ
مێرچاکان دەبڕنەوە لە مەیدانێ
لەجیاتی قاوەی
ژەهریان دەدانێ
وە لەخۆی دەپرسی:

– بەڵام... چۆن دەیتوانی ئەوها بەئاسانی زەفەر بەمیر ببا؟... زوو... زوو... سەری دەژاندەوە و وەکو دایکێک کۆرپەکەی بلاوێنێتەوە... تا هەر بەخۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەدایەوە:

– هەموو خەڵکی سۆران و ناوچەکانی دیکەی وڵات... بە پانایی و درێژاییەوە... لەپشت میر بوون، هەموویان دەست بە شیر و ڕم و خەنجەر ئامادەبوون لە ڕێگای میرو پاراستنی سۆران... گیانیان ببەخشن، کەوابوو چۆن دوژمن دەتوانێ سەر بە میللەتێک بچەمێنێ... ئەگەر ئەو میللەتە یەک قسە و یەک ڕێگا و... ڕەوشت بن؟...

والی عوسمانی بێ داد و بێ دین... هەر لەسەر خووڕەوشتی هەموو والییەکانی دیکە... لەسەر ڕەوشتی هەموو زۆردار و لەخوانەترسەکان... دەستی بە پیلان گێڕان کرد دژی میرو دژی سۆران!، ئەو زاڵمە دەیزانی لەمەیدانی جەنگ و ململانێی مەردانە... دەستی میری نەبوو... هەڵستا قاسیدێکی بە نامەیەکەوە بۆ لای میر ڕەوانە کرد... لەنامەکە لە میر دەپاڕایەوە:

ئەی میری گەورەی سۆران
میری سلێمان بەگی میری میران
ئێمە هەموو موسوڵمانین... قورعانمان ڕابەرە
هەموومان بەرزی ئاڵای ئیسلاممان گەرەکە
ئێمە چۆن برای دینی یەکترین
هەروا دەبێ برای خوێنی یەکتریش بین

بەم ڕەنگە بانگهێشتنی میر دەکا بچێتە بەغدا... تاکو لەوێوە خزمەتی بکا و پەیوەندی برایانە و ئیسلامانەیان بەهێزتر بکەن... بناغەی دۆستایەتیەکی پتەو لە نێوان وڵاتی سۆرانی موسوڵمان و بابولعالی خەلافەتی ئیسلام... لە ئەستەمبوڵ... دابڕێژن!!

والی دڕندە و فێڵباز لە نامەکەیدا بۆ خزمەت میری نووسیبوو کە:–

ئەو ویست و فەرمانی خەلیفە و ڕەهبەری ئیسلامە و جێنشینی پێغەمبەر و سوڵتانی موعەززەمە، ئەگەر میری گەورە نەتوانێ تەشریف بێنێتە بەغدا... ئەوا والی... واتە بەندە دەبێ بەخۆی بچێتە هەریر و لەوێ بەدیداری میر موشەررەف بێ و پەیمانی ئیسلامەتی و دۆستایەتی پێکەوە بەناوی حەزرەتی سوڵتان ببەستن!!

پووربنەوش... ئاهێکی گەرمی دەخواردەوە و لەبەر خۆیەوە دەکەوتە گلەیی؛ وەکو بەرامبەر میر سلێمان بەگی میران دانیشتبێ و ئامۆژگاری بکا و هۆشیاری بکاتەوە و... پێی بڵێ:

– نەچێتە دوو بانگەکەی ئەم حاکمە ڕۆمییە!

– نەچیتە... دوو... بانگە... ئەوە... بانگ نییە... ئەوە لوورانی گورگە!

وە بەسەر بەیتەکەدا دەچووەوە:

کەس بە ڕۆمییان نەکا متمانێ

ڕۆمی... بێ قەولن... بێ قەرارن... بێ ئەمانن

بە پێغەمبەری ئاخر زەمانێ

ئینجا لەسەر گێڕانەوەی سەربووردەو داستانەکەی بەردەوام دەچووەوە:

– میر... کە ئەو نامەیەی والی عوسمانی پێ گەیشت؛ سەری لە قسە لووس و چەورەکانی والی سوڕما... تا ماوەیێک لێکی دەدایەوەو لەگەڵ خۆی یەک و دووی دەکرد... بیری دەهێنان و دەیبردن.. و لەگەڵ خۆی دەدوا:–

– هەموو والیەکان و فەرماندەکانی عەجەمان... بێ ئەمان و درۆزن و ستەمکار بوون!.

کە منداڵ بووم... لە نێوان هەردوو کۆڵەگەکەی هەیوانی پێش ماڵمان دەوەستام، سەیری بارانم دەکرد، تا ئیمڕۆکەش دەنگ و دیمەنی باران خۆشییێک دەداتە لەشم... کامەرانییێک... دەخاتە ناو گیانم، ئەگەر ڕۆژیش هەتاو بوایە... ئەوا دەمڕوانیە جولانەوەی خەڵکەکەی لە سەر شەقامەکە... یان لەناو کۆڵانەکانی گوند دەجوولانەوە... بەتایبەت ئەوانەش کە لە سەربانی خانووەکەی مەلا حەسەن کۆدەبوونەوە... و ئەوانیش دەجوولانەوە و یەکتریان دەدواند و یاریان لەگەڵ یەکتر دەکرد بەڵام نەمدەزانی چییان دەکردو چییان لەگەڵ یەکتری دەگوت!!

ئێوارەییێکی ئەو ڕۆژانە، ڕۆژ... هێشتا ئاوا نەببوو،، دەروێشێکی کەڵەگەتی مێزەرسپی ڕووپانی ڕدێن درێژی عەباشۆڕی دەف بەدەست لەسەر بانەکە ڕاوەستا، توورەگەییێکی گەورەی بەلاملیەوە هەڵواسی بوو، گۆچانێکی درێژی بەدەستەوە بوو، لە هیکڕا.. لەناو گوند پەیدا بوو.. لەسەر بانەکە.. ڕاوەستا.. ئەو کاتە خەڵکەکە بانەکەی چۆڵ کردبوو!!

مام دەروێش... توورەگەکەی لێک کردەوە و لەسەر زەوی دانا، ڕووی دەمی کردە گوند... بەرەو ژوور دەیڕوانی و سەری بەرزدەکردەوە... هەتا تێردەبوو سەیری چیا بەرزە ڕەنگینەکەی دەکرد... ڕووی بۆ ناو چەمەکە دەسووڕاندەوە و ماوەییێکیش لەو دەریا سەوزە... وەڕادەما... ئەوجا سەیری لای ڕاستی و لای چەپی دەکرد و بۆ هەموو لاییێکی گوند دەیڕوانی...!

من... چووبوومە ناوێن هەردوو کۆڵەگەکەی پێش هەیوانی خانوەکەمان، منداڵانی گوند ڕایان دەکردە سەربانی خانووەکەی مەلا حەسەن، من... خۆم خزاندبووە ناو هەر دوو ئەستووندەکە... سەرم بڵند کردبوو... چاوم لە دەروێش ئاڵاندبوون... لەسەر سواندەی بانەکە ڕاوەستابوو؛ سەری بۆ هەموو لاییێکی خۆی دەسووڕاندەوە... توورەکەکەی لەسەر ملی کردەوە... لەسەر زەویەکە رایخست... گۆچانە درێژەکەی لەسەر توورەگەکە دانا، دەفەکەی لە لاشانی کردەوە و ڕۆخێکی گرت... ڕای وەشاند و بەرزی کردەوە... ڕای وەشاندەوە... زرینگە لە پلپلەکانی دەفەکەوە دەهات، دەفەکەی خستە ناوێن هەردوو لەپی دەستی:

دنگ... دنگ... دنگ!!

دەفی لێ دەدا، لەپڕ لەناو دەف لێدانەوە... دەنگی دەروێش بەرزبووەوە و دەستی بە بەیت خوێندن کرد:

هەی گوڵ هەی گوڵ... گوڵی من کوانی

ئاغام شێخ سەعید... قوتبی سلێمانی

شاخی هەورەمان چەند بەرز و کۆمە
شێخ سەعید... هەیرۆ یەخسیری رۆمە
هەی گوڵ هەی گوڵ بەری بەیانی
قورعان دەخوێنی شێخ لەسەر ڕانی
فرمێسک دەباری وەکو بارانی
شێخیان شەهید کرد جەژنی قوربانی

لەگەڵ دینگەی دەف و دەنگی دەروێش... خەڵک لە زارکی خانوەکانیان دەردەپەڕینە دەرەوە، هەندێکیان شتومەکیان بە دەستەوە بوو بۆ دەروێشیان دەبرد، دایکم لە کەندووەکەی بنەبانی ژوورەکەمان... لەنگەرییێک ساواری دەرهێنا... هاتە بەردەرگا... پێم گوت:

– دایە... ئەوە بۆ مام دەروێشە؟

– بێنە دایە... بێنە من بۆی ببەم!

لەنگەرییە ساوارەکەی نەدایە من... بەدەنگێکی نووساو گوتی:

– نا ڕۆڵە... نا... بەخۆم بۆی دەبەم!

لای وابوو لە ڕێگا لێم دەڕژێ... من هێشتا منداڵ بووم، دایکم بەخۆی ساوارەکەی هەڵگرت... چووە سەربانەکە... نزیک مام دەروێش لەنگەریە ساوارەکەی خستە ناو توورەگەی دەروێش، خەڵکی دیکەش وەک دایکی منیان کرد، مام دەروێش... ناوەناوە ئاوڕی لە خەڵکەکە دەدایەوە لەوانەی شتومەکیان بۆ دەخستە ناو توورەگە و... هەر گۆرانی دەگوت:

هەی گوڵ.. هەی گوڵ.. گوڵی من کوانێ!..
لە مابەینی هەولێر و پرد
ماڵی وێرانم شێخ سەعیدیان برد
لە مابەینی هەولێر و موسڵ
ڕێگا دەچێنم بە دار و بە گوڵ
شێخ پێی دا بڕوا بۆ شاری موسڵ
هەی گوڵ هەی گوڵ گوڵی من کوانێ
شێخ سەعیدیان کوشت جەژنی قوربانێ
ئاغام شێخ مەحموود... شێخ سەعید کوانێ
دایکم.. بە چاوی فرمێسکاوی دەگەڕایەوە!..

دایکم... دەگریا، نەمدەزانی بۆ چ دەگریا، ڕام دەکردە لای دایکم... لچکی چارۆگەکەم دەگرت... خۆم پێوە دەنووساند... لێم پرسی:

– دایە... ئەو مام دەروێشە کێیە؟

– بۆچی دەف لێ دەدا؟

– مام دەروێش چی دەڵێ... بۆ هاوار دەکا... دایە؟

دایکم... دەستێکی وەسەری داهێنام... بەدەنگێکی گرینۆک پێی گوتم:

– ڕۆڵە مام دەروێش پیاوی خوایە، بەیتی شەهید کردنی شێخ سەعید... دەخوێنێتەوە!

وە لەبەر خۆیەوە لێوی دەجولاندەوەو دەیگوت:

– کافرن... بێ دینن... ئەو ڕۆمیییانە کافرن... خودا لێیان قەبووڵ نەکا!.

دایکم دەستی گرتم... لەبەر دەرگای خانووەکەمان... لەبن هەیوانەکە... ڕاوەستاین، ئەو دەگریا... منیش سەیری دەروێشم دەکرد، لەناو دڵی خۆمدا منگە منگم لێوە دەهات، هەر ئەوەندەشم دەزانی بڵێم و... بڵێمەوە:

هەی گوڵ... هەی گوڵ .........

پووربنەوش... لەسەر گێڕانەوەی بەیتی خانزادو میر سلێمان بەگی میران... بەردەوام بوو، باسی چوونی میری دەکرد بۆ لای والی عوسمانی لەبەغدایە... دەیگوت:

– لەو کاتەی میر بیری لە نامەکەی والی دەکردەوە و گوفتو لوفتی لە نامەکەدا.. هاتبو.. هەموو سەری لێ شێوابوون... لەو کاتە لەشکری لەمیر دێتە ژوورەوە، میر... چونکی بڕوایی زۆری بە لەشکری دەکرد... چۆنیەتی نامەکەی والی عوسمانلی و هەروا دوو دڵی و گومانی خۆیشی بۆ ئەو پیاوە ئەمیندارەی دەگێڕێتەوە و داوای لێ دەکا ئەویش لەم ڕووەوە هەر بیرو ڕایەکی هەیەتی... بەمیری بگەیەنێ!

لەشکری... بەبێ بیرکردنەوە و... وەستان... بەمیر دەڵێ:

– قوربان... بەجوانی نابینم دەعوەتی خەلیفەی ئەستەمبۆڵ و... جێنشینی پێغەمبەری خودا... هەروا بانگەکەی والی بەغدا... ڕەت بکەینەوە!...

وە بەمۆنییەوە گوتی:

– هەر بۆ ئەوەش... کە گەورەیی و دەسەڵاتی خۆت ئاشکرا بکەی ئەوە ڕاست ترە کە بەدوو بانگەکەوە بچی... هەتا خەڵکەکەش... عوسمانیەکانیش... بزانن میری گەورەی سۆران کێیەو چ پیاوێکە!! چ پیاوێکی بەجەرگ و نەترس و بەهێزە!...

بەم ڕەنگە... لەشکری... میر بەوە ڕازی دەکا بچێتە بەغداو خۆی بهاوێژێتە تۆڕی پیلانەکەی والی عوسمانیەکان. پووربنەوش وەک زگ سووتاو سینگی خۆی دەکوتاو بەبەری دەستی لەلاڕانی خۆی دەدا و بە لاواندنەوە دەیپرسی:

– کێ دەیزانی لەشکری خائین و خۆفرۆشەو قەستی لەناو بردنی میر دەکا؟

– کێ ئەو چاوە کۆردەکاتەوە کەئاوی لێ دەخواتەوە؟

– کێ ئەو مەمکە دەبڕی... کەبەشیرەکەی فرچکی گرتووەو... پێی ڕواوەو گەورە بووە؟

وە هەر بە خۆشی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوەو دەیگوت:

– کەس... مەگەر یەکێکی بێ ئەمەگی... حەرام زادەی... سپڵەی وەکو لەشکری!

ئینجا پوورێ بەدڵێکی شکاوەوە بەسەر بەیتەکەدا دەچووەوە:

– کەمیر سلێمان بەگ دەگاتە کن والی بەغدایێ... زۆر بەخێری دێنێ... بەگەرمی پێشوازی دەکا... بە تەپل و مۆسیقاو کەڕەناوە... لەشکرەوە... بەپیریەوە دەچێ... پتر ڕیزی لێ دەنێ، چونکی میر مرۆیەکی

نازدارو لێ وەشاوەبوو... والیش بەقەبوڵ کردنی میوانداریەکەی زۆر دڵخۆش بوو... وەدەهات ئەو گەردەی لەسەر دڵی نیشتبوو... ئەو گومانەی لەمیری دەکرد... بەو چوونەی میر... هەمووی لەسەر دڵ بڕەوێتەوەو دڵی لەمیر پاک بکاتەوە، لەگەڵ خۆیدا لێکی دەدایەوە:

– میر... ئەوهانیە؟... وەکو دووڕوو... و... ناپاکەکان باسیان بۆ هێناوم؟

بڕیاریش دەدا کە چۆنیەتی ڕاستەقینەی میر بە خەلیفەی ئەستەمبۆل ڕابگەیەنێ... هەروەها میریش بەڕیزترو بە خەلاتێکی زۆر گەورە و گران بۆ وڵاتی سۆران بەڕێ بکاتەوە!.

لەشکری... دڵپیس و نەگریس کە ئەم ئەنجامەی بەیەکتری گەیشتنی میرو والی دەزانێ و دەبینێ... دەپەشۆکێ... سەری لێ تێک دەچێ و لەگەڵ دەروونی ڕەشی خۆی دەدوێ:

– قەت نابێ ئەمە وابێ!

– چۆن ڕیسەکەم لێ دەبێتەوە خوری؟

– من... چیم چاندوو... چی دەدوورمەوە؟

لەشکری ناپاک ئەوها لەگەڵ خۆی دەدواو بیری دەگوشی بەهەر نرخێک بێ وابکا دڵی لە میر... کرمێ بکاو بناغەی دۆستایەتیەکەیان هەڵتەکێنێ... و تەم ومژ لەئاسمانی ڕوونی پەیوەندیەکەیان پەیدا بکاتەوە!.. لەشکری... شەوێکی تاری... وەک دەروونی خۆی ڕەش... ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ... خۆی دەگەیەنێتە سەر لەشکرەکەی والی عوسمانی... ئەو سەر لەشکرەش هاوکووفی لەشکری بوو... وەک ئەو... پیاوێکی دڕندەو پیس و تەماحکارو بەدخوو بوو... وە لەڕێگای ئەو سەر لەشکرەوە خۆی دەگەیەنێتە لای والی عوسمانی و والی تێ دەگەیەنێ کە:

– میر سلێمان بەگ پیاوێکی سەرکەشە... مرۆییێکی کەللە ڕەقە و بەغەرەزە لەخۆباییبیە!

وە بەوالی دەڵێ:

– ئەگەر ئیمڕۆ قسەکانی میر... گفتوگۆیەکەی خۆش و بەرامبەر بە جەنابتان زمان شیرینە... سوبەینێ کە دەگەڕێتەوە سەر خاکی سۆران... لەخەلیفە یاخی دەبێ و دوژمنایەتی عوسمانلیەکان دەکا... چونکە میر دۆستی حاکمی عەجەمانەو هەر لەکۆنەوە بنەماڵەکەیان دوژمنی عوسمانلی بوون...!

لەشکری... والی عوسمانلی وەها تێدەگەیەنێ... کە گەڕانەوەی میر بۆ سۆران، مەترسی زۆری بۆ خەلافەت تێدایە!.

والی... هەوەڵ جار بەقسەکەی لەشکری پێدەکەنی و دەڵێ:

– بەڵام میر سلێمان پیاوێکی لێهاتووە... ماقووڵە... مەندو لەسەرخۆبە هێمنە... ڕوو... و ڕەوشتی ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆییێکی ڕاستگۆو بێ فڕو فێڵە.

لەشکری بەو دڵەی ڕەشیەوە... بەو نەوسی پڕ لە کینەو ڕکەوە... بۆ والی دەچەمێتەوەو دەستی لەسەر سینگی دادەنێ و دەڵێ:

– قوربان... ئەتوو میر وەکو من ناناسی... میر سلێمان بەگ پیاوێکی مۆنە... نەیارە...

بێ ئەمانە وەکو مارە

چەند بەڕواڵەت نەرمە

ئەوەندەش لەخۆبایی و کەللە گەرمە

بێ مەددەدە

پێ بنێتەوە سەر خاکی سۆران

بەڵام ئیمڕۆ چاری نییە... زەروورە

پێتان وەدا!!

لەخاکی باب و باپیرانی... دوورە

وە بەتەوسەوە بەوالی عوسمانلیان دەڵێ:

– جەنابی والی... میر ئەو هێمنی و ڕەوشت بەرزیەی کە ئیمڕۆ دەینوێنێ... هەر بۆ ئەوەیەتی ڕێگای گەڕانەوە بۆ خۆی خۆش بکا!... وە بەمۆنی بەوالی دەڵێ:

– گەورەم... میر قسەی خۆشن... ئەوە ڕاستە... بەڵام ئایا قسەی خۆش حیسابی لەسەرە؟... خورد دەکرێتەوە؟

وە دووبارەی دەکاتەوە کە ئەم میرە سەرکەشە... هەر پێی بکەوێتەوە سەر خاکی سۆران... ئیدی نە ئەتوو دەناسێ و هەزار خەلیفەو سوڵتان بە کۆتکە ئاوێکی سارد... دەکڕێ... بەڵام ئیمڕۆکە کە پێی لەسەر خاکی خۆی نییە... دەزانێ جێ پێی شلەو... ئەویش شل دەنوێنێ، هەر کاتێک پێی بکەوێتەوە سەر خاکی نێری سۆران... ئەوا ئەویش دەبێتە بەرانە کێوی و هەوای کوێستان وای لێ دەکا لەگەڵ ئاسمان شەڕە قۆچ بکا.

لەشکری... ناپاک و بێ ئەمەک... کە بەم ڕەنگە والی عوسمانلی فیت دەداو لەمیری سۆران دەیخاتە گومان، بەووردی چاوی لەوالی دەبڕێ... دەیەوێ بزانێ ئاخۆ قسەکانی چەند کار دەکاتە سەر والی!... بۆ پتر هارکردنی والی پێشنیار دەکاو بەوالی دەڵێ:

– بۆ تاقی کردنەوەی میرو دەرخستنی ڕاستی و ناڕاستی قسەکانی من... فەرمان بدە مشتێک لە خاکی سۆران... لەژێر ئەو مافوورەی میر لەسەری دادەنیشێ... ڕابخەن، ئەوجا بۆت ساغ دەبێتەوە کە چۆن میر هەر بۆنی خۆڵی سۆران بکات... چۆن لە کەللەی دەداو غروور دەبێ... دەیگرێ... نێر دەبێ... قسەی توند دەکا... دەست بە هەڕەشەو سەرکەشی دەکا.

والی عوسمانلی... هەر چەندە قسەکانی لەشکری دەیخەنە گێژەلوکەیێکی سەر لێ شێوان و گومانێکی لەق... بەڵام هەر لەسەر خوو... و ڕەوشت و نەفسیەتی هەموو والییەکانی دیکە... دەماری خراپەکاری دەبزوێ، دەنێرێ چەند مشتێک لەخاکی سۆران... لەژێر ئەو ڕایەخە بڵاو دەکەنەوە... کە میر لەسەری دادەنیشێ!.

بێگومان میر ئاگای لەم پیلانە حەرام زادانەی لەشکری نییە، هەروەها لەوەش بێ خەبەرە کە والی عوسمانلی تا چ ڕادەیێک گەوج و نامەردو دوو دڵەو حەز لە خراپەکاری دەکا، میر (لەپشت بەردی کەڕە)... کاتێک لەشکری دەچێتە لای و پێی دەڵێ:

– میری میران... ئاگات لەخۆبێ... والی و سەر لەشکری تورکان... خراپ فیکر دەکەنەوە و لەوانەیە هەوڵی کوشتنت بدەن...!! میر... لەو قسەیەی لەشکری سەری سوڕدەمێنێ و پێی دەڵێ:

– بەڵام لەشکری... وەکو لە گوفتار و ڕەفتاری والی دیار دەدا. وێ ناچێ ئەم والیەش وەکو والیەکانی دیکەی عوسمانلی... خراپ و خوێن ڕێژ بێ!... بەتایبەتی لەگەڵ منێک کە میوانی ئەوم و بەپێی خۆم... بەهەموو دڵسافی و دۆستایەتی لەدوو بانگەکەی هاتووم!...

لەشکری دەڵێ:

– بەڵام قوربان... ئەتوو بەخۆت لەمن چاکتر ئەو عوسمانلییانە دەناسی...
دەزانی چەند بێ ئەمانن... چەند ستەمکارن
چەند بێ وەفاو قەول و قەرارن
چەند کەچ و ناڕاسن
بێ دین... خوانەناسن

وە بەمیر دەڵێ:

– دەبێ حیسابی ئەوە بکەین کە ئەم والیەش لە دەستی دێ خراپەت لەگەڵ دا بکا!

– ئەم جۆرە درِندانە... دەم و دڵیان یەک نییە... جێگای متمانە و پشت پێ بەستن... نینە...!

میر... بەقسەکانی لەشکری زۆر دڵگیر دەبێ، دەکەوێتە دەریای بیرکردنەوەیێکی قووڵ ، دەگەڕێتەوە ناو ڕابوردووی وڵاتەکەی... ڕابوردووی باب و باپیرانی، ئاهێکی درێژ هەڵدەکێشێ و... لەبەر خۆیەوە خۆی دەدوێنێ:

– گەلێک لەباب و باپیرانمان... لە ناودارانی میللەتەکەمان... بەفڕوفێڵ... بێ ئەمان و ئەمەکی و نامەردی ئەوانە... لەناوچوون، دوورنییە لەشکری ڕاست بکا... والی لێی دەوەشێتەوە... بیری خراپیش بۆ من بکاتەوە...!

بەم ڕەنگە... میر دوودڵ دەبێ... گومان دەکەوێتە دەروونیەوە، لە لەشکری دەپرسێ:

– باشە... لەشکری... تەگبیر؟

وە پێشنیار دەکا کە:

– ئەگەر ئەم والییەش... وەکو ئەوانی دیکە... ناڕاس و خوانەناس و بێ قەوڵ و قەرار دەرچوو!... دەبێ ئێمە چۆن شتێکی وەها بکەین... دڵی ساف ببێتەوە... واز لەبیری ڕەش بهێنێ!

لەشکری... لەوەڵامدا بەمیر دەڵێ:

– قوربان... ئەمانە نازانن میری سۆران کێیە، لەوەش خافڵن کەمیر سلێمان بەگی میران... بە ئەوان ناخورێ، و تەواناى ئەوەی.. ئەگەر کار گەیشتە ڕادەیێک... تەواناى ئەوەی هەیە بەرگری لەخۆی بکاو وڵاتەکەی بپارێزێ!

وە لە بەر خۆیەوە قسە دەکاو ئەوەندە دەنگ بەرزدەکاتەوە... کە بگاتە گوێی میر:

– دەبێ بەڕەنگێک ئەو ڕاستییەیان تێ بگەیەنین... کە بزانن... چ ڕەنگە!... دەبێ ترس بخەینە ناو دڵیانەوە... دەنا ئەمانە کافرن... بێ دین و بێ ئەمانن... ئەمانە دەروونیان وەک هەوری زستان ڕەشە... وەک ئاوی گۆمی پیس... بۆگەن و لیخن و شێلووە، هەوری ڕەش چۆن سپی دەبنەوە؟... ئاوی گۆمی لیخن... چۆن پاک و ساف دەکرێتەوە؟

ڕوودەکاتە میر و دەڵێ:

– ئەمانە دڵیان لەکوێ بوو!... تا میر چاکی بکاتەوە؟

میر... کە هێوارێ، دەچێتەوە، وە تاخی والی و لەرۆخ والی لەسەر ئەو مافوورە دادەنیشێ و کە بۆ.. ئەو تەرخان کراوە.. بیری ئاڵۆز دەبێ... تەم و خەمێک تانەیان بەسەر ڕوو و دڵیدا... دەکێشن، وەکو

ڕۆژانی ڕابووردو... گەش نامێنێ وبزە لەسەر زاری پەرت دەبێ، فیکر لەوە دەکاتەوە کە چۆن دەتوانێ دڵی والی ساف بکاتەوەو تێی بگەیەنێ کە... وڵاتی سۆران... هەرگیز بیری ئەوەی نەکردووتەوە... شەڕوشۆڕ لەگەڵ عوسمانلیەکاندا... هەتا لەگەڵ عەجەمانیشدا... بەرپا بکا، مادام ئەمانە دەست درێژی بۆ سەر خاک و هاوولاتیانی سۆران ناکەن... ئیتر دڵنیابن کە سۆران پرکێشی لەکەس ناکا و... بەناڕەوا ئازاری کەسی نەداوەو... نایدا، حەز بەکوشتارو ڕووخاندن ناکا... بەتایبەتی لەگەڵ عوسمانیەکان... کە خەلیفەی ئەستەمبوڵ لە جێگای پێغەمبەر دانیشتووە و جەنابی والیش... لە چاکەو ڕوێکی خۆش و ڕیز بەولاوە... ڕووێکی ترش... یان نیشانەیێکی ناپیاوەتی... یان خراپەیێکی بەرامبەر بە میرو وڵاتی سۆران لێ دەرنەکەوتووە!.

میر... لەناو قووڵایی ئەم بیرانەو لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەم جۆرە لێکدانەوەو ئەو بیرە ئاڵۆزانەی کە لەشکری خستبوونیە مێشکی... دامابوو... ڕووگرژو نائاسایی دەهاتە بەرچاوی والی و دانیشتوانی دیوەخانەکەی!.

میر... سەبارەت بەو چۆنیەتیەی دەوریان دابوو... لە مێشک و دەروونیدا جێگایان گرتبوو... ناهەقی نەبوو دابمێنێ یان ڕووی گرژ دیار بدا یان بەتاڵی بئاخەوێ... بەکزی و دڵتەنگانە ڕەفتار لەگەڵ والی و جەماعەتی دیوەخان بکا.

والی کە ئەم گۆڕانە لە میر بەدی دەکا... لێی دەکەوێتە گومان و دوو دڵی، بڕوایی بە قسەکانی فەرماندەکەی خۆی و لەشکری ناپاک دێنێ و بڕیاری لەناوبردنی میر دەدا، لەناو گەرمەی وتووێژو سوحبەت... چاوێک لەقاوەچییە پیاوکوژەکەی هەڵدەتەکێنێ و... کە قاوە بەسەر میوان و دانیشتوانی وە تاخی والی دادەگێڕی قاوەکەی میر ژەهراوی بکا!

پووربنەوش... لەگێڕانەوەی بەیتەکەی خانزاد و لەشکریدا... کە دەگەیشتە چۆنیەتی کوشتنی میر سلێمان بەگ... دڵتەنگ دەبوو... هەناسەی دەگیرا... دەنگی دەنووسا... ڕۆندک لە چاوەکانی دەبارین... هەروەکو مەیتی میری لەپێش چاو ڕاکشابێ... ئەوها خۆی دەهەژاندەوەو میری سۆرانی دەلاواندەوە:

هاوارتە لەمن

لەپاش میر سلێمان بەگی میران

کوو بەفنجانەکی ژەهرێ

دەست لەدونیایێ بەردەدا

وە لەناو لاواندنەکەوە... نەرم نەرم... بەهەردوو دەستی ڕان و سینگی خۆی دەکوتا... و... بەدەنگە نووساوەکەی دەیگوت:

سەد حەیف و سەد مخابنێ دونیایێ

لەپاش میر سلێمان بەگی میران

وڵات مایەوە بەبێ خودانە

زۆربەی ئەو شەوانەی... پووربنەوش... ئێمە... منداڵانی گەڕەکی کۆدەکردینەوە، ئەم بەیت و داستان و سەربووردو هەقایەتانەی بۆ دەگێڕاینەوە... خاڵەمین و خاڵۆژنیشم... ئەوانیش وەکوو ئێمە... لە دەورەی پوورێ خۆیان کڕ دەکردو گوێیان بۆ شل دەکرد، کاتێ لە گێڕانەوەش دەگەیشتە جێگایێکی دیار... هەندێک بۆی دەوەستاو هەقایەتەکەی دەبڕی تا هەناسەیێک بخواتەوەو بهەسێتەوە، خاڵۆژنیشم ناوی

خـوای دەهێناو هەڵدەسـتـا دەچوو دەسـتی بۆ بنی ئەسـتـەرک درێژ دەکـرد... یان لە کـەندووەکـەوە... پێ تەرازوێک گـوێز و مێـوژ و مێوەی وشک کـراو... یان ڕیەناری دەهێناو لەبەردەم پووریێ و ئێـمـەی دادەنا، ئەگەر زستانیش زۆر درەنگ نەبوایە... ئەوا وادەبوو هەنارو هەرمێ و سێویشمان بەنەسیب دەبوو.

ئەوشەوە چاوم لێ بوو کە خاڵۆژنم دەچەمایەوە و سەبەتە ڕسقەکەی لەبەردەم دادەناین... فرمێسک لە چاوەکـانی دەتکان، لەکـێل بـوونەوە بەگـورجی دەسـتـێکی هەڵدەبڕی و بە کـەلانگوچکی کـراسـەکـەی... چاوەکانی سڕینەوە، ئێمەش نوتقمان دەگیرا، تا ماوەیێک بەرامبەر گوێزو مێوژەکە دادەنیشتین، کڕی و بێ دەنگی باڵی بەسەردا دەکێشاین... کەسمان زاتی نەدەکرد... پێش ئەوی دیکە... دەست بۆ شەوچەرەکە درێژ بکا... هەتا پووریێ ئەو تەمەی دەڕەواندەوەو لەسەرخۆ دەستی درێژ دەکردو بەدەنگ دەیگوت:

– یاڵڵا... ڕۆڵەکانم... بیسمیللای لێ بکەن!

ئێمەش... هەموو لەگەڵ ئەو دەمان گوتەوە:

– بیسمیللاهیل ڕەحمانەل ڕەحیم...

ئێـمـە... منداڵەکـان... خاڵۆژن و خاڵەمـینیـشم زۆر بەپەلە بووین... هەتا پووربنەوش دێتەوە سەرەخۆو دەست بەگێڕانەوەی بەیتەکە دەکاتەوە... چونکی زستان درەنگ بوو... دەبوایە پێش ئەوەی لالۆ نەورۆز لە دەرگای بەهار بدا... پووربنەوش... داستانی خانزادو لەشکرێان بۆ تەواو بکا.

هەر چەندە هەمـوومـان... بەهاتنی نەورۆز دڵخۆش دەبـووین و بەشـەوقـەوە چاوەنـواڕی ئەو مـێـوانە ئازیزەمان دەکرد... بەڵام کە لالۆ نەورۆز بوو بە مێوان و بەفرو شەختە و تۆف و سایەقە و سڕی... پێیان لەگوند کێشایەوە و بۆنی گوڵ و کولیکی بەهار... تێکەڵ بە شنەبای شەوان بوون... کێ دەتوانێ لە کونی ژوورەوە ئارام و ئۆقرە بگرێ؟... یان لەڕۆخ ئاگردان خۆی ببەستێتەوە!... ئەوەشمان دەزانی کە ئەگەر ئەو زستانە بەیتی خانزاد تەواو نەبوایە... ئەوا دەبوایە چاوەنواڕی زستانێکی دیکە بکەین... زستانێکی دی... دیسان بەسەریدا... بهاتبایەنەوە، و تاکو زستانێکی دیکەش... کێ دەیزانی کێ دەژی و کێ دەمری؟

پووربنەوش پاش هەسانەوەیێکی درێژ... دەستی لەناو سەبەتەکە کێشایەوەو ئەلحەمدولیللایەکی کردو هەناسەیێکی گەرمی هەڵکێشا، بەدڵێکی پڕ ڕک و خۆشەویسـتی سەیرێکی ئێـمەی کـردەوە، بزەیێکی تاڵی لەسەر زار هەڵفڕی... سەرێکی هەژاندەوەو دەستی پێ کردەوە:

– ڕۆڵەکانم... ڕەنگە بپرسن... پاش میر سلێمـان بەگی میـران... کە والی عـوسمـانلی ژەهر خواردی کرد، کێ... حوکمڕانی سۆرانی گرتە دەست؟

– ئایا... خوێنی میر... هەرئەوها بەفیڕۆ چوو؟

– یان... دەبێ لەشکری بێ ئەمەک و خۆفرۆش... پاش کوشتنی میر سلێمان بەگی میـران... چی کردو لەگەڵ ڕۆمییە بێ متمانەو بێ قەول و قەرارەکان... چۆن ڕێک کەوت؟

پووریێ... وا وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە:

– میـر سلێـمـان بەگ... خوشکێکی ئازاو سـوارچاک و دلێر و جوانی هەبوو... ناوی خانزاد خـاتوون بوو، هەتا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میریش... خانزاد خاتوون دەست ڕۆیشتوو... بوو، میر... گەلەک پرس و ڕای بەو خوشکەی بوو، لە بەڕێوەبردنی کارو فرمانی وڵات... یارمەتی لێ داوا دەکرد.

خانزاد خـاتوون... یان خانزادی سـۆران، کـیـژێکی خۆشـەویست بـوو، خەڵکی سۆران زێدە ڕێزیان لێ دەنا، میـریش زۆر مـتـمـانەی پێ دەکرد... دڵنیـایی پێ دەهات... تەنهـا شتـێک کە لەگەڵ خانزاد لەسـەری

ڕێک نەدەکەوتن... مەسەلەی لەشکری بوو، خانزاد بە تاقیکردنەوەو دووربینی خۆی... بۆی ڕوون ببوەوە کە ئەم لەشکرییە... هەر چەند سوپاسالاری میری... براییشە بەڵام پیاوێکی ناڕاست و بەدخووەو لێی ناوەشێتەوە ئەوها جێگای بروایی میر بێ و لەشکری سۆرانی بخرێتە بەردەست، زۆر جاریش ئەم ڕاستییەی بەڕووی میری برای دادەدا... بەڵام میر چونکی فرە لەشکری خۆش دەویست و هەر لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە ببوون... بۆیە بە مرۆیەکی دڵپاک و ئازاو دەست پاکی دادەنا، هەرگیز گومانی لێ نەدەکردو ئەم بروایییەشی بە لەشکری وای لێکردبوو بێ یەک و دوو ئەم پایە بڵندەی پێ ببەخشێ و لەشکری سۆرانی بخاتە دەست، هەر کە خانزاد هەوڵی دەدا میر لەو پیاوە دوو دڵ بکاو لە چۆنیەتی ڕاستەقینەی لەشکری هۆشیاری بکاتەوە... میر... دەستێکی برایانەی پڕ لە میهرەبانی بە لاملی خانزاد... دادەهێناو دەیکردە گاڵتەو مەسەلەکەی تەپس دەکردو دەیگوت:

– دەی... دەی... خوشکۆک دڵت ساف بێ، دڵی ناسک و پاکت... غەرەزو ڕک ناگرێتە خۆی، کینە... گەرد دەخاتە سەر ئەو دڵە پڕ سۆزەت!

پاشدان بەگوێیدا دەچرپاند:

– ئەم پیاوە لە ماڵی ئێمە گەورە بووە... باوکمان بەخێوی کردووە... باڵی باوکایەتی بەسەردا کێشاوە... واتا وەکو ئێمە حیسابی کردووە، لەو پیاوانە نییە گومان... لەڕاستی و دڵسۆزیان بکەین.

بۆ خانزادی دووبارە دەکردەوە کە زۆرجار بەخۆی لەشکری تاقی کردۆتەوەو ئەنجام بۆی ساغ بۆتەوە کە مرۆیێکی ڕاستگۆ و ڕاست ڕۆیەو خاوەن خووو ڕەوشتێکی بێ گەردە.

بەڵام خانزاد هەرچەندە دەیزانی کە میری برای لەم ڕووەوە قەناعەتێکی بۆ خۆی پەیدا کردووەو نەیدەتوانی لەم قەناعەتە بیگێڕێتەوە دواوە... هەرگیز وای نەدەکرد... کەمیر وا هەست بکا پێی سەلماندووە کە لەشکری پیاوێکی پاکەو شایانی ئەوەیە تا ئەم ڕادەیە جێی بروایی بێ.

میر... وەبەرگوێی کەوتبوو کە لەشکری خانزادی خۆش دەوێ و خانزادیش ئەوی خۆش ناوێ و بە چاوێکی سووک سەیری دەکا، هەر لەبەر ئەوە وای لێک دەدایەوە کە ڕکی خانزاد لە لەشکری سەبارەت بەو هۆیەوەیەو لە کانگای دڵیشیەوە حەزی دەکرد... خانزادیش لەشکری بویستبا... چونکی بەڕای میر هەر چەندە لەشکری پیاوێکی میرزادەو لە فامیلیاییێکی دیار نەبوو... بەم پێیەش شایانی خانزاد خاتوون نەبوو... بەڵام هەر لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە پەروەردەی بنەماڵەی سۆران بوو... و... جێی متمانەی میرو سەر لەشکری سۆران بوو... ئەویش... ئەو دەسەڵات و جێگا بەرزەی پێ بەخشیبوو، وە هەر لەپێناوی بەرژەوەندی وڵاتیش... میر... بەوە ڕازی بوو... تا ڕادەییێک لە دڵیشدا پێی خۆش بوو خانزادی خوشکی ئەویش بەوە ڕازی بێ کەببن بە هاوسەری یەکدی!. ببێ بە هاوسەری لەشکری، میر... هەرجارەی بیری لەو مەسەلەیە دەکردەوە... لەگەڵ خۆی دەدواو بەخۆی دەگوت:

– ئەگەر خانزادو لەشکری ببنە هاوسەری یەک... وڵاتی سۆران بەهێزتر دەبێ!.

وە زۆر پەرۆشی ئەوە بوو کە خانزاد تا ئەو ڕادەیە ڕک و کینەی لە لەشکری هەڵگرتووە... تەنانەت حەز بەوە ناکا ناویشی لەپێش بهێندرێ، میر... بەو چۆنیەتیە دڵتەنگ دەبوو... نەشی دەتوانی شتێکی وا بکا دڵی خانزادی خوشکی پێ بریندار بێ، لەبەر ئەوە لەم ڕووەوە قسەییێکی نەبوو... تەنیا ئەوەشی لەبەر دڵ گران دەهات کە خانزاد بێ پسانەوە... لەشکری دەشکێنێتەوە و هێرشی دەباتە سەر... هەوڵیش دەدا کە لەپێش دڵی ئەوی بخات و وای لەسەر بدوێ کە مرۆییێکی ناڕاست و ناپاک بێ لەگەڵ میر و وڵاتی سۆرانیش بێ بەختی لێ بوەشێتەوە.

پووربنەوش... دیسان سەری هەڵدەبڕییەوە... ڕووی لە ئێمە منداڵەکان دەکردو دەی پرسیەوە:

– دیتتان چۆن دڵی خانزاد خەبەری پێ دابوو کە ئەم پیاوە چەند ناپاک و دڵڕەشە؟

وە ئاهێکی درێژی هەڵدەکێشایەوەو بە دەنگە ژەنگاویەکەی دەیگوت:

– خۆزیا... ڕاستیی لەشکری بەدفەڕ... وەکو بۆ خانزاد خاتوون.. ئاشکرا ببوو... ئەوهاش لەبۆ میر ساغ دەبوەوە... ئەوساکەش میر... ئەوها بەنامەردی نەدەکوژرا!.

ئێمە... منداڵەکان پتر پەلەی ئەوەمان بوو کە پووریّ ئەنجامی کوشتنی میر... سلێمان بەگی میران و ڕووداوەکانی دوای کوشتنی ڕوویان داوە بگێڕێتەوە، وەکو بلّێی داپیرەش هەستی بەو ئاواتەی ئێمە کردبێ... ئەم لایەنەی هەقایەتەکەی بڕیەوە و پتر لەسەری نەڕۆیشت و... هاتە سەر باسی خانزاد و ئەو قەوماوانەی دوای ئەو تاوانەی لەشکری و والی عوسمانلی... بەسەر وڵاتی سۆران دا... ڕابوردن.

پووربنەوش... گێڕایەوەو گوتی:

– کە سلێمان بەگی میران، لەلایەن عوسمانلییەکان ژەهر خواردی کرا، لەشکری نامەرد... تەرمەکەی میری هەڵگرت و بەسەرشۆڕی بەرەو هەریر گەڕایەوە، پێش ئەوەی بگاتەوە هەریریش... کۆتەڵێکی گەورەو پڕ هەیبەتی بۆ تەرمەکە... هەڵکرد، کە گەیشتەوە پایتەختی سۆران... بەکزی و خەمبارییێکی درۆزنانە ڕووبەڕووی خانزاد خاتوون بوو:

– خاتوونی مەزن... ئەوە خودا هێنابووی، ئەوەی خوداش بیکا... بە بەندە ناگەڕێتەوە.

بەم ڕەنگە سەرەخۆشی لە خانزاد دەکرد!!.

خانزاد خاتوون... بەووریایی خۆی... پێش گەیشتنەوەی لەشکری و تەرمی برایەکەی بۆ هەریر... لە خەبەری کوشتنی براکەی و چۆنیەتی کوشتنی... ئاگاداری تەواوی بەدەست کەوتبوو، بۆیە زووبەزوو فەرمانڕەوایی سۆرانی گرتە دەست، سوپای کۆ کردەوە و بەڕێک و پێکی دابەشی کردەوە... قۆڵ قۆڵ بۆ سەر سنوورەکانی وڵات... بەڕێی کردن، چەک و جبەخانەکانی کردنەوەو بەسەر سوپاو بەسەر خەڵکی سۆران... دابەشی کردن... چونکی وەها لێکی دەدایەوە کە ڕۆمییەکان... والی عوسمانلیەکان هەر بە کوشتنی میر ڕاناوەستن و لەپڕ پەلاماری سۆران دەدەن و قەستی داگیرکردنی وڵاتەکەی دەکەن.

خانزاد... ئەوەشی بۆ ڕوون ببوەوە کە کوشتنی میر و پیلانی داگیر کردنی سۆران... هەمووی بەدەسیسەو کردەوەی ناپاکی لەشکری بووە... وە گومانی لەوە نەبوو کە ئەم ناپاکە... هەر لەپێناو ئەوە... ئەم خەیانەتە گەورەی لەگەڵ میری خۆی کردوە... کە پاش داگیرکردنەوەی وڵاتی سۆران و هاتنەوی عوسمانلییە زۆردارەکان بۆ سۆران... ئەو خۆی دەکرێتە میرو فەرمانڕەوا.

ئەم بۆ چوون و حیسابەی ئەو ناپاکەش... زۆر زۆر ڕاست بوو، ئەگەر عوسمانلییەکان خاکی سۆرانیان خستبایەوە ژێر چەنگ و زەبرو زەنگی خۆیان... کەسی لە لەشکرییان باشترو هەڵقە لەگوێ تر... بۆ ئەم فرمانە نەدەدۆزیەوە، لەشکری داردەستی خۆیان بوو، کۆیلە و ملکەچی ئەوان بوو، بەهۆی ناپاکی ئەوەوە... میری سۆران لەناوبردرا، هەر ئەم بێ بەختەش کەلێنو بواری بۆ عوسمانلییە خوێن ڕێژەکان کردەوە... کەبێنەوە ناو خاکی سۆران و داگیری بکەنەوە.

بەڵی بەم حیسابەی لەشکری و والی بەغدا... دەبوایە کارەکە وا بچێتە سەر و پلانەکەیان بەو ئەنجامەیان بگەیەنێ، بەڵام وەکو دەرکەوت خانزادی سۆران... لەو پیلان گێڕانە زیرەک و هوشیارتر بوو... و... بۆ چوونەکەی ئەم ڕاستتر بوو، ئەو دەست و بردەی کردی... پێشی بەو هەموو پیلانە گڵاوانەی

دوژمنەکانی سۆران گرت و سەرەنگونی کردن.

لەشکری... کە تەرمی میر سلێمان بەگی گەیاندەوە هەریر، بیری لەوە دەکردەوە کە پەندێک بە خانزاد بکاو تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، لەژێرەوە هەوڵی دەدا هەراو پەشێویەکی وا بخاتە وڵات کە ببێتە هۆی ئەوەی داوای یارمەتی لە عوسمانلییەکان بکات و ڕێگای ئەوە بۆ دوژمن خۆش بکات کە لە دەرگای سۆران بدەن و ئەویش بە ڕەحەتی دەرگایان بۆ بخاتە سەر پشت، ئیدی کە ئەو کارەساتەش قەوما... پلانەکەی بەرێکوپێکی و بەبێ گرێ و بەرهەڵستی دەچووە سەر... و بە ئاسانی فەرمانڕەوایی سۆرانی پێ دەبەخشراو... دەبووە میری میران، ڕم و شیرو خەنجەر... سەریان لەژێر پێی دەچەماندەوەو بەخۆشی و بەناخۆشی کڕنووشی بەخانزاد خاتوون دەبردو دەیکردە کەنیشکێکی کۆشک، بەڵام خانزاد لەم گێلە پیاوە ناپاکە... زاناترو دووربین تر بوو، پێش ئەوەش لەشکری پیلانەکەی بخاتە کارو بەیارمەتی ئاغاکانی دەست بوەشێنێ، ئەو... هەموو سنووری وڵاتی قایم کرد، قوللەو سەنگەرەکانی پڕ چەک و پیاو کردن، لەشکری... ش... گەڕایەوە هەریر... وەهای نەکرد کەپێ بحەسێ... هەموو شتێکی لێ ئاشکرا بوو، سەرەخۆشی لەشکری قبووڵ کردو پێی گوت:

– ئەوەی قەوما... لەهەمووومان قەوما، لە هەمووشمان پتر لەتۆ قەوما ئەی لەشکری... چونکی تۆ لە ئێمە... لەمیر نزیکترو خۆشەویست تر بووی!.

خانزاد دەیهەویست... لەشکری بەپێی خۆی بەرەو گۆڕ بکشێ، دەجا بابزانین دوایی کارەساتەکە چۆن بوو؟

پووربنەوش... لێرەدا گەرمتر بوو... دەنگی پتر دەکرایەوە... بەسۆزتر دەئاخڤی:

– خانزادی سۆران... بە دڵشکاوی... بە دەستوورێکی ژنانە، پێشوازی لە تەرمی برایەکەی کرد... هەروەها لە لەشکریش! وەها خۆی نیشان دەدا کە بەچاوی ڕێزو سوپاسەوە سەیری لەشکری دەکا...، سەبارەت بەوەی کە توانیویەتی تەرمەکەی میر سلێمان بەگی برای... لەناو دوژمنەکانیدا ڕزگار بکا، وە وەها لە لەشکری دەگەیاند... کە ئەم کارەی کارێکی پاڵەوانانە و نێرانەیە و ئەم جۆرە کارانەش... تەنیا لە یەکێکی وەکو ئەو... ئازاو نەبەزو دڵسۆز... دەوەشێتەوە، بەم ڕەنگە دڵی لەشکری لەگومان دوورخستەوەو بۆ لای خۆی ڕایکێشا... وە وەهای کرد کە هەرگیز گومانی ئەوەشی لێ نەکا... کە بەتاوانەکەی زانیبێ، لەمەش پتر بەچاوێکی وەها لە لەشکری ڕادەما کە بیهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی... خانزاد تازە چارەی نەماو خۆش و ناخۆش دەبێ بەمێرد و هاوسەری خۆی قبولی بکا، ئەو کاتەش ئەوەی دەیەوێ دەیکاو فەرمانڕەوایی سۆرانیش... بەبێ قڕەو بەبێ شەڕو کێشەو گێچەڵ... دەکەوێتە ناو باخەڵ و دەستی خۆی.

پاش ناشتنی میر... چەند ڕۆژێک بەسەرچوو هەتا هاتووچۆی خێڵ و تیرەکانی کورد... لەموکریان و لە بابان و بۆتان و ئێلام... بۆ پرسە کۆتایی هات، ئەوجا خانزاد پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی خۆی... هەروەها لەسەر تاوان و پیلانە دڕندانەکەی لەشکریش لادا.

ڕۆژێک لەڕۆژان... خانزاد خاتوونی سۆران فەرمانی دا کە ئەو کۆشکە گەورەیەی میر پێش سەفەرەکەی دوایی... دەستووری بەکردنی دابوو... و... نەخشەی بۆ کێشابوو... تەنانەت دەستیش کرابوو بە دروست کردنی و بەهۆی کوشتنەکەی کاری لێ وەستێندرا بوو، خانزاد فەرمانی دا... دەست بەتەواوکردنی ئەو کۆشکە بکەنەوە، هەروەها بڕیاریشی دا بۆ یادکردنەوەی میر سلێمان بەگی برای... تاقێکی بلندیش... لەپێش دەرگای کۆشکەکە... هەڵبنرێ، وەستاو خەڵفەو کرێکار ... بەردشکێن و نەقاڕ دەستیان بەکار کردەوە، کوورەی قسڵ و گەچ ئاوریان تێ بەردرایەوە، خانزاد خاتوون بەخۆی سەرپەرشتی

هەڵکەندن و دانانی بناغەی تاقە قووچەکەی کرد، کاتێک بناغەی تاقەکەش دارێژراو یەکەم ڕیزی دیوارەکەی دانرا... فەرمانی دا لەشکری پەل بەست بکەن.

لەشکری چەند پرکێشی کردو ئاوڕی لە دەورەی خۆی دایەوە، کەسێکی بەرچاو نەکەوت، ئەوەندە هاوارو بانگی کرد... کەسێک بەهاواریەوە نەهات، خەڵکەکە لە ناپاکی و بێ ئەمەکی لەشکری ئاگادار بوون، دەیانزانی چ کەتنێکی گەورەی کردووە... و تا چ ڕادەیێک وڵاتی سۆران و خەڵکی سۆرانی ڕووبەڕووی مەترسی کردووە، ئەوان... ئەگەر لەبەر خاتری خانزاد نەبوایە هەر بەخۆیان لێکیان دەکێشایەوەو سەریان دەپەڕاند، هەموو پێیان خۆش بوو لەشکری سزای ڕەوای خۆی وەربگرێ... چاوەنواڕی ئەوەیان دەکرد داخوا خانزادی سۆران چۆن تۆڵەی میرو تۆڵەی وڵاتەکەی لێ دەکاتەوەو چ سزاییێکی دەدا.

کە لەشکرییان بە پەل بەستی و زەلیلی هێنایە پێش خانزاد، بە چاوێکی خوێناوی و برا کوژراوانە سەیرێکی کردو بانگی کرد:

– ئێی لەشکری توخودا حەیفت نەکرد... ئەو دارەی لەژێر سێبەریدا... بەهەساوەیی و سەربەرزی دەژیای... ئەوها بەبڕینت دا؟

لەشکری تێگەیشت کە کار لەکار ترازاوەو... پیلانەکەی ئاشکرا بووە... تازەش ئینکاری کردن دادێک نابەخشێ، ناچار پێی لە گوناهەکەی ناو بە خانزادی گوت:

– هەر چبکەی ڕەوایە... من ناپاک بووم، ڕەوایە چاوەکانم بکۆڵی... زمانم ببڕی... دەستم بشکێنی... جەرگم هەڵدڕی و بیخۆی، ڕەوایە بە زیندوویی چاوان کەوڵم بکەی... من ناپاکم... من تاوانبارم... من بێ ئەمەکیم لەگەڵ میری خۆم کرد!!

وە چاوی بۆ ژێرەوە... بۆ ژێر پێیەکانی دانەواندن!!.

ئەو کاتەش خانزاد ئاوڕێکی لە خەڵکەکە دایەوە، ئاهێکی سەرکەوتووانەی خواردەوە، فەرمانی دا کە لەشکری ناپاک بەزیندووی چاوان... لەناو دیواری تاقە تازەکەی پێش دەرگای کۆشکە گەورەکە... بگرن!... وەستاو وەستاکار... هەر ڕۆژە چینێکی دیوارەکەیان هەڵدەنا، بە بەرزایی چینی دیوارەکەش... سەروسەکوتی ئەو خائینە دیوار قووتی دەداو... لەبەرچاو وون دەبوو.

لەشکری... لە تاوانەکەی پەشێمان ببوەوە، هەموو ڕۆژێک هەتا وەستاو کرێکارەکان دەستیان لەکار بەردەداو هێوارە دادەهات... هەر لەڕۆژهەڵاتەوە تارۆژاوا... لەناو چینەکانی دیوارەکە بەمیری جوانەمەرگی ستەم لێکراوی هەڵدەگوت... شەوانەش هەتا ڕۆژ دەبوەوە... دەنگی لەشکری لە چیاو دەشتەکەو... لەگوێی دانیشتوانی شاری هەریر... دەنگی دەدایەوە:

ئەوڕۆکە سەرێ من... دێشی
دڵێ من... ناگری قەرارێ

وە لەگەڵ لاواندنەوەی میر... باسی دەسەڵات و توانای خۆی... وەکو سەر لەشکری سۆران... دەکرد:–

قۆڵێکم لێ هەڵدەدا لەبۆ قەمچوغەی موبارەک
قۆڵێکی دیکەیان لەبۆ شەناغەو... گەزوەشانە
سەد حەیف و... سەد مخابنێ دونیایێ
لەپاش میر... سلێمان بەگی میران

ووڵات مایەوە... بێ خودانە

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێی لە تاوانەکەی دەناو فرمێسکی بەسەر دیوارەکەدا... هەڵدەڕشتن.

بەڵێ لەشکری پەشیمان بوەوە... بەڵام پاش ئەو کەتنەی ئەو کردی و لەو ڕۆژانەدا کە خانزادو هەموو خەڵکی وڵات بریندار بوون... لەو ڕۆژە بریندارانە... پەشیمانی چ دادێکی دەدا؟

میر سلێمان بەگی میران... گازی دەکرد...

دەیگۆ... لەشکری!

هۆ لەشکری... دەستێ خۆ... وەدە

وەرە... لەو قۆشەنەی لێ ببە سەرکردە

کورەی موحەکان... چریکەی ڕکێفان

دەنگی تەپڵی بازان

سەدای لاوژە بێژان

لەدونیایێ دەنگیەوە دەدا

هاوارتە... لەمن... سەد هاوارە

لەپاش... سلێمان بەگی میران

کوو بەفنجانەکی قاوەی

دەست لە دونیایێ بەردەدا...!

داپیرە بنەوش... تاماوەییێک لە گێڕانەوەی بەیتەکەی خانزاد و لەشکری دەوەستا، ئاهێکی فێنکی هەڵدەمـژت... وەکو ئاواتێکی ئەو بە کـوشتنی لەشکری هاتبێـتە دی... حەماسەت دەیگرت... دەنگی ڕەوانتر دەبوو... پتر گەرم دەبوو... هەڵدەستایە سەر پاشیان... وەکو خۆی خانزاد بێ و تۆڵەی برای خۆی لەو تاوانبارە بکاتەوە... هاواری وەستاو وەستاکارانی دەکرد:

– هەر ڕۆژەی چینێکی دیواری تاقەکە... دابنێن!

– نەیەڵن.. تێنوو بێ.. نەیەڵن برسی بێ!.

هەتا چل ڕۆژ تەواو بوو... دروستکردنی کۆشک و تاقەکەش... کۆتاییان هات... هەروا لەشکریش... لەشکری بێ وەفاو ناپاکیش... سێبەری لەسەر ڕووی وڵاتی سۆران و لەسەر ڕووی هەموو زەوی نەماو ڕەش بوەوەو بوو بەپەندێکی ڕۆژگار.

لەدواییشدا داپیرە دەهاتەوە سەرەخۆ... هێمن دەبوەوە، بەخەمگینی لەبەرخۆیەوە دەیگوت:

– ئەوی... خەڵکی کوشت... خۆی کوشت!

دیسان دەنگی بەرز دەکردەوەو... بە ڕووی ئێمە... منداڵەکان... دەگەشایەوە کە دەیگوت:

– ئەدی... ڕۆڵەکانم... ئەگەر دار کرمی لەخۆی نەبێ... عومری هەزار ساڵە!

– ئەدی چاوەکانم... ئەگەر لەشکری... جێی متمانەو بڕوایی میر... ناپاک نەبوایە... بۆچی میر ئەوها بە ناحەق لەناو دەچوو!... وڵاتیش تووشی نارەحەتی و ئەو مەترسییە گەورەیە دەبوو؟

– بەڵێ ڕاستە... دار کرمی لەخۆی نەبێ... عومری هەزار ساڵە!.

ئەم یادکردنەوەیە دەیکێشـامەوە ناو گێـژاوی گەردەلوول و گێـژاوی ئەو ڕۆژانەی تێدا دەژیـاین... کە کرمەکانی کۆمـەڵ کەوتبوونە جوولەو گەرا دانان و لەلاشەی کۆمەڵیـان دەدا... کۆمەڵیـان هەڵ دەوەشاندەوەو دەیان ڕزاندەوە. ئەو کرمانە بیری ئەوەیان نەدەکردەوە کە خۆشیـان بەشێکی ئەم کۆمـەڵەن... بەشێکی وەک سندان پەنماو... و بەتەشـەنا... لەوە خافـڵ بوون کە ئەگەر کـۆمەڵ هەڵبـوەشـێـتەوەو بڕوخێ... ئەو کرمـانە خۆشیان لەژێر کەلاوەکانی دەپلیشـێنەوەو دەکەونە یەکتری خواردن، وە ئەوەیان ناچوە مێشک کە پارەو خـۆپەرسـتی چاوی تاری کـردبوون، دەنا هەرگـیـز ڕوونـادا کـۆمەڵ هەڵبـوەشـێـتەوەو... بڕوخێ... یـان لەناو بچێ... بەڵام ئەو کرمانە... دوایی ئەو کرمانە... لەژێر پێی کۆمەڵ ڕەنگ دەداتەوە!

کـاتێک لەو قـسـانەی کـاک نافیـع وورد دەبوومـەوە کـە لە کۆبوونەوەکانی کۆمـەڵـە شێی دەکـردنەوە... لەگەڵ خۆم لێکم دەدایەوە:

– مـام حـاجی چۆن کـرم نیـیـە! کـە لەپێناو کـۆکـردنەوەوی چەند دینارێـک... لەگـەڵ دوژمنـی نەتەوەو نەتەوەو دین... لەگەڵ دوژمنانی ئینسان پێکەوە... دەست لە گەرووی خەڵکی وڵاتی خۆی دەنێ؟

– مـام حـاجی... قـاتی و برسـیـەتی لەوڵات پەیدا دەکـات، گەنمی لە نـاوچەکەمـان نەهێشـت، گەنم و دەغڵ و دانی هەمـوو وڵاتـی کـڕی... بەچوار قـات دەیکڕێ... بەنرخێک دەیکڕێ... لەڕەشـوڕووت و هەژاری وەکو ئێمە... ئەوانەی کۆمەڵ دروست دەکەن... تاقەتیان نەبێ... توانایان نەبێ بەو نرخە بیکڕن، مام حاجی و تۆفـیق بەگ و شـێخ قطب الدین... ئەمـانـە چەرچین... چەرچی دوژمنن... تاوانبـارن، چەرچی لەشکری داگـیـرکـەری ئینگلیـزن، گـەنم لەزاری منداڵەکـانی خـەڵکی وڵات دەردێنن... بۆ لەشکری بێگانەو... بۆ دوژمن... وەرێی دەکەن، ئەم تاوانە گەورەیە دەکەن... تا چەند پوولێک پتر بچێتە گیرفانیانەوە، دوژمنیش بەو هۆیەوە... بەهۆی برسی کردنی ڕەشوڕووت و قـاتی لە وڵات نانەوە... بەئارەزووی خۆی گێرە لە وڵاتدا دەکاو... سەر بەمیللەت شۆڕ دەکا... دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشکێ!.

– بەڵێ مـام حاجی کـرمـە... کرمـە پیسـەیە، کرمێکی کـوشندەو ژەهراویە، حـەقی هەر ئەوەیە... کـە میللەت – ڕەشوڕووت... پێیەکی توندی لێ بخشێنن... بەخاکەوە بیکەن بە چڵم!!

– ئەدی... تۆفیق بەگ... ئەم کرمە بۆگەنە کە پشـتی مام حاجی دەگرێ؟... بوویتە هۆی پاشاگەردانی و نالەباری و لەناوچوونی ئەم خەڵکە بێ گوناحە، ئەم ئاغایە داردەستـەی بێگانەیە... خوێزەو چەکدارەکانی وەک گـورگ خـسـتـونەتە ناو خـەڵک... خـەڵکی بێ چارە دەدڕن، وجـودی بازرگـانەکـانی گـیـانی ڕەشوڕووتەکان...دەچەسپێنن، حاجی و دەوڵەمەندەکان دەپارێزێ... ڕێ بۆ بێگانەو بۆ ئینگلیزەکان خۆش دەکا... تا بەبێ کۆسپ و گرێ دەست بەسەر وڵاتماندا بگرێ و سەر بەخەڵک بچەمێنێ!!

– تۆفیق بەگ بە پشـتیـوانی حکومەت... بەپشـتیـوانی حاکمەکانی ئینگلیزو بێگانە، بەدەیان پارچە مـوڵکی خـەڵکی گـوندەکـەی ئێـمـەو... گـوندەکـانی نـاوچەی زەوت کـرد، تۆوی فـیـتنەو دووبەرەکی لەناو خەڵکی وڵاتدا... دەچێنێ...، برای بەبرا... بەکوشتن دەدا!

– گـوندی بەرشـاخ بەفـیـتـەی تۆفـیـق بەگ وێران بـوو، کـە وێران بـوو... خـەڵکەکـە لەتاو ئاگـری دوژمنداری... بەجێیان هێشت، تۆفیق بەگ... بەسووک و ئاسانی دەستی بەسەردا گرت!.

ئەم کرمە پیسە... دوژمنداری خستە ناو ئەم گوندە هێمن و پڕ پیت و بەرەکەتە، باوک و برا... مام و برازاو... ئامۆزاو خاڵ و خاڵۆزای لێک هارکردن، هەموو خەڵکی گوندەکە... خزم و کەسی یەکتر بوون، تۆفیق بەگ دووبەرەکی و دوژمنایەتیەکی خوێناوی لە ناوێندا دروست کردن، تا وەهای لێهات ئەم خزم و کەسانەی یەکتری بەربوونە گیـانی یەکتری... پیاویان لەیێک دەکوشت... سەری منداڵی یەکدیان دەبڕی

تەنانەت بۆ ئەوەی پتر زیان لەیێک بدەن... گاووگۆل و... مریشک و قەلەموونی یەکتریان لەناو دەبرد... ڕەزو باخ و دارو دەوەنی گوندیان دەبڕی!!

– ئەم کارەساتە هەمووی لە گوندەکە دەقەوما، تۆفیق بەگیش... لەبنەوە ئاگری دوژمنایەتیەکەی خۆشتر دەکرد، حاکمی شاریش... جەنابی شێخ و مەلای مزگەوتیش... تەنیا دەستیان لەیێک دەداو پەککو پەککویان دەکرد، لەژێرەوەش پێیان خۆش بوو... خەڵکەکە ئەوها یەکتری ببڕێننەوە، گێل و گەلحۆیەکانیش... کارەساتەکەیان.. بە بەزمێک دەژماردو... چەپڵەیان لێ دەدا... بە ئازایەتی و ڕەشیدی.. خەڵکی گوندیاندا... هەڵدەگوت!!

– لەئەنجامدا گوندی بەرشاخ خاپوور بوو، کەسی تێدا نەما... ئەوەی کوژرا... کوژرا، ئەوانەی ڕزگاریشیان بوو لەترسی مردن... گوندیان بەجێ هێشت... سەریان هەڵگرت... ڕوویان کردە شارەکان... هەندێکیان هەتا بەغدا گیرنەبوون و بە ئاوارەیی مانەوە، تۆفیق بەگیش لەو هەموو کێشەو کوشتن وبڕینە... هەر ئەوەی پێ برا کە بەدەستووری حکومەت ببێ بەخاوەنی شەرعی گوندەکە!.

لەناو جستوو.. جۆ.. ولە ژێر پاڵەپەستی مێشک و دەروونمدا... لەژێر باری ئەم لێکدانەوە تاڵانەدا... بەخۆم دەگوت:

– سەرەڕای ئەم هەموو زوڵم و زۆریەی تۆفیق بەگ و حاجی و شێخ قطب الدین، خەڵکەکە هێشتا هەست بەوە ناکەن... کە ئەم هەموو ناڵەباری و هەژارییەیان... هۆی چییە؟ کەسێک تاقە جارێک هاوارێکی لێ هەڵنەستا... دەمی لێک نەکردەوە... بچریکێنی:

– مام حاجی... هۆیەکی ئەم ژیانە تاڵەی ئێمەیە!

– تۆفیق بەگ... یان شێخ مەلا قطب الدین... دەستیان لەم چۆنیەتیەو دەردەسەری و ماڵ ویرانیەی ئێمەدا... هەیە!

– حکومەت... حکومەتی زۆردارو داردەستی بێگانە و ئینگلیزی داگیرکەر... هۆی کەساسی ئێمەن!!

زۆربەی ئەم خەڵکە... چۆن وەها هەستیان مردووەو لەشیان سڕ بووە؟

خەلیفە سەرسۆر و دەروێش قادرو فەقێ حەمیدو... هی تریش... زۆر بوون زۆر کە بە ئاشکرا دەیان گوت:

– خودا... ڕزق دابەش دەکا!!

– دیارە بەشی ئێمە هەر ئەوەندە بوە...!

– خودا... ئەوەی لە چارە نووسیوین...!

– تۆفیق بەگ و حاجی و شێخ... ئەمانەش بەندەی خودان... خودا پێی داون!

– ئەمە کاری باری تەعالایە... هەر خۆی دەزانێ چ دەکا!

– دەست لە کاری خودا مەدەن... ئەوەی ئەو بیکا... هەر ئەوە ڕەوایەو هەقەو... هەر ئەوە تەواوە!.

تاکوو توکێک... لە گوند بەم جۆرە قسانە ڕازی نەدەبوون، بڕواییان بەم ورێنەیە نەدەکردو بەجۆرێکی دیکە بیریان دەکردەوە، ئەو تاکوو تووکەش عەمەری سلێمان و هاوڕێیەکانی ئەو بوون.

عەمەری سلێمان و تۆماو ڕەسووڵ... وەسمان و مەحموودو... ئەوانی دیکەش... هەرگیز بەوە ڕازی نەدەبوون کە کۆمەڵ بەم ڕەنگە دابەش بکرێ و خوداش بکرێتە سەرپشک و هۆی هەموو ناگزووری و قەوماوێکی کە لە گوندەکەمان قەوما بوو.

عەمەر دەیگوت:

– تۆفیق بەگ پیاوێکی خراپە... خوێن ڕێژە... خۆپەرستە، هەموو خراپەیێکی کە لە گوند دەکرێ... هەموو ئەو گیروگرفتانەی تووشمان دەبن... هەموو ئەوانە لەژێر سەری ئەون و... ئەو دروستیان دەکا!.

تۆمای هاوڕێشم بە ترسێکەوە دەی مرتاند:

– ئەدی ئەگەر مام حاجی و تۆفیق بەگ و شێخ مەلا... ئەوها دەغڵ و دانی ناوچەکە نەکڕن و هەمووی لە عەمبار قایم نەکەن... بە دەقات نەیدەنەوە بە پیاوەکانی حاکمی ئینگلیز... خەڵکەکە چۆن بەم ڕەنگە دەتەقێنەوە و لە برسان سەگتۆپ دەبن؟... ئەمانە زاڵمن... دزن... زێروون... خوێنی ئینسان دەمژن.

ئەو ڕۆژە... ڕۆژێکی هەینی بوو، لەگەڵ خەڵکێکی زۆری گوند... لە مزگەوتی گەورە... لە ڕێزێکی جەماعەت دانیشتبووم، شێخ مەلا قطب الدین... پێش ئەوەی هەلستێتە سەرپێ و هەنگاو بۆ سەر مینبەر بنێ، ئاوڕێکی لەلای ڕاستی خۆی دایەوە، مەلا سادیق و کۆمەڵێک سەرسپی... زەرد... لەولایەی هەڵتروشکابوون، شێخ بەڕوویانەوە گەشایەوە... دەستێکی وەڕیشی داهێنا، ڕووی سووڕاندەوە لای چەپی خەلیفە سەرسۆرو قادرو کۆمەڵێک دەروێشی خۆی، سەرێکی بۆ ئەمانیش هەژاندو بزەیێکی لەدەمی باری، خەلیفەو دەروێشەکانیش... وەکو مەیمونی پەروەردەکراو... لمووزیان بۆ دەم و چاوی شێخ بەرزکردەوەو بەچاو... ڕووی شێخیان دەلستەوە، شێخ... پتر گەش بووەوەو... هێمنیەکی زۆری بۆ پەیدابوو... بەگورجی بۆی قیت بووەوەو هەڵستایە سەرپێیان... تەشریفی بردە سەر مینبەر... لەسەر پێ بلقەکان دەلەنگییەوە...، کە لەسەر مینبەر گیر بوو... ڕووبەڕووی ئەهلی جەماعەت فەرمووی:

– گەلی برایان... ئەی موسوڵمانە خواپەرستەکان... خۆتان لەخودا مەکەن... ناشکور مەبن، قەناعەتتان هەبێ... ئەلقەناعەتوو کەنزون لایوفنا، ئەوە بزانن کە هەموو چاکەو هەروا هەموو خراپەش هەر لەلای خواوە دەبێ... و بە ئیرادەو ئیزنی ئەوە!!.. تۆبە بکەن... لە گوناهتان خۆش بێ، بپاڕێنەوە... پەشیمانی نیشان بدەن.

وە دەستی بۆ شیرە دارەکە بردو پرسی:

– بەڵام کێ هەیە بێ گوناه...؟... هەمووومان بەرامبەر بەخودا... ڕوو ڕەشین... هەر ئەوەمان پێ دەکرێ.. تۆبە بکەین.. دەرگای ڕەحمەت دانەخراوە!. لە خوا بپاڕێنەوە لە زەللەمان خۆش بێ، پشت لە دونیا بکەن و ڕوو بدەنە قیامەت!!

دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردنەوەو بە دەنگێکی لەرزۆک هاواری کرد:

– پەشیمانین خودایە پەشیمانین... لێمان ببوورە، وە بەر ڕەحمەتی خۆت و شەفاعەتی پێغەمبەرمان بخە، بەهەشتمان بە نەسیب بکە... ئامین... ئامین!!

مەلا سادیق و خەلیفەو دەروێش و حاجی و ئەوانی دیکەش... بە یەک دەنگ بانگیان کردەوە:

– ئامین... ئامین... یاڕەببول عالەمین!

– تۆبەو... ئیستیغفار... خودایە... تۆبە!.

منیش لەگەڵ خەڵکەکە دەنگم دەدایەوەو وەکو ئەوان ببوومە تووتی... بەڵام بەعەقڵی بچووکی خۆم لێکم دەدایەوەو... لەخۆم دەپرسی:

– بۆچ... کە خوا سەرچاوەی هەموو چاکەییێکە... هەموو خراپەش... دەبێ بەفەرمانی ئەو بێ؟

وام لێ دەهات دڵ لەدڵ بدەم و بکەومە گومان، وێنەی سەیرو ترسێنەر بە بەرچاومدا دەهاتن و

تێدەپەڕین:

– ڕەشید... سپیگرەیی... ئەو ئەشقیا پیاوکوژە بەزەیی بەدڵدا نەدەهاتەوە، ماڵی زۆر کەسی کاول کردووە، دەڵێن ئەم چەتە لەخوا یاخی بووە... خۆی لەناو خەڵک هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

– ئەو کات دڵم لەخۆشیاندا باڵ دەگرێ... کە یەکێک دەپێکم و لەتاو گیانی دا وەک مریشکی سەربڕاو پەلە قاژێ دەکاو... پانیی لەزەوی دەژەنی!!.

کە منداڵ بووم، دایکم و پوور زولێخاو زەخە شێت... لەگەڵ پیرێژنەکانی دیکەی گەڕەک... لە کۆڕی ژنانەی خۆیاندا... باسی (تاووس خان)...ی... ئاغاژنیان دەکرد!... تاووس خانی ژنی حوسێن بەگی... برا گچکەی تۆفیق بەگ، دەیانگوت:

تاوس... ی کیژی مام ڕەمەزانی، ئافرەتێکی بالاّ چناری چاوکاڵی برۆ ڕەش بوو، ڕوومەتەکانی ڕەنگی گوڵەباخیان دەدایەوە، پرچی... ئاوریشم بوو... مەرەزبوو، دەمی دەنکە باوی و ددانەکانی وەکو مرواری ڕێزیان بەستبوو، گەردن قاز... مێوژە ڕەشەی بخواردبا... لەگەرووی دیاری دەدا، لەگوند بەتاوسە شۆخ ناویان دەبرد، سنیگ و مەمکی تاوسە شۆخ... جحێلانی گوندیان لەدووڕا گێژ دەکردو دەیکێشان...! هەموو لاوەکانی گوند... بە ئاواتی ئەوەبوون ئەو کیژە جوانە ببێ بەهاوسەری ژیانیان و دەم بنێنە سەر ئەو سنیگ و مەمکە... ئاوی خۆشەویستی و ژیانیان... لێ هەڵمژن، بەلاّم کەڕەشۆی مام بایزی... ڕەشۆی لاوچاک و ئازا... دەهاتە مەیدانی کوڕێنی و دڵداری، چۆن لەیاری قاشۆیانێ... گۆی یارییەکە... لەبەر قاشۆی ئەو دەبوو... ئەوهاش گۆیەکانی سینگی تاوسە شۆخ... بەلێ وەشاوەیی کەوتنە چەنگی ئەو، تاوس دڵی دابووە ئەو، ڕەشۆ!.. لە ئەنجامیش لەناو هەموو کوڕوکاڵی گوند... ئەمی هەڵبژاردو...، لەڕۆژی زەماوەندیشیان... خەڵکی گوند شایی و داوەتێکی شایانی ئەو دوو لاوەیان بۆ گێڕان، تاوسیان بۆ ڕەشۆ کردە بووک و،... بۆ ڕەشۆ گوازتیانەوە.

لاوانی گوندیش بەبێ ڕک و کینە... ئاواتی بەهاوسەربوونیان لەگەڵ تاوس... لەمێشک و دەروون هاوێشتە دەرێ، ئەوانیش ڕەشۆیان خۆش دەویست... ڕێزیان لێ دەنا، لەزەماوەندەکەی هەتا هێوارە هەڵپەڕین و پیرۆزباییان لەهەر دوو دڵدار کرد...

تەنیا کەسێک کەبەم ئەنجامە ڕازی نەبوو... حوسە هەمبان...ی برای تۆفیق بەگ بوو، ئەو چۆن کوڕی میرەو زەبر بەدەستە، دەیەویست تاوسە شۆخ ببێتە موڵکی خۆی!!. وە بە ئاشکرا دەیگوت!. هەتا کوڕە بەگزادەیێک... بە کچە کرمانجێک ڕازی بێ... کێ دەتوانێ لەپێش ئەو ویستەی بوەستێ... با ئەو کێیەش... ڕەشۆی مام بایز بێ!!... با ڕەشۆی سەرکەش و ئازاش بێ!!

ئەو ڕەشۆیەی هەرگیز نا حەقی لەگەل قبووڵ نەدەکردو تەنانەت سەری بۆ میریش نەدەچەماندەوە!!

تازە مانگێک بەسەر بووک و زاوایی تاوس و ڕەشۆ تێپەڕی بوو، ڕۆژێکی هەینی... تاوسی نەوبووک لەگەڵ کیژو ژنانی گوند... لەسەر کانی ژنان کۆڵی دەکرد... جلکی زاوای دەشوشت، خۆی دەشت، لەپڕ... لەدەرەوەی کانی بوو بە هەراو هوریا، حوسێن بەگ... لەگەڵ دەستەیێک لەخوبزەو چەکدارەکانی تۆفیق بەگی برای، بێ ئابڕوانە هەڵیان کوتایە ناو کۆڵ خانەکەو، حوسێن بەگ... تاوسی بە ڕووت و قووتی لەناو ژنان لەسەر تاتە بەردەکە ڕاڕفاندو لە چارشەوێک لوولی داو ڕەکێشی کۆشکەکەی تۆفیق بەگیان کرد.

مودیر بەگ و قۆمیسێر... وەکو شتێک نەقەومابێ، لەو تاوانە بێ دەنگ بوون، بۆ هێوارەش... لەگەڵ شێخ و مام حاجی و مەلای مزگەوتی گەورە... چوونە دیوەخانی تۆفیق بەگ و بە فتوای شێخ... مەلا

تاوسی لەحوسێن هەمبان مارە کرد!.

– خەڵکە هەژارەکە.. ڕەشو رووتەکەی گوند، بێ دەسەڵاتانە سەریان شۆڕ کرد، کول و تووڕەیی دڵ و دەروونیان لەگەروێکی تاڵ و ووشک... قووت دایەوە!.

ڕەشۆ ئەو ڕۆژە چوبوە شار... ئێوارەیێکی درەنگ گەڕایەوە، دونیا تاریک ببوو، کاتێ بەکارەساتەکەی زانی... ئاگری گرت... ڕووبووە تفەنگەکەی... ملی دایە چیایە بەرزەکە، هەر ئەو شەوە و شەوانی داهاتووش.. دیواخان.. و کۆشکی تۆفیق بەگ و سەرای حکومەت و ماڵی مودیر بەگی دایە بەر دەست ڕێژی گولله، خەوی لەچاوی خەڵکی گوندی زڕاند، پیاوەکانی ئاغا... هەروەها پۆلیسیش... نەیان وێرا سەریان لەقاوغەکانیان دەربێنن، لەگەڵ ڕۆژهەڵاتیش... ڕەشۆ بۆ سەر لووتکەی چیا هەڵدەکشا، دەیەویست تۆڵەی خۆی بکاتەوە، حکومەت و تۆفیق بەگ ڕاویان دەنا... بەڵام ڕەشۆ پشتی بە چیا بڵندەکەوە بوو... نەیان دەتوانی زەفەری پێ بەرن، ڕەشۆ ترسێکی زۆری لە گوندو ناوچە بڵاوکردەوە، تۆفیق بەگ بە کۆمەڵێ تفەنگچی نەبوایە... نەیدەتوانی سەری هەڵبڕێ... یان بەئازادی بۆ ڕاوڕووت... بۆ گوندەکانی ناوچە... یان بۆ شار گوزەر بکا.

ڕەشۆی ئەشقیا... هەر بەپشتی چیا بەرزەکەوەیە، بەدوای تۆڵەی خۆیدا دەگەڕێ، هەموو ڕۆژێکیش دادەبەزێتە سەر ڕێگای شارو دێهاتەکان، پێش بەپۆلیس و چڵکاوخۆرەکانی ئاغا دەگرێ، ڕێبوار دەپشکنێ... خەڵک دەکوژێ!!

– دەروێش ببینێ... دەیکوژێ!

– مەلا... شێخ... تووشی بێن... گیانیان هەڵدەکێشێ!

– پۆلیس و فەرمانبەری حکومەت بگرێ... لەسەریان باز نادا!

– ئاغاو... پس ئاغاو خوبزەو کوێخا... هەرگیز لەدەستی ڕەشۆی چەتەی لەخوانەترس... ڕزگاریان نابێ!!

بگرە زۆر لە ڕێبوارو خەڵکی بێ تاوانیش... لە بن چەنگی ڕەشۆ... بە سەلامەتی... دەرناچن!!.

ڕەشۆی ئەشقیا... ئەم کارە پڕ ستەم و ناڕەوایانە دەکاو هێشتا دڵی ئاو ناخواتەوە، بانگ دەکا... بەگوێی دونیادا دەچریکێنێ:

– تۆڵە... تۆڵە... تۆڵە...!

– هەموو دڕندەن... گورگن... یان مل کەچ و کۆیلەو بێ دەسەڵاتن!!

ڕەشۆ هاوار دەکا:

– دڕندە... دەبێ کەڵبی بشکێ... لەناو ببرێ!!

– بێ دەسەڵات و کۆیلەو مل شۆڕیش... ئەوانەش حەقی ژیانیان نییە!!

ڕەشید سپیگرەیی بەزەیی بەدڵدا نایێتەوە، تیشکی مرۆڤایەتی لەدڵدا کوژاوەتەوە ئەویش بۆتە جۆرە دڕندەیێک... کە خۆ هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

– ئەو کاتە دڵم لەخۆشیاندا باڵ دەگرێ... کە یەکێک دەپێکم و لەتاو گیان دان... وەک مریشکی سەربڕاو پەلەقاژێ دەکاو پاژنەی لەخاک وەردەژەنی!!

خەڵکەکە... ئەوها دەگێڕنەوە... من هەرگیز ئەو پیاوکوژەم نەدیوە...

خەڵکەکە دەڵێن ئەو ئەشقیایە بەو دیمەنە دەنازێ و بەم شێوەیە تۆڵەی خۆی لە زۆردارەکان دەکاتەوە، جا کێ دەزانێ کەنگێ کۆتکەکەی پڕ دەبێ و کەنگێ تینوێتی دەشکێ... کەنگێ تۆڵەی خۆی سەربەسەر وەردەگرێتەوە؟

– لەم زەمانە... مرۆ دەبێ ببێ بەدووپشک... تاکو بتوانێ بەرگری خۆی لەزیندەوەرو جانەوەرو کرمەکانی دیکە... بکا!! ئەمە دروشمی ڕەشیدی ئەشقیاو پیاوکوژە!

خەڵکەکە وەها دەگێڕنەوە!

– ڕەشۆ... بەم ڕکە گەورەیە... بەم کینە بێ فەرە... تۆڵەی خۆی لەکۆمەڵەکەی دەکاتەوە، بووتە کرمەپیسەییێک کەوتۆتە گیانی کۆمەڵ، قەستی ئەوە دەکا کۆمەڵ کرمێ و بۆگەن بکا، ئەندامەکانی لەپاڵ یەک هەڵوەشێنێ!!

خەڵکەکە وەهایان دەگوت!

منیش... کە لەمەسەلەکە وورد دەبوومەوەو لێکم دەدایەوە، سەرم لەو چۆنیەتییە تفت و تیژە سوڕدەماو بەخۆم دەگوت:

– لەناو ئەم دونیایە کرمێ یە... لەناو ئەم ژیانە شڵۆق و ڕزی و تێک شکاوە... ئەم بارە نالەبارو بێ سەرو پایە، چۆن ڕێگای خۆم دەدۆزمەوە؟

وە قسەکەی داپیرە بنەوشم وەبیردەهاتەوە، کە دوابەدوای بەیتەکەی خانزادی سۆران، بەڕووی ئێمەی دادەداو دەیگوت:

– ئەگەر دار کرمی لەخۆی نەبێ... عومری هەزار ساڵە!

پووریم دەیگوت:

– ڕۆڵەکانم لەداریان پرسی:

بۆچ بیور ئەمەت پێ دەکا؟

دار لەوەڵامدا دەیگوت:

ئاخر کلکی لەخۆمە!!

هەزار ڕەحمەت لەخانزاد خاتوونی سۆران، ئەو شێرە ژنە فەرمانڕەوایی وڵاتێکی دەکرد، لەو سەردەمەی خۆیدا... هەتا ڕادەیێکی چاک وەدەردی کۆمەڵەکەی کەوتبوو، دەیزانی کێ دڕندەو گورگەو کێ دووپشک و کرمە، هەروەها دەیزانی ئەو دڕندەو زیندەوەرە پڕ مەترسی و زیان دەرانە... ئەو کرمانە چۆن چارەیان دەکرێ و لەناو دەبرێن!.

کاتێ لەم زیندەخەونە... کابووسە... لەقووڵایی تاریکی ئەم لێکدانەوەیە... ڕزگاربووم... هاتمەوە هۆش، دەنگە دەنگی کاروانچیەکان... پتر وریای کردمەوە، دایکم و پوور زولێخا... قۆری و ئیستیکان و ئامانەکانیان کۆدەکردنەوە، پیاوەکانیش... بارگەیان بۆ کاروانەکە تێک دەنا، بەهەناسەییێکی توند... سیپەلکەکانم فێنک کردنەوە، چاوم بەبناری چیای ڕەش دا... گێڕا، بەجێ و شوێنی قەڵا و کۆشکە گەورەکەی خانزاد... بەرامبەر دەشتە بەرینەکە... جێ شوێنی قەڵاتەکە... دیوارە ڕووخاوەکانی... کەلاوەکانی، بەداماوی بەرامبەر دەشتە فراوانەکە وەستا بوون، تاقەکەش... وەکو لاپەراسووی جانەوەرێکی ئەفسوونی گەورەو زەلام... لەپاڵ شاخە بەرزەکە ڕاست ببوەوە.

لەگەڵ خۆمدا دەمگوت:

– ئەگەر مرۆ بزانێ کام لادیواری تاقەکە... گۆڕی لەشکری گۆڕبەگۆڕی بەخۆیەوە... گرتووە... ڕەنگە ئەگەر لێی بکۆڵیتەوە... بتوانی هێسکەکانی بدۆزێتەوە!.

بەبێ دەستی خۆم... ئاهێکی قووڵ قووڵم هەڵکێشا، لەگەڵ ئەو ئاهە قووڵەدا... ڕابوردووی هەزارساڵەی میللەتەکەم تێکەڵ بەخوێن و دەمارم دەبوەوە، خوێنم بەتەوژمتر دەبوو... دەروونی دەهەژاندمەوەو پتر بەئاگای دەهێنامەوە. نەرمە بایێکی پاییزی هەڵی کرد، سەرکەلی داربەڕووە پیرەکانی دەهەژاندنەوە، دەتگوت ئەو دار بەڕووە پیرانەش، سەر بۆ ڕووداوی سەیری ئەم دونیایە دەهەژێنن!!.

* * *

# 19

تێکەڵ بوونی کاروانە بچکۆڵەکەی مام زانەوێر لەگەڵ کاروانەکەی ئێمە... گەرم و گوڕی پتر خستە ناو خەڵکەکە، بەتایبەت پاش هەڵچوونەکەی مەلا حەمید... گەلێک لەکەسانی کاروانەکە... قافی دەمیان کرایەوە، هەریەکەیان کەوتە گلەیی کردن لەو ژیانەیان، بوخچەی ڕۆژانی دژوارو نالەبەریان کردەوە، ژانەکانیان بۆ یەکتری هەڵدەڕشتن، چۆنیەتی... پڕ ستەم و تاڵ و نائاسایی ناوچەکەیان... دەڕشانەوە!.

کە مام زانەوێریش هاتەوە دەنگ، هەموویان گوێیان بۆ شل کرد، جار لەدوای جار سەریان بۆ دەهەژاندو ئاهو هەناسەی ساردیان دەخواردەوە.

مام زانەوێر... بۆ جاری دووەم دەستی بۆ کیسە تووتنەکەی بەرپشتی برد، قەننە قوڕینیەکەی لەباخەڵی دەرهێنایەوەو لەتووتن دایگرت، بە بەری لەپی... تووتنەکەی لەزارکی قەننەکە پەست و ڕێکی دەخست، ئەمجا هەڵستایە سەرپێ و چوو لەڕۆخ ئاگردانەکە هەڵترووشکا، بە زلکە دارێک ژیلەمۆی گۆڕکەکەی تێک داو لەناو ژیلەمۆیەکەدا... پەنگرێکی چکۆڵەی کێشایە ڕۆخ ئاگردان و ڕەکێشی دەرەوەی کرد، لەپڕ بە پەنجەکانی دەستی لەپشکۆیەکە ڕووبوو... و... بەپەلە خستیە سەر دەمی قەننەکەی و بەیەک دوو مژی بەتین دووکەڵ لە زارو لەناو کونەلووتی بەبا بوو... بەرەو ژوور لوولی خواردو هەڵچوو، لەگەڵ قوم لەقەننە دان... نەرمە کۆخەیێکی دەگرت، لەدواییدا هەڵستایەوە سەرپێ، ڕووی کردە دەشتە بەرینەکەی بەردەمی، ئاهێکی ژەنگاوی هەڵکێشا... ڕووی سووڕاندەوە لای کەسانی کاروان... کە لەناو مێرگە چکۆڵەکە و لەڕۆخ جۆگەلەکە... بەبڵاوی... لەسەر تەنیشت... یان لەسەر گازی پشت... لێی ڕاکشابوون، کۆخەیێکی هێنایەوە خۆی، گەرووی لە قیرو قەترانی دووکەڵی ناو قەننەکە پاک کردەوە، ئەمجا لەبەر خۆیەوە مرتەیێکی کردو پرسی:

– ئەدی ئەم هەموو پەرێزانەی ئەم دەشتە پان و بەرینە... ئەمانە جێ پەرێزی گەنم و جۆ نین؟ جێ مەزرای دانەوێڵەو قووتی خەڵک نین؟

مام زانەوێر... پاش ئەم پرسیارە کتوپڕە... سەرێکی بڵند کردو... دوورو... قووڵ ڕوانییە ئاسمانی بێ دوایی و پرسییەوە:

– ئەم هەموو دەغڵ و دان و داهاتە... چی بەسەرهات؟

– بۆچی قات و قڕی ڕنۆکی لە قورگی ئێمە توونە کردووە؟ هەتا وای لێ کردووین... چەند ڕۆژە ڕێ.. بەدوای دەنکێک گەنم... ببەزین!!

کاتێ مام زانەوێر ئەم پرسیارانەی دەهاویشتن... لەگەڵ هەر پرسیارێک سەری بڵندتر دەکردو دوورتر... بەرەو ژوور دەیڕوانی، وەکو بڵێی ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕووی... ئاسمان بکاتەوە.

کاروانچییەکان بەسەرسامی تەماشای کەلەشی مام زانەوێریان دەکرد... کە وەک پیرە دارچنارێک بەرەو ژوور هەڵکشاوو... لەو دەشتەدا چەقی بوو، بێ دەنگییەکی گران دایگرتبوو... وەکو کەسێکیان تەوانای وەڵامێکی مام زانەوێریان نەبێ!!...تاکو شەریفەشەل  لەپڕ تێی تەقاندو کۆتکێکی شکاندو، بە دەنگە تیژەکەی میاواندی:

– بەخوا دیارە پیاوێکی سەیرو بێ مێشکی، وەکو ئاگات لێ نەبێ کە داهاتی ئەم وڵاتە چی بەسەر دێ... ها؟

وەگێلانە بە مام زانەوێری گوت:

– مام زانەوێر... لەقسان ئەتۆ مرۆیەکی دونیا دیتەو... سەراوو دەراوت زۆر دیون... کەچی خۆت وا نیشان دەدەی کە ئەنەهوو نازانی مەسەلەکە چییە!... یان بە قەستی خۆتی لێ نەزان دەکەی؟

شەریفەشەل... پیاوێکی گەلحۆ بوو، بێ ئەوەی چاوەنواڕی وەڵامی مام زانەوێر بکا... یان ڕێ بەکەسێکی دیکەی کاروان بدا دەم بجوولێنێ... ئەو لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو... و گوتی:

– هەموو دەچێتە عەمباری ئاغا... تۆفیق بەگی ئاغا... دەچێتە عەمباری حاجی کەچەڵ، هەمووی دەچێتە عەمباری ئەم خوانەناسانە، خەڵکی هەژارو ڕەشو ڕووتی وەکو ئێمەی لێ بێ بەش دەکەن، هەتا دەنکیشی نەچێتە دینارێک... ئەوا نایەڵن بای لێ بدا!!.

وا دیاربوو عەلە ئێختە بەقسەکانی شەریفەشەل ڕازی نەبوو...و ... دڵی پێیان ئاوی نەخواردەوە... کە ئەمیش لەشەریفەشەل هاتە دەنگ و لێی پرسی:

– ئەوجا هەی گێلەپیاو تۆفیق بەگ و حاجی... بۆ ئەو هەموو دەغڵ و دانەو داهاتە لە عەمبارەکانیان حەپس دەکەن... قابیلە هەتا هەتایێ هەر لەو عەمبارو چاڵانەدا بیان هێڵنەوە؟... هەتا ئەسپێ لێ یان دەداو بۆن گنخاو دەبن و دەرزن...، خۆیان تووشی ئەو زیانە زۆرە دەکەن؟ وە ڕووبەڕووی هەموان پرسییەوە:

– وایە... یان نا... کاکینە؟

وە هەر خۆشی وەڵامی خۆی دایەوە کە گوتی:

– بەڵام... برام... بەو خوایەی بێ جێ و بێ مەکانە، وەکو برای خۆتان لێکی دەداتەوە، دەبێ ئیشەکە لەمە قووڵ و پان و بەرینتر بێ!... دەنا چۆن عەقڵ دەیبڕێ... عەمباری حاجی و تۆفیق بەگ و... دەڵێم هی بابی ئەمانەش... کرداری ئەم چوار ساڵەی ڕابوردووی وڵاتی گرتبێتە خۆ؟ قابیلە عەمباری قاڕوون بوو... هەر پڕ نەبوو؟

پوور ئەستی... لەتەک دایکمەوە خەریک بوون قۆری و ئیستیکان و شڕو شاڵاتیان کۆدەکردەوەو دەشوشت، لە جێگاکەی خۆیەوە بەکڕی گوێی لەو گفتوگۆیەی مام زانەوێرو شەریفەشەل و... عەلەی مێردی گرتبوو، خۆی پێ نەگیراو دەستی لە کارەکەی شل کردو دایە قسە:

– کوڕە عەمباری تۆفیق بەگی چی!... عەمباری حاجی و ماجی و چاڵ و چەوەندەری چی!... ما عەمباری عوسمانلیش ئەو هەموو کردارە هەڵدەگرێ؟

وە لەسەرخۆ سەری دەهەژاند کە دەیگوت:

– نا... نا... نا وەڵڵاهی نابێ وەهابێ!

وە بەتووڕەیی دەستێکی بەڕووی خەڵکەکە هەڵبڕی و پرسی:

– کوڕە ئێوە چ دەڵێن؟ بۆ ڕاستیەکە ناڵێن... بۆچ ناڵێن کە خودای تەعالا زارکی عەمباری ڕەحمەت و بەرەکەتی خۆی لێ گرێ داوین...!... غەزەبی بەسەرماندا باراندووە!!

پوور ئەستی... پاش ئەم قسانەی سەری بۆ کارەکەی خۆی دانەواندەوەو بەدەنگ بانگی کرد:

– غەزەبە... غەزەب!!

وە بەتەنیشتی دەستی... فرمێسکێکی لەسەر گۆنا زەردو چورچەکەی سڕینەوەو بەدەنگێکی گرینۆک ناڵاندی:

– هەتا ئێمە... چاک و ساڵح نەبین... هەتا ئێمە لەخودا دوور بین، هەر دەبێ ئەوە دەردمان بێ!.

منیش... كە بەهوشیارییەكەوە... گوێم بۆ گفتوگۆیەكان شل كردبوو، لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

– كوڕە سەیر ناكەی ئەم خەڵكە كڵۆڵە... چەند بە ئاسایی خەنیمی خۆیان... خوێنمژانی خۆیان... فەرامۆش كردوون و... بەرۆكی خودایان گرتووەو... هەموو ئەشكەنجەو ئازارێكی دەیچێژن هەموو كەچ و كوری ژیانیان دەدەنە پاڵ ئەو!!

– ئیمجا خودا بۆچ؟... دەمەوێ بپرسم:

بۆچی خودا غەزەب و قین بەسەر هەژارو بێ دەسەڵاتی وەكو ئێمە دەبارێنێ؟

– بۆچ هەرچی كوێرەوەری و نالەبارییە... دەیكاتە بەشی ئێمەمانان؟... برسیمان دەكا... نەخۆشمان دەكا... ڕووتمان دەكا... كەرمان دەكا... بەرەنگاری ڕێگای سەخت و پڕ كۆسپی ژیانمان دەكا، بەرامبەر ئێمەش... خۆشی و كامەرانی... بەختەوەری... جێگای گەرم و نەرم... خۆراكی چەورو شیرین دەكاتە بەشی تۆفیق بەگ و مام حاجی و شێخ قطب الدین و پیاوە مل هوڕەكانی حكومەت!... بەشی زۆردارو دەسەڵات دارەكان، لە وەختێكا كە ئەمانە نەخودا دەناسن نە بەڕاستی دەیپەرستن، هەموو ڕەوشت و كردەوەكانیشیان بەپێچەوانەی فەرمانەكانی ئەون؟

– بۆچ... هەرچی چاكەو میهرەبانی هەیە... هەر بۆ ئەم گورگانە بێ و... غەزەب و خراپەكەشی... بۆ ئێمەی سادەو هەژار؟

وە لەخۆم دەپرسییەوە:

– دەبێ غەزەبی خودا... لەدیواری ئەستوورو قایمی كۆشك و تەلارتان... بڕەوێتەوە؟

یان لە خوێزەو پیاوكوژو دزو ڕێگر... سڵ بكا؟

– یان لە لوولەی تفەنگ و نووكی خەنجەر... بترسێ؟

ئەم چستوچۆو هەستە دەروونیەم... پێچی دەخواردو جینگڵی دەدایەوە... لەناو كەیان و مێشكمدا وەك زەنگێكی گەورەی ئەفسانەیی زۆر زەلام كە بە هەزاران دەست ڕای بوەشێنن... وەها دەنگی دەدایەوە... كە بەپوورە ستیم گوت:

– پوورێ گیان... وا مەڵێ... مە... گوناحە، ئەم قسانەی تۆ دەیكەی گوناحە... كوفرە، خودا... خودای هەموانە دەسەڵاتی بەسەر هەموان دا... دەڕوا، خوا... كە خودای زۆردارو دەست ئەستوورە... هەروا خودای هەژارو دەست كورت و زۆر لێكراوانیشە!!.. پوورێ گیان، كوا ئەم فەرق و جیاوازی و ڕاراییەی لا هەیە؟... نا... نا... پووری خۆم، ئەو قسانە هەر مەكە... مە!!.

وا دیاربوو پوور ئەستی لەقسەكانی من دڵگیرو زوێر بوو، ڕوێكی ترشی تێ كردم و دەستی بۆ پیاڵەكانی درێژ كردەوە، بە پەشۆكاوی لەبەرخۆیەوە... ئاوی بەگڕی تووڕەبییەكەی دادەكرد... كە بەتوندی گوتی:

– كوڕە ناوەڵڵا... نا... بە ئیسمی ئەعزەم قەت نابێ خودای ئێمەو خودای ئەوان... یەك خودا بێ!

وە پیاڵەكانی دانا سەر زەوییەكەی بەردەمی و وەكو چاوڕاو بكا... ئەنگوستێكی بەڕوومدا هەژاندەوەو دووبارەی كردەوە:

– نەخێر... نەخێر... هەرگیز خودای ئێمەو ئەوان... یەك نییە!.

فەقێ حەمید... ك خەڵكەكە بەمەلا حەمید بانگیان دەكرد، بەو قسە كوفرانەی پوورئەستی سەرسپی نوێژكەر... ئاگری گرت، بە تووڕەیی هەڵستایە سەر پاشیان، چاوی ئاگری لێ دەباری، بەتوندی دەستێكی

بۆ ڕووی پوورئەستی بەرزکردەوە، لمووزی لە ئاسمان کرد... بە بانگێکی هیستیری شێتانە... هاوارێکی تیژی لێ هەڵستا:

- ئای تۆبە... تۆبە... ئەستەغفیروڵڵا خودایە... تۆبە!!

وەڕووی دە پوورئەستی کردو پێی گوت:

- پیرەژن بڵێ تۆبە... بڵێ گووم خوارد... بڵێ تۆبە... بڵێ گووی قەشەم خوارد!!

- هەی خوا لێ گۆڕیو... تۆبەو ئیستیغفار بکە، ئەم کوفرەی تۆ کردت... ئیمان دەبا، دەرگای بەهەشتت لێ کلیل دەدا، گلاوت دەکا... وەها گلاوت دەکا کە هەموو گڵە سۆری سەر ڕووی زەوی... ئاوی دەریایان... بەشی ئەوە ناکەن... بتشۆنەوەو پاکت بکەنەوە!.

مەلا حەمید... دەستێکی وە ڕدێنی داهێنا، هەناسەیێکی توندی خواردەوە... تا گڕی تووڕەیی دامرکایەوەو لەبەرخۆیەوە گوتی:

- ئەلحەمدو لیللاهی خودایە... زۆر شوکر... ئاخیرمان خێر بکەی... بەبێ ئیمانی نەمانکوژی، قەزاو بەلامان لێ بگێڕییەوە... بۆ خاتری خۆشەویستی نازدارو هەر چل و چوار هەزار پێغەمبەرەکانت!!

وە هەر بەخۆی بانگی کردەوە:

- ئامین... ئامین!

وە... ڕووی دەمن کرد... گوتی:-

- شێرکۆ... ڕاست دەکا، ئەم قسانەت کوفرن... هەی پیرێژنی سەر خەرەک، شەیتان کاری تێ کردووی... هەی ئاخیرشەڕ... هەی ئیمان لەپەڕی مێش... تەنک تر!.

مەلا حەمید... بەووردی سەیری دەموچاوی کەسەکانی کاروانی دەکردو... ڕووی دەگوازتەوە لای پوور ئەستی... کە لەجێگاکەی وەکو ژیشک چووبووەوە ناو خۆی و کپ ببوو، لە پاشان سەڵەواتێکی هەڵدا، هەندێک سەری هەژاندو لەبەرخۆیەوە مرتاندی:-

- بە وەڵڵاهی ئەم گرانی و قات و قڕییە... هەمووی هۆی ئەوەیە کە ئێمە بێ دین و کەم بڕواین... تەماحکارو حەسوودین... بەڵام خودا کەریمەو تەماحی... فەناحی لەدوایەو کەسیش ماڵی دونیای نەبردۆتە گۆڕ!.

کە مەلا حەمید... بەم ڕەنگە حەللەق و مەللەقی دەکرد و بەو تووندو تووڕەیی یە... پوورئەستی لە خۆڵێ وەردەداو گلاوی دەکرد، کەسانی کاروان بەواق وڕماوی... چاویان بەدەمی مەلاوە بەسترابووەوە، منیش خەیاڵم لە چۆنیەتی مەلا حەمید... ئالابوو، لە دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە:

- مەلا حەمید... پێی وایە... گووی قەشە لە گووی ئەو... پیسترە!!.

کە منداڵ بووم... ساڵی یەکەمی خوێندنی قوتابخانەم بوو، قەشەیێکم زۆر خۆش دەویست، ئەو قەشەیە مامۆستام بوو، یەکەم ووشەی کوردی فێرکردم، یەکەم دەرسی خۆشەویستی خەڵک و خۆشەویستی نیشتمانی لەناو دڵ و دەروون و مێشکمدا... چاند، ڕێڕەوی ژیانی بۆ نەخش کردم، هەتا لەم دونیایەش دەمێنم... هەرگیز خۆشەویستی ئەو پیاوە بەڕێزە... لەدڵ و هەستمدا بەتین تر دەبێ، ئیمرۆکەش سەد ئەوەندەی ئەو ئەم فەقێ حەمیدە... ڕێزی دەگرم، نەک هەر تەنیا من و هاوڕێیە قوتابییە منداڵەکان... خۆشمان دەویست... بگرە خەڵکی گوندیش ڕێزیان دەگرت و شەرمیان لێ دەکرد!.

قەشە جبرائیل... لەدوای دایکم... یەکەم مامۆستام بوو، ئەوەی لەم قەشە بەڕێزە فێر بووم... هەرگیز

لەبیرم نەکردووەو لەبیری ناکەم، بەشێکی گرنگی چۆنیەتیم... وجوودم... ئەو دروستی کردووە.

مەلا حەمیدیش... بەم ڕەنگە باسی قەشە دەکا و پێی وایە ناو زگی ئەو لەهی قەشە...پاکترە، من لام وایە:-

– ئەگەر هەر مووێکی ڕیشەکەی مەلا حەمید... کیلۆییێک ئاسنی پێ هەڵواسرێ... هێشتا لە تەرازووی ڕاستی و دروستی و... خۆشەویستی دا...... لە تەرازووی ژیری و عەقڵدا... لە تەرازووی دڵپاکی و خواپەرستی دا، لەگەڵ ئەم مام قەشەیە... سەراوسەر نابێ!.

مام هەیدەر... کە گوێی بۆ قسەکانی مەلا حەمید و ئەوانی دیکە... دۆڵ کردبوو، ئەویش لەسەر خەیاڵ و تێ ڕامان و نیبیەتی خۆی هاتە ئاخاوتن و گوتی:

– ئەمجا... کە دەنکێک گەنم... وەکو ئەنگۆ دەڵێن هاتە دینارێک... کێ ئەو گەنمە لە تۆفیق بەگ و حاجییە کەچەڵ و شێخ... دەکڕێ؟ باهەر ژێرەو خاک و چاڵی بکەن... با ژووری ژنەکانیشیان... لێ پڕ بکەن، لەئەنجام هەر مەجبوور دەبن بیخەنە بازاڕو بیفرۆشن!!

مام هەیدەر... وەکو خۆیشی گومانی لەو تێ ڕابینەی خۆی هەبێ، بەووڕی رووی کردە خەڵکەکە و لێی پرسین:

– وەهانییە... گەلی برایان... ئاوا نییە؟

وە قسەکەی بڕییەوە!.

منیش... کە لەکۆبوونەوەکانی کۆمەڵە، شتێک لەبابەت ئەم مەسەلانە فێربووم، دوابەدوای قسەکەی مام هەیدەر... وە بۆ ڕوون کردنەوە... هەوڵم دا ئەو شتانە بۆ کەسانی کاروانەکە دووبارە بکەمەوەو ئەوەی لەهەمبانەکەدایە هەڵی بڕێژم، گوتم:

– مام هەیدەر... مام هەیدەر... قوربان مەسەلەکە ئەوەندە سادە و ئاسان نییە... وەکو دڵی ساف و بێگەردی تۆ لێکی دەداتەوەو ئاواتی بۆ دەهۆنیتەوە!

وە بەهەناسەییێکی توند... تینم دا بەخۆم و لەخەڵکەکەم پرسی:

– بۆچی... ئەم حاجی... و بەگ... و شێخانە، ئەم بێ دین و بێ ویژدانانە، گەنم و داهاتی ناوچەکە بۆ ئەوە دەکڕن وچاڵی دەکەن و لەعەمبارەکانیان دا قایمی دەکەن... کە لەدواییدا بەئێمەی بفرۆشن؟ نەخێر... مامە... نەخێر...، ئەدی ئەوە هەر ئێمە نین... هەموو شەوێک لەبەر گرەی لۆری و زرینگەی قەتار... تا بەیانیان خەو ناچێتە چاومان؟

– ئایا جارێک ناپرسن... ئەم لۆری و کاروان و... قەتارانە... کە لەڕۆژئاواوە... هەتاکوو... شەبەقی بەیان ناپسێنەوەو هەر دێن و هەر تێ دەپەڕن و... بەرەو ژێر بۆ هەولێرو بەغدا ڕادەبوورن، ئەمانە چین!... بۆ کوێ و بۆچی دەچن؟

– مامەگیان... ئەدی ئەو هەموو کاروان و قەتارانە... گەنم و دانەوێڵەی وڵاتەکەمان نییەو ڕەوانەی خوارەوە دەکرێ؟ بەو هۆبەشەوە... برسیەتی و قاتی بۆ ئێمە دەهێڵنەوە؟

وە بەدەنگێکی بڵند پێم گوتن:

– ڕەنگە بپرسن... باشە ئەوە گوتمان ئەو گەنم و دەغڵ و دانە چووە هەولێرا!.. نا... گوتمان ئەوە چوە بەغداش، باشە ئەدی پێش ئەم چوار ساڵەش... خەڵکی ئەم وڵاتە... ئەم عێراقە هەر نەبوون... وەکو ئێستاش... نانیان نەدەخوارد؟ کەچی... بۆ چ... ئەوها لەم چوار ساڵی دواییەدا، ئەوها... نانمان لێ بووە..

به ئەستێرەی ئاسمان.. بوە بەسوارو ئێمەش بەپیادە، دەبێ هەر ئاواتی بۆ بخوازین و هەر پێی ناگەین!

– بەڵام... مامی خۆم... دەبێ ئەوە بزانی کەباری ئێستامان... بارێکی ترە ، ئیمرۆکە شەڕ هەموو دونیای گرتۆتەوە، شەڕە... شەڕ، ئاگاداری ئەوەشمان هەیە... کە هەموو لاوەکانی گوند... ئەوانەی خۆیان نەشاردۆتەوەو بەرەنگاری چیا نەبوون... هەموو ئەو جحێلانەی گوند... گیران و کرانە سەربازو بەئیجباری ڕەوانەی جێگاییێک کران... کە کەسێک لەئێمە نازانی... ئەو جێگایە لەکوێیە ؟

کەباسی ئیجباری و سەربازیم کرد، ئاهێکی توند لەپوور زولێخا هەڵستا، پوور زولێخا لەدونیادا تاقە برایێکی هەبوو، ئەویش لەپێرارەوە گیرابوو... و...ڕەوانەی مەیدانی شەڕ کرابوو... و... ئێستاش کەس بەسەرو شوێنی نازانێ!! هەندێک دەڵێن:–

ئۆمەر کوژراوە!..

زۆربەی خەڵکی گوند لایان وایە... ئۆمەر نەماوە... بەڵام لەبەر دڵی پوور زولێخا... ئەم بڕواییەیان... ناترووکێنن!!

ڕۆژێک پوور زولێخا... بەدایکی منی دەگوت:

– دەڵێن... ئۆمەری برام وا لەهەوروپایە!

– هەندێکیش دەڵێن... لەناو بەحران شەڕی دەکا!.

ئەم خەیاڵەی... پوور زولێخاو ئۆمەری برای... ئۆمەری ئیجباری... وەک برووسکە بەمێشکمدا تێدەپەڕی... چاوقوچانێک قسەکەی پێ بڕیم... بەڵام زوو هاتمەوە سەر دووبارە کردنەوەی دەرسەکانی کۆمەڵە بۆ مام هەیدەرو... کەسەکانی کاروانەکە، پێم گوتن:

– خۆ هەموومان... ئەوەش دەزانین، کە لەشکری ئینگلیزی بێگانەو دوژمنیشمان لەناو جەرگەی وڵات سینگی داکوتاوە، ئەم دوژمنەش بەزۆری ئاگرو ئاسن... بەهێزی لەشکرەکەی و... بەیارمەتی حکومەت... سەری بەئێمە شۆڕ کردووە، کلک و داردەستەکانی وەکو تۆفیق بەگ و مام حاجی و شێخ قطب الدین، ئەم چەرچییانەشی کردوونەتە سەگی هارو بەری داونەتە گیانمان، بەهۆی ئەمانەوە... برسییەتی لەوڵات پەیدا دەکاو ڕێگای هاتنە ناو وڵات و تاڵان کردنی بەروبووم و داهاتەکەی بۆ خۆی خۆش کردووە!

ئیمجا ڕووبەڕووی ئەهلی کاروانەکە پرسیمەوە:

– ئێمە... چیمان لەم شەڕەدا هەیە ؟... کێ داوای لەو لەشکرەی بێگانە کردووە... خاکمان گلاو بکا ؟ وەکو مێردەزمە خۆی بەسەر ورگماندا بسەپێنی و وڵات تەژی خوبزەو جاسووس و بازرگانی شەڕو خۆفرۆش... بکا، بەناو گوایا... هاتوون لە دەست ئەڵمانی نازی، ڕزگارمان بکا!... کەچی بەم ڕەنگەی هەموومان دەیبینین... برسیمان دەکا... قڕانی خستۆتە ناومان، بەسەدو یەک ڕەنگ هەوڵی لەناوبردنمان دەدا!!

وەرووم کردەوە مام هەیدەرو بەنەرمی پێم گوت:

– مام هەیدەری بەڕێز... مامی خۆم، ئا ئەمانەی گوتم... هەموویان پرسیارن، ئەگەر وەڵامیان بزانی... ئەوجا تێدەگەی لەبەرچی دەنکی گەنم لەناوچەکەماندا نەماوەو ئێمەش وەها خەونی پێوە دەبینین و بەڕۆژە ڕێ بەدوایدا دەبەزین.

مام زانەوێر... کە گلۆڵەی ئەم گفتوگۆیە ئەو کردبوویەوە، بەووردی و بەکڕی گوێی بۆ قسەکانم دۆڵ

کردبوو، جارجارەش وەکو قسەکانی بەدڵ بووبن... سەری بۆ دەهەژاندم و زوو زوو تەسدیقی دەکردن، کەمنیش گەیشتمە بن کرو، هیچی ترم پێ نەما ئەو هەڵستاو هات لە تەنیشتمەوە دانیشت، قەنەکەی فت کرد، وەکو خۆی بۆ قسەبێک حازر کردبێ... هەندێک جوولایەوەو سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆی و خەڵکەکەی کرد، دەستی بەمرتە کردو گوتی:

– ئەششەدو بیللا... ئەمانە هەمووی ڕاستن!

وەهەتا دەهات دەنگی خۆی بەرزتر دەکردەوە... کە دەیگوت:

– ئینگلیز... بێگانەن... دوژمنن... کافرو خوانەناسن، جێگای بڕوایی و پشت پێ بەستن نینە، ئەم بێگانانە... زگیان بەئێمە ناسووتێ، بۆ بەرژەوەندی خۆیان گوێیان لەوە نییە ئەگەر ولاتێک کاول بکەن... ئەگەر میللەتێک قڕ بکەن و لە برساندا بیکوژن... یان لەژێر زەبرو زەنگی خۆیان بیتوێننەوە!

– ئاغاو شێخ و... حاجی... و...... ئەمانەش... ئەمانەش... ئەمانەش...

مام زانەوێر... دەمی تێک ئالاو لە قسەکردن وەستا، وەکو لەخۆ حارزکردنەکەی پەشیمان بووبێتەوە... لەپڕ کڕ بوو، پاشان سەری لەمن خوارکردەوە و چاوی بڕینە زارم و بەدەنگ بانگی کرد:

– ئێ.. ی...

ئەم ئێ یەی مام زانەوێر... هانی دام مێشکم پتر بگوشم و ئامۆژگاریەکانی کۆمەڵە یادبکەمەوە... بۆ خەڵکەکە دووبارە بەسەریاندا بچمەوە، ئەوەبوو ڕووم کردەوە مام هەیدەر... بە کزی و ڕوێکی خەمگین گوتم:

– مامە... دوژمن... کە گوتت دوژمن... ئیدی بەسە، دوژمن... هەتا بەسەرماندا زاڵ بێ... لاوازو بێ هێزمان دەکا!..

بێ هێزترین کەسیش مرۆی برسییە!!.. برسییەتیش هۆیەکی کاریگەرو بەتینی چاوشۆڕی و ڕیسواییییە!..

– هەوڵ دەدا... مل کە چ.. و چاو شۆڕمان بکا!!..

دوژمن... هەتا بتوانێ ولاتمان داگیر بکاو خێروبێری زەوت بکا... دەبێ لێکمان بکا... تۆی فیتنەمان بەناودا بچێنێ!

ئەم کارە نارەواو ناپەسندانەش... بەهۆی ناپەسندانی وەکو تۆفیق بەگ و حاجی و شێخ مەلا قطب الدین... جێبەجێیان دەکا، چونکی ئەمانەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان... لەزۆر لایەنەوە دەگەنەوە دوژمن، ئەمانەش دەیانەوێ ئێمەی ڕەشوڕووت بچەوسێننەوەو لەسەر حیسابی ئێمە خۆیان قەڵەو بکەن، بەخوێنی ئێمە خۆیان تێر بکەن، ئەم زۆردارانەش دەیانەوێ بەئارەزووی خۆیان بمان سووڕێنن و خولامەتیمان پێ بکەن، بمان کەن بە کۆیلەو بەندە، وامان لێ دەکەن کە بەدرێژایی ژیانمان برسی بین و چاومان لەدەستی ئەوان بێ، دەیانەوێ بەنرخێکی هەرزان... کڕین و فرۆشتنمان بخەنە سەر!!

سەرێکم بۆ ڕووی کاروانییەکان هەڵبڕی، بۆ ئەوەی بزانم ئایا ئەو قسانەم تا چ ڕادەیێک کاری تێ کردوون!... ئیمجا پرسیم:

– خۆ لەبیرتان نەچووە... تۆفیق بەگ... چۆن بەدوو تەلیس فراش... باخچەکەی لە مەلۆی گاوان سەندو مام حاجیش... کردارەکەی خەلۆ چاوشینی هەر بەشینی سەلەم کردو خاوەنەکەی لە ڕەنج و خوێ و ئارەقە ڕشتنی ساڵێک بێ بەش کرد؟

عەلە ئێختە... کەناوی خەلۆ چاوشینی بیست، خۆی پێ نەگیراو بانگی کرد:

– ئەرێ وەڵڵاهی... ئەمن چاک ئاگام لێی هەیە کەخەلۆ هەموو ئەو پارەیەی لەجیاتی سەلەم لەحاجی کەچەڵ وەری گرتبوو... هەموو ئەو پارەیەی بۆ ڕەت کردەوە، ئەوجا حاجی بەوە ڕازی نەبوو تەنانەت چواریەکی کردارەکەی بۆ بگێڕێتەوە!! داهاتەکەی خەلۆ نۆ عەڵبە دەبوون... ئەمە لەزەویەکەی بنار شاخ و زەویەکەی سەر رووباریشی سێ عەڵبە جۆی هێنابوو، لەسەر ئەوەش خەلۆ ئامادەبوو هەموو پارەی سەلەمەکە بەرامبەر بەدوو عەڵبە گەنم و عەڵبەییێک جۆ... بۆ حاجی ڕەت بکاتەوە، کەچی حاجی پێی گوت:

– کوڕم... من کردارەکەم لێ کڕیوی، بەشەرع هیچت ناکەوێتەوە،ماڵی خۆمە... ئەگەر بەفرۆشتنیش بێ... نایفرۆشمە تۆ، ئەوجا خۆت ماندوو مەکەو بەرۆکم بەردە!

وە حاجی کەچەڵ... لەخەلۆ تووڕەش بوو، بەسەریا قیژاندی:

– بەوەڵڵاهی پارەی سەلەمەکەو ئەوەندەی دیکەشی بخرێتە سەر... دەنکێک گەنم و جۆ وەرناگریتەوە!

لەپاشدان حاجی هێدی بوەوەو گوتی:

– بابم... خۆ من بۆ خۆم سەلەمم نەکردووە هەتا بتوانم مامڵەتەکە هەڵوەشێنمەوە!!

وەعەلە ئێختە... دەستی لە دەستی دەداو سەری دەهەژاندەوەکە گوتی:

– ئیدی ئەوە بوو خەلۆ ناچار بوو لەگوند باری کردو ڕوەو دەشتی هەولێر... هەڵقەنا، زەوی و زارەکەی بۆ حاجی و تۆفیق بەگ... بەجێ هێشت!.

ئەو کاتەی عەلە قسەکەی منی بڕی... من خۆم لەوە خۆش کردبوو ڕووداوەکەی مام وسوو...و... سۆفی سالح... وەبیر مام هەیدەرو خەڵکەکە بهێنمەوە، کە عەلەش لەقسەکەی بوەوە؛ ئەوجا لێم وەرگرتەوەو گوتم:

– ئینگلیزی دوژمن دەزانی چۆن ئەم بێ ویژدان، و زۆردارانە بکاتە دووپشک... کرم... مار... وە لەگیانی خەڵکیان بەربدا، ئەو دوژمنە دەزانێ کەبەرژەوەندی ئەمانە... مان و نەمانی ئەمانە... بەبوون و نەبوونی ئەوەوە بەستراوە، ئیتر ئەم زۆردارو دزانە دەپارێزێ... بەهێزیان دەکاو دەسەڵاتیان دەداتێ... قەڵەو... و دەوڵەمەندیان دەکا، وایان لێ دەکا کە ئێمەو نانی منداڵەکانی ئێمەو گیانی ئێمە بکەن بەقوربانی ئەو بێگانەیە، پێ لە وجوودی ئێمە دەخشێنن... هەتا وجودی ئەو دوژمنە لەهەموو... وڵاتدا بچەسپێنن!

وە پرسیمەوە:

– کێ... چەکی داوەتە دەست تۆفیق بەگ؟

– کێ... ئەو ڕەوە پیاوکوژەی بۆ دابەستوون؟

– کێیە... حکومەت هان دەدا... ئەوەی ئەم کرمانە گەرەکیان بێ... ئەوەی ئارەزوو بکەن... مگێزیان بۆ بچی... هەتا ئەگەر لەسەر حیسابی گیان و ماڵی خەڵکی ڕەشوڕووتی وەکو ئێمە مانانیش بێ... بۆیان بباتەسەر... بۆیان جێبەجێ بکاو بەهێز... پاڵ پشتیان لێ بکا!

وە مەسەلەکەی مام وسوو و سۆفی سالّح... م... بۆ گێڕانەوە:

– خۆ لەبیرتان نەچووە... چۆن مام وسوو... و... سۆفی سالّح و برسییەکانی دیکەی خەڵکی گوند...

چۆن ئەم زۆرلێکراوانە... کە لەدەرگای مودیر بەگیان دەدا... هانایان بۆ حکومەت دەبرد تا لەستەم و زۆری بیانپارێزن... چۆن دەرگایان بەڕوو دادەخرا؟... چۆن ئەم دوو بەدبەختە لەجیاتی حەقیان بەحەق بکرێ... لە سکالآیان بکۆڵرێتەوە... حکوومەت دەیخستنە گرتی خانە و بەهۆی پۆلیس و خویزەکانی تۆفیق بەگ رووشکێن و ئیهانە دەکران و ئازار دەدران!.

– مامی خۆم... دوژمن ئەگەر حیسابێک بکا، ئەو حیسابە تەنیا بۆ ئەم زۆردارانە دەکا، حیسابی ئاغا بۆ نۆکەر، ئەمەش سەبارەت بەوەی کەئەمانە بێ دین و لەخوانەترسن، دەست ئەستوورن... بەرژەوەندیان بەیەکەوە بەستراوە، بەو پێیەش ئەگەر قەڵەوترو دەست ئەستوورتر بێ و جوان تریان بکا، هەر قازانجی خۆی تێدایەو باشتر دەتوانێ لێیان بخورێ و جڵەویان بگرێتە دەست، بیانکاتە سەگی هار... لەگیانی ئێمەیان بەربدا، سەری ئێمەو وڵاتی ئێمەیان پێ دانەوێنی!.

– ئینگلیزو بێگانە چ زەرەر دەکەن... چ زیانیان پێ دەگا... ئەگەر ئەم دڕندە لەخوانەترسانە، ژیانی ئێمەی ڕەشوڕووت... نانی ئێمەی هەژارو بێ دەسەڵات... ئابڕووی ئێمەی بێ پەناو بێ تاوان... و بێ هێز زەوت بکەن، بمانکەن بەپایەی ئەو پردەی... ئەوان بەسەریدا بۆ ناوماڵ و خاکی ئێمە... بپەڕێننەوە!!

– ئەم دوژمنە... بەهەنجەتی شەڕو دابین کردنی بژێو بۆ لەشکرەکەی، گەنم و دەغڵ و دان... بەهۆی تۆفیق بەگ... بەدەستی حاجی و شێخ قطب الدین... زەوت دەکاو دەیکڕێ و لە عەمباری ئەمانە کۆی دەکاتەوە... تا بەو ڕەنگەی دەیبینن، ڕەوانەی وڵاتەکەی دەکا، ئێمەی لێ بێ بەش و برسی و بێ بژێو دەکا!!

– مامی خۆم... ئینگلیز شەیتانن... بەفڕوفێڵن... بە مەلاک دەیدا و بەئەسکوو دەیبا، خوێنمان دەمژێ... تا خوێن بخاتە بەرخۆی، بەهۆی ئەو داردەستانەی... نەفەس برمان دەکا و لەپەل و پۆمان دەخا و دەمانکوژێ، هەمووشتان دەزانن کەپیاو لەتین و تاقەت کەوت... گورگ سڵی لێ ناکاو ئەوەی حەزبکا... پێی دەکا!.

بەڕاستی نەمدەزانی قسەکانم چەند ڕەوان و ڕێک و بەجێ بوون، یان چەند کاریان لەکەسانی کاروانەکە دەکرد، ئەو کاتە تازە تازە بیرم لەم شتانە دەکردەوە، تازە فێری ئەلف و بێی سیاسەت دەبووم، لەکۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گەنجان... کاک نافیع و ئەوانی دیکە... ئەم شتانەیان بۆ شێ دەکردینەوە، چۆنیەتی ئەو ڕۆژە ڕەشانەی لەناویاندا دەژیاین... بەو جۆرە بۆیان ڕوون دەکردینەوەو بەبوونی بێگانە لەوڵات وبوونی ئەو دڕندەو ئاغاو حاجی و شێخانە... دەیانبەستینەوە!!

منیش... لەو هەلەداو لەو ڕێگا دوورەدا... ئەوەی بەمێشکمەوە نووسابوو... لەویژدانم دا نیشتبوو... بۆ خەڵکی کاروان... هەڵم ڕشت و بەو شێوەیەی لەسەرەوە باسم کرد... دەرم برین، حەزم دەکرد ئەوانیش بیزانن... ئەوانیش بکێشمە ناو مەیدانی بیرکردنەوەو لێکدانەوەو، ئەو ڕاستییەی من بڕواییم پێی هەبوو... و عەقڵم پێی دەشکاو لەمەندەش پتر هیچی ترم نەدەزانی.

شتێک کە دڵی خۆش کردم و وای لێ کردم کە کەیفم بەخۆم بێ و بڕوایی ئەوەیان لەگیان چەقاندم کەقسەی باشم بۆ کاروانەکان کردوە... ئەوەبوو کە دەمدی خەڵکەکە... دایکم... پوور ئەستی... پوور زولێخاو... عەلە ئێختەو... شەریفەشەل و هەموو ئەوانی دیکەش... بەبێ دەنگی گوێیان بۆ قسەکانم شل کردبوو، هەر کە قسەکانیشم تەواو کردن... مام زانەوێر دەستێکی لەپشتێ دام... بەدەنگێکی بەرز... بانگی کرد:

– هەی لەچاوی مامی خۆت کەوێ... کوڕم!

– هەی ئافەرین بۆ ئەو قسانەت....

مام هەیدەریش... دەمی لێک کردبوەوە... ددانە شاشەکانی وەکوو ڕیزە ستوونی قەلاتێکی ڕووخاو... بەدەرکەوتبوون، ئەویش... سەری بۆ قسەو ئافەرینەکەی مام زانەوێر دەهەژاند، وادیار بوو قسەکانی منیان بەدڵ بوون.

مام زانەوێر، لەسەفەربەر عەسکەری عوسمانی بوو، وەکو خۆی دەیگێڕایەوە لە ڕەشبگیرەکە... وە بەر زەبری جەندرمە کەوتبوو... و... بەناوی خوداو خەلیفە بۆ غەزا پاڵیان پێوە نابوو، ڕەوانەی وڵاتی سوریەو ئەسکەندەروون کرابوو... لەوێشەوە... بەخۆی دەیگوت:

– هەر لەسوریەوە قەسدی هەلاتنم دەکرد، بیری ئەوەم کردەوە کاتێ لەئەسکەندەروون بووم خۆم بهاوێمە ناو پاپۆڕێک و خۆم دەرباز بکەم... بەلام وەکو بڵێی قوماندانەکە گومانی لێ پەیدا کردبێ، لەگەڵ کۆمەڵێکی تر سەرباز... بۆ جەبهەی قەوقاز... ڕەوانەی کردین، لەشەڕێک لەگەڵ لەشکری قەیسەری ڕووس و... لەو بەر چۆمی ئاراس... بەدیل گیرام.

مام زانەوێر... لەگەڵ ئاهێکی توند بۆ خەڵکی کاروانەکەی دەگێڕایەوە... کە لەدیلییەتی تووشی زوڵم و نالەباری و برسیەتی و نەخۆشی و دژواری ببوو، پاش سێ ساڵ دیلیش... نەیزانی چۆن ڕۆژێک خۆی بە ئاوارەیی لەو وڵاتە پان و بەرینەدا... دۆزیەوە.

ئەم پیاوە پیرە... لەکەسانی دیکەی کاروانەکە... پتر لەشت دەگەیشت سەرو گوێلاکی زمانی ڕووسی دەشکاندەوە و تا ڕادەیێک لەقسەو ڕووداو وورد دەبوەوە و عەقڵی بەشت دەشکا، هەر سەبارەت بەو چۆنیەتیەش بوو... کە من لەقسەکانم بوومەوە... ئەو بۆ جارێکی تریش بانگی کردەوە:

– دەک لەچاوی مامی خۆت کەوی!

بەئافەرین و دەست لەپشت دانەکەی مام زانەوێر گەلەک دڵخۆش بووم، هەواییێک پەڕیە کەللەم، وەها بیرم دەکردەوە کەخۆم بەشتێک بزانم، لەخۆشی ئەو هەستەم... ئاوڕێکم لەدایکم دایەوە، وەکو لەناوەوەم بانگی بکەم:

– ها... دایە... دەبینی ئەوە کوڕی خۆتە، ئەوە منم بوویم بەپیاو! هەست بەدەرەوەی خۆشم دەکەم!

– دایە... دایەگیان... پێم نەڵێی مندالی، چۆن... دەبینی لەچوارچێوەی مندالی دەرچووم!.

دایکیشم بەڕوێکی گەرداوی و دوو چاوی کراوە... تێم وەڕاما، چاوەکانی ئابڵوقەیان دابووم، لام وابوو کە ئەویش بەو چۆنیەتیەم بەدەست لەپشتدانەکەی مام زانەوێرو ئافەرینەکەی... هەست بەکامەرانی دەکاو لەدڵی خۆیدا دەڵێ:

– ئۆخەی کوڕە خۆشەویستەکەم... تاقانەکەم... خوا بتپارێزێ... هەموو فریشتەکان باڵت بەسەردا بکێشن، ببیە سەیوانێک لەژێر سێبەرتا بحەسێینەوە!.

دایکم... زۆرجار ئەو ئاواتەی بۆ لەخوا دەخواستم.

مام هەیدەریش... پتر خۆی پێ نەگیرا، تەنیا بەسەر هەژاندن نەوەستاو بە پەلەتاوی و سەرسوڕمانێکەوە بانگی کرد:

– کوڕە کەوابێ گەنم و دانەوێڵەی وڵات هەمووی بەم ڕەنگە دەکێشرێتەوەو دەچێتە وورگی دوژمن!

– کەواتە هەمووی بۆ ئینگلیسی دوژمن دەیکرن و ئێمەش ئەوها لەبرسانا سەگتۆپ دەکەن.

وە دەستی بە پەککو پەککو کرد هەنیشکێکی لەتەرۆکی مەلا حەمید کوتاو چاوەکانی دە مەلا برین!.

مەلا حەمیدیش بەدوو دڵییێکەوە مرتاندی:

– بەخـوای دوژمن... ڕەنگە ئەوها بێ... وەکـو شـێـرکـۆ دەڵێ... دوژمن هەمـوو خـراپەیێکی لێ دەوەشێتەوە!

وە بەدەنگ دووبارەی کردەوە:

– ڕەنگە ئەوها بکا، کـافـر هەر بۆ ئەوەی ئۆممەتی موحەمـەد زەلیل بکـا... دینی پاکی ئیسـلام لاواز بکاو لەناوی ببا... لەوە ناپەنگێتەوە کە هەموو خراپەیێک بکا!

لەئەنجامیش... مەلا بەم نزایە دەپاڕایەوەو دوایی بەقسەکەی هێنا:

– نەفرەتی خودا لەدوژمنانی دینی پاکی ئیسلام!

وە چاوڕاوێکی بێ دەسەڵاتانەو ساردی کرد کە گوتی:

– بەڵام ئەو دوژمنانە بۆ کوێ دەچن؟... خودا تۆڵەیان هەر لێ دەستێنی و بەجەهەننەم موشەڕەفیـان دەکا، ئەرێ وەڵڵا... قابیلە خودا واز لەئۆمەتی موحەممەدی خۆشەویستی خۆی بهێنێ؟.

پوور زولێخای دایکی نەخشینی خۆشەویستیشم... ئاهێکی گەرمی هەڵکێشا، بەدەم حەسرەت خواردنەوە دەی بۆڵاند:

– وەڵڵاهی ڕاستە دەڵێن... ئەم هەموو لۆری و قەتارە گەنمانە... دەچنە سەر بەحرێ و لەپاپۆڕان باریان دەکەن و بەرەو (هەوروپا) ڕەوانە دەکرێن!

کە ناوی هەوروپای دەهێنا، بەئاخێکی درێژ کڵپەی دەروونی کوژاندەوەو لەبەر خۆیەوە دەی مرتاند:

– هەی جەرگ و هەناوم بۆت خرابن... ئۆمەر...!.

دایکیشم وەکو بیەوێ بەشداری خەم و پەژارەی پوورێم بکا... ئەویش هەناسەیێکی ساردی داو بەدەنگە کزەکەی گوتی:

– دە بەخوای گەورە... ئەوەی ڕاست بێ هەر ئەوەیە کە نەغەزەبەو نە هەڵگیرانی ڕەحمەت و بەرەکەتی خودای تەعالایە، غەزەب و زوڵم و بێ دینی و تەماحی تۆفیق بەگ و حاجی و شێخ قطب الدین...ە، زوڵمی ئەوانەیە کە خۆیان لەسەر ئۆمەتی موحەممەد... دەخوێننەوەو خۆیان بەئیسلام و بەخەڵکی ئەم وڵاتە دادەنێن، ئەمانە... ئەم ستەم و زوڵمەمان لێ دەکەن، بۆ بێگانە هێسکمان دەشکێنن... سەرمان پێ شۆڕدەکەن!!

وە پاش چاوقوچانێک دامان... دایکم وەها ڕستەی قسەکەی وەرگرتەوە:

– کوڕەکانم... هەر من دەزانم کە لەشکری دوژمن... لەشکری ڕووس... لەشکری عوسمانلی... کە ئەم بێ دین و بێ ڕەحمانە هاتنە ناو وڵات... چییان بەسەر خەڵک و خوادا هێنا، چ جۆرە ستەم و ناڕەواییان بەرامبەر بەموسوڵمانان کرد، نەک هەر گەنم... بگرە ئەوەی نانێکی هەبوایە لێیان زەوت دەکرد، وەڵڵاهی پارووی نانیان لەزاری منداڵان ڕادەپچڕی و دەیان ڕفاند، دیوارو ئەرزی ناو ژووری خانووەکانیان شیش کوت دەکردو دەیانگوت:

– زەخیرەی لەناودا شاردراوەتەوە!

– زێڕو چەکی ژنانی تێدایە!

– پارەو پوولی لەناودا شاردراوەتەوە!

زگی خەڵکیان هەڵدەدڕی و دەیانگوت:

– لیرەی قووت داوە!

تاوەکـو وەهامـان لێـهـات... ئەوەی لەبرسـانا سـەری نـایەوە... ئەو بۆ یەکجـاری هەسـایەوە، ئەوانی دیکەمان... هەموو ڕوومان کردە دەشت و دەر... وە دونیا کەوتین... مشەخت و دەربەدەربووین.

دایکم چاوی لەسەریێک دانان، وەکو بیەوێ وێنەی ژیانی پڕ کوێرەوەری ئەو دەمەی بێتەوە بەرچاو، لەبەرخۆیدا دەیگوت:

– دوژمن هەر دوژمنە، هەرچەندە بەرگ و ڕەنگیشی بگۆڕێ!!

وە خەواڵوانە بەسەر کارەساتەکانی ژیانیدا دەچووەوە:

– ئەگەر لەشکری ڕووس دەهات... دەستیان لە گەرووی خەڵکەکە دەناو دەیانگوت:

"ئێوە عوسمانلین... ئێوە موسوڵمانن... دوژمنایەتی لەشکری ڕووس دەکەن!".

– ئەگەر لەشکری عوسمانلیش بەردەبوونە وڵات و پێیان لە ورگمانەوە دەنا... دەیانگوت:

"ئەنگۆ لای ڕووسـانن... یـارمـەتی کـافـران دەدەن و دوژمنـایەتی خـەلیـفـەی ئیـسـلام دەکـەن... ئێـوە خایەنن!".

ئینجـا بەهەردوو لایان... هەریەکـەی لەبواری خـۆیەوە دەسـتـیـان بە ڕاوو ڕووت و زەوت کـردن و وێرانکاری و کوشتن و تالان دەکرد، ئەو ساڵەی کە لەشکری قەیسەری ڕووس، بەسەر گوندەکەی ئێمەیان دادا.. دەستێکیان.. وێ ڕاهێنا!. فاقی زوڵم و زۆریان، ئەوەی پیاو هەبوو... هەموویان گرتن و ڕەوانەی ئۆردوگای خۆیان کردن... دەیانگوت... ئەو پیاوانە دەتوانن چەک هەڵگرن ودوژمنایەتی ڕووسەکان بکەن، ئیـتـر بەربوونە نـاو گـوند و ئەوی خـراپە بوو کـردیان، کـە ڕووسـەکـانیش شل دەبوون و دەکـشـانەوە... عـوسـمـانلییـەکـان گوندەکەیان وەردەگرتەوە، ئەمانیش لەوان خراپتریان دەکردو دۆزەخیان لە گوند... دادەگیرساند!.

دایکم چاوی هەڵێنان، بەری بە فرمێسکێک گرت... کە لە قولینچکی چاوی قەتیس مابوو، و لەسەر گێڕانەوەی کارەساتەکەی ژیانی بەردەوام بوو:

– سەرەتای هاوین بوو، جۆ دروابوونەوە، خەڵکی گوند لە گیشەو گێرەو بەبادانی جۆخینەکان بوون، گـوڵەگەنم زەرد ببوون... بەڵام هێشـتـا هەر بەپێـوە بوون، کەسـێکی وا نـەمابوو بیـان دروێتـەوە، لەپیـرو پەککەوتە بەولاوە پیاویان نەهێشتبوون، ژن و منداڵیش توانای ئەوەیان نەبوو کارەکان جێبەجێ بکەن، خـەڵکە... هەر بە تـاقـیکردنەوەی دوو سـاڵی ڕابوردوو دەیـانزانی ئەگـەر ڕووسن و ئەگـەر عـوسـمـانلین... هەردوولا بێ ویژدان و زاڵمن، هەر بگەنە گوند ئەوەی کرداره... هەتا پووش و پەلاش و ڕەزو باخیش هەر دەسووتێنن، پێش ئەوەش ئەو لەشکرانە بگەنە گوند، هاوارمان بۆ ئاغا بردو لێی پاڕاینەوە کە شـتێکی وەها بکا لەشکرەکان تخوونی مەزراکانی گەنم و دانەوێڵەو خەرمانەکانی جۆ نەکەون و وێرانکاری کەم بکەنەوە، خەڵکەکە... ئاگاداری ئەوە بوون کە ئاغا دەستی لەگەڵ هەردوو لەشکر تێکەڵە، قسەی لەلای هەردوولا دەڕوا... چونکی پیاو... و... موخبیری هەردوو لایە... بەڵام ئاغا هیچی بۆ نەکردین، کە لەشکری عوسمانلیش هێرشی هێنا، هەر لە ئاقاری گوندەوە دەستی بەخەرمان سووتاندن و ئاگر لەمەزراکان بەردان کرد، گەنمەکەی هەر بەپێوە سووتاند، لوولی ئاگری دووکەڵ... ڕووی ئاسمانیان ڕەش کردبوو، گەنمی بەپێوە ئاگر گرتووش... لەگەڵ گڕو هەوا دەهەژان... شەپۆلەیان دەکرد... وەکو گیانلەبەری سووتاو جینگڵیان دەدا،

گوڵە گەنمەکان... لەناو ئاگر دادەهاتنەوەو، لە ئەنجامیش جگە لە ئاغا... کەسێک لە ڕەشوڕووتانی گوند لە زەرەرو زیان و ماڵ وێرانی... بێ بەش نەبوو، کەسێک جگە لە ئاغا... لە لەعنەتی ئەو لەشکرە ئیسلامە دوورنەکەوتەوە.

-کە لەشکری ڕووسانیش هێرشیان دەهێناو لەشکری تورکیان لە گوند وەدەردەنا، ئەمانیش لە عوسمانلیییە ئیسلامەکان... خراپتر وێرانکارییان بڵاو دەکردەوە، خەڵکیان دەکوشت، مەڕو ماڵاتیان لە ئەشکەوتەکان دەدۆزیەوەو زەوتیان دەکرد، ژنیان دەڕفاند... منداڵیان دەکوشت، کیژیان ئەتک دەکردن... دەیانکردە جەهەننەم!!

دایکم سەرێکی هەژاند، وەکو مردوویەکی خۆشەویستی بلاوێنێتەوە... فرمێسک لە چاوەکانی دەبارین... ئاه لەدوای ئاهی هەڵدەکێشا... کە دەیگوت:

– هەموو مەڕو ماڵاتی گوندیان لە گۆڕەپانەکە مۆڵ دان، ئەوجا سەربازەکان دەستیان کرد بە تەقە کردن، ئەو بەستەزمانانە لەگەڵ تەقەکان سڵ دەبوون... دەتۆقین... ڕایان دەکرد... بۆ هەموو لا ڕایان دەکرد... ڕوویان دەکردە دەشت و دەرو دۆڵ و شاخەکان... بێ سەروشوێن دەبوون... عەسکەرەکانیش وەکو گورگی هار... بەدوایانەوە بوون... هەر تەقەیان لێ دەکردن هەتا لەبەر چاو بزر دەبوون!.

شەوێک باوکی شێرکۆ... دوا بەدوای مێگەلەکەی ئێمە سەری هەڵگرت و کەوتە چیاو چۆڵ، ڕەحمەتی زۆر پەرۆشی ئەو چەند سەر مەڕو بزنەی بوو، لەهەموو سەرمایەی خێزان هەر ئەوە مابووەوە کە لە ئەشکەوتێک قایمیان کردبوون و ڕووسەکان دۆزیانەوە و ئەو کارەساتەیان پێ کرد... شەوێک سەری هەڵگرت بە هومێدی ئەوە بوو بتوانێ... چەند سەرێک لە ماڵاتەکە... لەکەندو... شیو... و دۆڵەکان بگرێتەوە، هەتا سنووری ورمێ و ئەو ناوەی پشکنی لەدواییشدا بە دڵساردی و دەستی بەتاڵ گەڕایەوە، بە کۆمەڵێک خەم و پەژارەوە گەڕایەوە گوند، فیکری ئەوەمان بۆ هات کە بە ناچاری ئێمەش بەدونیا وەربین و ئاوایی بەجێ بێڵین... لەدوو ژیان ببەزین.

– کە منداڵ بووم، زۆرجار دایکم باسی ئەو ڕۆژانەی ژیانی خۆی بۆ دەکردم و دەیگوت:

«خەڵکەکە لە برسانا شێت و هار ببون، وورده وورده ووشک دەبوون و لەناو دەچوون!.

جورج و پشیلە لە گوند، نەمان... نەیانگرن و نەیانخۆن!!

وە دەیگوت:

«بەچاوی خۆم دوو کەسم دیت ڕاوی پشیلەیەکی لاوازیان دەنا، هەر بەدوویەوە دەبەزین... هەتا گرتیا و لێکیان هەڵوەشاندەوە... بەئێسک و پیستەوە هەڵیان لووشی، هەتا ڕۆژانێک هاتن کەلەشی گەلێک لەخەڵکی گوند... لەکۆڵانەکان کەوتبوون... سەگ و کەمتیار دەمیان تێ نابوو»

کەدایکم چاوی هەڵینان، ڕێزە فرمێسکێک لەسەر ڕوومەتە چورچەکانی بەرەو چەناگەی خەتیان بەستبوو... و بێ دەنگ دەرژانە سەر زەوی، سەری لەکاروانییەکان بەرزکردەوەو بەدەنگێکی گریناوک پرسی:

– دەزانن... کێ لەو هەموو نالەباری و ماڵ وێرانی و دەردو مردنە ڕزگاری بوو؟

هەر بەخۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دایەوەو گوتی:

– ئاغا... تەنیا ئاغا... تەنیا موساخانی ئاغای گوند و خزم و دەست و پێوەندەکانی... ئەمانە لەگوند مانەوە، لەسەر کەلاکی خەڵکەکە هەڵدەپەڕین، تا ئێستاش موساخانی ئاغای گوندەکەی ئێمە هەروەکو

خـۆیەتی، زەبروزەنگی ڕۆژان کـاری تێ نەکـردووە... بەڵکو قـەڵـەوترو دەست ئەسـتـوورتریش بووە، ئەم ئاغـایە... وەکـو نەبای دیبێ و نەباران... نەشـەڕو نەقـاتی و تاعـوون، تەنانەت خـشـتـێک لە دیواری کۆشکەکەی نەلەقاوە!.

دایکم... دوابەدوای ئەم قـسـانەی ئاوڕێکی دڵسـۆزانەی لەمن دایەوە، کـۆمـەڵێک پەرۆشی و خۆشەویستیم لەچاوەکانی خواردەوە، بەکڕی بۆ ماوەیێک چاوی تێ بریم... وەکو لەناوەوەی پێم بڵێ:

– ڕۆڵە... تێ بگە، ئەمـە ژیانە ژیان!.. بەربەرەکانی و حـەولی مـان و نەمـانە، کـوڕم... ژیانی ئێـمـە ئەوها بووەو ئەوهایە، دەبێ تۆش ئاگات لەخۆت بێ، بەهوشیـاری بجـوولێیـتـەوەو مـشـووری زەمـانەکەت بکەی... بزانی چی دەکـەی... چۆن دەیکەی و بۆچی، هەتا توانای ئەوە پەیدا بکەی بەرگـری لە ڕۆژی ئەوهاو لەوەش ڕەش و تاڵ و سوێرتر بکەی!.

منیش... هەر بۆ ئەوەی فـەرامۆشـیـێک بەدڵ و دەروونی دایکم بدەم... بەڕووی گـەشـامـەوە، بزەیێکم لەزارم پچڕی و گوتم:

– تەبیـعی... ئاغـا پیـاوی رووسـان بوە هەروەها پیـاوو دار دەسـتـەی عـوسـمـانلیـەکـانیش!!.. ڕێ خۆشکەری ئەو دوژمنانە بووە، بەرژەوەندی خۆی لەسەرشۆڕی و برسیەتی و لەناوچوونی خەڵکی گوند... پێ چاکتر بووە، ئەمانە دڵڕەق و هەست مردوون، ئەگەر بۆ داگیرساندنی جگەرەکەیان... ئاگر لە شارێک بەربدەن... پێیان هیچ نییە!.

دایکیشم هەر لەبەر خۆیەوە، وەکو وەڵامێکی من بداتەوە، گوتی:

– مـووسـاخـان... گوندەکەی ئێـمـەو هەمـوو گوندەکانی دەوروبەری زەوت کردن و ئێـسـتـاش بەمـوڵکی خۆیان دادەنێ!.

مـام زانەوێر... بەووردی گـوێی بۆ قسەکانی دایکم شل کردبوو، کە ئەو لە قسـەکانی بۆوە، ئەم هەلی دایێ و گوتی:

– وەک مەلا عبدالقدوسی باوکی فەخرۆ... ئاغـای گوندەکەی ئێمە، ئەم مەلایە پێش چەند ساڵێک لە ڕۆژگیرانەکە... مانگی ڕەمەزان بوو... هاتە گوندو بەخەڵکەکەی گوت:

– من... مەلام... پیاوی خودام... هەژارم... بێ داڵدەم!!

وە قورعانێکی لەبن هەنگڵیەوە دەرهێناو گوتی:

– لەم قـورعـانە بەولاوە... شتـێکم لە دونیـادا نییـە، حـەز دەکەم ئەمـسـاڵ بمگرنەوە، ڕەمـەزانێ پێش نوێژیتان بۆ دەکەم، وەعزو ئیرشادتان بۆ دادەدەم، ئێوەش یارمەتیم بدەن و بمحەوێننەوە!.

ئێـمـەش... زۆر پێـمـان خـۆش بوو مـەلایێکمـان هەبێ... ڕێ و شـوێنی ئیـسـلامـەتیـمـان پتـر بۆ ڕوون بکاتەوە، مەلامان ڕاگرت... کردمانە گەورەو هەموو پرس و ڕامان بەو دەکرد، بە زیارە، مزگەوتێکمان بۆ دروست کرد، درێژەی نەدەمێ... کردمانە پیاوو فـاتەی کچی سۆفی پیرۆتی ڕەحمەتیشمان لێ مارەکرد!.. و لەگوندەکە جێگیر بوو، ئیدی ساڵ هاتن و ساڵ تێ پەڕین... مەلا بوو بەخەڵکی گوندو زەویەکانی سۆفی پیرۆتیش بوون بە موڵکی ئەو!..

هەتا سالێ ڕۆژگیـرانەکە... هەمـوومـان لەگوند بە ئاسوودەیی دەژیاین، گیـروگرفـتێکمـان لەناوێن دا نەبوو، ئەو سـاڵەش کە خـودا ڕۆژی ڕووناکی لێ ڕەش کردین و شـەڕیش دەسـتی پێکرد، ناخۆشی کەوتە گوند، دڕندەی گرانی و قـاتی... ددانی لێ گر کردینەوە، دەردو بەلا لەگەڵ هەورانی بەهار وڵاتی داپۆشی،

جەندرمەو لەشكری عوسمانی بەوڵات وەربوون، وەک داڵاشی برسی کەوتنە سەر لاشەی خەڵکەکە، دەستیان بە ڕاوو ڕووت و زەوت کردن و گرتن و کوشتن کرد، ئاگری شەڕو قاتی لە وڵات بەربوو، خەڵکەکەش... ئەوەی بەو ئاگرە سووتا... مرد... ئەوەی پەڕاگەندەو ئاوارەو دەربەدەر بوو...، پاش شەڕیش... ئەوانەی مابووین... کە گەڕاینەوە گوندەکەی خۆمان... حەزمان دەکرد زەویەکانمان بچێنینەوە... خانووەکانمان ئاوەدان بکەینەوە، بەڵام دەزانن کە گەیشتینەوە گوند... ڕووبەڕووی چی هاتین؟؟

مام زانەوێر... ئەم پرسیارەی کردو ئاهێکی تووندی هەڵکیشایەوە، هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە:

– مەلا عبدالقدوس... چوبوە ڕێگای حەق... گۆڕبەگۆڕ ببوو، چوار کوڕی زەبەللاحی لەژنێکی دیکە هەبوون، ئەو کوڕانەی هاتبوونە گوندو لەجیاتی قورعان... هەریەکەیان تفەنگێکی بەدەستەوە بوو، پێشیان بەخەڵکەکە گرت، ڕێیان نەدان بچنەوە سەر موڵک و زەوییەکانی خۆیان، نەیانهێشت خانووەکانمان ئاوەدان بکەینەوە، ئەم لە خوانەترسانە بەخەڵکەکەیان دەگوت:

– گوندەکە میراتی باوکمانەو بۆ ئێمە ماوەتەوە، کەس حەقی تێدا نەماوە!.

ئێمەش... هەرچەندە هەوڵمان لەگەڵ دان... خودامان هێنانە تکا... هانامان بۆ حکومەت برد، هەموو هەوڵ و هانامان بەفیڕۆ چوو، کەس گوێی لێ نەگرتین... کەس حەقی نەپرسین، ئیتر فەخرۆی کوڕی مەلا عبدالقدوس بوو بەئاغای گوندو کە زانیشی ئێمە بەئاسانی گوندەکەمان بەجێ ناهێڵین... وەکو ڕەنجبەرو پاڵەو جووتیار... جێنشین بووینەوە...!

– بەڵام...

مام زانەوێر... بەدوو چاوی کراوەو بەدەنگێکی بەرزی پڕ لەقین بانگی کرد:

– بەڵام بەحەول و قوەتی خودا... ئەم گوندە لەفەخرۆ ئاغا و برا بیژوەکانی دەکەین بەزەقنەبووت و ئەوەی لەگەڵ باوکی گۆڕبەگۆڕیشیان بەناحەق خواردوویانە... لەکونە تفنکیان دەردەکێشین!.

مام هەیدەریش... وەکو خەیاڵ بردبێتیەوەو لەپڕ وە ئاگا هاتبێ، بەتوندی سەری لەقاندو جنێوێکی لەدەم دەرچوو:

– هەی... سەگی سەگ... بابینە!

لەپاشدان سەرێکی هەڵبڕی و لەلۆفەکانی سپیلک وەڕاما، پێشەنگی قەتارێکی لۆریە گەنم وەکو عەزیا لەلۆفەکان پێچی خواردبوو و سەری دەجوولاندەوە... بەرەو دەشتی هەریر شۆڕ دەبووەوە، گرەی ئۆتۆمۆبیلەکان... پەردەی گوێچکەی خەڵکەکەی دەگەزی، مام هەیدەر ڕووی بۆ لای کاروانیەکان وەرگێڕایەوەو بەتووڕەییەوە گوتی:

– ئە ئاوا... نانی خەڵک و خوا دەردێنن و... دەیدزن!!

– ئەو ژیانەی خوا بە بەندەکانی خۆی بەخشیوە، بەم ڕەنگە زەوتی دەکەن. جنێوەکەی مام هەیدەر... تووڕەیی و ڕکەکەی... پێداچونەوەکەی مام زانەوێرو بەسەرهاتی گوندەکەی... خەیاڵی گێڕامەوە لای عەمەری سلێمان و هاوڕێیەکانی، لەناوەوەی خۆمدا لێکم دەدایەوەکە:

– عەمەرو هاوڕێیەکانی... ئەمانە پتر لەڕاستی مەسەلەکە گەیشتوون، بەو هەڵوێستەیان... بەو یاخی بوونەیان... دەیانەوێ خەڵکی ڕەشوڕووت لەو ڕاستیانە... لە حەقیقەت هوشیار بکەنەوە!

وە بەرامبەر بەو حەقیقەتەی عەمەرو هاوڕێیەکانی بەدوایدا وێڵن، هەستم بەشەرمەزارییێک دەکرد،

خۆم لەقەبارەی خۆم بچووکتر دەهاتە بەرچاو، لەخۆم دەپرسییەوە:

– ئەدی من!... ئەدی من چیم؟ لەو دونیای حەقیقەتەدا جێگام هەیە... یان نییە؟

– ئەگەر جێگام نییە! بۆچ نەبێ و ئەگەر جێگاشم هەیە کام جێگایە؟

لەناو گێژاوی ئەم لێکدانانەوە مەلەم دەکرد، وەک لەشێکی نقووم بوو... سەراو... و... بن ئاو دەبووم، کە مەلا حەمید... بەدەنگ نەڕاندی:

– هەمووی لەلای خوداوەیە... ئەگەر خێرە ئەگەر شەڕ... هەمووی لەلای ئەوەو عاقیبەتیش هەر دەگەڕێتەوە لای خۆی!

وەرووی لەرۆژئاوا هەڵبڕی و بانگی خەڵکەکەی کرد:

– براینە... خۆ ڕۆژ درەنگە... نوێژی هێوارەیە... نوێژە... نوێژ!!

وەک کەڵەشێر هەڵبەزیە سەر گاشەبەردێکی زل، دەستی بردە بناگوێی و چراندی.

– ئەڵڵاهو ئەکبەر... لا ئیلاها.. ئیلەل لاە..

پیاوەکان... لەقسەکردن وەستان بەبێ دەنگ دەمیان دەجوولاندەوە، هەموویان لەجێگاکانیان بزووتن و وەک ئینسانی ئالی هەڵستانە سەر پێیان... لە گۆڕەپانەکە چوونە پاڵ یێک... لەدوای مەلا حەمید ڕێزیان بەست، مەلاش دەستی پێ کردەوە:

– ئەلحەمدو لیللاهی... ثومە ئەلحەمدو لیللاهـ!!

دایکم و پوور زولێخاو ژنەکانی دیکەش، لە کۆکردنەوەی شتومەکەکان و لە بار تێکنان وەستان، ئەمانیش چەند هەنگاوێک لەپاشەوەی ڕیزی پیاوەکان... ڕوو لە قیبلە... ڕیزبوون.

کاتێ لەڕیزی نوێژەکەرەکان وورد دەبوومەوە، سەردەمی منداڵی خۆمم دەهاتەوە یاد، هەزارو یەک دیمەنی ئەو سەردەمە... لەبەر چاوم ڕەنگیان دەدایەوە، دیمەنی مزگەوتە فراوانەکەی گوندە جوانەکەم کە بۆ خۆی بەهەشتێکی بچکۆڵە بوو، دیمەنی دوو پیرە دارچنارەکەی لق و پۆپیان لەگەڵ ئاسمان تێکەڵ ببوون... خەڵکەکە دەیانگوت... ئەو دوو دارچنارە بەدەستی عەبدوڵڵای کوڕی عومەری خەتاب... چانراون و لە دێر زەمانەوە هەتاکو ئێستا هەر بەپێوە ماون.

دیمەنی ڕیزە دار ئەسپینداراکان... کەوا وەک ئالقە دەورەی حوجرەی فەقێیانیان دابوو، دیمەنی حەوزو ئاوە ساردو ڕوونەکەی کە کەس نەیدەتوانی بۆ دوو دەقیقە پەنجەی بخاتە ناو... لەبەر ساردی... ئارووی شەق دەکرد، دەیانگوت بناوانی ئەو کانیاوە سازگارە لەپشت چیایە بەرزەکەیەو ئاوەکە لەبن بەفری چیا هەڵدەقوولێ.

دیمەنی مەلاپیرە باڵابەرزەکەی مزگەوت... کە فەقێ دەورەیان دەدا و لە کاتی دەرس گوتنەوە... ڕدێنە سپیەکەی دەلەرزیەوە، دیمەنی سۆفی باپیری مجێوری مزگەوت... کە منداڵەکانی گوند... بەقەدەر عیزرائیل لێی دەترسایین و هەرگیز ڕێی نەدەداین لە حەوشە گەورەکە... لەژێر دارچنارە پیرەکان... لەسەر حەوزەکە یاری بکەین. دیمەنی باوکی خوالێخۆشبووم... کە بڕوایی وەهابوو ئەوەی نوێژ نەکا... دوژمنی خوایە!

دیمەنی خەلیفە سەرسۆرو دەروێش قادرو دیمەنی دەروێشەکانی دی... کە هەمیشە توندو تووڕەو تیژو تاڵ دەهاتنە پێش چاوی منداڵەکان، ئەمانەش!.

هەم لەمزگەوت بۆ خاتری خوداو پێغەمبەرو هەم لەبەر دەرکی سەرا بۆ خاتری مودیر بەگ و قۆمیسێر، هەم لەدیوەخانەی ئاغا...

کلکەکوتێیان دەکردو دەستاڕی درۆو دەلەسەو شەرمەزاریان دەهاڕی، لەناو بازاڕیش... لە ڕکابەری دیانەکان... لەڕکی قەشەو شەماشە... زەرگ... و شیرو دەف... دەست و دەم و ددانیان دەخستنە کار.

بەرەبەیانی زستانەکە... بەفر هەتا گۆزینگان کەوتبوو، لەسەر فەرمانی باوکم... ڕێگای مزگەوتم گرتبووە بەر، دەبوایە بگەمە جەماعەتی دووەم، کچە شێتەکە... مەنجەڵە چڵکاوەکەی بەسەرو گوێلاک داکردم... باوکم ئارەزووی وابوو کە دەبێ بگەمە جەماعەت...

– ڕۆژێکی سارد بوو.. لەسەرمانا پلو پەنجەم گۆد ببوون، گوێچکەکانم... لووتم... ڕەش هەڵگەڕابوون... سڕ ببوون... لام وابوو بە لەشمەوە نەماون!..

– ڕۆژێکی سارد بوو.. لەڕیزی نوێژی جەماعەت... دەمارم شل بوون، خۆم پێ نەگیرا... هەندە هێزم دایە خۆم... دەمهەویست خۆم بگرم... بەڵام دەمارم شل ببوون... بەخۆمدا میزت، دەرپێم تەڕ بوو، میز بە لاقم دا هاتە خوارێ و هەتا سەر مافوورەکە نەوەستا.

کە لە ڕیزی نوێژکەرەکان وورد دەبوومەوە، ڕدێنی مەلاو ناوملانی عەلە ئێختەو قژە پەرش و بڵاوەکەی... پرچی خەلیفە سەرسۆرو ڕشی شێخ مەلا قطب الدین یان... دەهێنامەوە بەرچاو، خەلیفە سەر سۆرو.. دەروێشەکانی شێخ.. کە کچە هاوڕێیەکەمیان ڕفاندو ڕەکێشی ناو قەمەرەکەی شێخیان کرد!..

– ئایشەگوڵی هاوڕێم هەر هاواری دەکرد، دەستە چکۆڵەکەی بڵند کردبوو، وام دەزانی بۆ منی درێژ دەکا... تاکو ڕزگاری بکەم...

– جگە لە هاوارو گریانەکەی کچۆڵە هاوڕێیەکەم... لەناو پێچ و پنای مێشکمدا... لەدوور دەنگێک دووبارە دەبوەوە... هەستی دەلەراندمەوە، دەنگەکەم بەدەنگی مام وەیسی ئاشەوان دەشوبهاند... کە لەناو تەق و هۆڕی چەقەنەو ڕووبارو گرمەی بەرداشی ئاشەکەیدا... لەنکاو ڕا دەهاتە بەر دەرگای ئاش... خۆی لەگەردی ئارد دادەوەشاند، ڕووی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و بانگی دەکرد:

– هۆ... خوادی گەورە... ئەمە حاڵە؟

وە بێ دەنگ دەکشایەوە ژووری ئاشەکە!.

وەکو ڕێبوارێکی ناوەختی سەر لێ شێواو... کرێوەی چۆنیەتی ئەو ڕۆژانەم لوولی دەدام... لەناومەوە وەک ژان پێچی دەخوارد بەرچاوی لێڵ دەکردم، شوێنەواری ئەو تیلمە ڕێگایەی کە بەبێ ئامانج ملم تێیدا دەکوتا... ئەو شوێنەوارەی لێ کوێر دەکردمەوە، لەگەڵ خۆمدا لێکم دەدایەوەو هەر یەک و دووم دەکرد ولێکم دەدایەوە هەتا مێشکم ماندوو دەبوو... دەتەزی و بەوەرەسی هاوارێک لە ناوەوەم هەڵدەستا... بانگی خۆم دەکردەوە:

– ئای گەلۆ... ئەمە چ ژیانێکە... ئێمەی تێدا دەژین؟

لەگەڵ ئەم بانگەش... بانگێکی تر لەدەروونمدا جینگڵی دەدا... خولی دەخوارد... هەموو کەیانی دەهەژاندمەوە، وێنەی نەخشینی... کچە خۆشەویستەکەی منی... لەبەر چاومدا زیندوو دەکردەوە، تارمایی نەخشین... بەڕووە سیس و زەردئەسمەرە شیرنەکەی... بە چاوە گەشەکانییەوە... بەسینگە بەرزەکەیەوە... لەبەر چاوم زیندوو دەبووەوە، دەستێکی... بۆ هەڵدەبڕیم... بزەیێکی بۆ دەکردم... لەپاشدان بەبێ دەنگی دەچوو لەسەر.. ئەو گاشە بەردەی.. مەلا حەمید لەسەری بانگی دەدا.. لەسەر ئەو گاشەبەردە بەکزی... هەڵدەترووشکا، دەستە لاوازو ناسکەکەی بۆ هەڵدەبڕیمەوەو جار لەدوای جار بۆی ڕادەوەشاندم... وەکو ئەویش بانگم بکا:

– وەرە... وەرە... شێرکۆ... وەرە!!.

* * *

## 20

پێشەنگی کاروانەکەمان لەگوندی گولەک دەردەچوو... و سەری بە گەوەکەوە نابوو، بۆ ئەو بەر دۆڵەکە دەپەڕیەوە، ئەو چۆڕە ئاوەی بەناو دۆڵە سەختەکەدا دەهاتە خوار... بە چرپەو جولانەوەیێکی نەخۆشانەی لاواز... بۆ ناو باخچە هەنارو هەنجیرەکان... بەرەو ژێر دەبوەوەو دەخزی.

پایزان... ئاو کەم دەبن، چاوەکان بریسکەو جونبوشیان سیس و سست دەبنەوە، ڕووبارو جۆگەلەکان... وورده وورده دەکشێنەوە ناوخۆیان. لەکاروان جیابوومەوە لام دایە ڕۆخ ئاوەکە... پێڵاوەکانم داکەندن... پەل و پۆم لە ئاو هەڵکێشان... چەند گۆلە ئاوێکم بەسەر ڕووم... داکردن، هەستم بە لەش گرانیێک دەکرد، هێشتان لەناو تەم و تێکەڵاویی ئەو قسانەی پێش کاتێکی کەم کە کەسانی کاروانەکەمان... ئاشی ژیانیان پێ دەگێڕا... هێشتا لەژێر تەئسیرو باری ئەو قسەو دەمەتەقێ وگفتوگۆیانە ڕزگاریم نەببوو... کە پێڵاوەکانم بەسەرپێ وەکردنەوە... هەڵستامەوە سەرپێ، کاروان... بەرەو هەورازەکەی سپیلک دەچووە پێش، سەرێکی دیکەم بۆ دەشتە فراوانەکە هەڵبڕی... پەرێزەکان زەرد هەڵگەڕابوون، لەگەڵ خۆمدا کەوتمە یەک و... دوو... و... لێکدانەوە:

– سەیر... سەیر... چۆن ئەم خاکە پڕ پیت و بەرەکەتە، ئەم کردارو داهاتە زۆرو مشەیەی لەم زەوییە پیرۆزە دێتە بەرهەم، چۆن هەمووی بۆ قازانجی دوژمنانی خاکەکە خۆی... دوژمنانی خودان خاکەکە خۆی... دێنە پەروەردەکردن و بەکارهێنان!!

– سەیر... سەیر... چۆن ئەم جووتیارو پاڵانە... ئەوەتەی دونیا هەیە... بەرە لەدوای بەرە... عارەقەیان لەسەر ئەم خاکە ڕشتووە، بەخوێنی گەشی دڵ و دەمارەکانیان پەینیان داوە، کەچی بەشیان هەر برسیەتی و هەژاری و نالەباری و ئاوارەیی و نەخۆشی بووە!

بەم بیرو لێکدانەوانە دڵم تەنگ دەبوو... هەناسەم سوار دەبوو... وڕە لەمێشکمەوە دەهات... تا بەئاهێکی  توندو هەناسەییێکی دوورو درێژ... سەبووری سیپەلکەکانم دەدایەوەو بڵاوەم بەو ڕک و کینەیە دەدا کە لەدەروون و هەستمدا پەنگیان... دەخواردەوە، و دیسان لەخۆم دەپرسییەوە:

– ئایا... ئەم دونیایە هەروەها بووەو... هەروەها دەبێ؟

– کەنگی ئەم خەڵکە ڕەشو ڕووتە ڕەنجدەرو زەحمەتکێشە تێ دەگەن کە بۆچ دەژین و دەبێ چۆن بژین؟

سەرم لەوە سوڕ دەما کە دەمدیت ئینسانی سادەی وڵاتەکەم... ئەم ئینسانە دڵ و دەروون سپیانە هەر کە لە لانک دادەبەزن... خوێن و نانیان تێکەڵاو دەبێ... خەمی ژیان تەنگیان پێ هەڵدەچنێ... وەڕەسانە پەل دەکوتن... ململانێ دەکەن... ئازار هەڵیان دەگلۆفێ و دەیان داتە بەر پاڵەستۆ... تا سەر ڕۆخی گۆڕ ڕایان دەپێچێ و ناهومێدانە گلۆر دەبنەوە، لە بێشکەوە.. بۆ گۆڕ گلۆر دەبنەوە بێ ئەوەی هەست بەژیانێکی ڕاستەقینە... یان تەنانەت تامی ژیانێکی شیاوی ئادەمیزاد بکەن!.

بەگورجی و لائیرادی، پێیەکانم لاقەکانم دەجوولانەوە، پەلەم دەکرد بگەمەوە کاروان، هەتا هەنگاوم دەنان... پتر بەناو زۆنگاوی ئەو بیرو خەیاڵانەدا... ڕوودەچووم!.

دەنگی مام هەیدەر... لەناو پێ خوستی کاروانەکە بەرز بوەوە، دەستێکی بۆ ئەو دونیا بێ دواییەی بەرامبەری ڕایەڵ کردوو ڕووی بۆ مام زانەوێر وەرسووڕاندەوەو لێی پرسی:

– زانەوێر... زانەوێر... ئەو ڕۆژەت لەبیرە کە لەم دەشتەی هەریرەدا، لەگەڵ لەشکری ئینگلیس و

قەلەڕەشکە کەوتینە شەڕە جەنگ... ها ؟

مام هەیدەر... هەناسەیێکی خواردەوە... دەستێکی وە سەرو رووی داهێناو هەتا پرسیەوە:

– کە تەیارەکە... تەیارە لەعینەکە... لەئاسمانەوە دەی گرماندو سەری لەدەستە مرۆیەکەی ئێمە شێواندبوو، ئەگەر رانەپەڕیباین و بەگورجی خۆمان لەدۆڵەکە پەنا نەدابا... لەبەر چاوی تەیارەچیەکە شوێن بزر نەبایین... وەکو.. واشە هەر بەسەرمانەوە بوو و پەیتا پەیتا.. گوللە بارانی دەکردین.. تاکێکی لێ نەدەهێشتین!.

مام زانەوێریش بە پەلەو پێش ئەوەی مام هەیدەر هەر بۆ خۆی هەموو باسی شەڕەکە بگێڕێتەوەو بەسەر ڕووداوەکانی دا بچێتەوە... پێشی بەقسەکانی مام هەیدەر گرت، وەکو ئەمیش بیەوێ کڵۆڵی ڕۆژانی ئەم دوایییەی و نالەباری ئەم ڕۆژە ڕەشانەی ئێستای لەناو یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە گەشانەی هەڕەتی گەنجی ئەو سەردەمە لوول بدا... بە دەنگێکی بەرز، بە نیمچە هاوارێک بانگی کرد:

– های... هەی زەمان!

– ئەرێ وەڵڵا هەیدەر.. هەیدەر، ئەرێ وەڵڵا.. چاک لە بیرمە!!. وە بەبزەییێکی تاڵ ڕووەو مام هەیدەرو کاروانییەکان گوتی:

– کوڕینە... ئەو ڕۆژانە... ڕۆژی ئەوهانین کە پیاو بەسووک و ئاسانی لەبیریان بکاو لەیادی بیان سڕێتەوە!

وە ڕووی کردە مام هەیدەرو پێی گوت:

– ئەدی کوو ؟... هەیدەر... شوکور بۆ خوا... هێشتا نەخرفاوم و وام لێ نەهاتووە خۆم لەبیر بکەم!

وە بانگی کردەوە:–

– کوڕە... ئەرێ بەخودای وەکو بڵێی شەڕەکە دوێنێ کرابێ... ئە.. ئەوها... کە چاو لەسەرییێک دادەنێم... هەموو قەوماو... و کارەساتەکەم بۆ زیندوو دەبنەوەو لەبەر دەمدا قیت دەبنەوە.

مام زانەوێر... کەمێک لەقسە وەستا بۆ ئەوەی ئاهێکی بەگوڕ بخواتەوەو ئاوڕێک لەدۆڵە سەختەکەی گولەک بداتەوە و سەرێک بۆ سەر تۆپکەی چیایەکە هەڵبڕێ... ئینجا بانگی کردەوە:

– لەشکرەکەی ئینگلیسی دوژمن و قەڵەڕەشکەی کافر، دەیانویست پشت لە مرۆیەکانی ئێمە بگرن... کە لەسەر سپیلک و لە کەلەکێن و لەسەر بەرزاییەکانی چیا سەنگەریان گرتبوو... و لەبۆسە دابوون، ڕێگامان لەو دوژمنە بەستبوو، نەمان دەهێشت بستێک بێنە پێش، ئەوبەرو ئەمبەری گەلیەکەشمان لێ تەنی بوون، دەمان ویست ئەگەر بەهێز هاتنە پێش و کەوتنە ناو گەلی... بە تەلیەیان وە بکەین، ئێمەش لەسەنگەرو نۆڕینگەکانمان وەکو بزنە کێوی... یەکە یەکە ڕاویان بکەین.

مام زێندین... ووردە ووردە گەرم دەبوو، و خوێنی لاوی دەهاتەوە لەش و بەبزەیێکەوە ددانە تاق و لۆقەکانی بەدەردەکەوتن کە دەیگوت:

– دوژمنیش حسابێکی دیکەی کردبوو، بەهێزێکی گەورە... بەتۆپ و مەترەلۆس... گەلیەکەیان بەئاگر داگرت و ئەمجا بەیەکجار هێرشێکی توندیان هێنا، دەیهەویست لەدۆڵەکەوە... سەرکەوێتە... سەر چیایەکەو لەوێشەوە قۆڵ... قۆڵ... بۆ لای سپیلک و کەلەکێن و دۆڵی ئالانەو... بەسەر چیایەکە بلاوە بکاو ئابلوقەی مرۆیەکانی ئێمە بدات... سەنگەرەکانمان هەڵتەکێنێ و بۆسەکانمان لێ پووچ بکاتەوە... نۆڕینگەکانمان بەسەر یەکدا بڕووخێنی و بەم جۆرە لەناومان ببا!؟.

بەڵێ دوژمن بەم ڕەنگە بیری دەکردەوەو بۆ ئەم ئامانجە نەخشەی کێشابوو، دەیانگوت پیاوی پسپۆرو شارەزایان لەگەڵەو بگرە گەلێک لە شوون هەڵگرو... شاخەوانی خەڵکی ناوچەشیان لەگەڵە، ئەو کافرانە وەهایان دانابوو ئەگەر نەخشەکەیان چووە سەر... یەکسەر بۆ خەلیفان و گەلی عەلی بەگ... ڕاوی خەڵکەکە دەنێن و وڵات بەئاسانی داگیر دەکەن و ئەگەر بەرگرییێکی لاوازیش لەلایەن لەشکرە بەزیوەکەی ئۆزدەمیری تورک... ببێ... ئەوا بە شتێکی وەها گرنگیان دانەدەنا، ئەو ئینگلیسانە بەزۆری حیسابیان بۆ ئێمە... خەڵکی وڵات دەکردو بەس!

بەڵام مرۆیەکانی ئێمە... وەکو گوتم خوا لەدڵی نابوون کە دوژمن ئەوها بیردەکاتەوە، دەست پێشخەریمان کردو هەر کە دوژمن هێرشی هێناو گەیشتە ناوەندی دۆڵەکە... قۆڵ... قۆڵ بڵاوبوونەوە، کە دەستمان لێ وەشاندن و لەهەر چوارلا ئاگرمان دان و لێمان کردن بەجەهەننەم، هەتا قرانمان تێ نەخستن... دەستمان لە پەلاپیتکەی تفەنگەکانمان هەڵنەگرت!.

مام زانەویر... بە توورەیی و حەماسەتەوە لە خەڵکەکەی پرسی:

- تەیارە... تەیارە...!... تەیارە لەڕۆژی وەها چی پێ دەکرێ؟

- تەیارە... حەددی چییە زەفەر بەشاخ و ئەشکەوت و کێوەکانمان ببات!.. ئا؟.

وە هەر بەخۆی گوتیەوە:

- تەیارەکانی دوژمن... دوو ڕۆژی ڕەبەق لەگەڵ ڕۆژهەڵات هەتا... ڕۆژ ئاوا... بەدرێژایی گەلیەکەی دەپشکنی، ئاگرو ئاسنی دەرشت، وەک هەلاج ئەو ناوەی پەڕە دەکرد، گوندی گولەک و گوندەکانی دیکەی بۆمباران کردن... بەڵام ئایا توانی تەنیا یەک نەفەری لەشکرەکەی دوژمن دەرباز بکات؟

وە هەر بەخۆی وەڵامی خۆی دایەوە کە گوتی:

- نا... نا... وەڵلاهی ئەگەر ئەمرۆش لەناو دۆڵەکەی گولەک بگەڕێی لە کەللەسەرو لوولاق و هێسکی پەراسووی ئەو سەربازە دوژمنانە... دەدۆزیەوە، بەڵێ... زیان و زەرەرێکی زۆری لەگوندەکان دا، مەڕو مالات و وڵاخی گوندەکانی کوشتن، منداڵ و پیرو پیرێژنیش بریندار بوون... بەڵام گەلیەکە وەک دەریا لەشکرەکەی قووت دان!.

مام زانەویر... ئاهێکی درێژی هەڵکێشا، هەندێک هێمن بوەوە... چەند جارێک سەری هەژاندەوە... چاوقوچانێک داماو لەسەرخۆ گوتی:

- ئای بەنی ئادەم... لەبەنی ئادەم قایمترو بەهێزتر نییە، ئینسان لە تەیارەش بەهێزترە، چ هێزێک نییە... لە مردن زیاتر چ هێزێک نییە ئینسان بەسەریدا زاڵ نەبێ... بەمەرجی ئەوەی بڕوایی بەخۆی هەبێ!.. بەسەر ڕاستی و دڵپاکی هەڵس و کەوت بکا! وە سەرێکی دیکەی ڕاهەژاندەوەو بەدەنگێکی بڵند گوتی:

- ئەرێ وەڵڵا هەیدەر... ئەو ڕۆژەم هەر لەبیر ناچێ!

وە لە مام هەیدەری پرسی:

- دیتت هەتا ڕێکوپێک و دڵپاک بووین، هەتا یەک دەست بووین و پشتی یەکتریمان دەگرت... چ هێزێک بەرگەی نەدەگرتین، بەخۆت لەگەڵ بووی کە چۆن تەنگەمان بەو دوژمنە پرچەک و تفاقە هەڵچنی و وەهامان بەسەرهێنان... کون نەبوو خۆیان تێدا بشارنەوە، لەبەر دەستی مرۆیەکانی ئێمە... ئەوها زەلیل و شپرزە ببوون... خوا خوایان بوو لەبەر چەنگمان ڕزگاربن، هاوارو زیرەیان لە دۆڵەکە دەنگی دەدایەوە،

ئێمەش... گەلاڕێزانمان لێ داهێنان و وەک گەلای پایزان هەڵمان دەوەراندن!!
وە ڕووبەڕووی ئێمە هەموان... گوتی:

– شەڕێکی پیرۆز بوو، لەڕێگای خوداو دین بوو، لەپێناو حەقی خۆمان بوو، بۆ سەربەرزی میللەتی ئیسلام و بۆ ئەوەبوو کە دەست و پێی دوژمن لە وڵاتدا ببڕین و چیدی ئەم جۆرە ڕۆژە سەختانەمان نەهێنە پێش...!

مام زانەویر... چەند جارێک کۆخی و سەری هەڵبڕی، لە ئاسۆی ڕۆژئاوا وورد بوەوەو لە دەشتە بەرینە بێ دواییەکە وەڕاما، بەدڵێکی پڕ کەسەر... لەسەرەخۆ گوتی:

– ئەم هەموو فیداکاری و خۆبەخت کردنەمان... ئەم هەموو ماڵ و گیان بەخشینەمان... هەر بۆ ئەوە بوو کە ئیتر تووشی برسیەتی و کەساسی نەبینەوە... سەرشۆڕو زەلیل نەبین... لەبرساندا نەتوێینەوە.

زۆربەی کەسانی کاروانەکە... بەبێ دەستی خۆیان ئاهێکی گەرمیان هەڵکێشا، چاویان لەدەمی مام زانەویر بڕیبوو، پێیان خۆش بوو ڕووداوی شەڕەکانی نێوان خەڵکی ناوچەکەو لەشکرەکەی ئینگلیزو قەلەڕەشکە بەتەواوی بگێڕێتەوە، خەڵکە... وەکو ئەوانیش چووبنەوە ناو ڕووداوەکان... ئاگایان لەخۆیان نەبوو چۆن بەگورجی بەسەر سپیلک دەکەوتن و هەستیان بە ماندووبوون نەدەکرد، مام زانەویریش... بە حەسرەتێکەوە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– بەڵام ئاخ سەد ئاخ... هەزار حەیف و مخابن کە ئاغا و شێخ و سەرۆکەکان... ئەو وەختەش هەر لەدوو قازانجی خۆیان دەگەڕان، ئەو خۆفرۆش و خۆپەرستانە... لەو کاتەی ئێمەیان بەکوشتن دەدا... ئەوان لە ژێرەوە لەگەڵ دوژمن لێکیان دابووەوە، لەئەنجامیشدا ئەوان گەردێکیشیان لێ نەنیشت... قەڵەوترو دەوڵەمەندتر بوون، ئێمەش خوێنی خۆمان ڕشت و ئاوارە بووین، خوێنی شەهیدەکانیشمان بەفیڕۆ چوو... و بەدەستی ئەو غایەنانە دۆڕا... بەچەند لیرەییێک فرۆشتیانە دوژمن، لەگەڵ ئەو خوێن فرۆشتنەش... وڵاتیشیان فرۆشت، هەر تەنیا ئێمە بێ بەشماینەوە، برسی و ڕووتی و دەربەدەری بەشمان بوو.

مام هەیدەریش... کە هەتا ئەو کاتە گوێی گرتبوو... کە مام زانەویر بەم ڕەنگە مەسەلەی شەڕەکەی شێ کردەوەو ئەو ئەنجامەی بەخەڵکەکە ڕاگەیاند، مام هەیدەر... دەستێکی لە هەواکەی دەورەی ڕاوەشاندو بەتووڕەیی بانگی کرد:

– ئاغاکانی خۆشناو.. و سورچی.. و گەردی... ئەمانە ڕێگایان بۆ ئینگلیسی دوژمن خۆش کرد، لەژێرەوە ڕێنماییان دەکردن و لەپەناوە بەدزی یارمەتیان دەدان و لەسەرەوەش پالیان بە ئێمەوە دەنا بۆ ناو کوورەی شەڕ دەیان هاوێشتین، بەهەموان یارمەتی دوژمنی کافریان دەدا تا بەسەر ئیسلامدا زاڵ بێت و خەڵکە ڕەشوڕووتەکەش کۆت و زنجیر بکەنەوە، ئەمەش هەمووی لەپێناوی چەند لیرەییێک بوو کە لە دوژمن وەریان دەگرت و دوژمنیش قسووری بۆ نەدەکردن، هەر کە وڵاتی داگیرکرد... ئەمانەی کردنە خاوەن دەسەڵات و موڵک و ماڵێکی زۆری بۆ دابین کردن، قامچی دایە دەستیان تا پشتی ئێمەی ڕەش و ڕووت... پێ سوور بکەنەوەو زەوی و زارمان لێ زەوت بکەن.

لە هەولێر... سمایلی برادەرم کە ئەویش قوتابی بوو لە پۆلەکەی ئێمە دەیخوێند، باسی ئەوەی بۆ دەگێڕامەوە کە چۆن مەلایەکەی هەولێر... کە خەڵکی بە وەکیلی خودایان دەژمارد... چۆن ئەم مەلایە زەویەکانی پیر ئۆمەری باوکی لێ زەوت کردن!

سمایل دەیگوت:

– مەلایەکەی هەولێر لەگەڵ دەستەییێک مرۆ هاتە گوندەکەی ئێمەو بانگی باوکمی کردو پێی ڕاگەیاند کە:

– پیر ئۆمەر... ئەگەر حەقی زەوی و زەکات نەدەی... زەویەکان بەجێ بهێڵەو لەگوند بار بکە!

باوکیشم... کە زەویەکانی لەباوک و باپیرەکانی پشت لەدوای پشت بۆ مابوونەوە، قسەکەی مەلای پێ سەیر بوو، ڕووبەڕووی جەنابی گوتی:

– قوربان... زەکات قەیدی ناکا ئەوا خودا فەرزی کردووەو دەیدەم بە ئەوەی موستەحەق بێ و هەتا ئێستاش لەدانی زەکات دوانەکەوتووم... بەڵام دەفەرمووی حەقی زەوی... حەقی زەوی بدەم بەکێ؟ جەنابت و هەموو خەڵکەکە و خەڵکی گوندەکانی دراوسێش... دەزانن ئەو زەویانە هەر هی خۆم بوون و هەر هی باب و باپیرانم بوون، کەس ڕۆژێک پەرەی لە موڵکایەتی ئەو ئەرزانەم نەگرتووە!

بەڵام.. مەلا... بۆ ئەو قسانەی باوکم سەری دەهەژاندو بە پێکەنینێکی بایی بە باوکمی گوت:

– پیر ئۆمەر... کەنگی تۆ خاوەن موڵک بووی؟... کوڕم ئێوە هەر مسکێن و جوتیار بوون، و زەویەکانی ئێمەتان بەخودان کردوەو بە هۆیانەوە ماڵ و منداڵت ژیاندوە!

وە بەتووڕەییەوە پێی گوت:

– دیارە لەپێ دەرچووی و دەتەوێ زەویەکانم داگیر بکەی... بەڵام ئەوە بەتۆو بە باوکی هەزاری وەکو تۆش ناکرێ، هەتا زەویەکان لەمن داگیر دەکەی... چاوت دەردێن، ئەگەر لەخوا نەترسم و قورئانی پیرۆز لە سینگمدا نەجوولێتەوە... ئەوە دەبوایە زووتر وەدەرم نابای و ماڵ و منداڵەکانت... لەبرسان بمردبان!

وە جەنابی مەلا خۆی هەندێک هێدی کردەوەو کە چاوی بە خەڵکی گوندەکە کەوت... وورده وورده کۆ دەبوونەوەو دەورەیان لە مەلاو لە باوکم دەدا، وە چاوێکی لە خەڵکەکە هەڵبڕی و پێی گوتن:

– خۆ دەبینن موسوڵمانینە... بە چاوی خۆتان دەبینن... چۆن پیر ئۆمەر دەیەوێ بە سۆرەسۆر زەویەکانم لێ داگیر بکا؟

وە ڕووی کردەوە باوکم و گوتی:

– کوڕم... ئەتۆ موسوڵمان نی؟... خوا ناناسی؟!... پێغەمبەرو قورعان... ڕابەرت نینە؟!.

باوکیشم لە وەڵامدا پێی گوت:

– بەڵێ... مامۆستا... ئەلحەمدولیللا موسوڵمانم... خودا دەناسم و پێغەمبەرو قورعانیش بەڕابەری خۆم دادەنێم و هەر لەبەر خاتری ئەو قورعانەی وا لە سینگی جەنابیشتە... وازم لێ بێنەو تەشقەڵەم پێ مەکە... تەماعی لە زەویەکانم مەکە.

مەلا... بەو قسانەی باوکم تووڕە بوو، بە خەڵکەکەو بە باوکمی گوت:

– باشە تۆ بەشەرعی موحەمەدەل موستەفا ڕازی دەبی؟... کوڕم بەشەرع ئەو موڵکانە موڵکی منە، ئەوە شەرع و ئەوە عورف و ئەوەش قورعانی پیرۆز!!

وە مەلا بەخەڵکەکەی ڕاگەیاند کە قورعان لە ناوێنمانە و بەیانی مردنەو حەشرو حیسابە، حەقی کەس لەسەر کەس نامێنێ، باوکم سەری لێ شێوا بوو، نەیدەزانی چۆن مەلا خۆ بەقورعان و شەرع هەڵدەداتەوە... چۆن دەتوانێ بەشەرع زەویەکانی لێ داگیر بکاو ماڵ و خێزانی لەگوند وەدەربنێ...؟

باوکم بەمەلای گوت:

- بەڵێ بەشەرعی خوا ڕازیم، فەرموو ئیسپات بکە کە ئەم موڵکانە هی من نین و هی باب و باپیری تۆن... ئەو وەختە حیساب دەچێتە جێگاییێکی دیکە!!

مەلاش... بەوە ڕازی بوو، بڕیاریدا کە بەشەرع ئەو حەقەی وەربگرێتەوە!

ئەو حیکایەتی سمایلی برادەرم زۆر پێ سەیر بوو... لێم پرسی:

- ئێ.. وەڵڵاهی.. خۆشە..

- ئەوجا مەلا چی کردو کێ شەرعی بردەوە؟... ئەو یان باوکی خاوەن هەقت؟

سمایلی برادەرم ئاهێکی هەڵکێشاو بە تەوسەوە گوتی:

- نەوەڵڵا مەلا شەرعەکەی بردەوەو حکومەتیش هاتە ناو مەسەلەکە و موڵکەکانی هەموو لەسەر مەلا تاپۆ کردن!!

بەسەر سوڕمانێکی زۆرو بەبێ دەستی خۆم هاوارێکم لێ هەڵستاو لەسمایلی هاوڕێم پرسی:

- کوڕە چۆن زەوی و زاری باوک و باپیری تۆ... شەرع دەیانداتە مەلا... چۆن؟

سمایل بەبێ هەڵچوون و لەسەرخۆ دەستێکی لەسەر شانم داو بەهێمنی گوتی:

- ڕۆژی شەرع و مەحکەمەکە... (میستەر لاین)... کە حاکم و کاربەدەستی ئینگلیز بوو، هەموو شتێک بەدەست ئەو بوو بە تایبەتی مەسەلەی زەوی و زار، خەڵکە دەیانگوت:

- پاش خوداو پێغەمبەر... میستەر لاین حیسابە!

ئەو ڕۆژە میستەر لاین... بەخۆی لە مەحکەمەکە حازر بوو، شەرعەکە بە ئاگاداری ئەو... و لەسەر دەستی ئەو کرا، مەحکەمەکەش... هەر لە گوندەکەی ئێمە و تەنانەت لەسەر زەوییەکانی ئێمەش گیرا!

میستەر لاین... کۆمەڵێک جاندارو شەبانەی چەکداری لەگەڵ بوون بە مەلای هەولێری گوت:

-قوربان... شاهیدەکان حازرن!

مەلاش دەستێکی لەسەر سینگی دانان و سەرێکی بۆ میستەر لاین چەماندەوەو لە وەڵامدا فەرمووی:

- بەڵێ ساحێب... هەموو شاهێدەکان لە دەرەوە... چاوەنواڕی فەرمانی ساحێبن!

میستەر لاین... کە خەڵکەکەش هەر بە ساحێب ناویان دەبرد... بە باشچاوەشی گوت:

- بانگی شاهێدەکان بکە!

سمایلی برادەرم پێکەنینێکی توندو تیژی گرت... و لەگەڵ پێکەنینەکەی چاوی پڕ ئاو بوون و دڵۆپە ئاو لەچاوەکانی دەڕژان، بەدەنگ گوتی:

سەرت نەیەشێنم شێرکۆ... با درێژەی نەدەمێ و لەکورتی بیبڕمەوە!

گوتم:

- ئێ دەباشە... ئەنجام؟

گوتی:

چوار زەلام هاتنە پێش ساحێب، دوویان هەر خەڵکی گوند بوون... و بگرە خزمی ئاوایی و خزمی ئێمە بوون، دوانیشیان جوببە لەبەرو مێزەر سپی بوون، هەر چواریان یەکە یەکە دەهاتنە پێش میستەر لاین و لەبەرامبەر خەڵکەکە... هەر یەکەیان پێیەکی لەخاکی زەوییەکە دەکوتاو دەستی لەسەر قورئانی

پیرۆز دادەنا، شاهێدی دەداو دەیگوت:

– بەم قورعانە... ئەم خاکەی لەسەری وەستاوم... خاکی جەنابی مەلایەو کەس ماف و بەش و حەقێکی تێدا نییە!

بەم ڕەنگە زەویەکانی باوکم بەفەرمانی میستەر لاین کە حاکمی هەرە گەورەو کار بەدەستی وڵات بوو... وە بەپێی شەرعی ئیسلام دران بە جەنابی مەلا، پاش چەند ڕۆژێک حکومەتیش دەست و دایەرەکەی نارده گوندو زەویەکانی لەسەر ئەو تاپۆ کردن!!.

لەجیاتی سمایلی برادەرم... من بەو مەسەلەیە گێژو واق ورماو بووم و دەمەویست لەناو ئەم گێژەلووکەیە دەرچم... کە لە ئەنجامی مەحکەمەکە لەدەروونمدا لوولی دەخوارد...کە سمایلی هاوڕێم گوتی:

– دەزانم سەرت لەو مەحکەمەیە گێژ بووە... چونکی ئەو شەرعە سەری زۆر کەسی دیکەشی لەگوندو لەدەرەوەی گوندیش... گێژ کردبوو... تا لە دواییدا خەڵکەکە مەسەلەکەیان لەلا ڕوون بوەوە لەناو خۆیاندا بڵاویان کردەوە کە:

– جەنابی مەلا زانایێکی ئاینی و شەرع ناسێکی گەورەو غەرایە، ئەو بەخۆی فتوای بۆ شاهیدەکان داوەو ڕێگاو شوێنی بۆ داناون کە سوێند بخۆن و سوێندەکەشیان لێ ناکەوێ، بەڵام چۆن؟

خەڵکەکە... بۆ وەڵامی ئەم بەڵام چۆنەش دەیانگوت:

– مەلا... عالیم بوو... زۆری دەزانی، ڕۆژی پێش مەحکەمەکە بانگی هەر چوار شاهێدەکانی کردبوو... پێڵاوی هەر چواریانی لەخاکی حەوشەکەی خۆی تەژی کردبوو... شاهێدەکان... پێڵاوەکانیان لەبن هەنگڵیان دا هەڵگرتبوو هەتا ڕۆژی دوایی گەیشتبوونە مەحکەمەکە، لەوێ پێڵاوەکانیان بەخۆڵی حەوشەی ماڵی مەلاوە لەپێ کردبوونەوەو بەم نەوعە... واتە کە لەسەر زەوییەکەی باوکم وەستابوون... ئەو خاکەی لەناو پێڵاوەکانیان بوو... خۆڵی حەوشەی ماڵی مەلابوو، سوێندەکەیان وەها خواردبوو کە ئەو خاکەی لەسەریشی وەستاون... خاکی مەلایە و کەس بەشی تێدا نییە، بەم پێیە حیلە شەرعییەکەی مەلا ڕاست بوو، ئەو خاکەی ئەوان لەسەری وەستابوون... خاکی ناو پێڵاوەکانیان کە دەیکردە خاکی مەلاو کەسیش بەش و ماف و حەقی بەسەرەوە نەبوو، مەحکەمە و شەرع و میستەر لاینی ساحێبیش... هەروا بڕیاریان داو شەرعەکەیان بڕیەوەو زەوییەکانی باوکی منیان دا بەجەنابی مەلاو، ئێمەش لە گوند بارمان کردو هاتینە شار... دەستمان کرد بەکارو کاسبی و... خودا نانمان دەداو...

بە پەلە قسەکەی سمایلی هاوڕێم بڕی تا لێی بپرسم:

– واتە ئەوها بەسووک و ئاسانی زەویەکانی ئێوە بوون بە زەوی مەلاو ئێوەش بێ دەسەڵاتانە بەرەو شار شۆڕبوونەوە... ها...؟

سمایلی برادەرم لەگەڵ ئاهێکی توونددەوە بە گوێیدا چرپاندم:

– کاک شێرکۆ ئیمرۆکە ئەوهایە، خزمی خۆمان بوون سوێندیان بۆ مەلا خواردو پیاوی بەدین و خواپەرست بوون کە حەقی ئێمەیان دایە مەلا!!

وە گوتی:

– کاکە خەڵکەکە لەگەڵ میستەر لاین بوون... میستەر لاین لەلای ئەوان لە شتی دی باشترو گرنگتر بوو... بەڵام ئەو ڕۆژە هەر دێ کاتی ئەوەش دابێ کە خەڵکەکە بێتەوە هۆش خۆی و ویژدانیان بە ئاگابێ و خوێنیان بجوولێ و داوای حەقی خوراوی خۆیان بکەنەوەو وەریان بگرنەوە.

قسەکانی سمایلی برادەرم... هەر بەقسەکانی کاک نافیع دەچوون کە لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە... لەباسی گیروگرفت و ئیشەکانی کۆمەڵ بۆی شیٔ دەکردینەوە، وە لە دەروونی خۆمدا ئەو قسەیەم دووبارە دەکردەوە:

– دەبیٔ ئەو ڕۆژەش بیٔ کە هەموو حەقێک بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی بگەڕێتەوە.

کاتێک گیانم لەناو گێژاوی کێشەکەی زەوت کردنی زەوییەکانی باوکی سمایلی برادەرم... قورتار کرد، هاتمەوە ناو کاروانەکەمان، دەنگی مام هەیدەر لە پەردەی گوێچکەم دەچەقی... بەتوندو تووڕەیی بانگی دەکرد:

– کرمن... کرم، ئەمانە نەک کرمن... بەڵکو مارو دووپشک و عەزیان، بیٔ ئەمان و بیٔ ئاین و بڕوان.

مام زانەوێریش... دارێکی لە لاڕانی کەرەکەی دا و هەچچەی لیٔ کرد، ڕێگاو ڕێگا باسی شەڕەکەی دەشتی هەریری دەگێڕایەوە:

– ئینگلیزو قەلەڕەشکە، کوتک و سینک... دەیانەویست بێنە ناو وڵات، هاتنی ئەو بێگانانەش لەلای هەموو خەڵکەکە... زەلیلی و چاوشۆڕی پێوەبوو، جگە لەوەش کە کافرەو دێتە ناو خاکی ئیسلام!

وە ڕووبەڕووی کاروانەکە پرسی:

– کیٔ بیٔ خۆی بە مرۆ بزانیٔ... بەوە ڕازی بیٔ وڵاتی بکەوێتە ژێر پای دوژمن و بێگانەو غەیرەدین؟

ئەوجا هاتە سەر باسی شەڕەکەو گوتی:

– هەر مرۆییێکی بەپیاو حیساب دەکرا... یان خۆی بە پیاو دەزانی، دەستمان دایە خەنجەر... شیر... تفەنگ، بە درێژایی لەبنار چیای ڕەشەوە هەتا سەر سپیلک... لەوێشەوە بۆ بێخمەو دەوزیٔ و دەوزیٔ هەتا گۆپاڵ و ئیفرازو کەڵەکی یاسین ئاغا... دابەش و بڵاو بووینەوە، دەمانویست پێش بە دوژمن بگرین و ڕیٔ نەدەین بە لەشکرەکەی وڵاتمان گڵاو بکا، دوژمنیش بە هێزێکی زۆر...بە تۆپ و مەترەلۆس و زریلی و تەیارەوە... لەڕێگای شەقڵاوەو دیوین بەرەو دەشتەکە دەکشا، شەڕی لەگەڵ شیرو خەنجەر و تفەنگە ڕەشکەی ئێمە دەکرد، مرۆیەکانی ئێمە... تاق و تۆقێکیان تفەنگی باش وەکوو تەیارەشکێن و جامبێزارو قۆنداغ بەگرێیان... بەدەستەوە بوو... ئەمانە زۆر خۆشەویست بوون... لە شوێنی قایم و گرنگ خۆیان لە بۆسە نابوو... لە نۆڕینگەکانیانەوە ڕاوی دوژمنیان دەکرد.

دوژمن بەو لەشکرەیەوە هەرچەند هەوڵی دا نەیتوانی بستێک بێتە پێشەوە، هەموو هێرشەکانی پووچەڵ بوون، پاش چوار ڕۆژ شەڕ ملی شۆڕ کردو لە ئۆردوگاکانی... چووەوە ناوخۆی.

مام زانەوێر... ئاهێکی گەورەی هەڵکێشاو دەستێکی وە چەناگەی داهێنا... خوزیێکی هاویشتە سەر جادەکە و پرکینەورک، بۆ کاروانەکەی گێڕایەوە کە:

– چەند ڕۆژێکی نەخایاند... مرۆیەکان... جێگا قایمەکانیان بەردابوون، چاوەڕوانیان نەدەکرد جارێکی تر دوژمن قەسدی هێرش هێنان بکا، دوژمنیش لەلای خۆیەوە لەگەڵ ئاغاو سەرۆکەکان ڕێک کەوتبوو... نۆکەر و داردەستی بەزێڕو دراو کڕین... ئەمانەش بریقەی زێڕ چاوی کوێرە کردن، لەبنەوە پاڵپشتی دوژمنیان کردو ڕیٔ و شوێنیان بۆ دانان... خوینەکانی خۆیان بە پێش خستن و ئیتر ئەوها دەسەڵاتیان وەرگرتەوەو سەری خۆیان هەر شۆڕ بوو... بەڵام سەری ئێمەشیان شۆڕ کردوو بە گیان و ماڵ و زەوی و زارەوە فرۆشراین و بووینە ئەوەی هەتا ئیمرۆکەش هەر وەها بین، بیٔ دەرو بیٔ سەرو سامان لەبرسان مردوو!.

مام هەیدەریش... داخدارانە لەمام زانەوێری وەرگرتەوە... وەکو تۆڵەی خۆی و خەڵکەکەی کردبێتەوە... بەرکەوە گوتی:

– بەڵام.. ئێمە.. قسووریمان پێ نەکردن... و دەردێکمان پێ دان هەرگیز لە بیری نەکەن!... وە دەستێکی بۆ دەشتەکە رایەل کرد.. و وە بە دەنگ بانگی کرد:–

– هەتا.. ئێستاش کەلەشی.. تەیارەیێکی ئەو دوژمنەی ئێمە و دۆستی ئاغاکەمان.. لەو دەشتەدا... دەمی لەقوڕ چەقیوە!.. مندال گەمەی لەناو.. دەکەن... جوتیارەکان پێمەڕەو بێل.. و داس و.. تەورداس.. و ئامرازی دیکە لە ئاسنو... پەل و پۆ.. و جەرگوو هەناوی ئەو تەیارەیە دروست دەکەن!..

عەلە ئێختەش.. پاش بێ دەنگییێکی دوورو درێژ... ئەمیش هاتە کۆڕی گفتوگۆ.. کە هەڵی دایە.. و گوتی:–

– ئاخر.. فایدەی چی؟!.. پاشی چی؟!.. پاش ئەوەی وڵاتیان.. ئاگر تێ بەرداو.. کاولیان کرد.. خەڵکی خوایان لە برسان کوشتن!. وتاعوونیان... بۆ هێنایین!.

دەکەوتە گێڕانەوەی.. باسی ئەو خەڵکەی لە دوای شەڕەکە.. لە برسان.. یان.. بە نەخۆشی و تاعوون لە ناوچوون:–

– ماڵی سۆفی رەشید.. و حاجی مەجیدی برای!.. ئەو جووتە برا مێرخاسە خاوەن.. نان.. و خوانانە.. بە خڕو خێزانەوە... قڕ بوون.. ، وتاکێک لەو بنەماڵە.. نەما.. هەموویان بە تاعوون چوون!..

وە یەکە.. یەکە.. بەسەر ماڵەکانی... ئەو رۆژەی گوند.. دا دەچووەوە.. و کەچۆن... لە ئەنجامی ئەو شەڕو گرانی.. و رشانەوەیە... قڕانیان تێ کەوت و لە ئەنجامیش... هەر خۆی.. بە تەنیا... لەگەڵ چەند پەڕاگەندەییێک رزگاریان.. بوو... و دەیگوت:–

– گوندەکەمان بووە گۆڕستانێکی گەورە!.

مەلا حەمید هاتە دەنگ... ناوی خوای لێ هێنا... بەدەم لێو بزواندنەوە رووی بۆ لای عەلە ئێختە وەرگێڕا... قسەکەی پێ بڕی و بانگی کرد:

– ئەوەی خودا لە نێوچاوانی بەنی ئادەمی نووسیبێ... دەبێ بهێتە دی! ئەوەی ئەو بۆی دانابێ... چارەنووسمانە و هەر دەبێ وابێ!!.

سوبحانەڵڵا... هەر کە ئەم مەلا حەمیدە دەم دەجوولێنێ... قین و ڕک لە دەروونی مندا دەجوولێتەوە!!

– دەک نەفرەتی خوا لەوانە بێ... کە خودا بەم ڕەنگە بە خەڵک دەناسێنن!!

وا لەگەڵ خۆم وەها لێکم دەدایەوە!

– ئەوەی لە نێوچاوانت نووسرابێ و...

– هەر ئەوەیە چارەنووس و توێکڵ و کاکڵی ژیانمان... مەلا حەمید وەها دەفەرمووێ!.

– کە منداڵ بووم، مەلا سەعیدی دۆستی باوکی خوالێخۆشبووم... دڵی دایکی دەدامەوە... وەعزی بۆ دەدا، هەوڵی دەدا بڕوایی بەوە بهێنێ... بەوە رازی بکا کە نەخۆشییەکەی باوکم... کاری خودایەو لە لەوحەل مەحفووز بۆی نووسراوە... چۆن بۆی نووسرابێ... دەبێ وەها بچێ!!

– باوکم لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشابوو... ئاگای لە دەوروبەری خۆی بڕا بوو... جار نا جار نرکەیێکی دەکرد، مەلا سەعید... چاوی تێ بڕیبوون... دەمی دەجوولایەوەو دوعای بەسەردا دەخوێندەوە، باوکم ئاگای لە خۆ بڕابوو... وەک مەڕی سەربڕاو خڕە خڕی لە گەروویەوە دەهات، مەلا سەعید دەنگی

بەرز کردەوە و قورعانی پیرۆزی بەسەردا دەخوێند:

– ئەلڕەحمان... عەلەمەل قورئان... خەلەقەل ئینسان...!

مەلا سەعید بەدایکمی دەگوت:

– ئەوەی مرۆ لە دونیادا دەیبینێ... ئەوەی لەژیانیدا دێتە ڕێگای... هەموو لە نێوچاوانی نووسراوەو دەبێ بیبینێ!!

مەلا سەعید... وەعزی بۆ دایکم دەدا... وە دەیگوت:

– لە زەمانی بەری، پادشاییێکی گەورەو بە دەسەلات هەبوو، ئەوەی لە دونیادا بیخواستبایە... لەبەر دەستی حازر دەبوو، چ هێزێکیش نەبوو بەرامبەر بە هێزی ئەو خۆی بگرێ!.

پاشـا، کـوڕێکی تاقـانەی هەبوو زۆر خـۆشی دەویست چونکی هەر ئەو کـوڕە بوو نـاوو فـامـیلەی پادشـای دەپاراست و لە دوا ڕۆژیش تەختی پادشـایەتی پڕ دەکـردەوە مـەلا سـەعـیـد... دەیگێـڕایەوەو... دەیگوت:–

شەوێک لە شەوان... لە غەیبەوە دەنگێک هاتە گوێی پاشا، دەنگە بانگی پاشای کرد:

– هۆ پادشای زەمان... کوڕەکەت بە درێشەی دوو پشک دەمرێ، چارەنووسی شازادە ئەوەیە بە ژەهری دووپشک ئەجەلی ژیانی دێ!

پادشا لە حەژمەتان ئاگای لەخۆ بڕا، کە هاتەوە هۆش خۆی حەزی دەکرد تۆی دووپشک لەسەر ڕووی زەمین ببڕێتـەوە... یان هەر نەبێ چزووی هەمـوو دووپشکەکـانی دونیـا دەربکێـشـێ و ژەهرەکـەیـان چک بکات!!..

بەڵام دەیزانی ئەو حـەزەی ئەو هەرگـیـز نـایەتە دی، ئەو کـارەی بۆ جێ بەجێ ناکـرێ، لەبەر ئەوە، کـۆشکێکی.. لە شـووشە بەند دروست کـرد. بۆ ئەوەی کـوڕەکـەی لە ناودا... پەروەردە بکرێ و ئەوەی دڵ بیـخـوازێ لەناو ئەو کـۆشکە داینا... بەجـۆرێکی وەها تەنانـەت هەوای دەرەوەش وەشـازادە نەکـەوێ، مامۆستـای تایبەتیش لەناو کۆشکی بلوورین... فێری فەلسەفەو حیکمەت و ئەستێرەناسی و هەموو ئەو زانیاریانەی دەکرد کە لە دونیای ئەو سەردەمەدا ناسرابوون.

ڕۆژێک مامۆستا باسی گیان لەبەرانی جیهانی بۆ شازادە دەکرد، بە وەسف کردن... بە وێنەکێشان... دێو...و درنج و دڕندەو تەیرو پەڕاوڵ و زیندەوەرانی سەر زەوی و ئاسمـان و ناو دەریاو مێش و مەگەزی... پێ دەناساندن، کە هاتە سەر باسی دووپشک!... مامۆستا وێنەی دووپشـکێکی لەسەر کاغەز بۆ شازادە کێشا!!

مامۆستا مەلا سەعیدی... دۆستی باوکی خوالێخۆشبووم بە دایکمی دەگوت:

– ئەی خوشکی بەهەشتی و ئیـمـاندار... تەمـاشا بکە... بزانە موقەددەری خوا چۆنەو چۆن دەبێ هەر بێتە جێ!

وە بانگی کرد: سوبحانەڵلا... خودایە لەگەورەیی تۆ!

وە لەسەر گێڕانەوەی حیکایەتەکەی پادشاو کوڕەکەی ڕۆیشت:

– کە مامۆستا تایبەتیەکەی شا بەچچە... شکڵی دووپشکی بۆ لەسەر کاغەز کێشا، بە فەرمان و بە ئیزن و ئیرادەی خودا... ڕوح چووە بەر وێنەکەو بوو بە دووپشکێکی ڕەشی کوڵکن. لەسەر پەڕە کاغەزەکە جووڵایەوەو کلکی لەسەر پشتی قیت کردەوەو پەلاماری شازادەی دا، ڕانەوەستا هەتا چزووەکەی لە گرێی

ملی کوڕی پاشا چاندو ژەهرەکەی ڕژتە ناو خوێن و لەشی، شازادەی بێ گیان و جوولە کرد.

مەلا سەعید... چاوێکی لەباوکی نەخۆشم کرد... کە لەناو نوێنی مردن بێ هۆش کەوتبوو... جارجارە ناڵەییێکی دەکرد، لەپاشان چاوی دانەواندنە بەردەمی و مرتەی لێوەهات:

– بەنی ئادەم... چارەنووسیەتی ئەو ڕۆژەی دەکەوێتە ڕەحمی دایکی، بۆی دادەنرێ!.

– ئای... قسەکانی هەردوو مەلا... سەعیدو... حەمید... چەند وەییێک دەچن!

لەگەڵ خۆم ئەوها لێکم دەدایەوە:

سەرێکم لە کاروان هەڵبڕی، حەزم دەکرد ڕووبەڕووی مەلا حەمیدو خەڵکەکە ئەوە ڕوون بکەمەوەو پێیان بڵێم کە:

– ڕاستە قودرەتی خوداو دەسەڵاتی خودا لەسەر هەموو قودرەت و دەسەڵاتێکە... بەڵام خودا... دەستی لەم نالەباریەی خەڵکەکەدا نییە!

دەمهەویست خەڵکەکە تێ بگەن کە:

– ئەو چۆنیەتیە تیژو تاڵ و دژوارە... ئەو ژیانە پڕ کوێرەوەری و ئەرکەی ئێمە... ستەمێکە لێمان دەکرێ!

حەزم دەکرد ئەوەش تێ بگەن کە:

– ئەوەی مەلا حەمیدو ئەوانی دیکە... دەیلێن و دەیجوونەوەو کاوێژی دەکەنەوە... هەموو خەرافات و ئەفسانەو درۆو دەلەسەو دروست کراون! بۆ ئەوەش دروست کراون کە لەش و گیانی ئێمەی پێ سڕ بکەن... هەستی ئێمەی ڕەشوڕووتی پێ بمرێنن، دەسەڵاتی ئەوەمان بۆ نەهێڵنەوە کە بتوانین ئەم ژیانە کۆڵەوارەو پڕ دەردەسەریە بگۆڕین و خۆمان لەم دۆزەخی ژینە ڕزگار بکەین.

حەزم دەکرد ئەو ڕاستیانە بەڕووی مەلا حەمیدو کەسانی کاروانەکەش دابدەمەوە...، مام زانەوێر دایەوە قسەو دەستی بەگێڕانەوەی قەوماوو ڕووداوەکانی شەڕەکەی دەشتی هەریر کردەوەو گوتی:

– ئێمە... بیست مرۆییێک دەبووین، لەگەڵ بەرەبەیان کشاینە دەشتەکەو بەتەمای پەلاماردانی ئەو ئۆردوگایە بووین کە ئینگلیسەکان لە قەڵاتەسۆر ڕەگیان داکوتابوو، بە ماتە مات پارێزمان دەهاویتە ئۆردوگاکە و لێی دەچووینە پێش، لەپڕ گوێمان لە گرمەگرمی دەعبا... تەیارەییێک بوو، ئێمەش بە ناشکوری نەڵێم هەرگیز بیری ئەوەمان نەدەکردەوە کە بەو بەرەبەیانە... ئەو شەیتانە بگاتە سەرمان، هەتا مشووری ئەوەمان کرد خۆمان لە پەناییێک مەڵاس بدەین... لە کەندێک... لەژێر سێبەری دارێک... لە سەنگەرێک لەو سەنگەرو تابیانەی کە لەشکری هەڵاتووی عوسمانی چۆلیان کردبوو... تا مشووری ئەوەمان کرد خۆمان لە جێگاییێکی ئەمین قایم بکەین... دەعبای بەدفەڕ وەک هەڵۆ لەسەرمانەوە حازر بوو، چەند جارێک بەسەرماندا هات و چوو، ئەوجا مەترلیۆسەکەی لێ خستینە کار، گوللەی مەترلیۆسی تەیارەکە... وەک برێشکە لە دەوروبەرمان هەڵدەزۆقینەوە، وەک ڕێژنە بارانی بەهار ئەو ناوەی ڕشاند، پاش کاتێکی کەم... تەیارەییێکی دیکەش لەئاسمان پەیدابوو... بە جووتە دایانە بنەبنەی چیای ڕەش... گرمەو زیرەیان دونیای دەلەرزاند، چەند بۆمبایەکیان هاویشتە دۆڵەکانی چیاو ئینجا وەک باشووکە بەسەر هەریرو باتاس دا شۆڕبوونەوە، بە ڕەشاش و بۆمبا ئەو دوو گوندەیان کوتایەوەو هاتنەوە سەر ئێمەو ئەوەندە بەسەرمانەوە نەوی بوون... وام بۆ دەهات کە کلکیان لە زەوی دەخشێ، خۆمان بە زەوییە ڕەقانەکەدا... بەسەر زگ خست... ناوی خودامان لێ هێنا، شەهادەییێکی حەقمان خوێند:

– ئەشهەدو ئەن لا ئیلاهە......

وە لەخودای گەورە دەپاڕاینەوە کە:

– خودایە... خۆت دەزانی لە ڕێگای تۆیە ئەو میللەتە بەدبەختە زۆر لێکراوەیە کە خەڵقی خۆتن... لەگەڵ دوژمنێک شەڕیتی کە لەوسەری دونیاو لەوبەری بەحران هاتوون، قەستی گیان و ماڵ و منداڵمان دەکەن، قەستی ئۆممەتی خۆشەویستی خۆت دەکەن، خودایە... خۆشت ساحێبی، ئەوەی تۆ ئیرادەت لەسەر بێ... سەد شوکر!

لامان یەقین بوو... هەرگیز لەبەر هێرشی ئەو دڕندانە... ڕزگاریمان بۆ نییە، کاتێک من بە وەڕەسی ئەو دوعاو پاڕانەوەیەم بۆ خودای گەورە دەناردن... تەیارەکان وەک تیر سەرێکیان بۆ لای گولەک و بەنی سپیلک ناو گولەکیان دایە بەر بۆمباو بۆ دەشتەکە دابەزینەوە... بەسەر گوندەکانی ئەو ناوە سووڕیان دەخواردو ئەو گوندانەیان بۆمباران دەکردن، کە تەیارەکان دایانەوە بن چیاو گەلی خانزاد... دیسان بەسەر هەریرو باتاسەوە هاتنەوە سەر مرۆیەکانی ئێمە، بە ئاشکرا ئاگرو دووکەڵ و تەپ و تۆز لەسەر سیساوە و باویان و خرواتان... زۆربەی گوندەکانی دیکە... بەرز دەبوەوەو... بەری ئاسمانی تەماوی دەکرد!.

شۆڕۆی لاوچاک کە تیرەندازێکی ئەوەندە ووردبوو... دەرزی هەڵدەگرت، لوولەی تەیارەشکێنەکەی ڕووەو تەیارەکان بەرز کردەوە، ئەو دەعبایانەی دانەبەر شێلکی گوللە، ئێمەش... هەموومان لەگەڵ ئەو دەسڕێژمان لێ کردن، چوار بۆمبا... یەک لەدوای یەک... بەرێز بەو زەوییە ڕەقانیە کەوتن کە ئێمە خۆمان لەسەر زگ لێی ڕایەخستبوو، دوان لەو بۆمبایانە تەقین... لەگەڵ تەقینیان من ڕمێک لەجێگایەکەی خۆم تێ هەڵدرام، هاوارێکم لێ هەڵستا، هەستم بە چ ئازارێک نەکرد، دەمگوت... ئەو ڕۆژەی پێ دەچم... ئیمرۆیە... بەڵام ڕوح لە جێگایێکی قایمەو دەرنەدەهات، قەت ترسی ئەوهام لێ نەنیشتبوو... بەدرێژایی تەمەنم ئەو نەوعە شەڕەم نەدیتبوو... نەمدەزانی چی بکەم... یا چ دەکەم، لەناو ئەو جەهەننەمە... بەبێ هۆش و لێکدانەوە... ڕاپەڕیم، لوولەی تفەنگەکەم دە تەیارەکان کرد، لەگەڵ هاوەڵەکانی دی... هەر کەسە لەجێگای خۆیەوە تەقەمان لە ئاسمان دەکرد... بەبێ ئەوەی حیسابی ئەوە بکەین فیشەکمان لێ ببڕێن... یان بەهۆی ئەو تەقانە... تەیارەچییە دوژمنەکان... باشتر جێگاکانمان دەست نیشان بکەن.

خەڵکی کاروانەکە... وەکو قەرەقۆپیان کردبێ... هەموویان کڕو بێ دەنگ... گوێچکەو چاویان بەدەمی مام زانەوێر بەسترابونەوە! کەسێکیان نقەیێکی لێوە نەدەهات، چەند گوێم ڕایەڵ دەکرد... جگە لە دەنگی تەقەقەی سمی کەرەکان و خششەی پێ خوستی پیادەکان... گوێم لە هیچ نەدەبوو، کە مام زانەوێریش لە گێڕانەوەی باسی شەڕەکە گەیشتە ئێرە... مام هەیدەر بەگەرمی هەڵی دایەو گوتی:

– کوڕە... ما ئەو وەختە چمان دەزانی؟... ئەو سەردەمە شارەزا نەبووین... ئەو نەوعە شەڕەمان بە حیکایەتیش نەبیستبوو، دەنا توخوا بووە بەم ڕەنگە بەرەنگاری تەیارە ببی؟... شەڕی تەیارە بکەی؟!... بەڵام خودا ڕوحمی زۆرە، بە موعجیزە ڕزگارمان بوو، ئەرێ وەڵڵا موعجیزە بوو... کە لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا هەمووومان سەلامەت بووین، شۆڕۆ نەبێ کە ساچمەیێک بەلەکی چەپی هەڵدڕی بوو... بەڵام ئەویش هەر سەلامەت بوو!.

مام زانەوێریش... دوا بەدوای قسەکەی مام هەیدەر گوتی:

– بەڵام گوندەکانی... بن چیاو ناو دەشت... هەموو کاول بوون، بە بۆمباو دەست ڕێژی ئەو تەیارانە ئاگریان تێبەر بوو... خەڵک و خوایێکی زۆریش لەو گوندانە... شەهید... یا بریندار بوون، زۆر ژنی زگداریش منداڵیان لەبەر چوو... و بەخۆشیان ڕزگاریان نەبوو.

وا دیاربوو مام هەیدەر حەزی لێ بوو پتر بدوێ و مام زانەوێر ماوەی بداو تەواو کردنی باسی شەڕەکە بۆ ئەو بەجێ بهێڵێ... بەڵام مام زانەوێر... بەوە ڕازی نەبوو کە گوریسەکە بداتە... دەست ئەو... و... خۆی لەتامی بەسەرچوونەوەی ئەو سەردەمەی ژیانی بێ بەش بکاو... بۆیێ ڕێی قسەی لە مام هەیدەر گرت و بەخۆی دەستی کردەوە بە گێڕانەوەی باسی شەڕەکە و تەواو کردنی چۆنیەتی ڕووداو:

– بەڵێ... وەکو هەیدەر گوتی... خودا بە ڕوحمە، سەددەق ڕوحمی خودا پایانی بۆ نییە!

وە لەگەڵ ئاهێکی دوورو درێژەوە گوتی:

– ڕەنگە بەزەیی بە جوانی ئێمە... و بەماڵ و منداڵمان دا هاتبێتەوە.. ڕەنگە ڕوحمی بە ئۆممەتی موحەممەد کردبێ... کە ئێمە خۆمان بۆ بەکوشتن دەداو خوێنمان بۆ دەڕشت، هەر چۆنێ بێ... کە تەپ و تۆزەکە هەندەک ڕەویەوەو سەرمان هەڵبڕی و دیتمان... چی ببینین! ؟! دیمان تەیارەییێکیان ڕووی کردبووە ڕۆژئاواو بەرەو زێی بادینان دەفڕی و لێمان دوور دەکەوتەوە، تەیارەکەی تریش هەر بەسەر ئێمەو بەو ناوەدا گێژی دەخواردو ئاگرو دووکەڵ لە کونەلووتی و لەبن زگی هەڵدەستا... و گورزە دوکەڵێکی ڕەش وەک عەزیا بەدەوریدا پێچی دەخواردو بەرەو ژوور دەبوەوە!!

زانیم تەیارەکە پێکاوە... لە خۆشیانا هەناسەم تەنگ بوو، بەبێ دەستی خۆم ڕاپەڕیم و لوولەی تفەنگەکەم لە ئاسمان کردەوە... دەستم بە تەقە کردەوە... بە هەموو هێزم هاوارم کرد:

– شۆڕۆ... شۆڕۆ... فلان... فلان... سەیری دەعبایەکە بکەن... سەیرکەن چۆن ئاگری گرتووە!

بەبێ ئامانج جێگاکەی خۆم بەرداو بەو دەشتەدا دەبەزیم، لەپڕ تەیارەی لەعین بۆ سەر ئەو جێگایە بای دایەوە کە منی لێی دەبەزیم و... لمووزی شۆڕ کردبوو... بەرەو ژێر دەبوەوە، لە دڵی خۆمدا دوعای قەنووتم دەخوێندو دیسان شەهادەم هێناوە و لام یەقین بوو تەیارەکە بۆ من دێ و ئیتر جارێکی دیکە ڕزگاربوونم مەحاڵەو ئەمجارە بەزیندی چاوان ئاگرمان تێ بەردەدا!!

مام زانەوێر... وەها ڕووداوەکەی دەگێڕایەوە... وەکو ئەو کاتە قەومابێ، چاوی ئەبلەق ببوون... هەناسەی تەنگ ببوو... بەدەست و دەم و چاو دەجوولایەوە... پاشان هەندێک هێدی بوەوەو بزەییێکی لەسەر زاری پەیدابوو کە گوتی:

– پیاو... درۆ نەکا... درۆ شوورەییە، ئەو کاتە فیکری ڕاکردنم بۆ دەهات... دەمەویست بە لاییێکا هەڵێم و خۆم ڕزگار بکەم... بەڵام بۆ کوێ هەڵدەهاتم و چۆن لە دەست ئەو شەیتانە ڕزگاریم دەبوو؟... بە ڕاستی زۆر دەترسام... لەشم لەناو دۆزەخی ترس... تا دەهات خاو دەبوەوە... کە تەیارەکە سەراوسەر لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی ڕاهات، بەبێ دەستی خۆم و بە ترسێکی یەکجار زۆر بانگم کرد:

– شۆڕۆ... شۆڕۆ... هەیدەر... سەیری دەعبایەکە بکەن!!

من... بانگەکەم تەواو نەکردبوو کە تەیارەی لەعین... بە ئاگرو دووکەڵەکەیەوە... چەند شاقاوێک دوور لەمن... سەرو لمووزی لە زەوی چەقاندن!... گرمەییێکی گەورەی لێوەهات، ئاگرەکەی سەرو کلکی زۆرترو بەگوڕتر دەبوو، لەگەڵ کەوتنیشی دوو زەلام لەناو تەم تومانەکەی دەورەی... دەرپەڕین... بە پەلە لە کەلەشی تەیارەکە... دوور دەکەوتنەوە، یەکێکیان بەدەست... ئاگری لە لاق و لەتەری دەکوژاندەوە، شۆڕۆش هاوارێکی تیژی لێ هەڵستا... هاواری دەکردە مرۆیەکان:

– کوڕینە... تەیارەکەمان خست... تەیارەکە کەوت!!... و بۆ لای تەیارەکە بەزی! تەیارەچیەکانیش... تووندتر دەبەزین... وەکو بیانەوێ زووبەزوو لە تەیارەکە دووربکەونەوە، ئەوەی ئاگری لە خۆ دەکوژاندەوە...

به شەلەشەل دەبەزی و هاوارێکی لێ هەڵدەستا... ئەوەی دیکەش وا دیار بوو ساغ بوو... لەپڕ دەستی بۆ دەمانچەکەی بردو دەمانچەکەی هەڵکێشا... لوولەی لە شۆڕۆ کرد، ئێمەش کە ئەوەمان دیت... بەبێ یەک و دوو دەست ڕێژێکی توندمان لە هەردوو تەیارەچییەکان کرد، من... لام وابوو ئەوەی دەمانچەکەی هەڵکێشا... قەستی کوشتنی شۆڕۆ دەکا... بە هەموو هێز بانگم کرد:

– قوربانتان بم... ڕزگاریان نەکەن...!

بەڵام پێش ئەوەی من ئەو بانگە بکەم... هەردوو کافرەکان مووشەرڕەفی جەهەننەم ببوون.

مام زانەوێر... ئاهێکی فێنکی هەڵکێشا... وەکو چۆن یەکێکی ماندوو پشوو دەداو بهەسێتەوە، بەو ئاهە هەڵکێشانە هەستی بە هەسانەوەییێک دەکردو سەرکەوتووانە سەیری کەسانی کاروانەکەی دەکرد.

چەند کەسێک لە کاروانەکە... لەگەڵ قسەکانی مام زانەوێر... گەرم ببوون... دەماریان هەڵستابوو... بەدەنگ بانگیان دەکرد:

– ڕەببی دەستتان خۆش بێ...

پوور زولێخاش... ئەویش بە کزییێکەوە بانگی کرد:

– وەڵڵاهی دەستتان کەسک بووە... دەبێ زیارەتیان بکەین!

شەریفە شەل کەتا ئەو کاتە بەشداری گفتوگۆی کاروانییەکان و قسەکانی مام هەیدەرو مام زانەوێری نەکردبوو... ئەویش وەکو زۆربەی کەسەکانی کاروان هەر گوێی گرتبوو... لەگەڵ ئەوان بە خەبەری خۆش بزەی دەگرت و گەش دەبوەوە... و بە خەبەری ناخۆشیش دادەماو دڵشکاو دەبوو، کە مام هەیدەرو مام زانەوێر لە گێڕانەوەی باسی شەڕەکە گەیشتنە سەر کوشتنی تەیارەچییەکانی دوژمن... ئەویش بە گەرمی بانگی کرد:

– یاخوا... دەستتان بە ئاگری جەهەننەم نەسووتێ!

وە مگێزی قسەی هەڵستا... کە ڕووبەڕووی کاروانییەکانەوە پرسی:

– بۆچ نازانن... من چۆن پێم سەقەت بوو... بووم بە شەریفە شەل؟

وە هەر بەخۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دایەوە کە گوتی:

– ئەوەی لە منیش قەوما... هەر لە شەڕەکەی دەشتی هەریر قەوما!...

خووزییێکی تاڵی قووت دایەوەو کە دەیگوت:

– جاران ناوم شەریفی حەسەنە قیتەی بوو... ئیمڕۆش شەریفە شەلم، قیت و قۆزیەکەی لە بابمەوە بۆم بەجێ مابوو... ئەویش لەگەڵ گوللەییێک و لە ئەنجامی عومری درێژی پڕ مەینەتیم... چورچ و پووچ بووەوەو سوا...!!

جگە لە مام زانەوێرو هەواڵەکانی ئەو... کەسانی کاروانەکەی ئێمە قسەکەی شەریفە شەلیان بە ساردییێکەوە وەرگرت، عەلە ئێختەش بە تووڕەیی دەستێکی بەرزکردەوەو بەسەر شەریفەشەل دا هاواری کرد:

– دەزانین... دەزانین چۆن بووی بەم پیاوە چەلەنگە... دە بەس بێ... بەس... ماڵ کاول... کردتە بەیتی حەتەمی!

وا دیاربوو شەریفە شەل زۆرجار باسەکەی خۆی بۆ خەڵک گێڕابووەوە... لەبەر ئەوەش بوو کە عەلە بە

گاڵتە جاڕییێکەوە ڕووبەڕووی کرد:

– نە ببای بە پیاوی ئینگلیز... بە قسەی ئاغات نەکردبا... هەتا وەهات لێ نەهاتبا!!

شەریفە شەل بە لەدەم دانەوەکەی عەلە ئێختە تاسا، خەریک بوو بڕەوێتەوەو قسەکانی لە زگیدا بهێڵێتەوە... بەڵام مام زانەوێر سەرێکی هەڵبڕی و بانگی کرد:

– دەی... دەی... کاک شەریف... دابزانین مەسەلەکەی تۆش چۆن بوو... کوو بووی بە شەریفە شەل؟

مام زانەوێر... پێی خۆش نەبوو کە عەلە ئێختە... شەریفەشەل ئەو ڕووشکێن بکا... هەروەها حەزیشی دەکرد مەسەلەکەی شەریفە شەلیش بزانێ، مام زانەوێر... عومرێکی زۆری لە شەڕو کوشتاری ئەو سەردەمەی سەفەربەرە بەسەر بردبوو، هەتا ئەو کاتەش نەیتوانیبوو خۆی لە جغزی عالەمی ئەو سەردەمە ڕزگار بکا، ئەو زۆر جار بەخۆی ئەوەی دەسەلماند کە:

– مرۆ... کە پیر بوو... حەز لە کاوێژ دەکا!!

بۆیێ دووبارە بانگی شەریفەشەلی کردەوە... کە سەربوردەکەی بگێڕێتەوە، وەکو بیەوێ دڵی بداتەوە... پێی گوت:

– دەی... دەی، پیاو... گوێ مەدە کاک عەلی... دەی، ئەم ڕێگا دوورو درێژە چۆن دوایی پێ دێ؟

کەسانی کاروانیش لەبەر دڵی مام زانەوێر... خۆیان کڕ کرد، عەلە ئێختەش ئاوڕێکی بۆ لای دەشتە بەرینەکە دایەوەو ئەویش بێ دەنگ بوو، ئەم چۆنیەتیەش وایان لە شەریفەشەل کرد کە گەرمترو بە ئارەزووەوە دەست بەقسە بکا گوتی:

– ئەمن لە قۆڵی قەڵاتە سۆرێ پۆلیس بووم... نەک وەکو عەلە دەڵێ ببوومە پیاوی ئاغاو نۆکەری بێگانە، من... وەهام دەزانی پۆلیسیش کارێکەو نانی پێ پەیدا دەکرێ... دەنا بە وەڵلاهی بەسەری هەمووتان... قەت بە نیازی خراپەو بۆ ناپاکی خۆم نەکردووە بە پۆلیس!!

شەریفەشەل... هەندێک لە قسەکردن وەستا بۆ ئەوەی سەیرێکی مام زانەوێر بکاو بزانێ داخوا سوێندەکانی چەند بڕشتیان بووە!... ئەمجا هەناسەیێکی هەڵکێشایەوەو دەستی پێکردەوە:

– لە قشڵەکەی قەڵاتەسۆر... نەفەری سەید نیزام ئەفەندی بووم، ئەم قۆمیسێرە سەیدو ئەولادی ڕەسووڵیش بوو، ئێمە لە پۆلیسخانەکەدا نزیکی پەنجا پۆلیسێک دەبووین، زۆربەمان.. خۆشناو... یان دزەیی... یان خەڵکی هەریرو سورچیاتی بوون جگە لە چاوەش و ئەمین ئۆنباش و بەکر باشچاوەش ... ئەمانە وەکو نیزام ئەفەندی خەڵکی کەرکووک بوون، ئەو وەختە شەڕ لە دەشتەکەو لە دەوزێ و سپیلک و کەڵەکین... گەرم بوو، شێخی سورچیان و حەمەدەشین... بەناوی خەلیفەی عوسمانلی و بەناوی ئیسلام... بەرگریان لە چوونە پێشەوەی لەشکری ئینگلیزو قەڵەڕەشکەو شەبانە... بەرەو گەلی بەگ و ڕەواندز دەکرد، شەو تا بەرەبەیان لەبەر تەقەو هەڕەشەو چاوڕاو... خەو ناچوە چاومان، ئێمەش بەپێی فەرمانی سەید نیزام ئەفەندی قۆمیسێر... لەناو پۆلیسخانەکە دابەش کرابووین... هەستمان ڕادەگرت... چاوەدێری دەوروبەری قشڵەمان دەکرد... نەوەکو شەڕکەرەکانی سورچی و ئەوانی دی زەفەرمان پێ ببەن و بەسەرماندا زاڵ بن، وەرز... پایز بوو هێشتا پەڵەی نەدابوو بەڵام شەوان ساردی دەکرد... و مرۆ نەیدەتوانی بێ پۆشاکێکی باش هەتا بەیانی ئێشکچی بێ، چەند شەوێکی کشومات و بێ تەقەو هەرا تێپەڕی، ئێمە وامان لێک دەدایەوە کە شەڕکەرەکانیش لەبەر ساردی ناتوانن شەو پەلامارمان بدەن، مەترسیمان کەم ببو... هەروا دەوروبەری پۆلیسخانەش هێدی دەهاتە بەرچاو!. بەڵام شەوێک لەپڕ تەقەی

تفەنگ پەردەی ئەو هێمنییەی دڕی... تەقەکە تا دەهات زۆر دەبوو... تا بۆمان ئاشکرا بوو کە شەڕکەرەکان دەورەی قشڵەکەیان داوەو بەو شەوە بانگیان ڕادەهێشت:

هوو هوو ئەڵڵاهوو

شێخ عەمبارەو شێخ کەندوو... ئیسلام هات و کافر چوو

وە لەناو های و هووەکە... بە تەقەو دەستڕێژێکی چڕ... وەک ڕەهێڵەی بەهار ئێمەیان دەکوتایەوە، سەید نیزام ئەفەندی... فەرمانی دا کە جوابی تەقەکان نەدەینەوەو بەخۆی یەک بەیەک پۆلیسەکانی تێگەیاندن کە تەقە نەکەین... وە پێی گوتین:

– کوڕم... کەس تەقە نەکا... هەتا دێنە نزیک و تا بزانین چیان گەرەکە؟

لەو کاتەدا دەنگێکی زەلام... لەپێش دوودەریە گەورەکەی قشڵە... بەرز بوەوە!!.. کابرا گڕوگەفێکی زۆری دەکرد، چاوڕاوی لێ دەکردین. کە تەسلیم ببین هاواری دەکرد:

– هۆ کافرەکان... هۆ موڕتەدەکان... خزمەتکارەکانی ئینگلیسی کافر، بێ دینینە... بێ ئابڕوو... و حەیاینە... وەرنە دەرێ... دەرگاکە بکەنەوە... خۆ بدەن بەدەستەوە...!!

– دینی ئیسلام هەقە... هەر خوا هەقە... هەر شێخ هەقە...

وەرنە سەر ڕێگای هەق دەنا بەسەری شێخی مەزن سەری هەمووتان دەبڕین وەک مانگاو مەڕ سەرتان دەبڕین و بە جەهەننەم موشەرەفتان دەکەین!.

سەید ئەفەندی... بۆ ماوەیێک پەشۆکا... وەک سەرلێ شێواو دەهاتە بەرچاو... بەڵام زوو خۆی گرتەوە بەتایبەتی پاش ئەوەی کە دیتی ئێمەش هەموو سام گرتوو بووین... حەپەسا بووین...، فەرمانی پێ داین و گوتی:

– پیاو بن... شەڕ بکەن... خۆ نەدەنە دەست ئەو دڕندانە... شەرمە وەکو ژنان چەکمان لێ داڕنن!!

وە بەخۆی پێش هەمووومان تفەنگەکەی بەرزکردەوەو لوولەی کردە دەرەوەی قشڵە... بەیێک پاکەت فیشەک... وەڵامی بانگ و گڕوگەفەکەی کابرای دەنگ گەورەی دایەوەو سەرکەوتە سەر قوللەکە... لە ستارەی قولله ملی هەڵکێشاو بانگی کرد:

– ئێمە... کافر نین... ئێمە سەیدو ئەولادی پێغەمبەرین... ئێمە ئیسلامین... بەڵام ئەنگۆ گێل و بێ عەقڵ و خوانەناسن و بێ دینن کە بە قسەی جەندرمە عوسمانلییەکان تەفرەتان خواردووە... بە قسەی ئەو ڕۆمییە خوێن مژانە... ئەو عوسمانلییە کافرانە... خەڵک دەکوژن... خۆتان بەکوشتن دەدەن...!!

تەقە لە هەموو لایێکمانەوە... وەک بریشکەی سەر سێڵ... لە دیوارو شوورەی پۆلیسخانەکەمان... هەڵدەقۆزینەوە، سەید نیزام... لەناو ئەو تەق و هۆڕەو چاوڕاوەی هێرش هێنەرەکان... دەنگی بەرزتر کردەوەو قایمتر بانگی کردن:

– ئەوەتان لەبیرچووە... چۆن عوسمانلییە بێ دینەکان... هەموو موسوڵمانەکانی ئەو ناوچەیەیان لە برسان کوشتن؟ چۆن نانیان لەناو دەمی منداڵەکانتان دەردەکێشا!... چۆن جلکی ژن و کچەکانی ئێوەیان دادەکەندو بۆ خۆیان دەیان برد، ئێوە کە دەتانەوێ زوڵم و زۆری عوسمانلییە دڕندەکان بپارێزن... ئەوە مەعنای ئەمە دەبەخشێ... ئێوەش خۆتان دێننە ڕیزی ئەو کافرو لە خوانەترسانە، خودا لە ئێوەش نارازییەو لەهی وەکو ئێوە بێ بەرییە! و بەو کردەوەیەتان فڕتان بەسەر دینی پاکی ئیسلام نامێنێ!!.

شەریفە شەل... پڕ ئارەزوو و بەهەموو دڵیەوە دەیگوت:

– بەڕاستی قۆمیسێرمان سەید بوو پیاوێکی ئازاو بەجەرگ بوو، بە ئێمەی دەگوت کە:

– سەیدێکی حوڕەو کوردی شاری کەرکووکە... بە ئەسڵ لە سەیدەکانی بەرزنجەیە...!

ئەو مرۆیە... سەری بچووبایە نوێژی نەدەچوو... هەر بەخۆی... پێش نوێژی ئێمەی دەکرد، پیاوێکی ئازابوو... بە چ ڕەنگێک دەستی نەدا... مەردانە بەرامبەر بەو هێرشەی عەشایرەکان... ڕاوەستاو... هەتا... خۆی و هەموو پۆلیسەکانی دوا گوللەیان نەهاویشت... تفەنگەکانیان نەحەساندەوە، کە تفەنگەکانیشمان بێ خۆراک مانەوەو کەلکیان نەما... بوون بە ناوبرێشک... ئەوسا... ئێمە... هەموو پۆلیسەکان لە حەوشەی پۆلیسخانە کۆبووینەوە... نەماندەزانی چی بکەین... چارەنووسمان چی دەبێ؟، سەید نیزام ئەفەندیش لە هۆدەکەی خۆی هەر بانگی دەکرد:

– کوڕە... ئەمین ئەفەندی... چ بوو جوابی تەلگرافەکە هەر نەهاتەوە؟ ئەمین ئۆنباشی موخابەرەچیش... هەر چرکەی لە مەکینەکەی وە دەهێناو بە قۆمیسێری دەگوت:

– جەناب چ بکەم؟ من هەر لە نیوەشەوەوە خەبەرەکەم داوە بە هەولێر!!

بەکر باشچاوەشیش... بۆ دڵدانەوەو ترس ڕەواندنەوە لەناومان... دەهات و دەچوو ئەوسەرو ئەم سەری حەوشەکەی دەکردو... دەیگوت:

– ئەوا دەبینن... قۆمیسێر ئەفەندی... داوای قوەت و یارمەتی کردووە، هەر بزانن لەهیکڕا قوەتی ئینگلیز... بە تۆپ و تەیارەوە گەیشت و بڵاوەی بە عەشایر کرد!.

ئەوشەوە هەتا بەیانی... جەهەننەممان بەچاوی خۆ دیت، ترس لەگەڵ خوێن بە دەمارەکانمانەوە بڵاودەبووەوە، وەڕەسی گێل و هێڕی کردبووین...!

شەریفەشەل خوزیێکی تاڵی قووت دایەوەو گوتی:

– حەقمان بوو وەڕەس ببین... ئێمە... مانگێک پتر بوو لەناو ئەو قوللەیە دەژیاین و نەمان دەتوانی لەناو ئەو کەندووە سەر دەربێنین... هەناسەییێکی دەرەوە هەڵمژین، کە ڕۆژیش هەڵات... عەشایر شکیان دەکرد فیشەک و زەخیرەمان نەماوە... ئیتر ئەوەی ئێمە دیتمان... دوژمنتان نەیبینێ!!

– چەکدارە عەشایرەکان... وەک مێروو بەدیواری قوللەی پۆلیسخانەکەدا هەڵدەگەڕان... هەندە زۆر بوون... لەژمارە نەدەهاتن... دەنگ و هەرایان دونیایان دەهەژاندەوە...

– تەسمیل بن کافرینە... خۆ بدەن بەدەستەوە!

– چەکەکانتان بهاوێژن...!

بەشێکی زۆریشیان خەریکی دوودەریە گەورەکەی پۆلیسخانەکە بوون... بە تەورداس وبیورو کوتک و باریە... دەیانکوتایەوە، ملیان دەبەر دەرگا گەورەکەوە نا، پاش هەوڵدانێکی زۆر لە ڕێسمەیان برد، وەک سیلاوی بەهار شالاویان بۆ ژوورەوە هێناو بەناچاری خۆمان دایە دەست و تەسلیم بووین، لە هەموو لایێک دەورەیان داین و وەک مێگەلە مەڕ ریزیان کردین... بۆ دەرەوەی پۆلیسخانە وە پێش خۆیان داین، لە گۆڕەپانەکەی پێش دەرگا گەورەکە... خەتێکی درێژیان پێ بەستین و بەبێ قرەو سوال و جواب... تفەنگەکانیان لێ ئاگرداین!.

هەرچەندە سەید نیزام ئەفەندی و قومیسێرو بەکر باشچاوەش و هەموو پۆلیسەکان... دەپاڕانەوەو هاواریان دەکردو... دەست و باڵیان بە هەوادا بڵند دەکردەوە:

– ئێمەش... ئیسلامین، موسوڵمانیش نەبین... ئێخسیرو دیلین... دیل کوشتن گوناهەو دوور لە ڕێرەوو

بروایی موسوڵمانیەتی!!

ئەوان بەو قسانە پێ دەکەنین، پێش هەمووماں بە گوللەیێک... سەید نیزامی قۆمیسێریان ساردکردەوە... لەدوای ئەویش... بەکر باشچاوەشیان بێ دەنگ کرد، کەلەشی هەردووکیان لەو گۆڕە... لەخوێن دا گەوزاند!!

لەپاش کوشتنی قومیسێرو باشچاوەش... ئێمە... پۆلیسەکان قەڵەمان شکا،ترسی کوشتن و مردن چاوی تاری کردین... عەقڵ و ئیدراکی پێ نەهێشتبووین، هەندێکمان دەگریاین... هەندێکمان دەپاڕاینەوەو بەهەمووماں بانگمان دەکرد:

– بژی خەلیفە... بژی عوسمانلی... هەر بەرقەراربێ شێخی مەزن!!

هەندێکمان بۆ دەست و پای عەشایرەکان دەچووین و ئەوانیش بە قۆنداخە تفەنگ دەیانگێڕاینەوە ریزو، گوێیان لە پاڕانەوەو نزاو گریان و کڕووزانەوەمان نەگرت، بەریز، لەم سەری ریزەکەوە دەستیان بە کوشتنی پۆلیسەکان کردو یەک لەدوای یەک بەریان دەدانەوە.

ئەوەل جار لەلای ڕاستی ریزەکەوە دەستیان پێکرد، کە پیاوکوژەکەی لای چەپیش... دەستێکی بۆ ئەوەی لای ڕاست هەڵدەبڕی... ئەوە ئەم دەوەستاو ئەوەی دی لەلای چەپەوە... لوولەی تفەنگەکەی دەکردە سەرو ورگ و سەر دڵی پۆلیسەکان و وەری دەگێڕان!!

شەریفەشەل... لەگەڵ ئاهـ هەڵکێشانێکی درێژو بەگوڕ... لەسەر گێڕانەوەی چۆنیەتی شەڕەکە ڕۆیشت و گوتی:

– ئەو سەردەمە... من هەرزەکارو جحێڵێکی دەم ڕووت بووم، تازە خەتی سمێڵم ئاشکرا ببوو، هیچم لە دونیا نەدیتبوو، هەر چاوم کردنەوەو خۆم بە پۆلیس و لەناو ئەو قوللەیەی دەشتی هەریر... دۆزیبوەوە، زۆر سووم لەخۆبوو... لەو تەمەنەو بەو ڕەنگە بە جوانەمەرگی... دوور لە خوشک و براو خزم و خۆیش... دونیا بەجێ بهێڵم!.

لە ترسانا تۆقی بووم... زراوم ڕژابوو... کشتەکی چاوەکانم خاو ببوونەوە، نەمتوانی ڕێگا بە فرمێسکەکانم بگرم... لێوم دەلەرزین... لاقم ببونە کەوان... کووڕ ببوومەوە... لەبەر پیاوکوژەکان دەپاڕامەوەو دەم زیراند:

– ئەمن منداڵم... هەڵخەڵەتاوم... ببەخشن، بە جوانی خۆم ببەخشن، بکەن بە سەدەقەی سەری کوڕی شێخی مەزن!!

بەڵام ئەوان... هەتا پتر خوێنیان دەڕشت... وەکو گا... چاویان سۆر دەبوون... هارتر دەبوون، هەتا دەهات ریزەکەیان تەنکتر دەکردو لەمن نزیک دەبوونەوە!!

شەریفە شەل... سەرێکی هەژاندو بزەییێکی وشکی لەسەر زاری پەیدابوو، و لەسەرخۆ دەیگوت:

– ئەگەر خودا ئەجەلی یەکێک نەهێنێت... ئەوها دەبێ، لەو تەنگەتاوی و لەناو ئەو خوێن و فرمێسک و هاوار و ناڵەیەدا... خودای گەورە چونکی ئەجەلی نەهێنابووم...فیکرێکی خستە مێشکم... ئەویش ئەوەبوو... کە ئەگەر نۆرەی پیاوکوژەکەی لای ڕاستی ریزەکە بووایە... من بەپێ دزە لەناوێن لینگی شلی پۆلیسەکان خۆم دەدزیەوەو دەچووم لەلای چەپەوە خۆم دەخزاندەوە ناو ریزەکە، بەم ڕەنگە خۆم لە گوللەی پیاوکوژەکەی لای ڕاست دوور دەخستەوە، خۆ ئەگەر نۆرەی کوشتنیش هی ئەوەی لای چەپ بوایە... ئەوا خۆم بۆ لای ڕاستی ریزەکە ڕەکێش دەکردو لەبەر ئەوەی کەلەشم بچکۆڵەو لاوازیش بووم... تا

ماوەییێک پێم نەحەسیان و لە گوللەی ئەو پیاوکوژانە... وە پەنا کەوتم.

شەریفەشەل ئاهێکی ساردی خواردەوەو لەبەرخۆیەوە دەیگوت:-

- گەلۆ... ڕوح لە جێگایێکی قایمەو ناهێتەدەر... دەنا دەبوایە ئەمن پێشی هەمووان قنیاتم لەبەر براباو گیانم دەرچووبا... بەلام هەر خوا بەخۆی دەزانی چ دەکاو ئەوەی ئەو بۆی نووسیوین... هەر ئەو دەبێ و...!! هاتەوە سەر گێڕانەوەی کارەساتەکەو بە خەمگینی گوتی:

- نزیکەی بیست... سی... پۆلیسێک بەساغی مابووینەوە، کە سوارێک لە گۆڕەپانەکە پەیدا بوو... وە بانگی کرد:

- لاوکۆ ئاغا... قوربان... شێخی گەورە دەفەرمووێ دەست لە دیلەکان نەدەن... نەیانکوژن... ئێخسیرەکان بهێننە لای خۆم!!

بەلام هەتا ئەو قاسیدە گەیشت.. و قسەکانی تەواوکردن و راسپاردەکەی شێخی گەورەی گەیاند... من گوللەییێکم بە بەلەکی پێی ڕاستم کەوتبوو لوولاقم هووردو هەڕاش ببوو... کەوتبوومە ئەو گۆڕە... نێو کەلەشی کوژراوەکان!

ئەو کاتەی لەناو کەلەشەکان کەوتبووم وام دەزانی مردووم و تەواو بووم... دایکی ڕەحمەتیم هاتەوە خەیاڵ... لەبەر چاوم زیندوو بوەوە... بە پەرۆشەوە بەرووم دەگەشایەوەو پاروە نانێکی بە دەستەوە بوو.. بۆی رایەڵ دەکردم!. بە ڕووم دا دەگەشایەوە بانگی دەکردم:-

- کوڕم... شەریفۆک... شەرۆ... وەرە... وەرە نان بخۆ!!

بەلام من ئەو کاتە لەتێنوانا هەناوم دەسووتا... ناودەمم تاڵ ببوو زۆر زۆر تێنوم بوو... گەرووم هیشک ببوو... ئاگر لەناو هەناومەوە هەڵ ببو... لەناو ئەو ئاگرەوە... بەو هێزەی لەبەرم دابوو... بانگی دایکم کرد:

-دایۆ... ئۆدۆ... برسی نیم... نان ناخۆم... تێنوومە... تێنوو... ئاوم بۆ بێنە... ئاوم بدەرێ... ئاو...ئاو!!

تۆزە هۆشێکم هاتبوەوە بەر کە پیاوکوژەکان لەناو کەلەشی پۆلیسە پێکراوەکان دەگەڕان... ئەوەی ڕوحی لەبەر مابوو هەڵیان دەگرت... گەیشتنە سەر من... هەڵیان گرتم، وەکو غلبە غلبی ئەشکەوتێک گوێم لێ بوو... یەکێک بە ئەویدی دەگوت:

-دەی... دەی پیاو... ئەم تۆلازە بەلاقی کەوتووە و... برینەکەی چ نینە!!

لەگەڵ زیندووەکان بەرەو مەلبەندی شێخ وەرێیان کردین، منیان بە دارەبازەیەکەوە خستبووە سەر بارگیرێکی بەلەک... هەرکە چاوم بە کەفەلی بارگیرەکە دەکەوت... دلم دەخێورایەوە چاوم ڕەشکەو پێشکەیان دەکرد، وەکو مەشکە لەسەر پشتی بارگیرەکەو لەگەڵ جوولانەوەی بارگیرەکە... دەهەژامەوە، تا ماوەییێک ئاگام لەخۆم برا... کە هاتمەوە هۆش خۆم... لەسەر سەکۆیێک درێژیان کردبووم... تیماریان دەکردم... لەبەر ئازاری برینەکەم.. وە هۆش هاتمەوە!!.. کابرای بەیتاڵ پەڕۆییێکی دەسووتاند و هەر بە ئاگرەوە بە برینەکەی وەدەنووساندم، هەتا سەقەت نەبووم... ئیزنیان نەدام... هەر لە تەکیەکەی شێخ مامەوە، ئەو ڕۆژەش کە بە شەقەدارێک... بە شەلە شەل... لەدەمی دەرگای تەکیە دەهاتمە دەرەوە... لەو ڕۆژەوە... لە شەریفەقیتەوە... بووم بەشەریفە شەل...!!

وە شەریفە شەل بەدەم پێکەنینێکی هیستیریانەوە دەیگوت:

- خەڵکەکە حەقیان بوو پێم بڵێن شەریفە شەل و ناوی ڕاستەقینەم فەرامۆش بکەن چونکی تا ماوەییێکی زۆر بەسەر گۆچانێک دا کووڕ ببوومەوە و پێم لەدوو خۆ دەکێشا!!

وە لەبەر خۆیەوە ئاهێکی دوورو درێژی هەڵدەکێشا کە دەیگوت:-

- وەڵڵاهی وەبیللاهی... ئیـمرۆکـە بۆم بووە بە یەقین ئەگەر ئەو رۆژە بکوژرابام... حەقی خـۆم بوو... چونکی بەبێ تێ فکرین و بەبێ بیرکردنەوە... تەنها بۆ سێ لیرەی زێڕ کە سەرەمانگان لەدەستی ساحێب وەرم دەگـرت... بۆ ئەو چڵکە... بو بوومــە چڵکی دەســتی دوژمـن و چەکم هەڵگـرتبــوو، چەکی دوژمن و غـەیرەدینم هەڵگرتبوو... شـەڕی میللەتی خـۆم دەکرد... شـەڕی براکوژیم دەکـرد، ئاخ... سـەد ئاخ... چوو... لەدەستم چوو!.

هەرچەند سەبارەت بەوەی سەربوردەکەی شەریفە شـەل لەلای کەسانی کـاروانەکەی ئێمە شتێکی نوێ نەبوو... شـەریف بۆ دەیان جار گێڕابوویەوە، تەنانەت خەڵکی گوندەکەمـان بەگەورە و بچووکیـانەوە... بەو بەسەرهاتە شـەریفـە شـەلیـان دەناسی... بەڵام مـام زانەوێر وەکوو بەو بەسـەرهاتە برینی خۆی کـولابنەوە و کـارەســاتە تونـدو تیــژ و چرەکــانی ژیانی ڕابوردووی خــۆی هاتبنەوە بەرچاو... ئاهێکی درێژ و تـوندی خواردەوە و لەبەرخۆیەوە گوتی:

- خودا... مـاڵی دوژمن و زۆردارەکـان کـاول بکـا... وەکـو ئـەوان مـاڵی ئەو هەمـوو خەڵکەیـان کـاول و نغرۆ کرد...!

وە ڕووبەڕووی خەڵکەکە گوتی:

- ئەگـەر بەنـاوی دینەو خـواو خـەلیـفـە... ئەگـەر بۆ شـێخ و ئاغـایە، لەئەنجام... چۆن گـورزەکە بەسـەری ئێمەی رەش و رووت دەکەوێ... مـردن و مـاڵ وێرانی و دەردو بەڵاش هەر لەبۆ ئێـمـە دەمـێننەوە، گەورە و دەست ڕۆیشتووەکان... تەنانەت گەردیشیـان لەسەر شانی نانیشێ و بگرە ئەو گۆشت و خوێنەی لە لەشی ئێمە کەم دەکرێنەوە دەچنە ناو پێستی ئەوان!.

مـام زانەوێر... لەمـەندە پتـر لەسـەر مـەسـەلەکەی شـەریفـە شـەل نەڕۆیشت مـەلا حـەمـیـدی ئێسـک قـورسـیش... هەر وەکـو لێی راهاتبـوو... هەڵی دایەو لەبەر خـۆیەوە سـەڵەواتێکی هاویشت و دەسـتی بە ورێنە کردەوە، بەسەر بالۆرە ناسازەکەی دا چووەوە:

- سەددەق... سەددەق... ئەوەی لە نیوچاوانی مرۆ نووسرابێ... هەر ئەوەی دێتە ڕێ!.

بێـزم لە مـەلا حـەمـیـد دەبووەوە، هەر جـارەی ئەو ئەم تریاکـەی دەجـووت و کـاوێژی دەکـردەوە؛ و هەر جارەی ئەو بەم ڕەنگە دەرشایەوە... منیش سەرو دڵم تێک دەچوون... و ڕشانەوەم دەهات و گـێژەلووکەی قین ورک... لەناو خـــۆیدا لوولی دەدام و بۆ نـاو تـاریکـایی بێ دوایی ڕای دەپێـــچـــام!.. لەناو ئەو گێژەلووکەیەدا... بانگی مام هەیدەرو مام زانەوێرو... ئەوانی دیکەم کرد:

- ئاخـر... خـاڵۆینە... ئاخـر دوژمن ئەوهـایە... کە سـواری ملـمـان دەبێ. خـوێنمـان دەمـژێ... وشکمـان دەکا... ڕوحمان دەردەکێشێ... دەماری ئینسانیەت و مرۆیەتیمان... دەماری ڕەحممان دەبڕێ!

وە لەناو قسەکردن پرسیم:

- خۆ، دیتـتـان ئەو دوژمنە چەند بێ ڕوحم و بێ ویژدان و بێ بەزەییـیە، چۆن دەیهـەویست بەهەمـوو نەوعـێک لەنـاوتان ببـات...؟... چۆن لە ئەرزو لـە ئاسـمـان ئاگـربارانی دەکـردن؟... هەتا لـەدەستی هات بۆ لەناوبردن و مل پێ کـەچ کـردنتـان قـسـووری نەکـرد، چۆن دەیهـەویست قـڕانتـان بخـاتە ناو؟... جـا چ بە گولله... چ بە تۆپ و بۆمبـاردمـانـی تەیارە... چ بەخنکاندن چ بەدەسـتی خۆی و بەهێزی لەشکرەکەی و چ بەهۆی کرێ گرتەو حەڵقە لەگوێیەکانی... چ بە هۆی ئاغاو بەگزادەو میرو شێخ و... مەلا و هەموو ئەوانەی

که ئەو دوژمنە باش دەزانی جلّەوی ئێوەی سادەو... بێ گوناهیان بەدەستەوەیە!.

لەناو شەپۆلی ڕووداو و کارەساتەکانی شەریفە شەل و مام هەیدەرو مام زانەوێر... باسیان دەگێڕانەوە... لەژێر بارو ئەشکەنجەی ئەو ڕۆژە تاڵ و سوێرانە و ستەم و زۆرداری تۆفیق بەگ و مودیرو ئەوانی دیکە... کە وەکو مێردەزمە قەلاچۆی ملمان ببوون و وورده وورده... خوێنیان هەڵدەمژین و لاشەیان ووشک دەکردینەوە، لەگەڵ ورێنەکانی مەلا حەمید... سەرم گێژ دەبوو، ئەو هەموو ڕووداو و کارەساتانەی کۆن و نوێ... لێم دەبوون بە هەزاران وێنەی دژ بەیەک و وەک تیر... تیژ... تیژ... وەک برووسکە بەبەر چاومدا دەهاتن و تێدەپەڕین، سەرم پتر گێژ دەبوو... دڵم دەبووڕایەوە... دەهاتە کوڵان و هەڵچوون... هەناسەم تەنگتر دەبوو... دەمم بەش دەکردەوە، بە هەناسەی توند... توند... هەوای سیپەلکەکانم داو بەدەنگ... ڕوو بە کاروانەکە بانگم کرد:

– ئاخ... سەد ئاخ لەنەزانی و ساویلکەییمان!!

هەندێک هەناسەم هاتەوە بەرو بە هێمنی لەسەر قسەکەم ڕۆیشتم:

– ئاخر... ئەگەر ئێمەش... جلّەوی خۆمان نەدەینە دەست ئەوانەی بۆ ئارەزووی خۆیان... چۆن دەیانهەوێ... وەها لێمان دەخوڕن، ئەگەر یەکتری بگرین و هەست بەوە بکەین کە ئێمەی هەژارو ڕەش و رووت... هەر ئێمە بەرژەوەندیان یەکەو چارەنووسمان وەک یەکەو لەگەڵ ئەوانەی کە جلّەوی خۆمان داونەتە دەست جیاوازین... زۆر... زۆر جیاوازین، وە بەرژەوەندی ئێمەمانان... هەرگیز لەگەڵ ئەوانە و بەرژەوەندی ئەوانە ڕێک ناکەوێ و دژ بەیەکن، ئەگەر هەست بەمانە... بەم چۆنیەتییە بەم ڕاستییانە بکەین... ئەو کاتە ئەو زۆردارو تەماحکارانە ناتوانن ئەوها بە ئاسانی و بەگوێرەی هەوەسی خۆیان جلّەومان بگرنە دەست... و شل و پەیتی بکەن و... بەرەو ئارەزووە ناڕەواکانی خۆیان بمان ئاژۆن، ئەگەر هەست بەمە بکەین... دوژمنیش ناتوانێ وەها ڕسوامان بکاو ڕاومان بنێ... بمانخاتە تۆڕی کوێلەیی و ڕەگی چلّکن و پڕ دەردو ژانی لەناو جەرگمان دابکوتێ و لاوازمان بکا... بێ هێزمان بکا... تا ڕادەیێک لاوازو بێ هێزمان بکا کە توانای ئەوەمان نەبێت چغە لەو دڕندەیە بکەین کە دەم دەنێتە لاشەمان، ئەو دەستە ببڕین کە پارووی نان لەگەرووی ساواو منداڵ و گەورەمان دەرفێنێ...!!

زۆربەی کەسانی کاروانەکە بانگیان کرد:

– ئەشهەدوبیللا ڕاستە...!

عەلە ئێختەش نەڕاندی:

– کوڕینە... سەیر سەیر... شێرکۆ وەکو پیاوان قسان دەکا، وەکو پیاوەک و نیوان دەدوێ!

پوور ئەستی ژنیشی هەڵی دایەو گوتی:

–ئاخر عەلی... هەی خودا عافوت کا... ما نازانی شێرکۆ خوێندەوارە و قورعانی ختم کردووە... چوویتە مەکتەبی شارو... لەوێش... خوێندوویەتی و زۆر شت دەزانێ!

مام زانەوێرش نەیهێشت پوور ئەستی قسەکەی تەواو بکا... کە گوتی:

– بەڵێ خوێندەوار زۆر شت دەزانێ... زۆر شت فێر دەبێ... ئاگای لە دونیایێ دەبێ، پیاوی نەخوێندەواریش نەزانە وەکوو کەری پشت بەردییە!.

پوورە ئەستیش لەسەر قسەکەی ڕۆیشتەوە و مەکربازانە گوتی:

– بابە... بەخودای شێرکۆ بوویتە پیاو... ئەرێ وەڵڵا پیاوێک و نیویشەو بە ئیزنی خودا

دەسگیرانێکی هەر بۆ پەیدا دەکەم!.

له پاشدان سەرێکی لەمن هەڵبڕی و لەژێر لێوەوە بزەیێکی بۆ کردم، دایکیشم سەرێکی هەڵبڕی... ماوەییێک له پوور ئەستی و کەسانی کاروان... وەڕاما... ئەوجا چاوی له پانایی ئاسمان گیر کردن و ئاهێکی گەرمی هەڵکێشا!.

من لەگەڵ قسەکانی پوور ئەستی و بزە ژێر لێوە پڕ مەعناکەی... دەمم گیرا... شەرمێکی زۆر گرتمیە باوەش، هەزار و یەک خەیاڵ بە مێشکمدا دەهاتن و ڕەت دەبوون، دڵم بە پەلەتر لێی دەدا... بەگوڕتر سینگی دەکوتام، تارمایی نەخشێن... نەخشینی خۆشەویستم لەبەرچاو حازر دەبوو، تارمایی خۆشەویستەکەم... پەیکەری بەژن و باڵای شووش و ڕێک و پڕ ئارەزووی... وێنەی ڕووە زەرد ئەسمەرەکەی... سۆزی دەنگە نەرمە ناسکەکەی... لەتەلی مێشک و دەروونیان دەدام... له ویژدانم دا خۆیان دەنواندو بەسەر هەموو ئارەزوو و خەیاڵێکی تردا زاڵ دەبوون... دەیانبردمە دونیاییێکی بێ قەوارە و بێ سەنگ و بۆتەو کێش... وەک پەڕەمووچە لەو دونیایەدا بەهەموو لادا مەلەم دەکرد... دەفڕیم... بەبێ باڵ دەفڕیم و پێم له جێگاییێک گیر نەدەبوو، وجودم لەناو ئەو عالەمەدا توابووەوە، هەوڵمدا خۆم بگرمەوە... خۆم بە جێگاییێکەوە بنووسێنم... وجودم بدۆزمەوە، له ناوەوەمدا هەناسەییێکی درێژم هەڵکێشا... حەزم دەکرد بە جۆرێک وەڵامێکی پوور ئەستی و عەلەی مێردی بدەمەوە... بەڵام مام زانەوێر ئەو حەزەی بڕیم... کە هاتەوە قسەو ئەم خۆزیایەی خواست:-

- خۆزیا... ئەوها پیر نەدەبووم!

وەڕووی کردە مام هەیدەرو بانگی کردەوە:

- هەیدەر... خۆزیا ئەوها پیر نەدەبووم... ئەوها بێ کەڵک و پەک کەوتە نەدەبووم، هەتا بۆ ڕۆژێکی دیکەی وەکو ئەو ڕۆژە شتێکم پێوە بمێنێ و توانای ئەوەم بۆ بمابایەوە... ئەوە بگەیەنم کە زانەوێر هێشتا ماوەو توانای ئەوەی هەیە ئەنگوست ڕابوەشێنێ...!

وە سەرێکی هەژاندو چەند دانێک چاوەکانی لەسەریێک دانان و لەبەرخۆیەوە بەدەنگ خۆزیایەکەی تەواو کرد:

- بە وەڵلاهیل عەزیم... ئەمجارە... لەسەر ئاغا... لەسەر میر... لەسەر شێخ هەتا لەسەر شێخ مەلا قطب الدین... یش... لام نەدەداو بڕواییم بە یەکێک لەمانە نەدەکرد... بەڵام چبکەم... چارەم نەماوە... ئیمڕۆکە بێ حەول و بێ دەسەڵاتم!

مام زانەوێر... هەردوو دەستی له یێک دەدان کە دەیگوت:

- چوو... چوو... ڕۆیشت و تازەش ناگەڕێتەوە!.

مام هەیدەر... وەکو قسەکانی زانەوێری... هەواڵی تەمەنی زۆر کاری لەهەست و دەروونی کردبن و قین تینێکی تازەیان پێ دابن، لەسەر پشتی کەرەکەیەوە دەستێکی هەڵبڕی... وەکو چاوڕاو بکا... ئەوها... ئەنگوستی ڕادەوەشاندو بانگی دەکرد:

ئاخ... بۆ ئەو ڕۆژە و ڕۆژێکی دیکەی وەکو ئەوڕۆژە... بەڵام کوا ڕۆژێکی دیکەی وەکو ئەو ڕۆژە...

وەڕووی کردە مام زانەوێرو گوتی:

- بەڵام لەدەستمان چوو... هەڵخەڵەتابووین... لەدەستمان چوو... و تازەش هەر دەبێ هاوار بکەم و هەزار لەعنەتی خودا له پیری و لەوانەی ڕۆژەکانیان وەها پیرو بێ کەڵک کردین!

لەپاشان دەستەکەی دانەواندەوە و بەبزەییێکی تاڵەوە گوتی:

– خۆ ئەوەت لەبیرە... کە ئێمە هەموومان لەژێر فەرماندەی میری باوکی ئاغای ئێستامان... باوکی تۆفیق بەگ... شەڕمان دەکرد!.

مام زانەوێریش لە وەڵامدا گوتی:

– ئەدی... ئەدی... هەی بەهەشتی... کوو لەبیرم دەچی... کە میر بەناوی ئیسلام و بەناوی خەلیفە و بەناوی مێراتی و عەشیرەت... تانی لە ئێمە دەداو ئێمەی بەکوشتن دەدا!

– پەککو... پەککو... خودا لە کاری تۆ... لە خەڵقی تۆ!

وە بەدەنگ بانگی کرد:

– لە دواییشدا... چۆن ئاشکرا بوو کە میر خۆی لە بنەچەکدا... پیاوی ئینگلیسی دوژمن وبێگانە بوو، لە ژێرەوە یارمەتی کاپتانە خێڵەی حاکمی هەولێر بوو!

وەمام زانەوێر بە ئەنگوستی دەستێکی یاخەی چۆخەڵەکەی خۆی گرتبوو... دەیهەژاندەوە و دەیگوت:

– تۆبە ئەستەغفیروڵڵا... ئەمە قسەی من نییە... بەڵام دەیانگوت میر... مووچە خۆرو دراوکڕی حاکمە ئینگلیزەکە بوە و ئەو هەموو دەست لە پشت دانەی بەناوی ئیسلامی و عەشیرەت و تانەلێدانەی ئێمەش... هەر چاو بەستنی ئێمە... خەڵکی خودا و موسوڵمانە دڵپاکەکانی عەشیرەت بووە... بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەو خەڵکە بووە!.

مام هەیدەر... بەو قسانەی مام زانەوێر... تەواو گەرم و تووڕە بوو... ڕووی کردە خەڵکی کاروانەکە و گوتی:

– ئێوەش... ئێوەش... شێرکۆی لێ دەرچێ کە منداڵەو هی ئەو دەورە نییە... بەڵام ئێوە هەمووتان ئاگاتان لێ بوو چۆن میر پاش بەکوشتن دانی گەلەک لە خەڵکی گوند و عەشیرەت و پاش شکان و هەڵاتن و لەناوچوونی عوسمانلییەکان و تەفرو توونا بوونی لەشکری خەلیفە و هاتنی ئینگلیزی دوژمن بۆ ناو وڵات... دیتتان چۆن میرو کوڕو خزمەکانی میرو شێخ و مەلای گوند... بە زۆری خەڵکی گوندیان کۆدەکردەوە و وەپێش ڕەشو ڕووتەکان کەوتن بۆ پێشوازی لەشکری ئینگلیزی داگیرکەری دوژمن و پێشوازی لەشکری قەلەڕەشکە... کە لە خزمەت لەشکرەکەی ئەو دوژمنە... ئەوانیش ڕمی خۆیان لەناو جەرگی وڵات چەقاندو لەخزمەت ئەو دوژمنانەوە بەرەو دەشتی هەریر و ڕەواندز کەوتنە ڕێ!!.. لە پاشدان بەپەشێوی و جۆرە شڵەژاوییێک پێدەکەنی و دەیگوت:

– لە ئەنجامیش بە قودرەتی ئینگلیس... میر کرایەوە بە حاکمی ناوچەکە!

– شێخیش بە پشتیوانی ئەو دوژمنە... تەکیەکەی گەورەتر کراو... دەروێش وەک مێش لێی کۆبوونەوە و بە دەوریدا... شڵغەیان بەست!

– مەلاش... جێگای لە مزگەوت گەرم و نەرمتر بوو... هەروا لە ماڵەوەش... پارووی چەورو شیرینتر کرا، ئیمامەتی هەتاکو ئیمڕۆش... بە تاپۆ... بەسەری ئەودا تاپۆ کرا!!

وەبەتەوسەوە گوتی:

– شێخ قطب الدین دەیفەرموو: حاکمە ئینگلیزەکەی هەولێر... خەونی بە حەزرەتی پێغەمبەر دیوە، ئیسلام بووە لەسەر دەستی کچە سەیدێکی هەولێری ئیسلام بوەو... شەهادەی هێناوە... کچە سەیدەکەش وەکو پاداش هەر لەسەر شەرعی پێغەمبەری.. بابەگەورەی... خۆی پێ بەخشیوەو خۆی لێ مارەکردووە!!

– مەلاش تا ماوەییێکی زۆر... هەتا کاپتانی خێلە حاکمی هەولێر بوو... هەموو دوا نوێژێک ئەو موعجیزەیەی بۆ نوێژکەران دەگێرایەوە تەسدیقیشی دەکرد، دەیگوت:

– خودا ئەگەر هیدایەتی یەکێک بدا... ئەگەر ڕێگای ڕاست و حەق بە بەندەییێکی نیشان بدا... ئەوها دەبێ!!..

وە دەیگێرایەوە کە:–

بزانن نەسیب و تەقدیری خودای گەورە... ماشەڵڵا لە تەقدیری تۆ!! وە لە نوێژکەرەکانی پرسی:

– کاپتانە ئینگلیسەکە لە کوێ لەدایک بوە؟... ها!

هەر بەخۆی وەڵامی خۆی دەدایەوە و دەیگوت:

– لە پاش بەحران... لە ئینگلستان کە شەش مانگە ڕێ لێرە دوورە، لەوێ لەو کافرستانە و هەر بە کافریش لەدایک بووە... هەر لەناو ئەو کوفرەش گەورە بووە... بەڵام چونکی لە (لەوحەل مەحفوز) بۆی نووسرابوو... خودا وەبەر مەرحەمەتی خۆشەویستی خۆی خست، دەوجا بزانن موعجیزە لەکوێ یە؟

وە مەلای مزگەوت هەڵدەستایە سەر پاشیان... و دەستی بەهەموو لایێک ڕادەوەشاندن کە دەیگوت:

– بزانن... پاش ئەو هەموو بەحرانە... کوو کێشای.. کێشای... هێنای... هێنای... هەتا لە هەولێر جێگیری کردو لەوێش هیدایەتی داو هێنایە سەر ڕێی حەق و کیژە سەیدی ئەولادی خۆشەویستی خۆی کردە نەسیب!.

مام هەیدەر سەرێکی هەژاندو بە خەندەییێکی بایی گوتی:

– میریش... ئێمەو پیاوەکانی دیکەی عەشیرەتی کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندین کە:

–عوسمانلییەکان... بەزین... شکان... تێ چوون... چونکی پیاوی خراپ بوون... لەدین لایان دابوو... وە دوای شەیتان کەوتبوون... گەلەک مزگەوت و تەکیەو خانەقایان سووتاندو... گەلەک دزیان لەخواو لەخەڵکی خوا کرد... ڕسقی موسوڵمانانیان زەوت دەکردو لەبرسان دەیان کوشتن!

وەدەیگوت:

– ئەوانە کافر بوون... بەڵام ئینگلیس تێگەیشتوون... خوێندەوارن... عالیمن... یارمەتی ئیسلام دەدەن، مزگەوت و تەکیەو خانەقای زۆر دروست دەکەن و حاکمی هەولێریش... کاپتانی خێلە... بەخۆی ئیسلام بووە و بۆ ئیسلامەتی حەول دەدا!!

وەمیر ملی بۆ لای مەلای گوند و شێخ قطب الدین... درێژ دەکردو دەیگوت:

– وانییە... قوربان یاشێخ!

– وانییە... مامۆستا!

لە ئەنجامیش... دیتمان چۆن میر... ئەویش لەشکری کۆکردەوە و بەڵام ئەمجارە نەک بۆ عوسمانلی... بەشکەم بۆ ئەوەی وەپێش لەشکری ئینگلیس و قەلەڕەشکە بکەوێ و دەشتی هەریرو ڕەواندزو باڵەکاتی بخاتە ژێر فەرماندە و حوکمی ئەو بێگانانە!!

مام هەیدەر... وورده وورده قسەکانی هێمن دەبوونەوە تا لە دواییدا سەری هەندێک دانەواندو لەبەرخۆیەوە دووبارەی کردەوە:

– بەڵێ... ئێمە هەڵخەڵەتابووین... فرۆشرابووین... تازەش ڕۆیشت و لەدەستمان چوو... چ نەماوە

دەستی پێوە بگرین!.

ئینجا بە وەڕەسییێکەوە لێی کڕ بوو.

مەلا حەمید... لەپڕ لێی قیت بووەوە، وا دیاربوو بەوە قەڵس ببوو کە ئەوەندە باسی شێخ و مەلای گوند دەکرا، بەو هۆیەوە... بەمۆنی فرماندی:

– هەر خوا... هەر خوایە... هەیەو هەر هەیەو... هەر هەبووە و هەر دەمێنێ... هەر دەبێ... هەر ئەو هەیە و ئەویدی هەمووی بۆش و بەتاڵ و درۆیە!

وە بەپەلە سەڵەواتێکی هەڵداو... چۆن لەپڕ هاتە ناو قسە... ئەوهاش لەپڕ قەرەقۆپی لێ کردەوە!.

مام زانەویریش... وەکو هەر گوێشی لەپێداچوونەوەکەی مەلا حەمید نەبووبێ... قسەکەی لە مام هەیدەر وەرگرتەوە و گوتی:

– بەڵێ ئێمە... لەدەستمان چوو... بەڵام ئەو بەرەی پاش ئێمە دێ... دەبێ ئەو بەرەیە... وشیار بکرێنەوە... وەکو ئێمە هەڵنەخەڵەتێن!

وە ئاورێکی لە من دایەوەو گوتی:

– مەگەر... هیوایێک بەهی وەکو شێرکۆوە مابێ، مەگەر ئەمانە بتوانن ئەم کۆسپ و قۆرتانە تەخت بکەن و ئەم کەلێنانە پڕ بکەنەوە و ئەو برینانەی کەوتوونەتە لەشی میللەتی ئێمەی سادە و خواپەرست... سارێژ بکەن.

عەلە ئێختەش... وەکو قسەکەی مام زانەویری زۆر بەدڵ بووبێ... لەبنی زگیەوە هاوارێکی لێ هەڵستا:

– ئینشائەڵڵاهو ڕەحمان... بەحەول و قوەتی خودا... ئینشائەڵڵا!!

بەم ڕەنگە هەتا لە هەورازەکەی سپیلک سەردەکەوتین... گفت و گۆ گەرمتر دەبوو، لەناو گەرمەی گفت و گۆیەکەش... هەستمان بە چۆنیەتی خۆمان... خاوتر دەبووەوە... هەروەها هەستمان بە تێپەڕبوونی کات... کەمتر دەبووەوە، کە بەسەر هەورازەکەش کەوتین... پێش ئەوەی بۆ زەوییە ڕەقانیەکانی سەر چیاو دۆڵی نیشاوە شۆڕ ببینەوە... ئاورێکم لەدەشتە بەرینەکەی هەریر دایەوە... چاوم هەتا چیای سەفین بڕی دەکرد، کەپکی بێ خێر... لەگەڵ تەم و هەوری ئاسمانی ئەو هێوارە پایزە... تێکەڵ ببوو، ڕووم سووڕاندەوە لای باکوورو ترۆپکی شاخە بەرزە سەرکەشەکانی گۆڤەندو ئارارات کە وەک باوانی کەشتییێکی زۆر گەورەو زل... لەناو ئەو دەریا بێ دواییەدا هەڵیان دابوو... ڕەنگی زیویان دەدایەوە ڕۆژ... ئەو ڕۆژە زەردە پایزیەی لووتی لە ڕۆژئاوا چەقی بوو... و لەناو دەریاییێکی تەماوی بەرین بەهێمنی نقووم دەبوو.زێی بادینان... ڕێگاییێکی دوورو درێژی خوێنین بوو، تا چاوم بڕی دەکرد لێی کشابوو... و لەژێر هەناسەی ڕۆژئاوا دا... بریسکەییێکی سووری لاوازی دەکرد...

سوورایییەکەی لە ڕووی پانی ئاسمان دەدایەوەو دووبارەی ئەو دونیا بەرینە دەبووەوە!! دەتگوت ئەو رووبارە گەورەیە فرمێسک و خوێنی هەزاران ساڵەی گەلە زۆرلێکراوەکەی ئێمەیە و کۆبۆتەوە و لە ڕێگای دوور و سەختی ژیانمان کەرخ و ڕێڕەو دەکاتەوە و دەچێتە پێش بەرەو بەهارێکی تازە.

ڕۆژهەڵاتیش ... بە ئاستەم گەردێکی شینی لێ دەنیشت ... هەتا دەهات پەرەی دەسەندو بڵاو دەبووەوە ... پەیامی کۆتایی ئەو ڕۆژە و پێشەنگی شەوێکی نوێیان لەگەڵ بوو، کە گەیشتینە زارگەلیش ... ڕەزەوانەکان تازە چراکانیان پێ دەکردن، دارستانەکە ... لەگەڵ بای شەو دڵداریان دەکرد ... هەستی

دڵدارییەکەیان تێکەڵ بە جریوەی تەیری ناو هێلانەکان دەبوو، ڕووبارە گەورەکەی خەلیفان نەنووستبوو، بەڵام کەسانی کاروان بڕیاریان دا ئەو شەوە مێوانی ڕووبارەکە و دارستانەکەی ڕۆخ ڕێگا ... بن، بارگەکانیان لێ خستن، و بەو جۆرە ڕۆژی یەکەمی کاروانەکەمان لە تەمەنی ڕۆژگار ... پچڕاند.

* * *

# 21

هۆ ... خاڵۆی ڕێبوار
خاڵۆ ڕێگاکەم دوورە
مەنزڵ نادیارە و خاڵۆ
تۆیشوو زەروورە
هۆ ... خاڵۆی ڕێبوار
ڕێگا نازانم
بۆ گەرمیان ... دەڕۆم
خەڵکی کوێستانم
دەترسم بمرم ... خاڵۆ ... لە دوور وڵاتا
دڵ پڕ لە خۆزگە و هاوار ... ئۆف و ئاواتا
هۆ خاڵۆی ڕێبوار ... خاڵەی خوانەناس
بۆچ ڕوحمێ ناکەی ... بەمنی کەساس

کە بە دۆڵی نیشاوەدا تێ دەپەڕین ... پێش ئەوەی بگەینە مەنزڵگای شەومان ... مام زانەوێر ... حەسرەتی هەڵدەڕشتن گفت و گۆی ڕێگا دوور و هەوراز و نشێوەکە ... کارێکی زۆری تێ کردبوو، دەستی بردە بناگوێ و بە دەنگە گڕ و پڕ سۆزەکەی بەسەر بەیتە دێرینەکەدا چووەوە:

هۆ ... خاڵۆی ڕێبوار ... خاڵۆ
ڕێگام هەورازە
کەسی دور وڵات ... چاوەکەم
خاڵۆ ... دیل و بێ نازە

– هێشتا منداڵ بووم، هێوارەییێکی درەنگ بوو، باوکم لە ناوەندی ژوورەکەدا ... لە ڕۆخ ئاگردان؛ لەناو نوێنەکەی ڕاکشابوو، بە بازووی دەستی هەردوو چاو و بەشێکی ڕووی خۆی داپۆشیبوو ... وام بۆ دەهات نوستبێ ... یان پێی خۆش نەبێ ... چاوی هەڵێنێ، دایکم بادییە ئاوێکی پەلی لە پێینگانی باوکم دانابوو ... ئاوەکە هەڵمی لێ هەڵدەستا، دایکم چووە سەرینگانی باوکم ... خۆی بەسەردا چەماندەوە ... باوەشێکی تێ وەرهێنا ... هەندێک ڕەکێشی کرد ... بۆ سەرەوە هەڵی دەکێشا...

باوکم خۆی شل کردبوو ... وەکو هێزی لەبەر نەمابێ ... ئەوها خۆی دابووە دەست دایکم!!

دایکم ... سەری باوکمی خستە کۆشی خۆی و ئاوڕێکی بۆ لای پشتەوە دایەوە!.

دایکم بالیفێکی ڕەکێش کرد ... بالیفەکەی خستە بەرپشتی باوکم ... ئەوجا خۆی لەبن سەرو ملی باوکم کێشایەوە، سەرینەکانی ژێر سەری باوکمی یەکە یەکە دەرکێشان و لەسەر ییێک کەڵەکەی کردن...

دایکم... لاشەی باوکمی ڕەکێش کرد.. کێشایەوە... کێشایەوە ... هەتا گەیاندیە بالیفەکان و پشتی باوکمی وێ کردن ... بەم جۆرە ... باوکم وەکو دانیشتبێ ... ئەوها ڕاست بوەوە، دایکم سینگ و گەردەنی بە جاجمەکە داپۆشینەوە ... ئەوجا هەڵستایە سەر پێیان و گێلانە سەیرێکی منی کرد ... چاوەکانی..

مـالق.. دەكـرانەوە.. چاوەكـانی تێ بریم ... دەیەویست بزەیێكم بۆ بكا ... بەڵام بزەكـەی بۆ نەهات ... لێوەكانی نە پشكووتن ... تەنیا خوزییێكی قووت دایەوە و سەری دانەواند، هاتە لای پێینگانی باوكم ... لچكی جـاجمەكەی لەسەر پێیەكانی لادان ... جاجمـەكەی هەڵدایەوە ... هەر هەڵی دەدایەوە ... هەتاكو ناوقەدی باوكم ... جاجمەكەی لەسەر لادا ... لاقەكانی لێك دوورخستنەوە!!

باوكم ... هەتا ناوقـەدی رووت بوو ... لوولاقی پێیـەكـانی زەرد دەكـران، دەم نادەم دەی نـالاند... هەر دەینالاند... كەلە نالین دەوەستا ... نركەی دەكرد ... هەر نركە نركی بوو، ناڵەو نركەی نەدەوەستا!!..

چاوم برینە لوولاقی باوكم، لەگەڵ خۆمدا دەمگوت:

– بابە نەخـۆشە ... بۆیێ ئەوها دەناڵێنی و نـركە دەكا، لەشی زۆر دێشێ ... لەبەر ئەوە شـەویش هەر دەناڵێنێ و دەنركێنێ!!

خوشكە بچكۆڵەكەشم نازە ... دەیگوت:

– پوور بنەوش دەڵێ ... بابۆ نەخۆشە ... لەشی ژان دەكا ... بۆیێ نركە دەكاو دەناڵێنێ!.

دایكم ... ئاوەگەرمـەكەی خستـە ناو هەردوو لاقی باوكم، جاجمەكەی بەسەر لەشی رووتی باوكم و بەسـەر جـامـە ئاوە گـەرمـەكـەدا ... كـێشـایەوە، ئاوەكـە هەڵمی لێ هەڵدەسـتـا، دایكم دەسـتـێكی بۆ بن جاجمەكە برد ... دەستەكەی لەبن جاجمەكە دەجوولایەوە!!

باوكم ... دەینالاند ... دەنگی خاو دەبووەوە ... هەتا لەپڕ خۆی لێك كێشـایەوە و هەناسەیێكی درێژی هەڵكێشا ... لەگەڵ هەناسە درێژەكە ... نركەی وەستا!

پوورە بنەوش دەڵێ:–

– بابۆ نەخۆشە ... لەشی بەژانە!

بەبێ ویسـتی خـۆم ... فـرمـێسـك لە چاوەكـانم هەڵقـوڵین و بەسـەر رووومـەتمەوە رێچكەیـان بەست و دەرژانە ناو كۆشمەوە، فرمێسكەكانم لەناو كۆشمەوە تكەیان دەكرد!.. دایكم ... سەرێكی لێ هەڵبریەوە، چاوەكانی مـالق ببـوون ... رەنگی هەڵبزركابوو... چاوەكـانی... سوور هەڵگەڕابوون!... رووی تێكردم ... بە رووومدا گەشایەوە، بە دەنگێكی نووساو پێی گوتم:

– مەگریێ ... كوڕەكەم مەگریێ!

وە لێی پرسیم:

– ئەوە بۆ بابۆ دەگرییی ... ها ؟

– بابۆ ... چاكە ... چاك دەبێتەوە!

– رۆڵەم ... نابینی بابۆ دانیشتووە ؟

– كوڕم ... بابۆ چاك دەبێتەوە ... مەگری ... مەگری ... جەرگە مەگری ...!

چاوێكی لە باوكم كرد ... چاوەكانی فرمێسكیان لێ هەڵدەوەرین! باوكم ... بێ دەنگ بوو ... پشـتی دابووە سەرینەكان ... لەگەڵ ... قسەكانی دایكم چاوی ... لێك كردنەوە ... بە تیلەی چاو ڕوانییە من ... بزەیێكی نەخۆشانەی بۆ كردم ... چاوی لەسەر یێك دانانەوە!.

دایكم ... چاوی بۆ رووی من گـوازتنەوە ... دیسـان بە رووم گـەشـایەوە ... بە دەنگێكی گـرینۆكی نووساو پێی گوتم:

– ڕۆڵە شێرکۆ ... دوعایان بکە!

– بڕۆ سەربانەکە ... سەر بۆ ئاسمان بەرزبکەوە ... دوعایان بکە ... لە خودا بپاڕێوە بڵێ:–

خودایە بابۆ چاک بکەیەوە ... بابۆ چاک بکەوە ... خودایە بابۆ چاک ببێتەوە!

باوکم ... هەندێک جوولایەوە ... لە نرکە نرک وەستا ... سەری لەسەر بالیفەکە سووڕاندە لای من ... هەناسەیێکی درێژی دیکەی خواردەوە چاوی دەگێڕان، چاوەکانی بابۆ لەجاران بچووکتر بوون، دەستێکی بۆمن درێژکرد ... خۆم پتر لێ نزیک کردەوە ... دەستی وەسەریدا هێنام ... دەستەکەی گوازتەوە سەر ڕووم ... بە ئاستەم ڕوومەتی گوشیم... دەستەکەی گوازتەوە سەرسینگم... سەر زگم!... بە ئاستەم پەنجەکانی جوولاندنەوە ... ختووکەی دەدام ... هەتا لە دواییدا زەندی دەستی گرتم ... منیش خۆم بۆ شل کرد ... پتر خۆم بۆ شل دەکرد بەبێ دەستی خۆم ... پتر خۆم پێوە دەنووساند، باوکم ... کێشامیە لای خۆی ... زەندی دەستی بەردام ... دەستەکەی لە ناوقەدی وەرێنام ... بەتوندی بەخۆیەوە قرساندمی ... قرساندمی!!

– بابۆ ... منی زۆر خۆش دەوێ ... ئەو زۆر زۆر منی خۆش دەوێ، کە بەخۆیەوە دەی قرساندم هەستم بە گەرماییێکی خۆش دەکرد ... کە لە لەشی ئەوەوە تێکەڵ بەلەشی من دەبوو، دڵم هەڵدەپەڕی ... هێمنایی باڵی بەسەردا ... دەکێشام:

– نازانم بۆچ هەندێک جار ... ئەمن ڕکم لێ دەبێتەوە!

– کە ناهێڵێ بچمە ناو منداڵان ...!

– کە ناهێڵێ لەگەڵ گوڵێی هاوڕێم بچمە ناو ڕەزان!

– کە ڕێگام نادا بچمە کۆڵان ... لەگەڵ منداڵانی گەڕەک بەسەر گردو شاخەکانی گوند ... هەڵبگەڕێم ... لێم تووڕە دەبێ ... پێم دەڵێ ... لە کۆڵان خوو و ڕەوشتت تێک دەچێ ... لەسەر گردەکان دەکەوی و ئازارت پێ دەگا!!

منیش ئەو کاتە ڕکم لێی دەبێتەوە!

کەبەتووڕەیی ... بە زۆری دەم نێرێتە مزگەوت ... هەتا وەنوێژی جەماعەت ڕابگەم!

– کە ئەوهام لەگەڵ دەکا ... ڕکم لێی دەبێتەوە، هەندێک جار لەناو دڵی خۆمدا دوعاو تووکی لێ دەکەم ... دەڵێم یاخوا لە کۆڵم بێتەوە!!

دایکم دەڵێ:

– بابۆ ... ئەتۆی بەقەدەر چاوەکانی خۆی و ... پتریش ئەتۆی خۆش دەوێ!

پوور بنەوشیش ... ئەویش وەها دەڵێ!

دایک و باوکی گوڵێی هاوڕێشم ... هەروەها دەڵێن!

باوکم ... هەر بەخۆیەوە دەی قرساندم؛ کێشامیە سەر سنگی خۆی ... سەری لە سینگی من نقووم کرد ... سەرو ڕووی لە سینگمدا دەگەوزاند، سەری گوازتەوە لای گەردەنم ... چەناگەم... دەمم ... ڕوومەتی ماچ کردم ... چەند جارێکی دیش ڕوومەتی ماچ کردمەوە ... گەردەنی بۆن دەکردم ... بناگوێی دەلێستمەوە ... پەنجەکانی دەستی لەناو پرچمدا دەگێڕان، زووو... زوو ... هەناسەی هەڵدەکێشان و لەپاشان لەسەر سینگی خۆیەوە هێنامیە خوار و لە تەنیشت خۆی دانامەوە ... دیسان بە ڕوومدا بزەیێکی کردو گەشایەوە بە دەنگێکی لاواز بەدایکمی گوت:

– نوقڵ بۆ شێرکۆ بێنە ... دەی نوقڵی بۆ بێنە!.

– من ... بابۆم خۆش دەوێ!

– یارەبی خودایە باوکم چاک بکەیەوە ... باوکم چاک بێتەوە، ئیدی چیدی ڕکم لێی نابێتەوە ... چیدی بە دزی دوعا ناکەم لەکۆڵم بێتەوە!

– خودایە ... نامەوێ باوکم بمرێ ... بابۆم خۆش دەوێ ... دەمەوێ هەر لە کۆشی خۆم دابنێ ... دەمەوێ بەخۆیەوە بمنووسێنێ!

– خوایە ... باوکم چاک بکەیەوە!

چاوەکانم ... پڕی فرمێسک بوون ... حەزم دەکرد بە دەنگ بگریم ... حەزم دەکرد... هاوار بکەم، خۆم بە گوڕ هەڵدایەوە سەر سینگی باوکم ... دەستم کردنە ملی ... لەناو گریاندا بانگم کرد:

– بابۆ هەڵستە ... بابۆ چاک ببەوە ... بابۆ تۆم زۆر زۆر خۆش دەوێ!!

باوکم ... باوەشی تێ وەرینام ... پتر بەخۆیەوە قرساندمی!.

دایکم ... دوو شەکرۆکەی.. و سەری دانەواندو چووە دەرەوە!

– جاران ... باوکم پێش نەخۆش کەوتنی ... لەگەڵ خۆیدا دەیبردمە ناو بازاڕ، دەستی دەخستمە ناو دەستی خۆی ... لەگەڵ خۆی دەیبردمە دوکانی مەولوود ... هەردوو گیرفانمی تژی نوقڵ دەکردم، کە دەگەڕاینەوە دەستێکی بەسەری دا دەهێنام و پێی دەگوتم:

– کە چوویتەوە ماڵ، بەشی خوشکت بدە!

وەهەندێک بۆم کۆم دەبوەوە و دەیگوت:

– باشە ... کوڕم باشە ... وەبەشی دایەشی لێ بدە ... ئێ کوڕی خۆم!!

وەدەستێکی دیکەی وەسەری ڕا دەهێنامەوە و بە پەنجەکانی قژی سەری دەجوولاندمەوە.

– باوکم ... چاوەکانی لەسەرییێک دانانەوە ... دیسان پتر بە خۆیەوە نووساندمی ... چاوی لەسەرییێک دانان ... بە دەنگە لاوازەکەی ... لەسەرخۆ دەستی بە گوتن کرد:

هۆ خاڵۆی ڕێبوار ... خاڵۆ

ڕێگا ... نازانم

بۆ گەرمیان دەڕۆم ... خەڵکی کوێستانم

کوێستانان خاڵ خاڵ ... بەفری ناچێتۆ

گیانم تۆراوە ... هەی هاوار

چیبکەم ... ئاشتی نابێتۆ

باوکم ئاهێکی درێژی هەڵکێشایەوە ... دەستەکەی لە ناوقەدم شل کرد ... هێواش هێواش دەستەکەی دەکێشایەوە و بۆ لای چاوەکانی بەرز دەکردەوە؛ تا هەردوو چاوی خۆی پێ داپۆشتن و دەینالاند و دەیگوت:

فەلەک بڕوخێ چەرخی دەورانت

نەمێنێ تاج و تەخت و ئەیوانت

بوەستێ ڕۆژ و ساڵت لە دەوران

وەک ئێمەت ... ئاوا

بەم ڕۆژە ... گەیاند

هۆ ... خاڵۆی ڕێبوار ... ڕێگاکەم دوورە

ناگەڕێمەوە ... نا ... ڕۆڵە ببوورە

– دایکم دەیگوت: کەلەودیو دەربەدەر کراین ... کە گوند و هەوار و کێڵگەکانمان ... وێران و خاپوور کران ... کە مێگەل و وەڵسات و گاڕانمان بەتاڵان چوون و بەشی زۆری خەڵکی وڵات یان لە ئەنجامی شەڕ و بەربەرەکـــانی ژیان ... یان لە برســـانا لە ناوچوون ... ئەوانەی کـــە مـــابووین ... دەربەدەر بووین، پەراگەندەکان ... یەکترمان دەگرتەوە ... بەبێ ڕاو تەگبیر یەکترمان دەگرتەوە و... ڕوومان کردە پانایی ئەم دونیایە ... بەرەو ئەو گەرمیانە کەوتینە ڕوو!!

دایکم سەرێکی دەهەژاندەوە ... ماوەیێک سەری لەبەرخۆی دەنا!. دادەما ... تا داویی دەهاتەوە قسە و دەیگوت:

– کە لەشکری عرووس ... جەندرمە و عەسکەری عوسمانلی ... دەهاتنە گوندەکەمان ... بە هەردوو لەشکر ... هەردووک لا ... تاڵانیان دەکردین ... بە هەردوولا دەیانکوشتین، ئەوەی نان بوایە ... زاد بوایە و بۆ خواردن بشیابا ... بە تاڵانیان دەبرد و لە برساندا ئێمەیان دەتوولاندەوە، خەڵکێکی زۆری گوندەکە ... بەتایبەتی ئەوەی لاو بوایە و وەبەرچاویان بکەوتبا ... یەکسەر گوللەبارانیان دەکرد ... یان بە سونگی زگیان هەڵدەدڕی، عوسمانلییەکان گەرووی کەرەی ئامۆزایان بە نووکە سونگی هەڵزڕاند، ئەو ستەمکارانە کە ئەو تاوانەیان دەکرد ... دەیانگوت:

– ئەم کوڕە جاسووسە ... جاسووسی ڕووسە!

وە دەیانگوت:

– بە فێڵ ... بەقەستی خۆی کەڕ و لاڵ کردووە:

لە دواییشدا کەرەیان شەهید کرد، زۆر کەسیش ڕووی کردە چیاو بوو بە چەتە و غەزاچی ... لە پەناوە زەبریان لە دوژمن دەدا.

دایکم ... کە باسی کەرەی شەهیدی دەگێڕایەوە ... سەری دەهەژاند و لە دەروونێکی بریندار و کولەوە دەدوا:

– کەرە ... داخم بۆ کەرە، چ لاوێکی شەنگ و شووش و لێوەشاوە بوو ... سوور و سپی ... چاوشین ... سنگ ... دوو بست پان، لە گوندەکەی ئێمە لاوێکی وەها شۆخ نەبوو ... بەڵام حەیف ... سەد حەیف ... هەر لە منداڵییەوە لەرزوتای گرت و بۆ ماوەیێکی درێژ کەوتە ناو نوێن و ... کە هەڵستایەوە بێ سەرو زمان ... بۆ یەکجاری کەڕولاڵ بوو!!

دایکم لەبەر خۆیەوە دەیگوت:–

– عوسمانلییە خوانەناسەکان ... هەر لەبەر لاوچاکی و ڕەنگ و ڕووی کەرە ... شکی جاسووسیان لێ کردو گوێیان لە ڕاستی کەرە و خەڵکی گوند کەڕ کرد و بەو دەردەیان برد!!

– لەشکری قەیسەری ڕووسیش ... ئەوەی لەبەر عوسمانلییە کافرەکان دەمایەوە ... ئەوەی لە دەست ئەمانە ساغ دەردەچوو ... ڕووسەکانیش ئەمانەی دەگرت و دەی کوشتن ... بە بەهانەی ئەوەی کە:

– ئێوە لەگەڵ عوسمانلین و شەڕی عرووسان دەکەن!!

دایکم دەیگوت:

– ئیتر گوندەکەی ئێمەو هەموو گوندەکانی لاجان و هەموو وڵات لە نێوان ئەو دوو دوژمنە ... لە ژێر زەبرو زەنگی عوسمانلی و عرووس ... وەکو گەنمی نێو دوو بەرداشی لێهات!

– عەسکەری ڕووس ... کەمتر دەهاتنە ناو گوند ... دەترسان خەڵکەکە لە پەناوە دەستیان لێ بوەشێنن ... خۆیان لە پەلاماردانی چەتەو غەزاچییەکان دەپاراست ...

بەڵام کە جەندرمەی عوسمانلی هێرشیان دەهێنا ... بەناو گوند وەردەبوون ... وەک گورگەهار ... بەردەبوونە گیانی موسڵمانان وڕاوو ڕووت، پەلاماری کیژۆڵەی منداڵی تازە پشکوتووی دە دوازدە ساڵەیان دەدا ... کە لەبرسانا لەناو کوڵانەکان ... لەسەر ڕوو ... لەسەر پشت و تەنیشت کەوتبوون و دەقنانەوە، دەیان ڕفاندن ... بە ئاشکرا پێیانەوە دەنیشتن، جارێکیان بە چاوی خۆم دیم کۆمەڵێک عەسکەری تورک ... وەک چۆن ورچ پەلاماری بەرخ دەدا و دەی ڕفێنێ ... ئەوها هەر یەکەیان کیژۆڵەیەکی بچکۆڵەی بەسەر ملیەوە دادابوو ... بۆ ناو چەمەکە ڕایان دەفڕاندن ... لە ئەنجام ئەو بێ دین و بێ ئابڕووانە ئەو کیژۆڵانەیان بە لەشی خوێناوییەوە ... لەناو چەمەکەدا بەرەڵڵا دەکردن و هاڵاویان بۆ گوندێکی دیکە دەبرد ... !

– عرووسەکان ... منداڵیان دەگەڵ خۆیان دەبردن، گەلێک لە منداڵەکانی گوندو ناوچەکە ... لەبەر بێ دایک و باوکی ... لەبرسان ... لە دەوروبەری ئۆردوگاکانی لەشکری ڕووس کەوتبوون، لەشکرەکە ... پاشماوەی خواردەمەنی خۆیان ... کۆنە جلک و بەرگیان بۆ فڕێ دەدان، ئەو منداڵە دەربەدەرانە ... دوا بەدوای لەشکرەکە بەرەو ژوور دەکشان، کۆمەڵێکی زۆر لەو منداڵانە لەگەڵ لەشکری ڕووس ... چوونە وڵاتی عرووس و هەتا ئێستاش کەس سۆراخیان نازانێ!!!

دایکم ... دونیای لێ وێک دەهاتەوە و فرمێسک لە چاوەکانی دەڕژان کە دەیگێڕایەوە و دەیگوت:

–ئەوانەی بە زیندوویی مانەوە و لە دەست مردن و نەخۆشی نەتولابوونەوە ... ژن و پیاو ... منداڵ و پیر ... لەهەموو دێهاتەکانی ناوچە کەوتنە دەشت و دەر ... ملیان بە چیایەکانەوە نا ... بەدوای ژیان سەریان هەڵگرت، ئەوانەی توانای ڕۆیشتنیان مابوو و گوردێکیان تێ مابوو ... بەکۆمەڵ بەرەو گەرمیان ڕێچکەیان بەست، وەک کاروانێکی شلۆقی درێژی بێ دوایی و بێ سەرو بن ... ڕێگای گەرمیانمان دەپێچایەوە، و شێتانە هاوارمان دەکرد بەدەم هەنگاوی لاواز و نارێکەوە ... بانگمان دەکرد:

هۆ ... خاڵۆی ڕێبوار ... خاڵۆ

ڕێگا نازانم

بۆ ... گەرمیان دەڕۆم ؛ خاڵۆ

خەڵکی کوێستانم

حەشاماتێکی زۆری خەڵکی لاجان و مەرگەوەڕ لەو ڕێگایەدا کەوتبوونە ڕێ، هەزاران ژن و پیاوی گەندەڵ ... پیرو پەک کەوتە ... شەل و سەقەت ملیان بەرێگاوە نابوو ... هەندێکیان بە گۆچان دەڕۆیشتن ... هەندێک بە دار شەقەو هەندێک لاکەیان دەهات و بەزۆری خۆیان ڕەکێش کرد، هەندێکیان منداڵیان بەباوەشەوە بوو ... یان منداڵیان لە پشت و سەرشان قایم کردبوو ... دایکەکان بەسەر ساواکانیان دا کووڕ ببوونەوە ... هەندێکیان لە ژێر باری پڕوپڕێچکە ... داهاتبوون و کۆم ببوونەوە، بەدرێژایی ڕێگا ... گەلێک پیرو پەک کەوتە و منداڵت دەهاتنە بەرچاو ... لە ڕۆخ ڕێگاکە ... کەوتبوون و خۆیان وێک هێنابووەوە ... سەریان لە ناو هەردوو ئەژنۆی ڕووتیان بزر کردبوو ... هێزی ئەوەیان نەمابوو لەو ماوەیە پتر ڕێگا ببڕن، هەندێکیان چوار پەلیان لێ هاویشتبوو ... لەشیان لە جوولە کەوتبوو ... تەنیا چاویان دەجوولایەوە و

دەمیان لێک دەدا ... وەکو بیانەوێ شتێک بڵێن ... بەڵام نەکەس گوێ ی لێ دەبوون و نەکەسیش ئاوڕی لێ دەدانەوە!.

لاشــەی چەند دایکێکم دەدیت لەو ڕێگا دوورو پڕ کــۆسپ و هەورازە ... وشک هەڵگەڕابوون ... ســاواکــانیــان بە سنگیــانەوە قــرســاند بوو ... بە مــردوویش دەســتیــان لە کــۆرپەکــانیــان بەرنەدەدا!. حەشاماتەکەی تریش کە هێشتا دەجوولانەوەو وەک کاروانێکی بێ دوایی مێروولە ڕێگایان هەڵدەلووشی ... غەڵبەو هاوار و ناڵەو هەراییێکی زۆریان لێ هەڵدەستا، هەموو بانگیان دەکرد ... بانگیان دەگەیشتە هەورەکان ... بانگیان دەکرد:

فەلەک وەرگەڕێ چەرخی دەورانت
بڕوخێ ... تەخت و ... تاج و ئەیوانت
هۆ خالۆ ... خالۆ
ڕێگام هەورازە
بارم بێ نازە
ژینم ناسازە
دەست لەباری خۆم هەڵناگرم تازە
هۆ ... خالۆی ڕێبوار

دایکم دەیگوت:

– من و بابۆ و فاتمی خوشکت ... لەو ڕێگا هەورازو سەختە سەرکەوتین ڕێگامان بڕی و لەو مردنە ڕزگاربووین، بەرەبەیانێک لەگەڵ ڕۆژی ئەو ڕۆژە ... چاومان لەگوندی زینوێی شێخی هەڵێنا، لەوێشەوە گیر نەبووین ... هەر لەگەڵ ئاوابوونی ڕۆژی ئەو ڕۆژە ... بەرەو گەرمیان ئاوابووین و تا دەشتی هەولێر ... خۆمان نەگرتەوە!.

– لەپڕ ... مامۆستا مەلا سەعید ... لە ژوورەکەمان پەیدا بوو، چوو لە سەرینگانی باوکی نەخۆشم ... لێی هەڵتڕووشکا، سەری بەسەر سینگی دا کەچ کرد ... مرتەییێکی کرد ... وورده وورده دەنگی بەرز بووەوە:

– یاسین وەلقورئانول حەکیم........!

مەلا سەعید ... قورئانی بەسەر باوکمدا دەخوێند ... چەند مانگێک بوو... زۆربەی ڕۆژانی.. نەخۆشیەکەی باوکم.. ئەم قورئانی بەسەر باوکم دا دەخوێند... وە دەیفەرموو:

– قورعان دەرمانی هەموو دەردانە ...

من هەتا ئیــمــڕۆکــەش... هەمــوو ســوورەتی... یاسین... و هەروا ســوورەتی ئەلرەحمــانم.. وەک ئاو لەبەرە!..

– الرحمن... علم القرآن... خلق الانسان... علمه البیان.

باوکم ... لەناو جێگاکەی ڕاکشابووەوە ؛ خەوێکی قووڵی لێ کەوتبوو، گوێی لە قورعانەکەی مەلا سەعید نەبوو، جاران ... کە گوێی لە دەنگی قورعان دەبوو ... چاوی دەکردنەوە ... هوشیارو گەش دەبووەوە سەری لەسەر بالیفەکە ... بەلای ڕاست و بەلای چەپی خۆی دەجوولاندەوە، چاوی یەکە یەکە لە ڕووی من

و دایکم و خوشکە بچکۆڵەکەم ... دەگیڕان، هەناسەی هێمن تر دەبوو ... بەڵام ئەمجارە هەر چەندە مەلا سەعید بە دەنگێکی بەرزیش قورعانەکەی دەخوێند ... کەچی ئەو تەنانەت چاوەکانیشی هەڵنەهێنان ... جوولەییێکی نەکرد ... دەمی بەش کردبوەوە ... دەنگی هەناسەی دەهات ... کەوتبووە خەوێکی قووڵ!.

– باوکم ... دەنگی خۆش بوو ... کە خالۆی ڕێبواری دەگوت ... کە بەیتی شێخ فەرخی دەگوتەوە ... کە قورئانی دەخوێند ... خۆشییێک دەرژایە گیانم ... دڵنیا و هێمن دەبوومەوە، منیش خالۆی ڕێبوارم لەبەرکردبوو، جار جارە لە ڕێگای مزگەوت ... لەبەر خۆمدا بە منگە منگ دەمگوتەوە، کە لەگەڵ ئایشەگوڵی هاوڕێم ... گەمەمان دەکرد ... بەسەر گردەکان هەڵدەگەڕاین ... یان بەهاران کە دەچووینە ناو ڕەزان ... بۆ ئایشەگوڵ دەم گوتەوە:

هۆ ... خالۆی ڕێبوار

خالۆ ... ڕێگام هەورازە

ئایشەگوڵی هاوڕێ بچکۆڵەکەشم ... فێری گۆرانییەکە ببوو ... ئەویش لەگەڵی دەگوتەوە، کە دەگەڕاینەوە ماڵ قۆڵمان لە قۆڵی یەکتری هەڵدەکێشا ... بەدەم ڕاکردن و هەڵبەزهەڵبەزەوە پێکەوە گۆرانییەکەمان دەگوتەوە:

کوێستانان خاڵ خاڵ

بەفری ناچێتۆ

گوڵێ تۆراوە ... هەی هاوار

ئاشتی نابێتۆ

– هەر ئەو ڕۆژە ... پوورە زەخێ و دایکی سەبری لەگەڵ هەندێک پرو پیرێژن و ژنەکانی گەڕەک هاتنە ماڵمان، لە تەنیشت دایکم... بە خەمگینی.. لە تەنیشتیەوە بەکزی دانیشتن!..

باوکم ... ئاگای لە دەرەوەی بڕا بوو، دەستێکی منی توند گرتبوە ناو دەستی خۆی؛ ژنەکان.. لە پێ نینگانی باوکم.. لە ڕۆخ دایکم هەڵترووشکان!..

مەلا سەعید قورئانی دەخوێند:

– یاسین ... وەلقورئانول حەکیم ......

ژنەکان دەستیان بە فنکەفنک کرد!..

مەلا سەعید پتر دەنگی بەرزکردەوە:

– ئیننەکە لەمینەل مورسەلین... عەلا سیراتین موستەقیم...

دەنگی قورعانەکە ... بەسەر فنکەفنکی دایکم و ژنەکان دا زاڵ بوو!!

هێوارەیێکی درەنگ بوو ... ڕۆژ ئاوا ببوو، بۆرایی شەو وورده وورده دەکشایە سەر گوند، ژوورەکەمان دەهات تاریک ببێ، دایکم ... لە جێگایەکەی هەڵستا ... قەندیلە نەوتەکەی داگیرساند، لە دەرگاوە دەنگی مەلای مزگەوت هاتە ژوورەکە ... مەلا بانگی شێوانی دەدا:

– ئەڵڵاهو ئەکبەر ... ئەڵڵاهو ئەکبەر...!

مەلا سعید لە قورعان خوێندن وەستا.

ژنەکان کڕ بوون ... فنکەیان بڕا، دەستیان بە پستە پست کرد! مەلا سەعید دەستەکانی بەرەو ئاسمان

پان کردنەوە ... دەمی دەجوولاندەوە؛ بە دەنگێکی نزم ویردو دوعای دەخوێند ... لە پاشان قورئانەکەی بە هەردوو دەست بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە ... دوعای بۆ باوکی نەخۆشم دەکرد ... لە خودا دەپاڕایەوە:

– یاڕەبی خودایە ... ڕوحمی خۆتی پێ بکەی ... بۆ خاتری ئەم قورئانە پیرۆزە و ئەم بانگی موحەممەدە ... شیفای بۆ بنێری!!

بانگی مەلای مزگەوت ... بە ئاشکراتر دەهاتە ژوورەوە:

– حەیی ... عەلەل سەلات!

دایکم و ژنەکان ... لەدوای مەلا سعید دەیانگێڕایەوە:

– ئامین ... ئامین خودایە ... ڕوحمی خۆتی پێ بکەی ... شیفای بۆ بنێری!!

مەلا سعید ... ئاهێکی درێژی خواردەوە ... بەوەڕەسی لەسەرەخۆ گوتی:

– بانگی شێوانە ... دەچمە مزگەوت ... فەرزەکە دەکەم و زووبەزوو دەگەڕێمەوە ...!

مەلا سەعید.. قورعانەکەی خستە ژێر سەرینی باوکم و ... چووە دەرەوە.

لەگەڵ فنکەی دایکم و ژنەکان ... ئاو زایە چاوەکانم، دەستم لەناو دەستی باوکم دەرهێنا ... بە قوونەخشکێ خۆم کێشایە دواوە ... هەڵستامە سەر پێیان ... لە دەرگای ژوورەکە خۆم هاویشتە دەرەوە... چووم لەسەر پێش بانەکەی بەرماڵمان خۆم گرتەوە ... هەستم ڕاگرت ... دونیا کش و مات بوو، چەمە فراوانەکەی شەقلاوە... وەک شەوێکی بەرینی بێ دوایی ... ڕەش دەکرا!.. چاوەکانم بەدەورەم دا گێڕان.. چ تروسکاییێکم بەدی نەکرد! چاوم پڕ ببوون لە فرمێسک ... سەرم بەرەو ژوور بۆ ئاسمان هەڵبڕی، شەوقی ئەستێرە سیسەکان لەناو فرمێسکەکانی چاومدا ... گەشتر دەبوو ... لە مێشکمدا پرووشکیان دەدایەوە، چاوم بەناو هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان دا ... گێڕان، زۆر لەو ئەستێرانەم دەناسینەوە ... هۆگری هەندێکیان ببووم، حەوت براله... ڕێی کاکێشان، داپیرە بنەوش... باسی ئەو ئەستێرانەی بۆ دەکردین، من و ئایشەگوڵ ... و منداڵەکانی گەڕەک... ئەوانەمان دەناسینەوەو... هۆگریان ببووین!.

– مامۆستا... مەلا سەعید بە دایکی منی دەگوت:

– هەموو بەندەیێکی خودا... ئەستێرەیەکی لە ئاسماندا هەیە!!

پتر چاوم لە ناوەندی ئاسمان چەقاندن، ئاسمان... زۆر چڕ بوو... زۆر پڕ بوو لە ئەستێرە، هەزاران هەزار ئەستێرەم دەهاتنە بەرچاو، نەمدەتوانی ئەو هەموو ئەستێرانە بژمێرم! ئەستێرەکان هەندێکیان لە هەندێکیان ڕۆشنتر بوون، زۆربەیان سیس و پووت و هەندێکیشیان گەش و بریقەیێکیان دەدا... هەندێکیان وەکو چاو دەجوولانەوە و زوو زوو هەڵدەبوون و دەکوژانەوە و هەڵدەبوونەوە! دایکیشم دەیگوت:

– ئەو ئەستێرە سیس و پووتانە هی بەندەی بێ ئیمان و بڕواین!!

هەندێک جاریش بە ترسێکەوە لەسەرەخۆ دەیگوت:

– وەڵڵاهی دەبێ ئەو ئەستێرە پووت و سیسانە هی بەندەی برسی و لاواز و پووت و پەژارە و نەخۆش بن، ئەوانەی بە شەوق و گەشیشن... هی بەندەی تێر و تەسەل و هەبوون!

ئەستێرەیێک لە هیکرا وەک برووسکە بەرەو زەوی هات... وەک تیرێکی ئاگرین ڕووەو ڕەشایی چەمەکە دەکشا ... هەر دەکشا تا دەرژایە دەریا بێ دواییەکە و لەناو ڕەشایی باخچەکاندا توایەوە!.

دایکم دەیگوت:

– ئەو بەندەیەی ... ڕۆژەکانی لە ژیاندا تەواوبن ... ئەستێرەکەی دەڕژێ!.

کە ئەستێرە ئاگرینەکە ڕژایە ناو چەمەکە و لەناو ئەو دونیا ڕەش و فراوانە توایەوە ... باوکم هاتەوە بەرچاو، باوکی نەخۆشم کە لەسەر نوێنەکەی ڕاکشابوو ... کەوتبووە خەوێکی گرانی قووڵ، بە پەلە جوولامەوە، پەشێویەک لەناو مێشکمدا پەیدا بوو، ڕام کردەوە ژوورەوە، دایکم لە ڕۆخ ئاگردانەکە بەرماڵی ڕایەخستبوو ... نوێژی دابەستبوو، نوێژی دەکرد. ژنەکان کەسێکیان لەوێ نەمابوون، هەتا دەهات پەشێویەکەی مێشک و دەروونم پتر دەبوو، چوومە نزیک دایکمەوە ... پڕم دایە لچکی چارۆگەکەی ... زۆرتر لێی نزیک دەبوومەوە ... خۆم بە لچکی چارۆگەکەیەوە دەقرساند ... خۆم لە دایکم هەڵسووت... دڵم فێنک بووەوە ... هێمناییێک باڵی بەسەردا دەکێشام، لەگەڵ ئەو هێمناییبە وەئاگا هاتمەوە ... هەستم بە چۆنیەتی ئەو کاتەم کردەوە. بە پەشۆکاوی چاوم لە کەسانی کاروانەکە هەڵبڕین ... یەکە یەکە لە ڕوویانەوە ڕادەمام، دایکم لە تەنیشتمەوە دەڕۆیی، بەبێ دەستی خۆم چارۆگەکەم گرت ... نازانم بۆچی چارۆگەکەم لەخۆم دەخشاند ... پتر دەچوومە نزیکیەوە ... کە دایکم هەستی بەو کردەوەیەی من کرد ... ڕووی تێکردمەوە ... بزەییێکی بۆ کردم ... بە ڕووم گەشایەوە ... هەناسەیێکی درێژی خواردەوە، نەمدەزانی چۆن تەفسیری ئەو کردەوەیە و ئەو چۆنیەتیەی خۆم و دایکم بکەم، گێلانە چاوم بڕینە لووتکە بەرزەکان و گێڕامەوە لای کاروانەکە، مام زانەوێر ... گۆرانیەکەی تەواو کردبوو ... خەڵکەکەش شەکەت و ماندوو دەهاتنە بەرچاوم، گەرمی گفت و گۆیەکەیان ... ساردببووەوە، مەلا حەمید بەرماڵەکەی بەسەر سەرو ملی خۆی دا کێشابوو ... لەگەڵ هەنگاوانانی کەرەکەی.. ئەویش سەری دەهەژایەوە!.. پوور ئەستی و پوور زولێخاو عەلەو مام هەیدەرو ئەوانی تریش ... بێ دەنگ ڕێگاکەیان هەڵدەکردەوە. کاروانەکە لە دۆڵی نیشاوەوە بەرەو زارگەلی دەچووە پێش، ئێوارەیێکی درەنگ بوو ... لە جێگاییێک لە ناوەندی دۆڵەکە لەم بەرو لەوبەری ڕێگا دوو کەڵەکە بەرد قووچ کرابوونەوە، مام زانەوێر بە دەنگ گوتی:

– ئەم قووچکانە ... قووچکەی سمایل بەگن!

مام زانەوێر هەندێک داما و تا بە کزییێکەوە گوتی:

– لەم شوێنە، سمایل بەگی ڕەواندزی کوژرا!

مام زانەوێر ... وەکو مام هەیدەر دەیگوت ... پیاوێکی ووریا و دونیای زۆر دیبوو، لەسەفەربەر بەشداری شەڕەکەی نێوان ڕووس و عوسمانلیشی کردبوو، لە قۆڵی قەوقاس ؛ لەشکری قەیسەر بە یەخسیریان گرتبوو ... هەتا گرانیەکەش بەسەرچوو ... چەند ساڵێکیش بەسەر کۆتایی شەڕ تێپەڕی ... ئەو هەر لە عرووسیات مابووەوە، زمانی ڕووسی فێر ببوو و قسەی پێ دەکرد.

مام زانەوێر ... کەباسی ئەو سەردەمەی دەگێڕایەوە ... دەیگوت:

– ڕەشبگیر بوو جەندرمەی تورک بەگوندو هەوارەکان دا دەگەڕان، خەڵکیان تالان دەکرد، لە دواییشدا ئەوی نێر بوو؛ هەتا مێرمنداڵیشیان قۆڵ بەست دەکردن و لوولیان دەدان ... بۆ بەرەکانی شەڕ ڕاپێچیان دەکردن، ئەمن لەگەڵ خەڵکێکی زۆری ناوچە بەرەو شام دراینە پێش سونگی، نەبەرگمان هەبوو ... نەخۆراک، جەندرمەکان ئێمەشیان وەکو خۆیان فێری ڕاوڕووت کرد، ئەو گوندانەی بەناویاندا ڕادەبووردین ... تالانمان دەکرد ... نان و خۆراک و پۆشاکمان لێ زەوت دەکردن!!

مام زانەوێر ... لەگەڵ پێکەنینێکی تاڵەوە دەیگوت:

– کە لەناو شامدا تێدەپەڕین ... عبدالعزیزی برادەرم ... چاوی بە نێرە قەلەموونێک کەوت کە لەبەر دەرگای خانوێک خۆی فش کردبووەوە و زەنگوڵەی گەردەنی بستێک شۆڕکردبوونەوە ... لەبەر تیشکی ڕۆژ

... سورایی خوێنی دەدایەوە ... بەدەورەی خۆیدا چەرخی دەدا ... ئەوەندەی چاوم گێڕان چ عەلەشیشێکی مریشکم نەدی کە ئەو نێرە عەلەشیشە ئەوها خۆی بۆ فش کردبوەوە ... یان بەم ڕەنگە بۆی وەربچەرخێ، عبدالعزیز ماوەی ئەوەی نەدام پتر لەو چۆنیەتیە ووردبمەوە کە وەک گورگی برسی لە ڕیزە شلۆقەکەی عەسکەرەکان دەرچوو ... پەلاماری نێرەقەلەموونەکەی داو... لوولی دا خستییە سەر ملی و گەڕایەوە ڕیز، عەسکەرەکان دایان لە هەراو هەرایان بەسەر جووکە جووکەو پەلەفرکێی عەلەشیشەکە زاڵ دەبوو.. هەموو پێیان خۆش بوو عبدالعزیز ئەو قەلەموونەی بۆ جەمی هێوارە ڕفاندو ددانیان تیژ دەکردن و ئاو دەزایە دەمیانەوە!!

مام زانەوێر سەرێکی هەژاند و بە خەمگینیەکی ئاشکرا گوتی:

– ئەو برادەرەم خەڵکی شەقڵاوە بوو، کە بەرەو قەفقاسیش وەڕێکراین ... هەر بەیەکەوە بووین ... بەڵام کەمن بەدیل گیرام ئاگام لەو بڕا، هەتا ئیمڕۆش هێشتا نەگەڕاوەتەوە و بێ سەرو شوێنە کەس نازانێ ماوە یان مردووە، کە گەڕامەوە گوندەکەشم ... خەجیج خانی ژنی ئەو برادەرەم لەگەڵ کچەکانی هاتنە لام، سۆراخی عبدالعزیزیان دەکرد، بەڵام بە چ ڕەنگێک نەمتوانی دڵی ئەو دایک و کچانە خۆش بکەم، جگە لەوەی کە بڵێم:

– زۆر کەسمان بەدیل گیراین ... هەندێکمان وەکو لەوێ دەیانگوت ... ڕەوانەی وڵاتی چین کران ؛ کێ دەزانێ ... ئینشائەڵڵا ئەویش بەم زوانە دەگەڕێتەوە.

مام زانەوێر دەیگوت:

– کە گەڕامەوە ئینگلیز هاتبووە وڵات ... بەهۆی ئاغاکانی ناوچەو بەگزادەکان ومەلایەکەی هەولێر.. و شێخ و مێخ لەگەڵ قەلەڕەشکە، پاشماوەی عوسمانلییەکان و دەست و پێوەندی تورکەکانیان لە هەولێرو ناوچەی هەریر و ڕەواندز ، وەدەر نا، لەشکری ئینگلیز و قەلەڕەشکە لەو ناوچانە و لە باڵەک ... هەتا کانیە ڕەش بڵاوبوونەوە، لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان ... سمایل بەگی ڕەواندزی کە لە تیرە و نەوەکانی پاشای کۆرە بوو ... کرا بە فەرماندەی مەڵبەندی ڕەواندز و باڵەک و هەریر، ئەم پیاوە زۆر وریا و زیرەک بوو ... دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر مەڵبەندەکەدا دەڕۆیی ... خەڵک ڕێزیان دەگرت و بڕواییان پێ دەهات، خوێندەوارێکی چاک بوو ... وڵاتەکەی خۆشدەویست ... وەکو دەڵێن هەوڵی ئەوەی داوە هەموو بێگانە لە وڵات دەربکا و ببی بەخاوەن دەسەڵاتی تایبەتی!.

بەڵام حەمەدەشین ناوێک لە ناوچەی سەرچیا و نوری باویل ئاغای خزمی ئەمانە کە تا دوا هەناسەیان پاڵپشتی خەلیفەی عوسمانلی بوون، پاش شکاندنی عوسمانلییەکانیش لە ناوچەکەیان ... دابوویانە چیا وسەریان بۆ ئینگلیز نەدەچەماند ... و پەلاماری مەفرەزەکانی ئینگلیز وهێزەکانی سەر بەو داگیرکەرەیان دەدا کە لەدەشتی دیانە مۆڵگەیان بەستبوو، ڕێگایان پێ دەگرتن لە سپیلک ... بێخمە ... دەوزێ ... گەلی عەلی بەگ ... لە دۆڵەکان بەسەر لەشکری ئینگلیزیان دادەدا و بەشەوان هەراسانیان کردبوون و... زیانی زۆریان لێ دەدان، ئەم حەمەدەشینە کە پیاوێکی ئازا و بەجەرگبوو ... سەری ئەو لەشکرە بێگانەیەی گێژ کردبوو ... هەناسەی پێ تەنگ کردبوون، دەیانگوت جارێک بەخەنجەر پەلاماری دەستەیێکی ئینگلیز و قەلەڕەشکەی دابوو... سەری چەند ئەفسەرێکی ئینگلیزی بڕیبو، ئەم پیاوە چەتەیە کە بەرواڵەت بەناوی دین و ئیسلامەتی ... دژی کوفر و کوفرستان ... ئەم بەزمەی بە لەشکرەکەی ئینگلیز دەکرد وئەم تاڵاوەی لە قوڕگ دەکردن ... بەڵام لە ڕاستیدا پتر بەوە قەڵس ببو کە سمایل بەگ کراوە بە حاکمی مەڵبەند، لە دۆڵی ئاڵانە و ئاکۆیان و کارۆخ ودەشتی دیاناش ... نوری باویل ئاغا وەک

حەمەدەشین ئارامی لە ئینگلیزەکان هەڵگرتبوو... وەک کێچ کەوتبووە کەوڵیان، ئەم دووانە پتر لەوە تووڕە ببوون کە سمایل بەگی دوژمنیان بەهۆی ئینگلیز بەم پایەیە گەیشت و بەناوی میللەتی کورد کرا بە مەندووب و نێردرایە بەغدا، سەبارەت بەوەوە پتر دەستیان دایە خراپەکاری و گێرەشێوێنی دژی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان و لە ئەنجامدا کاری ئەو داگیرکەرانە لە ناوچەکەدا تەواو شلەژاو تێکەڵاو بوو!!

ئینگلیزەکان زۆر هەوڵیان دا حەمەدەشینیان پێ تەمبێ نەکرا چونکی ئەم پیاوە ئازایە هەر بە چیاکانەوە بوو ... لە ناو ئەشکەوتەکان خۆی دەشاردەوە، چاوەڕێی هەلێکی دەکرد تا دەستی خۆی لەو داگیرکەرانە بوەشێنێ، بە درێژایی شەوان دونیای لێ دەکردنە دۆزەخ، ناچار ئینگلیزەکان پارەو زێڕێکی زۆریان بۆ نارد بەڵام ئەم پارەکەشی وەردەگرت ... لەسەرەوە وای ئاشکرا دەکرد کە لایەنی ئینگلیزە وە لەژێرەوە چەتەگەری خۆی هەر دەکرد وسەری بۆ ئینگلیزەکان نەدەچەماند!.

تا لەدواییدا ئینگلیزەکان بۆیان ئاشکرا بوو کە سمایل بەگ تەگەرەییێکە لە پێش کەوی کردنی حەمەدەشین ... ناچار جڵەویان بۆ شۆڕ کرد و ... لە ئەنجامی ئەو جڵەو شۆڕ کردنەی حەمەدەشین... سمایل بەگ لەم جێگایەدا بەکوشتن چوو!.

مام زانەوێر ... ئەنگوستی بۆ قووچکە بەردەکان درێژ دەکرد و دەیگوت:

– جگە لەو هۆیەش ... هۆی دوژمنداری نێوان سمایل بەگ و نوری باویل و حەمەدەشین ... ئینگلیزەکان بە تاقی کردنەوە بۆیان ساغ ببوەوە کە سمایل بەگ وەک لاوێکی خوێندەوار و هوشیار ... وەکو ئاغاکانی دیکەی ناوچەکە بە پارە و رووپێدان و وەزیفە خزمەتی ئامانجەکانی ئەوان ناکات و بەوە رازی نابێ ببێ بە کەچە پەڕۆیەک تا ئەو داگیرکەرانە پێڵاوی خۆیان پێ بسترنەوە!!

مام نەوازێر بە سۆزێکی گەرمی عەجایەب دەیگوت:

– سمایل بەگ پیاوێکی مەرد ونازدار بوو، وەکو بلێ ی غیرەت و سەربەرزی لە پاشای کۆرەی باپیرە گەورەی بۆ مابێتەوە، قەت سەری بۆ بێگانە نەدەچەماند ... لە دووای کەس نەدەڕۆیی بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە غەیرەدین و بیانی بوایە!!

مام نەوازێر سوێندی دەخوارد و دەیگوت:

– بەلائیلاهە ئیللەڵڵا ... ئیسماعیل بەگ هەرچەندە دوژمنداریشی لەگەڵ نوری باویل هەبوو بەڵام بە پیلان و دەسیسەی ئینگلیس و قەلەڕەشکە ... بە فەرمان و تەنانەت بەگوللەی ئەوانیش خوێنی ڕژا دەنا ئەگەر وەها نەبا بۆچی هەتاکو ئەو ئینگلیزانە نەهاتنە وڵات ... ئەم مرۆیە ماقووڵ و دڵسۆز و ئازایە نەکوژرا؟

مام زانەوێر کە ئەو پرسیارەی دەکرد ... ملی بۆ کاروانییەکان درێژ دەکردو دەیپرسیەوە:

– وانییە ... ها؟

کە مام زانەوێر بەم ڕەنگە باسی کوشتنەکەی سمایل بەگی ڕەواندزی دەگێڕایەوە، من ... یەکسەر بیرم دەچووەوە لای کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی هیوا!! ......

– لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکرایەوە کە چۆن ئینگلیزەکان وڵاتیان خستە ژێر پێی خۆیان ... وە ئەوەش شێ دەکرایەوە کە چۆن کاتێ ئەو داگیرکەرە عێراقی خستە ژێر چنگی خۆی ... چۆن تۆوی فیتنە و دووبەرەکی ودوژمنایەتی لەوڵات دا پرژاند!!

کاک نافیع لەو کۆبوونەوانەدا ... باسی ئەو کارەساتانەی بۆ دەکردین و شێی دەکردنەوە کە ئەو دوژمنە

داگیرکەرە بەسەر وڵاتی هێنا و دەیگوت:

– لە کەرکووک کلک وداردەستەکانی ئینگلیز وەک گورگی هار کەوتنە ناو بازاڕ و گەڕەکەکانی شار، خەڵکی بێ تاوانیان دەدایە بەر شێلکی گوللە و چەقۆ و سونگی، زگی زۆر خەڵکیان هەڵدڕی ... قەتل وعامیان لەو شارەدا کرد.

– لە سلێمانی ... لە ئەرز و لەئاسمان وڵاتیان ئاگر دەدا ... کێڵگە و دێ و شاریان دەسووتاندن ... خەڵکی بێ گوناهیان لەناو دەبردن... دوژمنایەتیان بەرپادەکرد ... خەڵکەکەش کەوتنە گیانی یەکتری!

– لە هەولێر ... ستەم و جەور و زۆری ئەو دوژمنە بەدفەڕە گەیشتە ڕادەیێک کە خەڵک لە گیانی خۆی وەڕەس بێ ... تا وای لێهات سەعید ناوێک لە ناوەندی بازاڕ هەڵکێشێتە خەنجەر و حاکمی عەسکەری ئینگلیز بتۆپێنێ!

– لە کۆیە بۆمبارانی شار کرا ... خەڵکێکی زۆر لە مزگەوت لە خوێن گەوزاندران.

– لە ناوچەی موسڵ ئاگری دوژمنایەتی لە نێوان کورد و عەرەب خۆشتر دەکرد، خەڵکیان هان دەدا یەکتری بکوژن ... زەرەرو زیان لە یەکتری بدەن ... ماڵی یەکتری وێران بکەن!

– لە بادینان شێخ وئاغایان بەردایە گیانی جووتیارو ڕەشو ڕووت، خوێنی گەلێک لە مسکێنیان بەڕشتن دا، زەوی وزاری جووتیاران زەوت دەکرا و دەربەدەر دەکران !!

– مستەر لاین.. کرا بە قازی و موفتی.. سەرو ماڵ و گیان.. و موڵک و ماڵی هاوڵاتیان.. لەسەر مێزەکەی ئەو.. نەخش و دەسکاری دەکرا...

– میللەتی ئێمە کرا بە دیل و بەندە و سەری پێ شۆڕکرا!

– لە باشوور و ناوەندی عێراقیش ... وەکو کوردستان ... و خراپتر بە هاوڵاتیانی ئەو مەڵبەندانە دەکرا، بەناوی سوننە و شیعە ... دوژمنایەتی تیرە و بنەماڵە ... ژیایەوە، خەڵک دەستیان لە یەکتری دەوەشاند ... دەکەوتنە گیانی یەکتری ... یەکتریان دەخوارد!.

کاک نافیع پاش قسەکردنێکی زۆر ڕووی تێ دەکردین و دەیگوت:

– بەم چۆنیەتیە نالەبارە ... ئینگلیزی دوژمن ڕێگای هاتنە ناو وڵات و داگیرکردنی بۆ خۆی پاک دەکردەوە!

جارێکیان باسی چۆنیەتی داگیرکردنی ناوچەی ڕەواندزی دەگێڕایەوە هاتە سەر چۆنیەتی کوشتنی سمایل بەگ و دەیگوت:

– ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی لاوێکی هوشیار و ڕۆشنبیرو نیشتمان پەروەر بوو، بڕوای یەکجاری بە خوێندەواری هەبوو ... هەوڵی دەدا خەڵکی کوردستان هوشیار بکاتەوە، گرنگی بە قوتابی و قوتابخانە دەدا، بەخۆی سەرپەرشتی چۆنیەتی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەی ڕەواندزی دەکرد!.. ئەدەب و کەلەپووری خەڵکی کوردستانی بڵاو دەکردەوە، خەڵکی هان دەدا هوشیار ببنەوە!

وە دەیگوت:

– کە ئینگلیزەکان هاتنە ناوچەی ڕەواندز ... بزووتنەوەی شێخ مەحموود لە سلێمانی پەرەی سەندبوو ... هەتا دەهات بەهێز دەبوو ... خەڵکی کوردستان لە دەوریدا کۆدەبوونەوە، کەرکوک و خانەقین و عەشایری داودەو جاف و هەمەوەند ... پاڵپشتیان دەکرد، لە هەولێریش ... بیری ئەو بزووتنەوەیە گەیشتە ڕەشوڕووت و عەشایر، عەلی مەحمودی کاکەخان ... بەخۆیو تاقمە سوارێکی گەورە ... دەستی دایە

بزووتنەوە دژی دەسەڵاتداری ئینگلیز ... لەدوایشدا چووە ژێر ئاڵای شێخ مەحموود، باری ناوچە بەجارێک بەرەو شۆڕشێکی نەتەوەیی گەورە ... وەردەگەڕا و بەدژی سیاسەتی ئینگلیز لە سەرتاپای کوردستان دا دەگۆڕا! و لەژێر دەسەڵاتی ئەو داگیرکەرە دەردەچوو ... بەتایبەتی کە ئینگلیز بۆی ئاشکرا بوو بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود خەریکە لەگەڵ شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر پەیوەندی ببەستێ، بەرامبەر بەو چۆنیەتیەو بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو بزووتنەوەیە ... ئینگلیز ... سەید تەهای نەهری کە یەکێک بوو لە نەوەکانی شێخ عبدالقادری نەهری و لە ئەنجامی سیاسەتی کەمالییەکان دژی کوردستانی تورکیا ... دەربەدەر کرابوو، ئەو سەید تەهایەی هێنایە ڕەواندزو کردی بە فەرماندەی ناوچەکەو دەسەڵاتێکی یەکجار زۆریشی بۆ مسۆگەر کرد، ئینگلیزی داگیرکەر ... بەم کردەوەیەی چەند ئامانجێکی بۆگەنی خۆی دەهێنانە دی ... یەکەمیان بەربەرەکانی شێخ مەحمودو پارچە پارچە کردنی بزووتنەوەکەی! هەروەها چاوڕاو کردن لەو دەسگایەی لە دوارۆژدا لە عێراق دەهاتە مەیدان، جگە لەمەش ئینگلیز بەو سەید تەهایە کەمالییەکانی تورکیای دەترساندن کە ئەگەر بێتو شتێکی وابکەن دژی بەرژەوەندی ئەوان بێ، ئەوا ئەو پیاوە کوردە بەهێزتر دەکاو دیسان دەینێرێتەوە کوردستانی تورکیاو بەرەنگاری کەمالییەکانی دەکاتەوە!!

کەمالییەکان لەو ڕۆژانەدا ... لەدوای سەرکەوتنەکەیان بەسەر یۆنان ... داوای ناوچەی موسڵیان دەکرد. بەڵام کەکاری ناوچەی ڕۆژهەڵات ... بەپێی ویست و خواستەکانی ئینگلیزەکان ئارامی گرت و جێ بەجێ بوو ... بۆیە دەسەڵاتیان لە سەید تەها سەندەوە و ناچاری کرد کە بگەڕێتەوە ناو خزمەکانی لە کوردستانی ئێران ... تا لەوێ بەدەسیسەی ڕەزاخان بەکوشتن بچێ، لەلاییێکی دیکەش بەهێزی ئینگلیز شۆڕشەکەی شێخ مەحمود لەناوبردرا ... بەڵام ئینگلیز بەپێ ی سیاسەتە تایبەتییەکەی خۆی کە لەسەر بناغەی تەفرەقەو دووبەرەکی دامەزرابوو ... ئینجا بۆ ئەوەی لە حکومەتی عێراق بگەیەنێت کە مەسەلەی کوردیش لەم ناوچەیەدا هەیەو بەڕواڵەت لە پێناو ڕازی کردنی کوردی عێراق ... هەڵستا ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی کردە حاکم و لەجێگای سەیدتەهای داناو پەیمانی ئەوەشیان پێ دابوو کە پاش ئەوە، عوسمانلی بەتەواوی لەناو دەچن و سیاسەتی ئینگلیز لەناوچە دا سەردەکەوێ.. و وەمەترسی ئەوە نامێنێ کە جارێکی دیکە.. دوژمنانی ئینگلیز لە ناوچە سەر بەرز بکەنەوە ... ئەوا ئامانجەکانی گەلی کوردیش جێ بەجێ دەکرێن ... هەموو مافێکی ئەو نەتەوەیەش وەکو نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێننە دی ... بەڵام پاش ئەوەی پیاوە نەخۆشەکە مرد عوسمانلی شکاو ئەڵەمان لە شەڕدا بەزی ... ئینگلیز دەستی بەسەر عێراق و هەموو ... ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەب و زۆربەی ئەفەریقا داگرت و لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دامەزراندنی شۆرەوی ... ئینگلیز لەو پەیمانانەی بە کوردی دابوون ... پەشیمان بوەوە ... ڕووی لە میللەتی کورد وەرگێرا!!

کاک نافیع دەیگوت:

– بێ گومان جگە لەسەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەرو جوڵانەوەی کەمالییەکان لە تورکیاو هێرش بردنیان بۆ سەر کوردستانی تورکیا و قەتل و عام و سووتان ... وێرانکاری کوردستان، هاتنی ڕەزاخان بۆ سەر تەختی حوکمڕانی لە ئێران... هەروەها تەماعی ئینگلیز لە نەوتی عێراق کە بەشە زۆرەکەی لە کوردستان بوو ... ئەم هۆیانە و گەلێک هۆی دیکەش وایان لە ئینگلیزی داگیرکەر کرد کەنەک تەنیا ڕوو لە کوردو حەقی کورد ... وەربگێڕێ ... بەشکەم هەوڵی لەناوبردنی هەموو ئەو پیاوە کوردانەش بدا کە هیوایان بە سوێندخۆرەکان هەبوو وە هیوایان بە خۆیان و بڕواییان بە گەلەکەیان هەبوو ... هەوڵیان دەدا ئاواتەکانی بهێننە دی، ئەوەبوو ... دیمان ئینگلیز ... چی بە شێخ مەحمود کردو سەیدتەهاشی خستە تۆڕی ڕەزاخان و بەو ڕەنگە لەناوی برد!!

کاک نافیع دەیگوت:

– هەر سەبارەت بەو هۆیانەش ... ئەو دوژمنە داگیرکەرە ڕێگای بۆ کوشتنی سمایل بەگی ڕەواندزی خۆش کرد و چاویان لە دوژمنەکانی پۆشی کە لەناوی ببەن، هەر لەبەر ئەم هۆیانەش و بەم چۆنیەتیەو بە پیلانەکانی ئینگلیز مەسەلەی کوردو ولاتەکەی کوردستان پووچەڵ کرایەوە، دەنگی خەڵکی کوردستان کپ کراو دیاری سوێندخۆرەکانیش بۆ ئەم گەلە زۆرلێکراوە ... لەناو ئەو بۆمبایانەوە دەدۆزرایەوە کە ئینگلیز بەسەر خەڵکی دا دەباراند!.

ئەم شتانەمان لە کۆمەڵە بۆ باس دەکران و شی دەکرانەوە، کە گوێشم لە قسەکانی مام زانەوێر دەبوو ... پێم سەیر بوو کە خەڵکی سادەی وەکو مام زانەوێر و مام هەیدەریش ... بە چەشنێک لە چۆنیەتی ئەم مەسەلەیە دەگەن، بە چەشنێک لە مەسەلەکە دەدوان کە لەگەڵ تێگەیشتن و تاقی کردنەوە و بارستی هوشیاری خۆیان دەگونجا، لەدڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە و بەخۆم دەگوت:

– چونکی کارەساتەکە هەموو خەڵکەکەی گرتۆتەوە ... خەڵکەکە هەموو هەستی پێ دەکەن ... ئازاری بۆ دەچێژن، هەر چەندە ئەمەش مەرج نییە کە دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوە و ... کارتێکردن و بەرهەڵست و ڕەددی فیعلی هەموان وەکوو یەک بێ!! وە لە ئەنجامی ئەم لێکدانەوەیە دەگەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە:

– مەسەلەکە وەکوو هەوا وایە ... دەچێتە سیپەلک و دڵ و دەماری هەموو خەڵکەکە، وەکو خوێن وایە ئەگەر لە دڵ و دەماری هەموان نەگەڕێ ... ئەوا ژیانیان دەکەوێتە مەترسی و بەرەو نەمان دەچن!!

لە ئەنجامدا لە خۆم دەپرسی:

– کێ دەتوانێ بێ هەوا بژی؟

– کە خوێنی لەش لە جوولە بکەوێ ... ژیانیش دەوەستێ و دەمرێ!.

کاروانییەکان ... لە ڕۆخ ڕێگایەکە بەرامبەر قووچکەکان ... ڕوو لە قیبلە ڕاوەستان، فاتیحەیان بۆ گیانی ... سمایل بەگی ڕەواندزی خوێند، لەپاشان بەرەو خەلیفان کە مەنزڵگای ئەو شەوەمان بوو ... کەوتینەوە ڕێ!.

پێش ئەوەی بگەینە هەوار ... لە دۆڵی ئالانە کاروانێکی بچکۆلانەی دیکە تێکەڵ بە کاروانەکەمان بوو، مام هەیدەر ... کە چاوی بەو کاروانە کەوت ... سەرێکی هەژاندو لەبەر خۆیەوە گوتی:

ئای دونیا ... ئای زەمان!

وە ئاهێکی هەڵکێشایەوە و دەستێکی بۆ کاروانەکە درێژ کرد و گوتی:

– بیتوێن ... کانگای خێر و پیت و بەرەکەت ... ئەویش وشک و بێ خێر بووە ... خەڵکەکەی وەکوو ئێمە تووشی دەرد و پەژارەی برسیەتی بوون ... ئەوانیش ڕێگای سنووریان گرتۆتە بەر ... بۆ کەوێژە گەنمێک ... بۆ مستە مزاشێک ... خراری بەتاڵیان بەرەو سنوور بەسەر شان داداوە!

کەسانی کاروانەکەی بیتوێنیش ... وەکو ئێمە لاواز و بێ تووک بوون، گەردی برسیەتییان لەسەر ڕوو نیشتبوو، سەرقافڵەچییەکەیان ... کابرایێکی کامڵەپیاو بوو، کە گەیشتنە ئێمە بانگی کرد:

– سەلامو عەلێکوم ... براینە ماندوو نەبن.

کەسەلام وەرگیرایەوە ... دەنگی مەلاحەمید ... بەسەر دەنگی خەڵکی کاروانەکەدا زاڵ بوو، پاش سەلام وەرگرتنەوەش چەند جارێک کۆخی وەکو بڵێی دەیەویست گەرووی بۆ قسە پاک بکاتەوە ... بەڵام مام زانەوێر ڕێگای لێ بری کە نەقیزەیێکی لە لاقوونی کەرەکەی وەژەنی و بەدەنگ گوتی:

– نوێژی شێوانه ... هەر بزانه دونیا تاریک بوو!.
وە داوای کرد کە زوو بەزوو.. خۆمان بگەینینە هەوار.
کە گەیشتینە خەلیفانیش ... کاروانەکەی ئێمە، بەرەو لای رووبارو چەمە بەرینەکە شۆڕ بوەوە.
کاروانە تازەکەش لە ژێر داربەڕووە پیرەکان ... ئەو داربەڕووانەی کە هەزاران کاروانی وەکو ئێمەیان لەژێردا هەسایتەوە و تێپەڕ بووە، لە ژێر ئەو داربەڕووە بەرێزانە بارگەیان خست.

* * *

## 22

لەگوێی چۆمی خەلیفان ... بەرامبەر بە زارکی فراوانی گەلی عەلی بەگ و لووتکە بەرزەکەی کارۆخ ... کۆچ و کۆچبارمان خست، لە دەوروبەری ئێمەشەوە ... کاروانی دیکە ... کۆمەڵ بە کۆمەڵ لە ژێر قۆپەنە داربەڕووە زەلامەکان و لە لێوار چەمەکەوە بەرەو گردە بڵندەکەوە هەوارگەیان دامەزراندبوو، ئەو ناوە ببووە شارۆچکەییێک پڕ جمەوجۆڵ و دەنگ و هەرا ... بەتایبەت لەناو دارستانەکە و بەدرێژایی دەم چۆمی خەلیفان و هەردوو لای جادەکە وەکو هەوارگەییێکی کوێستانی کۆچەرەکان خۆی دەنواند، هەندێک لە کاروانەکان لە سنوور دەگەڕانەوە ... باریان قورس بوو ... تێرو خورجیان پڕ بوون، ئەوانە ... پتر لە ئێمە و لە ئەوانەی وەکو ئێمەی بە خەیاڵی پەیداکردنی چەند ڕبە گەنمێک ... چەند مستە جۆیێک ... ڕوومان لە سنوور کردبوو ... ئەوانە پتر لە جوولە و هاتوچۆ و گورج و گۆڵی دابوون، ئاگرەکانیان ... لە ئاگرەکانی ئێمە گەورەتر و گەشتر و سوولیەکانیان بەرزتر بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو. لە ژێر هەر قۆپەنە دارێک ... لە هەر یەکێک لەو هەوارگانە دیزە و گۆزەو مەنجەڵ و حەوجۆش بەسەر ئاگردانەکانەوە قیت ببوونەوە، کابانەکان بە دەورەیان دا دەسووڕان، خەڵکەکەی تریش وەک شارە مێرووستان، دەهاتن و دەچوون هەریەکە خۆی بە کارێکەوە خەریک کردبوو ... هەندێکیان بۆ چیلکە و دار کۆکردنەوە بە گردۆڵکەکان هەڵدەگەڕان و بە تەختاییەکەدا دەخولانەوە، هەندێکیشیان دار و چیلکەیان بەسەر پشتەوە ... یان بە ئامێزەوە بوو؛ بەرەو هەوارگە دەگەڕانەوە.

پێش ئەوەی کاروانە کزەکەی ئێمە بگاتە مەنزڵگە ... لە ڕێگادا لەو دار و چیلکە و پووش کۆکەرەوانە ... هەڵدەنگوتین، لە هەموو ڕەنگێک ... لە هەموو توخمێک ... نێر و مێ ... منداڵ و پیاو ... جوانە ژن ... پیرەژن ... لەو ناوە بڵاو ببوونەوە ... بگرە تووڵە و تواری کاروانچییەکانیش؛ بە هەڵبەز هەڵبەز کلکەکوتێ بە نووزکە نووزک خۆیان لە خاوەنەکانیان هەڵدەسووی ... بە دوایانەوە بە گردۆڵکەکان دا هەڵدەگەڕان ... بە خۆشییێکەوە وەکو بۆ ڕاو بچن ... تیرەیان دەبەست و ڕمبازیان دەکرد، کاتێ چاوم بەو دیمەنانە دەکەوتن ... لەگەڵ خۆمدا دەمگوت:

– ئەمانە ... چەند بە کەیف و هەوەسن!

پوور زولێخاش ... وەکو ئەویش ... وەکو من بیری کردبێتەوە ... لەبەرخۆیەوە دەیگوت:

– دیارە ... ئینشائەڵڵا دەغڵ ودان هەرزانە ... لە ڕەنگ و ڕوو و ... لە گەڕانی خەڵکەکەوە دیارە ... ئەو کاروانانە باری خۆیان داگرتووە و بایی خۆیان چەنگ کەوتووە!!

پوورێش هەر بەو ئاواتە ... گوڕاحی خۆش دەبوو ... هەناسەییێکی ڕەحەتی دەخواردەوە، سەرێکی لەو خەڵکە هەڵبڕی، بانگی ژنێکی ڕەقەڵەی کرد کە بەباوەشێک چیلکە و پووش و پاڵەوە ... بەرەو هەوارگە دەگەڕایەوە، لێی پرسی:

– ئەرێ خوشکێ ... ئەوە بەخێر لە سنوور دەگەڕێنەوە؟

وەپێش ئەوەی ژنە ڕەقەڵە باریکەکە وەڵامێکی بداتەوە ... ئەو پرسییەوە:

– داخوا ... حاڵ و حەواڵ لەوێ چۆنە؟

دەبێ.. دەغڵو ڕسقێکی وەهای لێ بێ؟

– دەبێ ... خەڵک بتوانن چارەییێکی حاڵیان بکەن ... و بەشی خۆیان گەنم و جۆیان چەنگ بکەوێ؟

ژنە ڕەقەڵەکە ... لەگەڵ بانگ و پرسیارەکانی پوور زولێخا ... کەمێک سەنگرایەوە، بە سەرسامی

سەرێکی لە پوور زولێخا و لەکاروانە درێژەکەی ئێمە هەڵبڕی... بە دەنگێکی زوور و نووساو گوتی:

– شوکر بۆ خودا باشە باش!

وەبەبێ درێژەپێدان ... بە هەنگاوی بەرین و شلۆق جوولایەوە و بەرەو هەوارگەکەی خۆیان ڕێگای گرتەوە بەر.

لە تەختاییێکی ئەوبەر جادەکە ... چوار پێنج چادری بۆری چڵکن هەڵدرابوون، کۆمەڵێک کرێکاری ڕێگاوبان ... لە پێش چادرەکان ئاگرێکی گەورەیان هەڵکردبوو، بەبڵاوی لە دەوروپشتی ئاگرەکە لێی پاڵ کەوتبوون، بە بڵندی یەکتریان دەدواند ... دەنگ و هەرای دەمەتەقێیان دەپەڕیەوە ئەم بەری جادە و لە گوێی ئێمەی دەدا. کاتێ لە تەنیشت کامپی کرێکارەکان تێپەڕ دەبووین، بەبێ دەستی خۆم ئاوڕێکم لێ دانەوە، عەوڵای ئۆمەرم لە ناویاندا ناسییەوە، عەوڵای هاوڕێم لە پێش زارکی چادرێک ڕاوەستا بوو، هەردوو دەستی لە کەمەری خۆی گیرکردبوون ... ڕووی کردبووە ڕێگایەکە لە جموجۆڵی حەشاماتەکەی ئەو ناوەو لە کاروانەکەی ئێمە وورد دەبووەوە.

پێم سەیر بوو عەوڵای هاوڕێم لەو جێگایەدا ببینمەوە، بە پەلە ئاوڕێکم لە دایکم دایەوە، لەپڕ بانگم کرد:

– دایە ... دایە ... ئەوە عەولا نییە؟ ... ئەوە عەوڵاوی مام هۆمەری نییە؟

وە ئەنگوستێکم بۆ لای چادرەکان ڕایەڵ کرد!

دایکم ... هەندێک سەنگرایەوە ؛ هەنگاوەکانی شل کردن ... سەرێکی بەرزکردەوە، بە ووردی لە کرێکارەکان وەڕاما ... چاوی بۆ پێش چادرەکەی عەوڵای لە پێش ڕاوەستابوو، گوازتنەوە، بە سەرسامی و خۆشییێکەوە گوتی:

– بەڵێ شێرکۆ بەرێ وەڵڵا شێرکۆ ... کوڕم ... ئەوە عەوڵایە، ئەوە عەوڵای کوڕی خوشکە مێرەمی ڕەحمەتییە!

وە ئاهێکی درێژی خواردەوە!.

عەولا ... هاوتەمەن و هەڤاڵی قوتابخانەم بوو، لە گوندەکەمان خەڵکی یەک گەڕەک بووین، بەیانیان توورەگەی کتێبەکانمان بەمل هەڵدەواسین و بە جووتە وێکڕا دەچووینە قوتابخانە، پاش قوتابخانەش دیسان وێکڕا دەگەڕاینەوە ماڵ، دایکی عەولا و دایکی منیش وەکوو دوو خوشک هەر بەیەکەوە دەچوونە کار و دروێنە و گیشە، پایزان ... پێکەوە لەبنار سەفین و لە دۆڵەکان ... بەناو دارستانەکەدا بڵاودەبوونەوە، بۆ دار و چیلکە کۆکردنەوە و لەبنارەکانی... ئەسپونگیان دەکرد بۆ جل شوشتن، بەهارانیش بەسەر کەپک و تۆپکەی شاخەکەدا هەڵدەگەڕان، هەڵدێرەکانیان بۆ ڕێواس و هەندرێشە و کاردی و قەلەندۆر و ئاڵەکۆک ... دەپشکنی، یان بەناو ڕەزەکان دا دەخولانەوە.. بۆ گیاو گۆڵی بەهار.. کوڕادەو زیسک و کوارگ و قجیلە و گیا دەرزیلەو گۆرمزەو گوێ بەرخۆڵەو گیایەکانی دیکەی برژاندن... و لە گوێ کانیاوو جۆگەلە بەهارییەکان ... پوونگە و ترنجۆک و کووزەرەیان دەکرد، پایزان گێوژو کرۆسک و باوی و بەڕوو سیوچکە.. و بەهارانیش بەلاڵووک و سۆبلەتی و چەقیلەو قەزوان، وەکوو جووتە خوشکێک ... لە هەموو کار و فرمانێک یارمەتی یەکتریان دەدا. من و عەولاش زۆر جار لەگەڵیان دەچووینە چیا.. ئاڵەکۆک و قەلەندۆرمان دەکردو لەگەڵ چەپکێ گولیلکی نیسان و میلاق و شلێرو نێرگس و ڕەیحانەی فەقێیان و گوڵە کێوی دەگەڕاینەوە گوند.. و لە قوتابخانە یان لە کۆڵان بەسەر هەواڵەکانمان دابەش دەکردن.

دایکم دەیگوت:

– لە گرانی گەورە و پاش شەڕی سەفەربەر، خەڵکەکە ... ئەوەی لە شەڕ ڕزگاریان بوو ... ڕوویان کردە چیاو ئەشکەوتەکان، بەهۆی ئەو گیایانەوە دەژیان و بەری ئەستریان دەهاڕی و لەگەڵ گیا ... دەیان کردە بالۆرە و دەیان خوارد!.

– زستانەکەی ... پلکە مێرەمی دایکی عەولای تێدا مرد ... زستانێکی سارد و بەفراوی بوو، بەیانییەکی زوو خەڵکی گوند ... ژن و پیاو هوروژمیان بۆ ماڵی پلکە مێرەمێ هێنا، ژنەکان چوونە ژوورەوە، پیاوەکان بەفریان دەشکاند و کۆڵانەکەیان لێ پاک دەکردەوە، منیش لەگەڵ ژنەکان چوومە ژوورەوە، پلکە مێرەم لەناو بەرگێکی وەکو بەفر سپی لوول درابوو، ژن و ژار لەسەری دەگریان ... من و عەولاش گریاین ... ئەو ڕۆژە نەچووینە قوتابخانە، پیاوەکان ... کۆڵانەکەیان لە بەفر پاک کردەوە ... بەردەرگای ماڵی عەولاشیان پاک کردەوە، تەرمی پلکەمێرەمیان بردە دەرەوە ... ئیتر لەو ڕۆژەوە دایکی عەولا نەگەڕایەوە ماڵ و جارێکی دیکە نەمدیتەوە، دایکم هەتا ماوەیێکی زۆر بۆی دەگریا، تا چەند ڕۆژێک ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو، هەموو ڕۆژێ دوو سێ جار سەری لە ماڵی پلکە مێرەمی دەدا، ئیشی ناو ماڵی بۆ دەکردن، منداڵەکانی مام هۆمەری نان دەدان، سەر و جلک و بەرگی منداڵەکانی دەشوشتن، زۆر بەزەیی بە منداڵەکانی ئەو دەستەخوشکەی دا دەهاتەوە، بەقەدەر من و گولیزارە بچکۆڵەی خوشکم خۆشی دەویستن، زۆربەی ڕۆژان کە لە قوتابخانە دەگەڕاینەوە، دایکم ڕێگای نەدەدا عەولا بچێتەوە ماڵی خۆیان، لەگەڵ من خواردنی بۆ دادەنا.. پێکەوە نانمان دەخوارد.. ئەگەر ڕووداوێکی سەیری قوتابخانەمان هاتبایەوە یاد ... لەسەر نان دەماندایە تریقەو پێکەنین، دایکم پیێ دەگوتین:

لەسەر نان خواردن ... پێ مەکەنن ... قسان مەکەن ... خراپە!.

دایکم ... وەکو من فەرامۆشی بە عەولا دەهاتەوە، ئەو ئێوارەیەی کە لەپێش زارکی چادرەکە چاوی پێی کەوت ... زۆر دڵخۆش دیار بوو، ڕوویێکی گەشی لەمن کردو پێی گوتم:

– ڕۆڵە ... لەبەر کاروان و هەوار دامەزراندن ... ڕێی ئەوەم نابێ، لابدەم؛ ئەتوو پاشان هەرووە لای عەولا ... بەسەری بکەوە ... بزانە چۆنە! ... ئەو ماوە درێژە لە کوێ بووە ... چۆن گەیشتە ئێرە؟

پاش ماوەیێک دامان ... بە کزییێکەوە بە خۆی دەگوت:

– هۆمەر ... دڵی خەبەری پێ دەدا کە عەولای کوڕی ماوەو وەکو بە هەڵە لە گوند بلاوبوەوە ... نەکوژراوە!

وە وورده ووردە دەنگی بەرزدەکردەوە و بزەیێک لەسەر زاری پەیدا دەبوو کە دەیگوت:

– ئای ئێستا هۆمەر بزانێ عەولا لێرەیە ... لە خۆشیاندا باڵ دەگرێ و ئارامی نامێنێ ... هەتا دەگاتە لای ... شەو و ڕۆژی لێ تێکەڵاو دەبن!

وە ئاوڕێکی لەمن دایەوە و گوتی:

– شێرکۆ ... هەرکە گەڕاینەوە گوند ... دەبێ یەکسەر ئەو خەبەرە خۆشە بگەیەنیتە مام هۆمەر!.

عەولا ... دەستەکوڕێکی لاوی سووروسپی ... چاوشین و گەش ... بەژن و بالا هەڵکشاو و شووش بوو، لەو هەڕەتی لاویەشی دا هێشتا ئاکاری منداڵی و پاکییێکی ساوایانەی لەسەر ڕوو دەخوێندرایەوە. هەرچەندە لە قوتابخانە هێمن و لەسەرخۆ دیار بوو ... هەرگیز لە خۆیەوەو لە هیچەوە دەست وەشی نەدەکردو پرکێشی قوتابیانی دیکەی نەدەکرد، بەلام هەر کاتێک هەستی بەدەست درێژی و ستەم دەکرد...

هار دەبوو... کەپەلاماریشی دەدا بە هەمووومان بۆمان گیر نەدەکرا ... ملی دەبەر ملی دەست درێژکەرەکەی دەنا ، بەرامبەر دە قوتابی هاوتەمەنی خۆی دەوەستاو بەرهەڵستی دەکردن و لە ئەنجامیش بە سەریاندا زاڵ دەبوو ، عەولای هاورێم ئەو کاتە منداڵێکی ئازاو نەبەز بوو ، کەس لە ئێمە نەیدیبوو ... نەی زانیبوو ... عەولا رۆژێک لە رۆژان لەم جۆرە شەڕو ململانێیەدا ببەزێ یان ژێر بکەوێ ... یان رابکاو مەیدان بەجێ بهێڵێ و خۆی بشارێتەوە ، گریان ، هەرگیز لەگەڵ چاوەکانی عەولا رێک نەدەکەوت ، هەروا سکاڵاو بێزاریشی لەو جۆرە شەڕو ململانێیەدا نەدەنواند!.

عەولای هاورێم ئەئاوا ناسرابوو ، هەموو قوتابییانی قوتابخانەکەشمان چۆن زۆر خۆشیان دەویست ، حەزیان دەکرد ببن بە هەڤاڵی و رێزیان دەگرت ، هەروا لێی دەترسان ، خۆیان لێی دەپاراست ... شەڕیان پێ نەدەفرۆشت ، کارێکی وایان نەدەکرد کە ببێتە هۆی تووڕەبوون و هەڵچوونی ... یان هەست کردنی بەزۆری و ستەم.

هەرچەندە عەولاش وەکو من و زۆربەی قوتابییەکانی دیکە کوڕی خێزانێکی هەژار بوو ... بەلام ئەو ... دەست درێژی ... دەم چەوتی ... رووح گەورەیی و خۆهەڵکێشانی لە کوڕی میرو مودیربەگیش قبووڵ نەدەکرد! ... لەکوڕی قۆمیسێرو باشچاوەشیش ... هەتا لە کوڕی بەرێوەبەری قوتابخانەشی نەدەخواردەوە ، هەرچەندە ئەمانەش خۆیان تێ هەڵدەسووی و لێی نزیک دەبوونەوە ... هەوڵیان دەدا بیکەن بە دەستەبرای خۆیان ، زۆر جار نوقڵ و پورتەقاڵ و دەفتەرو قەڵەمیان بۆ دەهێنا ... کەچی ئەو حەزی بە رەفیقایەتی ئەمانە نەدەکردو نوقڵ و پورتەقاڵ و شتومەکیشی لێ وەرنەدەگرتن ... نزیکیان نەدەبوو ، گرووپەکەی ئەوانی بەجێ دەهێشت و بەراکردن خۆی دەهاویشتە ناو گرووپەکەی ئێمە.

سەبارەت بەم خووڕەوشتەی عەولا ... ئێمە کردبوومانە سەردەستەو میرکوڕی خۆمان ... بە نموونەو پێشڕەوی خۆمان دامان دەنا ، لە جێگای خۆیدا ... خۆشمان پێ هەڵدەکێشاو چاووڕاویشمان پێ دەکرد ، کە کوڕە دەوڵەمەندەکان ... کە کوڕی میرو ئەوانی تر قەستی دەست درێژیان دەکرد ... بانگمان دەکرد:

– ئێمە هەڤاڵی عەولاین!.

ئەو رۆژانەی ... کۆمەڵەکەشمان ... کۆمەڵەی گەنجان دامەزرا ... عەولا یەکێک بوو لە ئەندامە گورج و گۆڵ و بەکارەو دڵسۆزەکانی.

کۆمەڵەکەمان هەر هەفتەی جارێک یان ئەگەر هەواڵ و دەنگ و باسێکی تایبەتی دەگەیشت ، یەکسەر لە ئەشکەوتە سەختەکەی سووڕەحمان ... یان لەسەر گردی باویان ... یان لە گەرووی حەسارێ ... یان لەناو چەمە چڕەکەی زێوەر ... کۆدەبوەوە ، لە دەنگ و باس و باری ئەو سەردەمە دەدواین.

– رۆژێک کۆمەڵەکەمان ، لە ئەشکەوتی سووڕەحمان. لەناو قەدی سەفین یەکتری گرتەوە ، وەکو راهات لەو رۆژانەدا دەنگ و خەبەری شۆڕش و یاخی بوونەکەی شێخ مەحموود ... بەگەرمی پەرەی سەند و لەناو خەڵکی ولات بلاودەبوەوە ، لەو کۆبوونەوەیە باسی ئەو شۆڕشەمان دەگێڕایەوە ، بە عەقڵی هەرزەکارانەی خۆمان ... هەڵزۆقینەوەکەی شێخی نەمرمان بە شۆڕش دەژماردو شۆڕشەکەمان شێ دەکردەوە ، هەزارو یەک ئاوات و ئامانجی ئاوریشمینمان لێ دەهۆنیەوە ، سۆز و خۆشەویستی نیشتمان ... ئەو چۆنیەتییە تاڵ و رەشانەی لەناویدا دەژیاین ؛ دەروون و کەیانی دەهەژاندینەوە ... هەستی بریندار دەکردین ... کانی رک و کینەی دەتەقاندین ، بەهێزتر ... بە گوڕتر بۆ کۆڕی خەبات و ململانێ دژی دوژمن و بێگانە و هەمـوو ئەوانەی بوونەتە هۆی ئەو نالەبارییـەمـان ... پاڵـی پێـوەدەناین ، بە تایبـەت لە کۆبوونەوەکەی ئەو رۆژەی ئەشکەوتی سووڕەحمان ... ئەو هەموو سۆزو ئارەزوو و رک و قینە ... پتر

لەناوماندا سەریان هەڵدا، برینەکانی ناوەوەمان پتر دەهاتنە ژان، لەو کۆبوونەوەیە ... عەولای هاوڕێم لەگەڵ میرزا حەبیب و حەمەد کە بە خێلە ناومان بردبوو... ئەمانە لەگەڵ دەنگ و باس و شێ کردنەوەی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود ... ئاگریان گرت، خێلە ... لەناو ئەو ئاگرەی دەروونی ... لەناوەوە هەڵچوو ... کولا ... فرمێسکی هەڵدەچوون و بەسەر ڕوومەتەکانییەوە دەیباراندنە سەر زەوی ئەشکەوتەکە، هەر لەو کۆبوونەوەشدا ... کە کاکل ...ی هاوڕێمان دەیگوت :

– لەسەر هەموو لاوێکی کورد ... پێویستە بچێتە پاڵ شۆڕشەکەو بەرگری و پارێزگاری لە مافی خوراوی نەتەوەکەی بکا.

کاکل ... کە هەڤاڵێکی لە ئێمە بە تەمەنتر بوو ... لە قوتابخانەش لە پۆلەکانی سەرەوە بوو، کارو فرمانی ڕێکخستنی کۆمەڵە بەو سپێردرابوو، کە ئەم بانگەی ڕاهێشت ... عەولا و هەردوو هەڤاڵەکانی دیکەمان ... بڕیاریان دا بچنە پاڵ شۆڕشەکەو گیانیان لە ڕێگای نیشتمان ببەخشن، بەم ڕەنگە هەرسێکیان سەریان هەڵگرت، بۆ ڕۆژی دواییش لە گوند بڵاوبوەوە کە شەو ڕایان کردووە و چوونەتە پاڵ شۆڕشەکەی سلێمانی ... ڕیزی شۆڕشگێرەکانی شێخ مەحموود ... بەڵام خەڵکی گوند بەو بەرەبەیانە چۆن ئەو خەبەرەیان پێ گەیی؟ ئەم خەبەرەی وەکو نهێنییەکی کۆمەڵە ... نەدەبوو لە ئەندامەکانی بەولاوە کەس پێی بزانێ، چۆن خەڵکی گوند پێیان زانی؟ ئەمەش نهێنییەکی تر بوو هەتا ئێمرۆکەش سەرم لێی هەڵنەکردووە.

دایک و باوک و خزم و کەس و کاری عەولا و میرزا حەبیب و خێلە ... بەم ڕووداوە زۆر تەنگاو بوون، بە کۆمەڵ بەدوایاندا بەرەو لای سلێمانی بەزین هەتا دەشتی بیتوێن و ڕانیە و ڕووباری گاڕفێن ... شوێنیان هەڵگرتبوون، لەسەنگەسەر میرزا حەبیبیان گرتبوەوە، لەدەم ڕووبارەکەش خێلەیان دۆزیبوەوە، ئەم دوانەیان لەگەڵ خۆیان گێڕانەوە گوند کەچی عەولا هەر لەسەر ئەو خووڕەوشتەی پێی ناسرابوو ... لەو ڕێگایەی بڕیاری دابوو پێیدا بڕوا نەگەڕایەوە دواوە، وەکو دوو هەڤاڵەکانی دیکەی خۆی نەدا بەدەستەوە ... بەبێ هەموو حیساب بەرەو ئەو ئامانجەی لە مێشکی چەسپی بوو ... ئاواتی بۆ دەهۆنییەوە ... دەچووە پێش و نەگەڕایەوە دواوە.

میرزا حەبیب ... پاش گەڕانەوەی لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵە دەیگوت:

– کە خەبەری بەدواهاتنی کەس و کارەکانمان پێگەیشت ... خێلە ... قەڵەمی شکان ... زوو خۆی ئاشکرا کرد ... منیش نەوێرام خۆم لە ڕووباری گاڕفێن بدەم و بپەڕمەوە ئەوبەر ... بەڵام عەولا هەرکە موختاری سەنگەسەر خەبەرەکەی گەیاند ... ئەو بەشەو بۆی دەرچوو ... خۆی بە زێیە هارەکە داداو شوێن بزر بوو، کەس و کارەکانی زۆر بەدوایدا گەڕان، بە دێهاتەکانی بیتوێن و بە گوێ چەم و ڕۆخ ڕووبارەکە ... دەسووڕانەوە ... سۆراخیان دەکرد، لە ئەنجام هەموو گەڕان و سووڕان و هەوڵ و کۆششیان بەلاش و بێ سوود بوو!.

عەولای هاوڕێمان ... خەبەرێکی لێ پەیدانەبوو، کەس بە سەرو شوێنی نەزانی، هەندێک لە خەڵکی ناوچە بڕواییان وابوو ... هەرزەکارێکی بێ تینی لاوازی وەکو ئەو ناتوانێ لە گاڕفێن دەرباز ببێ و وایان دادەنا کە ڕووبارەکە لوولی داوە و هەڵی لووشیوە!

– مەلەوان ... مەگەر مەلەوانێکی لێزان و بەتین نەبێ ... چۆن زات دەکا خۆی لە گاڕفێن بدا؟ خەڵکەکە.. ئەئاوا وەڵام و ئەنجامی پرسیارو سۆراخی عەولایان بەکەس و کارەکەی دەدا..

ئیتر لەو ڕۆژەوە عەولای هەڤاڵمان بێ سەرو شوێن بوو، لە قوتابخانەش بەنەمانی ئەو ...

دەستەکەمان ... باریک و لاواز بوو ... بێ سەردەستەماینەوە، بەو هۆیەشەوە کوڕەکانی میرو و مودیر بەگ و قۆمیسێر ... تیر و توانجیان تێدەگرتین... هەڕەشەیان لێ دەکردین ... خۆیان بەسەرماندا هەڵدەکێشا ... بگرە قەستی دەست درێژیشیان بەسەردا دەکردین ... بەڵام ئێمە لەوان زۆرتر بووین و یەکدی گرتر ... لەبەر ئەوە خۆیان لێ نەدەداین.

بۆ ڕۆژی دوایی خەبەری عەولاّ لە گوندی وەها بڵاو بوەوە:

– عەولاّ خۆی بە گارِفێنەوە ناوە و ڕووبار قووتی داوە و خنکاوە!.

دایکم ... قەدەرێک بۆ عەولاّ دەگریا ... دەیلاواندەوە ... هەموو جارێک لەگەڵ فرمێسک باراندنەوە ... منی دەگرتە باوەش ... لە لەشی خۆی هەڵی دەسوویم ... دەستی بەسەری دا دەهێنام ... لەگەڵ هەنسک دانەوەدا دەی نووزاند:

– هەتیوە ... بێ دایکە ... بێ لانەو داڵدەیە ... هەی جەرگم بۆی خرابێ!!

لە ماوەی دوو ساڵدا ... دایکم عەولاّی هەر لە بیر نەکردبوو، ئێمەی ڕەفیقەکانیشی لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەدا یادمان دەکردەوە و پەرۆشی ئەو هەڤاڵە ئازایەمان بووین کە لەو ماوە دوورو درێژەدا تەنانەت کە هەڵقۆزینەوەکەی شێخ مەحموودیش تێک چوو ... ئەو دەنگێکی لێ پەیدانەبوو. هەتا ئەو ڕۆژەی کاروانە کزەکەمان بۆ دەم چۆمی خەلیفان دەچوو ... ئەوەبوو لەناو کرێکارەکانی ڕۆخ جادە ... لە پێش زارکی فراوانی گەلی عەلی بەگ ... عەولاّی هاوڕێم دۆزیەوە، بە دۆزینەوەی شاگەشکە بووم ... کامەرانییێکی نادیار گرتمیە باوەش، لەناوەوەم ئەوەندە پێی دڵخۆش بووم ... وەکو خۆشەویست ترین شتی وون بووم دۆزیبێتەوە ... ئەوها هەستم بە هەسانەوەییێکی دەروونی دەکرد، لەناو ئەو کامەرانی و هەستەمدا ... ماندوویی ڕێگای سەخت و دوورو درێژی کاروان ... برسیەتی و بێ هێزی و لاوازی لەشم ... ژانەکانی زگ و لاقە باریکەکانم ... هەمووی دەتوانەوە و بڵاوەیان تێدەکەوت، بەبێ دەستی خۆم لە کاروان و لە تەنیشت دایکم جودا بوومەوە، بەڕاکردن لە جادەکە پەڕیمەوە ... لام دایە لای چادرەکان و بەبێ بیرکردنەوە بانگم ڕاهێشت:

– عەولاّ ... عەولاّ!!

کە عەولاّ چاوی پێکەوتم ... بەگوڕ بۆم هات ... ئامێزمان لەیێک وەرینا ... دەستمان کردە ملی یەکدی ... بە یەکترمان وەڕامووسی ... ئاو زایە چاوەکانمان ... شەونممان باراندە سەر شانی یەکدی، ماوەییێک دەممان گیرا ... زارمان کلیل درا ... نەمانتوانی لەگەڵ یەکتری بئاخڤین ... تا عەولاّی هاوڕێم باسکی گرتم ... لامان دایە ژێر پیرە دار بەڕوێکی ڕۆخ جادە، لەژێر داربەڕووەکە دانیشتین ... بە تامەزرۆیی ... بە چاو یەکتریمان دەپشکنی ... لە سەرو ڕووی یەکتری وورد دەبووینەوە ... کەوتینە ووردە گلەیی و لەناو سۆزی خۆشی بەیەکتر شادبوونەوەمان ... تواینەوە ... بەسەر ڕۆژانی ڕابوردوومان دا دەچووینەوە، ئەو ڕۆژانەی عەولاّ لەناویاندا وون ببوو ... و بەرەو ئاواتێکی پیرۆز دەبەزی ... ئەو ڕۆژە دژوارو پڕ مەینەتانە ئەو ڕۆژانەی کە ئینگلیزی داگیرکەرو دوژمن ... بە هاوکاری ئاغاو بەناو شێخ و کلک و کلتوورەکانیان ... لەگەڵ گرانی و قاتی و قڕی و برسیەتی یەکتریان گرتبووەوە و پەیمانی چەوساندنەوەی خەڵکی رەشو ڕووتی وڵاتیان مۆر کردبوو ... وەک قەلی شووم ... باڵی ڕەشیان بەسەر وڵاتەکەمان دا گرتبوو ... مردن و هەژاری و نالەباریان بەسەر میللەتی ئێمەدا دەباراند، سواری ئەستۆمان ببوون ... هەموو دەسەڵات و جوولەییێکیان لێ بڕیبووین.

کە پتر لە ڕەنگ و ڕوو، لەدروشمی عەولاّی هاوڕێم وەڕادەمام ... لەگەڵ خۆمدا دەمگوت:

– لەگەڵ ئەم هەمو نالەباری و ژیانە تاڵ و تفتەش ... هێشتا عەولا وورەی بەرنەداوە ...!.

وە پرسیارێکی گەورە ... ئەوەندەی کارۆخ گەورە ... لە مێشکمدا دەخولایەوە، عەولاش وەکوو ئاگای لەیەک و دووی دڵی من بێ ... چاوە گەشەکانی تێکردم ... بزەییێکی کورتی لەسەر زار پەیدا بوو ... دەستێکی لەسەر شانی دام، پاش دامانێکی کەم ... باسی ڕووداوەکانی شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی نەمری کرد، ئەو شۆڕشەی ... ئەو ژیان و گیانی خۆی بۆ تەرخان کرد، کە باسی ئەو قەوماو و بەسەرهاتانەی دەگێڕایەوە ... چاوی دەبریسکانەوە و بە داخێکەوە دەیگوت:

– خەڵکە ... خۆیان ... ئەوەی هەڵخەلەتابوو ... ئەوەی بەزی ... ئەوەی خۆی دا بەدەستەوە ... بووە داردەستی دوژمن و لوولەی تفەنگەکەی بۆ سینگی هەڤاڵەکانی خۆی سووڕاندەوە ... بەم ڕەنگە هەتا شۆڕشەکەیان پووچەڵ کرد ... ئاگرەکەیان کوژاندەوە!.

لەپاشان وەکو هەستی بە هەڵەییێک کردبێ و بیەوێ ڕاستی بکاتەوە ... لەگەڵ ئاخێکی توند گوتی:

– ئاگری شۆڕشەکەیان کپ کرد!

وە لەگەڵ ئاخەکەدا ڕەنگی هەڵبزڕکا ... لەشی هاتە لەرزین ... بەدەنگێکی پڕ ڕک و کینە و پچڕپچڕ دەیگوت:

– ئێمەش ... وەها دەربەدەر و پەڕاگەندە بووینەوە، بەناچاری ئاوارە بووین و خۆمان لە بەر چاوی دوژمن بزر کرد!.

کە عەولای هاوڕێم بەم ڕەنگ و بەم چۆنیەتیە نەفسیە دەدیت ... یەکسەر ڕۆژانی قوتابخانەم بەخەیاڵدا تێ دەپەڕین، عەولا ... لەو ڕۆژە ڕابوردوانەش کە زوێر دەبوو ... یان هەستی بە ستەمێک دەکرد ... ئەوها ڕەنگی دەگۆڕا ... چاوەکانی دەکرانەوە و بریسکەیان دەدا ... لەش و لێوی دەلەرزین ... بەتوندی دڕی بەئێمە و هەواڵەکانی دەدا و بەرەنگاری ستەمکار دەبوو!. بەڵام لەم ڕۆژە دڕوهارانەی ئەو کاتەماندا ... لەژێر داربەڕووە پیرەکەدا چی بۆ نەدەکرا جگە لەوەی پەنجەی دەستەکانی لەناو لەپی کۆبکاتەوە و بەتوندی هەڵیان بگلۆفێ ... لە پاشدان دوو کۆڵە مست بە نێو چاوانی خۆیدا بکێشێ و بە ئاهێکی سارد کۆڵی دەروونی دامرکێنێ!.

عەولای هاوڕێم لەچۆنیەتی تێک چوون و بڵاوە پێدانی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود دەدواو دەیگوت:

– ئێمە لە کۆبونەوەکانی کۆمەڵە ... وەهامان بۆ شێ دەکرایەوە کە بەڕاستی شۆڕشێک هەیە ... بەدوای ئامانجێک ... ئامانجێکی نەتەوایەتی پیرۆز خەڵک دەستی داوەتە چەک ... کەچی لە ڕاستیدا مەسەلەکە وانەبوو کە ئێمە تەونی ئاوریشمینمان بۆ دەچنی!!

لە دواییدا سەری هەڵبڕی و چاوی لە گەڵا زەردو وشکەکانی داربەڕووەکان کردن و بە تەوسەوە پرسی:

– شێرکۆ ... لەبیرتە کە منداڵ بووین! ... لە گۆڕەپانەکەی بەر ماڵان ... لەگەڵ منداڵەکانی دیکەی گەڕەک ... یاری ئەسپ ئەسپانێمان دەکرد؟ لەبیرتە کە هەر یەکەمان سواری دەستە دارێک دەبووین ... لەدەوری گۆڕەپانەکە بە حیلە حیل دەسووڕاینەوە و هەڵدەبەزین و قۆشمەمان دەکرد ... هاوارمان دەکرد:

– حی ... حی ... حی ... وە سەرێکی لەسەرەخۆ هەژاندەوە و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت:

– ئەو سەردەمە بەئەقڵی منداڵانەمان خۆمان بەوە ڕازی کردبوو کە ئێمەش ئەسپ سوارین و وەکو سواران لەو مەیدانەدا جلیت بازی دەکەین ... وە ئەو دەستەدارانەی دوو لینگمان بەسەردا هێنابوون ...

لێمان دەبوون بە ئەسپی حدوود! ئەسپی ڕاستەقینە. وە بێ ئەوەی چاوەنواڕی وەڵامی من بکا ... گوتی:

– لە داری کەلیش ... ئێمە سواری ئەسپە دارینە ببووین و وامان دەزانی سواری ڕاستەقینە و مەردی مەیدانین!!

عەولای هاوڕێم بزەیێکی تاڵی قووت دایەوە، ڕووی کردە زەوییە وشکەکەی بەردەمی، دەستێکی درێژ کرد و مستێک گەڵای مردووی لە ناو لەپی دەستی کۆ کردنەوە ... گەڵاکانی گوشین ... بەتوندی گوشینی ... هەر گوشینی ... هەتا بەتۆپەڵ تێی هەڵدانەوە ئەو گۆڕە، لە پاشان زلکەدارێکی هەڵگرتەوە ... زلکەکەی لە خاکەکەی بەردەمی وەردەدا ... بە هێمنی و لە سەرخۆ دەیگوت:

– کۆبوونەوەیەکی سەیر بوو ... سەیر! ... هەر بەکۆڕی دەروێشەکانی خەلیفە سەرسۆری خۆمان دەچوو! وە هەر لەبەر خۆیەوە لێ ی پرسیمەوە:

– لەبیرتە خەلیفە سەرسۆری گوندەکەی خۆمان ... لەگەڵ دەروێشەکانی شێخ قطب الدین ... لەسەر چەقی جادەکە ... لە گۆڕەپانەکەی بەردەرکی سەرا چ بەزمێکیان دەگێڕا؟

کە من لەسەرخۆ سەرم بۆ دەهەژاندەوە ... ئەو قسەکەی تەواو دەکرد:

– خەلیفە سەرسۆر ودەروێشەکانی ... چۆن کەیف و هەوەسی میر و مودیر بەگ و بۆ خاتری گەورەیی شێخ لەو مەیدانەدا هەڵدەپەڕین و شیرو زەرگیان دەوەشاند ... نەڕە و زەڕەیان هەواو هێمنی گوندەکەی دەشڵەقاند ... هەرایەکەی سلێمانیشم ئەوها دەهاتە بەرچاو، خەلیفە سەرسۆر و دەروێشەکانی ... بۆ ڕازی کردنی تۆفیق بەگی میرو ڕازی کردنی و حکومەت بۆئەوەی بەرژەوەند و دەسەڵاتی خودا بەخشی شێخەکەیان بپارێزن ... گاڵتەیان بە خودا دەکرد ... خەڵکی سادەی گوندەکەیان هەڵدەخەڵەتاند، لەوێش هەر بۆ مەبەستێکی لەو بابەتانە ... گاڵتەیان بە میللەتەکەی ئێمە دەکرد ... خەڵکی ڕەش و ڕووتی ... ستەم دیدەو زۆر لێکراویان هەڵدەخەڵەتاند و دڵساردیان دەکردن.

عەولای هاوڕێم لەگەڵ ئەو قسانەی ڕەنگی تێکدەچوو ... زەرد هەڵدەگەڕا، بەزمان ... لێوە ووشکە بەبارەکانی تەڕ کردنەوە خوزییێکی تاڵی قووت دا... هەردوو لەپی دەستی لە یەکتری دانەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی:

– چاوم بەرایی نەدا بە دڵساردی بگەڕێمەوە گوند، ناچار سەرم هەڵگرت، وەکو گەڵێک شۆڕشگێڕی سەرلێ شێواوی دیکەی ... وەکوو من کە بە کۆمەڵێک ئاواتەوە گەیشتبوونە شۆڕشەکە ... منیش ... ئاوای ئەودیو ... ئاوای کوردستانی ئێران بووم، لە شاری کرماشان کەوتمە تۆڕی سەربازەکانی ئینگلیز و ئاوقای بەندیخانە کرام ... !

عەولا سەرێکی بەرز کردەوە، چاوەکانی لە لووتکەی بەرزی کارۆخ گیرکردن، بێ ئەوەی ڕوو لە من بکاتەوە ... بە پێکەنینێکی بڵندی هیستیری گوتی:

– دەیانگوت ... ئەتوو جاسووسی ئەڵەمانی ... جاسووسی ئەڵەمان ... !!

وە سەرێکی هەژاند و بە واق وڕماوی ... بەدەنگ دەدوا:

– هەر لە سەرەتای شەڕەوە ... هەتا ئیمڕۆش ... ئەو دوژمنانە باشووری کوردستانی ئێرانیان داگیرکردووە، شارەکانی ئیلام وکرماشانیان کردۆتە جێ مۆڵگەی لەشکرە دڕندەکەیان، بە یارمەتی ئاغاو خان و شێخەکان ... میللەتی ئێمە دەچەوسێننەوە، ئەوەی بیانەوێ دەیکەن ... خەرج و باج و دانەوێڵە لە خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە زەوت دەکەن و بۆ لەشکرەکەیان ڕەوانەی دەکەن، بەم جۆرە حەوت مانگ پتر لەو

شاره گەورەیە ... لە بەندیخانەی ئینگلیزەکان ... کۆت و زنجیر کرام ... جەزرەبە درام ... لە برسانا وشک هەڵگەڕام ... هەتا کاتێک بۆیان ساغ بووەوە کەمن جاسووسی ئەڵەمان نیم و قوتابیەکی کوردی عێراقی سەر لێ شێواوم، ڕۆژێک کابرایێکی ئەفەندی هاتە ناو بەندیخانەکە و ماوەییێک لەڕووی دەیان بەندکراوو دیلەکان ورد بووەوە ... تا لەدواییدا بەناو بانگی منی کرد، ملی گرتم و پێش خۆی دام تاکو گەیشتینە بەر دەرگای ژووری ئەفسەرێک، لە ناونیشانی سەر دەرگاکە وا دیاربوو کەئەو ئەفسەرە بەندیخانەکەی بەڕێوەدەبرد، لە ژووری ئەفسەرەکە ... کابرای ئەفەندی لەسەر کورسییێکی دار و تەختە دابینام و لە گەڵم کەوتە پرسیار و وەڵام، ئەوەل جار لێی پرسیم:

– تۆ ... خەڵکی کوێی؟

گوتم:

– قوتابیەکی کوردم ... خەڵکی شەقلاوەم!

بزەییێک لەسەر زاری کابرای ئەفەندی پەیدابوو ... کە لێی پرسیمەوە:

– جەماعەتی تۆفیق بەگی میرانی؟

گوتم:

– بەڵێ ... ئەو سەرۆکی خێڵی ئێمەیە!

لە پاشدان بە... روخسارێکی.. ئاشنایانە.. پێی گوتم:–

– من ... تۆفیق بەگ دەناسم، ولێی پرسیمەوە:–

ئەدی مەحموود ئەفەندی دەناسی؟

پێم گوت:

– کام مەحموود ئەفەندی؟

گوتی

– مەحموودی شەنگەی، مەحموود شەنگە، مامۆستا بوو لە قوتابخانەکەتان ...!

کە عەولای هاوڕێم ئەمەی گێڕایەوە و ناوی مەحموود ئەفەندی هێنا ... من خۆم پێنەگیرا ... ڕێگام نەدایێ قسەکەی تەواو بکات، قسەکەییم بڕی بەپەلە پرسیم:

– مامۆستا مەحموود ... ئا ... مامۆستا مەحموود؟!

عەولای هاوڕێم سەرێکی هەژاند و بێ ئەوەی پرسیارەکەی من کارێکی تایبەتی تێکردبێ ... ئەو لەسەر قسەکەی ڕۆیی و گوتی:

– پێم گوت ... بەڵێ دەیناسم ... مامۆستای خۆم بوو ... دەیناسم.

وە لەکابرای ئەفەندیم پرسییەوە:

– تۆ لە کوێ مامۆستا مەحموود دەناسی؟

کابرای ئەفەندی گوتی:

– هەواڵی خۆمە ... !

وە ئاهێکی لەسەرخۆی هەڵکێشا و ماوەییێک کڕ بوو ... داما چاوەکانی لە زەمینە بەرد ڕێژەکەی ژوورەکەدا گێڕان، وەکو بیر لە شتێک بکاتەوە ... یان یادگارێکی بە مێشکدا هاتبێتەوە ... لە پاشدان

rووی دەمن کردەوە و بزەییێکی درۆی لەسەر زاری خۆی پەیداکرد و پێی گوتم:

– مامۆستا مەحموود هەواڵێکی گیانی بە گیانی خۆمە!

تا لەسەرخۆ مرتاندی:

– من ... هەمزەم ... !

وە بەهەناسەیەکی کورت و توند ... سینگی خۆی دەفی ... ماوەییێکی دیکە بێ دەنگ بوو، ئاوڕێکی لە ئەفسەرە ئینگلیزەکە دایەوە کە وەکو بت لە سەر مێزەکەی لێی قوت ببوەوە و گێلانە سەیری من وهەمزەی دەکردو گوێی لێ ڕادەگرتین ... !

ئەفسەرەکە ... بەبێ ئەوەی لە جێگای خۆی بجوولێتەوە ... بەنەرمی سەری بۆ هەمزە دانەواند و بە ڕوویدا گەشەییێکی کرد، ئینجا هەمزە پتر لیم هاتە پێش ... دەمی خۆی لێ نزیک کردمەوە و بەهێمنی و ناڕەحەتی پێی گوتم:

ڕۆڵە ... ئێوە ساف و ساکارن ... وەک شیر پاک و بێ ماکن ... بێ تاوانن ... خۆش بڕوان، بەبێ بیرکردنەوە ئەرک دەکێشن، ئێوە بخوێنن ... قوتابخانە و خوێندن تەواو بکەن باشترە لەوەی تووشی گیروگرفتی وەها بن کە نە بەرگەیان دەگرن و نە توانای ئەوەشتان دەبێ بەسەریان دا ڕابورن و خۆیان لێ ڕزگار بکەن !!

عەولای هاوڕێم دەیگێڕایەوە و دەیگوت:

– من ئەو قسەو ئامۆژگاریانەی کابرای هەمزە ناوم زۆر پێ گران بوو، حەزم دەکرد وەلامێکی تایبەتی توندی بدەمەوە و پێی بڵێم:

– من ... ساکارو سادە نیم ... من دەزانم چ دەکەم و چۆن و بۆ چ دەیکەم !

بەلام لە بەندیخانەی کرمانشا ... حەوت مانگ بوو ... حەوت مانگی ساردو سڕو... ڕەق و پڕئەشکەنجە ... حەوت مانگ بوو دەتوولامەوە، بەدەست ئۆردوان و پیاوکوژەکانی ئینگلیز زۆر ئازارم دیبوو، دەترسام ئەگەر وەلامێکی ڕەقی ئەو هەمزەیە بدەمەوە ... دەترسام دیسان ئاوقای زیندانەکەم بکەنەوە و پتر ئازارم بدەن ... لەبەر ئەوە بەرامبەر بە هەمزە و قسەکانی ... هەمزە ... بێ دەنگ و کڕ وەستام ... وەلامێکم نەدایەوە ...

بەلام هەمزە خۆی لە کڕبوونەکەم گێل کردو لەسەر قسەو ئامۆژگاریەکانی بەردەوام بوو و گوتی:

– دەزانم تۆو هەواڵەکانی دیکەی تۆ ... بەهەموو دڵسۆزی و لە خۆبووردن هاتوونەتە ڕیزی هەرایەکەی شێخ مەحموود ... دەزانم بە چ دڵسافی و هەوەسێکەوە لەگەڵ کۆمەڵێک ئاوات و هیواو بە چ ئامانجێک ئەم ڕێگایەتان گرتووتە بەر ... بەلام ڕۆڵەی خۆم ... سەبارەت بەوە دەڵێم ئێوە دڵ ساف وسادەن ... خوێن گەرمن ... چونکی لەوە بێ ئاگان کە هەندێک کەس بەتایبەتی ئەوانەی خانەدانن و لەبەر گەلێک هۆ خەڵک ڕێزیان لێ دەنێ ... ئەمانە خۆیان بەجۆرە مەلیک و شاهێک دادەنێن و بە ڕواڵەت بەناوی میللەت و بەناوی ئازادکردنی خاکی ولاتێکی پان وبەرین، بەناوی حەق ئەستاندنەوە ... بەناوی بەربەرەکانی و دژایەتی دوژمن ... دەست دەدەنە چەک، خەڵکی ڕەش وڕووت و دڵ ئاوێنە لە دەورەی خۆیان کۆدەکەنەوە ... کەچی لە ئەنجامدا کە بۆیان ئاشکرا بوو ... بوون بە مەلیک و شا ... بەم ڕەنگە ناهێنە دی ... ناچار بۆ پاراستنی خۆیان ... بەدۆنمە زەوییێک ... بەدەست لە پشت دانێک ... بە بزەییێکی ساختەی دوژمنەکە ... دەستیان شل دەکەن چەک فڕێ دەدەن و میللەت و هەق و ئازادی و خاکی ولاتە

فراوان و دیل کراوەکە ... هەموو ئەمانەیان لەلا ... لەو چەند بستە زەوییە کۆدەبێتەوە ... کە دوژمن پێیان دەبەخشێ ... و وەکو زەوییەکە هی باوکی دوژمن بێ و بەوان ببیەخشێت!!

هەمزە چاو قوچانێک لە قسەکردن وەستا ... بۆ ئەوەی هەناسەیەکی توند بخواتەوە، منیش لەگەڵ قسەکانی ئەو ... خەیاڵم بۆ لای سمایلی هاوقوتابیم و مەسەلەی پیرئۆمەری باوکی ومەلایەکەی هەولێر و کاپتان لاینی حاکمی کەرکووک و دەشتی قەراج و هەولێر و کەندێناوە دەچوو، ئەو حاکمە ئینگلیزە بە حوکمی ئەوەی داگیرکەری وڵاتەکەمانن، خۆی ببوو بە خاوەن زەوی و زاری ئەو ناوچانە و بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی زەوی لە جوتیارەکان زەوت دەکردن و بە قاقانی و تاپۆ بە دۆست و کلک و کلتوورو خوبزەکانی ئینگلیزی دەبەخشین!!

بەڵام کابرای هەمزە ناو ئەو خەیاڵەی کورت کردمەوە کە دیسان دەنگی لە گوێیەکانم زرینگایەوە و گوتی:

– ئەو هەندە کەسانە، هەزارانی وەکو ئێوەی پاک و خوێن گەرم دەکەنە قوربانی بەرژەوەندو تەماحی خۆیان، هەزاران خەڵکی بێ گوناح و دڵسۆز بۆ خاتری چەند لیرەیێک ...گوڵمێک زێڕ ... وەزیفەیێک ... بگرە تەنانەت قۆڵچیەتیەک ... لە پێناوی چەند شەبانە قەید کردنێک ... لە پێناو دەسەڵاتێکی پووچ لە ژێر پێی ئەو دوژمنە دەکوژنەوە!.

وە بەکزییێکەوە سەری دەهەژاندو لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– ئە ئاوا بەچاوی خۆت دەبینی ... لاوێکی وەکو تۆ و سەدانی دیکەی وەکو تۆش بەم دەردە دەچن ... بەم ڕەنگە تووشی ئەشکەنجە وئازار و دەردەسەری و ئاوارەیی دەبن و لەناو دەچن،ماڵی گەلێک خەڵکی سادەش خاپوور و وێران دەبێ!!

وە ڕوویێکی لێ بەرز کردمەوە و بەپەرۆشەوە بانگی کردم:

– عەولا ... عەولا ...ڕۆڵە ئێوە بخوێنن باشترە، ئەگەر بخوێنن چاوتان دەکرێتەوە ... هوشیار دەبنەوە ... کەهوشیاریش بوونەوە چاکەو خراپە ... ڕەش وسپی لە یێک جودا دەکەنەوە، ئەوجا ئەگەر مرۆ بە هوشیاری و لە ئەنجامی بەراورد و لێکدانەوەیەکی ڕووناکبیرانەوە گەیشتە قەناعەتێک ... ئەو کاتە هەرچیەکی بیکات ... چ ڕێگاییێک بگرێ ... ئەگەر کۆسپیشی بێتە پێش ... ئەگەر سەریش نەکەوێ... ئەگەر سەریشی لەو ڕێگایەدا بچێ ... یان تووشی ئازار و ژان و ئەرکیش ببێ ... پەشیمان نابێتەوە و دڵسارد نابێ.

– کە منداڵ بووم ... لەگەڵ منداڵەکانی گەڕەک ...هەموو هێوارەیەکی هاوین لەناو ڕەزانەوە بۆ ناو بازاڕی گوند سەردەکەوتین، کاتێک دەگەیشتینە (تەم تەم)ان ... دەنگە زوڵاڵەکەی کاوێس ئاغا تێکەڵ بە دەنگی شەپۆڵی ڕووبارەکە دەبوو ... دەڕژایە ناو گیان و گوێمان، کاوێس ئاغا ... لە چایخانەکەی خدرەسۆر لاوکی دەگوتن:

دەلایلۆ ... دەلایلۆ

شەڕەکا دقەومی ... لە چیایێ سووورداشێ

کە نزیک بازاڕیش دەبووینەوە ...سەرمان بۆ چایخانەکە و بۆ تەوقە سەری دارتاوکە زەلامەکە هەڵدەبڕی، بە دارتاوکەکەدا هەڵدەگەڕاین ... هەر بەسەردەکەوتین و بەدارەکە هەڵدەگەڕاین... تا دەگەیشتینە ئاستێک کە چایخانەکەمان باشتر لێ دیار دەبوو.

چایخانەکەی خدرەسۆر لە نهۆمی دووەمی خانوویێک بوو، لە کۆشکێک بوو ... کۆشکەکە پێشبانێکی هەبوو ... بەسەر دەریای باخچەکانی گونددا دەیڕوانی، پێشبانەکە تەخت و کورسی لێ ڕیزکرابوون، لەسەر دارەکەوە ... لە ناوێن قەدو گەڵاکانی زارکی بۆڕیە بەلە زەردەکەی... گرامافۆنی چایخانەکەمان دەدی، خەڵکێکی زۆر بەڕێز لەسەر تەخت و کورسیەکان دانیشتبوون، گرامافۆنەکە ئەو هێوارەیە بێ دەنگ بوو، کاوێس ئاغا لە تەنیشت گرامافۆنەکەوە ئەویش لەسەر تەختێک لێی پاڵ دابوەوە، سەرو شەدەو گەردەن و هەردوو لامل و نیوەی تەختەی سینگی لە ئێمە ... منداڵەکان دیاربوو، ئێمە چاومان بەسەر و شەدەی کاوێس ئاغاوە گیر ببوو، کاوێس ئاغا سەرو شەدەکەی لێ لار کردبووەوە، دەستێکی خستبوە بناگوێی و لاوکی دەگوت:

دەلایلۆ ... دەلایلۆ

بەهارە ... بەسەرێ سلێمانی دا کەتم

محەلی شەڕان و ...دیلا

لەئاسمانا خۆشدێ گرێلێ تەیارا

شرخێلێ مەترەلیۆسا

ڕنگێلێ بۆمبا... برا... گازەگازێ توبەدارا

ئێمە ... منداڵەکان ... لەگەڵ دەنگی کاوێس ئاغا و باسی تۆپ و تەیارە و بۆمبا ... هەوەسێکمان بۆ پەیدا دەبوو ... ئاگامان لە خۆ دەبڕا، لەدڵی خۆماندا لەگەڵ کاوێس ئاغا لاوکەکەمان دەگوتەوە:

شادو شوودێ شێخ مەحموود ... کاکی شێخ قادر

بابێ لەتیف.. بەسێ دەنگان گازی دکا

کەریمێ فەتاح بەگ ... گەلی عەگیدا

ئیمرۆ دەست هەلینانەکی بکەن

لەپاشان وورده وورده دەنگمان بەرز دەکردەوە قادرۆک و عەولای هاوڕێم ... لەسەر کەلی دارە زەلامەکەدا... دەنگیان بەسەر دەنگی کاوێس ئاغا بلند دەبوەوە.. عەولا لاوکەکەی لەبەر بوو.. دەنگی تێکەڵ بە دەنگی کاوێس ئاغا دەبوو ... کە دەیگوت:

دەلایلۆ ... دەلایلۆ

شەڕەکا دقەومی لچیایێ سورداشێ ... وا ببەرا

بەرێ سبەیێ ... عەسکەرێ هیندۆک و قەلەڕەشکان

دکەنە قیرەو هەرا...

هەتا لاوکەکە تەواو دەبوو ... لەسەر دارەکە نەدەجوولاینەوە ... نقەمان لەخۆ دەبڕی ... دەچووینە دونیایێکی پڕ خۆشی و خەیاڵ، ئەو خەڵکەی لەسەر تەخت و کورسیەکانیش دانیشتبوون ... ئەوانیش وەک بە تەختەکانەوە بزمارکوت کرابن ... جوولەیان لێ بڕابوو ... چ دەنگ و هەستێکیان لەبەر وەنەدەهات...

کە لاوکەکەش.. تەواو دەبوو:-

چ گاوێ دەستێ خۆ دەمە جامبێزارێ

دگرم شارێ کەرکووکێ ... شارێ بەغدایێ

ئەوڕۆ سێ ڕۆژە ئەمن عاسێ بوویمە لە چیایێ سورداشێ

چ بکەم هاواری تورکان دوورە براینە ... کورد خاینە

ناو ... ناوە کاوێس ئاغا ئاوڕێکی لە وەستا سەعید و فەیزۆ و برادەرەکانی دەدایەوە ... چاوێکی بە دانیشتوانی چایخانەدا دەگێڕا ... سەری بۆ دەهەژاندن ... بۆیان دەگرژییەوە ... ئەمانیش بە دەنگ بانگیان دەکرد ... !

– هەللا... هەللا... کاوێس ئاغا... بلبلی کوردستان...

ئەوجا خدرەسۆری چایچی هەڵدەستاو دەچووە ڕۆخ ئۆجاغ و سەماوەرەکەی دەخستە کار... چای بەسەر دانیشتوان دابەش دەکرد، ئێمە... منداڵەکانیش لەسەر دارتاوکە زەلامەکە... بە خشخشۆکە شۆڕ دەبووینەوە و بەرەو ناو ڕەزان بڵاوەمان لێ دەکرد.

ئێمە منداڵەکان... لێمان ببوو بە خوو... زۆربەی هێوارانی هاوین... هەتا نزیک گەڵاڕێزانیش کە دونیا سارد دەبوو... خەڵکەکە دەخزایە ژووری چایخانەو دەرگای قوتابخانەش بۆ ئێمە دەکرایەوە... دەچوینە سەر دارتاوکەکەو بەرامبەر چایخانەکەی خدرەسۆر... لە دیمەنی کاوێس ئاغاو خەڵکەکە وەرادەماین. قادرۆکی هاوڕێم... ئەویش وەکو عەولا لاوکەکەی لەبەر کردبوو، لەناو ڕەزان دراوسێی یەکدی بووین، کاتێ بەرە و ماڵ دەگەڕاینەوە؛ لە ڕێگادا لاسایی کاوێس ئاغای دەکردەوە:

دەلایلۆ... دەلایلۆ

ئەسپێ شێخ مەحموود... کاکی شێخ قادر... بابێ لەتیف

کەوتە پێ کۆلێ

منیش هەرچەند شتێک لە لاوکەکە تێ نەدەگەیشتم... بەڵام لاوکەکەم لەبەر کردبوو... زۆر جار وەکوو تووتی بەسەری دا دەچوومەوە:

شێخ مەحموود بەسێ دەنگان گازی دکا گەلێ عەگیدان

ئەوڕۆ دەست هەلینانەکی بکەن

فایدە نییە... هاوار تورکا گەلەک دوورە... کورد خاینە!

زۆر سەبووریم بە دەنگ و ئاوازی کاوێس ئاغا دەهات، کاتێک گوێم لە دەنگی ئەو دەبوو، لاوکی دەگوت... سەردەمی ساوایی خۆم دەهاتەوە یاد کە دایکم لەناو لانک قایمی دەکردم و بە دەنگە ناسکەکەی لای لایەی بۆ دەگوتم:

لای لایە... ڕۆڵە لای لایە

خوا بتپارێزێ لە قەزاو لەبەڵای پیرە دونیایێ!...

وە بەو دەنگە ناسک و پڕسۆزەی دەیخەواندم و بەرەو دونیایێکی ئاوریشمی فێنک هەڵی دەگرتم.

ئێوارەیێک کە گەڕامەوە لای دایکم... پێم گوت:

– دایە... ئای کە دەنگی کاوێس ئاغا... خۆش و بەسۆزە!

وە لە پێش دەمی دایکم... لەناو پەڵە سێوەرە کەسکەکە... دەستم بە لەیزین کردو دەنگم هەڵبڕی:

هەی نار... هەی نار... هەی نارەللۆ

سینگت... سێنیە ساوارەللۆ
هەڵگرە... بۆ فتارەللۆ
لە پاشان بەستەکەم دەگۆڕی و وەک کاوێس ئاغا دەستم دەخستە بناگوێم و لاوکەکەم دەگوتەوە:
دەلایلۆ
شەڕەکا دقەومیٚ لچیاییٚ سورداشیٚ... لدەریٚ دۆلیٚ
ئەسپیٚ شێخ مەحمورد... بابیٚ لەتیف... کەوتە پیٚ کۆلیٚ
دایکیشم بەکزی گوێی لێ ڕادەگرتم ... ئاهێکی درێژی هەڵدەکێشا و بەدەنگێکی پڕسۆز دەیگوت:
– کوڕم... ئەوە لاوکی شێخ مەحموودی مەلیکە... کاوێس ئاغا بەسەر شێخ مەحموود هەڵدەڵێ، باسی شەڕی ئەو نازدارە و کافرەکان دەکا!! وەلەبەر خۆیەوە دەیگوت:
– ئەو شێخە نازدارە چی کردو چۆن ئیسلامەکان پشتیان بەردا هەتا ئینگلیزی کافرو قەلەڕەشکەو هیندۆکە خوانەناسەکان... ئەوەی بەسەربێن کە بەسەریان هێنا...
وەڕووی دەمن کردو بە گەروێکی پڕ لە گریان گوتی:
– کورد خاینە... ئەریٚ وەڵڵا ڕۆڵە کورد خاین بوو لەگەڵ شێخ، ئەو خەڵکە موسوڵمانە هەمووی لەگەڵ یێک ناڕاستن... بە فڕوفێڵ و درۆو دەلەسەن... دەنا شێخ مەحموودی گەورە چۆن بەم ڕەنگە سەری بۆ دوژمنی دین شۆڕ دەکرد...؟
ئەمن... ئەوکاتە نەمدەزانی دایکم چ دەڵێ و مەرازی لەو قسانە چی بوون... بەڵام هەتا ئیمڕۆش لاوکەکەی کاوێس ئاغام لەگوێ دەزرینگێتەوە دڵم بۆ دەنگی کاوێس ئاغا لێدەدا و هۆگری ئەو هونەرمەندە مەزنەبووم لەهەر جێگاو چۆنیەتێک بم، کە گوێم... لە ئاوازی ئەم کەڵە هونەرمەندە بێ... هەموو حەواسم دەوەست... جگە لەو حاسەیەی دەنگەکەی ئەو هەڵدەمژێ.
عەولای هاوڕێم کە وەسفی ئەو هەمزە ئەفەندییەی دەکرد دەیگوت:
– لاوێکی چوارشانەی... تێک سمراوی... مووچڕی... چاو و برۆ ڕەش بوو، بەڕوو هێمن دەهاتە بەرچاو بەڵام کە ئامۆژگاریەکانی بۆ من هەڵدەڕشتن... نێوچەوانی گرژ دەکردەوە و برۆیە ڕەشە ئەستوورەکانی دەگەیشتنەوە یێک، لە قسەکردنا وەکو کوردێکی هەرکی و بەشێوەیەکی نزیک بادینی قسەی دەکرد، هەرچەندە من زاتی ئەوەم نەکرد لێی بپرسم:
– مامۆستا... قوربان تۆ خەڵکی کوێی... چ کارەی؟
بەڵام ئەو بەخۆی گوتی:
– خەڵکی سادەو خۆش باوەڕو دڵ سافی وڵاتی ئێمە... بە دیمەنی دەرەوە... بەڕواڵەت... بەقیتو قۆزی و پۆشتەیی و کەللەی زل و ورگی پان و ئەستوور... بە بنەماڵەو ناوونیشان ... بەریش و مێزەر هەڵخەڵەتاون، ئەمانە کە ئەو جەماوەرە دڵ سپییە بە دڵسۆز و دەستگیریان دەزانن... بەسەر و کەللە و زمانی لووسیان فریو دەخۆن... ئەمانە هەرگیز لەوە قوولتر بیرناکەنەوە کە پاڵگاکانیان نەرمتر و پارەوەکانیان چەورترو بازاڕی درۆو فیشاڵ و ساختەیان گەرمترو بە هەڕمێن تر بێ، ئەمانە زۆربەیان وەک کرمن... وەک مۆرانەن... لەش و گیانی میللەت و کۆمەڵ بۆگەنی دەکەن... دەیرزێنن... و هەڵی دەوەشێننەوە.
من... کەوتبوومە ژێر تەئسیری قسەکانی عەولای هاوڕێم، بیرم لە قسەکانی کابرای هەمزە ناو

دەکردەوە کە گەلێک وە قسەکانی کاک نافیع دەچوون کە لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەکەمان لە هەولێر... دەیکردن... هەروەها لەگەڵ قسەکانی مام هەیدەرو مام زانەویرو بگرە لەگەڵ بیرو بۆچوونەکەی پوور ئەستی ژنی عەلە ئێختەش بە جۆرێک... یەکتریان دەگرتەوە!! وە سەرم لەوە سوڕدەما کە ئەو وێکچوونە لە کوێوە هاتووە و لە دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە:

– ئەمانیش دەڵێن ... ئەو بەناو گەورەو تەماحکارانە... درۆزنن ئەوانە کرمن... کرمە پیسەن!!

– ئەمانەش... ڕایان بەرامبەر تۆفیق بەگ و جەنابی مودیرو شێخ مەلا قطب الدین و مام حاجی ... وەکو ئەو هەمزەیە وایە...!

وە دەکەوتمە ناو گێژەلووکەی ئەو لێکدانەوەو بەخۆم دەگوت:

– دەبێ ... ئەو دونیایەمان هەر لە ئەوەڵەوە... ئەوها بووبێ؟

– دەبێ بناغەی لەسەر هەڵخەڵەتاندن و درۆو خۆخۆری دارێژرابێ؟

کاتێ لەو لێکدانەوە و بیرانەشم ڕزگاریم بوو... سەرێکم بۆ عەولای هاوڕێم هەڵبڕی، عەولا... هەڵستابووە سەر پێیان... لە گێڕانەوەی سەر بوردەکەی خۆی وەستابوو... بە هەنگاوی گورج بەرەو پیری زەلامێک دەچوو کە لەلای چادرەکانەوە بەرەو لای ئێمە دەهات، کە گەیشتنە یەکتری ماوەیێک دەستیان لە ملی یەکتری کرد... لە پاشان عەولا دەستی بەرنەدا و بۆ ژێر داربەڕووە پیرەکە دوو بە دوو گەڕانەوە... کە گەیشتنەوە لای من... عەولا پێی گوت:

– ئەمە شێرکۆیە... برادەرێکی خۆشەویستمە!

وەپاش چاوقوچانێک وەستان... گوتیەوە:

– برامە ... لە برام زیاترە، هاوڕێی منداڵیمەو خەڵکی یەک گەڕەکین!

وە بە بزەیێکی گەشەوە... ڕووی لە من بۆ ئەو... لە ئەو بۆ من دەگوازتەوە کە دەیگوت:

– خەڵکی یەک بیروباوەڕیشین... خەڵکی کۆمەڵەشین!

کابراش... لەگەڵ ئەو پێناسینەی من... توندتر دەستی دەگوشیم... بەڕوومدا دەگەشایەوە و بەچاو دەچووە ناومەوە، منیش لەگەڵ ئەو هەست و دەست گوشینەی ئەو هەستم بە فەرامۆشیێکی گەورە دەکرد بە تایبەت کە خۆی پێناساندم و گوتی:

– منیش کامەند... م ... وەکو عەولای هەڤاڵی خۆشەویستم... منیش ئاوارە و هەترە بووم... و دەربەدەرو پەڕاگەندە کراوم!

عەولای هاوڕێم قسەکەی کامەندی بڕی ... کە ڕووی کردەوە لای من و گوتی:

– کامەند... چاک بناسە... کامەند هەڤاڵێکی گەورە و بەڕێزی هەمووومانە... هاوڕێ ی ڕێگا سەخت و دژوارەکەمانە!

وە پێی گوتم:

– ئەویش هاتبووە ڕیز شۆڕشەکەی شێخ مەحموود!

وە وەکو بیەوێ ئەم قسەیەی ڕاست بکاتەوە گوتی:

– ئەو زۆر لە پێش منەوە گەیشتبووە شۆڕشەکە... بەڵام لەدوای تێکچوونی وەکو من سەری لێ نەشێوا... ڕێگای لێ وون نەبوو... تا بیگەیەنێتە تۆڕی داگیرکەرەکانی کرمانشا... یان چارەنووسی

بکەوێتە بەندیخانەکانی ئینگلیزو کلکەکانیان لە عێراق دا.

وەسەرێکی بۆ کامەند هەڵبڕی و دەستێکی خستەوە ناو دەستەکانی خۆی و بەڕوویدا گرژییەوە و کە دەیگوت:

– ئەم پشتی بە دێهاتەکانی کەرکوک و کفری و ناوچەی داودەو تاڵەبانی و لە دواییشدا بە دێهاتە شاخاویەکانی سلێمانی... بەست و هەر لەو ناوچانە مایەوە... لە کفری شەڕی ئینگلیزەکانی کرد... لەگەڵ خەڵکی رەش و رووتی ئەو ناوچانە و پەلاماری قۆڵ و مەفرەزەکانی دوژمنی دەدا... رێگای پێدەگرتن... هەروەها خەڵکەکەی لە راستی مەسەلەی میللەتی ئێمە هوشیار دەکردەوە! ئێستاش ئەئەوەتا لە تەنیشت خۆمان دەیبینین!.

کامەندیش... دوابەدوای قسەکەی عەولای هاوڕێم گوتی:

– هەلێک بوو بۆم رەخسا... وەگەل کاروانێکی خەڵکی ناوچەی بیتوێن کەوتم... بەرەو سنوور دەڕۆم.

وە رووی کردە عەولا و لە سەرخۆ پێی راگەیاند:

– دەچمە ئەو دیو!

وە سەرێکی بۆ من هەڵبڕی و پێش ئەوەی قسەیێکی دیکە بکا... عەولا رووی دەمن کردو لێی پرسیم:

– دەزانی لە مەهاباد چ رووی داوە؟

کە هەستی کرد ئاگاداری شتێک نیم... پێی گوتم:

– نەک هەر لە ماهاباد مەلا مستەفاش لە سلێمانییەوە لە دەست بەسەربەکەی هەلاتووە... خۆی گەیاندۆتە شاری شنۆو دەڵێن بەنیەتی دەست کردنەوە بە بەربەرەکانی و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش... لەم رۆژانەدا چوەتەوە شاخەکانی بارزان!.

کامەند بەدەم بزەیێکی ووشکەوە  بە هێمنی گوتی:

– مرۆ لە ژیاندا زۆر دەرس فێر دەبێ، زۆر رووداو و کارەسات تاقی دەکاتەوە، زۆر شتی بۆ روون دەبنەوە و ئەنجام وەدەست دەهێنێ، من پاش ئەو هەموو رووداوو قەوماوانەی بەناویاندا رابوردم... بڕواییم بەوە هاتووە کە هەموو هەڵقۆزینەوەیێک... هەموو یاخی بوون و ململانێیەک... هەر بەر بەرەکانییێک دژی دوژمنان ... دژی بێگانەو داگیرکەر... خەڵکی رەشوڕووت پتر هوشیار دەکاتەوە... ئاستی بیرکردنەوەیان فراونتر دەکا ... چۆنیەتی ژیانیان باشتر پێدەناسێنێ و لەبەر چاویان روونتری دەکاتەوە، جگە لەمەش ئەو یاخی بوون و هەڵقوزینەوەیە دەبێتە جۆرە مەشقێک... خەڵکەکە فێرە ململانێ و خەبات دەکا، و لەسەر ئەو مافەی بۆیان روون دەبێتەوە کەهی ئەوانەو... بە زۆری بە تۆبزی یان بەهەر فڕوفێڵ و ساختەیەک لێیان زەوت کراوە و خوراوە... رشتتریان دەکا. وایان لێدەکا هەوڵ بدەن باری کەچ و نارەوای ئەو ژیانەیان بگۆڕن، ئەم راستییەش بەوە دەردەکەوێ کە ئەگەر لە زەمانی عوسمانلییەوە تا ئەمرۆ بەراوردێک و... بەسەرداچوونەوەیێک لە چۆنیەتی بارو لە شۆڕشەکانی و یاخی بوونەکانی نەتەوەکەمان بکەین... دەبینین چ گۆڕان و پێشکەوتنێک بەسەر گەلەکەی ئێمەدا هاتووە، بەڵێ... هەرچەندە ئەو گۆڕان و بەرەوپێشەوە چوونەش نیسبی بێ... خوێن و فرمێسکی زۆرو مشەی لە پێناودا رژابێ... بەلام دیسان گۆڕانێکەو بەرەو ژوور هەڵچوونە... دابەزینی نییە، پێشکەوتنەو پاشکەوتن و بۆ دواوە گەڕانەوە نییە، ژیانەو ژیانەوەیە... لەناوچوون و مردن نییە!

کامەند... وورده وورده دەنگی بەرز دەبوەوە، لەگەڵ دوان دەستێکی دەجوولاندەوە و هەڵی دەبڕی و نزمی دەکردەوە و دەیگوت:

– مرۆ هەر چەند زۆرتر هەست بەستەم بکا... پترو بەهێزتر بەرهەڵستی ئەو ستەمە دەکاو هەوڵی لەناوبردنی دەدا!.

هەتا لەدواییدا دەنگی هاتەوە دۆخی خۆی کە دەیگوت:

– ئەم هەڵچوون و هەڵقوزینەوە و یاخی بوون... یان با بڵێین ئەم شۆڕشانە ... هەتا ئەگەر کەسی خاوەن مەسڵەحەت یان شێخ و ئاغاش بیکەن ... وە هەرچەندە ئەم جۆرە کەسانەش دائیما یان بەلای زۆری، بنگەو باوەڕ لەق و شلۆق و بێن کورت دەبن و هەر ئەوەندە بۆی دەڕۆن تا بەرژەوەندیان دەخوازێ و ئارەزووەکانیان جێ بەجێ دەبێ ... بەڵام لە ئەنجام کە ئەوان دەست شل دەکەن ... هەر دەبێ جڵەو بکەوێتەوە دەست خەڵکی ڕەش و ڕووت و خاوەن مەسەلەو ئەوانەی لە بنەچەکدا چەوساوە و زیان لێدراو و بەش خوراوی ڕاستەقینەن، ئەمانە ... قۆناخەکان دەبڕن ... دەبنە گۆڕەرو ڕاست کەرەوەی هەموو چەوتیەکان و پڕکەرەوەی بۆشایی و کون و کەلەبەرەکان، ئەمانە ... لە ئەنجام دەست دەکەنەوە و چەک هەڵدەگرنەوەو پارێزگاری لە خۆیان و بوون و بەرژەوەندیان دەکەن ... ئەوسا ڕەش و سپی لە یێک جودا دەبێتەوە و کاروان لە گومڕاهی و بێ سەرو شوێنی قورتار دەبێ ... بەکەمترین خوێن و فرمێسک و زەحمەت کێشان ... دەگا بە مەنزڵگای ئاوات.

بەڕاستی من زوو بەزوو لە قسەکانی کامەند حاڵی نەبووم، خەریکی لێکدانەوە و شی کردنەوەیان بووم، لە مێشک و دەروونمدا ئەو قسانەم لە بێژینگ و سەرەند دەدان کە عەولای هاوڕێم لەپێکی لە شانی گیر کردم و یەک دوو جار هەژاندمیەوەو بە دەنگ بانگی کردم:

شێرکۆ ... شێرکۆ ...!

کەمن لەجیاتی وەڵام ڕووێکم تێ کرد ... ئەو بە توندی گوتی:

– ئەتۆ شێخ قطب الدین دەناسی... ئەتۆ تۆفیق بەگ دەناسی، ئەتۆ خەلیفە سەرسۆر دەناسی!

کە لەسەرخۆ پێم گوت:

– بەڵێ ... تەبیعی دەیانناسم ... ئەدی چۆن نایانناسم...

ئەو هەر بە توندییەکەی خۆیەوە گوتی:

– دەبڕوایم پێ بکە ... ئەگەر شێخ مەلا قطب الدین ... یان تۆفیق بەگ یان تەنانەت خەلیفە سەرسۆریش ... بەو هەموو جل و جۆڕانەیانەوە ... ئەگەر ئەمانە یان یەکێک لەمانە چەک لەڕووی دوژمن هەڵگرێ ... ئەگەر سوڕ بزانم تەنها لە دوو هەنگاو پتر نانێن و دەگەڕێنەوە و بۆ بەرژەوەندی و ئارەزووی تایبەتی و قازانجی خۆیان ئەم کارە دەکەن ... من یەکەم کەسێک دەبم کە وەگەڵیان دەکەوم و پاڵپشتیان لێدەکەم!.

کامەند بەسەر ئەو قسانەی عەولای هاوڕێم دا نەچووەوە و چ بیروڕاییێکی خۆی بەرامبەریان دەرنەخست و لە جێگاکەی بێ دەنگ بوو.

ڕۆژ کەوتبووە پەنای چیا ڕەش ... تەنانەت ڕەنگدانەوەشی بەسەر لوتکە بڵندەکانی دەوروبەر نەمابوو، پەردەی بۆری شەو لەسەرەخۆ بەسەر ئەو ناوەدا دەکشا.

لەگەڵ ئەو قسانەی عەولا ماوەیێک دامام، دوور و قووڵ لە هاوڕێیەکەم وورد بوومەوە، عەولا بەم

دوو ساڵە تەواوێک گۆڕا بوو، وام بۆ دەهات کە پتر هێمن بووبێ هەروەها پتریش توند وتووڕە و ڕەق بەڵام لە جێگاکەی خۆیدا دەم و چاوی لە جاران پانتر و چەناگەی درێژتر ببوو ... تانەیێکی زەرد بەسەر روویدا کشابوو........

وەکو کرێکارەکانی هاوڕێی باری هەژاری و برسیەتی بەسەر لێودا نیشتبوو، خەتە باریکەکەی سمێڵی ڕەنگی پێستی روویان دەنواند، دەستە سپییە ناسکەکانی جارانی ... ئەو هێوارە درەنگە ئەستوور و گرو تەڵخ دەهاتنە بەرچاوم، عەولای هاوڕێم گۆڕابوو، بەڵێ ئەویش گۆڕابوو ... ئایا شتێک هەیە لەم دونیایەدا نەگۆڕێ؟

تا درەنگێکی شەو لەگەڵ عەولای هاوڕێم ... لەژێر باڵەکانی پیرە داروبەڕووەکە ... لەگەڵ کامەند مامەوە، کاتێ هەڵستام بگەڕێمەوە لای دایکم و هەوارگەی کاروانەکەمان ... مانگ پێشەنگی ناردبووە ئاسۆی ڕۆژهەلات ... خەتێکی تاریک و روونی بە درێژایی زنجیرە چیایەکەدا کێشابوو ... بۆرایی ئاسۆی پەرت کردبوو ... کەمێک ڕووناکی دەدا ... بەو شەوە ڕەشە ڕێگا باریکەکەی هەواری بە حەستەم بۆ دیار دەکردم، هەردوو هەڤاڵەکەم تا چەند هەنگاوێک بەڕێیان کردم ... کاتێ لێک جودا دەبووینەوە ... عەولا هاتە تەنیشتمەوە ... دەستی خستە ناو دەستم و پێی گوتم:

– پێش ئەوەی بڕۆی ... بت بینمەوە ... ئێ!

وە پاش وەستانێکی کەم دەستی بەردام و گوتی:

– دەگەڵ کامەند ... پێکەوە لە زارکی گەلی چاوەڕێت دەکەین ...

* * *

## 23

شەوێکی کشوومات بوو، کە لە جادە قیرتاوەکەوە بەرەو هەوار دەپەڕیمەوە... لە هەموو لایەکانمدا هاشەشەییێکی هێمن... هێمنی بێ دوایی لە لق و پۆپی دار بەڕووەکان... لە دۆڵ و شیوەکان... لە چەمە چڕو درێژەکە هەڵدەستاو دەهات و دەیدا لە پەردەی هەست و گوێم، ئارامی و هێمناییەکی دەخستە گیان و دەروونم، هەستێکی بێ گرێ و خۆشی بۆ پەیدا دەکردم... بەڵام لەگەڵ ئەو هەست و هێمناییەش لەناو پێچ و پەنای مێشکمدا جەنجاڵیەکی دژوار وەکو بەرداشێکی زەلامی گڕ... دەسووڕاو گەڕی دەخوارد... مێشکی دەهاڕیم... گەڕەپێچ و گەردەلوولێکی بەتینی دەخستە ناو... و جینگڵی بە دەمارە ووردیلەکانی دەدا... ڕووبەڕووی دوو چۆنیەتی و دوو باری دژ بە یەکتریان دەکردم.

قسەکانی کامەندو عەلاوی هاوڕێم کارێکی ئەوتۆیان تێ کردبووم کە لەناو دەریای هێمنی ئەو شەوە پاییزییەدا دەیان سەداو زیڕەو زریکەی ناسازو ناڕێک لە مێشکمدا دەنگیان دەدایەوە... وەک کوتکی ئاسنگەر ڕمبەیان لێ هەڵدەستا... لوورەی ڕەوە گورگێکی برسی و هاریان دەڕشتە ناوەوەم... هەستیان دەڕووشاندم... دووچاری لێکدانەوەییێکی تفت و تاڵیان دەکردم، بەو چۆنیەتیەش... پتر دڵم دەگوشراو هەناسەم سوارو تەنگ دەبوو... وەکو مەڕی گێژ دەست و پێیان لێک دەئالاندم... بەلادا دەهاتم... هەنگاویان بەرەو هەوار پڕ ساتمەو کۆسپ دەکردم، هێمنایی ئەو شەوە کشوماتەیان لێ دەشلەقاندم.

لە ناو ئەو شەوە هێدیە، لەدوور... لەبنار شاخەکەوە... شەو با دەنگی کوندەبەبۆیەکی تێکەڵ بە هاشەشەکە دەکرد، وەک نووکە سووژن لە هەستم دا دەچەقی... مەودای ترس و پەشێوی ناوەوەمیان بەرینتر دەکرد، درزێکی خواروخێچی درێژیان دەخستە تانەی شعوورو دیواری سەختی دونیا مەندەکە.

مانگ وەکو کولێرەیەکی شامی زەردی قرتاو لەسەر لووتکەی کارۆخ ڕاوەستابوو... بەکەلی سەیری دونیایەکەی دەکرد، کاتێ لەو کولێرەی مانگە وورد دەبوومەوە بەخەیاڵ لەگەڵ خۆمدا دەدوام و دەمگوت:

– دونیایەکەی ئێمەش... وەکو ئەم کولێرەیە قرتاوەو لە هەزار لاوە کەل و کرۆم بوە!!

وە بەخۆم دەگوت:

– دونیایەکەی ئێمە نانێکی ڕەشی هاردە جۆو هەرزنە... وەک ڕۆژی گیراو خۆی دەنوێنێ...!

– لەم ڕۆژە ڕەشانەدا... کولێرەییێکی قرتاو... کەرتە نانێکی ڕەشی تاڵی وەک ڕۆژی گیراو... بۆ ڕەشوڕووتی وەکو ئێمە لەو کولێرە زەردە گەنمەشامیەی بە ئاسمانەوە... بەسەر لووتکە بەرزەکەوە گیرساوە... لەو کولێرە قرتاوەو تەنانەت لە ڕۆژ خۆی دوورە دەست ترە.

لەدواییشدا گاڵتەم بەم خەیالانەی خۆم دەهاتەوە، هەتا خۆم بەوە ڕازی دەکرد کە ماندوویی ڕێگا سەخت و دوورەکە... برسیەتی و بێ تووکی... ڕووداوی چڕو پڕ مەینەت... دووچاری وڕێنەیان کردووم!!

– مانگ... مانگی حەوت شەوە... وەکو کولێرەییێکی گەنمە بەهاری... قرتاو خۆی نیشان دەدا... کولێرەییێکی زەردی گەنمە بەهاری!

– ڕۆژگیران... کولێرە ڕەشە تاڵەکەی ناو تێرکی پوور ئەستیم دێنێتەوە یاد، ئەو کولێرە ڕەش و تاڵەی ژەمی بەیانی و نیوەڕۆو شێومان بوو!!.

– دایکم بۆی دەگێڕامەوە دەیگوت:

– لە گرانییە گەورەکەی دوای شەڕ، زۆر کچی فەراژی... لاو، خۆیان بە کولێرە جۆیێک دەفرۆشتە عەسکەری تورک و قاوزاقەکانی ڕووس!!

وە دەیگوت:

– لە دەوروبەری ئۆردوگای ڕووسەکان... بەدەیان منداڵ و گەنج و پیرو پیرەژن... لەگەڵ سەگ و توولەو تاژی... شەوو ڕۆژ لە ڕۆخ ئۆردوگاکان مۆڵ ببوون، لە برسان و لەبەر نەخۆشی کەوتبوون، قاوزاقەکان بەرماوەی خۆیان بۆ دەهاویشتن!!

هەروەها دایکم دەیگێڕایەوەو دەیگوت:

– لەو پەڕاگەندانە... ئەوەی هێزێکی لەبەر مابوو... وتوانای جوولانەوەی هەبوو... بەتایبەتی مێرد منداڵەکان... لاوەکان... نێرو مێ ئەوانە وەگەڵ لەشکرەکە کەوتن... لەگەڵ ئەوان کشانەوە، تا ئیمڕۆش هەزاران لەمانە خودا نەبێ کەس نازانێ چیان بەسەرهات... بێ سەرو شوێن بوون!.

کاتێ ئەو وێنەیەم لەبەرچاو دەژیایەوە... ئەو کچۆڵە لاوانەم بەو ڕەنگەوە دەهاتنە بەرچاوی خەیاڵ... بیرم بە نەخشینی خۆشەویستم پەیوەست دەبوو، ترسێکی زۆر وەک مێردەزمە قەلاچۆم دەبوو، تەزوێک... وەکو برووسکەی بەهار لەگیانم ڕوودەهات... بورکانێکی دەخستە دەروونم... کەیانی دەهەژاندمەوەو لەسەر لێواری دەریاییێکی لیخنی وەڕەسی خۆم دەگرتەوە، بەگرانی خۆم دۆزیەوە، لەو خەیاڵ و بیرئالۆزی و جەنجالیە ڕزگاریم بوو، بیرم بە کامەندەوە گیر بووەوە، عەمەری سلێمان لە خەیاڵمدا بۆشاییەکانیان پڕ کردنەوە، جێی ئەو هەموو جەنجالییەیان گرتەوە...!!

– کامەندی دونیا دیتەی...... دەستە پیاوی... لەپ زبری... ڕوو پڕ توندی و عەزم... خاوەن هەڵوێست... کامەندی خودان هەنگاوی نەلەرزو نەلەقاو!

وام بۆ دەهات ئەگەر هەموو کارەساتی دونیا لەم پیاوە کۆبینەوە... ناتوانن وورەی پێ بەربدەن و ئەویش بێ یەک و دوو ملیان دەداتەبەر... پێشیان پێ دەگرێ... بە ئاسانی ڕێگایان بۆ چۆڵ ناکا...

وێنەی کامەندم لەگەڵ وێنەی عەمەری سلێمانی لێ تێکەڵاو دەبوون، لەناوەوە خۆم دەدواندو دەمگوت:

– ئەم دوو پیاوە لەزۆر لایەنەوە یەکتری دەگرنەوە، لەهەمان کاتیشدا لەزۆرترین لایەنیش لەیێک دووردەکەونەوە!!

– هەردووکیان تەمەنیان خۆی لەچڵ ساڵی دەدا، ئەو هێوارەیە لەژێر دار بەڕووەکان... دونیا ئەمەندە ڕووناک نەبوو کە مووی سپی سەرو سمێڵی کامەند بەدی بکەم... بەڵام لاجانگی عەمەر دان و ماشیان تێکەوتبوو... چەند موێکی ئەستووری سپی درێژیش وەک ڕووناکی لەناو شەوی سمێڵەکانی سەریان هەڵدابوو، عەمەر مرۆیەکی سەرگەرم و تووڕەبوو، هەرچەندە سەرگەرمی و تووڕەو توندیەکەشی... لەسەر حەق لێ ئاشکرا دەبوو... بەڵام زۆر جار سەبارەت بەو کەللەڕەقیەی تووشی گێرمەو کێشە دەبوو... دەکەوتە نێو تۆڕی نامەردان و پیاوەکانی میری و مام حاجی، لەئەنجامیش ئازاری دەچێژت... زەرداوێکی زۆری دەرخوارد دەدرا... دووچاری هەڵوێستی وەهایان دەکرد کە بەئاستەم دەیتوانی لێیان دەرباز بێ!.

ئەمە عەمەر... عەمەرم ئەوها دەناسی... بەڵام کامەند... هەرچەندە لێی وورد دەبوومەوە... لە جوولانەوەی... لە ئاخاوتنی... لە ڕەفتاری... لەگەڵ من و عەولای هاوڕێم... هەروەها لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیانیشی... وەهام بۆ دەهات کە ئەم پیاوە بە هێمنی بیردەکاتەوە... بە هێمنیش لە بابەت ژیان و کارەسات و خۆشی و ترشی و... تاڵی و سوێریەکانی... دەوێت... بە هێمنیش شتەکان یەک لا دەکاتەوە ئەمجا بڕیار دەدا... هەروەها لەسەر بڕیارەکەی هەنگاوی ڕێک و پتەوو نەلەقاو دەنێ!

ڕەنگە بپرسن:

– بەڵام چۆن ئەوها زوو بەزوو کامەندت هەڵسەنگاندو ئەو جێگا دیارو ڕوونەت بۆ دەست نیشان کرد؟

بۆ ئەم پرسیارەش... هەر ئەمەندە دەڵێم کە ئەمە بڕیارێکەو دڵم ئاوی پێ دەخواتەوە... قەناعەتم پێی هاتووە... بەڵام چۆن و بۆچ؟ ئەم پرسیارەش من لە ئێوەی دەکەمەوەو ئێوەش چۆن وەڵامی دەدەنەوە... چۆن خۆتان پێی ڕازی دەکەن... ئەوە دەگەڕێتەوە لای خۆتان!!

عەمەرو کامەند هەردووکیان دڵپاک و بە هەموو ئارەزوو و هەوەسیانەوە بەرەو ئامانجەکانیان هەڵمەتیان دەبرد، هۆی جیاوازی نێوان ئەم دوانەش ئەوەبوو کە عەمەر مرۆڤێکی خۆڕسکی پشت ڕەق... وەک ئەو دارو دەوەنە بوو کە سروشت لە نەوێڵ و زەنێرو شینک و دۆڵ و لووتکەی چیا بڵندەکان ڕواندوویەتی و بە تاوێ باران گەش و ناسک و تێرو... بە بەهارێکی ووشک توندو سەخت تر دەبوو... بەڵام ئەو جۆرە دارو دەوەنانە هەرگیز لەبن نایێن و شوێن کوێر نابنەوەو چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژو کەژانە دەکەن کە دووبارە سەرهەڵبدەنەوەو لق و پۆپیان گەش و بەرەو ڕۆژ قیت ببنەوە.

کامەندیش وەکو مرۆڤێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر... ئەوەندەی لەژیان دەزانی... ئەوەندەی تاڵی و تفتی دیبوون... بەپێی تاقیکردنەوەکانی ژیانی پڕ تەقینەوەو ناسۆرەکەی... دەیزانی لە کوێی دونیایەکەمان وەستاوەو بەڕوون و ڕەوانی جێگای پێی خۆی دیاری دەکرد... ئەوجا هەنگاوی دەنا، ئەم کامەندەم وەکو ئەو داربەڕوو و پیرەگوێزو دیدارو ڕواڵ و کاژو کەوەتانە دەهاتە بەرچاو کە ڕۆژگار پەنای داون، ڕەگیان ئەوەندە لەناو جەرگەی خاکەکەیان ڕووچووە... ماوەی ڕوانیان ئەوها بۆ ڕەخساوە کە بە هەموو ڕەشەباییێک نەهەژێن و ڕانەقەنێن... لەگەڵ هەموو وشکە بەهارێکیش سیس نەبن و نەژاکێن ئەم کەڵە دارانە... تەنانەت لە لووتکە بەرزەکانیش... نزیک هەورەکانیش... لەناو بەفرو تۆف و کڕێوەو زریانیش سەریان هەر بەرز دەکەنەوە و ڕووەو بان لەڕۆژ دەکەلی ناهێنن... هەر بڵندترو بەرەو ژوور هەڵدەکشێن.

پێم سەیر بوو چۆن بەم نیوەشەوە کشوماتە... لەگەڵ ئەم هەموو ڕووداوە نادیارانەی ناو مێشک و بیرم... لەناو ئەو دێوو درنجانەی ئابڵووقەیان دابووم... چۆن ئەم دوو پیاوەم... عەمەرو کامەندم بەم ڕەنگە لەبەر چاوی خەیاڵ قیت بوونەوە؟... ئەوها بە تەوژم و ڕەوانی ڕژانە ناو گیانمەوە!!... لەگەڵ هەناسە خواردنەوەو هەناسەدانم... تێکەڵ بە وجوودم دەبوون؟

ئەم دوانە... بەم شەوە درەنگە کشوماتە... وەک دوو هاوڕێی نادیار... ڕێگا کورتە درێژەکەیان بەرەو هەوار لە تەکما دەبڕی.

عەمەر... لەو بەهارەی سەفەرەکەی هەولێرم لەگەڵدا کرد... ڕوونتر خۆی پێ ناساندم، لەو سەفەرە کارێکی وای تێکردم کە بۆم نەکرێ بە ئاسانی خۆمی لێ جیابکەمەوە، عەمەر لێم ببوو بە بەشێک لەو ژان و ژیانەی لە ناوەوەمدا پێچی دەخوارد... گەردەلوولی هەڵدەکرد... ببوو بە لایەنێکی گرنگ لە ئیهتماماتم... بە بەشێک لەو هۆیانەی لە پێناویاندا دەژیام.

کامەندیش... هەر بەو ماوە کورتە... لەژێر قۆپەنی داربەڕووەکان کە عەولای هاوڕێی منداڵی کۆمەڵەم... پێی ناساندم، لەو ماوە کورتە ئەوەی لە دەروونمدا چەسپاند کە ئەویش لایەنێکی گرنگ لە ژیانم پێک دەهێنێ و ڕێکی دەخا... وە بەبێ ئەم دووانە... دوور لە عەمەرو کامەند... ژیانم وەک مانگەکەی سەر لووتکەی کارۆخ... کەل و قرتاو دەبوو.

مام زانەوێر دەیگوت:

– خۆ... یەکدی ناسین... متمانە بە یەکتری... هۆگری یەکتری بوونی کەسان... پەیوەندی بەو سات و کاتە نییە کە پێکەوە دەژین!!

مام زانەوێر لە پشوودانەکەی ڕۆخ جۆگەلەکەی باتاس کە لەگەڵ مام هەیدەر بە یەکتر گەیشتنەوە، ڕووبەڕووی خەڵکەکە دەیگوت:

– هەموو... هەموو دوو مانگ لەگەڵ یەکتری ژیاین بەڵام هی وا هەیە... باب و باپیریشمان لەگەڵ باب و باپیری یەکدی لە یەک مەنجەڵ لەوەڕاون... بە دەیان ساڵ پێکەوە ژیاون... کەچی هێشتا ئێمە... من و هەیدەر... لەوان لە یەکتری نزیکترین و باش تر یەکدی دەناسین!

کامەندیش... چۆنیەتی کامەندیش... خۆ پێ ناساندنەکەی ئەو ئێوارە کزەی ڕۆخ جادەکە... لەو کۆبوونەوە کورتەی ژێر چەتری داربەڕووە پیرەکان... لەمێشکی مندا دەنگدانەوە... تەمەنیان لە دەنگدانەوەی ڕۆژانی ئەو دەرو دارانە... لە تەمەنی ئەو کەژو کێوو داربەڕووانە پتر بوو... ئیتر چۆن دەتوانم ئەم دوانە... ئەم دوو بەشانەم لەخۆم جودا بکەمەوە؟.

لووڕەو سەگوەڕێکی دوورو درێژو نەپساوە لە گوندە بچکۆڵەکەی بنار شاخەکەی لێواری زار گەلی بەرز دەبوەوە، هێمنی ئەو دونیایەی دەشڵەقاند، ئەولووڕەو سەگوەڕە پتر هوشیاریان کردمەوە، هێنامیانەوە هەست کردن بە چۆنیەتیم. سەگوەڕ هەتا دەهات تەشەنەی دەکردو پەرەی دەسەند تاکو گەیشتە هەوارەکانی ڕۆخ چەمەکە... تووله و تواری هەوارەکان... ئەوانیش هوشیار بوونەوە... هەستیان بە جووڵانەوەی من کرد... بەگوڕ هاڵاویان بۆ هێنام... بەڵام خاوەنەکانیان زوو پێ حەسیان و هێدیان کردنەوە... لە پەلاماردان سستیان کردنەوە.

کاتێ گەیشتمەوە هەوارگەی خۆمان... دایکم لەسەر بەرماڵی نوێژەکەی چۆکی دادابوون... لەسەر ڕوو کڕنۆشی بردبوو، کە هەستی بەگەڕانەوەی من کرد... سەری لەسەر بەرماڵ هەڵبڕی و قیت بوەوە سەرچۆکان... دایگرتمە بەر شێلکەی پرسیار:

– کوڕم... درەنگ گەڕایەوە... بۆ؟

– شێرکۆ... داخوا عەولا کوو بوو؟

– چی دەگوت؟

– لەکەنگییەوە لێرەیە؟

بۆچی خەبەری خۆی نەگەیاندۆتەوە گوندو هەروا هۆمەری باوکی؟

– بۆ چ ...

– چۆن؟

– کەنگی؟

منیش کە هێشتا بە تەواوی لە جەنجاڵییەکە ڕزگاریم نەببوو... هێشتا بیرم بە کامەند و عەولاو ڕووداوو بەسەرهاتەکان بەسترابوەوە... کە هێوارە لەژێر داربەڕووەکان بۆیان گێڕامەوە... و گێژاوی هەرایەکەی سلێمانی و یاخی بوونەکەی عەمەری سلێمان و هاوڕێیەکانی... لوولیان دابووم و لە ناوەوە هەڵیان دەگلۆفتم، لەگەڵ دایکم بە کورتی بڕیمەوە کە لە وەڵامدا پێم گوت:

– دایە... بەڵێ... بەڵێ... عەولا زۆر باشە... دەستی ماچ دەکردی... دەیگوت ئەگەر شەو درەنگ نەبوایە دەیگوت:–

ئۆدا.. ماندوەو..

هەروەها لەبەر مـیـوانی ناوەخت. دەنا ئارەزووی ئەوەبوو خـۆی بهـاوێتـە باوەشت... تامـەزرۆی لێستنەوەی دەستەکانت بوو... دایەگیان... عەولا وەهای دەگوت!!

وە پێم گوت:

– بەڵام بۆ پرسیـارەکـانی دیکەت... بەیانی بەرێگاوە یەکە یەکە بە دوورو درێژی باست بۆ دەکـەم... وەڵامت دەدەمـەوە. دایکم تا ئەو کـاتە درەنگەی شـەو لە چاوەنواڕی مندا... بێـدار مـابوەوە... ملمـلانێی لەگـەڵ باڵی ڕەشی ئەسـتـووری سیـمورخی شەو دەکـرد، ئەوەم لا خـۆش هات ئەگەر دایکم هەر تەنهـا بە ڕواڵەتیش بێ وا خـۆی نیـشـان دەدا کـە بە وەڵامـە کـورتەکـەی من دڵی ئاوی خـواردبێـتـەوە، هەر بەو هۆیانەشەوە هێمن تر بوەوە... ماوەیێک بێ دەنگ بوو... جارجار لەناو ئەو بێ دەنگیەیدا بەئاستەم بەلادا دەهات... دەبۆرژا... کـە بەلادا دەهات بەگورجی خـۆی کـێل دەکردەوە... چاوی دەکـردنەوە... سەیرێکی منی دەکـردو هۆشیـارییـەکی پەیدا دەکـردەوە... دیسـان پاش مـاوەییـەکی کـەم دەسـتی بە بۆرژان دەکـردەوە... وا دیاربوو خـەو گـەمـارۆی دابوو... وەک پۆرە هەنـگ تێی ورووژابوو، لەپڕ سـەری لێ بەرزکـردمـەوە... بەدەم باوێشکێکی درێژ... لەبەرخۆیەوە مرتەی لێوەهات:

– ئەوا جـێگام لەوێ بۆ ڕاخسـتووی... برۆ بخـەوە ڕۆڵە... برۆ... پشـووە خـەوێک بکە... بەیانی زوو دەکەوینە ڕێ!

وە دەستێکی بۆ لای ڕاستی خۆی جوولاندەوە، بە دەنگێکی گڕی خەواڵوو پێی گوتمەوە:

– خـۆت باش داپۆشـە ڕۆڵە... گەلاوێژ هەڵاتووە... شـەو سـارد بوون، ئەم دەو چەمـە سـاردە، مرۆ دەبێ ئاگای لە خۆ بێ... ڕۆڵە...!.

لەسەر بەرماڵەکەی ڕاکشا... جاجمەکەی کێشایە سەر لاق و زگ و شان و ملی... لێی بێ هەست بوو.

من... خـەوم زڕابوو... هەرچەندە شـەو کـردی و من کـردم... خـەو لێم ببـوو بە کـۆترە کـێـویلکـەیەک بۆم نەدەگیـراو کـەوی نەدەکرا ساتێک بەلای چاوەکانم گوزەری نەکرد، زوو زوو گـەوزم دەدا... تەنیشت گۆڕیم دەکرد... خۆم لێک دەکێشاوە، کەلەشم خاوو شل دەکردەوە... چاوم دەنووقـانـدن... بە هەناسـەی درێژ درێژ سیپەلکەکانم دەدەفین... بانگی خەوم دەکرد... بەڵام هەموو هەوڵ و کۆششم لەم ڕووەوە دادێکی نەدا، خەو لێم ببوو بە ئاوات... لەگەڵ هەناسە توندەکانم بەرەو ئاسمان باڵی دەگرت!

لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشام، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەم لێ دەبوون بەبار... دەبوون بە کۆت و زنجیری زیندانییـەکـان... وەها لەمل و دەست و پام ئاڵابوون و کـەوتبـوومـە تۆڕێک بەهیـچ جۆرێک لێـیـان ڕزگـار نەدەبووم.

چاوەکانم لەناو جەرگەی ئاسمانی شینی قووڵی بێ دوایی چەقاندن، ئەستێرەکانی دۆستم ناسینەوە... ئەو ئەستێرانەی لەسەر بانی خانوەکەی قەڵاتە پیرەکەی هەولێر... لە شەوە دۆزەخیـەکەی گوندەکەم هۆگریان ببـووم، ئەو ئەسـتـێـرە دۆسـتـانە لە گلێنەی چاوەکـانمدا دووبـارە دەبوونەوە... وەک مـاسی ڕەنگاوڕەنگی زێڕین... زیوین... بەفرین... لە دەریای چاوەکانم مەلەیان دەکرد... شەپۆڵیان دەدا... ئەوانیش متوو و هۆگری من بوون، لەناو ئەو دەریا بێ پایانە... دەیان ڕوام و دەیان فڕاندم و لەناو قووڵایی بێ بنی ئاسمانی ئەو شەوە... ئەم سەرو ئەو سەریان پێ دەکردم، ئەستێرە درشتەکانم ناسینەوە... دیسان تێکەڵیان بوومەوە:

– ئەها... ئەوە پێرووە... ئەوی دیکەش تەرازووە!

– ئەوەشیان حەوت برالەن... شەشیان تەرمی برای حەوتەمیان هەڵگرتووە... ئەو برا حەوتەمەیان کە لە فرمانێکی پیرۆز گیانی بەخشیوە!

– ئەوەی دیشیان گەلاویێژە... کاتێ تەرازووی کەژەکان کەچ دەبێ... دەبێتە پێشەنگی پایزی زەرد و پڕ دەرد، وادەی خەزان و گەڵاڕێزان... لەگەڵ ڕەشو ڕووتی وڵاتەکەم دەست پێ دەکاتەوە!!

– ئەو شەقامە بەرینە سپییە ڕووناکەش... ڕێگای ئەو پیاوچاک و پێغەمبەرانە بووە... کە بەهۆیەوە دەگەیشتن بە خوداو پەیامی ئاسمانییان لەو ڕێگا فراوانە ڕووناکە بۆ بەندەکان دەڕژاندە سەر زەوی!!

– لەیل و مەجرووم بە هێمنی پارێز بۆ یەکتر دەبەن... وادەو جێ ژوانی ئەوان... پایزی ڕەنگ زەردو ئاسمانی بەرینە، بۆ یەکتری بزەیان دەکردو دەدرەوشانەوە!.

دایکم دەیگوت:

– بەهاران لەیل و مەجرووم لێک جودا دەبنەوە، لەیلی چاومەست ڕەگەڵ کۆچەران دەکەوێ... بەرەو کوێستانەکان هەڵدەکشێ، مەجروومیش... مەجروومی شەیدا... لە گەرمیان... لەو دەشت و بیابان و گەرمەسێرانە... دێوانە و وێڵە... سەودای عیشقی لەیلای خۆی دەبێ!!

داپیرە بنەوشم... کە شەوانی زستان... داستانی ئەم دوو دڵدارە خوداییەی بۆ دەگێڕاینەوە... دەیگوت:

– پایزان... لەو کاتەی گەلاوێژ سەرهەڵدێنێ... ڕەنگی زەردی خۆی دەخاتە سەر دارو دەوەنی چیا... لەو کاتەی کۆچەرەکان... لەگەڵ قازو قولینگان... لەسەر لوتکە بەرزەکان... لە کوێستانەکان کۆچ و کۆچباریان تێک دەنێن... نشێو دەبنەوەو بەرەو گەرمیان دەگەڕێنەوە... لەیلاش بەرەو گەرمیان دەجووڵێ... ڕووی گەش دەکاتەوە... تامەزرۆی دیدەنی مەجروومە... مەجروومیش بەو عیشقە پیرۆزەیەوە لە ئاسمانەوە چاوەنوارو خولیای پێشوازی دڵدارەکەی دەبێ!.

لەناو ئەو گوڵزارە بەرینەی ئەستێرەکان دەگەڕام، منیش خولیای دیدەنی خۆشەویستەکانم بووم... بەدوای ئاواتە ڕەنگاو ڕەنگەکانم... ئاسمانی بێ دواییم دەپشکنی... ئایشەگوڵ و نەخشینی خۆشەویستم دەدۆزینەوە... وەک دوو گوڵ ئەستێرە لەپێش چاوم دەدرەوشانەوە، ئایشەگوڵی هەڤاڵی منداڵیم... لە دوور وەک تارماییێکی ڕووناک لەناو ئەستێرەکان خۆی نیشان دەدام، گوڵێ... هێشتا هەر زارۆکە فەراژیەکەی جارانم بوو، دەنگە ناسکەکەی پەردەی دڵی دەلەراندمەوە، وەکو جاری جاران بانگی دەکردمەوە:

– شێرکۆ... شێرکۆ... وەرە بچینە گەمان...

با بەگردەکەدا... هەڵبگەڕێین...

بچینە ناو ڕەزان، بچینە زەماوەندی نەورۆز...!

وە دەنگە ناسکەکەی ڕەوانترو ناسکتر دەبوو... کاتێ هەڵی دەکردە گۆرانی و ئاوازە شیرینەکانی... وەک بای شەماڵ لە تەلی هەستی دەدام و دەڕژایە ناوەندی گیانمەوە:

هەی ئاغاو ئاغاو ئاغە
بۆم تێکە جەرگم داغە
مانگ لەئاسمان ڕاوەستاوە
ئەستێران دەوریان لێ داوە
یاری خۆمەو لێم تۆراوە

ئایشـەگوڵ وەکو ڕۆژانی منداڵی لاسایی دایکی جەمالی دەکردەوە... بە ڕووم دەگەشایەوە، لەگەڵ جریوەی ئەستێرەکان ڕووی پتر دەپشکووت و دەدرەوشایەوە... کەم کەمە باڵای بڵندتر دەبوو...و دەست و پلی سپی تر و ڕووی خڕتر دەبوو، لەبەر چاومدا دەبووەوە کیژە شۆخ و شەنگەکەی... مێوە پێگەیشتووەکەی گەڕەکی تەیراوە، ئەو شـەوە ئایشـەگوڵیش لەناو مـێرگی ئەسـتـێرەکان گەش بـبـوەوە، کۆرپـەیێکی وەک ڕۆژێکی بچکۆڵە بەباوەشەوە گرتبوو... ڕۆژە بچکۆڵەکەی بەتین بۆن دەکرد... توندتر بە سـینگیـەوە دەی قرساند... پەڕەی گوڵە سوورەکەی ڕوومەتی هەڵدەمژی... دەم و لێوی دەلێسـتنەوە، لەگەڵ خۆمدا ڕۆژە ڕابوردووەکانی ئەو کیژۆڵە هاوڕێیەم بەسەر دەکردنەوەو دەمپرسی:

– دەبێ ئایشەگوڵ لەگەڵ عەزۆی برای بە چ گەیشتبێ؟

– دەبێ شیخ قطب الدینی مل هوڕ... و کوڕە زەبەللاحەکەی..دەبێ ئەم دوو بێ دین و ئابڕوانە... چ پەندێکیان بەو کیژە پاکە خۆشەویستەم کردبێ؟

ئاهێکی توندم هەڵدەکێشا... چاوم لە ئایشـەگوڵ دەئالان... ڕووناکی چاوەکـانم تێکەڵ بە ڕووناکی چاوی ئەو دەبوو، کۆرپەکەی سەر سینگی بە ڕوومدا دەتریقایەوە... چەچە سپییە بچکۆڵەکانی لە مەمکی دایکی گـیــر دەکـردن... دەمی بەو کـانی ژیانەوە دەنا، ئایشـەگـوڵیش بۆم دەگـەشـایەوەو کـامـەرانی دایدەپۆشی... دەستی بۆ دەوروبەری خۆی... بۆ ناو مێرگی ئەستێرەکان ڕایەڵ دەکرد... چەپکێک ئەستێرەی زێرینی بریقەداری لەناو گۆلی دەستی کۆدەکردنەوە... لەو بەرزاییەوە بەسەر مندا دەیباراندن... دەیپژاندن و بڵاوی دەکردنەوە! ئەو ئەستێرانە پتر ڕۆناکیان دەدایە ئەو شەوە کشومات و هێمنە...!

– دەبێ کۆرپەکەی ئایشەگوڵیش... دروشم و ماکی ستەم و زۆرداریەکەی شێخ قطب الدین و نووکی خەنجەرەکەی عەزۆی خاڵی بەسەر لەشە ناسکەکەیەوە مۆر نەبێ؟... وەک ئەو دروشم و ماکانەی لە نووکی ڕم و سوونگی ڕۆژگارو میرو... میری و زۆردارەکان... بە لەشی ئێمە... خەڵکی گوندە جوانەکەمانەوە... جێ شوێنی دیارە؟

ئایشـەگوڵ... لەناو ڕووی کۆرپەکـەی... لەسـەرەخۆ هەڵدەکشا... بۆ ناوجەرگـەی ئاسـمانی قـووڵی بێ دوایی هەڵدەکشـاو... کزدەبوو... دەتوایەوە، لە جـێگای ئەویش ڕووی خڕو زەرد ئەسـمـەری نەخشـینی دەلال... دروشـمـیـان لە مـێـشکـمـدا ئاشکرا دەبوو... لە دەروونمدا ڕەنگی دەدایەوە... لەناو گلێنەی لەیل نەخشـینم دەدۆزیەوە لەناو چاوی ئەستێرە گەشەکان.. ئەو بەڕووم دا دەگەشایەوە... بە هەر پێنج پەنجە جریوەی دەکرد... بانگی دەکردم. بە دەنگێکی نەرمی پڕ سۆزو خۆشەویستی بانگی دەکردم:

– شێرکۆ... وەرە... وەرە!

کۆرپەکەم... وەرە... وەرە..

ئاهێکی کولم هەڵکێشا... تامـەزرۆی ڕووی نەخشین بووم، چۆن مـەجرووم تـامـەزرۆی گـەیشـتنە بە لەیل... منیش وەکو مەجرووم تامەزرۆی نەخشینم، ئارەزووم دەکرد هەڵکشێم... بفڕم... بفڕم... تاکو دەگەمە ناو ئەستێرەکان... لەناو ئەستێرەکان بیگرمە باوەش... لەگەڵ ئەودا تێکەڵ بە کاروانی ئەستێرەکان ببم... لە ڕێگا ڕووناکە فراوانەکەی ئاسمان بتاوێمەوە... ببمە بەشێک لەو ڕێگایەی خوداو خەڵکی ڕەشو ڕووتی وڵاتەکەم بە یەکتری دەبەستێتەوە.

لەناو چاوی ئەستێرەی لەیل، چاوەکانی نەخشین بەکزی پرشنگیان دەداو بانگیان دەکردم:

– وەرە... وەرە...!

لەبەر چاوی خەیاڵم... لەیل و نەخشین یەکتریان دەگرتەوە... تێکەڵاوی یەکتری دەبوون... دەبوون بەیەک... باوەشیان بۆ دەکردمەوە!

– ئای چەند وێڵ و سەرگەردانی گەیشتنم بە نەخشین... هەروەکو سەوداو سەرگەردانی مەجروومی وێڵ... بۆ گەیشتن بە لەیلایەکەی!!

– بەهاران... لەیل و مەجرووم لەیێک جودا دەبنەوە، لەیل دەگەڵ کۆچەران... لەگەڵ قازو قولینگان... هۆبە بەهۆبە بەرەو کوێستان هەڵدەکشێ!

دایکم وەهای دەگوت...!

ڕۆژێک لێم پرسییەوە:–

– دایەگیان... بۆچ کە گەلاوێژ سەرهەڵدێنێ... قازو قولینگ لە کوێستانان... ڕۆخ بێرمە بەرزە ساف و ساردەکان... بەجێ دێڵن و بەرەو گەرمیان دەگەڕێنەوە... لەیل و مەجروومیش بەیێک دەگەنەوە؟

وە پێم گوت:

– داپیرە بنەوش کە هەقایەتی ئەو دوو عاشقەمان بۆ دەکا... وەها دەڵێ!.

دایکم پرسیارەکەی لەبیر دەبردمەوە کە دەیگوت:

– لەو کاتەی لەیل و مەجرووم بەیێک دەگەنەوە... هەموو دونیا پڕ دەبێ لە ڕووناکی... تاریکی شەو وەک دێوو درنج... وەک هەورەکان... پەرت دەبێ، مانگ و ئەستێرەکان لەبەر ڕێزی ئەو بەیێک گەیشتنەیان خۆیان بەدەر ناخەن... لەناو شەوقی ڕووناکی دەتوێنەوە، دارو دەوەن... گیاو گوڵ... سەر دادەنوێنن و کڕنۆش دەبەن، دارە بەرزەکان سەریان دادەنوێنن، زەوی ماچ دەکەن... خۆیان لەبیر دەکەن، هەموو زیندەوەرو گیانلەبەرەکان دەکەونە جوولە و بە ئازادی و بێ ترس وە سەر زەوی دەکەون، کۆت و زنجیری دیلەکان... کەلەپچەی زەندی گرتووەکان... شەق و شڵۆق دەبن، دەرگای زیندان و گرتووخانە و بێرکم و تەویلەو قەفەزەکان... لە ڕێسمە دەچن و ئاوەڵا دەبن.

دایکم... خۆی بۆ ئەولاو ئەم لای دەهەژاندەوەو بەجۆرە ئاوازێک وەکو لاواندنەوە... بەدەنگێکی نەرم دەیگوت:

– هەژارەکان... هەژارەکانی خودا... ئەوانی لە ڕوحمی خودا دەگەڕێن... ئەوانەی برسی پارووە نانێکی ئاسمانن... لەو شەوانەی کە چاوەڕێی بەیەک گەیشتنی لەیل و مەجروومیان تێدا دەکرێ... بە بێداری و شەونخوونی دادەنیشن هەتا لەو ڕووداوە پیرۆزە ئاگادارو بەشدار بن... چونکی ئەو کەسەی ئەو شەوە بەچاوی خۆی ببینێ... هەر مرازو ئاواتێکی هەبێ... هەر خواست و پێویستیەکی... هەر ناتەواویەکی لە ژیانیدا هەستی پێ بکا... هەمووی بۆ دێنە دی و دەسگیر دەبن... خودا جێبەجێیان دەکا!!

– دیلەکان... ئازاد دەبن...!

– زنجیرو کۆتی زیندانییەکان... هەڵدەوەشێنەوەو دەشکێن...

– دەرگای زیندان و بەندیخانەکان دەکرێنەوە...

– قەفەزەکان شیرازەیان شل دەبێ و دەرگاکانیان ئاوەڵا دەکرێتەوە!

– شالوورو مەل و باڵندەکان... دەنگیان دەکرێتەوە... دەست دەکەنەوە بە ئاوازی ژیان!

لەدواییدا دایکم بە دڵساردی و لەگەڵ ئاهێکی درێژ... دەیگوت:–

بەڵام بە فرمانی ئاسمان، هەموو ئەو کەسانەی... هەموو ئەو هەژارانەی لەو شەوەدا بێدارن... کاتێک وەڕەز دەبن...ورە بەردەدەن. . خاو دەبنەوە... سەریان وە چۆکیان دەکەن... خەو گەمارۆیان دەدا... تا لوولیان دەداو، ڕەپێچی عالەمی خۆیان دەکاتەوە، سەردەمێک بە ئاگا دێن... ڕووداوە پیرۆزەکە ڕووی داوەو تەواو بووە، لەیل و مەجرووم لە یێک دەکەلی هاتوون.

خەڵکەکە... هەژارەکان... ئەوانەی ئەو شەوە بێدار بوون... پتر سەریان بە ئەژنۆیانەوە دەقرسێنن... دەکشێنەوە ناو عالەمەکەیان... عالەمی وەڕەسی و بێ دەسەڵاتی و خەوو خەیاڵات!.

هەروەها زیندەوارو دیل و شالوورو تەیرو گیان لەبەرە بەند کراوەکانیش، دەرگای زیندان و قەفەزەکانیان لێک دەدرێتەوەو ئیتر مل دەدەنەوە ململانی و هەوڵ دەدەن بۆ شکاندنی ئەو دەرگاو چەپەرو تانووکانە... وهیوای ڕزگار بوون ساردیان ناکاتەوە... هەتا بۆ یەکجاری سارد دەبنەوە.

– لە سەردەمی منداڵیم دا؛ لە گەڵ منداڵەکانی گەڕەک... لە دەورەی پوور بنەوش کۆ دەبووینەوە، قنیاتمان لەخۆ دەبڕی، پووریێ باسی ئەو شەوە زەنگەی بۆ دەگێڕاینەوەو دەیگوت:

– لە زەمانی بەری... لەو شەوەی لەیل و مەجرووم تێیدا بەیەک دەگەنەوە... پیرێژنێک لە دەنگی باعەی گوێرەکەکەی و قیژەی مریشک و تەیروتوار... لە خەوی شیرین ڕادەپەڕێ، سەیر دەکا ئەو شەوە تاریکە بووەتە ڕۆژی ڕووناک، دونیا پڕ بووە لە نوور، گوێرەکەکەی لە سندم و پەتک ئازاد بووە... بە فرتک و هەڵبەز هەڵبەز لە ناو مێرگی باخچەکەدا هەڵدەپەڕێ و بە دەورەی مانگای دایکی سووڕ دەدا، مریشکەکان کردوویانەتە باڵەفڕەو لە ناو پەرژینەکە دەرچوون... لەدەورەی کەڵەشێرەکەی سەما دەکەن... باڵ لێک دەدەن... بە ئاوازی خۆش دەقوقێنن، کەڵەشێرەکەش وەک سەر لەشکر بەفش و فۆڕی... لەسەر بەردە دەستاڕەکە وەستاوە... بانگ لە دوای بانگ دەدا، پیرەژن وەها لێک دەداتەوە کە بەرەبەیانە، کشە لە کەڵەشێرو لە مریشکەکان دەکا، پەلاماری گوێرەکەکەی دەداو لە نزیکترین لقەدارێک دەیبەستێتەوەو دەکشێتەوە ناو نوێنەکەی و دیسان خەو دەیباتەوە.

کاتێ ڕۆژی ڕاستەقینەش هەڵدێ... پیرەژن لەخەو بە ئاگا دێ... دەبینی گوێرەکەکەی وەک کۆتر لەسەر تەوقەسەری دارتووە پیرە زەلامەکە... هەڵ نیشتووە، خەڵکی گوند لە پیرێژن کۆدەبنەوە، مەلای مزگەوت هەزارو یەک فتوای ناڕەوا دەداو هەزارو یەک کەم و کوڕی دەداتە پاڵ پیرەژنی سادەی بێ تاوان!!

مەلا بانگ دەکا:

– ئەو پیرێژنە سەرئاسنە... سیحربازە... جادووکەرە!

وە بانگ دەکاتەوە:

– بەقورعانی قەدیم... لەو ڕۆژەی هاتمە گوند و پیرەژن هێشتا تازە پێدەگەیشت... من دەمزانی سیحربازە و جادووکەرە، چاوەکانی... بەژن و باڵای... سیحریان لێ دەباری!!

خەڵکەکە بیری ئەوە دەکەنەوە کە ڕابکەن و لە پیرەژن دوور بکەونەوە، گوێرەکەکەش لەسەر پۆپی دارە بڵندەکە... یەک بانگ و دووبانگ و سێ بانگ دەکا:

– باع ع ع......!

خەڵکەکە هەوڵ دەدەن لەو مەیدانە دوور بکەونەوە... بەڵام لەولاوە... لەدوور... لەناو ئەشکەوت و دۆڵەکانی چیایەکەی پشت گوند... دەنگێک... دەنگێکی زوڵاڵ و زەلام بەرز دەبێتەوە و بانگی خەڵکەکە دەکا:

– شەو... شەوی لەیل و مەجرووم بوو!!.

خەڵکەکە هێدی دەبنەوە و بەرکەوە سەیری مەلا دەکەن، مەلا خۆی لە چۆنیەتی خەڵکەکە گێل دەکا، پیرەژنیش بەپەشیمانی دەست لەیێک دەدا و گلەیی لەبەختی ڕەشی خۆی دەکا... کە چۆن لەو کاتە ئاوات و مرازی خۆی نەخواست و داوای ئیمان و بەهەشتی نەکرد؟.

ئەوجا مەلا پتر لە پیرەژن هاتەپێش و کەوتە سەرزەنشت کردنی، ورووبەڕووی خەڵکەکە بەسەری دادەشکاو بە زوێری و ئۆقرە لێ هەڵگیرانێکەوە دەیگوت:

– هەی پیرێژنی سەر ئاسن.. ئاخر هەر نەبوایە، ئاگاداری منت بکردبا..و من مرازی خۆم هەروا بۆ تۆش.. مرازم دەخواست.. وە مەلا بەرکەوە دەیگوت:–

– بەڵام تۆ هەر لە هەرەتی لاویتەوە لەگەڵ من ڕێک نەدەکەوتی!

پیرەژنیش... دەمی بەسترابوو... زمانی نەدەگەڕا.

داپیرە بنەوشم.. لە دوا دوای حیکایەتەکەی دەیگوت:–

– ڕۆڵەکانم... ئەگەر ئەمن لە جیاتی پیرەژنەکە دەبووم... دەزانن چیم لەخوداو لەیل و مەجرووم بە ئاوات دەخواست؟

ئێمە... منداڵەکانیش... بەیەک دەنگ بانگمان دەکرد:

– چی... چی پووری گیان چیت دەخواست؟

ئەمجا پووربنەوش... لەسەر خۆ دەیگوت:

– ڕاستە لە سەرەوەو لەسەرەوەی هەموو داواییێک... داوای ئیمانم دەکرد... بەڵام لەناو دڵی خۆمدا پێشی هەموو شتێک داوام دەکرد ببمەوە کیژە چواردەساڵەکەی کوێستان... لەگەڵ کوڕ و کاڵ و کیژوکاری گوند دەچوومە بێری و هەروەها داوای تەمەنێکی درێژیشم دەکرد... تەمەنێکی وەها کە بە هۆیەوە بمتوانیبا ئەوەندە چاکە و خێر و حەسەنات بکەم کە خودا بەبێ پاڕانەوە و واسیتەی لەیل و مەجرووم و... مەلا وشێخ و میر... ڕێگای بەهەشتی داباm... بەشکەم کۆشکێکی زێڕینیشی لەوێ پێ دەبەخشیم!

پوورێم... بەحەسرەتەوە دەستی لێک دەدا و دەیگوت:

– ئاخ... بۆ شەوێکی وەها... ئاخ!

لە پاشانیش پێی دەگوتین:

– ڕۆڵەکانم... مەسەلەییێکی کوردی هەیە دەڵێ... «ئەوەی بۆ گووکەری هەڵدەکەوێ بۆ ڕاوکەری هەڵناکەوێ».

لەوەییشدا ئاهێکی توندی هەڵدەکێشایەوە. منیش لەو کاتەدا لەدەم چۆمی خەلیفان... لەهەوارگەی کاروانی ڕەش و ڕووتەکان... بە هەناسەییێکی توند... سیپەلکەکانم دەبووژاندەوە، هەوڵم دەدا پشوە خەوێک بکەم... بەڵام خەو لەپەنا ئەستێرەکان خۆی لێ شاردبوومەوە، سەیری ئاسمانم دەکردەوە، تیشکی ئەستێرە گەشەکە لەناوەندی چاوم دەڕواو چرۆی دەکرد، لەگەڵ خۆمدا دەمگوتەوەو دەمپرسی:

– کێ دەزانێ... بەشکەم ئەمشەو...ئەو شەوەیە کە... لەیل و مەجرووم تێیدا بەیەک دەگەن؟

وە دیسان لەناوەوە لە خۆم دەپرسیەوە:

– بەڵام ئەگەر لەپڕ ئەو کاتە داهات کە لەیل و مەجرووم بەیەک بگەنەوە... ئایا من چ ئاواتێک

بخوازم؟

– نەخشین ئاواتێکی گەورەی دڵ و دەروونمە!

– یان ئەو ئاوات و ڕاز و نیازە زۆرو زەوەندانەی کە لەناو مێشکمدا دەخولێنەوە و نایەنە ژماردن؟

– یان ئەو کۆمەڵە ویست و نزا و دوعایانەی... دایکم هەموو شەوێک لە کاتی نوستندا... هەموو بەرەبەیانییێک لەگەڵ زەردەپەڕی ڕۆژهەڵات لەسەر بەرماڵی نوێژەکەی... لەگەڵ هەموو پارووە نانێکی تاڵ و ووشکەکانی دەینێتە ناو دەمی، لەگەڵ ڕۆژاوا ئەو ویست و داخوازیانەی ئەو بۆ خەڵکە ڕەشوڕووتەکەی گوند و ئۆممەتی موحەممەد... دەیان خوازی؟

– یان ئاواتی ڕەنگاوڕەنگ بۆ کۆرپەکەی ئایشەگوڵ بەسینگیەوە قرساندبووی... ئەو کۆرپەیەی زەدەی ستەم و زۆرداری و برسیەتی و دڕەندیی زۆردارەکانی وەکو شێخ قطب الدین و تۆفیق بەگ و مودیر و حاجی و دەست بڕەکانی میر بوو؟

– کام ئاوات بخوازم؟

– لەیل و مەجرووم چۆن دەتوانن ئەم هەموو مرازانەی من و دایکی کڵۆڵم... ئەو هەموو ویستانەی خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە... بهێننە دی و جێ بەجێیان بکا؟.

لەناو ئەو دەریا بەرین و شێلوەی ئاوات و خواستانە... لەدوور لەیەکێ لە هۆبەکان دەنگێکی ناسک پەردەی گوێی دڵی لەراندمەوە، دەنگی ساواییێک بوو... دەنگی کۆرپەییێک لە وەڕەسی ئەو شەوە سەختە هاواری دەکرد، ئەنغا... ئەنغا... نغا.. دایکەش لای لایەی بۆ دەکرد... هەوڵی دەدا ژیری بکاتەوە... هێدی بکاتەوە... لای لایەی بۆ دەکرد و دەی لاواندەوە:

لای لایە ڕۆڵە لای لایە

خوا بتپارێزێ لەخەم و بەڵای پیرە دونیایە

لەگەڵ بانگی ساواو دایکەکە... دیسان هەستم بە وجودی خۆم کردەوە، لەخۆم دەپرسی:

دایک و کۆرپەش ملی ئەم ڕێگای گەنمەیان گرتۆتەبەر؟

لە هەژمەتان لەناو نوێنەکەم ڕاپەڕیم، چاوەکانم هەڵگڵۆفتن، دەنگی سەگوەڕێکی پچڕپچڕ لەبنار شاخەکەوە هەڵدەستایەوە. باڵندەکان... چۆلەکە و قەل و کۆتر لەناو هێلانەکانیان... لەسەر لق و کەلی دارەکانی چەمە چڕەکە... دەستیان بە خوێندن و جریوەجریو کردبوو، باڵندە بچووکەکان کەوتبوونە هەوڵ هەوڵ و باڵەفڕکێ، لەسەر لووتکەی دوو دیواری بەرزی شاخەکانی زار گەلی عەلی بەگ... قاسپەی دوو کەو بەرز دەبوەوە... لەو بەرەبەیانە دەنگی دەدایەوە... ڕکەیان بۆ یەکتری دەکرد و بەگەف و چاوڕاو بەرامبەر یەکتری وەستابوون... یەکتریان تووڕە و سڵ دەکرد... زریکەیان ئەو ناوەی پڕ کردبوو.

مانگ... لەناوەندی ئاسمان هەتا دەهات ڕەنگی سپی دەبوو و ڕەنگە زەردەکەی دەچووەوەو کاڵتر دەبوو، ئەستێرەکان لەجریوە کەوتبوون... پڕشنگیان لەچاو برابوو، ئاسۆی ڕۆژهەڵات لەسەر بەرزایی و کەپکەکان... بەدرێژایی هەتا چاو بڕدەکا... خەتێکی سپی کێشابوو... تاریکی شەوێکی دوور و درێژ و پڕ مەینەتی بڵاو دەکرد... لە جێگای تاریکاییەکەی چەتری سپی لێ هەڵدەدا... وەک ڕەوە کۆترێکی سپی زۆر و زەبەندی بێ دوایی... لەسەر لووتکەکان... بەدرێژایی ئاسۆ لێی هەڵدەنیشت، شنەباییێکی ساردی نادیار بەسەر هەوارەکان تێدەپەڕی... دار و دەوەنی لەخەو ڕادەکردو پەردەی بۆری شەوی لەسەر ڕووی سەوزی چەمەکە و دارستانەکان هەڵ دەکردەوە و لای دەدا... سەرکەلی دارە بەرزەکانی دەلەراندنەوە...

خەڵکی هۆبەکانی دەخستنە جوولانەوە، خەڵکەکە لەوەستانی شەوێکی درێژ و گران وەڕەس ببوون... ئاواتیان ئەوە بوو زوو دوایی بەو کاروانە کزەکەیان بێنن... لەناو دەروونیان بانگیان دەکرد:

– بەسیەتی ئەی شەو... باڵی ڕەشت لەسەرمان لادە بەسیەتی تاریکی و وەستان... بەسیەتی برسیەتی و نوستن!! وە بە تامەزرۆیی چاوەنواڕی ڕۆژێکی نوێیان دەکرد.

چاوم لە ئاسۆی ڕۆژهەڵات پڕ ببوون کە دەنگی مەلا حەمید... پاڵە پەستۆی کونی گوێچکەم بوو: ئەڵڵاهو ئەکبەر...

لە چەند شوێنێکی دیکەش... لەناو هۆبەکان... مەلا و پیاوەکانی خودا... بانگی خودایان دەکردەوە، خەڵکەکە لەسەر نەریت و ڕەوشتی باب و باپیرانیان... بەپێی ئەو بڕواییە قایمەیان کە:

لەخودا بەولاوە کەسێک ناتوانێ بێتە هاواریان... یان لە ئازار و دەردەکانیان کەم بکاتەوە!

هەموو خەڵکەکە لەسەر چۆکان کڕنۆشیان بردو ڕووەو ڕۆژئاوا... بەرەو بەرزاییەکەی ئاسمان دەستیان پان کردنەوە. دایکم لچکی بەرماڵەکەی لێک کردنەوە... ئەویش ڕووی کردە قیبلە و ماوەیێکی زۆر لەگەڵ خودای خۆی مەشغوول بوو، کاتێ نوێژ و نزاکانیشی تەواو کردن... ڕووی دەمن کردو لەسەرخۆ گوتی:

– کوڕم... دەی با خۆمان کۆبکەینەوە!

وە بە گرانی لەسەر بەرماڵەکەی کۆم بوەوە و بەلەنگی هەڵستایە سەرپێ و بەدەنگ بانگی ڕاهێشت:

–بەتەمای تۆ... هەر بەتەمای تۆ... یا ڕەببەل عالەمین!

جموجۆل لەرۆخ چەمەکە و لەژێر داربەڕووە پیرەکان... لەهەموو هەوار و هۆبەکان... وەک شڵغە هەنگ دەستی پێ کردەوە، خەڵکی کاروانەکەی ئێمەش... پاش ئەوەی لەدوای مەلا حەمید جەماعەتیان بەست و فەرزی خودایان دایەوە و فەرزی بەیانیان بەجێ هێنا، لە نزاو نووکەنووک و پاڕانەوە بوونەوە... بەکۆمەڵ کەوتنە مشووری خۆ کۆ کردنەوە، هەر کەسە پڕوپرێچەکەی خۆی تێک دەنان... تێر و خورجەکانیان داگرتنەوە... خاوەن گوێ درێژ و بێک سمەکان دەسکە پووشێکی دیکەیان هاویشتە جێ ئاخوڕی وڵاخەکانیان، پوور زولێخا و پوور ئەستی و دایکیشم... چارۆگەکانیان لەسەر و ملیان قایم کرد، بەدەم فاتیحە خوێندن و نزاکردن؛ بارگەکانیان تێک دەنان، مەلا حەمید... بەرماڵەکەی لوول داو قەدی کرد و بە ئەسپایی هاویشتییە سەر ملی، مام زانەوێر و مام هەیدەر و عەلە ئێختە و کەسانی دیکەی کاروانیش... خۆیان گورج کردەوەو کە شەبەقیش ئاشکرا بوو... ڕۆژی تازە تیشکە زێڕینەکانی لەسەر لوتکە بەرزەکان دەچەقاندن... مێش و هەنگ و زیندەوار و باڵندە... کەوتنەوە کارو پەیداکردنی بژێویان... کاروانەکانیش ڕێزیان بەستبوو... لەسەرخۆ دەجوولانەوە، خۆیان دەهاویشتە ناو زارکی فراوانی گەلییە دێوەکە.

کە دەنگی هەراوهۆریای کاروانییەکان... بانگە بانگی پیرەژن و پیرە مێردەکان... گریە و پێکەنینی ساوا و منداڵەکان... تێکەڵ بەتەقە و ڕەققەی پێ خوستی سمی وڵاخەکان دەبوو... ئاوازێکی تێکەڵاو و گڕو سەداییێکی کزی بەخەڵکەکە دەبەخشی... هەروا ئاوازێکی تازەی لەناو دەروون دا... دەپشکواندن و... لەگەڵ هەنگاونان چڕۆیان هەڵدەدا.

ئەو بەیانییە...مام زانەوێر... لەتەک مەلا حەمید دا ببونە سەرقافڵە و پێشڕەوی کاروانەکەی ئێمە، مەلا حەمید سواری کەرەکەی ببوو، بەپێی مام زانەوێری پیادە لێی دەخوڕی.

ئاوڕێکم بۆ دوای خۆم دایەوە... بۆ هەوارگەی شەوی ڕابوردوو... جێ هەوارەکان... پتر وە شارێکی

ویران کراو دەچوو، سەودای شەوی رابوردوو... ئەو کابووسانەی لوولیان دابووم و هەناسەیان پێ تەنگ کردبووم... هێشتا لە دەروون و مێشکمدا ڕەنگ و دەنگیان دەدایەوە... مێشکیان کاس کردبووم، لەناوەوەم لەگەڵ خۆمدا دەمگوت:

– کاروانەکەی ئیمڕۆمان... جیاوازی لەگەڵ کاروانی دوێنێمان دا هەیە، کاروانەکەی ئەم بەیانییە... لەکاروانی ئەو مشەختانە دەکا کە لە دوای کارەساتی گەورە... پەڕاگەندە و وێڵ و سەرگەردانی دەشت و دەر دەبن!.

کاروانەکەی ئەم بەیانیەمان حەشاماتێکی سەیر بوو، چەند ئەوەندەی کاروانەکەی دوێنێ دەبوو، کاروانەکەی ئێمە و کاروانەکەی مام زانەوێر و کاروانەکەی دۆڵی ئالآنە... کە لەلای بیتوێنەوە هاتبوون... جگە لەسەدان پەڕاگەندە و گەڕیدە و دەربەدەر کە لە چوار قوڕنەی وڵاتەوە هاتبوون و لە دەم چۆمەکە یەکتریان گرتبووەوە... ڕێگای نان و ژیانیان بەرەو سنوور هەڵدەلووشت، دڵم بەوە خۆش بوو کە لەناو ئەو کاروانانە کامەندم ناسی... کامەندی گەورە و بەڕێز... بیرم بە کامەندەوە گیر بووەوە، بەو هۆیەوە پتر هاتمەوە هۆش خۆم و کاسی و ووڕیەکەم دەهات پەرت ببی... باری گرانی لەسەر وجودم لادەدرا... گوراحییێک کەوتە لەشم... مێشکم دەهاتەوە دۆخ و باری خۆی... ڕوونتر دەبوو... گورجتر دەجوولایەوە.

لەزارگەلییەوە... ئەوسەری کاروانە درێژەکە لەبەر چاومدا دیاری نەدەدا، سەدان پیر و لاو... ژن و پیاو... منداڵ و هەرزەکار... لەناو پێچەکان دەجوولانەوە... دەهاتنە پێش و گەلییە دێوەکە لەسەرخۆ قووتی دەدان، کاتێ ئەو حەشاماتەم دەدی... ئەو کاروانەم لەبەرچاو دەژیاوە کە دایکم کاتی خۆی بۆی باس کردبووم، ئەو کاروانەی لە گرانییەکەی دوای شەڕی گەورە... لەو دیوەوە بەرەو گەرمیان کەوتبوونە سەر ڕوو، بەبێ دەستی خۆم... لەگەڵ خۆم منگەم دەکرد... بەکڕی گۆرانیەکەی ئەو کاروانە وون بووەم دەگوتەوە کە لە دایکمەوە فێری ببووم:

هۆخاڵۆ ڕێبوار... خاڵۆ
ڕێگاکەم دووره
مەنزڵگا نادیار...
هەنگاوی دژوار...
هەر کوێرەوەری و پڕ لە ناسووره
هۆ خاڵۆ... خاڵۆ، سەر لێ شێواوم
تین لێ براوم...
ڕێگا نازانم...
بۆ کوێستان دەڕۆم...
خەڵکی گەرمیانم.

لەگەڵ گۆرانییەکە... هەزار و یەک خەیاڵ ڕاویان دەنام... غەریبیم هەڵدەستا... لە دەروونمدا ناڵەییێکی بێ دەنگ... وەک جانەوەرێکی ترسێنەر سەری دەجوولاندەوە... وەڕەسی لەگیانمدا دەچەقاندەوە، لەگەڵ خۆم دەمپرسی:

– تاکەی ئەم چۆنیەتییە تاڵە؟ کەی مەنزڵگا دەدۆزینەوە؟
کەنگی هەندێک ئاسوودە دەبین؟

لە ڕۆخ پردە ئاسنەکەی ناوەوەی زاری گەلی.. چاوم بە عەوڵای هاوڕێم کەوت، وەک هەڵۆ... لەڕۆخ چەمەکە... لەسەر کەپکە شاخێکی بڵند هەڵنیشتبوو... کە ئەویش منی دیت هەڵستایە سەرپێ و دەستێکی بۆ بەرزکردمەوە. لەکاروان جودابوومەوە و بەرەو لای عەوڵای لام دا، عەوڵای هاوڕێم لەسەر بەردە زەلامەکە دابەزی... کاتێ گەیشتینەوە یەکدی... دەستی لەملم کرد... لەبەرخۆیەوە پرسی:

– ئەوا... دەڕۆن... ها ؟

وەهەر لەبەرخۆیەوە گوتی:

– دەباشە... خواتان لەگەڵ...!

وە پاش کەمێک وەستان پێی گوتم:

– ئاگات لەخۆت بێ... ڕێگاییێکی دوور و سەخت و پڕ ئازارە!.

ئاوڕێکم لە حەشاماتی کاروانەکان دایەوە و بەدەم ئاهـ هەڵکێشانەوە رووم بۆ لای عەولا وەرگێڕایەوە و بێ دەنگ بووم.

– خەڵکەکە برسین... زۆرلێکراوە... بێ چارەیە... ئەگەر ڕێگایەکە هەر بستێکی مردنێکی پێوە بێ... دەبێ هەر خۆیان لێ بدەن!

عەولا ئەوها وەڵامی ئاهەکەی منی دایەوە و گوتی:

– بەڵام هەر دەبێ بژین... هەر دەبێ لەو چۆنیەتییە تاڵە ڕزگاربین.

لەگەڵ ئەو قسانەی... من بەبێ دەستی خۆم پتر دەستی عەولام دەگوشی و خۆمان لەیێک هەڵدەسووی کاتێ دەنگی پێ خوستی کامەند هاتە بەرگوێمان کە لەڕۆخ پردەکەوە بۆ دەم چەمەکە دادەبەزی... بەهەنگاوی گورج بۆ لای ئێمە دەهاتە پێش، هەردووکمان بەیەکجار ڕوومان لە کامەند کرد... کە لێمان نزیک بووەوە لەبەر بزەییێکەوە بەدەنگێکی بڵند بانگی کرد:

– خودا سەلامەتتان کا... دەڵێی ماڵئاوایی یەکجاری لەیەکتری دەکەن! وەلەپاش هەناسە خواردنەوەییێک گوتیەوە:

– بەزاتی خودا... ئەهـ... هەر ئحمێکە و زۆری پێ ناچێ لە سەر ئەم شاخە بەرزانە یەکدی دەگرینەوە.

وە دەستێکی بۆ لووتکە بەرزەکان ڕایەڵ کرد کە لەگەڵ ڕۆژی ئەو بەیانییە ڕووناک و تێکەڵ بە ئاسمان دەبوون... بەو هۆیەوە بڵندتر دەهاتنە بەرچاو، عەولای هاوڕێشم چۆن بەڕووێکی گەشەوە پێشوازی کامەندی دەکرد... بێ ئەوەی ئاوڕێک لەمن بداتەوە ڕووی قسەی تێکردم و پێی گوتم:

– خۆ پێی ناوێ جارێکی دیکە بەیەکترتان بناسێنمەوە!

دیتنی کامەند ئارامێکی بێ سنووری خستە گیانم، هەموو ئەو خەیاڵە جەنجاڵەو هەموو ئەو جانەوەرانەی ناوەوەی ئاڵۆزو شێواومی وەدەرنان، دەروون و بیری هێدی کردمەوە، فەرامۆشییێکی زۆری پێ بەخشیم، لەناو ئەو هەست و فەرامۆشییەدا لەگەڵ خۆم لێکم دەدایەوە:

– شەوی رابوردوو... لەژێر سێبەری داربەڕووە پیرەکان... وەکو ئێستاکە... وەها بەڕوون و ڕەوانی کامەندم نەدیبوو، ئەو وێنەیەی لەقسەو گفتوگۆ و ڕەوشتی دوێنێ ئێوارەی لەمێشکمدا بۆم نەخشاندبوو... لەگەڵ وێنەی ڕاستەقینەی ئێستای هەر چەندە زۆر لەیێک دووریان نابینم. بەڵام وێنەی ئیمڕۆکەی زۆر بەرین و زۆر فراوانترە، کە بەرامبەری وەستابووم هەستم بە خۆشەویستییەکی ڕۆڵە و باوکانە... قوتابی و مامۆستایانە دەکرد.

–گفتوگۆ و تامی زاری کامەند لە گفتوگۆی باوکی ڕەحمەتی دەکردم! هەروا پەرۆشی و جوولانەوە پڕ میهرەبانیەکەی گەلەک لە ڕەوشتی مامۆستا شەنگە دەچوو.

لەگەڵ پرسیارەکەی عەولای هاوڕێم بەبێ دەستی خۆم بانگم کرد:

– کامەند گەورەی هەموانە.

– هەر چ فـرمـانێکی ئەو بەمنی بکا... هەر فـرمـانێکی بەمنی هەبێ و لە ووزەی مـن دابێ... بەچاوان جێ بەجێی دەکەم. وە لەناو دڵی خۆم دا بەخۆم دەگوت:

– لەو شـەوە دوورو درێژو دژوارەی ڕابوردوو... کـامـەندم ئەوها کـەوتە بەر دڵ و ئەوها نـاسـیم کـە خـەڵکی دیکە لە بوارێکی وا ڕاگـوزار و ئاسایی... مـەگـەر بە دەیان سـاڵ... ئەوجا ئەگـەر یەکـتـری ئەوها بناسن.

عەولا دەستێکی لەسەر شانم دانا، دەستەکەی تری خـستـە ناو دەسـتەکانی کامـەند... بەسێیان بەرەو جـادە قـیرتاوەکە هەڵکشـاین، عـەولا... بەددەم ڕێگاوە هەناسـەییێکی توندی هەڵکێشـاو ڕووبەڕووی من گوتی:

– کامەند... ئەوە دەزانێ... دەبێ تۆش بیزانی کە منیش هەر تەنیا شەوێکی دیکەم لێرە ماوە!

وە بە بزەییێکی گەشەوە ڕووی لە کامەند کردو... لەبەرخۆیەوە گوتی:

– سبەی شەو بەسەر ئەو شاخانەوەم!

وە پاش چاوقوچانێک بێ دەنگی... بەهێمنی گوتی:

– کۆمەڵێک لە هەواڵەکانمان گەیشتوونەتە کۆڕەک...... دەبێ ئێمەش وورده وورده بیانگەینێ!

کاتێ عەولا ئەو خەبەرەی گەیاند، یەکسەر بیرم بۆ لای دایکم چوو کە دوێنێ شەو لەسەر بەرماڵەکەی ڕاست بووەوەو هەر تەنیا بۆ ئەوەی پێم بڵێ:

– ڕۆڵە شێرکۆ... دەبێ مام هۆمەر لە چۆنیەتی عەولا ئاگادار بکەین!

وە ڕای سپاردم کە:

– هەر کـاتێ گـەیشـتـنەوە گوند... پێش هەمـوو کـارێک دەبێ خـەبەری عـەولا بگەیەنیـتـە باوکی... ئێ کوڕی خۆم باشە!!

وە دایکم پاش ئەو ڕاسپاردەیە... بە خۆشییێکەوە لەگەڵ خۆیدا مرتەی دەکرد:

– ئای هۆمەر بزانێ عـەولا لێرەیە... بزانێ عەولا ماوەو سـاغ و بێ خەشە... لە خۆشیـاندا باڵ دەگرێ... هەتا خۆی دەگەیەنیـتێ ئارامی لێ هەڵدەگیرێ. ئەوجا ئاهێکی دوور و درێژی دەخواردەوە و نووزەییێکی دەکرد و بۆی کڕ دەبوو.

منیش لەگەڵ ئاهو نووزەکەی دایکم... دڵم تەنگ دەبوو، بە خەیاڵی خۆم وام لێک دەدایەوە کە هەبێ و نەبێ ئەویش یادی گولیزاری خوشکە جوانەمەرگەکەم دەکاتەوە، هەروا ڕەحمەت بۆ دەستەخوشکەکەی... بۆ دایکی عەولای هاوڕێم وەرێ دەکا، لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

– تازە... مام هۆمەر لەکوێ دەستی بە کوڕە وون بووەکەی دەگاتەوە و کەنگێ چاوی بە دیدەنی عەولا ڕۆشن دەبێتەوە؟

– تازە... عـەولا بوو بەو کـەوە خورتەی کـە لەسـەر کـەپکە بەرزەکـان ڕکە دەکـا... هەمـوو ڕاوچییـەک

ڕێگای بۆ نابا!. وە بەبێ دەستی خۆم ئاهێکی گەرم و پڕ سۆزم دەخواردەوە، ئەم بیرانەم وەک برووسکە بە مێشکدا تێپەڕ دەبوون، لەبەر ئەوەی کامەندمان لەگەڵ بوو... ڕێم بەخۆم نەدا پتر تێکەڵ بەم بیرو لێکدانەوە کت و پڕانە ببم... یان لەو هەموو ویستەی ئەو کاتەم دوور بکەومەوە، سەرێکم بۆ کامەند هەڵبڕی و وەکو بمەوێ لێی بپرسم:

– ئەدی ئەتوو؟

– ئەدی ئەمن... من چ بکەم وچ دەکەم؟!.

کامەند... وەکو ئەویش لە ڕوانینەکەی من گەیشتبێ... بزەیێکی بۆ کردم و تاکو بە هێمنی گوتی:

– من... کاری دیکەم هەن... ڕوەو جێگاییێکی تر دەڕۆم!

پاش وەستانێکی کەم قسەکەی وەها تەواو کرد:

– بەڵام لە ئەنجامدا هەموومان یەکتری دەگرینەوە!

لەگەڵ ئەو قسەیەی کامەند... تارمایی کامەرانییێک لەسەر ڕووی عەولای هاوڕێم دیاری دەدا، چاوەکانی پتر گەش دەبوونەوە... ئەویش سەرێکی هەڵبڕی بەرز... بەرز... زۆر بڵند دەیڕوانی... وەکو لەسەر لووتکەی بەرزی شاخە سەرکەشەکان... یان لە قووڵایی ئاسمانی بێ دوایی... چاوی لەشتێک گیر کردبێ... کە لەبەر چاوی من بزرو نادیار بێ، ئەوها... کە لە ڕووی عەولا وورد دەبوومەوە لە دڵی خۆمدا هەزار و یەک بیر و ئازار و ئاواتم لە دڵ دەڕوان... چرۆیان هەڵدەدا و دەکەوتمە شی کردنەوەی ئەو بیرانە، لە ناوەوەم لەگەڵ خۆم دا دەدوام:

– ئای هاوڕێی خۆشەویستم... ئای هاوتەمەن و هاوگەڕەک و هاوگوندم...

ئای عەولا چەند هەڤاڵێکی بەڕێز و خۆشەویستی هەمووان... چەند لاوێکی ڕاست و فیداکاری!

لەگەڵ خۆم بەڵێنم پێدەدا کە:

– مەرج بێ... بەتەنیا بەجێت نەهێڵم... شەرت بێ منیش بۆ ئەو بەرزاییانە تەکان بدەم... بەو هەورازانە هەڵبگەڕێم... کەتۆو کامەند و هاوڕێیەکانی دیکەمان... هۆگری بوون... ئەشقی بوون... بە هەموو نرخێک دەتانەوێ بگەن بەو عیشقە.

وەبەبێ دەستی خۆم سەرێکم لە لووتکەکان هەڵبڕی و تا چاوم لە ڕۆژ دەچەقاندن... لەگەڵ خۆم دەمگوت:

– بەڵێ... هەڵۆ... جێگایان سەر تۆپکەی شاخ و کەپک و هەوراز و هەڵدێر و بڵندایی ئاسمانە!

زارکی فراوانی گەلی... کاروانە درێژەکەی قووت دابوو... تاک و تووک... پیادەو شەکەت پیر و شەل و سەقەت... لەتەک ولاخی لەڕو بێ تووک لەدواوە کەلەشیان لە دو خۆ دەکێشا و بە هێواشی دەچوونە پێش، هەوڵیان دەدا... تینییان دەدایە بەرخۆ تاکو بگەنە ڕیزی کاروانەکە، دوو داراشی گەورە لە ئاسمانەوە باڵیان لێک دەدا... وەک فڕۆکە بەسەر کاروانەکەوە ئەم سەر و ئەو سەری گەلییەکەیان دەکرد.

قەبۆقەبۆی چەند نێرەکەوێک لەوبەر و لەم بەری دیواری شاخەکان دەنگیان دەدایەوە و تێکەڵ بە هاششەی ئاوی ڕووبارە ڕشتەکەو پێ خوستی کاروانەکە دەبوو. نێرەکەوەکان... لەپڕ فجووقیان کرد... بۆ ناو ئەشکەوتەکان هەڵفڕین... وەکو چاویان بە داراشەکان کەوتبێ و لەترسی ئەوان پەنایان بۆ ئەشکەوتەکان بردبێ.

کامەند... بە تیژی چاوی لەداراشەکان بڕین، کاتێ کەوەکان بەرەو ئەشکەوتەکان هەڵفڕین، کامەند

سەیرێکی عەولای کردو ڕووی گوازتەوە لای من و بزەییێکی بۆ کردم.

لەگەڵ عەولای هاوڕێم دەستمان هاویشتەوە ملی یەکدی، کاتێ لەگەڵ کامەندیش ماڵ ئاواییمان لێ دەکرد... ئەو دەستێکی لە لاشانم دا... بە واتاییێکی پتەو و پڕ بڕوایی گوتی:

– خەم مەخۆ... حەق جێگای خۆی هەر دەگرێ... جا ئیمرۆ یان سبەی... نزیک یا دوور... زوو یان درەنگ... دەبێ ئەم بارە چەوتەو نالەبارە بە بارێکی تر بگۆڕرێ... بە بارێکی چاکتر.

چاوم لە چاوە بریسکەدارەکانی عەولا ئالابوون کە دەیگوت:

– دەبێ... هەموو شتێک وەکو ئێمە دەمانهەوێ... ئەوها ڕاست و دروست بێ و بێتەوە دۆخی ڕەوا و سروشتی خۆی.

– دەبێ هەموو چەوتی و خوارو کەچییێک ڕاست بکرێتەوە... لەنگەرو تەرازووی ژیان ئەوها بە کەچی نەمێنێتەوە!

وە لەگەڵ بزەییێکی تاڵەوە ڕووی لە کامەند کرد و پرسی:

– چۆن ڕێک دەکەوێ دونیا بە بەرەواژی بسووڕێ؟

وە سەرێکی بۆ کامەند هەڵبڕی و لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئەمە دەرسێکە کامەند فێری کردووم و بڕوایی قایم پێی هەیە.

وە دووبارەی کردەوە:

– هەرگیز نابێ دونیا بە بەرەواژی بسووڕێتەوە!.

وە ڕووی وەرگێڕایەوە لای من هەتا لەمنیش بپرسێتەوە:

– ئێمەش لە کۆمەڵەکەمان پەیمان و بڕواییمان وەها نەبوو؟

منیش هەر تەنیا ئەوەندەم بۆ کرا بەهێمنی سەر بهەژێنم و پتر بچمە ناو قووڵایی چاوە تیژەکانی عەولا.

کاتێ لەگەڵ کامەندیش بەجێمان هێشت و بە هەنگاوی بەرین و گورج ملمان بەڕێگاوە نا، لەگەڵ خۆم بیرم دەکردەوە:

– چاوەکانی عەولا وەکو ڕۆژانی قوتابییەتی... گەش و بریسکەدار ببوونەوە. وە خۆشەویستییەکی گەورە و زۆرتری عەولام لە ناوەند دڵ دا بۆ چەسپا.

کامەندیش ئاوڕێکی میهرەبانانەی لێ دایەوە و دەستێکی بۆ بەرزکردەوە!.

* * *

# دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
# ئاراس
## هەتا ئێستە ئەم کتێبانەی خوارەوەی بڵاوکردووەتەوە

(١) هەڵکەوتی دیریکی لە کوردستاندا. دانانی: حوسێن حوزنی موکریانی.
(٢) سەروا. دانانی: د. عەزیز گەردی.
(٣) ژنی کورد بەستەم دەورە دراوە. دانانی: د. کوردستان موکریانی.
(٤) الحرب الكردية وإنشقاق ١٩٦٤.تأليف: ديڤيد ادامسن وجرجيس فتح الله.
(٥) رحلة الى رجال شجعان في كردستان. تأليف: دانا ادامز شمدت. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٦) جمهورية مهاباد ـ جمهورية ١٩٤٦ الكردية. تأليف: وليم ايغلتن الابن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٧) كردستان أو الموت. تأليف: رينيه موريبيس. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٨) كرد وترك وعرب. تأليف: سي.جي. ادموندز. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٩) طريق في كردستان. تأليف: أي.ام. هاملتن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(١٠) ئەدەبی رووسی و کێشەی پاستیرناک. دانانی: د. مارف خەزنەدار.
(١١) لە پێناوی راستی و کورد و خانیدا. دانانی: محەمەدی مەلا کەریم.
(١٢) کۆچی سوور. رۆمانی: حەمە کەریم عارف.
(١٣) مساهمة علماء كردستان في الثقافة الاسلامية. تأليف: محمد زكي حسين.
(١٤) لە کوردستانی عێراقەوە هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس. نووسینی: مورتەزا زەربەخت. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەوکەت شێخ یەزدین.
(١٥) فەرهەنگی کوردستان. دانانی: گیوی موکریانی.
(١٦) خاک و کێشەی مان. رۆمان: عەزیزی مەلای رەش.
(١٧) امارة بهدينان الكردية. تأليف: صديق الدملوجي . تقديم: د. عبدالفتاح علي بوتاني.
(١٨) المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين...؟. تأليف: مسعود محمد.
(١٩) جوایەز. بەرهەمی نۆ شاعیری هەولێری.
(٢٠) نەخشەی رۆنانی ریژەی کار لە زمانی کوردیدا. ئەندازیار د. شێرکۆ بابان.
(٢١) زریزەی زێڕین. دانانی: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی.
(٢٢) شێخ رەزای تاڵەبانی شاعیری گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٢٣) خۆبیوون و شۆڕشی ئاگری. دانانی: رۆهات ئالاکۆم. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.
(٢٤) عەبدورەزاق بەدرخان. دانانی: جەلیلێ جەلیل. گۆڕینی بۆ کوردی باشوور: شوکور مستەفا.
(٢٥) القومية الكردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين. تأليف: ماليسانژ. ترجمة: شكور مصطفى.
(٢٦) کۆمەڵناسیی گەلی کورد. دانانی: مارتن ڤان برووینن سن. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.
(٢٧) هەڵبژاردنەکانی کوردستان. دانانی: بەدران ئەحمەد.
(٢٨) تنوع الكرد في العراق ـ مدخل الي السياسة. تاليف: سامي شورش.
(٢٩) هەڵەبجە ـ کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨. دانانی: هەورامان عەلی توفیق.
(٣٠) گاڵتە بەچەک. رۆمان ـ نووسینی: جێمس ئۆڵدرج. وەرگێڕانی: د. عەزیز گەردی.
(٣١) لە مۆرکە تایبەتییەکانی ریزمانی کوردی. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٢) بەرەو ڕێزمانی کوردی، بەرەو زمانی نووسین. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٣) نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.

(٣٤) نظام الأناضول الشرقية. تاليف: اسماعيل بيشكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٣٥) سينتاكسى رستەی كوردى. د. كوردستان موكريانى.
(٣٦) فەرهەنگی شارەزوور. كوردى- ئینگلیزى. دانانى: د. شەفیق قەزاز.
(٣٧) الصراعات الدولية. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٣٨) مەلا مەحموودى بايەزيدى يەكەمين چيرۆكنووس و پەخشاننووسى كورد. دانانى: د. فەرهاد پيربال.
(٣٩) گێتی زيندەوەر. دانانى: عەلائەدين سەجادى.
(٤٠) مێژووى پەخشانى كوردى. دانانى: عەلائەدين سەجادى.
(٤١) ديوانى شێخ رەزاى تاڵەبانى. ئامادەكردنى: شوكور مستەفا.

## ئەم كتێبانەی خوارەوەش بەرێوەن

(٤٢) كردستان ودوامة الحرب. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٤٣) رۆمانى رێگا. دانانى: محەمەد مەولوود مەم.
(٤٤) مقالات حول القضية الكردية. تأليف: فوزي الأتروشي.
(٤٥) حياتي الكردية أو صرخة الشعب الكردي. مذكرات: نورالدين زازا.
(٤٦) بۆ كوردستان. ديوان: هەژار موكريانى.